# بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست

## بەسەرهاتی ژیانی نژیاروانێکی کورد



**ئالان دیلانی**

# بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست

## بەسەرهاتی ژیانی نژیاروانێکی کورد

**ئالان دیلانی**

# پێڕست


پێشگوتار ٩
پێشەکی ١٢

بەشی یەکەم: سەرەتاکان لە کوردستان ١٥
دەستپێک: مانگی مەی ٢٠٠٩ ١٧
١.ژیانی منداڵی لە کوردستان: ١٩٥٧-١٩٧٦ ١٩
٢.لە مەهابادەوە بۆ تاران: فێرخوازێکی زیرەک، ١٩٧٧-١٩٧٠ ٤٥
٣.هوشیاریی سیاسی لە ئێران: سەرهەڵدانەکانی ١٩٧٩-١٩٧٨ ٦٣

بەشی ٢: دەستپێکی ژیان لە ئەوروپا: ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێک دەگەن ٨٩
١.بەرزی و نزمیی خوێندکارێک کە لە هاتوچۆدا بوو: سێپتەمبری ١٩٧٩- جولای ١٩٨٠ ٩١
٢.گەڕانەوە بۆ ڕابردوو: مەهاباد، هاوینی ١٩٨٠ ١٠١
٣.بەردەبازەکانی داهاتوو لەسەر ڕێگەی خوێندنی باڵا: پالێرمۆ، سێپەتمبری ١٩٨٠- جولای ١٩٨١ ١٠٥
٤.دابڕانێک لە ڕابردوو: ١٩٨١-١٩٨٢ ١١٣
٥.دڵ دان، بەرفراوانبوونی مێشک: ١٩٨٢-١٩٨٧ ١٢١

بەشی ٣: گەیشتن بە سوید بۆ پێکهێنانی داهاتووم ١٣٧
١.نیشتەجێبوون: سوید، ١٩٨٧-١٩٨٨ ١٣٩
٢. ناسینی ساتو: خاڵێکی وەرچەرخان ١٤٦
٣.ئامادەکردنی نۆ نەخۆشخانە بۆ داهاتوو، ساڵانی ١٩٨٩ بۆ ١٩٩٣ ١٦٧
٤. ململانێکان لە سوید: نژیاروانی و سیاسەت، ١٩٩٤-١٩٩٦ ١٧٥

بەشی ٤: پەرەدان ١٩١
١. بناخەی بەرفراوانبوونێکی جیهانی: یەکەم هەنگاوەکان، ١٩٩١-١٩٩٨ ١٩٣
٢. ترۆندهایم: چاندنی تۆوی چەند دەیە هاوکاری، ١٩٩٠-٢٠١٤ ١٩٧
٣. قۆناغی دواتر: ڕوانگەیەکی نێوان-بواری، ١٩٩٨-٢٠٠٢ ٢١٤
٤. دووهەمین کۆنگرەی جیهانی دیزاین و تەندروستی، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٠ ٢٢٣
٥. دامەرزاندنی ناوەندێکی توێژینەوە لە سەر دیزاین و تەندروستی لە کامپۆسی باشووری زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٢ ٢٣٣
٦- پەلهاویشتن بەرەو چەمکە نژیاروانی و کەلتوورییە نوێیەکان: کۆنگرەی جیهانیی مونتریاڵ، ٢٠٠٣ ٢٤٤

بەشی ٥: بنەماکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک: ٢٥١
بەکارهێنانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک لە بەندیخانەکان و خانەی ئاگاداری لە بەساڵاچووان
١. پرەنسیپەکانی دیزاینی سەلوتۆجنیک ٢٥٤

٢. توێژینەوە لەسەر چاودێریی بەساڵاچووان ٢٨٨
٣. پرۆژەی دیزاینی زیندان، ٢٠٠٥-٢٠٠٩ ٣٠٣

بەشی ٦: کۆنگرە نێونەتەوەییەکان و سەمپۆزیۆمەکان، ٢٠٠٥-2017 ٣١١
١.کاری بناخەیی: سەمپۆزیۆمەکان ٣١٤
٢. کۆنگرە جیهانییەکانی دیزاین و تەندروستی ٣١٦
٣. ئاڵمان: چوارەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی، فرانکفۆرت، ٢٠٠٥ ٣١٨
٤. سکۆتلەند: پێنجەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی، گلاسکۆ، ٢٠٠٧ ٣٢٠
٥. باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا:
شەشەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: سەنگاپوور، ٢٠٠٩ ٣٢٢
٦. ویلایەتە یەکگرتووەکان: حەوتەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: بۆستۆن، ٢٠١١ ٣٢٨
٧. ئەفریقا: نوێکارییەکانی IADH، ٢٠١١-٢٠١٢ ٣٤١
٨. مالیزیا: هەشتەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: کوالالامپور، ٢٠١٢ ٣٤٧
٩. ئوستralیا: نۆیەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: مێلبۆرن و بریسبان، ٢٠١٣ ٣٥٧
١٠. نیوزیلەند: وێلینگتۆن و کریستچێرچ، ٢٠١٣ ٣٧٢
١١. کانادا: دەیەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی، تۆرۆنتۆ، ٢٠١٤ ٣٧٣
١٢. چین: سەمپۆزیۆمی پەکین، ٢٠١٤ و نوێکاری لە چین و ڤیەتنام، ٢٠١٨ ٣٧٩
١٣. هۆنگ کۆنگ: یازدەهەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: هۆنگ کۆنگ ٢٠١٥ ٣٨٣
١٤. نەمسا: ١٢هەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: ڤیەننا، جولای ٢٠١٧ ٣٩٧

بەشی ٧: گەڕانەوە بۆ سەر بنجی خۆی ٤٠٥
١. گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: سەردانی تورکیا، ٢٠٠٣-٢٠٠٧ ٤٠٦
٢. خزمەت بە کوردستان، ٢٠٠٤-٢٠١٦ ٤١٢
٣. کۆنگرەی جیهانیی کوردستان، ٢٠١١-٢٠١٨ ٤١٩

بەشی ٨: یاریکەرێک لەسەر شانۆی جیهانی ٤٤٣
١.ئەرکەکان و ڕوانگەیەک بۆ داهاتوو: لایەنەکانی کاری ئالان دیلانی ٤٤٤
٢، میراتی ئالان- ڕوانگەی هاوکارەکانی ٤٤٦
٣. داهاتوو ٤٥٦
٤. ڕێز و پێزانی لە لایەن هاوڕێیان و بنەماڵەکەی ٤٥٩

پاشکۆکان ٤٦٤
سپاس و پێزانین ٤٦٧
سەرچاوەکان ٤٧٠

# پێشگوتار

پرۆفیسۆر ئالان دیلانی، خۆی وەک کەسێکی پێشەنگ لە ناساندنی نژیاروانی بۆ خۆشبژیوی دەرخستووە. نژیاروانی کە بە شێوەیەکی گشتگیرانە لە هەموو ژیانی ئێمەدا ئامادەیی هەیە، دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی نەخۆشی یان ئەوەی ببێتە هۆی باشترکردنی ئاستی ژیان و تەندروستیمان، پرۆفیسۆر دیلانی بژاردەی دووهەم دەگرێتە بەر.
لە ماوەی بیست ساڵدا و لەو کاتەوە کە بۆ یەکەم جار ئالان و کارەکەیم ناسیوە، توێژینەوەکەی لە هەندێک کەیسی توێژینەوەیی تایبەت لە سویدەوە بۆ توێژینەوەیەکی جیهانی لەسەر کاریگەرییە بەسوودەکانی دیزاینی فەزا لەسەر تەندروستی لە پەرەسەندندا بووە. ئێستا دەستکەوتەکانی بە باشی ناسراون و لە ئاستی جیهانیدا ڕێزیان لێدگیرێت و لە هەر کات زیاتر سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.
ئالان لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی ئێران لە دایک بووە و ژیانی منداڵی لەوێ بەسەر بردووە. توانایی سروشتی بۆ دروستکردنی فەزای دەوروبەر، لەوێڕا سەر هەڵدەدا. لە جەنگەی سەرهەڵدانە سیاسییەکاندا، وڵاتەکەی بە جێ دەهێڵێت و شوێن خولیاکانی دەکەوێت تاوەکوو ببێتە نژیاروانێک لە ئاستی جیهاندا. بۆ ئەم کارەش سەرەتا لە ئیتالیا و دواتریش بۆ خوێندنی باڵا لە سوید دەگیرسێتەوە. ئالانیش وەک هەر کۆچبەرێکی دیکە، هەموو ئەو بەربەستانەی لادان کە تووشی هەر کەسێک دێن کە بۆ یەکەمجار دێتە ناوی کەلتوورێکی نوێوە و پاشان گەشتە سەرنجڕاکێشەکەی دەست پێکرد. بە دامەزراندنی تۆڕێکی نێونەتەوەیی، هاوکارەکانی لە ئەکادیمیا، بازرگانی و حکومەت لە دەوری یەکیەتییەکی تەندروستی و دیزاین و حکومەتدا کۆ کردەوە، کە ئاستی تەندروستی و خۆشبژێوی باشتر کردووە. چەمکێک کە ئێستا پەرەی پێداوە تاوەکوو کوالیتیی ژیانی نەتەوەکان لە سەرانسەری جیهاندا باشتر بکات.

**سەلوتۆجێنیک**[٥] چەمکێکە لەسەر ئەوەی کە بە چ شێوەیەک لە ناوەڕۆکی ئەو فەزایە تێدەگەین کە دەوری ئێمەی مرۆڤی داگرتووە. بۆ وێنە، هەر ئێستا بۆ چەند چرکە سەرنجی ئەو ژوورە بدەن کە ئەم وشانەی تێدا دەخوێننەوە، ئەو فەزایە چۆن لەسەر ژیانی ئێوە کاریگەری دادەنێت؟ کام هۆکارە سوودبەخشانە دەتوانن لەو ژوورەدا دەستنیشان بکەن؟
ئەم بیرۆکەیە سەرەتا لە لایەن ئا، ئانتۆنۆڤسکی (ناسراو بە باوکی تەندروستی) و کەسانی ترەوە لە توێژینەوەی پەیوەندیدار بە سترێسەوە خراوەتە ڕوو. دەرکەوتووە هەروەک چۆن ژینگەکان دەتوانن ببنە هۆی ترس و تۆقان، بە هەمان ئەندازەش دەتوانن «فەزایەکی ئەمن» دروست بکەن. فەزایەک کە دەرفەتی حەسانەوە، هاندان، هارمۆنی و چێژوەرگرتنمان بۆ بڕەخسێنێت.

٥- Salutogenic is a latin term is contrray of Pathogenic. Saltu means Health and genic means origin so salutogenic means orgisn of Health or what make people healthy

ئەمڕۆکە، لە ڕێگەی توێژینەوەوە، کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی ژینگە لەسەر ستریس و هۆرمۆنەکان دەزانین؛ لە ڕێگەی ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر مێشک و هەڵسوکەوت کراون، دەزانین کە لە ڕاستیدا چۆن ژینگەکان کاریگەری لە سەر ئێمە دادەنێن. بۆ کرێکار و خاوەنکار، خوێندکار، نەخۆش، زیندانی و دانیشتووانی شار، دیزاینی شوێنەکانی کار، فەزاکانی شار و هەر جۆرە بینایەک زۆر گرینگە.

ئێمە لە هێزی بەرهەمهێن و بەسوودی موزیک بۆ منداڵان بە تایبەت لە فێربووندا ئاگادارین. ئەوە پێی دەوترێت «ئاسەواری مۆزارت». ئێستا ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدا: «ئاسەواری دیلانی» چییە؟

لەم دواییەدا کتێبێکی ڕێنمایی ڕیستۆرانەکان لە ستۆکهۆڵم بڵاو کرایەوە کە پێت دەڵێت ڕیستۆرانێکی ئارام لە کوێیە؛ شوێنێک کە ئاستی دەنگەکان لەوێ گونجاو بێت، شوێنێک کە هاوڕێیان بتوانن باسوخواسێکی ڕاستەقینە دابمەزرێنن. لە ستۆکهۆڵمدا، شەست و پێنج شوێنی ئارام، واتە شوێنی سەلتۆجێنیک دەستنیشان کراون. لە تۆکیۆ، توێژینەوە لەسەر ئەوە دەکرێت کە لە نێوان پیشەسازیی دروستکردنی تایە و تەگەر لەگەڵ پلاندانەرانی شاری هاوکاری بکرێت تاوەکوو کێشەی ئاستی دەنگ لەو شوێنانەدا چارەسەر بکرێت کە ترافیک هەیە. ئێمە چیتر لە سەردەمە کۆنەکاندا ناژین، کاتێک گژوگیایان لەسەر شەقامەکان و لە هەندێک شوێنی تایبەتدا هەڵدەڕشت تاوەکوو دەنگی ناڵی ئەسپەکان و جیڕەی کەژاوەکانیان کەم بکەنەوە. کات تێدەپەڕێت، پێداویستییەکانی مرۆڤ دەمێننەوە و ڕێگەکانی بەردەممان بۆ باشترکردنی ژینگەی ژیانمان بێسنوورن.

داخوازی بۆ دیزاینی سەلتوجێنیک لە دروستکردنی فەزاکاندا بۆ مرۆڤ، لەوانەیە وەک شتێکی ئاسایی بێتە پێش چاو، بەڵام تێگەیشتن لەو پێداویستییە تەنیا لەم دواییەدا پەرەی سەندووە. ساڵی ١٩٩٧ بوو کە ناوەندی فیوچر سکاندیا[٦] لە ستۆکهۆڵم تاقیگەیەکی نموونەیی بۆ سەرمایەی هزری[٧] لە ڕێگەی دروستکردنی فەزایەکی کاریی هاندەرانە کردەوە.

پەنجا شوێنی نموونەیی دیکەی هاوشێوە لە ئەورووپادا و پەنجای دیکەش لە ژاپۆن بە دوای ئەودا دروست کراون. یەکخستنی پێنج هەستەکانمان لەگەڵ شوێنی کار زۆر ڕوونتر دەبێت: نە تەنیا دەنگ و بینین، بەڵکوو بۆنکردن، ڕووناکی و هەستی ساوین یەک دەگرن تاوەکوو هەستێک دروست بکەن کە ئێمە پێی دەڵێین «بەهێزبوونەوەی مێشک[٨]».

فەزایەکی وا شوێنێکە کە وزەمان دەداتێ، وزەیەکی زیاتر لەوەی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانمان پێویستە: فەزایەک کە کاتێک دوای ڕۆژێکی کاری بە جێی دەهێڵین، وزەمان زیاتر بێت لەو کاتەی کە سەرلەبەیانی کارمان تێدا دەست پێکردووە. ئەزموونێک لە ناوەندی فیوچر سکاندیا هانی دام کە بپرسم: ئەم شتە چۆن بەدی دێت؟ دەمهەوێت قووڵتر ئەمە بزانم و لەگەڵ کەسانی تریش هاوبەشی بکەم، ئەو ڕازە چییە؟

٦- Future Scandia

٧- Intellectual capital

٨- Good vibration

توێژینـەوەی دوکتـور ئـالان دیلانـی و هاوکارەکانـی لـە زانکـۆی کارۆلینسـکا ئـەو ئەزموونـەی دروسـت کـردووە، ئـەوان بـە دروسـتکردنی هاوئاهەنگـی و هارمۆنـی، فەزایەکـی دروسـتکراوی داهێنەرانەیـان خوڵقانـد. لـە توێژینـەوەی ئەمـڕۆدا، ڕەنگـە ئـەو فەزایانـە بـە ناوەندەکانـی هەسـتەکانی داهاتـوو نـاوزەد بکەیـن، وەک ڕێگەیـەک بۆ باسـکردن لـە کاریگەریی ڕاسـتەوخۆی ژینگـەی کاری یـان کەسـی لەسـەر هەسـتەکان.

ئـەم کتێبـە بـاس لـە گەشـتی پرۆفیسـۆر ئـالان دیلانـی لـە پیاوێکـی گەنـج لـە کوردسـتان تـا ئەمـڕۆ دەکات، بـاس لـە توێژینەوەکانـی لـە سەرانسـەری جیهـان، لـە جیهانـی گەشەسـەندوو و لـە و شـوێنانەدا دەکات کـە هێشـتا بـە شـوێن ئـەو ڕێگەیانـەدا دەگەڕێـن کـە تێڕوانینیـان لەسـەر بایەخـی نژیاروانـی لەسـەر ژیانێکـی تەندروسـتتری داهاتـوو قووڵـتر بکـەن.
ئەمـە کتێبێکـی بناخەییـە. ڕەنگـە هانمـان بـدات کـە هـاوکار بیـن لـە دروسـتکردنی جیهانێکـی تایبـەت بـۆ خۆشـبژێوی و داهاتـووی پێکـەوە ژیانمـان.

**لەیف ئێدڤینسۆن**
**پرۆفیسۆر لە بەشی سەرمایەی هزری، زانکۆی لۆند**

# پێشەکی

بۆ قسەکردن لەسەر ئەزموونی کاری دوکتور ئالان دیلانی دەبێت دوو بابەتی دوور لە یەکتر واتا دیزاینی نژیاروانی و باسی گرینگی خۆشبژێویی مرۆڤایەتی پێکەوە گرێ بدەیت. تەندروستی بووەتە مەتەڵێک بۆ ملیۆنەها کەس لە هەموو تەمەنەکان، بە هەموو شێوازەکانی ژیان لەناو کولتوور و نەتەوەکاندا. گەڕان بۆ تەندروستییەکی باشتر، بردنەسەری ئاستی خۆشبژێوی و هێز و وزە بوونەتە گەوهەرێکی بەنرخ لە سەرانسەری جیهاندا.

کەس خەیاڵی بۆ ئەوە ناچێت کە وەڵامی مەتەڵەکە لە ژوورەکانی خۆماندایە.

دیلانی بێدەنگ بەڵام بە چالاکیی بەردەوامی لە سێ دەیەی ڕابردوودوە وەک پێشەمرگەیەکی نژیاروانی (مێعماری) ناسراوە. بە شوێن دروستکردنی شێوازێکی بیناسازیدا دەگەڕێت کە ئەگەر کەسانێک تەندروستییان تێکچووبێت لەو شوێنانەدا هەڵسێنەوە، ئەو پێشنیار دەکات کە دامەزراوە تەندروستییەکان دەبێت بۆخۆیان لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی هۆکارەکانی تەندروستی، ببنە بەشێک لە ڕێگەچارەکە. پێویستە نەخۆشخانەکان، خانەی بەساڵاچووان، دامەزراوە گشتییەکان و بیناکانی تر بە شێوەیەک بگۆڕێن کە ئەو تواناییەیان ببێت تەندروستیمان باشتر بکەن نەک تێکی بدەن.

وەک زانایەک و توێژەرێکی لێهاتوو، دیلانی کاریگەریی دەروونیی گۆڕانکارییە هەرە پێویستەکانی ڕوون کردوونەوە کە نەخۆشخانەیەک دەبێت ڕەچاویان بکات، و پاشان دەبێت کار لەسەر چارەسەری نەخۆشەکانی بکات. ئەو پێداگرە و قسەکانی ڕازیکەرن. شێوەی نەخۆشخانەکان لە دەرەوە و ناوەوە کاریگەری دادەنێن لەسەر بەدەستهێنانەوەی تەندروستی و وزە.

ئەوە بیرۆکەیەکی ساکارە بەڵام لە چەندین ڕوانگەوە دژایەتی بیرۆکە داهێنەرانەکەی دیلانی کراوە. زۆر شارەزای پیشەسازی، کەسانی ئەکادمسیەن، و تەنانەت وەزیرەکانی حکومەت لە دوودڵیدان. نەخۆشخانەکان چەند دەیە پێش چۆن بوون، هێشتا هەر بەو شێوەیەن.

لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا کاری زۆر لەسەر ژینگەی چاودێریی نۆرینگەیی (کلینیکاڵ) کراوە و بە دیزاینی جیهانی سازکراو بەرەو ژینگەیەکی تەندروست چووین. ئەو پێشکەوتنەی بە دەست هاتووە هەروا درێژەی هەیە.

کەواتە، دیلانی بزووتنەوەیەکی خولقاندووە، دوو بواری زۆر مەزنی تەندروستی و نژیاروانی لێک گرێ داون. ئەو لەو شوێنانەدا کە فەزای لێ نەبوو، فەزای دروست کرد. ئامارێک کە لە سەمپۆزیۆمە نێونەتەوەییەکانی و کۆنگرە جیهانییەکانی دیزاین و تەندروستی ئاماژەی پێدەکات بەم شێوەیە: ٩٣،٥ لە سەدی پارەی تەرخانکراو لە جیهاندا لەسەر چارەسەری هۆکارەکانی پاتۆجێنیک واتە هۆکارەکانی نەخۆشی خەرج دەکرێت. لە کاتێکدا کە تەنیا یازدە لە سەدی مردن لە جیهاندا بە هۆی هۆکارەکانی نەخۆشییەوەیە. سەیر ئەوەیە کە ٧٣ لەسەدی مردنەکانی جیهان وەک ئەو دەڵێت بە هۆی هۆکارەکانی سەلوتۆجێنیکە (هۆکارەکانی تەندروستی) و تەنیا ٢ لە سەدی بودجەی جیهان لەسەر چاودێریی

سەلوتۆجێنیک سەرف دەکرێت. هەر بۆیە ئەو نەخۆشخانانەی کە جیاواز بەرچاو دەکەون و جیاواز کار دەکەن بەشێکی گرینگن لە وەڵامی مەتەڵەکە.
ئالان خەڵکانێکی زیاتر و زیاتر لە بوارەکانی پیشەسازی، سیاستدانەرانی حکومەتی و ئەکادیمیا بەرەوە کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکانی ڕادەکێشێت. دوایین توێژینەوە و ئەزموونە کردەییەکان هاوبەش دەکات کە لە ژینگەیەکی چێژبەخش بەڵام پیشەییانە و لە ئاستێکی بەرزدا تاقی کراونەتەوە و زۆربەی خەڵکی سەرنجیان نەداون، ئەمەش وا دەکات کە ئەو کەسانەش دەست بە کار ببن و پاڵنەر بن بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری.
هەروەک پزیشکی بەستێنێک بۆ پیشەکانی تەندروستی دەخوڵقێنێت، نژیاروانی بناخەیەکە بۆ ئەو پیشانەی کە لەسەر دروستکردنی ژینگە جەخت دەکەنەوە، پزیشکەکان و نژیاروانان لەم کارەدا هەر کامیان لە لوتکەی بوارەکەی خۆیاندان. پسپۆڕانی تر وەک ئەندازیاران، پلاندانەرانی شاری و پاشان پسپۆڕانی ژینگە و سەقامگیری زیاد دەبن. سوپایەک سەری هەڵداوە کە دیلانی وێنای کردووە و بوار و مەوداکەی هەروا گەورە دەبێتەوە. بە بۆنەی ئەکادیمیای نێونەتەوەیی دیزاین و تەندروستی، زۆر زیاتر لەسەر بابەتەکانی تەندروستیی گشتی جەخت دەکرێتەوە. ئەوە ئێستا بوارێکی زانستییە لە بەینی چەند بوارێکی دیکەدا و ئامانجە جیهانییەکەی ئەوەیە کە پەیامێک بگەیەنێت.
پەیامەکە ئێستا خەریکە گشتگیر دەبێت.
تۆڕێکی جیهانی پشتیوانی لە گۆڕانکاری لەو بینایانەدا دەکات کە تێیاندا دەژین و ئیشیان تێدا دەکەین تا ئەو گۆڕانکارییە ببێتە هۆی گۆڕینی جیهان. بیرۆکەیەکی شیاوی پشتیوانیکردنە. ڕوانگەیەکە کە هێزێکی زۆری لە شار و وڵاتە پێشکەوتووەکاندا و هەروەها لەو شوێنانەشدا هەیە کە ئێستا خەریکی پێشکەوتنن. تەندروستی سەرمایەی هەر کەسێکە، چونکە بەبێ هەبوونی تەندروستی ژیانی ئاڵۆزمان بەردەوام نابێت.
چیرۆکی ئالان دیلانی لە سەرەتاوە لە شارێکی بچوکی کوردستان تاوەکوو شارومەندێکی جیهانی لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کەسانی لاو و هەروەها بەتەمەنیش هان بدات تاوەکوو بە شوێن بەدیهێنانی جیهانێکی باشترەوە بن بۆ هەمووان.

**کارۆل پرونهابێر**

# بەشی یەکەم

# سەرەتاکان لە کوردستان



هۆتێلی ڕیتز-کارلتۆن میلێنیا لە سەنگاپوور

## دەستپێک: مانگی مەی ۲۰۰۹

بەیانییـەک، فڕۆکـەی سـیلڤری ۷٤۷ بەسـەر بازنـەی جەمسـەری باکـووردا بـەرز دەبـۆوە، سەرنشـینێکی ڕەشـتاڵە جلێکـی ڕازاوە لەبەریـدا لـە کورسـییەکانی پێشـەوەی فڕۆکەکـەدا دانیشـتبوو، پۆلێـک کاغـەزی لەبـەر دەمیـدا بـڵاو کردبوونـەوە و سـەیری دەکـردن. خۆرەتـاو لـە پشـت سـێبەری هەورەکانـەوە درەوشـایەوە و ئـالان دیلانـی بـۆ ماوەیـەک لـە هەورەکانـی ژێـرەوە ڕامـا. بڕیـار وا بـوو کـە ئـەو هەفتـەی دادێ، بـە بەرنامـەی نـوێ پـڕ بکرێتـەوە، چەندیـن کەسـایەتیی نێونەتەوەیـی ببینێـت و لەگـەڵ کۆمەڵێـک هـاوکار بـۆ زنجیرەیـەک دیـدار و باسـی نـوێ لـە سـەنگاپوور کـۆ ببنـەوە.

ئـەو قسـەکانی خـۆی لـە وتووێژێکـی ئـەم دواییـەی لەگـەڵ گۆڤارێـک بیـر دەکەونـەوە: «نەخۆشـبوونی کۆمەڵگاکەمان کێشـەی هـەر زانایەکـە لـە جیهانـدا. هیـچ شـتێک لـە تەندروسـتی گرینگتـر نییـە. ئێمـە هـەر کارێـک بکەیـن، دەبێـت ئاگامـان لـە تەندروسـتیی تاکەکەسـیمان و تەندروسـتی لـە سەرانسـەری جیهانـدا بێـت. ئەگـەر خەڵـک لـە جیهانـدا زانیارییـان ببوایـە زۆر بـە سـادەیی دەمانتوانـی بـەر بـە هـۆکارە دنیاداگرەکانـی تێکـدەری تەندروسـتی بگریـن. دوو دەیـەی پێدەچێـت –یـەک بـەرە یـا بیسـت سـاڵ- ئەگـەر منداڵەکانمـان ڕابهێنیـن.»

شەشەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی لە سەنگاپوور، دوای چەندین مانگ پلاندانان، لە دوو ڕۆژی داهاتوودا بەڕێوە دەچێت. بەپێی ئەو شتەی پێشتر بەرنامەی بۆ دانرابوو، بڕیار وا بوو دیدارێکی ئاسایی لەگەڵ بەڕێوبەری تەندروستیی سەنگاپوور بێت تاوەکوو چەند وۆرکشاپ و سێمینار لەسەر پەرەدانی ژێرخانی گونجاوی تەندروستی بۆ حکومەتی سەنگاپوور پێشکەش بکات و لەم ڕێگەیەوە حکومەت یارمەتیی خەڵکەکەی بدات. ئەوەی دیلانی بەرنامەی بۆ دانابوو دیدارێکی ئاسایی و سادە بوو لەگەڵ بەڕێوەبەر و چەند کەس لە هاوکارەکانی.

بەڵام کاتێک کە گەیشتە ناو شاری سەنگاپوور، دووسەد کەس لە وەزارەتی تەندروستی چاوەڕێی بوون. بەڕێوەبەر ئەوەی شی کردەوە کە بە گشتی لە بیناسازیدا لە سەنگاپوور بایەخ بە تەندروستیی هاوڵاتیان دراوە. ئەو کەسانەی کە دێن لە نەخۆشخانە کار بکەن دەبێت بۆ ماوەی شەش مانگ واز لە جگەرەکێشان بهێنن دەنا قەت وەرناگیرێن. بۆ ئەوەی وەک فەرمانبەر وەرگیرێن دەبێت هەڵسوکەتیان تەندروستانە بێت. ئەو خەڵکە ئارەزوومەندە پێداگرەی سەنگاپوور هەم بوونە مایەی سەرسووڕمانی و هەم لەسەر ئەو ڕوانگەیەی پشتئەستوورتریان کرد کە دەبێت حکومەتەکان خەمی تەندروستیی هاوڵاتییانیان بخۆن و هەر ئەوەش وای کرد کە یەکەم نەخۆشخانە لەوێ دروست کرێت و بە دوایدا لە وڵاتانی دیکەش نەخۆشخانەکان یەک لە دوای یەک دروست کران. ئامانجی ئەوە بوو کە نژیاروانان، ئەندازیاران، پلاندانەرانی شاری و پسپۆڕانی پزیشکی و لایەنی حکومی لە هەموو قاڕەکان بانگهێشت بکات کە لەگەڵ فۆرومە ئامانجدارەکان و پلانەکان پەیوەست بن تاوەکوو پارادایمەکان بگۆڕن، و بیناکان بە شێوەیەک دروست بکەن کە تەندروستییەکی باشتر بۆ میلۆنان کەس دابین بکەن.

ئەودەم مانگی مەی ٢٠٠٩ بوو و ئالان دیلانی لەسەر شارێی بوون بە هاوڵاتییەکی نێونەتەوەیی بوو و ئەم فۆرومانەی لە ئەورووپا، ئاسیا و ئەمریکای باکوور بەڕێوە دەبرد.

لەگەڵ نیشتنەوەی فڕۆکەکەی لە فڕۆکەخانەی چانگیی سەنگاپوور، دیلانی پەڕگە و فۆلدێرە سەریەکنراوەکانی کۆ کردنەوە و خستنییە ناو ساکەکەی تاوەکوو ئامادە بێت بۆ دابەزین و بەرەو شوێنی پشکنین لە فڕۆکەخانە بەڕێ بکەوێت. ئەم کاتە وەک ئەو کاتەی کە پاسەکە لە شاری مەهاباد لە زێدەکەیەوە بەرەو تاران بەڕێ کەوت، بۆ کوڕە کوردەکە گرینگ بوو. ئاسۆی ژیانی بە شێوەیەک گەورە بوو کە قەت لە خەیاڵی سەردەمی منداڵیدا نەدەگونجا.

لە ناو سەنگاپوور چوو بۆ هۆتێلی ڕیچ کارڵتۆن میلێنییا، چاوی بە ڕازاوەیی، ڕووناکیی زۆر و ڕێڕەوە بەرزەکانیدا گیرا، هەستی کرد کە ئەم شوێنە بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە گونجاوە. لێرەدا بوو کە بینی ئەندام پەرلەمانی بریتانیا، لۆرد نایجڵ کریسپ لە مێزەکەی پێشەوەدا خەریکی گرتنی ژوور لە هۆتێلەکەدا بوو، و بەڕێزەوە سڵاوی لە وەزیری تەندروستی کرد کە بەڕێوەبەری کۆنگرەکە بوو. ئالان وەڕێ کەوت و سڵاوی لە هەردووکیان کرد.

## ١. ژیانی منداڵی لە کوردستان: ١٩٥٧-١٩٧٦

پاشنیوەڕۆیەکی ساردی مانگی خەرمانان بوو کە ڕابیعەی دایکی حامید لە ماڵە یەک ژوورییەکەیاندا ژانی منداڵبوون گرتی. ماما –کە لە گوند بە مامان دەوترا - یارمەتی دا. لە دەرەوە، باوکی، ڕەحیم، بێئۆقرە دەهات و دەچوو، قوڵپی لە پیاڵە چاییەکەی دەدا کە هەڵمی لێ هەڵدەستا و کڵۆ قەندەکەی ناو دەمی دەتواندەوە. خوشکەکەی مەلەک، کە دوو ساڵ گەورەتر بوو، بە داوێنی باوکییەوە نووسابوو، بەڵام ئەحمەد، برا دوازدەساڵەکەی، لە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێکانی یاری دەکرد.




**ئەو دەیگێڕایەوە کە ژنان بۆ یەکەم جار چوونە قوتابخانە و زمانی کوردی بۆ یەکەم جار لە قوتابخانەدا وترایەوە.**

نەخشەی کوردستان و مەهاباد

لەگەڵ ئەوەی تیشکی سوورباوی خۆر لە پەنجەرەوە دەهاتە ژوور، حامید مەحموودی خزایە ناو دەستە گەرم و پڕسۆزەکانی پووری. پووری بە لاقەکانی بەرزی کردەوە و دەستی بە پشتیدا کێشا تا یەکەم گریانی ژیانی لێ ببیستێت. حامید لە سەدراباد، گوندێکی بچووکی کوێستانەکانی کوردستان لە دایک بوو. لەو کاتەدا نە خۆی و نە بنەماڵەکەی بە خەیاڵیاندا نەدەهات کە حامید ساڵانێک دواتر دوو هەزار مایل دوورتر بە ناوی ئالان دیلانییەوە دەچێتە سەر کاروباری ژیانی.

هەر زوو، بنەماڵەکەی چوون بۆ شاری مەهاباد، پایەتەختی کوردستانی ئێران، کە ناسراوە بە «شارێک کە غرووری نەتەوەیی ئێمەی پیشان دا». ئەحمەد، برا گەورەی کوڕپە ساواکە، قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کردبوو بەڵام لە سەدراباد قوتابخانەی ناوەندی لێ نەبوو و ڕابیعە ویستی کە کوڕە گەورەکەی درێژە بە خوێندن بدات.

مەحموودییەکان شوێنێکیان لە ناوەڕاستی شار لە کۆڵانی شەوقی لە شەقامی جامی جەم دۆزییەوە. ژوورێکیان لە ماڵێکی گەورە بە کرێ گرت، ئەوەش بۆ ئەو سەردەمە کە باری ژیان باش نەبوو، شتێکی

باو بوو. ژوورەکە پەنجەرەیەکی زۆر بچووکی هەبوو و زۆریش بچووک بوو، نزیکەی سێ لە پێنج میتر دەبوو. لە شەودا، پێخەفی کۆکراوە ڕادەخرا تاوەکوو هەمووان لەسەری بنوون.

ڕەحیم زۆر بە پەرۆشەوە کاری دەکرد تا ژن و منداڵەکەی بەخێو بکات. ڕابیعە کاری ماڵان و نانکەری بۆ دەوڵەمەندەکانی مەهاباد دەکرد تا لە پەیداکردنی بژێویی ژیاندا یارمەتیدەر بێت. جیا لەوەش، ماڵیشی خاوێن و ڕێکوپێک ڕادەگرت.

ڕەحیم مەحموودی پیاوێکی بەڕەحم و بەسەبر بوو، ئاغابانووەکەی لە پشتەوە دەبەست و ڕیشۆڵەکانی بە ناوچاویدا شۆڕ دەبوونەوە. ئەو هەمیشە قاتە کوردییە فشەڵەکانی لەبەر دەکرد. ڕابیعە ژنێکی ژیر و کۆمەڵایەتی بوو. ڕەنگی قژی ڕەش و چاوەکانی قاوەیی بوون. هەر کام خەڵکی گوندێک بوون، ڕەحیم خەڵکی گوندی سەدراباد دێیەکی نزیک مەهاباد و ڕابیعە لە مەنگوڕایەتی لە باشووری ڕۆژاوای پایتەختی کوردستان بوو. ڕەحیم و ڕابیعە، لە مەهاباد یەکتریان دیت و دواتر چوونە سەدراباد، ئەو شوێنەی کە ژیانی هاوبەشیان لەوێوە دەستی پێکرد.

## سەربردەی بنەماڵەی حامید

سەرهەڵدان و شکانی مەهاباد، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگای کوردی دانا. بووە خاڵی سەرچاوەی هیوایان بۆ سەربەخۆیی لە داهاتوودا. حامید ئەو ئاواتەی لە دڵدا بوو. هەرچەند، کاتێک ئەو لاو بوو، زیاتر حەزی لە چالاکیی کوڕانە وەک وەرزش، ڕابواردن لەگەڵ هاوڕێیان، و کاتبەسەربردن لەگەڵ بنەماڵەی بوو. سەرەڕای ئەوەی چارەنووس لە سەرەتای گەنجیدا بەرەو ئەورووپا پەلکێشی کرد، بەڵام پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و وەفاداری لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی ڕاگرت.



قازی محەمەد، سەرۆککۆماری یەکەم کۆماری کوردستان لە مەهاباد

کاتێک منداڵ بوو، ڕەحیم چیرۆکەکانی کۆماری دێموکراتیکی مەهابادی بۆ کوڕەکەی دەگێڕایەوە. ئەو دەیگێڕایەوە کە ژنان بۆ یەکەم جار چوونە قوتابخانە. زمانی کوردی بۆ یەکەمجار لە قوتابخانەکاندا وترایەوە. ئامینە، خێزانی ئەحمەد، کوڕە گەورەی ڕەحیم کە دوازدە ساڵ لە حامید گەورەتر بوو ئەو شانسەی نەسیب ببوو کە لە لای سەرۆک کۆمار، قازی محەممەد، لە قوتابخانەیەکی تازە دەستبەکاربووی کوردیدا بخوێنێت.

دایکی برازای مام ئەحمەد ئیلاهی وەزیری دارایی قازی محەممەد بوو. ڕابیعە جحێڵ بوو کە باوکی مرد. مام ئەحمەد وەک باوکی لێهات بۆی و زۆر چاوەدێری دەکرد. مەحموودی زۆر جاران سەری دەدا. مام ئەحمەد، دوکانێکی کوتاڵفرۆشی دانا و پارەی دەدایە منداڵەکان. ئەوان بە بابەگەورەیان دەگوت «مامە». مام ئەحمەد زۆر ژیا و لەناو خەڵکیدا پیاوێکی زۆر بە قەدر بوو.

ڕەحیمیش لە کۆماردا تێوەگلابوو و هەر لەوێوە بوو کە خێزانی داهاتووی ناسی. ڕەحیم و غەفووری برای بوونە پێشمەرگەی مەلا مستەفای بارزانی ڕێبەری ئوستوورەیی کوردانی باشوور کە سەرەڕای سەختییەکی زۆر لە ئێراقەوە و لەگەڵ پێنسەد پێشمەرگەی جەربەزە هاتە پشتیوانیی کۆمار.



مەلا مستەفا بارزانی، ڕێبەری ئوستوورەیی کوردان

کۆمار ڕووخا، و بارزانی ڕووی لە تاراوگە کرد. کاتێک کە ڕەحیم ملی نەدا لەگەڵ بارزانی بچێت بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت، بارزانی ئەسپ و ڕەختەکەی لێ وەرگرتەوە. ڕەحیم پەشیمان بوو لەوەی کە لەگەڵ بارزانی نەڕۆیشتبوو. دواتر دەیگوت «ئەگەر ڕۆیشتبام، داهاتوویەکی ترمان دەبوو، بەڵام ئەوە کاری خودا بوو». لەو کاتانەدا، بارزانی خەڵکی دەخستە ژێر زەختەوە، و وەرگرتنەوەی ئەسپ و ڕەخت واتای ئەوە بوو کە ئەو کەسە شان و شکۆی لە دەست داوە. ئەوەش بۆ باوکی حامید زۆر خراپ بوو. باوکی نەیدەتوانی شوێن پیاوانی بارزانی بکەوێت بەڵام دەیزانی کە ئەوان ئەسپ و کەلوپەلە سەربازییەکانیان پێویستن.



کۆماری کوردستان لە مەهاباد

کاتێک یەکەم منداڵی مەحموودی لە دایک بوو، گەڕانەوە شار. ئەوان لە شەقامی جامی جەم لە ماڵێکی کۆندا ئەولاتر لە گۆڕی قازی محەمەد دەژیان. شوێنەکە نزیک کێوان بوو و بەسەر دەشتێکدا دەیڕوانی.

### کۆمارە تەمەن کورتەکەی مەهاباد: گیانی سەربەستی

شاری مەهاباد لە دۆڵێکی تەسکدا دەکەوێتە داوێنی زنجیرە چیای سەرکەشی زاگرۆس و خوارووی ئاوی سوێری زەریاچەی ورمێ و چەند هەزار میتر لە ئاستی زەریاوە بەرزە. مەهاباد نە تەنیا، ناوندێکی کۆنی کشتوکاڵی تووتن و ترێ بوو، بەڵکوو زۆربەی کڕین و فرۆشتنی خوریش لەوێ دەکرا. لە شەڕەکانیان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان دڵی جوگرافیایی و گیانی کوردان بوو.
کۆتایی شەڕی جیهانیی دووەم لە ساڵی ١٩٤٥دا و کێشمەکێشی هێز لە نێوان سۆڤیەت و ڕۆژاوادا، هەلومەرجی بۆ ڕووداوێکی لەبیرنەکراو لە ژیانی کوردەکاندا ڕەخساند. لە ١٧ی دیسامبردا، حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدکا) کە تازە پێکهاتبوو و قازی محەمەد کەسایەتیی بەحورمەتی ئایینی و سیاسی ڕێبەبەرایەتی دەکرد بە ڕاگەیاندنی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان کە زیاتر بە کۆماری مەهاباد ناسراوە، بەرەنگاری شا و دەسەڵاتەکەی بووەوە.
سەرەڕای شەختەبەندان و دارە ڕووتەکانی زستان، شنەیەکی گیانبەخش لەو کەشەدا دەهات. سەدان پیاوی جامانەلەسەر، لەبەردەم بینایەکی گومبەزی و جواندا کۆ بوونەوە، ئەوانی تر بە پێوە و بە دانیشتنەوە لەسەر بانەکانەوە دەیانڕوانی. زۆر کەس دەیانویست بیناکە بسووتێنن بەڵام خۆڕاگری کرا. لە جیاتی ئاگر، ئاڵای کوردستان بە بڵێسەی خۆرێکی دەورەگیراو بە چەپکێک گەنم و نووکی قەڵەمێک لە ناوەڕاستیدا و سێ ڕەنگی سوور و سپی و سەوز وەک هێمای کوردستان لەسەر بانەکە هەڵکرا.

لە ناوەڕاستی مانگی ژانویەدا، دەنگۆی کۆبوونەوەیەکی گرینگ لە ڕۆژی ٢٢ی مانگدا لە گۆڕەپانی سەرەکیی مەهاباد واتە مەیدانی چوارچرا بڵاو بووەوە. ئەم هەواڵە گەییشتە زۆر خێڵی تری ناوچەکانی دەوروبەریش. ڕۆژی بەر لە کۆبوونەوە گرینگەکە، زۆر کەسی ناسراو و دیاری کوردی مەهاباد لە مزگەوتی جامیعە بە نهێنی کۆ بوونەوە تاوەکوو پلانیان بۆ کۆماری کوردستان و بەرنامەیان بۆ سبەینێ باس بکەن.
بنەماڵەی حامید و هەموو دانیشتووانی مەهاباد بە دەنگ و خرمەی ناڵی سەدان ئەسپی ئەندامانی خێڵە کوردەکان وە خەبەر هاتن کە هاتبوونە ناو شار. خەڵک لە سەرانسەری کوردستانەوە دەهاتن. شەقامەکان بە ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان ڕازابوونەوە.
خەڵکێکی زۆر لە چوارچرا کۆبوونەوە کە تاکە پشتیوانیان کێوە ڕووتەن و خۆڕاگرەکان بوون. قازی محەممەد، جلوبەرگێکی ڕۆژاوایی لەبەردا و جامانەیەکی سپی لەسەردا بوو و دەوری بە سەرۆک خێڵەکان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیرابوو، بە ئاڵای کوردستانەوە چووە سەر مینبەر. قازی باسی لە ناسنامەی خەڵکی کوردستان کرد و لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان لە لایەن خۆیانەوە دوا. لە کەمتر لە پازدە خولەکدا، قازی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند.
ئەو چرکەساتە گەیشت کە لەمێژ بوو چاوەڕەوانی بوون و هەمووانی خۆشحاڵ کرد. پاش ڕاگەیاندنی کۆمار، قازی سڵاوی نارد و بە ناوی خودای مەزن، پیرۆزیی نەتەوەی کورد، و ئاڵای پیرۆزی کوردستان سوێندی خوارد و بە ناوی بنەماڵەکەیەوە پەیمانی دا کە تا دوا هەناسە و دوا دڵۆپی خوێن بۆ «سەربەخۆیی و خزمەتی یەکیەتیی نەتەوەی کورد، گەلی کۆماری کوردستان و ئازەربایەجان» تێدەکۆشێت و وەفادار دەمێنێت.
لە کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا، خەڵک لە ئازادییەکدا دەژیان کە قەت ئەو ناوچەیە شتی وای بە خۆیەوە نەدیبوو. ڕزگاری و ڕەوینەوەی ئەشکەنجەی سیاسی لە بڵاوکراوە نیشتمانییەکاندا دەرکەوت. خەڵک بە ئیشتیای خۆیان دەهاتن و دەچوون و دەستیان بە پەخشی ڕادیۆ دڵخوازەکانیان لە دەرەوەی وڵات ڕادەگەیشت. بۆ یەکەم جار زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و دایرە گشتییەکاندا بیسترا، ئەم گۆڕانکارییە بە فەرمی ڕاگەیەندرا. بۆ یەکەم جار، ژنان ڕێگەیان پێدرا کە بێنە کاروباری سیاسییەوە و لە بەشی ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە تازە دامەزرابوو، چالاکی بکەن.
سروودی نیشتمانیی کوردستان، ئەی ڕەقیب، لە کۆمارە دێموکراتیکە نوێیەکەدا دەنگی دایەوە کە ناوەڕۆکی سروودەکە باس لە ناسنامەی کورد دەکات: «ئەی ڕەقیب، هەر ماوە قەمی کورد زمان، نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان. کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە. زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان.»

**بۆ یەکەم جار زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و دایرە گشتییەکان بیسترا، ئەم گۆڕانکارییە بە فەرمی ڕاگەیەنرا.**

**تەسلیمبوونی مەهاباد**

لە پاییزی ساڵی ١٩٤٦دا، یەکیەتیی سۆڤیەت بە هۆی گوشاری نێونەتەوەیی و بەڵێنی وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت لە لایەن شاوە، لە ئێران کشایەوە. زوو دوای ئەمە، شا فەرمانی بە هێزەکانی دا کە مەهاباد داگیر بکەن. شارەکە بەبێ شەڕ تەسلیم کرا و کاربەدەستانی کۆمار و لە ناویشیاندا قازی محەممەد دەستگیرا کران.

سێ مانگ دواتر لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٣١ی مارسی ١٩٤٧، ماڵەکانی نزیک گۆڕەپانی چوارچرا، دەنگی لۆری و پۆستاڵی سەربازەکانیان بیست. شەوێکی بەخۆف بوو. قازی محەممەد، سەدری قازی برای – وەزیری شەڕ- و سەیفی قازی ئامۆزای بە بێدەنگی و بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنی لە گۆڕەپانەکەدا لە سێدارە دران.

خەڵک بەوپەڕی دڵەڕاوکێ و ترسەوە لە گۆڕەپانەکە نزیک بوونە. هیوابڕاو بوون. سێ جەستەی بێگیان هەڵواسرابوون. خەڵک کردیانە شین و شەپۆڕ و سینگ کوتان.

شا فەرمانی دا کە جەستەکان بۆ چەند ڕۆژ بە هەڵواسراوی بمێننەوە تا هەمووان بیانبینن. خەڵکی تووڕەی کورد دوکان و بازاڕەکانیان داخستن. شار لە جووڵە کەوت و ڕێژیمی شا ناچار کرا کە مەیتەکان بداتەوە بە خەڵک. بەرەنگاری و خۆ قوربانیکردنی قازی بۆ خەڵکەکەی لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ جێگەی خۆی لە دڵی هەر کوردێکدا هەیە.

**شا فەرمانی دا کە مەیتەکان بۆ چەند ڕۆژ بمێننەوە تاوەکوو هەموو خەڵک بیانبینن.**

**ژیانی بنەماڵە**

ڕەحیم کە پیاوێکی گەنج بوو لە فرۆشگایەک لە بازاڕی مەهاباد کاری دەکرد تا خەرجی بنەماڵەکەی دەربێنێت. هەبوونی ژنێک و چوار منداڵی ورد، ئەوە دەردەخات کە ئەو خۆی بۆ بنەماڵەکەی تەرخان کردووە و زۆر هەوڵی داوە تا پشتیوانییان لێ بکات. لەگەڵ خۆڕئاوابوونیش دەچوو بۆ پاسەوانیی کەلوپەلی فرۆشگاکان.

چونکە ئەو بۆ ماوەیەکی درێژ کاری دەکرد، قەت هەلی خوێندن و چوونە قوتابخانەیەکی فەرمی نەبوو. بەڵام ڕەحیم پێداگر بوو کە هەموو منداڵەکانی بنێرێتە بەر خوێندن، ئاواتێک کە دووهەم کوڕی واتە حامید زۆر بە باشی هێنایە دی.

بەر لە لەدایکبوونی حامید لە ساڵی ١٩٥٧دا، ڕەحیم تاقە ژوورێکی بۆ هەموو بنەماڵەکەی بە کرێ گرتبوو و تا کاتێک حامید چووە قوتابخانە هەر لەوێ مانەوە. دوو کوڕەکەی ڕەحیم، دنیایان زۆر گەورەتر لەو شتەی دەبینی کە باوکی دەیبینی بەڵام هاوکات ئەو ئەرزش و نەریتانەیان پاراستن کە ڕەحیم و ڕابیعەی خێزانی لەسەریان ڕایانهێنابوون.

**بنەماڵەکە بە لەش و بە گیانیش زۆر نزیک لە یەک دەژیان. یەکەم شوێن کە دەهاتییە ژوور، بەرهەیوانێک بوو کە کەوشیان لێدادەنان. زۆربەی کاتەکان مەهاباد سارد بوو و ئەوان کورسییان هەبوو. کورسی، مێزێکی نزمە کە گەرمکەرەوەیەکی لە ژێر دادەنێن. ئەو شتە ئێستاکە نەماوە. کاتی زستانان ئەو تاقە کورسییە دەهاتە ناوەڕاستی ژوورەکە و تاکە شتێک بوو کە بۆ خۆگەرمکردنەوە بوویان، بۆیە هەموو لە دەوروبەری دادەنیشتن. بۆ چێشت لێنان و چایی سازکردن چرایەکی نەوتییان هەبوو. شەوانە لە دەوری کورسییەکە دۆشەکی خەویان ڕادەخست و سەرینیان دادەنان. لە دەرەوە ئاودەستێکی هاوبەشی لێ بووە، ناخۆش ترین شت کە حامید لە منداڵی بە بیری دێتەوە. لە حەمامی گشتی خۆیان دەشت.**

بنەماڵەکە خواردنێکی سادەیان دەخوارد و زۆربەی کاتەکان تەماتە بوو. مانگی جارێک گۆشتیان هەبوو و جاربەجاریش کەبابیان دەخوارد. ئەگەر لە عەسراندا شتێکیان بخواردبایە، تاکە شت ماست بوو و ڕۆژانە قابێک ماستیان دەکڕی. ئەگەر حامیدیان بۆ ماست کڕین بناردایە، زۆربەی کاتەکان دۆشاوی لەگەڵ ماستەکە دەهێنا تا پێی شیرین بکەن. شەوان نانی وشکی بوو و چاییان لەگەڵ دەخوارد. جاروبار ڕەحیم میوەی وەرزی وەک هەڵووژە و سێوی دەکڕی، وا باو بوو کە میوەکان لە بەینی ئەندامی بنەماڵەدا دابەش بکرێن. بە هەڵووژەکان مێشێنیان دەکرد و ئەوەی نزیکتر بوایە هەڵووژەی زۆرتری کۆ دەکردنەوە. مەلەک و حامید کە خوشک و برایەتییان خۆش بوو و زۆر هاوڕێ بوون دوای یارییەکە میوەکانیان لە نێوان خۆیاندا بەش دەکرد.



یەکەم وێنەی حامید لە سەرەتای لاویدا

## ڕیشەکانی کارخوڵقێنی

حامید هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە زۆر سەرنجڕاکێش بوو. «کاتێک تەمەنم حەوت ساڵ بوو. کەیکێکم دەفرۆشت کە پێیان دەگوت غورابی و لە هەنگوین و شەکر و ئارد دروست دەکرا. هەروەها بە کولێرەی شاپەسەندیش ناسرابوو، واتا شتێک کە خواردنی شایە. ئەو شیرینییانە زۆر بەتام بوون. کاتژمێر چواری بەیانی دەچوومە فرۆشگا و دەمهێنان و پاشان دەمفرۆشتنەوە. بە هەرزان دەمکڕین و زۆر گرانتر دەمفرۆشتنەوە. ئەوە یەکەم کاری من بووە بۆ یارمەتیی بنەماڵەکەم. هەموو ڕۆژ تا نیوەڕۆ سەرجەم شیرینییەکانم دەفرۆشت.»

## قوتابخانە

قوتابخانـە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە خاڵێکـی وەرچەرخـان بـوو بـۆ حامیـد. چونکـە کەسـێکی زیـرەک بـوو، هـەر لـەو تەمەنـە کەمـەدا یەکجـار حـەزی لـە قوتابخانـە بـوو. «بـەردەوام دەگریـام بـۆ ئـەوەی بچمـە قوتابخانـە. دایکـم کارتێکـی ناسـنامەی بـۆ دەرهێنـام و تەنانـەت تەمەنەکەمـی گـۆڕی تاوەکـوو بتوانـم زووتـر لـە تەمەنـی ئاسـایی بچمـە قوتابخانـە. ئـەو شـتە زۆر دڵخۆشـی کـردم.

ڕۆژی یەکـەم، جووتێـک کەوشـی جوانـی نوێـم لـە پـێ کـردن و یەکەمجـار بـوو کەوشـی وا لـە پـێ بکـەم. زۆربـەی کاتـەکان کەوشـی پەلاستیکمان لـە پـێ دەکـرد. بـەڵام بـۆ ئـەو ڕۆژە دایکـم کەوشـێکی جوانـی سـپی و قاوەیـی بـۆ کڕیـم و زۆر لـە دڵـم شـیرین بـوون. بـەڵام جلەکانـم جـوان نەبـوون. تاکـە منداڵـی شـەش سـاڵان بـووم بـەڵام بـەو تەمەنەشـەوە بـاڵام بـەرز بـوو.»

قوتابخانـەی ڕەزا پەهلـەوی نزیـک ئارامـگای قـازی محەممـەد بـوو. ئـەو پاییـزە زۆر گـەرم بـوو. ئـەودەم تەنیـا بینایەکـی قوتابخانـە و زەوییەکـی گـەورەی یاریکردنـی لـێ بـوو. لـە قوتابخانـەدا خـواردن، شـیر، نانـی سـەنگەک لەگـەڵ ڕۆنـی کـەرە دەدرایـە منـداڵان.

لـە پـاش شـکانی سـمکۆی ڕێبـەری کـوردان لـە سـاڵی ١٩٣٠دا، کـە شـۆڕشـێکی چەکـداری ڕێکخسـتبوو، ڕەزا شـای باوکـی شـا، کوردانـی لـە خوێنـدن بـە زمانـی خۆیـان بێبـەش کـرد. لـە جیاتـی ئـەوە، فارسـی بـە سـەر هەمـوو کەمینەکانـدا سـەپێنرا و هەمـوو زمانەکانـی دیکـە سـەرکوت کـران. بەپێـی یاسـا لـە سـاڵی ١٩٣٥دا، ڕێگـەدا نـەدەدرا بـە کـوردی بنووسـرێت. کـوردەکان ڕێگرییـان لـێ کـرا لـەوەی جلوبەرگـی خۆیـان لەبـەر بکـەن. ڕوخسـارەکان دەبـوو هەمـوو وەک یـەک بـن و وەک ئەورووپییـەکان بچـن.

بـەڵام کـوردەکان پێداگـر بـوون کـە لـە ماڵـەوە بـە زمانـی خۆیـان قسـە بکـەن و زۆربـەی کات منداڵـەکان نەیاندەتوانـی بـە «فارسـی» کـە زمانـی فەرمـی بـوو، قسـە بکـەن.

**لە سەرەتای خوێندنیدا وەک زۆربەی منداڵانی کورد نەیدەتوانی بە فارسی قسە بکات. بەڕێوەبەرانی قوتابخانە ڕایانگەیاند کە دەبێت هەموو بە فارسی قسە بکەن.**

حامیدیـش لـە سـەرەتای خوێندنیـدا وەک زۆربـەی منداڵانـی کـورد نەیدەتوانـی بـە فارسـی قسـە بـکات. بەڕێوەبەرانـی مەدرەسـە ڕایانگەیانـد کـە دەبێـت هەمـوو بـە فارسـی قسـە بکـەن. لـە یەکـەم ڕۆژی قوتابخانەیـدا، مامۆسـتاکەی پرسـیارێکی لـێ کـرد بـەڵام حامیـد بـە تەنیـا زمانێـک کـە دەیزانـی واتـە بـە زمانـی کـوردی وەڵامـی دایـەوە. ئـەو دەگێڕێتـەوە کـە «چونکـە نەمدەتوانـی بـە فارسـی قسـە بکـەم، مامۆسـتاکە زللەیەکـی لـێ دام و سـەرکۆنەی کـردم.» مامۆسـتا وتـی «دەبێـت تەنیـا بـە فارسـی قسـە بکەیـت.»

حامیـد نەیدەتوانـی بـەو زمانـە وەڵام بداتـەوە چونکـە بنەماڵەکـەی قـەت بـە فارسـی قسـەیان نەدەکـرد و تەنیـا کوردییـان بـە کار دەهێنـا، هـەر بۆیـەو ئـەو ئامـادە نەبـوو بـۆ ئـەو داواکارییـەی مامۆسـتاکان کـە بـە فارسـی قسـە بـکات. خەڵکـی چینەکانـی سـەرووی کۆمەڵـگا فارسـییان دەزانـی بـەڵام بنەماڵـەی مەحمـوودی لـە چینـی سـەرەوە نەبـوون.

ئازاردانەکانی مامۆستاکەی بەوە کۆتایی نەهات. «ڕۆژێک مامۆستاکەمان منی هێنا بەردەم پۆلەکە و سەیری گیرفانی کردم. وەک ئەوەی لە شەڕدا بین، هەندێک خرت و پرتەی لە گیرفانم دەرهێنان کە کاتی بەتاڵی یاریم پێدەکردن. هەروەها پێنووسێکی بچووکم هەبوو کە لەگەڵ هاوڕێکانم یاریمان پێ دەکرد.» ئەو مامۆستایە هەموو شتێکی لە گیرفانەکانم دەرهێنا، خستنیە سەر مێزەکەی و سەرکۆنەی کردم. ترساندمی و زۆر شەرمم کرد. سەرباری ئەوەش، هەموو ئەمانە بە فارسی ڕوویان دا و تێنەدەگیشتم چی دەڵێت.»
حامید تەنیا نەبوو، زۆربەی منداڵەکان بە فارسی قسەیان نەدەکرد و بە هەمان شێوە بانگ دەکران. سەرەنجام، لە ساڵی دووهەمی خوێندنیدا، مامۆستاکەی کە ناوی خەلیلی بوو و پیاوێکی بەتەمەن بوو، بە دڵڕەقی بە زمانی فارسی وانەی دەوتەوە.

## گیانێکی نەسرەوت

حامید وەک منداڵێک بەردەوام لە جموجوڵدا بوو. وەرزەکان دەگۆڕان و هەستی بوێری و نەترسییان دروست دەکرد. هەموو هاوینێک، دەچووەوە سەدراباد، گوندەکەی باوکی. ئەو حەزی دەکرد کاتەکەی لەگەڵ جووتیارەکان و ئامۆزاکانی کە لەوێ دەژیان بە چنینی خەیار و تەماتەوە لە مووچە و مەزرا سەرسەوزەکاندا تێپەڕ بکات. باوکی حامید سێ برا و خوشکێکی بوو. ئەو کاتانەی گوند پڕبوون لە یادەوەری.
لە مەهاباد وەرزەکان بە باشی لێک جیا دەکرانەوە. زستان سەرمایەکی وشک بوو و بەهار بەفر دەتوایەوە و گوڵ دەپشکوتن. گژوگیای بەهاری هەڵدەستا. حامید باش دەیزانی هەر کام لەو گیایانە کەی دەگەنێ چونکە بنەماڵەکەی هەژار بوون و ژیانیان وابەستە بوو بەو گیایانە، هەر کامی لە کاتێکدا گەورە دەبوون. ڕۆژانی هاوین شەپۆلی گەرمایەکی تاقەتپڕوکێن لە عەرز هەڵدەستا.
لەو کاتانەدا حامید و هاوڕێکانی دەچوون بۆ چۆم یان بۆ سەر مەزراکان. میوەی باخەکان دەگەیشتن. سەدراباد بەهەشتێک بوو بۆ منداڵان. جووتیارەکان منداڵانیان تێر میوە و سەوزە دەکرد.

## مافی موڵکدارێتی

لە ساڵانی ١٩٥٠دا کشتوکاڵ لە کوردستاندا پێشکەوتوو نەبوو. زەوی لە دەستی ژمارەیەکی کەم خاوەن موڵک یان ئاغاکاندا بوو. لە هەر گوندێک ئاغایەکی لێ بوو کە خاوەنی ئەو گوندە بوو. وەرزێرەکان وەک نۆکەر و خزمەتکاری ئاغا بوون و بەشێکی بەروبوومەکانیان دەدا بە ئاغاکان. بەشێکی بەرهەمەکان دەدرا بە کرێکارەکان و ڕەحیم و کورەکەشی بەشێکیان دەبرد.
ئەوەی حامید دەیبینی، «باقی خەڵکی نۆکەر بوون. بۆ وێنە باوکم نۆکەری ئاغا بوو. هەموو ئاغاکانیش کورد بوون. خاوەنی پارچەزەویی گەورە بوون و خەڵک کاری بۆ ئەوان دەکرد.» جیاوازیی چینایەتی ڕوون بوو و بە توندی ئەو جیاوازییە کۆنترۆڵ دەکرا. «زۆربەی ئاغاکان چەند ژن و کۆشێک منداڵیان بوون. توبای ئامۆزام شووی کردبوو بە جەعفەراغای ئیلاخانی زادە، بنەماڵەکەم تەنانەت سەردانیان نەدەکرد چون ئەو لە چینی ئاغاواتان بوو.»


ڕەحیم مەحموودی باوکی حامید

سەیر ئەوەیە کە عومەر ئیلخانیزادە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە کوردێکی فیۆدالی خاوەن زەویوزار بوو، سەرکردەی کۆمەڵەش بوو کە حیزبێکی مارکسیستی لینینیستییە. بۆ حامید کە لاوێک بوو و لە شارەوە دەهات و حەزی بە فووتباڵ بوو، هەموو خەمێکی چینایەتی و سیاسی وەلا دەنا و هەموو هاوینان لەگەڵ منداڵە ئاغایان خەریکی فووتباڵ دەبوو.

**ئایین**

زۆربەی کوردانی ئێران مسوڵمانی سوننین و ئیسلام دەورێکی گرینگی لە ژیانیاندا هەیە. هەرچەند، ئەمە بۆ حامیدی لاو وا نەبوو. «باوکم دەچووە مزگەوت، بەڵام قەت منی ناچار نەدەکرد کە بچم. باوکم کەسێکی لەسەرخۆ بوو و بەبۆڵە نەبوو. خەڵک خۆشیان دەویست. ئەو قەت لێی نەدام. تێمدەگەیشت. سەرەڕای ئەوەی کە نەدار بوو، بنەماڵەمان زۆر لێک نزیک بووین و منیش زۆر گوێڕایەڵی بووم.

کاتێک کە حەوت ساڵان بووم، جارێک چوومەتە مزگەوت. پیاوێک لە مزگەوت بە تووڕەیی و بێ ئەدەبانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردم. دوای ئەوە قەت حەزم نەکرد بچمەوە مزگەوت.»

## باقی خەڵکی نۆکەر بوون. بۆ وێنە باوکم نۆکەری ئاغا بوو. هەموو ئاغاکانیش کورد بوون. خاوەنی پارچەزەویی گەورە بوون و خەڵک کاری بۆ ئەوان دەکرد.

ئەحمەد، براگەورەی، زۆربەی کاتەکان لە قوتابخانە بوو. کاتێک لە ماڵەوەش دەبوو، سەیری حامیدی دەکرد کە چۆن بە گاڵتە و گەپی منداڵانە باوکی ئەزیەت دەدا و هەندێک جاریش نوێژی پێدەبڕی.

## فێربوونی مەلە

ڕووباری مەهاباد کە دەڕژێتە لای خوارووی گۆلی ورمێوە، شوێنێکی خۆش بوو بۆ مەلەکردن. «من نەمدەزانی چۆن مەلە بکەم و زۆربەی کاتەکان خۆم لە چوونەناو ئاو دەبوارد. بەڵام ڕۆژێکی گەرمی هاوینی ١٩٦٥، ڕۆیشتم بەرەو چۆم. لە قەراغ ئاوەکە وێستام و پێم خستنە ناو ئاوە فێنکەکە. چێژم لەو شنە بایە وەردەگرت کە لە گوێ ئاوەکە دەهات. لەناکاو بەبێ ئەوەی بزانم چۆناوچۆن بوو، سەرم لەژێر ئاوەکە بوو و شەپۆلێکی توند پەلکێشی کردم بۆ ناو ئاوەکە. ترسام و قیژاندم. وامزانی بەو تەمەنە کەمەوە ئەوە کۆتاییمە و خەریک بوو دەمردم.»

دایکی چووبوو بۆی بگەڕێت، دڵی خەبەری دابوو کە لەوانەیە کوڕەکەی تووشی شتێک بووبێت. ئەو گوێی لە قیژەکانی بوو و بەرەو ئەو شوێنە ڕایکردبوو. ژنێکی لاواز، بێپەروا ڕایکردبووە ناو ئاوەکە و دەستی حامیدی گرتبوو و لێی تووڕە بوو: چی ئەکەی لێرە؟ ئەو وا زوو ئەو ترسەی بیر نەچووەوە. «چەندین ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، دەترسام لەوەی بچمە ناو ئاوەوە، تا کاتێک کە فێری مەلەکردن بووم.»



لە ڕاستەوە، ڕەحیم مەحموودی باوکی، ئامینە، مەلەک، ئەحمەد و کەریم ئەسعەدی ژنبرای ئەحمەد

زۆر کەسی تر وەک ئەو ڕۆژەی حامید چووبوونە ناو چۆمەکە و مەلەیان نەزانیبوو نوقم ببوون. زۆر منداڵ لە چەمی مەهابادا خنکان چونکە سەربەخۆ دەچوونە ناو ئاوەکە و خۆیان دەدایە دەست چارەنووس بێ ئەوەی مەلە بزانن. لەو ڕۆژە بە دواوە، ڕابیعە زیاتر ئاگاداری چوونەدەرەوەی کوڕەکەی بوو، چونکە وەک هەر کوڕێکی تازە پێگەیشتووی تر سەرکێشی دەکرد و هەندێک جار کاری مەترسیداری دەکردن. ئەو بووە پاسەوانی فریشتەکەی خۆی.

زستانان بەفرێکی زۆر دەباری و زۆر ساردی دەکرد. کاتی بەفرבارین بە دڵی حامید بوو. «دەچوومە کێو و لەسەر پارچە ئاسنێک خلیسکێنەم دەکرد. چاوەڕێ بووم دابکاتە بەفر و زوو لەگەڵ یەکەم کلووەکانی ڕامدەکردە دەرەوە. هەندێک جار زۆر درەنگ دەهاتمەوە، دایکم هەمیشە چاوەڕێم بوو تا دەگەڕامەوە.»

**"هەمیشە بە دوای دەرفەتەکاندا گەڕاوم، چونکە لە سەختی و ململانێکاندا، هەلەکان و هیواکان دەدۆزمەوە. ئەوە قەبوڵ دەکەم و بەردەوام ڕێگەی نوێ دەدۆزمەوە بۆ ئەوەی ململانێیەک قەبوڵ بکەم. زۆر باشە ئەو کارە بکەیت." ئالان دیلانی**

**دنیایەکی سیاسی لە منداڵیی حامیددا سەرهەڵدەدا**

پاش ڕووخانی کۆمار، شا دەستی کرد بە ئەشکەنجەی سیستماتیکی چالاکانی کورد و ئەوەش گەیشتە کوژرانی زۆربەی ئەندامانی حدکا. زۆربەی سەرکردەکانی حدکا ڕایانکردبوو بۆ عێراق.

کاتێک محەممەد موسەدیق بووە سەرۆک وەزیر، ئێران شێوابوو و موسەدیق پیشەسازیی نەوتی نەتەوەیی کرد کە لە ساڵی ١٩١٣ەوە لە دەستی بریتانیادا بوو. بەڵام ماوەی دەسەڵاتدارییەکەی کورتخایەن بوو. موسەدیق بە کودەتایەک کە لە لایەن سیا و دەزگای هەواڵگریی بریتانیاوە ڕێکخرابوو، دوور خرایەوە.

هاوکات لە عێراقدا، مەلیک فەیسەڵ سەر بە بنەماڵەی پاشایەتیی هاشمی، کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە لایەن بریتانیاوە و پاش دیاریکرانی سنوورەکانی عێراق هاتبوونە سەر کار، لە لایەن ئەفسەرە شۆڤینییەکانی عەرەبەوە لە ساڵی ١٩٥٨دا ڕووخا. لە ساڵی ١٩٦١دا، مەلا مەستەفای بارزانی شۆڕشێکی دژی حکومەتی ناوەندیی بەغداد هەڵگیرساند. سەدان چەکداری حدکا پشتیوانیان لەو شۆڕشە کرد و بۆ هەشت ساڵی دواتر تا ١٩٦٦ هەوڵی زۆریان دا بۆ زیندوومانەوەی بزووتنەوەکەی مەلا مستەفا.

شا بە ڕووخانی مەلیک فەیسەڵ لە عێراق دڵگران بوو، هەر بۆیە بڕیاری دا ڕژیمی تازەی عێراق لاواز بکات و بۆ ئەو کارە هاوپەیمانی لەگەل بارزانی پێکهێنا و یارمەتیی ماددی کوردانی عێراقی دا. کاتێک ئەم سیناریۆیە ڕووی دا، کوردانی ئێران بڕیاریان دا کە چیتر لایەنگری مەلا مستەفا نەکەن. زۆربەیان هاتنەوە کوردستانی ئێران لە کاتێکدا بەشێکیان چالاکیی سیاسیی خۆیان لە کوردستانی عێراقدا درێژە پێدا.

لە مارسی ١٩٦٧دا، گرووپێک لە کوردانی ئێران، چەکدارانی نەتەوەخوازی حدک و ئەندامانی پێشووی حیزبی توودەی ئێران -کە حیزبێکی کۆمۆنیستی بوو- بەرەنگارییەکی سنووورداری چەکدارییان دژی ڕژیمی

شا کرد. مەلا مستەفا بەمە ڕازی نەبوو و ئاگاداری کردنەوە کە ئەو کارە نەکەن تا هاوپەیمانەکەی لە تاران نەڕەنجێت. ئەم شۆڕشگێڕە کوردانە هاتوچۆی ئەومدیو و ئەودیوی سنووری ئێران و عێراقیان دەکرد. مستەفا بارزانی لە کوردستانی عێراق دەریکردن.

**نسکۆی شۆڕش**

لە بەهاری ١٩٦٨دا، هێزە چەکدارەکانی شا هێرشیان کردە سەر حدکا لە ئێران کە شۆڕشێکی چەکداری دەست پێکردبوو و هەژدە مانگ درێژەی کێشا. شەڕی قورس لە نێوان ژاندرمە و سوپای شا و ئەو شۆڕشگێڕانەی کورد ڕووی دا کە پەنایان بردبووە بەر کوردستانی عێراق، پیاوانی بارزانی زیاد لە چل کەس لە ئەندامانی حدکایان کوشت یان دەستگیریان کردن. ئەوانەی دەستگیر کران درانەوە دەست دەسەڵاتی ئێران و ئەوانیش لە سێدارەیان دان و دواتر تەرمەکانیان لە شوێنە گشتییەکان پیشان دەدان. کوردستانی ئێران نوقمی خوێن بوو.

شۆڕش و هێرشی دڕندانەی هێزەکانی شا، بەرۆکی هەموو کوردانی گرتەوە. بنەماڵەی مەحموودی کەوتنە ژێر باندۆری ڕووداوە سیاسییەکان، چونکە بەشێک لە خزمەکانیان پشتیوانیی شۆڕشیان کردبوو. براکانی ڕابیعە پشتیوانی شۆڕش بوون. یەکێک لە براکانی جاربەجار خواردنی دەهێنا بۆ ماڵیان. دوو براکەی تریشی تێوەگلابوون کە لە گوندی مەنگوڕ دەژیان و بانگ گران بۆ دادگا.

**هاتن بۆ ناو ڕووداوە سیاسییەکان**

کاتێک دەستبەسەرکردنی خەڵک دەستی پێکرد، حامید لە باوکی پرسی بۆ دەستگیر دەکرێن. ڕوونکردنەوەکانی ڕەحیم بۆ کوڕە لاوەکەی سادە بوون و لێی وەردەگیران. ئەو پێی وت کە ئەو کەسانەی گیراون قاچاخچی بوون و کەلوپەلیان هێناون لە بازاڕ بیانفرۆشن بەڵام سیاستەوان و چەکداریشی لێ بوون. بارودۆخی مەهاباد لەگەڵ دەستپێکی لەسێدارەدانی خەباتکاران بەرەو گرژی دەچوو. ئەوان خەباتکارانیان لە سێدارە دەدان تا ببنە سەرمەشق بۆ خەڵکی. دوو ئەندامی حدکا، سەید فەتاح و موڕادی شیرێژ وەک نموونە لە مەهاباد لە دار دران.

پاشنیوەڕۆیەکی ساڵی ١٩٦٦ حەمید کە منداڵێکی نۆ ساڵان بوو، دوای قوتابخانە لە دەرەوە لەگەڵ منداڵان یاری دەکرد، گوێی لە دەنگێک بوو کە شتێکی سەیر ڕووی داوە. بە شەقامی جامی جەمدا شوێن خەڵکی کەوت تا گەیشتە مەیدانی «باب شاه» کە وەک ڕێز بۆ باوکی شا ناونرا بوو. خەڵکێکی زۆری لێ بوو.

**شۆڕش و هێرشی دڕندانەی هێزەکانی شا، بەرۆکی هەموو کوردانی گرتەوە. بنەماڵەی مەحموودی کەوتنە ژێر باندۆری ڕووداوە سیاسییەکان چونکە بەشێک لە خزمەکانیان پشتیوانیی شۆڕشیان کردبوو.**

حامید هەستی بە ترس و تووڕەیی دەوروبەری کرد. خەڵکێکی زۆر لە گۆڕەپانەکدا دڵگران و نارەحەت، کۆ ببوونەوە. ئەو وەک کوڕێکی کەم تەمەن، نەیدەزانی کە چی ڕووی داوە. حامید بە ناو خەڵکەکەدا ڕۆیشتە پێشەوە و ڕاوەستا. بە ترسەوە سەیری کرد کە پیاوێک بە داربەرقێکەوە هەڵواسراوە. ناوی ئەو کەسە سەید فەتاح بوو. لەولاترەوە دوو پیاوی دیکە هەڵواسرابوون.

حامید کە کەسێکی زیرەک بوو شوێن گرووپێک لە خەڵکە تازیەبارەکە کەوت کە بە بێدەنگی بە شەقامی شاپووردا دەهاتنە خوار. لەگەڵ نزیکبوونەوەیان لە مەیدانی چوارچرا خەم باڵی بەسەر هەمووواندا کێشابوو. نزیکەی سەد میتر بەر لە مەیدانەکە، حامید سینەما ئومێدی بینی. لەبەردەم سینەماکەدا کەسێکی تر هەڵواسرابوو. ئەو پیاوە ناوی موراد شیرێژ بوو. ئەو زۆر باڵابەرز بوو. لەولا مەیتەکەی، پەیامێکی تۆقێنەر هەڵواسرابوو: «ئەگەر خیانەتکار بن ئەوە چارەنووستانە.»

ڕابیعە چاوەڕێی حامید بوو لە قوتابخانەوە بێتەوە ماڵ. بەڵام ئەو پاشنیوەڕۆیە زۆری پێچووبوو و دایکی نگەران بوو. دراوسێییەکیان ئاگاداری کردەوە کە ئۆتۆمبیلێکی پڕ لە جەندرمە بە ناو شاردا بەرەو چوارچرا ڕۆیشتووە. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە شەڕێکی قورسیان لەگەڵ چەکدارەکانی حدکا بووە و سەکردەکان خراونەتە زیندان.

بەو بزێوی و ورياییەی دایکی لە حامیدی دیتبوو، خێرا ڕۆیشت بۆ مەیدانەکە بۆی بگەڕێت. کاتێک گەیشتە ئاپۆرەی خەڵکە خەمبارەکە، بانگی کرد. لە ناکاو هەستی کرد پێیەکانی ڕایناگرن. کەسێک باوەشی پێداکرد و ڕایگرت. بەناو خەڵکەکەدا ڕۆیشت، ڕابیعە واقوڕماو سەیری لاشە بێگیانەکانی دەکرد کە هەڵواسرابوون تا هەمووان بیانبینن.

لەناو پاڵەپەستۆی خەڵکەکەدا گەڕا و کوڕەکەی لەوێ بینی، ڕوخساری سپی وەک بەفر، بە چاوێکی بزەوە چاوی لە لاشەی قوربانییەکان نەدەتروکاند. لە خەیاڵیدا وتی «شەرم نایانگرێت، سەگی دڕندەن ئەوانە.» فرمێسکی ڕق و نارەحەتی خواردنەوە. چوو بۆ لای حامید و بەنەرمی پێی وت، «تۆ نابێت لێرە بیت. ئێمە دەبێت بڕۆینەوە ماڵەوە.»

لە ماڵەوە باوکی پێی وت کە ڕژێم بۆیە ئەو مەیتانەی لە شوێنی گشتی پیشان داون تا خەڵکی چاوترسێن بکات. ڕەحیم لەسەر خۆ بە کوڕەکەی وت «تۆ نابێت بچیتە ئەوێ و ئەوە ببینیت،» ساڵانێک دواتر، خەم و نارەحەتی ئەم بیرەوەرییانە دەردەکەون. «هەموو ئەو شتەی من بیرم دێتەوە ئەوەیە کە خەڵک هەستی خۆیان دەرنەدەبڕی. هەر بۆیە هەستم بە خەمێکی قووڵ کرد. کەس پێی نەگوتم کە ئەم پیاوانە لەبەر چ تاوانێک هەڵواسراون.»

ڕژێم دەیویست ترس لە دڵی خەڵکیدا بچێنێت بەڵام خەڵک بە خۆڕاگری وەڵامیان دانەوە. پیشاندانی ئەو کارە دڕندانەیان، ئەو کاریگەرییەی نەبوو کە چاوەڕێیان دەکرد. ڕۆژی دواتر، هیچکام لە قوربانییەکان لەوێ نەمابوون و لابرابوون.

ئەم وێنەیە بۆ هەمیشە لە یادەوەریی حامیدی منداڵدا مایەوە، و شەوانە تووشی زیندەخەوی دەکرد. کاتێک حامید گەورە بوو، زانی کە ئەو پیاوانە بۆ ئازادی و مافە کلتوورییەکانیان شەڕیان کردووە.

**لە خەیاڵیدا وتی «شەرم نایانگرێت، سەگی دڕندەن ئەوانە.»**
**فرمێسکی ڕق و ناڕەحەتی خواردنەوە.**
**چوو بۆ لای حامید و بەنەرمی پێی وت،**
**«تۆ نابێت لێرە بیت. ئێمە دەبێت بڕۆینەوە ماڵەوە.»**

### مردنی دایکی

کاتێک حامید تەمەنی نۆ ساڵان بوو، تراژیدییەک ڕووی دا: دایکی لەناکاو مرد! کتوپڕ ئەو ئارامییەی دایکی پێیدەبەخشی نەما.

ڕابیعە، وەک هەر ژنێکی دیکەی کورد، بە یارمەتیی مەلەکی کچی، بە ماڵ و منداڵان ڕادەگەیشت، ماڵی خاوێن دەکردەوە و چێشتی لێدەنا. هەر کات کە خەریکی ئاردبێژان یان هەویر شێلان دەبوو تا لە تەندووره گڵێنەکەیان نان بکات، ژانەسەری دەگرت. نەخۆشییەکانی نزیکەی ساڵێک دوای لە دایکبوونی ئاکۆ برا بچووکەکەی حامید سەریان هەڵدا. ئەو زیاتر و زیاتر بە دەست ژانەسەرەوە دەیناڵاند. ئەحمەد، دوکتور شافعی هێنا ببینێت بەڵام بۆی دەرنەکەوت کە نەخۆشییەکەی چییە. کەس لە بنەماڵەکەیدا نەیدەزانی کە چەندە نەخۆشە. ئەو وەک کەسێکی ئاسایی کارەکانی ڕادەپەڕاندن، هیچ نەخۆشییەک وای لێ نەدەکرد کە لە کاروباری ماڵەکەی دابڕێت.

بەبێ هیچ نیشانەیەک، بەیانییەکی گەرمی هاوین، هەستی کرد ئەوەندە بێهێزە ناتوانێت لە جێگەدا هەستێت. ئەوە سەرەتا بوو. ئەحمەد کە بیست و دوو ساڵی بوو، دایکی برد بۆ نەخۆشخانەی شیرۆخۆرشید تاوەکوو چارەسەر بکرێت. بەڵام لەوێش دڵنیا نەبوون کە چییەتی. ئەحمەد لە نەخۆشخانە چاوەدێری دەکرد و ئامینەی خێزانی کارەکانی ماڵەوەی ڕادەپەڕاندن. چەند ڕۆژ دواتر، بە ڕابیعەیان وت کە دەبێت بچێت بۆ ناوەندێکی دەرمان لە تەورێز تا چارسەری پێویست وەربگرێت. هەر ئەو ڕۆژە ئەحمەد ساکە بچووکەکەی دایکی هەڵگرت و ڕەحیم و خاڵە سەعید، برای ڕابیعە، یارمەتییان دا تا لە نەخۆشخانە دەرکەوێت.

لە شەقامدا، کاتێک کوڕەکەی یارمەتی دەدا کە بچێتە ناو تاکسی تا بڕۆن بەرەو وێستگەی پاسەکان، ڕەحیم بە نیگایەکی پڕ لە خۆشەویستییەوە سەیری هاوژینە کزەکەی کرد. ڕابیعەش وا سەیری مێردەکەی کرد وەک ئەوەی ماڵاوایی لێ بکات. پاشان ئەو بەرەو ماڵ بووەوە تا بچێت منداڵەکانی هەڵگرێت. نەیدەزانی کە ئەوە دواجارە منداڵەکانی دەبینێت.

کاتێک ڕەحیم چووە ماڵەوە، خەم و ژانێکی قورس بەسەریدا زاڵ بوو. بانگی لە مەلەک و حامید کرد کە تازە لە قوتابخانە هاتبوونەوە. بە دەنگێکی لەرزۆکەوە فرمێسکەکانی شاردنەوە و پێی وتن، «دەبێت زوو بڕۆین تا دایکتان ببینن. ئەو دەچێت بۆ تەورێز. دەبێت بچین بۆ وێستگەی پاسەکان و ماڵاوایی لێ بکەین.»

ئەندامانی بنەماڵە بەرەو تێرمیناڵی گەرم و پڕ ژاوەژاو بەڕێ کەوتن. خەڵک پەلەی بوو سوار پاسەکان بێت و منداڵان داشقەی خواردنیان پێبوو، هاواریان دەکرد تا خواردەمەنییەکان بفرۆشن. کاتێک بنەماڵەی

مەحموودی گەیشتنە وێستگەکە، ڕابیعە سوار پاسەکە ببوو. پاسەکە خەریک بوو سەرڕێ کەوێت. کاتێک ڕابیعە ئەوانی بینی، هەستا و بە هێواشی بەرەو پێشەوەی پاسەکە چوو. ئەحمەد هەنگاوی هەڵێنا و دەستی گرت تا پشتیوانیی دایکی بکات. بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە ڕابیعە یەک بە یەک منداڵەکانی لە ئامێز گرت و ناوچاوی ماچ کردن. ڕەحیم خێزانی لە باوەش گرت و بە خۆشەویستییەوە ماچی ماڵاوایی لێ کرد. ئەحمەد باوەشی بە باوکی و خوشک و براکانیدا کرد و دایکی بردەوە بۆ ناو پاسەکە. کاتێک کە پاسەکە لە وێستگەکە هاتە دەر، حامید دایکی بینی ڕوخساری بە پەنجەرەکەوە ناوە و بە دەست ماڵاواییان لێ دەکات. ئێستا ئەو بە هێواشی دەڵێت «ئیتر قەت دایکم نەبینییەوە.»

دوای چوار سەعات ئاژووتنی پاسەکە، ئەحمەد و ڕابیعە گەیشتنە تێرمیناڵی تەورێز و ڕاستەوخۆ چوونە نەخۆشخانە. ئەحمەد دەڵێت «دایکم زۆر بە ئاستەم دەیتوانی لەسەر لاق ڕاوەستێ و هەندێک جار ناچار دەبووم کە کۆڵی بکەم.» ڕابیعە مانگێک لە تەورێز بوو. ئەحمەد چەند جاران هاتە سەردانی دایکی. ئەحمەد هێشتا نەیدەزانی کە دایکی لە سەرەمەرگدایە. ڕەنگە هۆکاری ئەوە بێت کە وەک لاوێکی بیست و دوو ساڵەی هەستیار، ئەو شتەی بە شێوەی ناوشیار ئینکار کردبێت.

ڕۆژێک ئەحمەد تەلەفۆنێکی لە نەخۆشخانەوە بۆ هات. ڕابیعە لە حاڵەتێکی قەیراناویدا بوو. کتوپڕ ئەوە بە دڵیدا هات کە دایکی خۆشەویستی لەوانەیە بمرێت. ئەو شێرپەنجەی بوو. ئەحمەد بە خەمبارییەوە دەگێڕێتەوە کە «کاتێک من گەیشتم بینیم حاڵی زۆر خراپە. زوو دوای ئەوە گیانی سپارد. لەگەڵ کاک حەبیبی خاڵم بووم. لەوێ چەند هاوڕێی بوون. هەندێک پارەی دامێ تا بتوانم شوێنی گۆڕێک پەیدا کەم و دایکمی لێ بنێژم. چونکە پارەی ئەوەم نەبوو دایکم ببەمەوە ماڵەوە، ناچار بووم هەر لە تەورێز بینێژم. ناوی گۆڕستانەکە ‹وادیی ڕەحمەت› بوو کە ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونە.»

ماوەیەک دواتر و پاشنیوەڕۆیەک حامید دەرگای ماڵەوەی کردەوە تا پێشوازی لە ئەحمەدی براگەورەی و خاڵە سەعیدی بکات. ئەوان ئەو کاتە لە تەورێز دەگەڕانەوە بەڵام دایکی لەگەڵیان نەبوو. نوقمی هەستێک بوو، دەترسا بپرسێت دایکی لە کوێیە. ئەحمەد دانیشت و سەیری خوشک و براکانی کرد و بە خەمبارییەوە گوتی: «دایکمان مردووە.»

دنیا بەسەر حامیددا داڕما و دایدایە زوڕەی گریان. ئەو چیتر هەست بە باوەشی گەرمی شیرین و پڕ لە خۆشەویستی دایکی ناکات. ئەوە بۆ کوڕێکی وا منداڵ ڕاستییەکی ڕووخێنەر بوو. بەڵام دایکی لە کوێ بوو؟ ئەو نەیدەوێرا بپرسێت کە بۆچی نەیانهێناوەتەوە یان بۆچی مەیتەکەیان لە شارێکی تر و دوور لە خۆشەویستەکانی بە خاک سپاردووە. بیری دەکردەوە «دایکم دەبێت تەنیا بێت و سەرمای بێت.» تا ئەمڕۆکەش، بە ڕاستی نازانێت کە بۆچی مەیتەکەیان نەهێناوەتەوە لە مەهاباد بینێژن.

## ئەحمەد ماڵەوە جێ دەهێڵێت

هەفتەیەک یان دوو هەفتە دوای مردنی ڕابیعە، ئەحمەد سەردانی ماڵەوەی کرد. بۆ حامید «ماوەیەکی زۆر پڕخەم بوو. بە بیرم دێتەوە کە دەچوومە قوتابخانە هەستم دەکرد شتێک لە ژیانمدا ون بووە، بۆشاییەکی گەورە هەبوو. مامۆستاکەمان بە منداڵەکانی وت کە دایکم مردووە و دەبێت ئەوان بە مێهرەبانی هەڵسوکەوتم لەگەڵ بکەن.»

ئەحمەد دوو ساڵ پێشتر بۆ کار پەیداکردن مەهابادی جێ هێشتبوو و چووبوو بۆ تاران. ئەو وەک شارەزای ڕووپێوی (کارتۆگرافی) دەستی بە کار کرد و ئەندازیاریی ڕێگاوبانی دەخوێند. دوای ڕۆیشتنی ئەحمەد بوو کە ڕابیعە نەخۆش کەوت و مرد. جێگەی لە ماڵەکدا زۆر دیار بوو.


براکەی ئەحمەد لەسەر ئیش

ئەحمەد دوو ساڵ دەبوو ژنی هێنابوو و لەگەڵ سەرهەڵدانی نەخۆشیی دایکی لەگەڵ خێزانی هاتنەوە مەهاباد. بنەماڵەی ئامینەی خێزانی بە جەدیدولئیسلام واتە «تازە مسوڵمان» ناسرابوون چونکە جوو بوون و هاتبوونە سەر ئیسلام. ئەحمەد و ئامینە ژوورێکی بچووکیان لە نزیک بنەماڵەکەیان بە کرێ گرتبوو و حامید زۆر جاران سەری دەدان.

کاتێک کە هێشتا ڕابیعە لە ژیاندا مابوو، دەیتوانی وەک دایەگەورەیەک خۆشەویستی ببەخشێتە یەکەم منداڵی ئەحمەد. دەیتوانی ئەو دیارییە گرانبەهایە بە خۆشەویستییەوە لە باوەش بگرێت. بە داخەوە ئەو کۆرپەیەش شەش مانگ دوای مردنی ڕابیعە مرد. دواتر ئەحمەد و ئامینە منداڵێکی دیکەیان بوو و ناویان نا شەهاب. کاتێک کە منداڵەکە تەمەنی گەیشتە یەک ساڵ، ئەحمەد گەڕایەوە تاران و خێزانی و منداڵەکەی چوونە لای مروارید جەدیدولئسیلام دایکی ئامینە.

کاتێک کە ئەحمەد چووەوە تاران، بنەماڵەی مەحموودیش لەگەڵ ئامینە و شەهاب چوونە ماڵی خەسووی ئەحمەد. ئەحمەد بۆ ماوەیەک بە تەنیا لە تاران مایەوە و کاری کرد تا توانی بنەماڵەکەشی ببات. ئەحمەد و ئامینە دواتر منداڵێکیان بوو و ناو نرا شەهرام کە لە بۆکان لە دایک بوو و کچەکەیان شیرین لە تاران لە دایک بوو. سەرەتا ڕەحیم لە ماڵەوە مایەوە تا چاوەدێری ئاکۆ بکات کە پاشەبەرە بوو و دوا منداڵی ڕابیعە بوو و تەمەنی تەنیا یەک ساڵان بوو. مەلەک و حامید هەردووکیان دەچوونە قوتابخانە.

## گۆڕانەکان لە بنەماڵەدا

بە مردنی ڕابیعە هەموو شتێکی بنەماڵەکە گۆڕا. مەلەک نەچووەوە قوتابخانە و لەبەر هەستی بەرپرسیارەتی لە ماڵەوە مایەوە تا ئاگاداری ماڵ و ئاکۆی برا بچووکی بکات. ڕەحیم ملی لە کار نایەوە تا بنەماڵەکەی بژیێنێت و ئەحمەد چووبوو بۆ خوێندنی ئەندازیاریی ڕێگاوبان لە تاران؛ ئەو هاوکات کاری دەکرد و دەرسیشی دەخوێند، فێری زانستی ئەندازیاری دەبوو و دەشبوو بە کەسێکی شارەزا و کارزان لەو بوارەدا. هەر کات ڕێگایەک دروست بکرایە، ئەحمەد بانگ دەکرا تا هێڵی جاددەکە بکێشێت و پاشان خەریتەی ڕێگا نوێیە دەربهێنێت. ئەو ئەنجامی توێژینەوەکانی ڕادەستی حکومەت دەکرد. ئەحمەد زۆر کەسێکی زیرەک بوو، چەندین کاری ئەندازیاری لە ئەستۆ گرتبوون و بە هەموو ئێراندا دەگەڕا. خەڵک ڕێزێکی زۆریان بۆ شارەزایی و لێزانیی ئەو لە ئەندازیاریدا هەبوو.

## یەکەم سەفەر بۆ تاران

حامید ماوەیەکی درێژ بوو حەزی دەکرد بچێت بۆ تاران. ئەو خەونی بە ئاسۆ نوێیەکانەوە دەبینی و خولیایەکی زۆری سەفەرکردن بۆ تارانی پایتەختی هەبوو. بەڵام ئەوان هەژار بوون، ڕەحیم تەنانەت پارەی کڕینی بلیتی پاسی نەبوو. لە ڕێگەی بنەماڵەیەکی ناسیاویان لە ساڵی ١٩٦٩دا بلیتێکی کڕی و پلانی دانا بۆخۆی ئەو سەفەرە بکات کە ماوەیەکی زۆر بوو تامەزرۆی بوو. ڕەحیم کوڕەکەی برد بۆ تێرمیناڵ. ئەو ڕازی نەبوو بەوەی حامیدی دوازدە ساڵان بچێت بۆ پایتەخت. ئەوە یەکەم سەفەری کوڕەکەی بە تەنیا بوو.

حامید بە شەو ڕێ کەوت و لە سەرانسەری ڕێگەکەدا نەیدەتوانی چاوی سەر یەک بنێت. بۆ بەیانی و لەگەڵ خۆرهەڵاتن پاسەکە گەیشتنە ناو تاران. یەکەم بینینی حامید لە شارەکە لوتکەی بەفرینی کێوە ڕوونەکانی ئەلبۆرز بوو کە خۆرەتاو لێی دابوون و وەک زێڕ دەدرەوشانەوە. سەرەڕای ئەوەی کە بەیانی زوو بوو، ڕێگە پڕبوو لە دەنگی ئۆتۆمبیلەکان و پاسەکەیان دەچووە ناو ترافیک و دەهاتە دەر. پاسەکە گەیشتە تێرمیناڵ غەرب، قەرەباڵغترین وێستگەی پاسی شارەکە.

ترمیناڵ پڕ بوو لە ژاوەژاوی خەڵکی، حامید لە پاسەکە دابەزی و هەر زوو تاکسییەکی گرت بۆ ماڵی ئەحمەد لە ئیزام ئاباد. ئەو بێخەبەر گەیشتە ئەوێ و هەموو پێیان سەیر بوو کە بە تەنیا هاتووە. تەنانەت ئامینەی خێزانی ئەحمەدیش سەری سووڕ مابوو و خۆشحاڵ نەبوو بە هاتنەکەی.

ساڵح ئەسەدی، کە ئاوەڵزاوای ئەحمەد بوو، زۆر پیاوێکی باش بوو و بردییە دەر تا لە شاردا بیگێڕێت. مەنافی کوڕی هاوتەمەنی حامید بوو. ئەو کوڕەکەی بردە ناو شار بۆ شوێنێک کە دووکانی بوو و بۆ یەکەم جار حامید سوار پاسێکی دوونهۆم بوو. لەسەر پاسەکە با دەهات و ئەو هەستی بە ئازادی دەکرد.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو لە فیلمە ئێرانییەکانەوە وێنەیەکی لە تاران هەبوو بەڵام ئەو سەفەرە پڕ بوو لە یەکەم شتەکان کە ڕوویان دەدا بۆی. بیناکان و ناوەندەکانی کڕین سەرنجیان ڕادەکێشا. بۆ یەکەمجار لە فرۆشگەیەکدا پلیکانەی کارەبایی بینی. زۆری پێ سەیر بوو پلیکانەیەک دەبینێت کە بۆخۆی دەڕوات.

ئەحمەد لە شوێنێک لە باشووری ئێران ئیشی دەکرد و لەناو تاران نەبوو. دوای دوو هەفتە ئامینەی خێزانی ئەحمەد وتی کە دەبێت بڕواتەوە ماڵ. حامید بە خەمبارییەوە بوخچەکەی هەڵگرت کە بڕوات. «ئەو

سەفەرە ڕووداوێک بوو کە چاوی منی کردەوە. چووم بۆ سەیری فیلم؛ وێنەی ئەکتەری ناو فیلمەکانم کۆ کردنەوە. تەنانەت ڕۆژێک چووم بۆ کارخانەی کۆکاکۆلا. کاتێک گەڕامەوە بۆ ماڵەوە هەموو دەیانوت کە چ سەرکێشییەکی بوێرانەم کردووە.» دواتر ئەحمەد ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆ دیدەنی و سەردان هێنایە تاران تاوەکوو خێزانەکەی و سێ منداڵەکەی ببینن.

بۆ ساڵانێکی زۆر ئەحمەد چاوەدێری هەموو بنەماڵەکەی دەکرد. کارەکەی باش بوو و داهاتی باش بوو. ئەو بۆ یەکەم جار ماڵێکی بۆ بنەماڵەکەی کڕی. کاتێک ئەحمەد دوای حەوت ساڵان لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی هاتەوە، حامید خوێندکاری ساڵی یەکەمی دواناوەندی بوو لە مەهاباد و ماڵێکی دیزاین کرد کە دواتر بووە ماڵی ئەحمەد.

ئەو ڕووداوە بۆ حامید زۆر گرینگ بوو. «کاتێک کە تەمەنم سێزدە ساڵان بوو، ئەحمەد ماڵێکی بۆ بنەماڵەکەمان کڕی، یەکەم و تاقە ماڵێکی ڕاستەقینە کە بوویێتمان. باوکم، برا بچووکەکەم، خوشکم و من هەموو لەوێ دەژیاین. بەپێی پێوانەکانی ئەمڕۆ ماڵێکی ساکار بوو. باخچەیەکی هەبوو و زۆر گەورەتر بوو لەو تاقە ژوورەی کە پێشتر بە کرێمان گرتبوو. ماڵەکە لە سەرەتای ڕێگەی ورمێ، نزیک ئەو شوێنە هەڵکەوتبوو کە ئیستا ناوەندی مەهابادە. لەو کاتەدا، ئەوێ شوێنی هەژاران بوو و دەکەوتە قەراغی مەهاباد. پێی دەوترا مەحموودکان، کان بە واتای کانیی ئاو، سەرچاوەی ئاو. ئاودەستەکەی لە دەرەوە بوو بەڵام لە یەکێک لە ژوورەکانیدا دووشێک هەبوو. دەمانتوانی ئاو وەرگرین بۆ خۆشتن. سێ ژووری هەبوون بۆ خۆمان و دوو ژوری زیادەشی بوون کە دەمانتوانی بیاندەین بە کرێ. سەرەڕای ئەوەی کە لەم ماڵەدا جێگە و ڕێگەمان زۆر زیاتر بوو بەڵام ژیانمان هەروا بە سادەیی مایەوە.»

**ئەو سەفەرە ڕووداوێک بوو کە چاوی منی کردەوە. چووم بۆ سەیری فیلم؛ وێنەی ئەکتەری ناو فیلمەکانم کۆ کردنەوە. تەنانەت ڕۆژێک چووم بۆ کارخانەی کۆکاکۆلا. کاتێک گەڕامەوە بۆ ماڵەوە هەموو دەیانوت کە چ سەرکێشییەکی بوێرانەم کردووە.**

کاتێک مەلەک وەک ڕابیعەی دایکی، چێشتی لێدەنا، ماڵی خاوێن دەکردەوە و جلی دەشوشت، ڕەحیم لە ماڵەوە دەمایەوە. مەلەکیش وەک حامید، دەستکەوتی زیاتری لە ژیانی دەویست. شەوانە درێژەی بە خوێندن دا بەڵام ناچار بوو خەونەکانی بکاتە قوربانی چونکە شار ئەمن نەبوو بۆ ژنێک کە شەوانە بچێتە دەر. حەمید تا کاتی کۆتایی خوێندنی دواناوەندی لەوێ لەگەڵ بنەماڵەکەی ژیا.

## پێشکەوتن لە قوتابخانەدا

لـە سـاڵانی سـەرەتای قوتابخانـەدا حامیـد هەمـوو کاتـە بەتاڵەکانـی هاوینـی لـە گونـدەکان بـە ڕابـواردن و یاریکردنـەوە بەسـەر دەبـرد. لـە زسـتاندا کـە زۆر سـاردی دەکـرد، کـوڕە لاوەکـە گـۆرەوی بەنـی لـە پـێ دەکـرد و بـە تۆپێکـی بچـووک یـاری دەکـرد. یارییەکـی داهێنەرانـە بـوو. چونکـە ئـەوان هـەژار بـوون و شـتێکی دیکـەیـان نەبـوو یـاری پـێ بکـەن.

لـە قوتابخانـەی سەرەتاییشـدا حامیـد چێـژی لـە شـانۆنامەکان وەردەگـرت. لـە پۆلـی پێنجەمـی سـەرەتایی لـە تەمەنـی یـازدە سـاڵیدا، دەوری مامۆسـتایەکی لـە شـانۆییەکدا بـە سـمێڵی زل و جووتێـک چاویلکـەوە لـە بـەردەم دایـک و باوکانـی قوتابییـەکان گێـڕا. کاتێـک لـە قوتابخانـە لەگـەڵ هاوڕێکانـی شـانۆییان بـوو زیاتـر ئـەو دەورەی دەگێـڕا. هـاوکات لـە چەندیـن بـواری دیکـەدا پێـش کـەوت و لـە خوێنـدن و تاقیکردنەوەکانـدا یارمەتیـی هاوپۆلییەکانـی دەدا.

«لـەو سـاڵانەدا کـە کەسـایەتیی مـن دروسـت دەبـوو، حـەزم بـۆ وەرزش (بەسـکێتباڵ) و شـانۆ زۆر زیـادی کـرد. بـە تایبـەت ئـەو کاتـە بەسـکێتباڵ خولیـای سـەرەکیی مـن بـوو. بەیانیـان دەچوومـە قوتابخانـە بـەڵام هەمـوو دوانیوەڕۆیـان تـا ئێـوارە یاریـی بەسـکێتباڵم دەکـرد. ئـەوە گەورەتریـن خولیـام بـوو.» حامیـد یاریزانێکـی لێهاتـووی بەسـکێتباڵ بـوو و زۆربـەی هاوتیمییەکانـی بوونـە هاوڕێـی نزیکـی، کـە دواتـر دەورێکـی گرینگیـان لـە ژیانیـدا بینـی. زۆربـەی تیمەکـە دواتـر چوونـە نـاوی حیزبـی دیموکراتـەوە. ئەحمـەد شـێربەگی یەکێـک لەوانـە بـوو. ئـەو کەسـێکی بـاش بـوو و دواتـر بـووە بێـژەری ڕادیـۆی حـدک. ئـەو بـوو کـە هەواڵـی مەرگـی دوکتـور عەبدوڕەحمانـی قاسـملوو ڕێبـەری خۆشەویسـت و مرۆڤدۆسـتی کـوردی ڕاگەیانـد. ئەحمـەد دەنگێکـی بەهێـزی بـوو و هەمووکـەس دەیناسـێت.

سـەرەنجام چارەنووسـی هەمـووان دەرکـەوت: هەندێـک مـردن، هەندێـک چـوون بـۆ تاراوگـە، و ئەوانـی تریـش بـۆ ساڵانێکی زۆر لـە زینداندا بـوون. حامیـد دەزانێت کـە هەموویـان چییـان لـێ بەسـەر هـات و بـە کـوێ گەیشـتن. دوویـان ئێسـتا لـە سـویدن. کەسـێکی تریـان ئێسـتا لـە سـویسرایە، چـوارەم کـە عەزیـم ئەفسـەرە لـە کانـادا دەژی. جەعفـەر لـە سـتۆکهۆڵمە. کەسـێکی تریـان، ئەمیـر وەزیـری لـە سـتۆکهۆڵم شـۆفیری تاکسـییە.

> **"«من ئەرکەکانی ناو کۆمەڵگام هەست دەکردن و زۆر سەخت بوو بۆ من کە دەمدیت خەڵک بەو شێوە پڕچەرمەسەرییە پارە بە دەست دەهێنن. ئەو هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی کە هەندێک ئەرزش و بەها لە ژیانی تاکەکەسی خۆم و کۆمەڵگاشدا بە گشتی دروست بکەم. هەستم کرد دەبێت کار بکەم و تێبکۆشم. چونکە تا تەمەنی بیست ساڵان زۆرێک لەو ئەزموون و سەختییانەم چەشتبوون کە کەسێک لە سی ساڵیدا ئەزموونیان دەکات؛ وەک ئەزموونی کار، زانین، ئەزموونی ژیان و ئەو سترێسانەی کە کۆمەڵگا دەیانخاتە سەر کەسێک. هەروەها هەستم بە تەنیایی دەکرد چونکە تەمەنم کەم بوو کە دایکم مرد.»"** ئالان دیلانی

حامید دوای ئەوەش ویستی بواری نوێ تاقی بکاتەوە و شتی زیاتر لە ژیانیدا ئەزموون بکات. ئەحمەد ئەودەم جلی بە ستایلی ئەمریکایی لە بازاڕ دەکڕی. «کاتێک تەمەنم دە ساڵان بوو، هاوین چووم بۆ لای براکەم. حەزم لە شانۆ و لە کەلتوور بوو. خەڵک پێیان دەگوتم «تۆ لە چینی دەوڵەمەندان نیت. خەریکی چیت؟»

کاتێک گەیشتە ساڵانی سەرەتای مێرمنداڵی، حامید کەمتر بایەخی بە قوتابخانە دەدا. «لە پۆلی هەشتەمدا، دەبوو چوار وانان بخوێنمەوە، چوون دەرنەچووبووم. تەنیا دەمویست یاریی والیباڵ و بەسکێتباڵ بکەم.»



لەگەڵ تیمی بەسکتباڵ لە مەهاباد (حامید دووهەم کەسی دانیشتووە لە لای چەپەوە

ئەحمەد لەسەر نومرە کەمەکانی حامید تێر قسەی کرد و زۆر لێی بێهیوا بوو. ئەو پێداگر بوو کە دەبێت برا بچووکەکەی شتێک بکات، کارێک بۆ ژیانی بکات و لە کاری هیچ و پووچ دوور بکەوێتەوە. ئەحمەد بەسەریدا نەڕاندی، «تۆ دەبێت لەگەڵ من بێی و تەرکیز بکەیتە سەر خوێندنەکەت.» بۆیە حامید چووە تەورێز، ئەو شوێنەی کە ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتیی ژێرخانی ڕێگاوبان بوو.

## براکەی دنیای حامیدی گەورە کردەوە

ئـەوەی کـە لـە قوتابخانـەدا بـاش نەبـوو بـۆی بـوو بـە هەلێـک: حامیـد ئەوەنـدە بـە نومرەکانـی و بـەوەی کـە دەبێـت ئـەو وانانـە بخوێنێتـەوە ناڕاحـەت بـوو کـە ئـەو شـتە بردییـە قۆناغێکـی دیکـەی ژیانـی. زۆر سـەخت بـوو بـۆ حامیـد کـە دەیبینـی براکـەی ئـاوا ناڕاحەتـە، برایـەک کـە بەبـێ مـەرج پشـتیوانی لێدەکـرد. بۆیـە حامیـد بڕیـاری دا کـە بـە جیـدی بخوێنێـت. ئەحمـەد لـە هاوینانـدا دەیبـرد لەگـەڵ خـۆی کاری پێدەکـرد و ئـەو شـتە بۆخـۆی بـوو بـە سـەرچاوە بـۆ فێربوونـی زۆر شـت. حامیـد چێـژی دەبـرد لـەوەی کـە لەگـەڵ بـرا گەورەکەیەتـی و چـاو لـەوی دەکات.

حامیـد درێـژەی بـە پەرەدانـی تواناییەکانـی لـە بەسـکتباڵ دا و هـاوکات نومـرەی زۆر بـەرزی لـە قوتابخانـە وەردەگرتـن، ئـەوەش وەرچەرخانێکـی تەواوەتـی بـوو. کاریگەریـی ئەحمـەد لـەو قۆناغـەدا زۆر گرینـگ بـوو. ئـەو براکـەی هـان دا بـۆ ئـەو شـتەی کـە شـیاوی شـوێنکەوتنە تاوەکـوو شـتێک بۆخـۆی و ژیانـی بـکات.

## ڕێگا سازکردن لە تەورێز وەک مێردمنداڵێک

بـە بۆنـەی کارکـردن لەگـەڵ براکـەی و بـە هـۆی ئـەو کەسـانەی کـە هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ دەکـردن، ئاسـۆکانی حامیـد زۆر گـەورە بـوون. ئەحمـەد لەبـری کارەکـەی پـارەی دەدایـە و سـەفەرەکە زۆر گـران بـۆی دەردەهـات. زۆر دواتـر ئـالان بیـر لـەو سـەفەرانە دەکاتـەوە کـە ئەویـان بـەرەو ئـەو شـتە بـرد کـە دواتـر پێـی گەیشـت.

«هاوینـی ١٩٧٣، بـەم هـۆکارە زۆر بەباشـی خوێنـدم: مـن حـەزم لـە ئەندازیـاری بـوو. براکـەم زۆر زوو زۆر شـتی وەک حیسـابەکان بـۆ پردەکان و ڕووپێـوی فێـر کـردم و منیـش بـە حـەزەوە وەرمدەگرتـن. زۆر شـتی کارەکـەی بـە باشـی فێـر بـووم.»

**لەو خالەی ژیاندا، کار و خوێندن بوونە پیشەی سەرەکیی من. براکەم پێداگر بوو لەسەر نەزمی زیاتر و پێی وتم دەبێت بچمە تەورێز کاری لەگەڵ بکەم و دواتریش بچینە بانە. ئەوە دەرگای نوێی کردنەوە بۆ هەستاریی ڕوو لە گەشەی من و حەزم بۆ فێربوون، ناسینی کەسانی نوێ و ئەزموونی چەمکە ئەندازیارییەکان بە شێوەی کردەیی.**

نازانـم چـۆن بـوو، تەنیـا لـە سـاڵێکدا زۆر بەباشـی فێـری ڕووپێـوی ڕێگاوبـان و وردەکارییەکانـی بـووم. ڕێگەلێـدان لـە ناوچـە شـاخاوییەکان زۆر مەترسـیدار بـوو و پیشـەی پسـپۆڕی ڕووپێـوی زۆر گرینـگ بـوو. خەڵـک لێیاندەپرسـیم «چـۆن دەتوانـی ئـەو کارانـە بکەیـت؟ تـۆ هیـچ خوێندنێکـی ئەکادیمیکـت نییـە.» بـەڵام ئـەو شـتە بـە تەواوەتـی ڕاسـت نەبـوو. مـن ڕاسـتەوخۆ هەمـوو شـت لـە براکەمـەوە فێـر دەبـووم کـە کەسـێکی زۆر شـارەزا و لێـزان بـوو؛ ئەحمـەد بـە بەردەوامـی چەمکـەکان و ڕێگەکانـی جێبەجێکردنیانـی بـۆ شـی دەکردمـەوە.



لەگەڵ براکەی ئەحمەد، کاتی کار لە هاویندا

«بۆ وێنە، من ئەو حیسابە بیرکارییانەم دەکردن کە لە چ خاڵێکدا دەبێت جادە پێچ بکاتەوە. دیزاینی ڕێگەوبان و لەبەرچاوگرتنی ئاڕاستەی ئۆتۆمبیلەکان و خێراییەکەیان بیرکارییەکی پێشکەوتووی دەویست؛ ئەم هۆکارانە دەستیان دایە دەستی یەک. براکەم کەسێکی شارەزا بوو و منیش خوێندکارێکی زیرەکی ئەو بووم.»

## مەترسییەکانی شۆفیری

سەرەڕای ئەوەی کە حامید تەمەنی شازدە ساڵان بوو، هێشتا مۆڵەتنامەی شۆفیری نەبوو. سەرەڕای دژایەتیی خۆی، ئەحمەد هانی دا کە بچێت خۆی فێری شۆفیری بکات و ئۆتۆمبیلەکەی بهێنیتە دەر و خۆی ڕابێنێت. ئۆتۆمبیلەکەی جیپێک بوو کە سیستمی گوازەرەوەی (گێڕەکەی) دەستی بوو؛ کاتێک حامید بۆ یەکەم جار سویچەکەی بادا، ئۆتۆمبیلەکە دەرپەڕی و لەناکاو کوژایەوە، ئەحمەد تووڕە بوو.

«بەڵام درێژەم بە خۆڕاهێنانی شۆفێری دا. ڕۆژێک حسێبدارێکی بەتەمەنی فەرمانگەکەی براکەم داوای لێکردم کە بیبەم بۆ بانک کە تەنیا سەد میتر لەولاتر بوو. براکەم هەژدە کیلۆمیتر دوورتر سەرپەرشتی پڕۆژەیەکی ڕێگاوبانی دەکرد. ئەوان ئاسفاڵتیان بە کار نەدەهێنا و سێسەد بۆ چوارسەد کەس لەسەر پڕۆژەکانی کاریان دەکرد. من زۆربەی کاتەکان لەگەڵ براکەم کارم دەکرد بەڵام ئەم جارە لەگەڵی نەبووم.

«لە ڕێگەی گەڕانەوەم لە بانک، بە دەرگایەکمدا کێشا و لایەکی ئۆتۆمبیلی براکەم بە تەواوەتی قوپا. پیاوەکە تووڕە بوو. هاواری کرد ‹بۆ وات کرد؟› خۆشبەختانە ئۆتۆمبیلەکە لەلای کۆمەڵێک کەرەستەی خانوبەرە وەستایەوە و هیوادار بووم کە کەس قوپاوییەکانی ماشینە بەنرخەکەی براکەم نەبینێت.

«کاتێک کە دوانیوەڕۆ ئەندازیارەکان هاتنەوە بۆ ئافیس، پرسی، ‹کێ ماشینەکەی وا لێ کرددووە؟ کەسێک وتی من بووم. لەبەردەمی هەموو خەڵکەکدا لێی دام. دواتر ئەو شەوە باسیان لەوە دەکرد کە چەندە باش بووم و هیچ کاردانەوەیەکم بەرامبەرم لێدانەکانی نەبوو و هەموو سەرنجی ئەو شتەیان دابوو.»

حامید لەو کارەدا زۆر کەسی بینین. هەموو خەریکی دروستکردنی ڕێگەوبان بوون تاوەکوو بازرگانی گەشە بکات و نەوت و سەرچاوەکان لە ناوچەی تەورێز پەرە بستێنن. جەختکردنەوەی براکەی لەسەر ژێرخانە ناوچەییەکان بووژانەوەیەکی ئابووریی مەزنی ئەو ناوچەی لێ کەوتەوە.

بە هەمان شێوەش، هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ ئەزموونەکانی حامید و وشیاربوونەوەی. «لە باری کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە براکەم زیاتر وەک باوکم بوو. سێ منداڵی لە مەهاباد و تەورێز بوون. کاتێک هاوینان لەگەڵ براکەم کارم دەکرد، خوێندکارێکی ئێرانیم بینی کە لە مۆنتریاڵ بوو و لەوێ کاری دەکرد. بەسەربردنی کات لەگەڵ ئەوانەی کە کەلتووریان زۆر لە هی ئێمە جیاواز بوو، زۆر کاریگەریی ئەرێنی لەسەر دانام. هەموو ئەوانە فارس بوون و هیچیان کورد نەبوون. ئەم ئەزموونە جیهانێکی نوێی بۆ من کردەوە.»



لەگەڵ کارمەندەکان لە کاتی کاری هاوینەدا

## سیاسەت لە کاتی کردنەوەی پاڵاوگەی نەوت

لـە سـەرەتاکانی ١٩٧٠دا، شـا لـە ڕێوڕەسـمی کردنـەوەی پاڵاوتگەیەکـی نەوتـدا ئامـادە بـوو کـە ڕووداوێکـی گرینـگ بـوو. ئـەو ڕووداوە لـە سـێ سـاڵاندا گەیشـتە شۆڕشـی سـپی. ئامانجـی شۆڕشـی سـپی مۆدێـرن کـردن و سـێکۆلاریزە کردنـی وڵات بـوو. ئەمـەش پێکەوەبەسـتنەوەی تـاران و ناوەنـدی پارێزگاکانـی لـە ڕێگـەی جاددەکان و ڕێگـەی ئاسـن لـێ کەوتـەوە.

«ئـەودەم، براکـەم خەریکـی دروسـتکردنی ڕێگەیەکـی دووسـەد کیلۆمیـتری بـوو و بەشـێکی بـۆ پاڵاوتگـە بـوو. پیاوانـی پۆلیسـی مەخفـی بـە بەردەوامـی دەهاتـن چونکـە زۆر خوێنـدکاری هەڵکەوتـوو لـەوێ بوون کـە کاریگەریی سیاسـی و کۆمەڵایەتییـان بـوو. محەمـەد شـەهرابی یەکێـک لەوانـە بـوو.

«مـن زۆربـەی کاتـەکان لـە لای براکـەم بـووم و کاتەکانـم لەگـەڵ ئـەو تێپـەڕ دەکـردن. لەگەڵ ئـەو و ئەندازیـارەکان و کرێکارەکان نانـم دەخـوارد و گوێـم بـۆ قسـەکانیان دەگـرت. ئەندازیـار و خوێندکارێـک لـە زانکۆیەکـی مۆنتریـاڵ گەڕابـۆوە و ئەوانـی دیکـەش لـە زانکـۆی تەورێـزەوە دەهاتـن. ئـەوان کۆمۆنیسـت بـوون و دەیانـوت ئێـرە جێدەهێڵین چونکـە شـا دێـت بـۆ ئێـرە.

«ئـەو کەسـانە چالاکیـی سیاسـییان بـوو، لـە کاتێکـدا مـن تـازە ئاشـنای سیاسـەت دەبـووم؛ بـرای محەمـەد شـەهرابی لـە زینـدان بـوو، ئـەو چالاکـی سیاسـی بـوو. لـە شـازدە سـاڵیدا، بنەماکانـی سیاسـەت فێـر بـووم. زۆر بـۆم سـەرنجڕاکێش بـوو کـە ببمـە خوێنـدکاری زانسـتە سیاسـییەکان. بـە بینینـی خوێندکارانـی کانـادا و وڵاتانـی دیکـەی دەرەوەی ئێـران ئـەو حـەزەم بـۆ دروسـت ببـوو. ئـارەزووی ئـەو شـتەم بـوو و حـەزێکـی زۆرم بـۆ گەورەکردنـی ئاسـۆکانی ژیانـم بـە هەمـوو بارێکـدا هەبـوو.»

## ٢. لە مەهابادەوە بۆ تاران: فێرخوازێکی زیرەک، ١٩٧٧-١٩٧٠

### بلیمەتییەکی خۆڕسک

کاتێک حامید لە ئۆکتۆبری ١٩٧٤دا لە قوتابخانەی تەکنیکی دەستی بە خوێندن کرد، یەکێک بوو لە یەکەم کەسەکان لە کوردستان کە لەو بوارەدا بخوێنێت. قوتابخانەکەی یەکەم قوتابخانەی تەکنیکیی مەهاباد بوو و هەرکام لە بوارەکانی ئەلەکتریک، مکانیک و نژیاروانی لەو قوتابخانەدا لە خولێکی سێ ساڵیدا دەوترانەوە. خوێندکاران لە سێ ساڵی کۆتایی خوێندنی دواناوەندیدا یان دەچوونە یەکێک لە بوارەکانی وێژە، زیندەوەرناسی یان بیرکاری، یان ئەوەی کە بوارە تەکنیکییەکانیان دەخوێند و بەم شێوەیە بەرەو ئەو بووارانە دەچوون کە حەزیان دەکرد ئیشی تێدا بکەن. حامید لە قوتابخانە درەوشایەوە و پلەی یەکەمی بە دەست هێنا، وەک چۆن مەلەکردن بۆ مراوییەک سادەیە، زۆر بە سادەیی وەک مێعمارێک دەستی بە کار کرد. ئەو لەو سێ ساڵەدا بوو کە فێری دیزاینیماڵەکان بوو. ئەو ساڵەی کە حامید چووە ئەو قوتابخانە، لە یەکەم کەسەکان بوو لە کوردستان کە تەنانەت بتوانێت لەو قوتابخانە تەکنیکییەکدا ناونووسی بکات.



لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا

حامید لاوێکی باڵابەرزی گەشبینی ڕووخۆشی کۆمەڵایەتی بوو، هەر ئەمەش وایکرد خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. ئەحمەدی برای دەڵێت «ئەو هەمیشە هاوڕێکانی لەگەڵ بوون، پێکەوە دادەنیشتن و پێدەکەنین. براکەم دڵخۆشییەکی زۆری بۆ بنەماڵەمان هێنا. خزمەکانمان لەبەر باڵابەرزییەکەی پێیان دەگوت کوڕە باڵابەرزەکە، هەروەها ئەو زۆر وەرزشی دەکرد»، حامید بە مێشکێکی بەهێزەوە هەمیشە هەڵوێستی دروستی بەرامبەر شتەکان دەگرت، تایبەتمەندییەک کە تا ئێستاش لەگەڵ خۆی هەڵیگرتووە.

چەند تایبەتمەندیی دیکەشی بوون کە یارمەتیدەری بوون. «من سادە و ڕاستگۆم و بڕوام وایە کە دەبێت بەپێچەوانەی پێچ و پەناکانانی ژیان، کەسێکی ڕاستگۆ بم. ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو و سەرلەنوێ دەست پێ بکەمەوە، بە دڵنیاییەوە ڕێک هەمان ئەو کارانە دەکەم کە کردوومن. تا ڕادەیەک قەت کەسێکی سیاسەتمەدار نەبووم، و بڕوام وا بووە کە سیاسەتمەداری لە چوارچێوەی بیرۆکەکاندا ڕاتدەگرێت.

قوتابخانەی تەکنیکی لە بینایەکی بچووکدا نزیک «قوڵکە کەران» بوو، شوێنەکەی نزیک ڕووبارێک بوو. هەموو بەیانیان زوو، جووتیارەکان لە گوندەکانی دەوروبەرەوە دەهاتن بۆ شار تا بەروبوومەکانیان بفرۆشن. باری سەوەتەکانیان کە زیاتر شیر و پەنیری خۆماڵی بوو بەتاڵ دەکرد و کەرەکانیان لە نزیک قوتابخانەکە دەبەستنەوە. هەر بەو هۆیەش ئەو شوێنە ناو نرا قوڵکە کەران.

**بە پێچەوانەوە، بە دوای دەرفەتەکاندا گەڕاوم و پێشوازیم لێ کردوون. تەنانەت لە کاتی تەنگانەشدا، حەزم کردووە ڕێگەیەکی نوێ و ململانێی نوێ بدۆزمەوە. ئەگەر تەسلیمی هەلومەرج ببم لە جێی خۆمدا دەمێنمەوە. کەواتە، بۆ چارەسەری کێشەکان، بەردەوام بە شوێن ڕێگەی نوێدا دەگەڕێم. زۆر باشە کە بەو شێوەیە بێت و من لە هەموو ژیانمدا بەو بنەمایەوە ژیاوم.»**



بەنداوی مەهاباد ئەو شوێنەی هاوڕێکان لە هاویناندا مەلەیان تێدا دەکرد

ئـەو کات حامیـد دەیزانـی بـۆ ئـەو بـوارەی بـۆ خوێنـدن هەڵبـژاردووە. چونکـە براکـەی ئەندازیـار و کەسـێکی شـارەزابوو، بۆیـە ئـەو بـوارەی هەڵبژاردبـوو. ئەحمـەد زۆر ڕێنوێنـی دەکـرد و لـە هـەردوو بـواری تیـۆری و زۆربـەی لایەنـە کردەییەکانـی[٥] ئـەو بـوارە یارمەتـی دەدا. هـەر بۆیـە حامیـد دەیتوانـی بـە سادەیی دیزاینـی مـاڵ و پـردەکان بـکات. ئـەو دەیتوانـی بەشـە گرینگـەکان لـە دیزاینـی بیناکانـدا لێـک جیـا بکاتـەوە.

قـەت مامۆسـتاکانی لێیـان نەدەپرسـی کـە چـۆن ئـەو کارە دەکات بـەڵام داوایـان لـێ کـرد کـە ئاسـتبەرزترین پـڕۆژەکان جێبەجـێ بـکات و ئـەو زۆر بـە سـادەیی ئـەو کارەی دەکـرد. مامۆسـتاکەی داوای لێدەکـرد کـە بینایـەک دیزایـن بـکات و حامیـد دەیتوانـی بـە سـادەیی سـتوونەکان و بیناکـە دیزایـن بـکات. لـەو کاتـەدا، بـەو بـوارە دەوتـرا زانسـتی دروسـتکردنی خانوبـەرە. حامیـد بـەو تایبەتمەندییانـەی کـە بوونـی، بڕیـاری دا کـە لەسـەر نژیاروانـی زیاتـر کار بـکات نـەک بـە تەنیـا لەسـەر بـواری ئەندازیـاری.

قوتابخانـە شـوێنی درەوشانەوەی حامیـدی گەنـج بـوو. ئـەو چێـژی لـە بەدەسـتهێنانی نومـرەی بـەرز وەردەگـرت و شـانازی بـە لێهاتوویـی خۆیـەوە دەکـرد. ناکرێـت کاریگەریـی ئەحمـەد لەبـەر چـاو نەگیرێـت، ئـەو کات کاریگەریی زۆری لەسـەر براکـەی هەبـوو و ئـەو کاریگەرییـە بـۆ چەندیـن دەیـە لەسـەری مایـەوە. ئـەو حامیـدی هـان دا کـە بـۆ فێربـوون و بەدەسـتهێنانی شـارەزایی پێویسـت لـە بوارەکـەی خۆیـدا تێبکۆشـێت. حامیـد لەنـاو هاوڕێکانیـدا خۆشەویسـت بـوو. ئـەوان خۆشـیان دەویسـت چونکـە هەموویـان لێـی فێـر دەبـوون. کاتـی تاقیکردنـەوەکان لـە دەوری دادەنیشـتن و یارمەتییـان لـێ وەردەگـرت.

هەندێـک جـار، درەنگانـی شـەو تـا کاتژمێـر دووی بەرەبەیـان حامیـد هـەر خەریکـی خوێنـدن بـوو، باوکـی پیاڵەیـەک ئـاوی بـۆ دەهێنـا و پێـی دەگـوت «کوڕەکـەم، دەبێـت زووتـر بخـەوی. زۆر درەنگـە.»

**بەسکێتباڵ و مەلە لە بەنداوی مەهاباد**

حامیـد دەیویسـت لـە هـەر بوارێکـدا کـە ئیـش دەکات ببێتـە باشـترین کـەس. جگـە لـە کاروبـاری قوتابخانـە و خوێندنەکـەی، خولیـای دووهەمـی حامیـد بەسـکێتباڵ بـوو و هـەر وەخـت کاتێکـی ئـازادی ببوایـە دەچـوو بـۆ یاریکـردن. لـە هاوینانـدا کـە قوتابخانـە دادەخـرا، لـە کاتژمێـر یەکـی دوانیـوەڕۆ لەگـەڵ گرووپێـک لـە هاوڕێکانـی دەچـوون بـۆ یانـەی بەسـکێتباڵ یـان لـە ئێوارانـدا دەچوون بـۆ مەلەکردن بـۆ بەنـداوی مەهاباد. لەوبـەری بەنداوی مەهابـاد نەخۆشـخانەیەکی تایبـەت بـە نەخۆشـیی سـیل هەبـوو کـە حەوشـە و باخچەیەکـی سەرسـەوزی هەبـوو، باخـی میکاییلـی لێبـوو کـە پـڕ بـوو لـە داری میـوە. حامیـد ئـەو شـوێنەی لـە نزیـک بەنداوەکـە لـە هـەر جێیەکـی تـر زیاتـر بـە دڵ بـوو.

بەنـداوی مەهابـاد وەک حەوزێکـی گـەورە بـوو کـە دەوری بـە چەنـد کێـو گیرابـوو و کەوتبـوووە نێـوان زنجیرەیەکـی بێبڕانـەوە لـە کێـوە سەرنجڕاکێشـەکان کـە سـەریان لـە ئاسـمانی شـین دەسـوو. لـە نزیـک ئاوەکـە، لێژایـی کێـوەکان کەمتـر بـوو و ئـاوی بەنداوەکەیـان لـە ئامێـز دەگـرت؛ ئاوێـک کـە لەژێـر تیشـکی خـۆردا دەدرەوشـایەوە. لـە هاوینانـدا کەناراوەکانـی بەنداوەکـە، کـە پـڕ بـوو لـە بـەرد، بـە گژوگیـا و بێشـەڵانەکان دادەپۆشـرا و لاوەکان دەچوونـە ئـەوێ تـا لـە ئـاوی فێنکـی بەنداوەکـەدا مەلـە بکـەن.

٥- Good vibration

بۆ کوڕە لاوەکە هەم سەخت بوو و هەم چێژبەخش کە لە قووڵایی بەنداوی مەهابادا مەلە بکات. حامید و هاوڕێکانی شوێنێکی تەختاییان لە قەراغی بەنداوەکە دەدۆزییەوە و ڕۆژانی گەرمی هاوینیان لەو شوێنە بە مەلەکردن و ڕاکشان لەبەر خۆردا تێپەڕ دەکرد. لە گەرمای تاقەتپڕوکێندا، حامید حەزی دەکرد لەناو ئاوە ڕوون و پاکژەکەدا مەلە بکات تا خۆی فێنک بکاتەوە.



باخی میکاییل

بە هۆی ئەوەی کە حامید لە تەمەنی پازدە ساڵیدا لە چۆمدا فێری مەلەکردن ببوو، بەبێ ترس بازی دەدایە ناو ئاوەکە و تا دوورترین شوێنی بەنداوەکە بە مەلەکردن دەڕۆیشت. کەس فێری مەلەی خۆڕاگری نەکردبوو. بەڵام ڕۆژێک بڕیاری دا کە بە مەلەکردن تا ئەوبەری بەنداوەکە بڕوات کە چەند کیلۆمیتر بوو و ئەوەش بە ڕاستی کارێکی جەستەیی قورس بوو. ئاوی بەنداوەکە زۆر سارد نەبوو. ئاستەمترین کار ئەوە بوو کە ڕێگەیەک بدۆزێتەوە کە لە مەلەکردندا زۆر ماندوو نەبێت چونکە ماوەی سێ بۆ چوار کاتژمێری پێچوو تا لە بەنداوەکە بپەڕێتەوە. کاتێک گەیشتە ئەوبەری بەنداوەکە بۆ لای باخی میکاییل، لەناکاو تووش ئاوێکی ساردی سەهۆڵین بوو کە لە بنەوە دەهاتەسەر. بۆیە مەلەکردن لە سی میتری کۆتایی لەو ئاوە ساردەدا زۆر مەترسیدار بوو.

ئاکۆ کە برا بچووکی حامیدە، ئەو مەترسییەی بە بیر دێتەوە. «ئەوە کارێکی مەترسیدار بوو چونکە مەودایەکی زۆر بوو. زۆر کەس مردن چونکە باش مەلەیان نەدەزانی و دوای ماوەیەک ماندوو و بێهێز دەبوون. بەڵام حامید ئەو کارەی کرد چونکە ئەو خەونی گەورەی هەبوو. وەرزشکردن هێندەی تر ئەوی کردبووە کەسێکی پڕجووڵە و حەزی دەکرد کە لەشی بە ڕێکوپێکی ڕابگرێت. ئەو هەروەها دەیویست بۆ هەمووانی بسەلمێنێت کە دەتوانێت ئەو کارە بکات. ئەو دەیگوت دەتوانم ئەو کارە بکەم و بە دڵنیاییەوە دەیکەم.»

حامید چێژی لە مەلەکردن لەمسەر بۆ ئەوسەری دەریاچەکە وەردەگرت. «کاتێک دەمویست بپەڕێمەوە، دەترسام لەوەی کە بە مەلەکردن بچمە ئەوبەری بەنداوەکە، بەڵام هاوکات بەو کارە دڵخۆش بووم و چێژم وەردەگرت لەوەی کە لەناو ئاوەکە بووم. هەموو هاوینان دەمانبیست کە کەسێک خنکاوە،» یەکێک لەوانە هاوڕێیەکی نزیکی خۆی بوو.

«یەکەمجار لە هەموو جارەکانی تر تۆقێنەرتر بوو. گرووپێکمان دەمانویست پێکەوە بپەڕینەوە و زۆرمان پێچوو. کاتێک گەیشتینە ئەوبەر، هەندێک لە هاوڕێکانم ترسابوون لەوەی کە دیسانەوە بە مەلەکردن بگەڕێینەوە،

بۆیە بڕیاریان دا کە بە پێ سێ کیلۆمەتر بە دیواری بەنداوەکەدا بڕۆن و من و چەند کەسی دیکە لە هاوڕێکانم بە مەلەکردن گەڕاینەوە. تەنانەت لەوانیش زووتر گەیشتین کە بە پێ هاتبوونەوە و چاوەڕێمان دەکردن.»

ئەم ماراسۆنە بۆ چەند ڕۆژی یەکەم سەخت بوو. کاتێک ماندوو دەبوو بە پشتدا ڕادەکشا و پشتەمەلەی دەکرد تا دەحەسایەوە. ئەوە وەرزشێکی خۆڕاگری بوو. ئەوان دەبوو بپەڕنەوە بۆ ئەوبەری بەنداوەکە، گرینگ نەبوو چەندەیان پێدەچێت.

**بەڕێوەبەری قوتابخانە کە خەڵکی مەهاباد نەبوو**

کاتێک حامید لە قوتابخانەی دواناوەندی بوو، مامۆستایەکی بوو کە بەڕێوبەری کۆمپانیایەک بوو.ماڵی بۆ خەڵکی ئاسایی دیزاین دەکرد. حامید لە کاروباری دیزایندا یارمەتی دەدا. ئەوە شتێکی سەرنجڕاکێش بوو چونکە زۆربەی کات بەڕێوەبەرەکان لە دەرەوەی کوردستانەوە دەهاتن. ئەوان ئاشنای کەلتوور و زمانی ئەو ناوچەیە نەبوون. بە گشتی ئەم بەڕێوەبەرانە یان ئەندامی نهێنیی پۆلیس (ساواک) بوون یان پەیوەندییان لەگەڵیان هەبوو. ئەرکیان ئەوە بوو کە خوێندکارەکان کۆنترۆڵ بکەن و ڕێگرییان لێ بکەن تا کاتێک دەچنە زانکۆ، شوێن کاروباری سیاسی نەکەون. بەم شێوەیە دەوڵەت ڕێگری لە چالاکیی سیاسی لە شارێکی وەک مەهابادا دەگرت. دواتر حامید زانی کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان لە تاران یان تەورێزەوە هێناوە و ئەو کارمەندانە هیچ شتێکیان سەبارەت بە مەهاباد نەدەزانی.

## ئاستەمترین کار ئەوە بوو کە ڕێگەیەک بدۆزێتەوە کە لە مەلەکردندا زۆر ماندوو نەبێت چونکە ماوەی سێ بۆ چوار کاتژمێری پێچوو تا لە بەنداوەکە بپەڕێتەوە.

**مردنی مامۆستایەکی خۆشەویستی قوتابخانە**

سولەیمان بلووریان یەکێک لە مامۆستاکانی حامید لە مەهاباد بوو. ئەو زۆر بە جیدی بەرپرسیارەتی بەرامبەر بە قوتابییان لە ئەستۆ دەگرت. بلووریان دوو ساڵ وانەی بە قوتابییەکان وتەوە. بە شێوەیەکی ناخۆش و لەناکاو لە ڕووداوێکی هاتوچۆ لە ڕێگەی مەهاباد بۆ میاندواو مرد. کاتێک ئەمە ڕووی دا، مامی بلووریان کە ساڵانێکی زۆر بوو زیندانیی سیاسی بوو هەستی بە بەرپرسیارەتی کرد و گەڕایەوە تاوەکوو وانە بە منداڵەکان بڵێتەوە. خوێندکارەکان سێ ڕۆژ لە مزگەوت پرسەیان بۆ مامۆستاکەیان گرت.

هەستی برایەتی حامید و هاوڕێکانی لەم ڕێوڕەسمدا دەبینرا. حامید نە تەنیا لە وانەکانیدا زۆر باش بوو بەڵکوو دەتگوت بۆ ئەوە دروست کراوە کە ڕێوڕەسمێکی وا ڕێک بخات، تایبەتمەندییەک کە تا ئەمڕۆش هەیەتی.

هەرچەند حەمید لە شارێکی دوور لە دنیای ڕۆژئاوا دەژیا، کاتێک دەچووە قوتابخانە قژێکی زۆری بوو کە بە مۆدێلی جوان دەیڕازاندەوە. یەکێک لە گۆرانیبێژە ژنەکانی ئەوسەردەمە ناوی ڕامێش بوو و بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بە ناوی «ڕامێش» حامیدی بانگ دەکرد و هاوڕێکانی پێدەکەنین.

بەر لەوەی بچێت بۆ تاران، مۆدێلی قژی زۆر کۆن بوو. بەڵام تەنانەت لە کوردستانیشدا، لاوەکان لاسایی ستایلە ڕۆژئاواییەکانیان دەکردەوە. تەنانەت لە مەهابادیشدا خەڵک قژی بە مۆدێلی جوان دەردەهێنا. عەزیم و ئۆمید کە دوو هاوڕێی حامید بوون بە هەمان شێوە مۆدێلی جوانیان لە قژیان دەرهێنا. ئەوەش لەو کاتەدا ئەوانی وەک کەسێکی پێشەنگ پیشان دەدا.

هاوڕێکانی حامید لە تیمی بەسکێتباڵدا هاوینان بۆ یاریکردن دەچوون بۆ شارەکانی تر. بەڵام کاتێک گەورەتر بوو، نەیدەتوانی لەگەڵیان بچێت. دوو هاوین بۆ کارکردن لەگەڵ ئەحمەدی برای چووە تەوریز و بانە. چونکە براکەی لە هەردوو شوێنەکە ئیشی دەکرد و حامیدیش لەگەڵی دەچوو.

**مامۆستایەکی گەورەی شاعیر**

کاتی کارکردنی لە هاویندا، حامید چەندین کەسی ناسی کە لە زۆر بواراندا زانیاریی ئەویان بردە سەر. زۆرترین کاریگەریی سیاسی لە خۆسرەو ڕەشیدیان وەرگرت کە خەڵکی سنە بوو. ئەو حسێبداری ئەحمەد بوو لە بانە. خۆسرەو کەسێکی زۆر شۆڕشگێر بوو و ئەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕوانگەی حامید بۆ سیاسەت و ژیان دانا.

درەنگانی شەو خۆسرەو شێعری شۆڕشگێڕی بۆ حامید دەخوێندەوە، لەسەر فەرهەنگی کوردستان زانیاری دەدایە و باسی تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی بۆ دەکرد.

ئەو زۆربەی کاتەکان بە حامیدی دەگوت «دەبێت بە قسە پێت بڵێم چونکە ناتوانم بینووسم. ئەوە قەدەغەیە و ئەگەر پێت نەڵێم لە بیرم دەچێتەوە.» لە ڕێگەی خۆسرەوی هاوڕێی و دایکییەوە بوو کە حامید لەو سەرکوتکارییە سیاسییە تێگەیشت کە لەسەر خەڵکەکەی هەبوو و ئەوەی کە چۆن شەڕکەرە کوردەکان ئازایانە بەرەنگاری ئەو سەرکوتکارییە بوونەتەوە. خۆسرەو شێعری ژمارەیەکی زۆری نووسەران و تەنانەت شێعری خۆی دووپات دەکردنەوە.

لە ساڵانی ١٩٨٠دا، ئەو پیاوە خوێندەوارە کوردستانییە -کە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی لە تاران بوو- لە لایەن خەڵکی سنەوە زۆر ڕێزی لێ دەگیرا. ئەو شەریکی ئەحمەد بوو لە تاران. خۆسرەو لە ساڵانی

## «دەبێت بە قسە پێت بڵێم چونکە ناتوانم بینووسم. ئەوە قەدەغەیە و ئەگەر پێت نەڵێم لە بیرم دەچێتەوە.»



کوردستان، ناوچەی بانە

١٩٨٠دا بووە پێشمەرگە و لە یەکەم سەرهەڵدانی سنە بە دژی ڕژیمی ئیسلامی بەشداری کرد. ساڵانێک دواتر کاتێک حامید چوو بۆ ئیتالیا، هەواڵی پێگەیشت کە خۆسرەو لە شەڕی نێوان پێشمەرگە و ڕژیمی ئسیلامیی ئایەتووڵڵا خومەینیدا کوژراوە. خۆسرەو لە شەڕدا بریندار بوو و بۆ چەندین هەفتە لە ماڵی خوشکی مابۆوە و دواتر لە سنە مرد. زۆر کەس ئەم هەواڵەیان بۆ حامید نارد.
درەنگانی شەو کاتێک حامید گوێی بۆ هاوڕێ خوێندەوارەکەی ڕاداشتبوو، چاوی بەسەر دەوڵەمەندی و بەربڵاویی ئەدەبیاتی کوردی کرایەوە. شوێنکەوتنی ئەو بابەتە قەدەغە بوو و ئەوە زیاتر شتەکەی بۆ کوڕە گەنجەکە سەرنجڕاکێش کرد.

**لەگەڵ ئەحمەد بەرەو بانە**

جاروبار حامید برا بچووکەکەی دەهێنا بۆ بانە و لەوێوە دەچوونە دوو گوندی دوور بە ناوەکانی زەرواو و بڵەسەن کە لە نزیک چەمی چۆمان لەسەر سنووری ئێران و ئێراق بوون. لەوێ کاری ڕووپێوییان دەکرد، چونکە ئەو شوێنانە ئەو کات هیچ جادەیەکیان نەبوو. بۆ ئەو سەفەرە بەناو نەرمایی گیا و کێوەکاندا تێدەپەڕین. کێوەکان بە گوڵاڵەی سوور، داربەڕوو و داری میوە داپۆشرا بوون. لە هاویناندا وەک ئەوەیە گوندەکان ئاوێتەی کێوەکان بووبێتن و لە ڕەنگی قاوەیی کێوەکاندا دیار نامێنن.
بیرەوەریی خۆشی هاوین چنینی ترێ، هەرمێ و قەیسی بوو لە دارەکانی ئەو دەوروبەرە. دەتگوت کەس خاوەنی ئەو دارانە نییە. خەڵک دەهاتن و هەرکامی چەندەی پێویست بوو لێی دەکردەوە. دابونەریتێکی جوان ئەوە بوو کە خەڵک تەنیا بەشی خواردنی بنەماڵەکانیان لێ دەکردەوە نەک بۆ فرۆشتن.

لەودیـو جوانـی و سـادەییەوە، حامیـد چاوێکـی لـە کۆنترۆڵـی ژاندارمـری و خـراپ بەکارهێنانـی دەسـەڵات بـوو لەسـەر خەڵکـی گوندەکانـی دەوروبـەر. ئەحمـەد و حامیـدی بـرای یەکـەم نێـردراوی فەرمـی بـوون کـە دەهاتنـە ئـەو ناوچەیـە تاکـوو کارێـک بـۆ ئـەو خەڵکـە هـەژارە بکـەن. هیـچ قوتابخانەیەکـی لـێ نەبـوو و خەڵـک نەخوێنـدەوار بـوون. ئـەوان قـەت لـە گوندەکانـی خۆیـان نەچووبوونـە دەر. بـە ڕاسـتی دنیایەکـی دیکـە بـوو.

ئـەو کات ئەحمـەد یارمەتـی زۆر کەسـی دا و بـەوە تاوانبـار دەکـرا کـە کەلوپـەل و ئامێرەکانـی لـە بەردەسـتیدان خـراپ بـە کار دەهێنێـت. حامیـد بـەردەوام لـە لای بـوو، کاری دەکـرد و فێـر دەبـوو کـە چـۆن جـادەکان سـاز دەکرێـن. ئـەوان یەکـەم کـەس بـوون کـە دەچوونـە دوورتریـن شـوێنەکان کـە قـەت پێشـتر خەڵـک ئۆتۆمبیلـی نەبینیبـوو. لـەوێ خەڵـک بـە ئۆتۆمبیلیـان دەگـوت «ژووری ئاسـن.»

کاتێـک کـە دوو براکـە کێوەکانیـان بـە بۆلدۆزێـر دەبـڕی، خەڵکـی گونـدەکان دەیانگـوت «ئـەوە کاری خودایـە.» شـۆفێری بۆڵدۆزێرەکـە ئـەو ڕۆژە پیاوێکـی زلـەی یارسـان بـوو و ئـەوەش ئەوەنـدەی تـر کاریگـەری لەسـەر خەڵکەکـە دانابـوو. ئـەو نـاوی کەریـم ژانـدار بـوو و لـەلای هاوکارەکانـی بـەوە ناسرابـوو کـە کەسـێکی ئـازا، بەئەزمـوون و بوێـرە چونکـە حـەز دەکات لـە ناوچـە شـاخاوییە قەدەغەکانـی کوردسـتان کار بـکات. ئەحمـەد حـەزی دەکـرد کار بـدات بـەو کوردانـەی دەیناسـین و بـەو شـێوەیە یارمەتییـان بـدات. دوای تەواوبوونـی ڕووپێـوی بـە کەریمـی گـوت «تـۆ دەبێـت لەگەڵـم بێیـت و بـەو بۆڵدۆزرێـرە ئـەو کێـوە هەڵـدڕی. ئـەو شـوینە زۆر بـەرز و مەترسیدارە.»

خەڵـک ڕێزێکـی زۆریـان لـە ئەحمـەد دەگـرت و حامیدیشـیان خـۆش دەویسـت. بـوون لـەو سروشـتە نـاوازە و کێـوە جوانانـەدا هەسـتێکی تایبەتـی بـوو. خەڵکـی ناوچەکـە، کاتـی کارکـردن شـووتیی سـارد و میـوەی خۆماڵیـی دیکەیـان بـۆ دەهێنـان.

حامیـد بـەردەوام هەوڵـی دەدا تواناییەکانـی خـۆی پێشـان بـدات، بـە تایبـەت ئـەو کاتـەی لەگـەڵ براکـەی بـوو؛ چونکـە دەیویسـت بیسـەلمێنێت کـە کەسـێکی بەهێـز و لێهاتـووە. بـەڵام ڕۆژێـک لـە بانـە، ئەحمـەد بینـی کـە حامیـد کەوتـووە. «دیتـم کـە کاتـی کارکـردن زۆر خـراپ کـەوت و زانیـم ئەژنـۆی برینـدار بـووە. هەرچەنـد ئـەو حـەزی نەدەکـرد کـە مـن بزانـم برینـدار بـووە. لـە کاتـی کاردا دەشـەلی، هـەر کـە مـن سـەیرم کـرد ڕاوەسـتا، تاوەکـوو مـن پـێ نەزانـم. بـە یەکێـک لـە هاوکارەکانـم گـوت کـە بیبـات بـۆ بەشـی فریاکەوتـن، هەرچەنـد قـەت ئـەوەم بـە خـۆی نەگـوت.»

### سنوورێک بوونی نییە

ناوچـە سـنوورییەکان بـە هـۆی بازرگانیـی نایاسـایی قاچاخچییەکانـەوە شـوێنێکی ئەمـن نەبـوون. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا بـۆ کـوردەکان سـنوورێک بوونـی نییـە. لـە سـەردەمانی زووەوە کـوردەکان ناوچـە شـاخاوییەکانیان بـۆ بازرگانـی لەگـەڵ خەڵکـی ئەودیـوی سـنوور بڕیـوە. سـەرەڕای ئـەوەی کـە بـە قاچاخچـی دەناسرێـن، بـە ڕێگەیەکـی سـەختدا و بـە پشـتی وەڵاخەکانیـان بـار لەمدیـو بـۆ ئەودیـو دەبـەن.

هەندێـک جـار خەڵـک لـە تارانـەوە دێـن بـۆ ئـەوەی ئـەم کارە بکـەن. بـە گشـتی کـوردەکان خەڵکێکـی پاکوخاوێـن، ڕێکوپێـک و تێکۆشـەر بـوون. قـەت لـەوێ بەکارهێنەرێکـی مـادەی هۆشـبەرت نەدەبینـی. جارێـک لەنـاو کرێکارەکانـدا کەسـێکی تێـدا بـوو کـە حەشیشـی دەکێشـا. ڕەنگـی ڕوخسـاری زەرد هەڵگەڕابـوو و بـە شـوێن

مـادەی هۆشـبەردا دەگـەڕا. کاتێـک ئەحمـەد پێـی زانـی کـە ئـەو کەسـە مـادەی هۆشـبەر بـە کار دەهێنێـت بـە سـەریدا قیژانـدی و گوتـی «تـۆ نابێـت لێـرە بیـت، بـە تایبـەت لەگـەڵ ئێمـە.»
حامیـد بیـری دێتـەوە کـە جارێـک لـەو کێوانـە کەسـێکی بینیـوە تەمەنـی نـەوەد یـان تەنانـەت سـەد سـاڵ بـووە. خەڵکـی ئـەو گوندانـە قـەت لەگـەڵ دوکتـور یـان حکومـەت پەیوەندییـان نەبـوو. کاتێـک ئەحمـەد لەگـەڵ هاوکارەکانـی هـات، ئـەوە یەکـەم جـار بـوو کـە ئـەو خەڵکـە کەسانی مۆدێرنـی خەڵکـی شـار ببینن. گوندەکانـی ئـەو ناوچـە شـاخاوییانە بـە تەواوەتـی شـوێنێکی داخـراو بـوون.
خەڵکـی ئـەو شـوێنانە هەموویـان جووتیـار بـوون و زۆر ژیانێکـی خاوێـن و تەندروسـتیان بـوو و خواردنیـان زیاتـر ترێیەکـی بەتـام و میـوەی باخچەکانیـان بـوو. ئـەوان بە شانازییەوە کاری کشـتوکاڵیان دەکـرد و لـەوەی بەرهەمیان دەهێنـا بەشـی ئـەو ڕێبوارانەیـان دەدا کـە لەوێـوە تێدەپـەڕن. ئـەوان جادەیـان نەبـوو و بـە کـەر و ئەسـپ سـەفەریان دەکـرد. شـێوازی ژیانیـان بـۆ حامیـد سـەرنجڕاکێش بـوو و کاریگەرییەکـی قووڵـی لەسـەر ئـەو دانـا.

## ناوچە سنوورییەکان بە هۆی بازرگانی نایاسایی قاچاخچییەکانەوە شوێنێکی ئەمن نەبوون. بەڵام لە ڕاستیدا بۆ کوردەکان سنوورێک بوونی نییە.

**کاریگەریی فیلم**

بـەر لـەوەی بچێتـە قوتابخانـەی دواناوەنـدی، کاتێـک تەمەنـی دوازدە بـۆ شـازدە سـاڵ دەبـوو، حامیـد لەگـەڵ هاوڕێکانـی زۆر دەچـوو بـۆ سـەیرکردنی فیلـم. لـە مەهابـاد دوو هۆڵـی سـینەمای ئۆمیـد و ئاریـای لـێ بـوون. لـە هەفتـەدا سـێ فیلمیـان نمایـش دەکـردن و لـە کۆتایـی هەفتـەدا ئـەو سـێ فیلمەیـان بـە دوای یەکـدا و لـە کاتژمێـر نـۆی بەیانـی تـا نـۆی شـەو نمایش دەکـردن. ڕۆژانـی هەینـی، ڕۆژی حامیـد و هاوڕێکانـی بـوو، خواردنیان لەگـەڵ خۆیـان دەبـرد و هـەر سـێ فیلمەکەیـان بـە دوای یەکـدا سـەیر دەکـردن، پارەکانیـان پاشـەکەوت دەکـردن تـا بتوانـن ڕۆژانـی هەینـی ئـەو کارە بکـەن و ئـەوەش دڵخۆشـی هەفتەکەیـان بـوو. فیلـم تاکـە دەلاقـە بـوو کـە دنیـای لێـوە ببینـن. جیهانـی فیلـم کرانـەوە بـوو بـەرەو دنیایەکـی تـەواو جیـاواز لـە دنیـای ئـەوان. منداڵـەکان چێژیـان لـە بینینـی فیلمەکانـی جـان وایـن و فیلمـە فارسـی و ئێرانییـەکان وەردەگـرت.
کاتێـک حامیـد چـووە تـاران، لەگـەڵ زۆر ئەزموونـی نێونەتەوەیـی سینەما ئاشـنا بـوو. تەنانـەت ئـەو فیلمانەشـی دەبینـی کـە لـە نیۆیـۆرک نمایش دەکـران. حامیـد زیاتـر و زیاتـر لەگـەڵ دنیایـەک ئاشـنا بـوو کـە بـەردەوام لـە بەرفراوانبوونـدا بـوو.
ژیـان هەمـووی سـەرگەرمی نەبـوو، بۆیـە ئەحمـەد هەسـتی کـرد کاتـی ئەوەیـە کـە حامیـد بـڕوات. ئەحمـەد دەڵێـت «کاتێـک حامیـد لەگـەڵ هاوڕێکـەی یوسـف خۆمایـزی لـەماڵـەوە خەریکـی یاریـی تەختـە بـوو، بانگـم کـرد، دەسـتێکم بـە شـانیدا کێشـا، چونکـە دەمویسـت بـەردەوام بخوێنێـت. بـەڵام ئـەو وەڵامـی دامـەوە کـە

هەمیشە باشترین خوێندکار بووە. لەوە زیاتر چیت لێم دەوێت! پێموت، زۆر چاکە، ئەگەر بتوانێت لە نێوان خوێندکارانی پایتەختدا لە تاران یەکەم بێت، من شانازی پێوە دەکەم.»

## ئەحمەد داوای لێ دەکات لە تاران بخوێنێت

لەو دوو ساڵەدا کە حامید لە قوتابخانەی دواناوەندیی تەکنیکی بوو، لە خوێندنەکەیدا زۆر سەرکەوتوو بوو. ئەو حەزی بە خوێندن دەکرد و بەرزترین نومرەکانی بە دەست هێنان؛ براکەی زۆر شانازی پێوە دەکرد. بەڵام کاتی قۆناغی دواتر هاتبوو. ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥، ئەحمەد پێی وت «ئێستا دەبێت بچیت بۆ تاران و لەوێ بخوێنیت؛ قوتابخانەکانی ئەوێ باشترن.» ئاستی وانەوتنەوە لەوێ زۆر بەرزتر بوو و لەوێ حامید لە تاقیکردنەوەیەکی نیشتمانیدا بەشداری دەکرد تاوەکوو بچێتە زانکۆ.

ئەحمەد لەسەر ئەم کارەی پێداگر بوو، داوای لە برا حەڤدە ساڵەکەی کرد کە بچێت بۆ زانکۆ. حامید چوو بۆ تاران و لە باشترین قوتابخانەی تەکنیکیی تاران واتە لە قوتابخانەی «هونەرستانی پیشە» دەستی کرد بە خوێندن. قوتابخانەکە لە مەیدانی فیردەوسی بوو کە ڕێک دەکەوێتە ناوەندی شار لە شەقامی ئەیزنهاور. زانکۆی تارانیش لەسەر ئەو شەقامە بوو و زۆر کوردی دانیشتووی تاران لەوێ دەژیان و سەردانی ناو بازاڕیان دەکرد. ئەحمەد شوێنێکی نیشتەجیبوون (پانسیۆن یان هۆتێل)ی بۆ حامید دۆزییەوە و پشتیوانی مادی لێ کرد کە کرێی شوێنەکە بدات: «کرێکەی مانگی سێ هەزار تمەن بوو، ئەوەش بۆ ئەو کاتە پارەیەکی زۆر بوو کە من دەمدا.» یووسف خۆمایزی هاوژووریی حامید کە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی مەهاباد بوو، شوێن هاوڕێکەی کەوتبوو بۆ تاران. یەکەمجار لەو شوێنە بوو کە حامید خوێندکاری دەبینین کە چالاکیی سیاسییان هەیە.

## کۆمپانیای ڕووپێویی ئێران

ئەحمەد بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک پشتیوانیی لە براکەی لە تاران دەکرد و لە ڕێگەی هاوڕێیەکی ئەندازیاری بە ناوی مەحموود نووری کە لە کۆمپانیای ڕووپێویی ئێران کاری دەکرد کاری بۆ هەردووکیان دۆزییەوە. شوێنی کارەکەیان لە شەقامی ویسالی شیرازی بوو کە دەکەوێتە پشت زانکۆی تارانەوە. لە سێپتەمبری ١٩٧٦ تا مەی ١٩٧٧ حامید دوانیوەڕۆیان لەوێ کاری دەکرد و شارەزایی خۆی بردە سەر.

هەموو شت لەوێ نوێ و سەرنجڕاکێش بوو، هەم لە باری کلتووری و هەم کۆمەڵایەتیشەوە ئەو گەورە بوو و پێگەیشت. ژیان لە تاران لە هەموو ڕوویەکەوە هاندەری بوو. لە باری کۆمەڵایەتییەوە حامید بۆ یەکەم جار کوڕ و کچی گەنجی پێکەوە دەبینین. ئەو قەت لە مەهاباد شتی وای نەدیبوو چونکە ژن و پیاو بە تەواوەتی لە یەکتر جیا دەکرانەوە. پیاوان لە تاران بە کراوەیی باسی ژنانیان دەکرد، ئەوە تەواو کلتوورێکی جیاواز بوو. حامید دەڵێت: «وەک کەسێکی دێهاتی هەستم دەکرد لە هەسارەیەکی دیکەم.» ئەو لەوێ مایەوە، هاوڕێی نوێی دۆزینەوە و زۆر بە تامەزرۆیی پێشوازی لە هەموو لایەنەکانی ژیانی نوێ کرد.

**یەکەمێکی تر: تەلەفزیۆن**

لـەو گونـدەی کـە ئـەو لێـی گـەورە ببـوو، بنەماڵەکـەی تەنیـا ڕادیۆیـان هەبـوو. حامیـد بـۆ یەکەمجـار لـە تـاران تەلەفزیۆنـی بینـی. تەکنۆلۆژیـی مۆدێرنـی دیکـە هێشـتا نەگەیشـتبوونە مەهابـاد. کاتێـک فیلـم و بەرنامـە تەلەفزیۆنییەکانـی بینیـن، وشـیاریی کلتووریـی زۆر لـەو شـتە زیاتـر بـوو کـە ئـەو پێشـتر لـە ژیانـی گونـددا دیتبـووی. لـە چەنـد سـاڵی دواتـردا، ئامێـری تەلەفزیۆنـی ڕەش و سـپی دەفـرۆشران کـە شاشـەیەکی بچووکیـان هەبـوو. دەوڵەمەندەکانـی ئێـران حەزیـان بـە تەکنۆلۆژیـی نـوێ بـوو و حەزیـان دەکـرد خـۆی پێـوە هەڵکێشـن. لـە سـەردانێکی بـۆ مەهابـاد لەگـەڵ هاوڕێکـەی، بینییـان کـە تەکنۆلۆژیـی تەلەفـۆن گەیشـتووەتە مەهابـاد. هـەر تەلەفۆنێـک ژمارەیەکـی تایبـەت بـە خـۆی هەبـوو. ئـەوە شـتێکی نـوێ بـوو و درەنگانـی ئێـوارە، کـوڕوکاڵ بـەو کەسـانەیان ڕادەبـوارد کـە دەیانناسـین یـان بەبـێ ئـەوەی خۆیـان بناسـێنن تەلەفۆنیـان دەکـرد بـۆ کەسـانی نەناسراویـش و بـە بەکارهێنانـی ئـەم تەکنۆلۆژییـە نوێیـە خۆشـحاڵ بـوون.

لـە مەهابـاد دوو یـان سـێ ڕێسـتۆرانی لـێ بـوون کـە بیرەیـان لـێ دەفـرۆشرا بـەڵام حامیـد قـەت بـۆ خواردنـەوە نەچـوو بـۆ ئـەو شـوێنانە. ئـەو قـەت لـەوێ بیـرەی نەخـواردووە. حـەزی پـێ نەدەکـرد و دواتـر کاتێـک لـە ئیتالیـا خوێنـدکار بـوو بـە ڕێکـەوت هەندێـک شـەرابی خواردووەتـەوە.

**ژیان لە تاران و شانازیکردن بە ناسنامەی کوردبوونییەوە**

لـە شـوێنی مانـەوەی لـە تـاران، حامیـد زۆر خوێنـدکاری بینیـن. لـەوێ لـە ڕۆژنامەکانـدا سـەبارەت بـە تیرۆریسـتە ئیسـلامییەکان شـتی دەخوێنـدەوە. هەندێـک لایـەن وەک موجاهیدیـن و مارکسیسـتە ئیسـلامییەکان زۆر بـە شـوێن ئایینـەوە بـوون و ئەوانـی دیکـە سـەر بـە گرووپـە چەپـەکان بـوون. حامیـد بـە هیـچ شـێوەیەک حـەزی بـە چالاکییـە ئایینییـەکان نەبـوو. ئـەو لـە ڕێگـەی مامۆسـتاکەی و خـۆسرەو ڕەشـیدیانەوە کەوتـە ژێـر کاریگەریـی کۆمەڵـەوە؛ هەروەهـا ڕێـزی بـوو حـدکا بـوو چونکـە زۆربـەی ئەندامەکانـی ئـەو حیزبـەی دەناسـین. لـەو کاتـەدا حـەزی بـە فەدائیانیـش بـوو. ئـەو ڕوونـی دەکاتـەوە و دەڵێـت «دەمتوانـی دوو گرووپـان لـە یـەک هەڵاوێـرم، بـەڵام مـن تەنیـا حـەزم دەکـرد خزمەتـی سـەربازیم تـەواو بکـەم و وڵات بەجـێ بهێڵـم. ئـەوە تاکـە ئامانجـی مـن لـە هـەر کارێـک بـوو کـە دەمکـرد.»

لەگـەڵ باشـتربوونی ئـەو سـەرچاوە فەرهەنگییانـەی حامیـد کەڵکـی لـێ وەردەگرتـن، زانیاریـی زیاتـری لـە ژینگـەی دەوروبـەری و لەسـەر ژیـان بـە دەسـت هێنـا. لەگـەڵ ڕاهاتنـی بـە ژینگـە و کلتـووری نـوێ، حامیـد زیاتـر حـەزی بـە خوێنـدن و چوونـە زانکـۆ کـرد. هەرچەنـد ئـەو حـەزی نەدەکـرد ببێتـە کەسـێکی سیاسـەتوان بـەڵام شـانازیکردنی بـە ناسـنامەی کوردبوونـی زیاتـر گەشـەی سـەند. حامیـد لـە کۆبوونـەوە سیاسـی و فەرهەنگییەکانـدا بەشـدار دەبـوو تـا زیاتـر فێـر بێـت. کاتێـک بـە شـانازییەوە جلـی کـوردی لەبـەر دەکـرد، خەڵـک تێـی دەئـاڵان. ئـەو هەمیشـە جامانەیەکـی سـووری دەبەسـت. زۆر جـار خەڵـک لێیـان دەپرسـی، «تـۆ بارزانیـت؟» –خێڵـی بـارزان جامانـەی سـوور و سـپی دەبەسـتن و جامانـەی خێڵەکانـی تـر ڕەش و سـپییە- ئەویـش هەمیشـە وەڵامـی دەدایـەوە. «نـا، تەنیـا حـەزم لـە ڕەنگـی سـوورە.»

هەر لەو ساڵانەدا، حامید جارێک لەسەر کوردبوونی لە تەوریز لێی درابوو و برینەکانی ئەوەندە قووڵ بوون کە خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو. سەرەڕای ئەو ڕووداوە و زیادبوونی زانیاری لەسەر کلتووری نەتەوەکەی و ئەوەی کە دەیزانی ئەو لە فارسەکان، ئازەرییەکان و نەتەوەکانی دیکە جیایە، بەڵام قەت خۆی وەک هاوڵاتییەکی پلەدوو لە ئێران سەیر نەدەکرد. ئەو هەمیشە خۆی بە کورد دەزانی نەک ئێرانی.

چەند دەیە دەگەڕێتەوە بۆ دواوە و دەڵێت «من ئەو ئاواتەم هەبوو و سەرەڕای تەمەنی کەمم، کەسانێکم ناسی کە دنیایان تەواو لە دنیای من جیاواز بوو. من کەسانێکم بینی کە لە مۆنتریاڵەوە گەڕابوونەوە تاوەکوو لەگەڵ براکەم کار بکەن. هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەی کلتووریمەوە، من لەوانەوە فێر دەبووم. لە سەرەتاوە زۆر هەوڵم دا لە هەموو ئەو شتە بچوکانە فێر ببم کە منداڵیی منیان پێکدەهێنا.»

## پلانی مەهاباد بۆ وەرگیران لە زانکۆ بەبێ تاقیکردنەوە

لە بەهاری ساڵی ١٩٧٧دا، مانگێک بەر لەوەی کە تێرمی خوێندنەکەی لە دواناوەندیی تەکنیکی لە تاران تەواو بکات، بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد. خوێندکارانی «نەواری مەرزی» واتە ئەو دێهات و شارانەی کە لەسەر سنوور بوون، بە مەرجێک لە دواناوەندیدا پلەی یەکەمیان بە دەست بهێنایە، دەیانتوانی بەبێ تاقیکردنەوە بچن بۆ زانکۆ. یەکێک لە مامۆستاکانی پێی وت چونکە ئەو یەکێک لە باشترین خوێندکارەکان بووە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد و ئەگەر ئەو ساڵەشی بە باشترین نمرەکانەوە ببڕێت دەتوانێت کەڵک لەو هەلە وەربگرێت و بەبێ هیچ تاقیکردنەوەیەک بچێت بۆ زانکۆ.

حامید زۆر جاران یارمەتی ئەو مامۆستایەی دەدا، مامۆستاکە دیزاینی پڕۆژەی ئاستەمی پێ دەسپارد و ئەویش بە سەرکەوتوویی کارەکەی ڕادەپەڕاند. بەم شێوەیە حامید و یوسفی هاوڕێی بڕیاریان دا بەر لەوەی ساڵی خوێندن تەواو ببێت بگەڕێنەوە بۆ مەهاباد.

ئەوان گەڕانەوە بۆ مەهاباد تا کەڵک لەو هەلە وەربگرن کە تەنیا بۆ شارە سنوورییەکان بوو. «سیستم وا بوو،» کاتێک پێشنیار بە حامید درا، «و ویستمان کەڵک لەو هەلە وەربگرین یان وامان بیر دەکردەوە.» بەم شێوەیە ئەو ڕازی بوو بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد. لە مەهاباد کێبەرکێ بوو و چاوەڕێی گەڕانەوەی حامیدیان دەکرد. تیمی بەسکێتباڵەکەی پێشووی بە گەڕانەوەی حامید و یاریکردنی دڵخۆش بوون. هاوڕێکانی لە دڵەوە بە گەڕانەوەی دڵخۆش بوون. پێکەوە تا درەنگانی شەو بۆ تاقیکردنەوەیەکی گرینگ دەرسیان دەخوێند، هەندێک جار تا نیوە شەو و کاتژمێر دووی بەربەیانی لە مزگەوت دادەنیشتن و دەرسیان دەخوێند.

## مزگەوت

حامید و دە یان دوازدە هاوڕێی بۆ دەرس خوێندن دەچوونە مزگەوتی سەیدی لە شەقامی فەرەح. بەم کارەش نەیاندەویست لە ماڵەوە بمێننەوە یان بنەماڵەکانیان ئەزیەت بدەن. هەموو هاوڕێکان دەیانزانی کە دەبێت لە مزگەوت یەک بگرنەوە. مزگەوت فەزایەکی گەورە و کراوەی هەبوو و فەرشی ئێرانی تێدا ڕاخرابوو. هەمیشە کراوە بوو و لە هەمووشی باشتر گەرم بوو. ئەوان بۆ ئەوە نەدەچوون لەوێ نوێژ بکەن و قەتیش نوێژیان نەدەکرد. بەڵام چونکە ژوورەوە زۆر بێدەنگ بوو، دەیانتوانی بە باشی دەرسی تێدا بخوێنن. هەموو کەس بە تایبەت لە زستانانندا، دەیتوانی بچێت بۆ مزگەوت.

لە هاویناندا دەچوونە باخچەی مزگەوت یان پارکەکانی تری شار. بەیانیان زۆر زوو کاتژمێر پێنج، لە شوێنێکی چۆڵ لە بن دارەکان لە پارک کۆ دەبوونەوە. ئەو شوێنەی دەرسیان تێدا دەخوێند خەڵک نەدەچوو.

ئەو شوێنە تایبەتە داری هەڵوچە و میوەی تری لێ بوو. کوڕە لاوەکان چایی و خواردنیان دەهێنا و چەندین کاتژمێر دەرسیان دەخوێند تا بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی کە زۆر ئاستەم بوو خۆیان ئامادە بکەن. مانگێکیان کات هەبوو بۆ خۆ ئامادەکردن و تەنیا لە ڕێگەی خوێندنەوە و باسکردن لەسەر بابەتەکان فێر دەبوون. خوێندن و کات بەسەربردن لەناو سروشتدا چێژێکی تایبەتی هەبوو.

یەکێک لە هاوڕێکانی حامید، تەها کەرباسیان بوو کە دواتر بووە پێشمەرگە. ئەو کەسێکی نەترس بوو. کاتی دەرس خوێندن، دەچوو بۆ مارگرتن لەناو دارەکاندا. هەر لە منداڵییەوە حامید لە مار دەترسا و کاتێک تەها مارێکی دەگرت دەیبرد بەرەو هاوڕێکانی، مارەکەی تێ دەهاڵاندن و مار دەیفیشکاند. ئەو تەمەنە بۆ ئەوان هەرەتی دڵخۆشی بوو و بۆیان گرینگ نەبوو چ چارەنووسێکیان لەبەر دەمدایە.

## گەڕانەوە بۆ تاران بۆ تەواوکردنی خوێندن

تەنیا حامید و هاوڕێکەی یووسف توانابیان لە تاقیکردنەوەی نیشتمانیدا سەر بکەون و هەموو ئەوانەی دیکە دەبوو لایکەمی لە یەک وانەدا لە مانگی خەرماناندا بەشداری تاقیکردنەوە ببنەوە. ئەو دوو هاوڕێیە زۆر دڵخۆش بوون بەوەی کە توانیبوویان بە سەرکەوتوویی لە تاقیکردنەوەکانی مانگی جۆزەرداندا دەربچن. حامید بە یەکەم و یوسف بە دووهەم دەرچوو، ئەو هاوینە حامید لەگەڵ ئەحمەد بۆ کارکردن چوو بۆ بانە. ئەحمەد پێداگر بوو کە حامید بچێتە زانکۆ. حامید بە براکەی وت کە هیچ کێشەیەک نییە. ئەو دەچێت چونکە بەرزترین نمرەی لە تاقیکردنەوەکان بە دەست هێناوە. ئەحمەد بە جدییەتەوە سەیری کرد و پێی وت «دەبێت دڵنیا بیت.»

**حامید دەبوو تا سێپتەمبری ۱۹۷۷ چاوەڕوان بێت تا بزانێت چارەنووسی چی لێ بەسەر دێت.**

## پێنەدانی ئیمتیازی چوونە زانکۆ

لە کۆتایی هاویندا، حامید زانی کە ئیمتیازی چوونە زانکۆیان پێ نەداوە. بەڕێوبەری مەدرەسەکە پێی گوت «ئەم یاسایە مەهاباد ناگرێتەوە.» مەهاباد وەک شاری سنووری لەبەر چاو نەگیرابوو و خوێندکارەکانی وەک گرووپی «نەواری مەرزی» ئەژمار نەدەکران.

حامید لەوە ناڕەحەت بوو «من لە تارانەوە هاتمەوە و بەشداریی تاقیکردنەوەی نیشمانیم نەکرد، چونکە ئێوە وتتان بگەڕێمەوە.» بەم شێوەیە بڕیاری دا کە بەشداری تاقیکردنەوەی تایبەتی چوونە زانکۆ نەکات کە بە کونکور ناسرابوو، چونکە دڵنیا بوو لەوەی کە لە ڕێگەی ئیمتیازی نەواری مەرزی دەتوانێت بچێتە زانکۆ.

یەکێک لە مامۆستا کوردەکانی داوای لێکرد بچێتە دەزگای سیخوڕیی ساواک و بۆیان ڕوون بکاتەوە کە سەرەڕای ئەوەی نومرەکانی بەرز بوون، ئەو ئیمتیازیان پێ نەداوە چونکە ئەو کوردە. خوێندکارانی مەهاباد دەیانگوت کە مەهاباد نەواری مەرزییە. مامۆستاکەی پێی وت «باشترین ڕێگە ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ بچیت بۆیان شی بکەیتەوە.»

حامید بە قسەی کرد، بەڵام دیسانەوە ڕێگەیان نەدا بچێتە زانکۆ. ئەوە یەکەم جار و دوایین جار بوو نزیک ساواک بکەوێتەوە. داوایان لێکرد کە ڕاپۆرتێک سەبارەت بە حاڵەتەکەی بنووسێت، ئەو کارەی کرد بەڵام قەت وەڵامیان نەدایەوە. حامید زۆر بێهیوا بوو.

تەنانەت لەو قۆناغەشدا، ئەو دەبوو بڕیارێکی چارەنووسساز بدات کە ئەو ببات بەرەو داهاتوویەکی زۆر جیاواز لە زۆربەی هاوڕێ و هاوکارەکانی. ئەو بڕیاری دا بچێتە دەرەوەی وڵات. ئێران بە جێ بهێڵێت و لە ئیتالیا درێژە بە خوێندن بدات. بەڵام بۆ ئەو کارە ناچار بوو بچێتە سەربازی تاوەکوو پاسپۆرتی بدەنێ.

## چوونی حامید بۆ ناو سیاسەت

لە ساڵی ١٩٧٧دا موجاهیدین و فەدائییان کە دوو گرووپی سیاسیی چەپ بوون لە تاران چالاکییان دەکرد و ساواک بە توندی دەیویست هەرجۆرە چالاکییەکی دژبەرانی شا کۆنترۆڵ بکات.

حامید لە مێرمنداڵیدا زۆر شت لەسەر سیاسەت لە خۆسرەو فێر ببوو. ئەو ئێستا هەشت ساڵ تەمەنی زیاتر بوو و وێڕای ئەوەی کە کوردستان زۆر ئارام بوو، چالاکیی سیاسیی حامید ڕوو لە زیادبوون بوو. «دەتتوانی بچیت بۆ هەموو شوێنێک. بارودۆخ زۆر زۆر ئارام بوو. لە هەموو سنوورەکان ژاندارمت دەبینین. لاوانی کوردی مەهاباد و بانە دەیانزانی کێ لەگەڵ پۆلیسی نهێنیی ساواکە.»

لە ساڵانی ١٩٦٠دا، بەرهەڵستیی مەلاکان بە دژی شا ڕووی لە زیادبوون کرد؛ چونکە مەلاکان پێیان وابوو کە شۆڕشی سپی و بە ڕۆژئاوایی کردنی وڵات مەترسییە بۆ سەر ئیسلام. هەر زوو مەلایەکی نەناسراو لە شاری قوم دەستی کرد بە سەرزەنشتی شا بەوەی کە فەسادی ئاکاری بڵاو دەکاتەوە و نۆکەری ئەمریکا و ئیسرائیلە. ئەو مەلایە ناوی ئایەتوڵڵا خومەینی بوو. پەڕۆیەکی ڕەشی لە دەوری سەری دەبەست کە هێما بوو بۆ ئەوەی لە تۆرەمەی حەزرەتی محەممەدە. خومەینی پیاوێکی ڕدێن سپیی چاوڕەش بوو و لە قسەکانی لە مەدرەسەکاندا هاواری دژی شا دەکرد و بە «پیاوێکی پەست و لێقەوماو» ناوی دەبرد.

## حامید لە مێرمنداڵیدا زۆر شت لەسەر سیاسەت لە خۆسرەو فێر ببوو. ئەو ئێستا هەشت ساڵ تەمەنی زیاتر بوو و وێڕای ئەوەی کە کوردستان زۆر ئارام بوو، چالاکیی سیاسیی حامید ڕوو لە زیادبوون بوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤دا خومەینی دەستگیرا کرا و لە وڵات دوور خرایەوە.ساواک دەستی کرد بە سەرکوتی سیستماتیکی دژبەرانی شا. خومەینی لە دەرەوەی وڵاتەوە لە ڕێگەی کاسێتی وتارەکانییەوە کە بە قاچاخی دەهاتنەوە ئێران، دەنگی خۆی دەگەیاندە خەڵک. خەڵک کاسێتەکانی دەستاودەست دەکردن. لە ساڵی ١٩٧٧، خومەینی بوو بە ڕێبەری ڕۆحیی شۆڕشێک دژی شا کە ئیسلامییە ڕیفۆرمخوازەکان و سێکۆلارەکان ڕێکیان خستبوو و زۆربەی دژبەران کەسانی ڕۆشنبیر و ئەکادیمی بوون.
ئێرانییەکان شایان لەبەر چاوی بێزرابوو. سەرەڕای ئەوەی کە نەوتێکی زۆری دەفرۆشت و پارەیەکی زۆر دەهاتە ناو وڵاتەوە، بەڵام پارەکان نەدەدران بە خەڵک و نایەکسانی زۆر بوو. خوێندکاران و کەسانی پسپۆڕ خۆیان ڕێک دەخست بۆ ئەوەی خۆپیشاندان بکەن.
ساواک لە کوردستان زۆر چالاک بوو چون ئەو ناوچەیە هەردەم وەک سەنگەرێکی بەرهەڵستکاری سەیر دەکرا. کاتێک حامید لە ساڵی ١٩٧٧دا گەڕایەوە مەهاباد، ساواک ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێکانی دەستگیر کرد. حامید زانی کە لاوەکان لە شاردا چالاکیی سیاسییان کردووە بەڵام ئەو کاتە بە هۆی سەرقاڵیی بە خوێندنەوە تێکەڵاوی سیاسەت نەبوو. ئەو تەنیا ئامانجی ئەوە بوو کە لە زانکۆی تاران وەرگیرێت.

### پێویستیی چوونەدەرەوە لە وڵات

سەرەنجام حامید لە زانکۆی ورمێ وەرگیرا کە بە هیچ شێوەیەک بە دڵی نەبوو. هاوڕێکەی یوسف لە زانکۆی تاران وەرگیرا. حامید ویستی کە بۆ درێژەدان بە خوێندن وڵات بەجێ بهێڵێت.
ئەو نەچوو بۆ ورمێ: «ورمێ، من ئەو شتە قەبوڵ ناکەم!» چونکە ئەو نمرەکانی زۆر بەرز بوون. مانگێک دواتر چوو بۆ سەربازی. لەو کاتەوە ئیتر ڕوانگەیەکی دیکەی بۆ داهاتوو هەبوو. ئەو تەنیا یەک شتی دەزانی» ئەوەی کە پێویستە پاسپۆرت وەربگرێت بۆ ئەوەی لە وڵات دەرکەوێت. حامید بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات ناچار بوو کە سەربازییەکەی تەواو بکات. ئەوە تەنیا ئامانجی ئەو بوو.
ئەو ئەحمەدی برای لە بڕیارەکەی ئاگادار کردەوە. «دەمهەوێت لە ئێران بڕۆم، نامەوێت چیتر لێرە بخوێنم. دەمەوێت بچمە دەرەوەی وڵات.» بەڵام ئەحمەد داوای لە براکەی کرد لە ئێران بمێنێتەوە. بۆ یەکەم جار ئەوان ڕایان لەسەر شتێک جیاواز بوو و حامید بە قسەی براکەی نەدەکرد. ئەو گوێی بۆ براکەی و بۆ پێشنیارەکانی نەدەگرت. ئەوە نە تەنیا ئەحمەدی زۆر ناڕەحەت کرد بەڵکوو زۆریشی قسە پێگوت.
ئەحمەد بە ڕاشکاوی قسەی دەکرد و وتی کە تەواو تێکچووە، زۆر بەوە ناڕەحەت بوو کە براکەی چووە بۆ

سەربازی. ئەحمەد نەیدەزانی کە چ شتێک لە پشت ئەو بڕیارە توند و قاییمەی براکەیەتی. بۆ یەکەم جار، لێک دوور کەوتنەوە و حامید بۆ شەش مانگان لەگەڵ براکەی دەنگی دابڕی.

حامید دەیزانی چی دەوێت. «من قەبوڵم نەکرد بچم بۆ زانکۆی ورمێ. براکەم زۆر بە دژم ڕاوەستایەوە و وتی کە دەبێت بچمە ورمێ. بەڵام من بڕوام وابوو کە ئەوە بۆ من باش نییە. من ئاواتێکی زۆر گەورەم هەبوو. براکەم زۆر دڵگران بوو. بەڵام من پێداگر بووم و بڕیارم دابوو کە دەبێت شوێن شتی گەورەتر بکەوم. من بە تەواوەتی بڕیارم دابوو کە بەرەوپێش بچم.»

باوکیشی نەیدەویست کە بڕوات، داوای لە کوڕەکەی کرد لەلای بمێنێتەوە. ئەو پێی گوت «تۆ دەبێت لە کوردستان بمێنیتەوە و وەک هاوڕێکانت ببیت بە مامۆستا.» ئەوە بۆ حامید یەکێک لە ناخۆشترین کاتەکانی ژیانی بوو کە دەبێت لەنێوان خۆشەویستیی باوکی و بنەماڵەکەی لە لایەک و حەز و ئاواتەکانی یەکیان هەڵبژێرێت. ئەو نەیدەزانی کاتێک بڕوات ئیتر قەت باوکی نابینێتەوە.

## بەخشینی پلەیەکی سەربازی بە هۆی خوێندنەکەیەوە

پاش ناونووسی بۆ چوونە خزمەتی سەربازی لە مەهاباد، حامید خۆی پێچایەوە بۆ ئەوەی بڕوات. ئەو ڕۆژەی حامید مەهابادی جێهێشت، کاک کەریم خومایزی باوکی یوسفی هاوڕێی، کە شیرینیخانەیەکی ناسراوی بوو دوو کیلۆ شیرینی بۆ کاتی ماڵاوایی هێنابوو.

حامید لەگەڵ هاوڕێکانی و لە شەوێکی مانگی دیسامبری ١٩٧٧دا گەیشتە تاران. لەگەڵ ئەوەی پاسەکە گەیشتە ناو شار، حامید زۆری وزە هەبوو. ئەمجارە بەوە دڵخۆش بوو کە هەنگاوی بەرەو برینی ڕێگەکەی بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات هەڵگرتووە. هاوڕێکان ڕاستەوخۆ چوون بۆ پادگانی سەربازی، شوێنێک کە دەبێت سێ مانگی داهاتوو لەوێ ڕاهێنانی سەربازی بکەن.

حامید ڕۆژی دوایی بەیانی زوو لە هەوایەکی شێداری بەهاریدا بۆ دەستپێکردنی خزمەتی سەربازی لە خەو هەستا. بە هۆی ئەوەی لە تاقیکردنەوەکاندا نمرەی بەرزی بە دەست هێنابوون، لەگەڵ ئەو سەربازانە دانرا کە پێشتر زانکۆیان تەواو کردبوو. بە هۆی ئەوەی لە قوتابخانەدا باش بوو، پلەی گرووهبانی وەرگرت کە پلەیەک لە سەربازی ئاسایی بەرەوسەرترە. ئەویان نارد بۆ بەشی ئەندازیاری. جیا لەوەی کە پارەیەکی دەدرایە لەگەڵ مانەوەی زیاتری بەخششێکی زیاتریشی وەردەگرت.

حامید و خوێندکارەکانی هاوڕێی لە قوتابخانەی سەربازیدا فێری بەکارهێنان، خاوێنکردنەوە و هەڵگرتنی چەکوچۆڵی ئەو سەردەمە بوون. چەند ئەفسەری ئەمریکایی-ئێرانی لێبوون کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژیابوون. ئەوان لە فارسی قسەکردندا شێوەئاخاوتنی ئەمریکاییان بوو و لەگەڵ سەربازەکان مێهرەبان بوون. هیچیان شەوانە نەدەمانەوە بەڵام هەموو شتیان بەجێ هێشت تاوەکوو بگەڕێنەوە بۆ لای بنەماڵەکانیان.

«هەموو ڕۆژێک کاتژمێر شەشی بەیانی فەرماندە دەهات بۆ ئەوەی ژوورەکەمان بپشکنێت. دەبوو جێگەکانمان خاوێن بن. پاش نانی بەیانی، دەستمان دەکرد بە وەرزش. لە سەربازیدا زۆر وەرزشی جیاجیامان دەکرد و لەو گەرما تاقەتپڕووکێنەی هاوینی ئێراندا کارێکی سەخت بوو.»

ئـەو سـەربازانەی کـە ماڵیـان لـە تـاران بـوو، ڕێگەیـان پێـدەدرا شـەوانە بچنـەوە ماڵـەوە بـەڵام ئەوانـەی کـە ژن و منداڵیـان نەبـوو دەبـوو لـە پـادگان بمێننـەوە.

## گواستنەوەی بۆ بەشی ئەندازیاری لە ئەهواز

کاتێـک ڕاهێنانـی سـەرەتایی تـەواو بـوو، حامیـد لـە هاوینـدا گوازرایـەوە بـۆ ئەهـواز لـە باشـووری ئێـران کـە دەکەوێتـە نزیـک سـنووری ئێـراق. ئەهـواز شـارێکی پـڕ لـە نەوتـە لـە پارێـزگای خوزسـتانی ئێـران کـە دەکەوێتـە سـەر ڕووبـاری کاروون. لـە ١٣ی نۆڤەمـبری ١٩٧٧دا، بـە هـۆی زانیارییەکـەی لـە بـواری ئەندازیاریـدا، دەسـتی کـرد بـە خولێکـی تایبەتـی فێـرکاری لـە کەرتـی ئەندازیاریـدا.

حامیـد دڵخـۆش بـوو. ئـەو ناچـار نەبـوو کـە لـە بنکـەی سـەربازیدا بمێنێتـەوە. هەروەهـا ناچـار نەبـوو کـە شـەوانە تـا بەیانـی وەک ئەحمـەد و عەزیمـی هاوڕێـی پاسـەوانی بـکات یـان هـەرکام لـەو کارە قورسـانەی تـر کـە دەبـوو سـەربازەکان بیکـەن. جگـە لەمـە، لـە جیاتـی ئـەوەی سـێ مانـگ خەریکـی ڕاهێنانێکـی زۆر سـەرەتایی بێـت کـە زۆربـەی سـەربازەکانی دیکـە دەیانکـرد، حامیـد تـەواوی سـێ مانگەکـە لـە خولێکـی ڕاهێنانـی ئەندازیـار بـوو کـە فێـری دروسـتکردنی پـرد و شـتی دیکـە دەبـوون.

لە هەمان کاتدا، ئەو بڕیاری دا کە شەوانە ئینگلیزی بخوێنێت.

هەمـوو ئـەم کارانـە یارمەتیـی دانانـی بناخـەی داهاتوویەکـی دا کـە لەبـەر دەمیـدا بـوو و دەیویسـت دەسـتی پـێ بـکات. حامیـد لـە سـەربازی بـووە ئەندازیارێکـی تـەواو. قـەت لـە شـەودا پاسـەوانی نەکـرد. پلەکـەی لـەو ئەرکانـە ڕزگاری کـرد.

## ٣. هوشیاریی سیاسی لە ئێران: سەرهەڵدانەکانی ١٩٧٩-١٩٧٨

بارودۆخی سیاسی بەرەو ئاڵۆزی دەچوو. لە ڕۆژی ٦ ژانویەی ١٩٧٨، لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا وتارێک بڵاو بووەوە کە ئایەتوڵڵا خومەینی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە پیاوی بریتانیایە و مەلاکان وەک «کەسانی دواکەوتووی تاریک پەرەست» ناو برابوون. ئەو وتارە کاردانەوەی توندی بە دواوە بوو. ڕۆژی دواتر چوار هەزار خوێندکاری مەزهەبی و پشتیوانەکانیان لە شاری قوم بە داخستنی شەقامەکان کاردانەویان نواند. پۆلیس بە چەک وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە و حەفتا کەسیان لێ کوژرا و سەرووی پێنسەد کەسیش بریندار بوون. ئەو ڕووداوە بووە هۆی دروستبوونی بازنەیەک لە دژایەتی، توندوتیژی و هاندانی خۆپیشاندانەکان لە سەرانسەری وڵاتدا.

### ڕاهێنانی سەربازیی ئەندازیارێک

لە کۆتایی ژانویەی ١٩٧٨دا، حامید قۆناغی سەرەتایی خزمەتی سەربازی لە ئەهواز تەواو کرد. ئەو هیچ ڕاهێنانێکی بە چەک نەکردبوو و لەجیاتی ئەوە فێری کۆمەڵێک کاری ئەندازیاری وەک چۆنیەتیی دروستکردنی پرد لەسەر ڕووبارەکان لە ماوەیەکی کەمدا ببوو. بوونی لە ئەهواز زۆر شتی فێر کرد. ئەوە یەکەمجار بوو بچێت بەرەو باشوور، شوێنێکی وشک، زۆر گەرم و ئەو چەشنی توریستێک لە دار خورماکان و هەموو شتێکی ئەو شوێنە ڕادەما.
دوای شەش مانگ ڕاهێنان لە تاران و ئەهواز، لە مانگی ئەپریلدا گوازرایەوە بۆ کرماشان و زیاتر لە یازدە مانگ لەوێ مایەوە و درێژەی دا بە خوێندن و بەکارهێنانی بنەما ئەندازیارییەکان لە زۆر پرۆژەی ئاڵۆزدا. لەوێ کاروباری ئیداری وەک تایپی نامەکانی بۆ فەرمانگەکانی بەشە ئەندازیارییەکانی سوپا دەکرد.
دوای دوو ڕۆژ مانەوە، حامید بۆ سەفەرێکی دوو هەفتەیی پشووی نەورۆز و سەری ساڵ گەڕایەوە مەهاباد. شەش مانگ دابڕان لە بنەماڵە هەستی تەنیایی و ناڕەحەتی بۆ دروست کردبوو. «هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ ماڵەوە نەبوو، چونکە هێشتا ماڵەوە تەلەفۆنیان نەبوو. قەت پەیوەندیم بە براکەمەوە نەکرد چونکە زۆر لێم ناڕەحەت بوو. بۆ یەکەم جار بوو بە قسەم نەدەکرد و ئەو دەنگی لێ دابڕیبووم.
«لە کلتووری ئێمەدا، ئەو کارەی من بێڕێزی بوو. باوکم داوای لێکردبووم کە ببمە مامۆستا چونکە باشترین هاوڕێی من بە حەزێکی زۆرەوە بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشتبوو. هەموو لە مەهاباد دەیانویست ببنە مامۆستا.

ئەوە ڕێگەیەکی سادە بوو و زۆربەی خەڵکی حەزیان لەو ڕێگەیە بوو. بەڵام من نا. چارەنووسی من بەرەو ڕێگەیەکی جیاواز دەیبردم.» ژیانی سەربازی حامیدی گۆڕی. تەنانەت ئاکۆی براشی هەمان ڕای هەیە: «ئەو کزتر و لاوازتر بوو. بەشێکی مووەکانی لابردبوون بەڵام هێشتا سمێڵی بوو. لە هەندێک ڕووەوە کەسێکی نەرمتری لێ دەرهاتبوو بەڵام هێشتا جیدی بوو.»

## کوردستان، ناوچەی پاوە

حامید لە گەڕانەوەی بۆ مەهاباد دەبوو دڵێشاویی ئەحمەد چاک بکاتەوە. «سەرەتای بەهار بوو کە بۆ یەکەم جار دوای ناخۆشییەکەمان براکەمم بینی. چەند ڕۆژ لەگەڵی بووم و بەڵێنم پێدا کە دوای هاتنەوەم لە کرماشان، لە قوتابخانەیەکی ئەمریکاییدا درێژە دەدەم بە خوێندنی ئینگلیسی تاکوو ئامادە ببم لە دەرەوە بخوێنم. ئەو بەڵێنە ئاوی بە ئاگردا ڕشت.»



کوردستان، ناوچەی پاوە

حامید بە پاس مەهابادی جێ هێشت و بڕیاری دا کە ناوچەکە باشتر بناسێت. «دەستم کرد بە گەڕان بە ناوچە باشوورییەکانی کوردستاندا. سەردانی سنە و پاوەم کرد، سەفەرێکی خۆش بوو. ئەو ناوچە زۆر سەرنجڕاکێش بوو چونکە کێوی زۆر سەرکەش و بەرزی لێ بوون و گوندەکان بە شێوەی پلیکانەیی پاڵیان دابوو بە کێوەکانەوە. سەربانی ماڵێک دەبووە حەوشەی ماڵی سەرترەوە. قەت پێشتر شتی وام نەدیتبوو. لە زستاناندا پاوە شارێکی سەخت و تووش بوو. هەر لەو سەفەرەدا چوومە دالاهۆ، دارەکانی ئەوێ زۆر بەرز بوون. سروشت شتێکی ناوازە بوو و تەواو پێچەوانەی ئەو شتە بوو کە لە منداڵیدا من بیرم لێ کردبۆوە.» حامید لە ڕۆژێکی گەرمی بەهاریی مانگی نەورۆزدا گەیشتەوە کرماشان. شوێنێکی دوور لە بنکە سەربازییەکەی دۆزییەوە کە لێی بمێنێتەوە. «ژوورێکم لە ناوەندی شار هەبوو. من سەرباز بووم بەڵام

هـاوکات لـەوێ جلـی کوردیـم لەبـەر دەکـرد. چوومـە فێرگـە تـا ئینگلیـزی فێـر ببـم. مامۆسـتاکەمان ئەندازیاریـک بـوو کـە شـەوانە وانـەی پێدەگوتیـن و مـن بـە ڕاشـکاوی باسـی حەزەکانـی خـۆم بـۆ کـرد. پێمـوت: مـن سـەربازم و دوای سـەربازییەکەم دەچـم بـۆ ئەمریـکا.»

**ئەو ناوچە زۆر سەرنجراکێش بوو چونکە کێوی زۆر سەرکەش و بەرزی لێ بوون و گوندەکان بە شێوەی پلیکانەیی پاڵیان دابوو بە کێوەکانەوە.**

**سکرتێری لە کاتی سەربازیدا**

هەرچەنـد حامیـد ڕاهێنانـی تـەواوی وەک ئەندازیارێـک لـە دروسـتکردنی پـردەکان و پـڕۆژە ئەندازیارییەکانـی دیکـەدا دیتبـوو، بـەڵام ئـەو زۆربـەی کاتەکـەی وەک سـکرتێری جەنەراڵێـک لـە ئۆفیسـەکەی ئیشـی دەکـرد. لەلای بەرزتریـن پلـەی سـەربازی ئـەو شـوێنە کاری دەکـرد و تێپەڕکردنـی کات لـەوێ خـۆش بـوو. هەمـوو ناسـیاوەکانی کـە تاقیکردنـەوەی زانکۆیـان دابـوو لـە کانـادا و ئەمریـکا گەڕانـەوە، هەرکامیـان یـەک ئەسـتێرە و حەمیـد هێـمای حەوتێکـی لەسـەر شـان بـوو.

«کارەکانمـان بنەڕەتـی بـوون، نامەمـان دەنووسـی و کاری ئەندازیاریـمان دەکـرد. مـن بـە هیـچ شـێوەیەک کاری سـەربازیم نەکـرد. هەرچەنـد لـە شـوێنێکی ئەندازیاریـی تـەواو نهێنیـدا ئیشـم دەکـرد، بـەڵام وەک سـکرتێر قـەت بـە تەواوەتـی زانیارییـە نهێنییەکانـم پـێ نەدەگەیشـت. جاروبـار زانیاریـی تـا ڕادەیـەک نهێنیـم دەبینـی. بـو وێنـە، جارێکیـان ئەرکێکـی نهێنـی لەسـەر سـنوور هەبـوو کـە کـەم کـەس ئـاگاداری بـوون.

«ئۆفیسـەکەم لەگـەڵ هەمـوو کـەس پەیوەنـدی هەبـوو. ئێمـە فەرمـان و دەسـتوورەکانمان ئامـادە دەکـرد و مـن حـەزم بـەو کارە بـوو. لـەوێ فێربـووم کـە چـۆن ئامێـری تایـپ بـە کار بهێنـم. بەڕێوەبەرەکـەم دەستنووسـەکانی دەدامـێ و مـن بـۆم تایـپ دەکـرد. مـن لـە ئۆفیسـی سـەرەکیدا کارم دەکـرد و بـەو شـێوەیە ڕۆژ و مانـگ تێپەڕبـوون بـەڵام هاوڕێکانـم شـەوانە ئەرکـی پاسـەوانییان پـێ دەسـپێردرا کـە مەترسـیدار بـوو.»

لـە سـەربازیدا، لەگـەڵ زۆر کـەس پەیوەنـدی دروسـت کـرد و زۆریـان خـۆش دەویسـت. بەڕێوەبەرەکـەی بـەر لەوەی ببێتـە جەنـەراڵ، بـە بۆنـەی کارێکـی سـەربازیی ئازایانـەوە سـێ ئەسـتێرەی وەرگرتبـوون. ئـەو خەڵکـی باشـووری ئێـران بـوو. لەگـەڵ حامیـد پەیوەنـدی دروسـت کـرد و سـەردانیماڵەکـەی دەکـرد و کاتـی لەگـەڵ بەسـەر دەبـرد. ئـەو کات خەڵـک لـە سەرانسـەری ئێرانـەوە دەچـوون بـۆ خزمەتـی سـەربازی.

جارێـک حامیـد لەگـەڵ مەلەکـی خوشـکی و ئاکـۆ کـە بچووکتریـن بـرای بـوو و ئـەو کات تەمەنـی یـازدە سـاڵ بـوو، گەڕایـەوە بـۆ کرماشـان تاوەکـوو پیشـانیان بـدات کـە چـۆن لـەوێ ژیـاوە. بەیانـی بـە پـاس گەیشـتن و ڕاسـتەوخۆ چـوون بـۆ ماڵـی حامیـد. ئـەو لـە ئاپارتمانێکـی گـەورەی یـەک ژووریـدا دەژیـا کـە چێشـتخانەیەکی بچووکیشـی هەبـوو. حامیـد لەسـەر تەخـت خـەوت بـەڵام ئاکـۆ و مەلـەک دۆشـەکیان لەسـەر عـەرز ڕاخسـت وخەوتـن. هەمـوو شـت زۆر خاوێـن و ڕێکوپێـک بـوو.

لـە سـەردانەکەیاندا، حامیـد هەمـوو ڕۆژەکـەی کاری کـرد و دوای کارەکـەی دەهاتـە ماڵـەوە تـا لەگەڵیـان بچێـت شـوێنەکانیان نیشـان بـدات. کچـی دراوسـێکەی حامیـد دەهاتـە لای مەلـەک. ئـەوان پێکـەوە چێشـتیان لێدەنـا و کاری ناوماڵیـان دەکـرد.

ئاکۆ و مەلەک سەردانی شوێنی کارەکەی حامیدیان کرد. شوێنی کارەکەی بینایەکی زۆر کۆن بوو، بە هۆی ئەوەی کارەکەی لە شوێنێکی تایبەت بوو، ئەوان لە دەرەوە چاوەڕوانی بوون تا بێت بۆ لایان. ئەو سەفەرە بۆ ئاکۆ سەرنجڕاکێش بوو چونکە هەموو ژیانی لە مەهاباد بوو. «من لاو بووم، زۆر بیرم لێ نەدەکردنەوە، بەڵام شتێکی نوێ و سەرنجڕاکێش بوو بۆ من. براکەم ئاگای لێمان بوو و بە شاردا ئێمەی گێڕا و بەستەنی بۆ کڕین.» ئەو کاتەی حامید لە کرماشان بوو زۆر جاران لە کۆتایی هەفتەدا سەردانی مەهابادی دەکردەوە. لە مانگی جولای ١٩٧٨دا، بەر لەوەی بگەڕێتەوە سەر خزمەتی سەربازییەکەی، سوار پاسێک بوو تا بچێت بۆ تاران و مۆڵەتنامەی لیخوڕینی ئۆتۆمبیل وەبگرێت.

**لەگەڵ هاتنی یەکەم هەواڵەکان، لەناکاو شۆڕش لە هەموو شوێنەکان سەری هەڵدا، تەنانەت لە مەهابادیش خۆپیشاندانی لێ بوو.**

### ئایەتوڵڵا

بۆ یەکەم جار لەوێ بوو کە حامید بیستی مەلایەکی توندئاژۆ بە ناوی ئایەتوڵڵا خومەینی بەرەنگاری شا بووەتەوە. لە هەموو ئەو چواردە ساڵەی دوورخرانەوەی خومەینی بۆ باشووری عێراق، وتەکانی خومەینی بە شێوەی کاسێتی دەنگ و ڤیدیۆ بە ناو خەڵکی ئێراندا دەستاودەستیان پێ دەکرا و خەڵکی هان دەدا دژی ڕژێمی ئەمپریالی شۆڕش بکەن.

ئەو هاوینە حامید ئاشکرابوونی شۆڕشی ئێرانی بینی. شەوانە، ئەو و هاوڕێکانی لە ڕێگەی ڕادیۆ ئیسرائیل یان بی.بی.سی لەندەنەوە دەنگوباسەکانیان دەبیستن. لەگەڵ هاتنی یەکەم هەواڵەکان، لەناکاو شۆڕش لە هەموو شوێنەکان سەری هەڵدا، تەنانەت لە مەهابادیش خۆپیشاندانی لێ بوو.

نائارامی لەو هاوینە گەرمەدا لە ئێران بڵێسەی سەند. بەریەککەوتن، خۆپیشاندان و سەرهەڵدانەکان بە ڕاستی وڵاتیان لە کار خست. هێرشەکانی چەکدارە چەپەکان و گرووپە ئیسلامییە توندئاژۆکان توندوتیژتر دەبوون و پۆلیس و سەربازەکان خەریکی دامرکاندنەوەی ئەو خۆپیشاندەرانە بوون کە تا دەهات پەرەیان دەسەند. لە نۆزدەی ئۆگۆستدا، سینەمایەک لە ئابادان لە باشووری ئێران ئاگری تێبەردرا. لەو شەوە گەرمەی هاویندا، ٤٣٠ کەس دانیشتبوون سەیری فیلمێکی سیاسیی ئێرانییان دەکرد کە ناوی گەوەزن (ئاسک) بوو. زیاتر لە چوارسەد کەس پیاو، ژن و منداڵ کە لە سینەماکەدا گیریان کردبوو لە بڵێسەی ئاگردا سووتان.

هەندێک کەس ئیسلامییە توندئاژۆکانیان بەو کارە تۆمەتبار کرد چونکە ئەوان دژی سینەما بوون و تەنانەت بە بیانووی ئەوەی بێ ئاکاری لە وڵاتدا بڵاو دەکەنەوە هێرشیان دەکردە سەر سینەماکان. هەندێک کەسی دیکە ساواکیان بەو کارە تۆمەتبار دەکرد تاوەکوو لەو ڕێگەوە توندئاژۆکان وەک کەسانێکی دڵڕەق و بێبەزەیی پیشان بدەن. لە چەند مانگی دواتردا، ئیسلامییە توندڕەوەکان سووتانی سینەماکانیان کردبوو بە هێمای

بەرەنگارییـان دژی شـا. خۆپیشـاندانەکانی دواتـر پەیامێکـی ڕوونیـان بوو:«دەبێـت شـا بـڕوات.»
لـە ڕۆژی هەینـی ٩ی مانگـی سـێپتەمبردا، سـەرەڕای ئـەوەی کـە شـا فەرمانـی بـاری نائاسـایی ڕاگەیاندبـوو، خۆپیشـاندەران شـەقامەکانیان گرتـن و لـە شـوێنە جیاجیاکانـی تـاران هێرشـیان دەکـردە سـەر ناوەندەکانـی دەسـەڵات. ڕژیـم بـە توندوتیـژی وەڵامـی دەدایـەوە. لـە ڕۆژهەڵاتـی تـاران، هـەزاران کـەس لـە مەیدانـی ژاڵـە کۆبوونـەوە. سـەربازەکان نەیاندەتوانـی بـڵاوە بـە خەڵکەکـە بکـەن و بـە قەسـدی کوشـت فیشـەکیان دەتەقانـد. ئـەو ڕۆژە بـە «هەینیـی ڕەش» نـاسراوە و ڕێگـەی بـۆ شـۆڕشـێکی توندئاژۆیانـە کـردەوە.

**شۆڕش لە مەهاباد**

لـە مەهابـاد، خۆپیشـاندانەکان لـە مانگـی سـێپتەمبردا و لەگـەڵ دەسـتپێکی قوتابخانـە سـەریان هەڵـدا. لـەو نائارامییـەدا، قوتابخانـەکان بـۆ مـاوەی سـاڵێک داخرابـوون و خوێنـدکارەکان ناچـار بـوون بەشـە گرینگەکانـی وانـەکان و تاقیکردنەوەکانیـان لـە ماوەیەکـی زۆر کەمـدا بخوێنـن. بـەم شـێوەیە سـاڵێکی خوێندنیـان تەنیـا لـە سـێ مانگـدا تـەواو کـرد.
ئاکـۆ ئـەو ڕۆژانـەی بـاش لـە بیر مـاون وەک ئـەوەی دوێنـێ بووبێـت. «مـن پـازدە سـاڵ تەمەنـم بـوو و لـە قوتابخانـە بـووم. هەمـوو باسـی خۆپیشاندانەکانیان دەکـرد کـە خەڵکێکـی زۆر بەشـدار دەبـن و تەنانـەت ژنەکانیـش دەچـن. ئـەوان کاتژمێـر دەی سـەرلەبەیانی دەسـتیان پێدەکـرد و تـا چـواری ئێـوارە درێـژەی دەکێشـا.»
«لـە نـاکاو کەسـێک هـاواری کـرد، ‹دەسـتی پێکـرد› و ئێمـەش لـە پۆلەکانمـان ڕامانکـردە دەرەوە. هەمـوو دەیانویسـت لـە دەرەوە بـن و ئەوەنـدە زۆر بوویـن کـە مامۆسـتاکانمان نەیاندەتوانی بەرمـان پـێ بگـرن. بـەڵام هـەر زوو مامۆسـتاکانیشـمان بـە شـوێن ئێمـەدا هاتـن. هەمـوو خەڵکـی وڵات بەشـداری خۆپیشـاندان دەبـوون.»
زۆربـەی کاتـەکان ئاکـۆ جلـی کـوردی لەبـەر دەکـرد، بـەڵام دواتـر لەلایـەن حکومەتـەوە فەرمـان دەرکـرا کـە نابێـت بـەو جلانـەوە بچنـە قوتابخانـە. ڕۆژێـک بـەر لـە دەسـتپێکی خۆپیشـاندنان، مامۆسـتاکان خوێندکارەکانیـان ئـاگادار کـردەوە کـە نابێـت جلـی کـوردی لەبـەر بکـەن بـەڵام منداڵـەکان پێشـتر بڕیـاری خۆیـان دابـوو.
«ڕۆژێـک لـە شـەقام بـەرەو بینـای شـارەوانی دەڕۆیشـتین. زۆر کـەس بەردیـان دەهاویشـت بـەڵام مـن ئـەو کارەم نەدەکرد.دۆخەکـە زۆر شـێوا بـوو. خەڵـک دروشـمیان دەدا ‹بڕووخـێ ڕژیـم!› لەنـاکاو سـەربازەکان بـە تانکـەوە لـە بنکـە سـەربازییەکانیان هاتـن بـەرەو خەڵکەکـە و دەسـتیان کـرد بـە تەقەکـردن. منیـش بـە شـوێن خەڵکەکـەدا ڕۆیشـتم و ژیانـم خسـتە مەترسـییەوە. ئـەو ڕۆژە زۆر کـەس کـوژران.»

**خەڵک دروشمیان دەدا ‹بڕووخێ ڕژیم!› لەناکاو سەربازەکان بە تانکەوە لە بنکە سەربازییەکانیان هاتن بەرەو خەڵکەکە و دەستیان کرد بە تەقەکردن.**

## ئایین لە بەرامبەر ئازادیدا

ئەحمەد زۆر جاران دەچووە کرماشان بۆ سەردانی حامید. ئەو لە هاتنی خومەینی نیگەران بوو و دەترسا لەوەی کە شەڕی نێوان سوننی و شیعە خۆش بێت. «لە بیرمە براکەم پێی وتم، ‹ئەو شیعەیە. ئێمە سوننین و کێشەمان دەبێت لەگەڵیان.›» ئەحمەد لەگەڵ زۆر کەسی ئازەری کاری دەکرد کە شیعە بوون. ئەوانیش بە نیگەرانییەوە سەیری شۆڕشەکەیان دەکرد.

لە ڕاستیدا، ئەحمەد تەواو دژی ئەو شۆڕشە ئیسلامییە بوو کە لە ئارادا بوو، ئەو چێژی لە ئازادی و لەوە وەردەگرت کە خۆی بڕیار بدات چۆن بژێیت. وەک زۆر کوردی تر، خواردنەوەی ئەلکولی بە کار دەهێنا و بە نگەرانییەوە سەیری دەکرد کە چۆن خۆپیشاندەران هێرش دەکەنە سەر ناوەند و هێما ڕۆژئاواییەکان.

ئەحمەد زۆر بە ڕوونی وێنەی بارودۆخەکەی بۆ حامید کێشا: «هەموو بارەکان دادەخرێن. هەموو شوێنەکان وەک شاری قۆمیان لێ دێت. ناچارت دەکەن بچیت بۆ مزگەوت و نوێژ بکەیت لە کاتێکدا ئێمە قەت نوێژمان نەکردووە. ئەو پیاوە لە شا باشتر نییە. لە زەمانی شادا ئێمە چەند هەزار زیندانی سیاسیمان بوون، بەڵام ئازادیمان بوو. لەگەڵ پەرەسەندنی زیاتری ئایین...ئازادییەکانمان سنووردار دەبن.»

ئامانجی حامید هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهات: خوێندن لە زانکۆ. براکەی ئەوەی پێخۆش بوو چونکە نگەران بوو لەوەی کە حامید بچێتە ناو کاروباری سیاسییەوە. ڕۆژێک ئەحمەد بە حامیدی گوت کە هەندێک لە هاوڕێکانی دیار نەماون. هەر لەو کاتەدا، پۆلێک لە هاوڕێکانی حامید لە مەهاباد لە لایەن ساواکەوە دەستگیرا کرابوون.

ئەحمەد تکای لە حامید کرد، «تکایە تۆ لە قۆناغێکی هەستیاردای. قەت لەگەڵ ئەوانە نە پەیوەندی بکە و نە قسەیان لەگەڵ بکە. حکومەت لە هەموو جێیەک شۆفاری هەن. ئەوان لە زیندانن و ئێمە تەنانەت نازانین ئێستا لە کوێن.»

بەم شێوەیە، حامید دەبینی کە ژیانی دەوروبەری بە تەواوەتی لە گۆڕاندایە. وێنەکانی خۆمەینی دەردەکەوتن و هەڵسوکەوتی هاوڕێ چەکدارەکانیشی گۆڕانیان بەسەردا هات. «زۆر مسوڵمانی توند کە پێشتر قەت نوێژیان نەدەکرد، دەستیان کردبوو بە نوێژکردن. ئەوان زۆر دیندارتر ببوون و دەچوونە مزگەوت. خەڵک تا ڕادەیەک گۆڕابوون چون دەترسان. ئەوان چون لە سیستمەکەدا بوون، ڕاستییەکانیان دەزانین. من نە ئاگاداری ئەو شتانە بووم و نە حەزم پێ دەکرد. من موسافیرێک بووم لەوێ و تەنیا سەیرم دەکرد کە چ شتێک ڕوو دەدات.»

«هەرچەند ڕووداوەکان گۆڕانکارییان لە ژیانمان دروست دەکرد بەڵام من زۆر بیرم لەو گۆڕانکارییانە نەدەکردەوە. تەنیا سەیرم دەکرد بزانم ئەو شتەی ڕوو دەدات بۆ ئێمە باشە یان نا. لە خەیاڵی خۆمدا، تەنیا بیرم لە یەک شت دەکردەوە. دەمهەویست لە زانکۆیەک وەربگیرێم تاوەکوو بڕۆم و لە شوێنێکی تر درێژە بە خوێندن بدەم. تەواو خۆم بۆ ئەو شتە تەرخان کردبوو و شێلگیرانە خەریکی خوێندنی ئینگلیزی بووم و پێداگر بووم لەوەی کە دەبێت وڵاتەکەم بەجێ بهێڵم.»

هەموو ئەو کوڕە گەنجانەی کە سەردەمێک بوو لە یانەی بەسکێتباڵی مەهابادا پێکەوە یاریمان دەکرد ئێستا چووبوون بۆ سەربازی. لە یەک دابڕابووین و تەنیا کۆتایی هەفتەکان یەکترمان دەبینی.
کاتێک خۆپیشاندانەکان لە کرماشان پەرەیان سەند، حامدی لە دوورەوە سەیری دەکردن. ئەو و سەربازەکانی تر ڕێگەیان پێ نەدەدرا لە کۆتایی هەفتەدا بچنە دەرەوە. ئەو وەک سەربازێک نەدەترسا چونکە قەت جلی سەربازی لەبەر نەدەکرد. بەڵام نەشیدەزانی کە لەو کاتەدا چ بکات. هاوڕێکانی کە جلی سەربازییان لەبەر دەکرد بە ترسەوە دەچوونە شەقام نەوەک هێرشیان سەر بکەن. چونکە حامید ئەندازیار بوو، جلی ئاسایی لەبەر دەکرد و دەیتوانی سەیری خۆپیشاندانەکان بکات. جارێک تەنانەت بە جلە کوردییەکانییەوە چووە دەر.



لە کرماشان بە جلی کوردییەوە لەگەڵ هاوڕێیان

بەر لەوەی سەربازی تەواو بکات، حامید لەگەڵ هاوڕێکانی گەڕایەوە مەهاباد. حامید هەستی بە هیچ مەترسییەک لەسەر ژیانی نەدەکرد بەڵام هاوڕێکانی مەترسییان لەسەر بوو. دەوروبەر پڕ بوو لە مەترسی بەڵام ئەو تارادەیەک لە مەترسی دوور بوو. لەو کاتەدا لەبەرکردنی جلی کوردی زۆر کاریکی مەترسیدار بوو بەڵام حامید ئەو کارەی کرد. جارێک لە شوێنی سەربازییەکەی لێیان پرسی «بۆچی ئەو جلانەت لەبەر کردوون؟» وەڵامی دانەوە «ئەوە جلی کوردین. کێشە چییە؟»

**دەوروبەر پڕ بوو لە مەترسی بەڵام ئەو تا ڕادەیەک لە مەترسی دوور بوو. لەو کاتەدا لەبەرکردنی جلی کوردی زۆر کاریکی مەترسیدار بوو بەڵام حامید ئەو کارەی کرد.**

### ١٩٧٨: شۆڕش دەست پێدەکات

بەریەککەوتن و ئاڵۆزییەکی زۆر لە شەقامەکانی تاراندا هەبوو. لە کۆتایی ئۆکتۆبەری ١٩٧٨دا، هەواڵی مردنی گومناویی مستەفا، کوڕە گەورەی خومەینی لە عێراق، بە وڵاتدا بڵاو بووەوە. خومەینی لە کاتی دوورخرانەوەی بۆ عێراق، بە توندی درێژەی دا بە دژایەتی کردنی شا و خەڵک ساواکیان لە مردنی کوڕەکەی خومەینی بە بەرپرس دەزانی. خەڵک پرسەی مردنی کوڕی خومەینییان قۆستەوە و بەو بۆنەیەوە لە شەقامەکاندا درێژەیان بە دژایەتی شا دا.

لە سەرەتای ئۆکتۆبەردا، خومەینی لە عێراق دەرکرا. ڕووی کردە فەڕانسە و لە دەوروبەری پارسی لە نێوفل لۆ شاتۆ نیشتەجێ بوو. خومەینی بە دەستڕاگەیشتنی بە میدیای نێونەتەوەیی، تەلەفۆن و ستۆدیۆی تۆمارکردنی دەنگ، پەیامی خۆی دەگەیاندە سەرانسەری جیهان. وتووێژی ڕۆژانە و هێرشەکانی بۆ سەر شا دەگەیشتنە تاران و بە ملیۆنان کەسیان ڕادەپەڕاند.

خومەینی لە ڕێگەی بەکارهێنانی زیرەکانەی میدیاکانی ڕۆژئاوا، خۆی وەک پیاوێکی میانەڕەو پیشان دەدا کە دەیهەوێت کۆتایی بە «زۆرداری و گەندەڵی» شا بهێنێت. دڵنیایی دەدا لەوەی کە ئێران ڕزگار دەکات و یەکسانی و ماف بۆ هەموو کەس و تەنانەت بۆ ژنانیش دابین دەکات. ئەو هەم ئێرانییەکان و هەم بیانییەکانیشی خەڵەتاند و شتێکی بە هەمووان دەگوت کە حەزیان دەکرد بیبیستن.

خۆپیشاندانە بەرفراوانەکانی ئێران دەگەیشتنە توندوتیژی و پۆلیس هێرشی دەکردە سەر خۆپیشاندەران و دینداره توندڕەوەکان. «بانکە بیانییەکان دەسووتێنران، هۆتێلە جوانەکان و فرۆشگا ڕازاوەکان، سینەماکان و هەر شوێنێک کە سیما و کاریگەریی ڕۆژئاوای پێوە دیار بوایە هێرشی دەکرایە سەر.

خومەینی هەر زوو بوو بە هێمای خۆڕاگری بۆ خەڵک. شوێنکەوتووانی دەیانپەرەست و پێیان وابوو کە ئەو پێغەمبەرێکی شیعەیە کە لە سەرەتای ئیسلامەوە مژدەی هاتنی دراوە. «پیاوێک لە قۆمەوە سەرهەڵدەدات و خەڵک بەرەو ڕێگەی ڕاست هیدایەت دەکات.»

لە نۆڤەمبەری ئەو ساڵەدا دەنگۆیەک بڵاو بووەوە. شوێنکەوتووانی دەیانگوت کە ڕوخساری خومەینییان

لەسەر مانگ بینیوە و ملیۆنان کەس ئەو موعجیزەیان پشتڕاست دەکردەوە. کەسێکی ڕزگازیدەر هاتبوو کە پەتی زۆرداری بپسێنێت. ئەو بوو بە ڕێبەری دژبەرانی شا و هاوپەیمانە شەیتانییەکانی.
خەڵک بە خرۆش و تووڕەییەوە بە دەنگ بانگەوازەکانییەوە هاتن. تووڕەیی شەقام، بەریەککەوتنەکان و هێرشەکان بۆ سەر باڵوێزخانەکانی بریتانیا و ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا تەخت و تاجی شای لە بن هێنا. شا نەیدەتوانی ئەم شۆڕشە کۆنترۆڵ بکات. دوای بانگەوازی خومەینی، سەربازەکان پشتگیریی هێزەکانیان نەدەکرد و بەرامبەر خەڵک تەقەیان نەدەکرد. «کەم کەم وازیان دەهێنا، دانە دانە و دوو دوو و سێ سێ». خومەینی دەیگوت «ئێوە سەربازی خودان. چەکەکانتان لەگەڵ خۆتان ببەن، ئەوانە چەکی خودان.»
حامید و شەش کەس لە هاوڕێیانی لە مەهابادوە گوێیان لە بانگەوازەکەی خومەینی بوو و بڕیاریان دا واز لە سەربازی بهێنن. چیتر بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵدا نەمابوو و تەواو مەترسیدار بوو کە جلی سەربازی لەبەر بکەیت. بەیانییەکی ساردی مانگی نۆڤەمبر، حامید و هاوڕێکانی ڕایانکرد و هاتنەوە مەهاباد.

**حامید عەبدوڕەحمان قاسملوو دەبینێت**

لەو کاتەدا عەبدوڕەحمان قاسملوو هاتبۆوە بۆ مەهاباد. ئەو سکرتێری گشتیی حیزبێکی بچووکی نەتەوەخوازی کوردی واتا حدکا بوو. تا کاتی گەڕانەوەشی قاسملوو لە وڵاتی خۆی کەسێکی ناسراو نەبوو. ئەو بیست و یەک ساڵ بوو لە دەرەوەی وڵات دەژیا.
حیزب لە دارماندا بوو و زۆربەی ئەندامەکانی لە دەرەوەی وڵات یان لە زیندانەکانی شادا بوون. زۆریان لەو ساڵانەدا لە سێدارە درابوون. قاسملوو و هاوڕێکانی بە نهێنی حیزبیان ڕێک خستەوە. ئەوان لە ڕووخانی ڕژێم دڵنیا بوون و دەبوو خۆیان بۆ ئەو ڕووداوە ئامادە بکەن.
حدکا دەفتەرێکی لەپاڵ ماڵی ئەحمەددا، کردەوە. شەوێک کەسێک لە دەرگای دا. حامید دەرگای کردەوە و زۆر بۆی سەرنجڕاکێش بوو کە غەنی بلووریان ئەندامی پێشووی حیزبی توودە و سەرکردەی ناسراوی حدکایە کە بیست و حەوت ساڵی ژیانی لە زیندانی شادا بووە، لە بەردەرگایە و عەبدوڕەحمان قاسملوو ڕێبەری کاریزماتیکی حیزبی لەگەڵە. ئەوان کارەبایان نەبوو و داوا یارمەتییان کرد.
حامید لە مەهاباد بوو. هەموو دەترسان بەڵام مەهاباد ئارام بوو. سەرەڕای هەبوونی خۆپیشاندان حامید بە پێشنیاری براکەی قەت بەشداری نەدەکرد. «هەموو جێیەک خۆپیشاندانی لێ بوو. براکەم زۆر نیگەرانی من بوو. من پێموت من تەنیا سەیر دەکەم بزانم چی ڕوو دەدات. ئێمە زۆربەی کاتەکان لە مەهاباد بووین بەڵام سەردانێکی براکەم کرد کە لە تاران کاری دەکرد.»
هەموو جێیەک شێوابوو. خومەینی کاریگەریی خۆی دانا، خەڵک شەو وڕۆژ بە دیار ڕادیۆوە دادەنیشتن. سەرەنجام پلەدارێکی بەرزی سوپا پەیامێکی گشتی بڵاو کردەوە. ئەوان کاتێک قسەیان بۆ میدیا دەکرد زۆر مێهرەبان و ئارام بوون.
لە دیسامبری ١٩٧٨دا، پشێوییەکانی تاران گەیشتبوونە لوتکە. تەنانەت لە شوێنی مانەوەی خوێندکارانیش، دەبووایە حامید ئاگاداری خۆی بێت. ڕۆژێک لە میانەی ڕێوڕەسمی عاشووورادا، یووسفی هاوڕێی، کە لە

تاران دەیخوێند لەگەڵی چوو بۆ ماڵەوە. یوسف بە سەرسوورمانەوە سەیری هاورێکەی کرد کە کراسی سوور لەبەر دەکات. وتی «تۆ نابێت ئەو ڕەنگە لەبەر بکەیت. خوێندکاری دینی لێن، کەسانی موجاهیدینیان تێدان کە زۆر توندئاژۆن. لێرە باسی کوردایەتی مەکە...جلی سووریش لەبەر مەکە.»
لە ئایینی شیعەدا، عاشوورا ڕۆژی ڕێزگرتنی حسەین کوڕی عەلییە کە کچەزای پێغەمبەرە و لەو ڕۆژەدا لە شەڕی کەربەلادا شەهید بووە. ملیۆنەها شیعە ئەو ڕۆژە بە پرسە و لەخۆدان یاد دەکەنەوە کەچی سوننییەکان بایەخی پێنادەن. لەو ڕۆژەدا خەڵک وەک ڕێزێک جلی ڕەش لەبەر دەکەن.
لە دیسامبری ١٩٧٨دا، ڕێوڕەسمی عاشوورا بووە خۆپیشاندانێکی سیاسیی زۆر گەورە لە سەرانسەری وڵاتدا. لە تاران، نزیکەی دوو ملیۆن کەس کە لە لایەن کەسانی ئایینییەوە ڕێبەرایەتی دەکران، بۆ هەشت کاتژمێر شەقامەکانیان داخستن. خەڵکەکە خۆمەینییان وەک ڕێبەری خۆیان دەناساند و داوای کۆتاییهاتنی سیستمی پادشایەتییان دەکرد.

## شا ڕووخا و خومەینی سەرکەوت

ڕۆژی ١٦ی ژانویەی ١٩٧٩، دوای چەند مانگ خۆپیشاندانی پڕ توندوتیژی، محەممەد ڕەزا پەهلەوی کە ئەودەم تەمەنی ٥٩ ساڵ بوو لەگەڵ هاوژینەکەی، فەرەح، ڕایانکرد بۆ میسر. لەگەڵ هەستانی فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانەی نێونەتەوەیی مێهراباد، ڕادیۆ تاران ڕایگەیاند: شاه رفت! شاه رفت! دروشمی، شا ڕۆیشت! ئەڵڵاهو ئەکبەر! هەموو گۆشە و کەناری وڵاتی گرتبۆوە.

خەڵک لە مەهابادیش کردییانە خۆشی. لە کافەکان یەکتریان دەبینی تاکوو باس لە ڕووداوەکانی وڵات بکەن. هەموو شەوێک خەڵک کۆ دەبنەوە و هاواریان دەکرد «شاه رفت! شا ڕۆیشت!»
حامید زۆر دڵخۆش و یەکسەر دەچووە شەقام. «دەمزانی کە گۆڕانکارییەکان گەورەن بەڵام بە تەواوەتی تێنەدەگەیشتم کە چ کاریگەرییەکیان لەسەر کوردستان دەبێت. ئەو کات زۆر دەچووم بۆ تاران بەڵام زیاتر لە شەقام دەمامەوە. لەوێ لەگەڵ براکەم لە ئۆفیسەکەی کارم دەکرد و شەوانە دەچووم بۆ شوێنی جیاجیا. کاتێک شا ڕۆیشت من زۆربەی کاتەکان لە تاران بووم. بە بیرم دێت لە هەموو شوێنێک لەسەر تەلەفزیۆن ئەوەم دەبینی.»
بۆ کەسانی وەک حامید کە نە حەزیان بە سیاسەت و نە حەزیان بە ئایین دەکرد، نەیاندەزانی تەنانەت خومەینی کێیە. تەنیا لێرە و لەوێ شتیان لەسەری دەبیست. «بۆ ئێمە زۆر سەیر بوو. خەڵکی مەهاباد هەر نەیاندەزانی خومەینی کێیە.» بەهەر حاڵ، ئەو ڕۆژانە پڕبوون لە دڵخۆشی و جەژن. ئێرانییەکان توانیبوویان شایەکی مەزن و ئەمریکا، هاوپەیمانە شەیتانییەکەی، بڕووخێنن. ئێستا بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی ڕێبەرەکەیان ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی بوون.
لە ڕۆژی یەکەمی فێوریەدا، سەدان هەزار مرۆڤ چاوەڕێی کەسێک بوون کە خۆی بە «خزمەتکاری خەڵک» ناو دەبرد. کاتێک خومەینی لە فڕۆکەخانە دابەزی، خەڵک ئەم دروشمانەیان دەدا: «ڕۆحی حوسەین گەڕایەوە! دەرگای بەهەشت کرانەوە! گیانمان دەکەین بە قوربانی!» شیاوی باسە کە خومەینی بە فڕۆکەی فرانس ئەیر گەڕابۆوە بۆ وڵاتەکەی.

**گەیشتنی خومەینی**
کاتێـک خومەینـی دابـەزی، نووشـتایەوە تـا خاکـی وڵاتەکـەی مـاچ کات کـە چـوارده سـاڵ پێـش جێـی هێشـتبوو. دوای وتارێکـی کـورت بـۆ خەڵکـی نـاو فڕۆکەخانـە، سـوار ئۆتۆمبیلێـک کـرا و ڕۆیشـت بـەرەو گۆڕسـتانی بەهەشـتی زەهـرا لـە باشـووری تـاران. هـەزاران کـەس هاتبوونـە پێشـوازی ئایەتووڵـڵا.
کاتێـک خومەینـی گەیشـتە ئـەو قەبرسـتانەی کـە کوژراوانـی خۆپیشـاندانەکانی لـێ نێژرابـوون، ئاپـۆرەی خەڵکەکە ئەوەنـدە زۆر بـوو کـە بـە هێلیکۆپتـەر برایـە شـوێنی تایبەتـی قسـەکردن. لـەوێ خومەینـی بـە دەسـت ئامـاژەی بـە گۆڕسـتانەکان کـرد و وتـی کـە حکومەتـی شـا «لـە جیاتـی پەرەدانـی وڵات، پـەرەی داوە بـە گۆڕسـتانەکان.»
لـە دەیەکانـی دواتـردا ئـەو سیسـتمە سیاسـییەی کـە ئـەو بنیاتـی نـا، بـووە هـۆی مردنـی دە هێنـدەی ئـەو کەسـانەی کـە بـەر لـە ڕۆژی گەیشـتنی بـە گۆڕسـتانەکە مردبـوون. شـۆڕش کـرا، و لەگـەڵ گەیشـتنی بـە ئێـران میانەڕەوییەکـەی نەمـا و وڵات کەوتـە گێژاوێکـی سـەیرەوە.
حامیـد و هاوڕێکانـی لـە چایخانەیـەک لـە مەهابـاد کۆبوونـەوە و باسـیان لـە شـۆڕش و خۆپیشـاندانەکان دەکـرد. کاتێـک حامیـد لـە مانگـی ژانویـەدا بـۆ خوێنـدن لـە زانکـۆی تەکنیکیـی تـاران گەڕایـەوە تـاران، چالاکیـی سیاسـی هەبـوو. هەمـوو شـەوێک وتارێـک هەبـوو. شـەوێک بـەر لـە زنجیرەیـەک خۆپیشـاندانی بەرفـراوان، حامیـد لـە زانکـۆی تەکنیکی بـوو. ئـەو شـەوە کەسـێکی دیموکراتـی لـە شـەقامی ئەیزنهـاور لەگـەڵ کەسـێکی توودەیـی و کەسـێکی فەدائییـان لـە ڕێکخـراوەی گریلاکانـی خەڵکـی ئێـران وتاریـان بـوو. حامیـد زۆر لـەم وتارانـە فێـر دەبـوو و بـۆی سـەرنجڕاکێش بـوون. هەمـوو شـەوێک هـەزاران کـەس لەسـەر عـەرز دادەنیشـتن و گوێیـان بـۆ وتـارەکان ڕادەگـرت. کوردانـی تـاران سـەردانی ڕێکخـراوەی جۆراوجۆریـان دەکـردن.
لـە مـاوەی هەفتەیـەک دوای گەڕانـەوەی خومەینـی تـا ٨ی فێوریـەی ١٩٧٩، ملیۆنـان کـەس لـە خەڵکـی ئێـران لـە سەرانسـەری وڵاتـدا، لـە شـارە گـەورە و بچوکەکانـدا دەڕژانـە شـەقام تـا پشـتیوانی لـە حکومەتـە نوێیەکـەی ئایەتوڵڵا خومەینـی بکـەن کـە مەهـدی بـازەرگان سـەرۆک وەزیـری بـوو. لە چەنـد ڕۆژی مانگـی فێوریـەدا وڵات دوو سـەرۆک وەزیـری بـوو. یەکیـان بەختیـار بـوو کـە لەلایـەن شـاوە دیـاری کرابـوو یەکیـان مەهـدی بـازەرگان بـوو کـە خومەینـی دیـاری کردبـوو. بەختیـار لـە ڕاسـتیدا وەک بووکەڵەیـەک وا بـوو بـەڵام حکومەتەکـەی بـە ڕواڵـەت مابـوو تـا سـەقامگیری بپارێزێـت. سـوپا خەریـک بـوو لێـک هەڵدەوەشـا و دەیـان بەشـی سـوپا تێکـەڵ بـە خۆپیشـاندەران بـوون. خومەینـی سوپاسـی هەمـوو خەڵکـی کـرد بـۆ پشـتیوانییەک کـە لـە حکومەتـی کاتـی کردوویانـە. ئـەو وتـی «دەبێـت هێـزە چەکدارەکان بدرێنـەوە دەسـت خەڵـک. هـەر کـەس و گرووپێـک گەڕاوەتـەوە بـە باوەشـی ئـاوەڵاوە پێشـوازی لـێ دەکەیـن.»
هـاوکات لـە نێـوان پاشـماوەی هێزەکانـی شـا و گروپـە چەکـدارەکان شـەڕ هەڵگیرسـا. سـوپا بـە ڕواڵـەت لـە لەناوچوونـدا بـوو، لـە پارێـزگا سـنوورییەکاندا بەریەککەوتنـی تونـد لـە نێـوان خۆپیشـاندەران و پاشـماوەکانی سـوپادا هەبـوو. ئـەم شـەڕانە لـە ڕۆژی ١ی فێوریـەدا گەیشـتنە کوردسـتان و خەڵکـی ئـازا و بوێـری کوردسـتان دەسـتیان گـرت بەسـەر چەکوچۆڵـی پادگانێـک لـە نزیـک سەردەشـت. چەپـە توندئـاژۆکان بینـا گشـتییەکانیان کۆنتـڕۆڵ دەکـردن و زیندانییـە سیاسـییەکانیان ئـازاد دەکـردن و دەچوونـە نـاو ژمارەیەکـی زۆر بنکـەی سـەربازییەوە. لـە ڕۆژی ١١ی فێوریـەدا، لـە شـەڕێکی قورسـدا ٢٢٩ کـەس مـردن و زیاتـر لـە ٨٠٠ کـەس برینـدار

بوون، سەرەنجام سوپا پشتیوانی لە شۆڕش کرد. کاتژمێر ۲ی سەرلەبەیانی، ڕادیۆ دەستی بەسەردا گیرا و دەنگێکی بەسۆز بە هەموو وڵاتدا بڵاو بووەوە: «این صدای انقلاب مردم است!» – ‹ئێرە دەنگی شۆڕشی گەلانی ئێرانە›. بێژەرەکە بە دەنگێکی پڕ لە گریانەوە هەمان شتی دووپات کردەوە. شۆڕش، سیستمی پادشایی لە بن هێنا. لە سەردەمی شۆڕشدا، کوردەکان نزیکەی ۱۷ لە سەدی دانیشتووانی ئێران و ۷ لە سەدی ڕووبەری وڵاتیان پێکدەهێنا. ئەوان لەگەڵ ئەو حکومەتە نوێیەی کە خومەینی لە قومەوە ڕایگەیاندبوو، تووشی کێشە بوون.

**لە ڕۆژی ۱۱ی فێوریەدا، لە شەڕێکی قورسدا ۲۲۹ کەس مردن و زیاتر لە ۸۰۰ کەس بریندار بوون، سەرەنجام سوپا پشتیوانی لە شۆڕش کرد.**

## گرووپە چەپەکان لە تاران

حامید لە تاران سدیق کەمانگەری بینی کە باسی کوردستانی دەکرد. کەمانگەر یەکێک لە دامەزرێنەرانی گرووپی مارکسی لینینیستی کۆمەڵە بوو و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە بوو. هەموو شەوێک دوو بۆ سێ هەزار کەس لە دانیشتنە سیاسییەکاندا بەشدارییان دەکرد. لە تاران چەندین گرووپی چەپ و توندئاژۆی خوێندکاران هەبوون و ئەو جلە سەربازییانەیان لەبەر دەکردن کە لە پادگانەکان گرتبوویان و لەگەڵ یەکتر شەڕیان دەکرد.

حامید هەموو ئەوانەی دەبینین. «موجاهیدین کە گروپێکی ئیسلامی مارکسیستی بوو، بینایەکی گەورەی بەو چەکانە گرت کە بە دەستی هێنابوون. هەر فەرمانگەیەکی حکومەت بینای تایبەت بە خۆی هەبوو. هەر کەس بۆخۆی باسی لە شێوازێک لە حوکمڕانی دەکرد. پشێوییەکی تەواو بوو. هەر گرووپێک سوپای تایبەت بە خۆی هەبوو، و زۆر مەترسیدار بوو شەوانە لە شەقام بیت.»

## دەستبەسەرداگرتنی پادگانی مەهاباد: فێوریەی ۱۹۷۹

حامید زۆر باش ئەو ڕۆژەی لە بیرە. «کاتێک ڕۆژی ۹ی فێوریەی ۱۹۷۹ هێرشیان کردە سەر پادگان، من لە مەهاباد بووم. زۆر زۆر بە باشی لە بیرمە. براکەم وتی: ‹نابێت بچیتە دەر. نابێت بچیتە دەر.› هاوڕێکانم بە چەکوچۆڵەوە گەڕانەوە ماڵەوە. داوایان لێکردم کە لەگەڵیان یەک کەوم بەڵام قەبوڵم نەکرد.

«ئەو ڕۆژە ئامۆزاکەم، عوسمان، لە دەستبەسەرداگرتنی پادگاندا کوژرا. ئەو ویستبووی کە هێرش بکاتە سەر ناوەندە سەربازییەکە و کوشتبوویان. زۆر کەس مردن. ئەوە شتێکی ئاسایی نەبوو. ئێمە هەواڵەکانمان بیستن و براکەم، ئەحمەد، زۆر نگەران بوو. دواتر برای عوسمان، سولەیمان نازداری، بوو بە پێشمەرگەی دێموکرات. لەو ساڵە بە دواوە ئیتر گڵکۆکەیم نەبینییەوە.»

دوو ئامۆزای حامید لە کۆنترۆڵی پادگانی مەهاباددا چالاکانە بەشدارییان کردبوو. «لە بنەماڵەی ئێمەدا تەنیا ئەحمەد، من و ئاکۆی برام نەچووین کە تەمەنی زۆر کەم بوو. براکەم دەیویست من بپارێزێت.

مـن دەمویسـت بچـم چونکـە باشـترین هاوڕێـم لـەوێ بـوو. کەسـێک پێـی وتـم چەکێـک لەگـەڵ خۆیـان هەڵدەگـرن تـا خۆیـان بپارێـزن بـەڵام مـن قـەت چەکـم هەڵنەگـرت. ئەحمـەد ڕێگـەی پێنـەدام.» ئەحمـەد بـۆ پارێـزگاری لـە خـۆی کاتێـک بـۆ ڕێگـەی دوور لـە بەینـی بانـە و مەهابـاد دەچـوو، چەکـی لـە ئۆتۆمبیلەکەیـدا هەڵدەگـرت.»

سـەد وسـی و هەشـت ئەفسـەر و چەکـداری کـورد پادگانـی مەهابادیـان کۆنـتڕۆڵ کـرد. سـەربازە فـارس و ئازەرییەکانـی نـاو بنکـە سـەربازییەکەش دژی شـا بـوون و ڕێگەیـان پێـدرا کـە بـڕۆن. ئـەوان چـوون بـۆ تـاران تـا لەگـەڵ هێزەکانـی خومەینـی یـەک بکـەون. مەهابـاد کـە لـە دەسـتی سـەربازانی بەشـە جیاجیاکانـی ئێرانـدا بـوو، کەوتـە دەسـت کـوردەکان. هێـزە چەکـدارەکان کـورد بوون. کاتێـک ئامۆزاکـەی لـە مانگـی فێوریـەدا لـە شـەڕی پادگانـدا کـوژرا، ڕاسـتی و ئەنجامەکانـی ئـەو شـەڕەی کـە دواتـر گـەورە بـوو، زیاتـر بـۆ حامیـد ئاشـکرا بـوو.

**کاتێک ئامۆزاکەی لە مانگی فێوریەدا لە شەڕی پادگاندا کوژرا، ڕاستی و ئەنجامەکانی ئەو شەڕەی دواتر گەورە بوو، زیاتر بۆ حامید ئاشکرا بوو.**

### مەهاباد بە دەستی کوردەوە

مەهابـاد ئـازاد بـوو. لـەوێ کـوردەکان وەهـا هەسـتیان بـە ئـازادی دەکـرد کـە لـە ڕوخانـی کۆمـاری مەهابـادەوە هەسـتیان نەکردبـوو. شـار لـە لایـەن چەنـد ڕێکخـراوەی سیاسـییەوە بەڕێـوە دەبـرا کـە هەرکامیـان هێـزی چەکـداری خۆیـان هەبـوو. «زۆر سـەیر بـوو، چونکـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە خەڵـک بـە شـەقامدا دەڕۆیشـتن و چەکیـان پـێ بـوو، بـەڵام ژیانـی هەمـووان یەکسـان بـوو. خەڵـک وەک کاتـی ئاسـایی کاریـان دەکـرد. مەهابـاد بـە تەواوەتـی لـە دەسـتی کـورددا بـوو.»

لـە هەمـوو ئەمانـەدا حامیـد تەنیـا سـەیرکەرێک بـوو. «دێموکراتییەکان کـە هێزی چەکداریـان هەبـوو، دوای دەسـتبەسـەرداگرتنی پادگانـی مەهابـاد چەنـد کـەس لـە ئەندامانـی سـاواکیان دەسـتگیر کـرد. خۆداپەرسـت بـەوە تۆمەتبـار کرابـوو کـە سـاواکییە. بەرپرسـی دەسـتبەسـەرکردنی ئـەو ڕۆشـنبیرانە بـوو کـە چالاکیـی سیاسـییان هەبـوو. خەڵـک خۆداپەرەسـتی دەناسـی. ڕۆژێـک بیسـت کـەس دیار نەمـان. حـدکا دەسـتگیری کـرد. لـەو شـوێنەی مـن یـاری بەسـکێتباڵم دەکـرد لەبـەر چـاوی خەڵکـدا دادگایـی کـرا. خۆداپەرەسـت تۆمەتبـار بـوو و لـە سـێدارە درا. مـن زۆر دژی ئـەوە بـووم. مـن پێمـوابـوو کـە نابێـت مرۆڤـەکان بکوژرێـن.»

شـار چێـژی لـە دێموکراسـییەکەی دەبینـی. شـۆڕش ڕێگـەی خۆپیشـاندانی جەمـاوەری کـردەوە. لـە شـاری مەهابـاد، زۆر حیزبـی سیاسـی جیاجیـا بنکەیـان

دانا. کورد و فارسیشی لێ بوون. کۆمەڵە و فەدائیان ئامادەیی تەواویان هەبوو و لە شەقامەکان دەبینران. حامید لەگەڵ ئەندامانی فەدائیان، کۆمەڵە و حدکا بەریەککەوتنی هەبوو. پەیوەندیی نێوان ئەو سێ حیزبە و ئەندامەکانیان جاروبار گرژی تێدەکەوت. «هاوکات، من چەند کەسی زۆر خوێندەوارم بینین. پیاوێکی ئۆتریشی لێ بوو و حیزبێکی نوێی دامەزراند. ئەو باسی ترۆتسکی دەکرد بەڵام بە هۆی ئەوەی کە زۆر خراپ باسی حیزبی دێموکراتی دەکرد زۆر زوو کوژرا، ئەو دێموکراتییەکانی بە بورژوا ناو دەبرد. کەس نەیزانی بکوژەکەی کێیە.»

## قاسملوو بۆ یەکەمجار قسە بۆ خەڵک دەکات

لە ڕۆژی ٢ی مارسی ١٩٧٩، حامید و هاوڕێکانی لە یەکەم کۆبوونەوەی سیاسیی قاسملوو لە مەیدانی چوارچرا بەشدار بوون. هەزاران کەس هاتبوون گوێ بگرن. ئەوە یەکەم دەرکەوتنی سیاسیی حدکا بوو. ئەندامانی حیزب زووتر هاتن و لە پشت ئەو سەکۆیەوە ڕیزیان بەست کە قاسملوو قسەی لێ دەکرد. تەنانەت حامیدیش قاسملووی بینی و دڵخۆش بوو بەوەی کە لەوێیە. چاوەڕوانیی خەڵک ڕوون بوو.

بەیانییەکی سارد بوو. ئاسمان شین و ساماڵ بوو. قاسملوو وەک هەمیشە بە لێوێکی بەبزەوە دەستی بۆ خەڵکەکە بەرز کردەوە. جامانەیەکی سپی و ڕەشی لەسەردا بوو، قژە ماش و برینجییەکەی دیار بوو. جلی خاکی پێشمەرگەی لەبەردا بوو و بەسەریدا پەستەکی لەبەر کردبوو. لەگەڵ ئەوەی چووە پشت میکرۆفۆن خەڵکەکە بێدەنگ بوون و چاوەڕێی قسەکانی بوون.

قاسملوو بەم قسانە دەستی پێکرد «لەبەر چاوگرتنی ئازادییە دێموکراتیکەکان، بنیاتنانی ڕێژیمێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە لەسەرانسەری وڵاتدا، گارانتییە بۆ بەرەوپێشچوونی شۆڕش و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەمان. بەبێ ڕژیمێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە مافەکانی کورد بە تەواوەتی دەستەبەر نابن و بەبێ




دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

لەبەرچاوگرتنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد ڕژیمێکی دیموکراتیک دروست نابێت. گەلی کورد، وەک هەموو نەتەوەکانی ئێران، دەبێت بە شێوەی فەرمی لەوە دڵنیا بکرێتەوە کە سەرکوتە سەرانسەرییەکانی حکومەتی پادشایەتی نامێنن.»

«دەبێت نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەنی دامەزرێنەراندا و نووسینی ڕەشنووسی دەستووری ئێران بەشدار بن تا لەوە دڵنیا ببن کە مافەکانی گەلانی ئێران و خەڵکی کورد لە دەستووردا ڕەچاو کراون. کاتی تۆمەتبارکردنی گەلی کورد بە جیاخوازی بەسەرچووە. هەرچەند ئێمە پێمان وایە ئەو تۆمەتە پیلانی دوژمنانی شۆڕشە و بە تەواوەتی ڕەدی دەکەینەوە، ئێمە ڕایدەگەیەنین کە هیچ حیزبێکی سیاسیی جیاخواز لە سەرانسەری کوردستانی ئێراندا نییە. خەڵک بە گشتی داوای مافە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی ئێراندا دەکەن.»

حامید بە وردی گوێی لە قسەکانی گرت و هەستی بە شانازی دەکرد. «ئەو بە خەڵکی وت کە لە سۆڤیەتەوە بەڵێنیان پێدراوە کە یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی ئازادی دەستەبەر بکەین. قاسملوو زۆر کەسێکی زیرەک بوو. ئەوە بەهێزترین خاڵ بوو کە ئاماژەی پێکرد، و کاتێک ئەوەی گوت خەڵک دەستیان کرد بە چەپڵەڕێزان. ئەو وتاربێژێکی کاریزماتیک بوو. خەڵک چەندین جار ڕایانگرت و چەپڵەیان لێدەدا. لە بیرمە زۆر کەس لە پشتەوە پارێزگارییان لێ دەکرد. زۆر خۆش بوو، زۆر ڕۆژێکی خۆش بوو.»

لە مانگی ئاپریلدا، حامید و هاوڕێکانی ئاگادار کرانەوە کە بە هۆی ئەوەی بانگهێشتەکەی خومەینییان جێبەجێ کردووە و سوپای شایان بەجێ هێشتووە، ئیمام وەک کەسانی ئینقلابی وەریگرتوون. ئەوان وەک قارەمان ناو برابوون و دەیانتوانی بەڵگەی تەواوبوونی خزمەتی سەربازی وەربگرن.

## زۆربوونی حەزی حامید بۆ کۆمەڵە

حامید لە باری سیاسییەوە بە هۆی جەعفەر حەسەنپوور کە مامۆستایەکی خۆشەویستی قوتابخانە بوو، زۆر حەزی بە کۆمەڵە دەکرد. ڕۆژێک مامۆستاکەی دیار نەما. دەرکەوت کە گیراوە و زۆر زوو کە گەڕایەوە چووە ناو کۆمەڵە. ئەو زۆر کەسێکی سادە بوو و هەمیشە لە پشت کرێکارانی وڵاتەکەی بوو، حامید زۆر جاران سەردانی دەکرد. ئەو پیاوە زۆر کاریگەری لەسەر ژیانی دانا. سەرەڕای ئەوەی هەمیشە کاری بوو، کاتی بۆ خوێندکارە لاوەکان دادەنا تا شتیان فێر بکات. ئەو کاریگەرییەکی زۆری بوو.

دەفتەری کۆمەڵە لە مەهاباد، لەگەڵ ماڵی حامید یەک ماڵیان لە بەینیدا بوو. حامید زۆر جار دەچووە لای حەسەنپوور و بە کەسێکی پێشکەوتنخوازی دەزانی. باسی لە مافی چینی هەژار و بەرنامەی کۆمەڵەی دەکرد و ئەوە بۆ حامیدی هاندەر بوو. سەرەڕای ئەوەی هەموو بنەماڵەکەی دیموکرات بوون حامید بوو بە کۆمەڵە.

«کاتێک هاتمەوە بۆ مەهاباد، تاکە کەس بووم نەچووبوومە ناو سیاسەتەوە. هەموو هاوڕێکانم دیموکراتی بوون. ئەو کات منیش هەستی هاوسۆزیم لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان پەیدا کرد و بوومە کەسێکی چالاک. هەموو کات براکەم نیگەرانی ئەو شتە بوو. ئەو پێی وتم نابێت بچمە ناو سیاسەتەوە.»

## هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەزایان، ئۆگستی ١٩٧٩

چەند هەفتە دواتر، لە ٣٠-٣١ مارسدا، دەوڵەتی خومەینی داوای بەڕێوەچوونی گشتپرسیی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی کرد. ڕۆژی بەر لە هەڵبژاردنەکە، کوردەکان ڕایانگەیاند کە ئەوان بەشداری ناکەن چونکە لەسەر بەرگەی هەڵبژاردن، تاکە بژاردە کۆماری ئیسلامییە: «ئایا لەگەڵ ئەوەیت کە حکومەتی پادشایی بە کۆماری ئیسلامی بگۆڕدرێت، بە مەرجێک یاساکەی لەلایەن خەڵکەوە پەسەند بکرێت؟ بەڵێ یان نا.» زۆرینەی خەڵکی وڵات دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا. خومەینی ڕۆژی دواتر کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەک «یەکەم حکومەتی خودا» ڕاگەیاند.

لە کوردستان زۆر کەم دەنگیان دا، حامیدیش دەنگی نەدا. هەروەها لە ڕۆژی ٣ی ئۆگستدا دەنگی نەدا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەزایان کە ئەرکی نووسینی ڕەشنووسی یاسای کۆماری ئیسلامییان لە ئەستۆ بوو. ئەو دواتر دەڵێت «من نە حەزم پێی بوو و لە تارانیش بووم.»

ئەحمەد دواتر پێی گوت کە قاسملوو وەک کاندیدی شاری ورمێ، دەنگی هێناوە و هەموو خەڵکی مەهاباد دەنگیان پێداوە. لە حەفتا و سێ نوێنەری هەڵبژێردراو تەنیا دووکەسی سێکۆلاریان تێدا بوو و قاسملوو یەکێک لەو دوو کەسە بوو. هەموو هیوادار بوون کە دێموکراسی و مافی کەمینەکان لە یاسای نوێدا لەبەر چاو بگیرێن.

## کتێبە سیاسییەکان لە خیاباندا لەبەر دەستدا بوون

لەو ماوەیەدا، خەڵکی تاران تینووی چەشنە جیاجیاکانی ئەدەبیات بوون و کتێبفرۆشییەکان وەڵامدەری ئەو داواکارییە بووون. هەموو جۆرەکانی بڵاوکراوە و چاپەمەنی لە شەقامەکاندا دەفرۆشران. کتێبفرۆشەییەکان کتێبە سیاسییەکانیان دەفرۆشتن کە لە هەموو زمانەکانەوە وەرگێڕدرابوونە سەر فارسی. زۆر گۆڤاریش چاپ دەبوون کە بە گشتی بابەتەکانیان سیاسی بوون. ئەوە بۆ حامید کاتێکی خۆش بوو. «مەهاباد هەمووی کورد بوون. من دەمتوانی تا ڕادەیەک کوردی بخوێنمەوە و چێژم لەوە وەردەگرت. دنیایەکی زۆر نوێ بوو بۆ من.»

## بینینی سادق وەزیری

حامید بە جلوبەرگێکی ڕۆژئاواییەوە لە خۆپیشاندانێکی بەردەم زانکۆی تاراندا بەشداری کرد. لەوێ بوو کە بۆ یەکەم جار سادق وەزیری بینی. وەزیری دواتر بووە بەرپرسی کۆمیتەی کوردانی ئێران کە داواکارییەکانی سەرجەم حیزبە کوردییەکانیان لە بیست و شەش خاڵدا گەیاند بە ڕژیمی ئیسلامی. ئەو یاساناسێکی شارەزا و بەڕێز بوو و بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی یاساناسانی ئێران بوو و کەسێکی زۆر بەهێز بوو. لە تاران لە ڕێکخراوەی کورداندا، لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە زانکۆ بەڕێوە چوو، قسەی کرد. وەزیری بوو بە ڕاوێژکاری سەرەکیی حامید و لە زۆر ڕوانگەوە کاریگەری لەسەر ژیانی دانا، لە سەرجەم ماوەی خوێندکاریدا ڕێنوێنی کرد و لە هەموو هەڵبژاردنەکانی بۆ خوێندن و کار تا کاتی مردنیشی ڕاوێژی پێدەکرد.

## خومەینی دەبێتە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان

لە ناوەڕاستی مانگی ئۆگستدا، لە کوردستان هەستی گەشبینی و ئەگەری گەیشتنی ئێران بە دێموکراسی و ئازادی ڕووی لە نەمان کرد. خومەینی ڕایگەیاند کە ئەنجوومەنە نوێیەکە گوێ بۆ ئەو کەسانە ناگرێت کە داوای سیستمی دێموکراتیک دەکەن. کاتێک فەرمانی دا کە یاسای نوێ ئیسلامی دەبێت، هیوای ملیۆنان کەسی بەو قسانە لە گۆڕ نا.

ناوچەکە بەرەو گرژی و توندوتیژی دەچوو. دوای شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ سوپای ئێران، لەشکرێکی پێشمەرگە کە هەزار کەس دەبوون، شاری پاوەیان کۆنترۆڵ کردەوە. ئەو شەڕە هەزاران قوربانی لێکەوتنەوە. لە ١٧ی ئۆگستدا، خومەینی کە ببوو بە فەرماندەی گشتیی هێزی چەکدار، فەرمانی شەڕی بە دژی کوردەکان دەرکرد و بە پیلانگێڕ و کۆفار (بێدین) ناوی بردن.

لە ڕۆژی ١٩ی ئۆگستدا، خومەینی لە تاران لە ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی هەڵبژێردراوانی ئەنجوومەنی شارەزایان ئامادە بوو. سەرجەم خەڵکی ئێران لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە سەیری ئەو ڕووداوەیان دەکرد. خومەینی بەو پەڕی تووڕەییەوە داوای ئارامیی لە وڵاتدا کرد و وتی: «حیزبی دێموکراتی کوردستان گرووپێکی تێکدەرن، گرووپێکی فاسدن. ئێمە ڕێگە نادەین هەر شتێک پێیان خۆشە بیکەن. ئەوان ئێمە بە کردنی ئەو کارانە تۆمەتبار دەکەن کە خۆیان دوێنێ و چەند ڕۆژ لەمەوبەر کردوویانە.» بە تووڕەیی ئاماژەی بە ڕووداوەکانی پاوە کرد «ئەوان پشێوییان ناوەتەوە و گلەیی لە خەڵکی تر دەکەن. ئەوان پیلانگێڕن، تێکدەرن....ئەوان ئامرازی دەستی خیانەتکاران و دووڕووەکانن.»

لەگەڵ ئەوەی پەنجەی هەڕەشەی درێژ دەکرد، قسەکانی دووپات کردنەوە؛ بە تایبەت دوو کەسی تومەتبار کرد « «عێزەدین و قاسملو –کە ئێستا لێرە نییە- کەسانی فاسدن.» شێخ عێزەدینی حوسەینی مامۆستایەکی ئایینی خۆشەویست بوو لە کوردستانی ئێران و عەبدوڕەحمانی قاسملوو کەسێکی سیکولاری دێموکراتیکی سۆسیالیست بوو. خومەینی بەم شێوە ئەوانی وەک المفسد فی الارض واتە تێکدەری زەوی ناو برد و جەزای ئەو تۆمەتە مەرگ بوو.

## سەفەرێکی پڕمەترسی بۆ مەهاباد

حامید خوێندنەکەی تەواو کرد و دیپلۆمی ئینگلیزی لە قوتابخانەی کۆمەڵەی ئەمریکایی بە پلەی بەرزەوە لە مانگی ئۆگستدا وەرگرت. ئەحمەدی برای شانازی بە دەستکەوتە باشەکانییەوە دەکرد. ئێستا ئەحمەد دڵنیا بوو کە براکەی داهاتوویەکی گەورەی لە پێشدایە. ئەحمەد بەرپرسیارەتی ئەوەی لە ئەستۆ گرت کە یارمەتیی براکەی بدات بۆ ئەوەی لە دەرەوەی وڵات خوێندنی باڵا تەواو بکات.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٠ی ئۆگدست، ڕۆژێکی کارەستبار بوو بۆ خەڵک. ئایەتوڵڵا خومەینی فەرمانی جەهادی بە دژی خەڵکی کورد دەرکرد. ئەو قسەی خۆی کرد، قسەی ئەویش قسەی خودا بوو. خەڵکی ئێران شوێن قسەکانی دەکەوتن. بازاڕ داخرا و هەزاران کەس بۆ پشتیوانیی لە فەرمانەکەی خومەینی ڕژانە شەقامەکان. زۆر کەس پەیمانیان لەگەڵ کوژراوانی شەڕی پاوە نوێ کردەوە، «نەمان بۆ قاسملوو! شێخ عێزەدین لە دار بدەن!» بۆ خەڵکی کورد، گرینگ نەبوو پیرن یان لاو، هاتنە سەر شەقام حوکمەکەی مردن بوو.

ئـەو ڕۆژە حامیـد بـە ڕێکـەوت لـە تـاران بـوو و ئینگلیـزی دەخوێنـد تاوەکـوو ئامـادەی چوونـە دەرەوە بێـت. ئـەو لـە نزیـک زانکـۆ لـە ماڵێکـی فـارس، ژوورێکـی بەکـرێ گرتبـوو. حامیـد بـێ ئـاگا بـوو لـەوەی کـە لـە شـەقامدا چ باسـە. دوانیوەڕۆکـەی لەگـەڵ هاوڕێکانـی بـۆ پیاسـەیەک چوونـە دەرەوە.

ئەولاتـر لـە زانکـۆ، حەشـیمەتێکی زۆری خۆپیشـاندەرانیان بینـی. «کاتێـک گوێـم لـە دروشـمەکانیان بـە دژی شـێخ عێزەدیـن و قاسـملوو بـوو، مـن و هاوڕێکانمـان بڕیارمـان دا لـە زووتریـن کاتـدا لـەو شـوێنە دوور بکەوینـەوە. مـن ترسـابووم. ئەگـەر ئـەو خەڵکـە بیانزانیبایـە ئێمـە کوردیـن دەیاناگرتیـن و خراپیـان پێدەکردیـن. هەوڵـمان دا لەگـەڵ هاوڕێکانـی تـر و ئـەو کوردانـەی مەهابـاد کـە لـە تـاران دەژیـان پەیوەنـدی بگریـن و لـە بارودۆخەکـە ئاگاداریـان بکەینـەوە. هاوڕێکانمـان وتیـان کـە دەبێـت لـە زووتریـن کاتـدا بڕۆیـن.»

«مـن چوومـەوە ژوورەکـەم و کەلوپەلەکانـم کۆکردنـەوە و بەپەلـە ڕامکـرد بـۆ وێسـتگەی پاسـەکان لـە بینـای نـاسر خـۆسرەو تاوەکـوو بـە یەکـەم پاسـی تی.بی.تـی بگەڕێمـەوە بـۆ مەهابـاد. وێسـتگەی پاسـەکە پـڕ بـوو لـە هاوڕێیان و خەڵکـی مەهابـاد. هەمـوو دەیانویسـت بـڕۆن. کـەس هەسـتی بـە پارێـزراوی نەدەکـرد. شـەقام تووڕەیـی لێدەبـاری و ئـەو خەڵکـەی کـە خۆیـان بـە مۆسـتەزعەفین دەزانـی، فریویـان خواردبـوو و بـە ئیمانێکـی زۆرەوە لـە دەوری فەرمانـی ئایەتـووڵا کـۆ بوونـەوە و خوێنـدکاری لـە جـۆش و خرۆشـیان تێـدا بـوون کـە قسـەکانی مەلاکانیـان دووپـات دەکردنـەوە.

«ئـەوە بەهێزتریـن یادەوەریـی منـە لـەو سـەردەمە، چونکـە باسـی مـان و نەمـان بـوو. بـۆ یەکـەم جـار بـوو بترسـم کـە جلـی کـوردی لەبـەر بکـەم.» لـە کاتـی شۆڕشـدا، ئـەو هەڵبژاردنـە ڕێـزی لێدەگیـرا. بـەڵام ئیـتر حامیـد ئـەو هاوینـە کاتێـک لـە کوردسـتان نەبـوو، جلـی ڕۆژئاوایـی لەبـەر دەکـرد تاکـوو پارێـزراو بێـت.

«هەمـوو ڕۆژێـک پاسـەکان دەهاتـن و دەچـوون و بـە دوازدە کاتژمێـر دەگەیشـتنەوە مەهابـاد. مـەودای تـاران بـۆ مەهابـاد نۆسـەد کیلۆمیـترە. دەمانزانـی کـە خەڵکێکـی زۆر لـە شـەڕی نێـوان کـورد و هێزەکانـی ڕژیمـدا کـوژراون. دڵنیـا نەبوویـن لـەوەی ڕێگـەکان ئەمـن بـن، بـەڵام بـەو حاڵەشـەوە شـۆفیرەکان کـە مەهابـادی بـوون، بـە موسـافیرەکانیان -کـە بیسـت کـەس دەبوویـن- گـوت کـە تـاران بەجـێ دەهێڵیـن، چونکـە تـاران زۆر مەترسـیدار بـوو بـۆ ئێمـە. هـەردوو شـۆفیرەکەمان بـە باشـی دەناسـین. یەکیـان قـادرە ڕەش بـوو کـە لەبـەر خۆرەتـاودا پێسـتی سـووتابوو و ئـەو تریـان کـوڕی دەروێـش مەجیـد بـوو کـە کەبابخانەیەکـی ناسراوەیـان لـە مەهابـاد هەبـوو و لـە بنەماڵـەی عەبدووڵاهـی بـوو کـە کۆمپانیـای تی.بی.تـی یـان هەبـوو.

«هەرچەنـد سـەفەرکردن لـەو شـەوەدا زۆر مەترسـیدار بـوو، بـێ ئـەوەی لـە هیـچ شـارێک لابدەیـن وەڕێ کەوتیـن. کاتێـک بەیانـی زوو گەیشـتینە شـاری میانـدواو لەسـەر سـنووری کوردسـتان لـە پارێـزگاری ئازەربایجانـی ڕۆژاوا و پەنجـا کیلۆمەتـر لـە مەهابـاد دوور بوویـن، زانیـمان کـە ڕێگـە بەسـتراوە. سـەربازەکان وتیـان کـە ناتوانـن بـڕۆن چونکـە لـەوێ شـەڕێکی قـورس لـە نێـوان پێشـمەرگە و پاسـدارەکانی خومەینـی کـە هێزێکـی جێتمانـەی خـۆی بـوون، هاتۆتـە ئـاراوە و زۆر کەسـیش کـوژراون. ئێمـە دەمانزانـی کـە هێشـتا مەهاباد لـە دەسـتی پێشـمەرگەدایە، بۆیـە شـۆفیرەکەمان بڕیـاری دا کـە لـە ڕێگەیەکـی دیکـەوە لـە ڕۆژهەڵاتـی میانـدواوەوە بـڕوات. ئـەو وتـی کـە دەتوانیـن لـە ڕێگـەی بـۆکان و سـەهۆڵانەوە بڕۆیـن کـە بیسـت کیلۆمەتـر لـە مەهابـاد دوور بـوو.

«دانـی نیـوەڕۆ بـوو گەیشـتینە سـەر لوتکـەی کێوێـک و زانیـمان کـە کەوتووینەتـە ناوجەرگـەی شـەڕەوە. هێزەکانـی

حکومەتی لە دەستی ڕاستمانەوە بوون و لە لای چەپەوە و بە دووریی پێنج کیلۆمیتر لە شوێنەکەی ئێمەوە، هێزەکانی پێشمەرگە ئاگربارانیان دەکرد. لەوێ دەستەوەستان ماینەوە، کاتێک بینیمان کەوتووینەتە ناو شەڕەکە. لەناکاو لایەنێکیان گوللە خومپارەیەکی بەرەو پاسەکەی ئێمە ئاراستە کرد و لە پازدە میتری ئێمەدا تەقییەوە. هەموومان ترسابووین، بەڵام سەرەڕای تووڕەیی، دەستم کرد بە پێکەنین، لە کاتێکدا شۆفیرەکەمان دەگریا. لەو گریان و پێکەنینەدا بووین کە قالە ڕەش وتی، «ئەو خومپارەیە لەلایەن پێشمەرگەوە هات بریا لێمان بدرایە!»

«ئاغای عەبدووڵڵاهی وتی کە دەبێت بەرەو جادەی سەرەکی بڕۆین چونکە پێشمەرگە بە هەڵە وا دەزانن کە سەربە حکومەتین و پشتیوانی پاسدارەکان دەکەین، کە هێزێکی درندەی ڕژیمن و جاری تریش بەرەو ئێمە گوللە دەتەقێنن. بڕیارمان دا باشترین کار ئەوەیە کە بە ڕێگەی سەرەکیدا بگەڕێینەوە و بە هێزی سوپا بڵێین کە ئێمە تەنیا موسیافیرین. دواتر، من لەلایەن حامید گەوهەرییەوە ئاگادار کرام، ئەو کەسەی کە لە پێشەوەی سەنگەردا بوو، ڕاسپێردرابوو کە بەرگری لە هاتنەژووری حکومەت بۆ ناو مەهاباد بکات. ئەوان پاسەکەیان بینیبوو و دواتر زانییان کە موسافیری کوردی تێدان.

«لە کاتی گەڕانەوەمان بە جادەی سەرەکیدا، ئۆتۆمبیلمان دەبینن کە مەیتیان تێدایە و سەربازە بریندارەکانیش پاشەکشێ دەکەن. خوێنێکی زۆری لێ بوو. ئێمە لەوێ بە واقوڕماوی دانیشتین تا پاسدارێک هات. دەستگیریان کردین و دەستیان کرد بە پرسوجۆ لێمان. ئێمەش وتمان کە لە تاران دەژین و دەمانهەوێت بۆ سەردان بگەڕێینەوە مەهاباد. شۆفیرەکە بۆی ڕوون کردنەوە بۆیە بەو ڕێگەیەدا هاتووین تا نەکەوینە ناو شەڕ. ئەوانەی جلی کوردییان لەبەردا بوو برانە لایەک و لێیان دان. من جلی ڕۆژئاواییم لەبەردا بوو و بۆم ڕوون کردنەوە کە دەمهەوێت بەر لەوەی وڵات جێ بهێڵم بنەماڵەکەم ببینم. وازیان لە من هێنا. لەناکاو یەکێک لە موسافیرەکان بە ناوی عەلی شەوڕەنگ بەرەو ناو دارستانێک ڕای کرد. پاسدار دەستیان کرد بە تەقەکردن لێی بەڵام توانی دەرباز بێت. ئەو کاتە ئیتر من زۆر ترسابووم، پێموابوو کە دەمانکوژن.

«زۆر ئۆتۆمبیلم بینین کە بەرەو مەهاباد دەڕۆن و لە یەکێکیاندا پیاوێکی ئازەریم ناسییەوە کە قەساب بوو و ماوەیەکی زۆر بوو لە مەهاباد دەژیا. ئێستا ئەویش یارمەتیی پاسدارانی دەدا و دژی کوردان شەڕی دەکرد! لە کاتی شۆڕشدا، هەندێک لە ئازەرییەکان لە بەرەی کورددا مانەوە، بەڵام زۆربەیان کە شیعە بوون یارمەتیی ڕژیمیان دا، ئەوان شۆفارییان دەکرد و شوێنی شۆڕشگێڕانی کوردیان بۆ دەستنیشان دەکردن.

«چەند کاتژمێر دواتر، بڕیاریان دا سی کیلۆمیتر بمانگێڕنەوە دواتر بۆ میاندواو و وەک زیندانیی شەڕ دەستبەسەرمان بکەن، لە کاتێکدا ئێمە هیچمان نەکردبوو. چەند کاتژمێری خایاند تا گەیشتینە ئەوێ. ئێمە دەترسیان کە تۆڵەمان لێ بکەنەوە. لە میاندواو یەک بە یەک ڕیزیان کردین، بە ناو شاردا گێڕایانین، بە خەڵکیان نیشان دەداین و بردیانین بەرەو مزگەوتی جامیعەی شارەکە. مەلای مزگەوتەکە ئاغای عەبدوڵڵاهی ناسییەوە، ئەو دەروێش مەجیدیشی دەناسی. دوای ئەوەی گوێی بۆ قسەکانمان گرت و ئێمەش بەبێ هیچ تاوانێک گیرابووین، بە نەرمی بە پاسدارێکی وت کە ئێمە میوانی ئەوین و دەبێت ئازاد بکرێین. ئەوە ئازادییەکی گەورە بوو بەڵام ئێمە هێشتا نیگەران بووین کە ژمارەیەکی زۆر پاسداری بریندارمان دەبینین دەگەڕێنەوە. بارودۆخەکە زۆر سەخت بوو.

«سەرجەم بارمتەکانی شەر لە مەیدانی جامیعەدا ڕاگیران، بەبێ ئەوەی لەو ڕۆژەدا قومێک ئاو یان خواردنێکیان پێ بدرێت. ئێمە وتمان کە ئایەتووڵڵا نامەیەکی داوە بە ئێمە و وتوویەتی کە ئێوە ئازادن، بۆیە دەتوانین کەڵک لەو نامەیە وەرگرین.

«لە پاشنیوەڕۆدا، ئاغای عەبدووڵلاهی وتی کە بچین بەرەو بۆکان کە چل کیلۆمیتر لێمان دوور بوو. خوشکی لەوێ بوو و پێی وتبوو کە هێزەکانی ڕژیم ئەوێیان داگیر کردووە بەڵام چونکە شارێکی کوردستان بوو هەستمان دەکرد لەوێ پارێزراوترین.

«گەیشتینە بۆکان، شەقامەکان چۆڵ بوون. هێزەکانی حکومەت شەقامە چۆڵەکانیان کۆنترۆڵ کردبوون. پێشمەرگە پاشەکشەی کردبوو تا خەڵکی ئاسایی پارێزراو بێت. ئاغای عەبدووڵلاهی و خوشکەکەی شوێنی مانەوەیان بۆ هەر پازدە موسافیرەکە لە چەند ماڵان دابین کرد، لەوێ نانمان خوارد و خەوتین. ڕۆژی دواتر موسافیرەکانمان کۆ کردنەوە، هەندێکیان دیار نەمابوون و گیرا بوون. دواتر زانیمان کە هەندێکیان لە لایەن پاسدارەکانەوە گیراون و لە سێدارە دراون.

**شەقامەکان چۆڵ بوون. هێزەکانی حکومەت شەقامە چۆڵەکانیان کۆنترۆڵ کردبوون. پێشمەرگە پاشەکشەی کردبوو تا خەڵکی ئاسایی پارێزراو بێت.**

«نامەکەی مەلامان پێ بوو و لە میاندواوەوە بەرەو مەهاباد بەڕێ کەوتین. بەر لەوەی بڕۆین زانیمان کە مەهاباد لەلایەن پاسدارەکانەوە داگیر کراوە و پێشمەرگە شاری چۆڵ کردووە تا شارەکە و دانیشتووانی پارێزراو بن. بە هێواشی دەڕۆیشتین و لە هەر پێنج کیلۆمیترێکدا ڕادەوەستاین، نامەکەمان پیشان دەدان و لە هەرجێیەک ڕایاندەگرتین حاڵی خۆمان پێ دەوتن تا گەیشتینەوە ئەو شوێنەی کە ڕۆژی پێشتر لێی دەستبەرسەر کرابووین. وێرانکارییەکی زۆری لێ بوو، کەرەستەی سەربازیی سووتاو و خوێن لە هەموو شوێنان دەبینرا. بەم شێوەیە وەک یەکەم پاس ڕێگەمان پێدرا کە دوای شەڕەکە بچینەوە ناو شار.

«لەگەل ئەوەی کە لە مەهاباد نزیک دەبووینەوە، ئاسەورای شەڕ زیاتر دەردەکەوت، کەلوپەلی سەربازیی سووتاوی زۆر لێ بوون و خوێن ئاسفاڵتی داپۆشیبوو. گەیشتینە خاڵی پشکنینی هێزە سەربازییەکان. لە هەر بیست میترێکدا خاڵێکی پشکنینی لێ بوو، بەڵام هیچ کەس و هیچ ئۆتۆمبیلێکی لێ نەبوو. بەرەو تێرمیناڵی پاسەکان چووین کە چۆڵ و هۆڵ بوو. چەند کەس هاتنە دەر تا بمانبینن، هەواڵی دەستگیرکرانی موسافیران و کوژرانیان بڵاو بووەوە.

«تێرمیناڵم بەجێ هێشت و چەند سەد میتر بە پێ بەرەو ماڵی براکەم بە ڕێ کەوتم. کاتێک دەرگایان کردەوە و بینییان کە بە زیندوویی گەڕاومەتەوە هەموو دەستیان کرد بە گریان. پێیان وابوو کوژراوم. باوکم هات و دوو ڕۆژ لەلامان مایەوە. لەو ڕۆژدا پاسدار گەنجەکانیان دەگرتن و لە شەودا گوێمان لە تەقەی شەڕ بوو. دوو ڕۆژی تەواو لە ماڵدا ماینەوە.

«لە ڕۆژی دووهەمدا ئەحمەد منی هێنایەوە بۆ تاران، چەند ڕۆژ لەوێ مامەوە و براکەم خەریکی ئامادەکاریی سەفەرکردنم بوو بۆ ڕۆم. ئەودەم سێپتەمبری ١٩٧٩ بوو.»

**ئایەتووڵڵا و دژایەتیی کوردەکان**

بە سێ هۆکار خومەینی متمانەی بە کوردەکان نەدەکرد. یەکەم ئەوەی کوردەکان داوای دێموکراسییان دەکرد و خومەینی ئەو هەڵوێستە سیاسییەی بە مۆدێلێکی ڕۆژئاوایی دەزانی و ڕەتی دەکردەوە؛ دووهەم، کوردەکان سەربەخۆییان دەویست، بەڵام خومەینی مافی نەتەوەکانی قەبوڵ نەدەکرد و تەنیا باوەڕی بە یەکیەتیی ئۆممەتی ئیسلامی هەبوو؛ سێ، زۆرینەی کورد سوننی بوون و ئایەتووڵڵا ڕژیمێکی شیعەی دەسەپاند. خومەینی دەیزانی کە کوردەکان تا مەرگ لەسەر مافەکانیان شەڕ دەکەن و چەکیشیان پێیە. لەو ڕۆژەوە کە خومەینی فەرمانی جەهادی دا، ڕژیمی ئیسلامی شەڕی پیرۆزی دژ بە هەموو کورد ڕاگەیاند. بۆ ماوەی زیاتر لە یەک دەیە کوردستان بووە گۆمی خوێن. بە بۆمبارانی فڕۆکە و چەکی قورس، کوردستان بە دڕندانەترین شێوە کرایە قوربانی. هێزەکانی ڕژیم کوردستانیان داگیر کردەوە و دادگاییەکی سەرپێیی و لە سێدارەدان لە زۆربەی شەقام و گوندەکانی کوردستاندا دەبینرا.

**بەسەربازیکردنی مەهاباد**

ئاکۆ هاوینی ساڵی ١٩٧٩ی مەهابادی لە بیر ماوە. «هەموو شەوان لە دەرەوە بووین. بە ڕۆژ گەرم بوو بۆیە چاوەڕێ بووین تا لە ئێوارەدا بچینە دەر. ڕۆژێک دەنگی فڕۆکە هات، بەربەستی دەنگییان شکاند و هۆشدارییان دا بە خەڵک. دوای ماوەیەک، بە هەڕەمەکی دەستیان بە بۆردومانی سەرجەم کێوەکانی دەوروبەری مەهاباد کرد. بەیانی ڕۆژی دواتر، کاتێک لە خەو هەستیان، هەموو شوێنێک داخراوبوو و شار چۆڵ بوو. زۆرمان پێ سەیر بوو، 'چی بووە؟' پێشمەرگە دەوری شاریان گرتبوو و حکومەت نەیدەتوانی بێتە ناو شار. بەڵام هێزەکانی حکومەت ژمارەیان زۆر زیاتر بوو و زۆر لە هێزەکانی پێشمەرگە بەهێزتر بوون.

«من لە دەرەوە بووم و هەموو شتێکم دەبینی. بەریەککەوتنەکە زۆری نەخایاند، دەوروبەری کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ سەربازە ئێرانییەکان لە شار نزیکتر بوونەوە. بە پشتیوانیی بۆردومانی هێلیکۆپتەرەوە هاتن و هەڕەمەکییانە هەموو شوێنێکیان بۆردومان دەکرد. پێشمەرگە پاشەکشەیان کرد و زانییان کە سەربازە ئێرانییەکان ڕاسپێردراون تاوەکوو پادگانەکان کۆنترۆڵ بکەن. کاتێک گەیشتنە ناوشار، خەڵک نەیدەتوانی لە دەرەوە بمێنێت و ئێمەش لە ماڵەوە ماینەوە.

دوای ماوەیەک شەڕی نارنجەک دەستی پێکرد و هێزە سەربازییەکان هێرشیان دەکردە سەر ماڵەکانمان. خومپارە دەهاتن و تەنانەت ماڵی ئێمەش دانەیەکی بەرکەوت. سەرەنجام لە ئێوارەدا، پێشمەرگە کشایەوە بە دواوە و زیاتر هیچی پێ نەدەکرا.

«هەموو ڕۆژێک پێشمەرگە لە دەرەوەی شار بوو و شەوان هێرشی دەکرد. من و خوشکم و باوکم لەوێ بووین، برا گەورەکەم ماڵی جیا بوو. باوکم نیگەرانی من بوو، چونکە هێزەکانی حکومەت لە هەر شوێنێک گەنجێکیان بدیایە بێ سەروشوێنیان دەکرد. هەندێک جار باوکم ڕێگەی نەدەدام بە هیچ شێوەیەک بچمە

دەر. فارسەکان دەسوڕانەوە و سەیریان دەکرد داخۆ گەنجێکی گوماناوی هەیە. پاش ئەوەی پێشمەرگە شکا، فارسەکان هەمووماڵێکیان پشکنی. ئەگەر هەستیان بکردایە کەسێک گوماناوییە، کوڕەکانیان دەستگیر دەکردن. ڕایانگەیاند ئەگەر کوڕی سەرووی هەژدە ساڵتان هەیە دەبێت خۆی بە دەستەوە بدات. من تەمەنم شازدە یان حەڤدە ساڵان بوو. شەوێک لە دەرگای ماڵیان داین.

خوشبەختانە، من لە ماڵ نەبووم بەڵام ماڵەوەیان پشکنیبوو و هۆشدارییان دابوو بە باوکم. ‹کوڕەکەت لێرە دەخەوێت. لە کوێیە؟› باوکم بە درۆ وتبووی کە چووە یارمەتیی کەسێک بدات، ‹نا، ئەو لە ماڵ نییە. ئێمە جێگەمان بۆ ڕاخستووە بەڵام دیار نییە بگەڕێتەوە. نازانین لە کوێیە.›

**هەڕەمەکییانە ئەو خەڵکەیان گوللەباران دەکرد کە کاتی گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕین.**

ئاکۆ دەڵێت «من باش ئەو ساڵەم بیر نییە، بەڵام ئەو زستانە بەفرێکی زۆر باری و لە سەرانسەری ساڵەکەدا شەڕ درێژەی کێشا. ساڵی ١٩٨١ یان ١٩٨٢ بوو. زستانی مەهاباد وەک سوید نییە. لەوێ خەڵک بەفری ڕادەماڵن و منیش لەگەڵ مێردی خوشکم، ڕەحمان، چووم بۆ ماڵی براکەم تاوەکوو بەفری سەربانەکەیان بماڵین.

«سەرباز هاتنەوە، پردێکی لێ بوو و لەسەر کێوەکانەوە ئەو پردە دەبینرا. هەڕەمەکییانە ئەو خەڵکەیان گوللەباران دەکرد کە کاتی گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕین.»

«بینیمان کە تەنانەت سەگێکیشیان گوللەباران کرد. وێڕای کوشتوبڕی ئەو شەوە، ئێمە ئەو ڕۆژە تاوەکوو ئێوارە لەو شوێنە ماینەوە. ڕۆژ تاریک داهات. هەندێک پێشمەرگەی لێ بوون کە دەیانهەویست بپەڕنەوە. لەگەڵ گەیشتنیان بە ناوەڕاستی پردەکە، سەربازەکان بەر فیشەکیان دان. کەسێکیان توانی بپەڕێتەوە و دوو کەسیان گەڕانەوە بە دواوە. ئەوەی کە پەڕیبۆوە گاڵتەی بەوانە دەکرد کە پاشەکشەیان کردووە.

«پێشمەرگەکان جامانەی سەریان دانا. لەگەڵ ئەوەی دوایین کەسیان ویستی بڕوات، تەقە دەستی پێکرد، بازی دایە قەراغەوە تاوەکوو ڕا بکات. من دوو دانە لەو پێشمەرگانەم دەناسین؛ ئێستا هەردووکیان مردوون. قەت ئەو شەوەم بیر ناچێتەوە.»

**هاوڕێیەکی فارس لە تەورێز**

**من دوو دانە لەو پێشمەرگانەم دەناسین؛ ئێستا هەردووکیان مردوون. قەت ئەو شەوەم بیر ناچێتەوە.**

حامید بەم شێوەیە درێژە دەدات بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی: « چەند ڕۆژ لە تاران مامەوە .من نەچوومە هۆتێل. چونکە هاوڕێیەکی ئەحمەد و خۆم بە ناوی محەممەد شەهرابی، کە ئەندازیارێکی فارس بوو لە تاران، داوای لێکردم لەلای بمێنمەوە. من کاتی کاری هاوینان لە تەورێز ئەوم ناسی. زۆر جاران کە لە تاران یەکترمان دەبینی، باسی سیاسەتمان دەکرد. محەممەد ئەندامی حیزبی تودە بوو و حەزی بە سیاسەت دەکرد، بۆیە پێی خۆش بوو لەلای بمێنمەوە. سادق، کە برای بوو، ئەویش هاوڕێیەکی باش بوو و سەر بە فەدائیان بوو.»

«ئۆگستی ١٩٧٩ بوو و شەڕی نێوان کورد و تاران تا دەهات بەرەو خراپتر دەچوو. ئەو بنەماڵە منیان پاراست. ئەوان تەنانەت ڕێگەیان نەدەدام تا دوو هەفتە دواتر کە سوار فرۆکە بووم، پێم بخەمە دەرەوەی ماڵ.

«بە شۆخی هەموو شەو کاتێک باوکیان دەچوو بۆ مزگەوت، دەیانوت کە پلانی سەربازییان دژ بە کوردەکان هەیە و کوردێک کە لەوێ بوو، من بووم.» باوکیان ئیسلامییەکی توندی سەربە خومەینی و محەممەد عەلی ڕەجائی بوو، کە دواتر لە ئۆگستی ١٩٨١دا بوو بە سەرۆک کۆمار. باوک و کوڕ لە باری سیاسییەوە دژ بە یەک بوون، بەڵام لێکدابڕانی لەو شێوەیە لە زۆر بنەماڵەی ئێرانیدا هەیە. ئەو شتە بۆ ئەو کاتە زۆر ئاسایی بوو.

کوڕێکی لە زینداندا بوو کوڕێکی دیکە توودەیی بوو. زۆر بنەماڵە دابەش دەبوونە سەر چەند حیزبی سیاسی بەڵام هێشتا لە ماڵێکدا و پێکەوە دەژیان چونکە فەرهەنگی بنەماڵە زاڵ بوو. محەممەد، هاوڕێی حامید، لەگەڵ ئەحمەد کاری کردبوو، و حامید زۆر شتی لێ فێر ببوو. لە بنەماڵە فارسەکەی تاراندا، دایکیان مێهرەبان بوو و لە باری سیاسییەوە بێلایەن بوو.

لە ڕێگەی سادەقەوە، حامید زۆر کەسی فارسی ناسین. ئەوان خۆشیان دەویست چون کوردێکی چەپ بوو و زیاتر حەزی بە حیزبی کۆمەڵە دەکرد. ئەوان کەسانی دەوڵەمەند بوون و ئەوەدەم شتێکی سەرنجڕاکێش بوو کە کورد بیت و ئەندامی حیزبێکی چەپ بیت کە بۆ ئازادی و یەکسانی تێدەکۆشێت.

### حامید دەڕوات بۆ ڕۆم

ئەو کات زۆر سەخت بوو کە وەک کوردێک بچیت بۆ هەر شوێنێک لە تاران. ئەگەر بە ئاشکرا بتوتایە کوردی، خۆت دەخستە مەترسییەکی گەورەوە. لە تاران ڕوانگەیان بە کورد لە گۆڕاندا بوو، بەڵام هێشتا لێرە و لەوێ دژایەتی دەکران. زۆربەی بیناکانی تارانی ئی موجاهیدین بوو و بەشێکیان ئی فەدائیان بوون، و ئەوانی تر ئی حیزبە ئێرانییەکانی دیکە بوون بە چەپ و ڕاستیانەوە. ئەو کات تەنانەت بیرکردنەوەش لەوەی کە ئێران جێ بهێڵی مەترسیدار بوو. خۆشبەختانە، یەکێک لە هاوڕێکانی ئەحمەد کە لە بازەرگان نزیک بوو، توانی بلیتێک بۆ ئەحمەد دەستەبەر بکات.

لەو کاتەدا، پێویست نەبوو کە موسافیرانی هێڵی هەوایی ڤیزەیان ببێت و هەروا دەیانتوانی بچن بۆ فرۆکەخانە. ئەحمەد بە حامیدی وت «دەتنێرم بۆ هیند، چونکە لەوێ تێچوو و خەرجەکان کەمترن.» ئاغای شەهرابی خەریک بوو بەرنامەی ڕۆیشتنی بۆ هیند بۆ ڕێک دەخست. بەڵام ئەحمەد دەیزانی کە دەیهەوێت بچێت بۆ کوێ؛ خەونی بەوە دەبینی کە بگاتە ئەوروپا. «کاتێک سەبارەت بە ئامادەکارییەکان لە ئاغای شەهرابیم پرسی،» بە بزەیەکەوە وتی ئەحمەد «پێی وتووم کە براکەم دەیهەوێت نژیاروانی بخوێنیت و دەبێت بچێت بۆ ئیتالیا. ئەو دڵنیا بوو لەوەی کە ئەوێ باشترین شوێنە بۆ خوێندنی ئەو بابەتە. تەنانەت خوێندکار لە ئەمریکاوە دەهاتنە ئیتالیا بۆ خوێندن. من ڕازی بووم، بەڵام نەمدەتوانی ئەو کارە بکەم، بۆیە ناچار بووم ئۆتۆمبیلەکەمی بە چوارسەد هەزار تمەن بۆ بفرۆشم و شەشسەد هەزار پارە بۆ حامید دابین بکەم کە لێرەوە پێی بڕوات و لە ئیتالیا بخوێنێت.»

بە هۆی شەڕەوە، لەو دوو هەفتەدا، ئەحمەد نەیتوانی بێت بۆ ئەوماڵەی داڵدەی حامیدیان دابوو. کاتێک ئەحمەد گەیشت هەموو وردەکارییەکانی سەفەرەکەی بۆ جێبەجێ کرد. ئەو هاتە ناو فرۆشگایەک لە تاران تا پارە بنێرێت بۆ براکەی. پوڵێکی زۆری گۆڕییەوە بە دۆلار کە بەشی ساڵێکی دەکرد.

لەو ڕۆژانەدا تاران پڕ بوو لە چالاکیی سیاسی و خۆپیشاندان. ئەو ئێوارە حامید و ئەحمەد چوونە دەرەوە بۆ نانخواردن. دواتر، تا درەنگانی شەو باسی داهاتووی خوێندن لە دەرەوەیان دەکرد.

حامید شەوێک بەر لە ڕۆیشتنی، چاوی لێک نەنا. لە ڕۆژی ١٢ی سێپتەمبری ١٩٧٩دا، کاتێک حامید چەمەدانەکەی پێچابۆوە، ئەحمەد بەپەلە هاتە ژوورەکەی و پاکەتێکی دایە کە ٣٥٠٠ دۆلار پارەی تێدا بوو و ئەو پارەش بۆ ژیانی ١٢ مانگی داهاتووی بەس بوو. هەروەها، ئەحمەد بلیتی فرۆکەشی بۆ حامید هێنابوو. هەموو شت بە تەواوەتی ئامادە بوو.

ئەو شەوە حامید داوای لە سادق شەهرابی هاوڕێی کرد لەگەڵی بڕوات. بەڵام هاوڕێکەی حەزی بەوە نەدەکرد و دەیگوت کە ئێران کاتێکی مێژوویی تێپەڕ دەکات و وەک ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسی ناچارە کە درێژە بە چالاکییەکانی بدات. ماڵئاواییەکی هاوڕێیانەیان لە یەک کرد، نەیاندەزانی کە دوازدە ساڵ دواتر، جارێکی تر لە ئەڵمان یەک دەگرنەوە.

ئەحمەد و سادق بەیانی زوو بە تاکسی، حامیدیان تا فرۆکەخانەی نێونەتەوەیی مێهرئاباد بەڕێ کرد. وەک هەمیشە، ترافیک بوو و ڕێگە هەر تەواو نەدەبوو. تاکسی گەیشتە فرۆکەخانە. کاتێک چوونە ناو تێرمیناڵ، یەکێک لە ناکاو بە حامیدی گوت کە ئەوە یەکەم جاریەتی بە فرۆکە سەفەر بکات. سەیری قەرەباڵغیی هاتوچۆی خەڵکەکەی دەکرد کە دەچوون بۆ ڕێگەی دوور یان دەهاتنەوە و تێگەیشت کە لە زووترین کاتدا خۆی دەبێت بە یەکێک لەو موسافیرانە.

کۆنترۆڵ لە فرۆکەخانەدا زۆر توندوتۆڵ بوو. پیاوێکی ڕیشدار بە بێدەنگییەکی قووڵەوە چاودێری هاتوچۆی خەڵکیان دەکرد. بەڵگەنامەکان چەندین و چەندین جار سەیر دەکران. حامید نیگەران بوو لەوەی کە ڕێگەی نەدەن بڕوات.

بەرلـەوەی کـە حامیـد بچێتـە نـاو بەشـی گومرکـەوە، ئەحمـەد بـە تێکەڵەیـەک لـە غـروور، دڵخۆشـی و خەمێکـی قووڵـەوە، براکـەی لـە ئامێـز گـرت. ئـەو دواتـر دەڵێـت: «بـرای بچوکـترم بـوو و کەسـێکی تـر لـە دەوروبـەرم نەبـوو کـە وەک ئـەو بێـت.» حامیـد هـەر بەتەنیـا بـرای بچوکـتری نەبـوو، بەڵکـوو لـە خوشـک و براکانیـدا لـە هەمـووان پێـی نزیکـتر بـوو. بـۆ مـاوەی چەندیـن سـاڵ زۆر لەگـەڵ یەکـتر تێکـەڵ بـوون. بـرا گەنجەکـەی خەریـک بـوو بـەرەو سـەفەرێک دەچـوو کـە ئەحمـەد خەونـی پێـوە دەبینـی و بـۆ سـاڵانێکی زۆر ئامـادەی دەکـرد. بەدڵنیاییـەوە تـا ماوەیەکـی زۆر یەکـتر نابیننـەوە.

# بەشی ٢
# دەستپێکی ژیان لە ئەوروپا:
# ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێک دەگەن

هەر لە تەمەنی منداڵیمەوە، لە یەک شت دڵنیا بووم:
مـن دەمویسـت لـە زانکـۆ وەرگیرێـم، تاوەکـوو دنیـای دەرەوەی وڵاتەکـەم ببینـم. ئـەو شـتە هانـدەری مـن بـوو و مـن بیـرم لـە هیـچ شـتێکی تـر نەدەکـردەوە. براکـەم چـاوی منـی کـردەوە و ئـەو بیرۆکانـەی بـۆ دروسـت کـردم. ئـەوە دیاریـی ئـەو بـوو بـۆ مـن.

ئالان دیلانی

## ١. بەرزی و نزمیی خوێندکارێک کە لە هاتوچۆدا بوو: سێپتەمبری ١٩٧٩- جولای ١٩٨٠

ڕۆژێکی ١٢ی سێپتەمبری ١٩٧٩، کە حامید گەیشتە فڕۆکەخانەی فیومیچینۆی شاری ڕۆم، هەوا گەرم و خۆرەتاو بوو. کاتێک فڕۆکەکە بەسەر گوندەکاندا تێدەپەڕی، حامید پێی سەیر بوو کە بست بە بستی زەویی ئەو ناوچەیە کراوە بە کشتوکاڵ. کاتێک دابەزی، سەیری ئاسمانی کرد و هەستی بە ئازادییەک کرد کە ساڵانێکی زۆر بوو هەوڵی بۆ دەدا بەدی بهێنێت.

زۆر کەسی ئێرانی لەو ساڵانەدا کە بێهیوایی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو بە هۆکاری جیاجیا لە وڵات ڕایانکرد. دوکتور نەسروڵڵا نووری، برای هاوکارێکی ئەحمەد و شارەزای ڕووپێوی لە وێستگەی شەمەندەفەری پێرۆجا حامیدی بینی. ئەحمەد یارمەتیی سێهەم برای دوکتور نووری دا کە جەنەراڵێکی سوپای شا بوو، تاوەکوو لە ڕێگەی مەهابادەوە ڕابکات. تۆڕێکی گەورە لە هاوڕێیان و ئەندامانی بنەماڵە دەستیان لە دەستی یەک نا تا یارمەتیی کەسە خۆشەویستەکانیان بدەن لەو بارودۆخە سیاسییە دڕندانەی ئێران ڕزگاریان بێت. لەو میانەدا، خەڵکێکی زۆر کۆچیان کرد.

حامید بە یارمەتیی برا گەورەکەی و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکەی ڕێگەی ئەوروپای گرتە بەر. ئەو شتەی کە ئێستا گرینگ بوو، ئەوە بوو کە سەرلەنوێ دەست پێ بکات و بەرەو ئەو داهاتووە هەنگاو هەڵبگرێت کە ساڵانێک بوو خەونی پێوە دەبینی. حامید ساکەکانی هەڵگرتن و بەرەو دەرەوە ڕۆیشت و لە وێستگەی شەمەندەفەری تێرمینی شاری ڕۆما بە ناو پاسەکاندا دەگەڕا.

لەگەڵ ئەو ئێرانییانە کە هاوسەفەری بوون بەڕێ کەوت بەرەو پێروجا. قەتار بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بە ناو ناوچە گوندییە سەرسەوزەکاندا تێپەڕی و مێعماریی بینا دێرینەکانی ئەو ناوچەیە زۆر سەرنجی ئەویان ڕاکێشا. ئەوە یەکەم بینینی ئەوروپا بوو. ئەو چوو بەرەو پێروجا تاوەکوو لە زانکۆیەکی ناسراوی تایبەت بە فێربوونی زمان، ئیتالیایی بخوێنێت.

لەگەڵ ئەوەی قەتارکەی لە شارەکە نزیک بۆوە، حامید لەو دیمەنەی دەیبینی چێژی وەردەگرت. شار بە تەوژمی بەهێزی چەمی تیبێر دوو لەت دەبوو و بەو ناوچە سەرسەوزانەدا دەڕۆیشت کە بە دار گوێز، بی و چنار داپۆشرابوون. حامید کە زۆر تامەزرۆی نژیاروانی بوو، چەندین ئاسەواری نژیاروانی وەک زنجیرەیەک کۆڵانی بەردین، قەیسەریی مێژوویی، و پلیکانەی کەوانەیی دەبینین. ڕابردوو و ئێستا لەم پایتەختە بەهەیبەت و دێرینەدا تێکەڵ ببوون و هەستی شادی و دڵخۆشیان دەدا بە دانیشتووانی شارەکە.

لە وێستگەدا حامید تەلەفۆنی بۆ دوکتور نووری کرد، کە لە نزیک ناوەندی شار هۆتێلێکی بۆ حامید بە

کرێ گرتبوو. تەکسییەکەی حامید بە شەقامی ڤانوچیدا ڕۆیشت کە یەکێک لە شەقامە سەرەکییەکانی شارە و زیاتر بە نموونەی ژیانی باشی پێروجا ناسراوە و بەرەو ئاپارتمانەکەی حامید لە شارە کۆنەکە ڕۆیشت. نووری خوێندکاری ساڵی کۆتایی پزیشکی بوو و ئاپارتمانەکەی لەگەڵ ئەوەی لە شوێنێکی زۆر باشی شاردا هەڵکەوتبوو، شوێنێکی بچووک بوو و هەموو بنەماڵەکەی لەوێ دەژیان بۆیە حامید ناچار بوو لە هۆتێلدا بمێنێتەوە. دوکتور نووری زانکۆی پێر سترانیری[6] «زانکۆی بیانییەکان»ی نیشان دا کە وەک قوتابخانەیەکی کلتووری و زمانی بۆ خوێندکارانی سەرانسەری جیهان ناوی دەرکردبوو و یەکەم هەنگاوی حامید بۆ خوێندنی باڵا لە ئەوروپا لەو شوێنە بوو.



لە پێروجا ١٩٧٩

ڕۆژی دواتر والیسی[7] بینی کە هاوڕێیەکی ئاشووریی خەڵکی مەهاباد بوو و لەگەڵ حامید چوو بۆ زانکۆ. ئەو خەڵکە زۆرەی لە دەوروبەری زانکۆ دەهاتن و دەچوون، بۆی سەرنجڕاکێش بوو، هەزاران کەسی بیانی لێ بوون کە زۆربەیان ئێرانی بوون و یۆنانی، ژاپۆنی، ئەمریکایی و کەسانی دیکەشیان تێدا بوو.

٦- Università per Stranieri

٧- Wali

لێرە ئەو کوردەکانی دەبینین، یەکێک لەوانە فازڵ بوو کە دواتر پێکەوە ژوورێکیان بە کرێ گرت. هاوڕێکەی، قادر، دوای ماوەیەکی کەم گەیشتە ئەوێ. ئەو سێ کەسە زۆربەی کاتەکانیان پێکەوە بەسەر برد.
لەگەڵ ئەوەی لە مانگەکانی دواتردا لەوێ دەچووە سەر پۆلەکان، حامید زۆر کەسی کوردی دیکەی بینین: یەکیان کوڕێک بوو بە ناوی کەمال کە خەڵکی کەرکووک بوو و ڕێکخراوەی خوێندکارانی کوردی پێ ناساند. ئەو کەسە کەمال حیلمی بوو، کە لە لیبیاوە هاتبووە ئیتالیا چونکە ئەوێ ئەمن نەبوو و ئەندامێکی چالاکی یەکیەتیی نیشمانیی کوردستان بوو (حیزبێکی کوردستانی کە لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە سەرکردایەتی دەکرا). حامید چونکە کەسێکی سەرنجڕاکێش و کۆمەڵایەتی بوو، زۆر زوو ژمارەیەکی زۆر هاوڕێی نوێی دۆزینەوە.

## سیاسەتی کوردان، شێوەژیانی ئیتالیایی

دوای چەند ڕۆژ حامید هۆتێلی جێهێشت و چوو بۆ ئاپارتمانێک لە شەقامی گاریبالدی[٨] تا لەگەڵ خوێندکارە کوردەکان بژیێت. ئەو شوێنە بوو بە «باڵوێزخانە» ناوەندێک بۆ هەموو چالاکییەکانی کوردەکان. هەرکەس دەچوو بۆ ئیتالیا سەردانی ئەو شوێنەی دەکرد. لە زانکۆ نزیک بوو، لەوێ هەزاران کەسی ئێرانیی تاراوگەنشینی لێ بوو. چونکە ئەوێ پێویستی بە ڤیزا نەبوو، لایکەمی بیست هەزار کۆچبەر لە ئێرانەوە ڕوویان تێکرد.



لەگەڵ بنەماڵە نوێیەکەی لە پێروجا

٨- Corso Garibaldi

«هەمـوو ڕۆژ زمانـی ئیتالیاییـم دەخوێنـد،» حامیـد بـە بیـری دێتـەوە «لـەوێ سیاسـەتمەداری لـێ بـوون، کاتـی نیـوەڕۆ هەواڵەکانیـان بـە هـەزاران خوێنـدکار دەگەیانـد. کەوتبوومـە ناوجەرگـەی بـاس و خواسـی سیاسـییەوە. ئەندامانـی هەمـوو پارتـە سیاسـییەکان لەژێـر سـەقفێکدا کـۆ ببوونـەوە، هەمـوو شـەوێک کۆبوونەوەیـەک دەکـرا؛ لـە ڕۆژدا گرووپێکـی جیـاوازی لـێ بـوو و بـۆ پشـتیوانیی خومەینـی خۆپیشـاندانیان دەکـرد. ئەوانـە لەگـەڵ خومەینـی بـە دژی کـورد ڕێکەوتبـوون.



لە ماڵەوە لە پێروجا

«نزیکـەی یـەک مانـگ لەگـەڵ کەمـال وەفـا، کـە مەهابـادی بـوو، لـەوێ مامـەوە. دواتـر، زانیـم کـە دەبێـت لەگـەڵ کەسـێکی تـر ژوورێـک بۆخـۆم بدۆزمـەوە. کەمـال لەنـاکاو بـوو بـە توودەیـی و دژایەتیـی ئێمـەی دەکـرد، بـەم هۆیـە هاوڕێیەتیـمان کۆتایـی پێهـات. هاوڕێیەکـی دیکـە، قـادر کاکیلـی، کـە لـە تەوریـز ئەندازیـاری خوێندبـوو، هـات و بڕیـاری دا لـە ئیتالیـا پزیشـکی بخوێنێـت. هاڕێکـەم فـازڵ هەمـان کاری کـرد. کاتـی گۆڕانـکاری بـوو بـۆ ئێمـە و کـەس نەبـوو نەکەوێتـە بـەر کاریگەریـی ئـەو گۆڕانکارییـە.»

## ژیانێکی درێژ لەگەڵ بنەماڵەیەکی نوێ

زۆر زوو، حامیـد ژوورێکـی لـە بنەماڵەیەکـی بـاش بـە کـرێ گـرت و هەمـوو درێژایـی ژیانـی لەگـەڵ ئـەو بنەماڵەیە لە پەیوەندیـدا مایـەوە. «دوای مانگێـک، چـووم بـۆ ڕێگـەی کاپوچینـی[٩] لـە دەوروبـەری پێروجـا ناوچـەی سـان مارکـۆ[١٠] ژوورێکـم دۆزییـەوە کـە بەرجەوەندێکـی جوانـی هەبـوو. دراوسـێکانم، بنەماڵەیـەک بـوون کـە زۆر چاودێرییـان دەکـردم.»

فرانـکا سـکیۆکۆلا[١١] ئـەو ڕۆژەی بـە بیـر دێتـەوە، وەک ئـەوەی دوێنـێ بووبێـت.«باوکـم ماڵێکـی گـەورەی بـە زەحمەت و هەوڵێکـی زۆر لـە پێنـج کیلۆمیتریـی پێروجیـا دروسـت کـرد. ڕۆژێـک کـە خەریکـی پەرژینـی پارچەزەوییەکـی گـەورە بـوو، مـن یارمەتیـم دەدا، پیاوێکـی گەنـج کـە لـەو نزیکانـە دەژیـا لەوێـوە تێپـەڕی و بـە ئیتالیاییەکـی لەتوپەتـەوە وتـی «ژن نابێـت ئـەو کارە بکـەن، پیـاو دەبێـت بیکـەن.

٩- Strada dei Cappuccini
١٠- San Marco
١١- Franca Schioccola

«دەستی کرد بە یارمەتیدانی باوکم. باوکم زۆر پێی خۆش بوو کە کەسێکی نەناسراو هاتووە بۆ لای یارمەتی بدات. باوکم بۆ نانی شەو دەعوەتی کرد. کاتێک شەوە هاتە ماڵەوە، دایکم، خوشکم پائۆلا[12] و من زۆر دڵخۆش بووین، چونکە من و باوکم هەمیشە حەزمان دەکرد کوڕێکمان ببێت. هەر زوو، حامید وەک برای لێهات.»

حامید و پاپا[13] زۆر زوو لێک نزیک کەوتنەوە. پاپا زانی کە حامید چۆن ژیاوە و لە چی ڕایکردووە، چونکە ئەو بۆخۆی لە شەڕدا ژیابوو. ئەو باسی لە ئەزموونەکانی خۆی بۆ کوڕە کوردەکە دەکرد. «پاپا وتی کە لە شەڕی جیهانیی دووهەمدا، نازییەکان ئەو و شەڕکەرە ئیتالییەکانی تریان لە کەمپێک لە کوردستانی تورکیە زیندانی کردووە. لەو سەردەمەدا چونکە کوردەکان خواردنیان پێدابوو، زیندوو مابۆوە، بۆیە بە پێزانینەوە بە منی وت، ‹تۆ کوڕی منی.› لەوەدوا هەموو شەوێک وەک کوڕی ماڵ بۆ نانی شەو دەچووم بۆ ماڵیان.

«پاپا لە تەمەنی هەشتاد و حەوت ساڵیدا لە هەمان باخچەدا مرد کە من بینیبووم. هاوژینەکەی ئێستا نەوەد و چوار ساڵ تەمەنیەتی. ئەوان بوونەتە بنەماڵەی من لە ئەورووپا. ڕۆژانی کریسمەس، پاپا سەد هەزار لیرەی دەدا بە هەر کام لە منداڵەکانی و بە منیش. جارێک وتم کە وەریناگرم و ئەو لێم تووڕە بوو.»

پەیوەندیمان ئەوەندە نزیک بوو کە کاتێک باوکی مرد هێشتا فرانکا[14] فرمێسکەکانی نەسڕیبوون کە تەلەفۆنی بۆ حامید کرد باوکی مردووە، ئەو کات حامید لە سوید دەژیا. «کات سێی دوانیوەڕۆ بوو و ڕۆژی دوایی کاتژمێر دەی بەیانی خۆی گەیاندە ئەوێ. بۆ من زۆر خۆش بوو کە بەو شێوەیە خۆشەویستیی خۆی بە ئێمە نیشان دەدا. هەروەها وەک هەمیشە، کاتێک چوو بۆ وێستگەی شەمەندەفەر، ئالان و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەم کاتی ڕۆیشتنی دەستمان کرد بە گریان.»

دوو کچی ئەو ماڵە واتە پائۆلا و فرانکا کاتێکی خۆشیان لەگەڵ حامید بەسەر دەبرد. ئەوان پێکەوە دەچوونە دەر بۆ گەڕان، ئەویان دەبرد بۆ نزیکی دەریاچە، و سەردانی هاوڕێکانیان دەکرد. پائۆلا لە نۆرینگەیەکی کەرتی تایبەت ژمێریار بوو. فرانکا لەگەڵ ئێلێزێ[15] کاری دەکرد، ئێلیزە کۆمپانییەکی ناسراوی جلوبەرگی وەرزشی و ستایلی جلوبەرگ بوو کە ساڵی ۱۹۵۹ دامەزرابوو. فرانکا نوێترین دیزاینی جلوبەرگەکانی بۆ حامید دابین دەکرد. ئەو هەمیشە جلی سەردەمییانەی لەبەر دەکرد، بەڵام کەس نەیدەزانی کە چۆن ئەو جلە تایبەتە جوانانە پەیدا دەکات.

ئەو یادەوەرییە هێشتا بزە دەخاتە سەر لێوی. «لەو کاتەدا من جوانترین جلوبەرگەکانم لە زانکۆ لەبەر دەکردن. بنەماڵەکە کوڕیان نەبوو و من ببوومە کوڕیان. هەموو شەوێک یارمەتییان دەدام زمان فێر بم، بۆیە لە سێ مانگدا شارەزای ئیتالیایی بووم.»

---

١٢- Paola

١٣- Pappa لە زمانی ئیتالیاییدا واتە بابە، باوکە

١٤- Franca

١٥- Ellesse

فرانکا بە بزیەکی پڕخۆشەویستییەوە دەڵێت «هەمیشە جلوبەرگم بۆ دەهێنا. ئەو کۆمپانیای من کارم بۆ دەکرد سپۆنسەری وەرزشکارەکانی وەک بیورن بێرگ[١٦]، گویلێرمۆ ڤیلاس[١٧] و تیمی ئیسکیی ئیتالیایی دەکرد. ئەوان فرۆشێکی تایبەتیان بۆ کرێکاران هەبوو و من حامیدم وەک برا بانگهێشت دەکرد. جلوبەرگەکانم بە حامید پیشان دەدا و لێم دەپرسی کە بەدڵیەتی یان نا. ئەو دەیگوت نا، بەڵام من دەمبینی کە لە ڕاستیدا ئەو جلوبەرگەکانی بە دڵن، بۆیە پێمدەگوت کە تاقییان بکاتەوە. هەندێک جار تاقی دەکردنەوە و من بۆم دەکڕی.»

فرانکا زۆر نارەحەت بوو کاتێک زانی کە ئەو کێشەی ئابووری هەیە. «ئەو قەت بە ئێمەی نەدەگوت کە تا ئەو ئاستە کێشەی پارەی هەیە. ئەو ژیانێکی سەختی بوو و قەت بە ئێمەی نەدەگوت. ئێمە دەوڵەمەند نەبووین، بەڵام دەمانتوانی یارمەتیی مادی بدەین. باوکم چەندەی پارە دەدا بە ئێمە، ئەوەندەشی دەدا بە حامید. هەمیشە لێمان دەپرسی، (پارەت دەوێت؟) بەڵام حامید هەمیشە دەیگوت، نا، براکەم لە فەڕانسەوە پارەم بۆ دەنێرێت. دەمانزانی کە لە هۆتێل و شوێنی دیکە کار دەکات، بەڵام ئێمە قەت بە خەیاڵماندا نەدەهات کە باری ئابووری ئەوەندە خراپ بێت.»

بۆ ئەوەی ماوەیەکی زۆرتر بەو پارەیەوە بژێیت کە ئەحمەد پێی دابوو، حامید زۆر دەستی بە پارەوە دەگرت. «ئەو کات، پارەکەم خستە حیسابێکی بانکییەوە و لە ڕێستۆران کارتێکی خوێندکارییان دامێ. کرێ ماڵەکەم لە مانگدا سەد و پەنجا دۆلار بوو و فرانکا جلوبەرگی بە دیاری بۆ دەکڕیم. بە هەموو ئەمانەوە، ئەو پارەیەی کە براکەم پێی دابووم بەشی نزیکەی ساڵێکی کردم. زۆر ئاگادار بووم کە چۆن پارەکەم خەرج بکەم، چونکە هێشتا کارم نەدەکرد. ئەوەندەم پارە خەرج دەکرد کە لە خۆم ڕادەدیت و بەردەوامیش بە نامە لەگەڵ براکەم سەبارەت بە باری مادیم لە پەیوەندیدا بووین.»



چالاکیی فەرهەنگی لە ئیتالیا ١٩٧٩

١٦- Bjorn Berg
١٧- Guillermo Vilas

**ئاکسا**

ئاکسا[18]، ڕێکخراوەی خویندکارانی کوردی دەرەوە لە هەموو ساڵەکەدا، لە زستان و بەهاردا زۆر چالاک بوو. ئەو سیاسەتمەدارانەی کە لەگەڵ ئەم گرووپە بوون، لە خۆپیشاندانەکاندا ئامادە دەبوون و قسەیان دەکرد. هەر شەو کۆبوونەوەیەکی سیاسی لەلایەن حیزبەکانی ترەوە دەکرا و کەسانی ناسراو دەهاتن قسەیان دەکرد.

کاتێک حەمید لە کۆمیتەی ناوەندیی ئاکسادا بوو، کۆمەڵەکە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی وێنەی سەرکوتکارییەکان لە کوردستان. وێنەکانی سنە کە لەسێدارەدانی بە کۆمەڵی چالاکانی سیاسی بە گوللەباران و هەڵواسین پیشان دەدا، زۆر کاریگەر بوون.

ئەودەم ساڵی ١٩٧٩ بوو کە ماوەیەکی زۆر سەخت بوو بۆ هەموو کوردان. کاتێک حامید خەریکی خوێندن نەبوو، لە کۆتایی هەفتەدا بەشداریی خۆپیشاندانەکانی دەکرد و لەگەڵ کەمینەی کوردانی ئیتالیا کاری دەکرد.

«دەچووینە شارە جیاجیاکان تاوەکوو لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا کۆ ببینەوە. گۆرانی کوردیمان دەگوت و جلی کوردیمان لەبەر دەکرد. لە وڵاتێکی تەواو نوێدا چالاکیی نەتەوەییمان دەکرد. لەگەڵ ئاکسادا ناسنامەی نەتەوەییمان پێشدەخست. گرینگترین شت بۆ من ناسنامەی نەتەوەیی بوو نەک سیاسی. بۆیە هاوڕێکانم پێیان دەوتم نەتەوەخواز.»

حامید زیاتر لەگەڵ کوردانی عێراق کاتی بەسەر دەبرد. «کوردانی عێراق زۆریان لەوێ بوون. چونکە ئەودەم، خەڵک لە ژێر دەسەڵاتی سەدام حسەیندا کاتێکی زۆر ناخۆشیان تێپەر دەکرد. ساڵانێک پێشتر لە ١٩٦٦دا، حکومەت بە نیشتەجێکردنی عەرەب لە ناوچە نەوتییەکانی باکوور و بە تایبەت کەرکووک، دەستی بە تەعریب کرد. ئەم کارە بە ئانقەست و بە پێچەوانەی خواستی کوردان و کەمینەکانی تری ئەو ناوچەیە دەکرا. سەدان گوندی کوردەکان خاپوور کران و هەزارانی تر چۆڵ کران. لە کۆتاییدا، نزیکەی دووسەد هەزار کورد بەبێ خواستی خۆیان گوازرانەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق.»

**سەدان گوندی کوردەکان خاپوور کران و هەزارانی تر چۆڵ کران. لە کۆتاییدا، نزیکەی دووسەد هەزار کورد بەبێ خواستی خۆیان گوازرانەوە.**

١٨- AKSA



چالاکیی کولتووری کوردی لە ئیتالیا، ١٩٧٩

چەنـد سـاڵ دواتـر لـە ١٩٨٨دا، ڕژێمـی عێـراق دەسـتی کـرد بـە ئەنفـال و جینۆسـایدی کـورد و گوندەکانـی کوردسـتان بۆمبارانـی کیمیایـی کـران کـە بـووە هـۆی مردنـی هـەزاران کـەس. بـەر لـەوە، چەنـد دەیـە سـەرکوتی کـوردان کاریگەریـی خـۆی دانابـوو. «بـە هـۆی ئـەو ژانـە زۆرەی کەسـانی وەک کەمـال -کـە کـوردی عێـراق بـوو-دیتبوویـان، حەزیـان دەکـرد لـە یەکـتر نزیـک بـن و هەمـوو کاتەکانیـان پێکـەوە تێپـەڕ بکـەن و تەنانـەت پێکـەوە بچنـە سـەر پۆلەکانـی قوتابخانـە. سـەدان کـورد تەنیـا لـە فلۆرێنـس و پیروجـا دەژیـان. بـەڵام لـە کۆبوونـەوەی ساڵانەماندا، ئـەو ژمارەیـە زیـادی کـرد بـۆ دووسـەد کـەس. لـەو سـەردەمانەدا، لـە شـوێنە گشـتییەکان سـەبارەت بـە کـوردان قسـەم دەکـرد.»

لـە کوردسـتانی ئێـران لـە مانگەکانـی کۆتایـی ١٩٧٩، هـەزاران کـەس مـردن، و هێزەکانـی ڕژێـم بـە شـێوەیەکی دڕندانـە ئـەو کارەیـان دەکـرد. عەبدوڕەحمان قاسـملوو کـە ڕێبەرێکـی پێشـەنگی کوردانـی ئێـران بـوو، دەسـتی کـرد بـە گـەڕان بـە ئەورووپادا تاوەکـوو پەیوەنـدی دروسـت بـکات و میدیـاکان و ڕێبـەرە سیاسییەکان لـە باردۆخـی کـورد لـە ڕژێمـی تازەبنیاتـنراوی ئیسـلامی ئـاگادار بکاتـەوە. قاسـملوو سـەردانی ئۆتریـش و پاشـان سـەردانی ڕۆمـای کـرد، حامیـد و کەسـانی تـر بـۆ پشـتیوانی بـە ئامادەبوونـی میدیـاکان کۆبوونەوەیەکیـان ڕێـک خسـت. هەندێـک لـە کوردانـی فەڕەنسـاش هاتـن. کەنـداڵ نـەزان یەکێـک لەوانـە بـوو کـە ئـەودەم سـەرۆکی ئەنسـتیتۆی کوردیـی پاریـس بـوو کـە تـازە دامەزرابـوو.

هاوڕێکانـی حامیـد لـە ئاکسـا، قاسـملوویان بـە میرێـلا گالێتـی[19]، پسـپۆڕی نـاسراوی توێژینـەوە کوردییـەکان لـە ئیتالیـا ناسـاند کـە بێوچـان هەوڵـی دەدا بارودۆخـی سـەختی کـوردەکان بـە جیهـان بناسـێنێت.
بـۆ کـوردە گەنجەکـە و هاوڕێکانـی، کارەکـەی قاسـملوو و پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ دەسـەڵاتداران و ڕۆشـنبیرانی ئەورووپـا مایـەی شـانازی بـوو. «دوکتـور قاسـملوو هـات بـۆ لای ڕۆژنامەوانـان، بـەڵام لـەوێ قسـەی نەکـرد. لـە فێوریـە بـۆ مارسـی ١٩٨٠، دوکتـور قاسـملوو بـۆ یەکـەم جـار لەگـەڵ ئێنریکـۆ بێرلینگوێـر[20]، سـکرتێری نەتەوەیـی پارتـی کۆمۆنیسـتی ئیتالیـا، کاریزماتیکتریـن پارتـی کۆمۆنیسـتیی ئەورووپـا، کـۆ بـووەوە. ئەمریکاییـەکان بـە هـۆی کۆمۆنیسـتەکانی سـۆڤیەتەوە ئـاگاداری ئـەو شـتە بـوون بـەڵام بێرلینگوێـر لـە ڕاسـتیدا زیاتـر سۆسـیال دێموکـرات بـوو.
«دوکتـور قاسـملوو لـە یـەک کاتـدا لەگـەڵ میدیـای ئیتالیایـی و پارتـی کۆمۆنیسـت کـۆ بـووەوە. هەمـوو ڕۆژنامەکان قسـەیان لەگـەڵ کـرد. بـەڵام بـە هـۆی بەرنامـە چڕوپڕەکانـی ئێمـە نەمانتوانـی ببینیـن. لـەو ماوەیـەدا، دوکتـور قاسـملوو ببـوو بـە کەسـایەتییەکی نـاسراوی نیشـتمانیی ئاسـتبەرز.»

### ژیانی خوێندکاری لە پێروجا

کۆڵانـە بەردینەکانـی پێروجـا و پیـزا ناسراوەکانـی پـڕ دەبـوون لـە خوێندکارانـی زانکـۆ کـە لـە کافەکان کـۆ دەبوونـەوە. ژیانـی شـەوانە زۆر پڕجووڵـە بـوو و بـۆ کەسـێکی گەنـج سـەرنجڕاکێش بـوو کـە دەیهەویسـت لـە ژیـان چێـژ وەرگرێـت. بـەڵام حامیـد تەنیـا لـە بیـری ئامانجەکەیـدا بـوو. ئـەو سـەیری ڕووە نوێکانـی ژیانـی ئیتالیـای دەکـرد و چێـژی لـە جوانـی و کەلتـووری شـارەکە وەردەگـرت.
بەیانییـەک زوو دوای گەیشـتنی، کاتێـک حامیـد بـە شـەقامدا دەهاتـە خـوار، تووشـی هاوڕێیەکـی کـوردی سـەردەمی منداڵـی بـوو کـە ئەویـش بـۆ خوێندنـی ئیتالیایـی هاتبـوو بـۆ ئـەوێ.
بـە هـۆی ئـەوەی کـە لـە پێرۆجـا هیـچ زاراوەیەکـی ناوچەیـی لـێ نەبـوو و بـەو تایبەتمەندییـە ناسرابـوو، ئـەو شـارە بچووکـە ئیتالییـە بووبـووە ناوەنـدی پەیوەنـدی بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە تـازە دەهاتـن، و وەک پەنابـەر حەزیـان دەکـرد بـە ژینگـەی کولتووریـی ئەورووپـا ڕابێـن. هەمـوو ئـەو بیانییانـەی کـە دەیانویسـت ئیتالیایـی فێـر بـبن، لـەوێ بـوون؛ هـەزاران کوردیشـیان تێـدا بـوون. پێروجیـا تەنیـا یـەک زانکـۆ و ژمارەیـەک قوتابخانـەی زۆر باشـی هەبـوو کـە بەڵگەنامـەی زمانیـان دەدا بـە ئـەو کەسـانەی دەیانویسـت بچـن لـە زانکۆیەکـی ئیتالیایـی بخوێنـن.
حامیـد زۆر بەباشـی ئـاگاداری خاڵـە بـاش و خراپەکانـی ژیانـی ناوچەکـە بـوو. «بـەڵام لـەوێ زۆر کاری نایاسـایی دەکـران و زۆربـەی دەوڵەمەنـدەکان بـە تەواوەتـی تێکـەڵ بـە مـادە بێهۆشـکەرەکان بـوون. من ئـەو جۆرە کەسـانەم دەبینـن بـەڵام ئـاگادار بـووم لـەوەی کـە کاتەکانـم تەنیا لەگـەڵ هـاوڕێ کوردەکانـم و ئـەو سیاسـەتمەدارە ئێرانییانە تێپـەڕ بکـەم کـە پشـتیوانییان لـە کـورد دەکـرد و جیـا لـەوە تەنیـا لـە بیـری داهاتوومـدا بـووم. ئامانجـی مـن ڕوون بـوو: فێـری زمانـی ئیتالیایـی ببـم و لـە زانکۆیـەک ناونووسـی بکـەم. لـە جـولای ١٩٨٠دا، وانەکانـم تـەواو کـردن و لـە تاقیکردنـەوەی چوونـە زانکـۆدا بەشـداریم کـرد و دەبـوو مانگێـک چـاوەڕێ بـم تـا بزانـم وەردەگیرێـم لـە زانکـۆ بخوێنـم. لـەو ماوەیـەدا، بـاری مادیـم زۆر خراپتـر ببـوو. لەگـەڵ هاوڕێکـەم فازیـل ژوورێکمـان پێکـەوە گـرت.

١٩- Mirella Galleti

٢٠- Enrico Berlinguer

هیچمان نەبوو، بۆیە لە ماڵەوە بە ئارد و ڕۆن نانمان دروست دەکرد. کاتێک دەچووین بۆ سەر دەریا لە باخی ماڵی فرانکا میوەمان دەهێنا.»

حامید و بنەماڵەکەی بە نگەرانییەوە چاوەڕێی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە بوون. ئەو لەگەڵ بنەماڵەی سکیۆکۆلا لە پرۆجیا درێژەی بە ژیان دا، زۆربەی شەوەکان لەگەڵ ئەوان نانی دەخوارد. ئەوان هیچ ئاگاداری باری ئابووریی خراپی حامید نەبوون چونکە ئەو پێی نەدەگوتن. ئەو بنەماڵە یەکجار لەگەڵی مێهرەبان بوون و تا ئەمڕۆش ئەو مێهرەبانییەیان درێژەی هەیە.

دوای ئەوەی کە بەڵگەنامەی زمانی وەرگرت، حامید دەبوو بگەڕێتەوە بۆ ئێران و داوای ڤیزایەکی پێنج ساڵەی درێژماوە بکات. ئەو ڤیزایە تەنیا دەدرا بە کەسانی باوڵۆیز لە دەرەوەی ئیتالیا. «خوێندن لە زانکۆ ئامانجی من بوو لە هاتنم بۆ ئیتالیا، و بەڵێنم دابوو کە هەرشتێک پێویست بێت بۆ ئامانجەکەم بیکەم. لەناکاو ڕۆژێک لە لایەن حکومەتەوە ئاگادار کرام کە لە پالێرمۆ لە زانکۆ وەرگیراوم، ئەوە تەواو دڵخۆشی کردم.»

بەڵام هەر زوو حامید لەگەڵ بەربەستێکی دیکە ڕووبەڕوو بووەوە. لە ٢٢ی سێپتەمبری ١٩٨٠دا، هێزی هەوایی عێراق سەرجەم مەیدانە نەوتییەکانی ئێرانی بۆردومان کردن. لە ٢٣ سێپەتمبردا، هێرشێکی زەوینیان بۆ سەرجەم ناوچە سنوورییەکانی باکوور، ناوەند و باشووری ئێران دەست پێکرد. شەڕی نێوان ئێران و عێراق بە توندی دەستی پێکرد و هەموو پەیوەندییەکان لەگەڵ دەرەوە پچڕان.

حامید هیچ ڕێگایەکی نەبوو کە بنەماڵەکەی لە کوردستان لەوە ئاگادار بکاتەوە کە پێویستی بە ڤیزای خوێندکاری هەیە. بنەماڵە خۆشەویستەکەی ئێستا لە ناوخۆی وڵات لەبەردەم شەڕێکی سەرانسەریدا گیریان کردبوو.

## ٢.گەڕانەوە بۆ ڕابردوو: مەهاباد، هاوینی ١٩٨٠

### سەفەری گەڕانەوە بۆ ماڵەوە

بە هیچ شێوەیەک شەڕ حامیدی لە گەیشتن بە ئامانجەکەی دوور نەخستنەوە. ئەو دەبوو بگەڕێتەوە بۆ ئێران، گرینگ نەبوو چۆن، پاشان دەبوو بگەڕێتەوە بۆ ئیتالیا. بەڵام ئەوە تەنیا شەڕ لەگەڵ عێراق نەبوو کە کێشەی ساز دەکرد. سەرەتای ئەو بەهارە، حکومەتی ئێران هێرشێکی سەربازیی وەحشیانەی کردە سەر کوردستان و ژمارەیەکی زۆر گوند و شارۆچکەی خاپوور کردن. خومەینی، ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی نارد بۆ کوردستان کە کەسێکی دڕندە و خوێنڕێژ بوو و بە دادوەری سێدارە ناسرابوو تا کوردان ئەشکەنجە بدات. هەزاران ژن و پیاو لە دادگاییەکی سەرپێیدا لە سێدارە دران. خومەینی لەسەر کۆنترۆڵی ناوچەکە پێداگر بوو.

حامید لەو بارودۆخە نالەبارە سیاسییەی بۆ کوردان دروست ببوو، دەبوو ڕێگەیەک بۆ گەڕانەوەی بۆ ئێران بدۆزێتەوە. «هاوڕێکەم، فازیل و من، هیچ پارەیەکمان پێ نەبوو تا لەگەڵ مەهاباد پەیوەندی بگرین، بەڵام دەمانزانی ئەگەر بە فڕۆکە بڕۆین، وەک تاوانبار سەیر دەکرێین، دەمانبەن و ڕەنگە زیندانمان بکەن، بۆیە بڕیارمان دا بە شەمەندەفەر بڕۆین بۆ تورکیە و لەوێوە بچین بۆ ئەودیوی سنوور.» ئەو دەستی بە سەفەرەکەی بە قەتار کرد و بە ڕێگەی شارەکانی تریستە، بیلگراد، سۆفیا و ئەستەمبووڵ و پاشان لەوێوە بە پاس بۆ ئێران گەڕایەوە.

لە ١٢ی سێپتەمبری ١٩٨٠دا، حامید لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەی دەکرد. شەمەندەفەر هێواش بۆوە و دەنگی ڕاگرەکانی دەهات، نزیک مەزنە شاری ئیستانبۆل بوونەوە. کاتێک گەیشتە وێستگەی سیرکەجیی ئەستەمبووڵ[٢١]، مزگەوتێکی سەرنجڕاکێش لەسەر تەپۆلکەیەک لەسەر لوتکەی شێوە دوورگەکە لە نزیک شاخی زێڕین[٢٢] لە بەرامبەر هەڵاتنی خۆردا دەدرەوشایەوە. بە ڕێکەوت لەو ڕۆژانەدا کودەتایەکی سەربازی لەلایەن جەنەراڵ ئەحمەد کەنعان ئەڤرین[٢٣] ڕووی دابوو.

وڵات لە باری ئاوارتەدا بوو؛ پەرلەمان و حکومەت لە کار لابرابوون، یاسای بنەڕەتی ڕاگیرابوو، و هەموو حیزبە سیاسییەکان قەدەغە کرابوون. چونکە کوردەکانی تورکیە پارێزگارییان لە مافە کولتوورییەکانیان دەکرد،

---

٢١- Istanbul's Sirkeci Station

٢٢- Golden Horn

٢٣- General Ahmet Kenan Evren

بەریەککەوتنی نێوان هێزەکانی حکومەت و چەکدارە چەپڕەوەکانی پەکەکە، پارتی کرێکارانی کوردستان بەرەو پێکدانان و توندوتیژی دەچوو. وێستگەکە پڕ بوو لە هێزی چەکدار. حامید و فازیل نیگەران بوون. «بەر لەوەی پێروجا جێ بهێڵین، هاوڕێیەکم پێی گوتم کە وریا بم و ئاشکرای نەکەم کە کوردم، بە تایبەت لای کەس ناوی ئاپۆ نەهێنم (عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە)، چونکە ئەو کاتە و تا ئێستاش ئاپۆ ڕێبەرێکی کوردە.» حامید لەو باردۆخەی سەری هەڵدابوو، بە ترسەوە بەو وڵاتانەدا سەفەری دەکرد.
بە ترسەوە، پرسییان کە چۆن بچن بۆ وێستگە و شوێنی پاسەکانیان پیشان دان. بەر لەوەی بچنە دەر، بیری دێتەوە کە خواردنێکی هەرزانیان خوارد و پاشان زۆر زوو سوار پاس بوون بۆ ئەوەی درێژە بە سەفەرە دوور و درێژەکەیان بدەن.
لە ئەستەمبووڵەوە سێ ڕۆژی پێدەچوو تا بە پاس بگەنە سەر سنوور. حامید بە پاس بە ئاناتۆلیای ناوەندی و باشووری ڕۆژهەڵاتدا سەفەری کرد. بیست کاتژمێر بەڕێوە بوو، حامید لە باغاتی سەرسەروزی داوێنی ڕووباری تگریسی دەڕوانی؛ لەولاتر دیوارەکانی شوورەکان، دەوری دیاربەکری پایتەختی کوردستانیان دابوو. پاسەکە بۆ ماوەیەکی کورت ڕایگرت و پاشان شەش کاتژمێری دیکە درێژەی بە سەفەرەکەی دا بۆ وان کە ناوچەیەکی بەپیتە و گەورەترین دەریاچەی تورکیە لەوێ هەڵکەوتووە؛ ئاوە قووڵە سوێرەکان دەکەونە نێوان کێوە بەردینە گڕکانییەکان. پاشان لەوێوە بەرەو بارزرگان لەسەر سنووری ئێران تورکیە بەڕێ کەوتن.

## ئاستەنگیی تێپەڕین لە سنوور

بوونی سەربازەکان لەسەر سنوور حامید و فازیلی نیگەران کرد. بیریان لە چارەنووسیان دەکردەوە، کوڕە گەنجەکە نیگەرانتر بوو لەوەی کە ڕێگەیان پێنەدەن لە سنوور تێپەڕ ببن. کاتێک لە مەرزی گوربولاک سنوور کاپیسی[٢٤] وەستان، حامید لە پاسەکە دابەزی و سەیری دەوروبەری کرد بزانێت کێی لێیە. ئەو خێرا پیاوێکی زۆر باڵابەرزی لەناو سێبەرەکاندا بینی. حامید دڵی خێراتر لێی دەدا. ئەو بڕوای بەوە نەدەکرد. ئەو پیاوەی دەناسی: برای تاجەدین بوو، کە لە مەهاباد هاوپۆلی بوو. حامید سەیری چاوەکانی کرد و سپاسگوزار بوو لەوەی کە ئەستێرەی شانس بە سەریاندا دەبریسکێتەوە.
ئەو پیاوە بەڕێوەبەری سنوور دەرچوو. دوای سڵاو، بانگی کردن بۆ ژوورەکەی: «هەموو کەسە سەربازییەکانی ئەو شوێنە لەژێر فەرمانی ئەودا بوون، بۆیە هیچ کێشەیەک نەبوو و تەواو هەستمان بە ئاسوودەیی کرد.» بەڕێوەبەر بە توندی هۆشداری بە گەنجە کوردەکان دا، «تەنیا بە فارسی قسەم لەگەڵ بکەن.»
حامید بیری لەوە دەکردەوە کە لە ورمێوە بڕوات بۆ مەهاباد. ئەو هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو کە بارودۆخی ناوچەکە چۆنە، بەڵام هۆشدارییی بەڕێوەبەرەکە بەس بوو بۆ ئەوەی نیگەران ببن. ئەوان دەبوو دوای هاتنە ناو ئێران ئاگادار بن؛ ئەوە ئێرانێکی نوێ بوو لە دەستی مەلا توندئاژۆکاندا کە لە کوشتنی کوردان تێر نەدەبوون. بارودۆخەکە زۆر مایەی نیگەرانی بوو. بەڕێوەبەر پێی وتن کە لە ورمێوە نەڕۆن، بۆیە چوونە تەورێز و هەوڵیان دا لەگەڵ بنەماڵەکەیان پەیوەندی بگرن تاوەکوو بێن لەوێوە هەڵیانگرن.

٢٤- Gürbulak Sınır Kapısı

جارێکی تر حامید و هاوڕێکەی پاسێکیان لە سنووری گوربولاک دۆزییەوە. «چووین بۆ تەوریز و نازانم چۆن، بەڵام هەرچۆنێک بوو لەگەڵ براکەم پەیوەندیمان گرت. باوکی هاوڕێکەم هات بۆ لای کوڕەکەی و ئەحمەدیش هات بۆ لای من و بردمی بۆ مەهاباد.»

## مانەوەیەکی کورت لە تاران

لە چەند هەفتەی دواتردا، هێرشی عێراقییەکان، حکومەتی ئێرانی ناچار کرد کە پاشەکشێ بە هێزەکانیان بکەن. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە کوردەکان ناوچەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەنەوە. لە ڕاستیدا، لەو ناوچانەی کە هێشتا لە کۆنترۆڵیاندا بوون، دەیانتوانی حکومەت دامەزرێنن، قوتابخانە دروست بکەن و خەڵکی ناوچەی خۆیان بەڕێوە ببەن.

کاتێک حامید لە سێپتەمبری ۱۹۸۰دا گەڕایەوە، جارێکی تر شاری مەهاباد کەوتەوە دەستی پێشمەرگە. کاتی هیوا و شادی بوو. کوردەکان کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبرد. حیزبە جیاجیاکان، فەدائیان و تودە پێکەوە لە ئارامیدا کاریان دەکرد و دەژیان. هەموو هاوڕێکانی حامید چەکیان هەبوو، بەڵام ئەو قەت تەنانەت پەنجەی بۆ نەبرد.

هەرچەند حامید بەدواداچوونی بۆ ڕووداوە سیاسییەکانی وڵاتەکەی دەکرد، تەنیا بیری لە یەک شت دەکردەوە ئەویش ئەوەی کە ڤیزا بگرێت. ئەو زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ بنەماڵەکەی و هاوڕێ کۆنەکانی بەسەر دەبرد؛ دواتر ڕۆژێک چووە لای ئیسماعیل شەرافەتی کە پێشتر مامۆستای وەرزشی بوو. حامید یەکێک لەو تی-شێرتانەی لەبەر دەکرد کە لە ئیتالیاوە هێنابووی، و سەری سووڕما کاتێک مامۆستاکەی داوای کرد بیداتێ. هەم دیزاین و هەم ڕواڵەتی جلوبەرگەکانی لە هی کەسێک نەدەچوو لە شارێک بێت کە شەڕ خاپووری کردووە. «کاتێک جلە وەرزشییەکانی بینی،» وتی ‹جلە وەرزشییەکانی ئیلیزە بدە بە من بۆ دوکانەکەم.› بە دڵنیاییەوە، جلەکانم دایە دەستی.»

لە بیرەوەرییەکانی ئەودەم، ئەوە بوو کە هەمووان تێکەڵ بە حیزبە سیاسییەکان ببوون و شەوانە لەناو شاردا کۆ دەبوونەوە. «ئەوێ چیتر ئەو شارەی منداڵیی من نەبوو. لە مەهاباد، بیستم کە چەند کەس بە هۆکاری جیاجیا مردوون و کەس هۆکارەکەی نەدەزانی. بە منیان دەوت ‹هەندێک کەس بە هەڵە کوژراون،› زۆر سەیر بوو، سەردەمێکی نائارام بوو.»

## ترس و تۆقان لە تاران

دوای هەفتەیەک، حامید سەفەری کرد بۆ تاران تا لە باڵوێزخانەی ئیتالیا داوای ڤیزای خوێندکاریی درێژماوە بکات. ئەو پێی وا بوو کە تەنیا یەک هەفتە دەمێنێتەوە و دواتر گەڕایەوە بۆ تاران بۆ ئەوەی چاوەڕێی داخوازیی ڤیزاکەی بێت. پێی وترا کە دوو تا سێ هەفتەی پێدەچێت.

«ڕۆژێک کە چووم بۆ تاران، باوکم هات لە وێستگەی پاسی مەهاباد بۆ پێنج خولەک بمبینێت و پاشان ڕۆیشت. من نەمدەزانی کە ئەوە دوا جارە باوکی خۆشەویستم ببینم. لەو هەموو ساڵانەدا ئەو بە تەنیا و بەبێ هاوژین ئێمەی بەخێو کردبوو. بەپێچەوانەی ئەو وەرسووڕانە چاوەڕواننەکراوەی لە ژیانی مندا ڕووی

دابـوو، لـەو چەنـد سـاتەی کۆتاییـدا کـە پێکـەوە بوویـن هەسـتم بـە پشـتیوانی و نیگەرانییەکانـی سـەبارەت بـە خـۆم دەکـرد.

«لـە تـاران، جارێکـی تـر لـە ماڵـی شـەهرابی مامـەوە. هەمـوو شـەوێک منیـان دەبـرد بـۆ ڕێسـتوران. ئـەوێ ئەمـن بـوو، چونکـە شـوێنەکەیان نزیـک ناوەڕاسـتی شـار بـوو و ئـەو ناوچەیـە شـەڕی تێدانەبـوو. خەڵکـی چینـی مامناوەنـدی و چینـی سـەرەوە لـەوێ دەژیـان. وەکـوو کوردێـک، هەمـوو سیاسـەتوانان هاوسـۆزیی خۆیـان پیشـان دەدام چونکـە دەیانزانـی کـە ئێمـە کەمینەیـن. ئـەوان بـۆ مـاوەی دوو یـان سـێ هەفتـە کـە لـەوێ مامـەوە، چاودێریـی منیـان کـرد. تەنانـەت لـە ڕێگـەی ناسیاوەکانی خۆیانـەوە بلیتـی فڕۆکەیـان بـۆ دابیـن کـردم کـە بـە شـێوەی فەرمـی بتوانـم لـە وڵات بچمـە دەرەوە.»

وەک هەمیشـە، ئەحمـەد هەمـوو یارمەتییەکـی دا، حامیـدی بـرد بـۆ باڵوێزخانـە، ڤیـزای بـۆ وەرگـرت، و پـارەی دا بـە براکـەی تـا لـە خوێندنـدا پشـتیوانی بـکات. شـەڕ لەگـەڵ عێـراق دەسـتی پێکردبـوو و ئەحمـەد ترسـا لـەوەی براکـەی نەتوانێـت جارێکـی تـر بگەڕێتـەوە. بـە حامیـدی وت «دەبێـت زوو وڵات بـە جـێ بهێڵێـت،»

تەنانـەت ئێسـتاش، کـە بیـر لـە ڕۆیشـتنی دەکاتـەوە هەناسـەیەکی حەسرەتبـار هەڵدەکێشـێت، «ئـەوە دوا جـار بـوو کـە ئێـران جـێ بهێڵـم. کاتێـک سـواری فڕۆکـە بـووم و پاسـپۆڕت و ڤیزاکـەم لـە دەسـتیدا بـوو، لەسـەر ڕێگـەی ژیانێکـی نـوێ بـووم، دەمزانـی کـە ناتوانـم بگەڕێمـەوە و ماڵئاوایـی لـە باوکـم و ئەوانـی تـر لـە مەهابـاد بکـەم.»

ئەگـەر حامیـد دەیزانـی کـە قـەت ناتوانێـت بگەڕێتـەوە ئێـران و باوکـی ببینێتـەوە، بـەر لـەوەی بێـت بـۆ ئـەو ئەورووپـا زیاتـر لـەو چرکەسـاتەدا لـە وێسـتگەی پاسـەکان لـە مەهابـاد دەمایـەوە کـە چارەنـووس پێـی بەخشـیبوو.

## ٣.بەردەبازەکانی داهاتوو لەسەر ڕێگەی خوێندنی باڵا: پالێرمۆ، سێپەتمبری ١٩٨٠- جولای ١٩٨١

حامید تامەزرۆ بوو بگەڕێتەوە بۆ ئیتالیا. خەیاڵی پڕ بوو لە دیمەنی ئەو شتانەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا ڕوو بدەن بۆی. پاش تێپەڕکردنی دوو هەفتە لە پێروجیا، لە سێپتەمبری ١٩٨٠دا، لە شەودا سوار شەمەندەفەرێکی پالێرمۆ بوو، ئەو شوێنەی کە دەبێت وانەکانی زانکۆی لەوێ لەگەڵ هاوڕێ کوردەکەی، ئیسماعیل کەرکووکی دەست پێ بکات. فرانکا لەگەڵ ماویریزیۆ[٢٥] کە بازرگان بوو و ئۆتۆمبیلێکی فێراری سووری پێبوو، پەیوەندی گرت. ئەو وتی: زۆر کەسان لە پالێرمۆ دەناسم و ئەوان بە باشی چاوەدێریتان دەکەن.»

ماویریزیۆ پێی وتن، کاتێک گەیشتنە ئەوێ لەگەڵ دوکتور شەڵابا پەیوەندی بگرن. بەیانی گەیشتنە ناوەندی شاری پالێرمۆ. ئەو بەیانییە گەرم و شێدارەی کە حامید و هاوڕێکەی گەیشتن، وێستگەکە لە سیسیلی جمەی دەهات و پڕ بوو لە ژاوەژاو. لە گۆڕەپانی جولیۆ سێزار[٢٦] و باخچە سەوزەکانی، دار خورما بڵیندەکان و پەیکەری ڤیکتۆریۆ ئیمانوئێل دوو[٢٧]، باوکی نیشتمان[٢٨] ورد بوونەوە.

حامید لەو نزیکانە تەلەفۆنێکی پەیدا کرد و تەلەفۆنی کرد بۆ ئەو کەسەی کە بڕیار بوو یارمەتییان بدات. دوکتور شەڵابا پرسیاری کرد کە ئێستا لە کوێن. پرسی «سەیری لای چەپتان بکەن، ئەو بینایە دەبینن؟»، حامید وەڵامی دایەوە «بەڵێ، ئەو بینایە نووسینگەی منە. ڕاستەوخۆ وەرن تا من ببینن.»

### سەرەتایەکی گوماناوی

کوڕە گەنجەکە لە شەقامەکە پەڕییەوە کە پڕ بوو لە ئۆتۆمبیلی خێرا و هۆڕنیان لێدەدا. حامید سەیری بینا جوان و ڕازاوەکەی کرد. «کاتێک زەنگی نووسینگەکەیم لێدا. خۆم ناساند. ئیسماعیل لەگەڵ من بوو. لەناکاو دەرگایەکی گەورە لەبەردەممدا کرایەوە. چووینە پێشتر و دەرگایەکی دیکە کرایەوە. بە چوار دەرگایاندا تێپەڕین تا چووینە ناو بیناکە. ژوورەکانی نووسینگەکە بەرز بوون و ناوماڵەکەی دارین بوو. «چووینە نووسینگەکەی. شوێنێکی ڕازاوە بوو کە مێزێکی تێدا بوو بەڵام سەرنجڕاکێش بوو و هیچ

---

٢٥- Maurizio

٢٦- Piazza Giulio Cesare

٢٧- Vittorio Emanuele II

٢٨- Padre della Patria

پەنجەرەیەکی تێدا نەبوو. هاوژینەکەی داوای لێکردم کە خۆم بناسێنم. بۆم شی کردەوە و وتم «من لە پالێرمۆ خوێندکارم و هەردووکمان بۆ شوێنێک دەگەڕێین لێی بمێنینەوە.»»

«لە زەنگێکی دا، بە یاریدەدرەکانی وت کە بمانبەن بۆ پانسیۆنێک و وتی کە بەیانی یارمەتیمان دەدەن کە لە زانکۆ ناونووسی بکەین. کۆپییان لە پاسپۆرتەکانمان گرت. بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، لێیان پرسین کە چ جۆرە چەکێکمان بە کار هێناوە. من تەواو سەرم سوور ما. ئەوە یەکەم هێڵی سووری من بوو. ئەوانە لە مێرسێدێسێکی ٥٠٠ ئیسی شینی ڕازاوەدا بردیانین بەرەو پانسیۆنەکە. ئیسماعیل ڕووی لە من کرد و وتی، «تەنانەت سەدام ئۆتۆمبیلێکی وەک ئەمەی نییە!»

## ناونووسییەکی شاهانە لە زانکۆ

«دوکتور شەڵابا گۆڤارێکی بانگەشەی بڵاو دەکردەوە. کاتێک لەگەڵ شۆفیرەکەی گەیشتینە زانکۆ، هەزاران کەسی لێ بوون کە ئێرانی و یۆنانیشیان تێدا بوون، هەموو چاوەڕێ بوون کە ناونووسی بکەن. لەوێ بە ناو خەڵکەکەدا بە ئۆتۆمبیل ڕۆیشتین. ژمارەیەکی زۆر خەڵک چاوەڕێ بوون. دەمانتوانی بەناو ڕیزی خەڵکەکەدا ڕێگەی خۆمان بکەینەوە و ڕاستەوخۆ بچینە پێشەوە. دوکتور شەڵابا بانگی کردن. ئەوان چاوەڕێی ئێمە بوون. لە زانکۆ خەڵک بە «دوکتور» بانگیان دەکرد. کارتی خوێندکاریمان بۆ ڕێستوران وەرگرت؛ هەر شتێک بۆ نانووسی پێویست بوو لە کاتژمێرێکدا جێبەجێمان کرد. خوێندکارەکانی دیکە هەموو لە ڕیزەکەدا وەستابوون. ئەو ڕۆژە لە بیرمە پێی وتین، «ئێوە دەتوانن یارمەتیمان بدەن و منیش لە بەرامبەردا پارەتان دەدەمێ.»



لە پالێرمۆ

«دواتر تەلەفۆنم بۆ فرانکا کرد. بۆم ڕوون کردەوە «من تۆزێک لەم پیاوە نیگەرانم، ئێمەی بردە ناو میرسێدێسێکی شینی تاریکی گەورە. فرانکا وتی «دەبێت ئاگادار بین.»

«بەیانیی ڕۆژی دواتر، تەلەفۆنی بۆ کردین و داوای لێکردین کە لەگەڵیان ئیش بکەین. پێیان وتین کە هەندێک گۆڤار ببەین بۆ ناو ئۆتۆمبیلەکە و بیانگەیەنین بۆ شوێنێک. ئەو لێی پرسیم کە دەتوانم شۆفیری بکەم و من وەڵامم دایەوە کە مۆڵەتی نێونەتەوەیی شۆفیریم هەیە. ئەو ڕۆژە دە هەزار لیرەی پێدایین کە دەیکردە نزیکەی دە دۆلار.

«کاتێک کە بەرەو شوێنی مەبەست دەچووین، ڕووم لە ئیسماعیل کرد و پێم وت، ‹من زۆر دەترسم. تۆ پێت وا نییە ئەو ئۆتۆمبیلەکەی دەدا بە ئێمە و مادەی هۆشبەری تێدایە؟›»
ئەو ساڵە دەستپێکی شەڕی ناسراو بە شەڕی گەورەی مافیا یان ماتانزا[29] بوو، «کوشتاریکی» خوێناوی لە نێوان مافیای سیسیلیادا ڕووی دا کە گەیشتە تیرۆری دادوەرەکان، قازییەکان و سیاسەتوانەکان. «ڕۆژێک بانگهێشتی کردین بۆ باخی ئینگلیسی[30]، کە ڕێستۆرانێکە بەوە ناسراوە مافیاکان سەردانی دەکەن. هاوکات مافیاکان هەموو ڕۆژێک لە یەکتریان دەکوشت. لە کاتێکدا کە بە شوێن ئەو پیاوەوە بووین، بە ئیسماعیلم وت، ‹باشترین شت ئەوەیە کە دوور بکەینەوە، پانسیۆنێکی دیکە بدۆزینەوە و قەت لەگەڵ دوکتور شەلابا پەیوەندی نەگرینەوە.› ئێمە تەنیا چەند ڕۆژ دەهاتین و دەچووین و کارمان بۆ دەکرد.
«جارێکی تر تەلەفۆنم بۆ فرانکا کرد و پێموت کە ئێمە ڕێگەی خۆمان دەگرینە بەر. دوو مانگ دواتر بوو کە داوای لێ کردین بگەڕێینەوە بۆ پێروجا، و لە کریسمەسدا گەڕاینەوە.»

**هەموو کەس ئێمەی خۆش دەویست، چونکە ئێمەی خوێندکار لە کەمینەیەک بووین کە دژی خۆمەینی شەڕمان دەکرد.**

کاتێک وانەکانی زانکۆ دەست پێکران، حامید کاتی بۆ هیچ شتێکی دیکە جگە لە وانەکان و خوێندن نەبوو. کەمێکیش لەگەڵ ماوریزیۆ کاری دەکرد بەڵام کوڕەکان چیتر پەیوەندییان بە دوکتور شەلابا نەگرت. دواتر بیستیان کە لەگەڵ ماوریزیۆ قسەی کردووە و وتوویەتی کە حامید و هاوڕێکەی دیار نین. ماوریزیۆ دڵنیای کردۆتەوە کە هەردووکیان کاری خۆیان بە باشی دەکەن.

### گەیشتن بە ئاواتەکان

سەرەنجام حامید دەستی کرد بە خوێندنی نژیاروانی. ئەو پێنج بابەتی تیۆری و دیزاین و پلاندانانی بوو.
دوای کریسمەس، حامید گەڕایەوە پالێرمۆ بەڵام ئیسماعیل نەیویست بگەڕێتەوە. «بە هاڕێکەمم وت، ‹من لە گرووپێکدا لەگەڵ تۆ کارەکانم ئامادە دەکەم و تۆ چ ئامادە بیت یان نا ناوی تۆشیان لەسەر دەنووسم.›» بەڵام ئیسماعیل چوو لە زوریخ دۆستە کچەکەی ببینێت و قەت نەگەڕایەوە پالێرمۆ. هاوکات، حامید هەوڵی دا کە لەگەڵ خەڵکی سیسیلیا، ئێرانییەکان و کوردێکی تر کە لە شارێکی تر دەژیا، هاوڕێیەتی ببەستێت. کاتێکی سەخت بوو، لە بنەماڵە دابڕێیت و پارەیەکی وات نەبێت. «لەو کاتەدا، هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ مەهاباد نەبوو. ئەوێ لە ژێر هێرشدا بوو و بە هۆی بۆردومانی بەردەوامەوە براکەم ناچار بوو کە شەش مانگ بە تەواوەتی لەناو ماڵدا بمێنێتەوە.» کاتێکی زۆر خەمگین بوو بۆ من. لە پالێرمۆ تەنیا بووم و هەموو ڕۆژێک دەگریام. لە ناکاو زانیم کە پوڵی پێویستم پێ نییە؛ ئەوەی پێم بوو تەنیا بەشی دوو یا سێ مانگی کرد.

---

٢٩- Mattanza

٣٠- Giardino Inglese

«لە پانسیۆنێکی یەک ژووریدا مامەوە. شوێنێکی زۆر سادە بوو بۆ ژیان، بەڵام لە کۆلێژی مێعماری نزیک بوو. بینایەکی کۆن بوو و ژوورەکەی من لە نهۆمی هەشتەم یان نۆیەمدا بوو. تەنیا یەک تەختی خەو، یەک مێز، پەنجەرەیەکی گەورە و حەمامێکی لە دەرەوە هەبوو. دەمتوانی بچمە باڵکۆنەکەی بۆ ئەوەی لە باری مێشکییەوە ئاسۆکانم گەورەتر بکەم.

پانسیۆنێکی هەرزانی ئاسایی بوو. مانگانە پەنجا هەزار لیرم دەدا و سی دۆلاریشم بۆ ڕیستۆران دەدا. چونکە پارەکەم کەم بوو، بڕیارم دا کە کارێک لە هۆتێلێکی سێ ئەستێرەی ئەو نزیکە لە شەقامی ڕۆما پەیدا بکەم. لە چوار بۆ هەشتی بەیانی ئەوێم خاوێن دەکردەوە و کاتژمێر هەشت و نیو ڕامدەکرد بۆسەر کەلاسەکانم.»

«شەوانە دوو خواردنیان پێ دەدایم، یەکیانم لەوێ دەخوارد و یەکیانم دەبرد بۆماڵەوە. بۆ هاتوچۆ پاسکیلم هەبوو و باشترین جلەکانی پێروجام لەبەر دەکردن. هەموو نیوەڕۆیەک، بیست کیلۆمەتر دەڕۆیشتم بۆ کەنار دەریا بۆ مەلەکردن، تەنانەت لە زستانیشدا دەچووم. خوێندن، خواردن و وەرزشکردن لە سروشتدا. بەو شێوەیە هەموو کاتەکانم تێپەڕ دەکردن.

«لە ڕاستیدا زۆر بە سەختی دەمخوێند و لە هۆتێلێکی سێ ئەستێرەدا کارم دەکرد. لە کاتی سەرۆککۆماری ڕەیگاندا[31] بوو و خاوەنی هۆتێلەکە هەوڵی دەدا کە سیاسەتەکانی ئەمریکاییەکانم بۆ شی بکاتەوە. ئەو دەیگوت باشترین ڕێکخستنی سیاسی دیموکرات و کۆماریخوازن، تەنیا ئەو دوو حیزبە.

«ژوورەکانی هۆتێلەکەم خاوێن دەکردنەوە. دەبوو سەرەتا بە سابوون بیانشۆم و دواتر خاوێنیان بکەمەوە. سێ جار لە هەفتەدا دەچوومە ئەوێ و هەموو ڕۆژێک دە هەزار لیرە یان شەش دۆلاری دەدامێ. ئەو پوڵە، خواردنی هەفتەیەکی بۆ دابین دەکردم و منیش سوپاسگوزار بووم.

«هەمیشە لە زانکۆ بووم. خاتوونێکی بەتەمەن لە پانسیۆن منی زۆر خۆش دەویست و پێم گوت کە پارەم نییە، ئەو کۆتایی هەفتەکان پاستای بۆ دەهێنام. هەموو کەس ئێمەی خۆش دەویست چونکە ئێمەی خوێندکار لە کەمینەیەک بووین کە دژی خۆمەینی شەڕمان دەکرد.»

## ڕاهێنان لە لایەن یاریزانێکی ناسراوی تۆپی پێ

ڕۆژێک حامید یاریزانێکی ناسراوی تۆپی پێی بینی، مەسیح مەسیحنیا، کە لە تیمی تۆپی پێی نیشتمانیی ئێران یاری دەکرد، و بانگهێشتی کرد بۆ ئەوەی ببێت بە گۆڵپارێز. وەرزشکارەکە بەڵێنی دا کە ڕاهێنانی پێ دەکات. ئەو زۆر کەسێکی ناسراو بوو و لەسەر ئایینی کاتۆلیک بوو؛ هەروەها لەگەڵ فەرەح پەهلەوی خێزانی محەممەد ڕەزا شا پەیوەندی هەبوو. ئەو هاوڕێیە زۆر دەوڵەمەند بوو و ئەویش نژیاروانی دەخوێند.

«لە کۆتایی هەفتەدا دەیبردم بۆ یاریی تۆپی پێ. لە کاتەکانی تردا، ئێمە تەنیا بووین. دواتر ئیسماعیل ڕۆیشت و من ئەو کوڕەم بینی کە خەڵکی سیسیلی بوو و ناوی جۆڤانی لاکا[32] بوو. پیاوێکی باش بوو و پێکەوە باش دەمانخوێند. ئەو هەندێک جار بۆ نانی شەو لە ماڵەوە دەعوەتی دەکردم.»

---

٣١- Reagan

٣٢- Giovanni Lacca

## برایەتیی کوردان

بۆ نزیکەی شەش مانگان، حامد هیچ هەواڵێکی براکەی و خوشکەکەی نەدەزانی. بەڵام چەند کەسی فارسی بینی و بوونە هاورێی؛ یەکێک کە ناوی مێهران بوو هەندێک شتی فێر کرد کە چۆن بخوێنێت. «هەموو ئێرانییەکان ئێمەیان خۆش دەویست، لەگەڵ ئێمە کوردەکان هاوسۆز بوون، چونکە ئێمە مافخوراو بووین.»

لە ماوەدا بنەماڵە تازەکەی حامید لە پێروجا وەک «بنەماڵەی ڕاستەقینەیان» لێهات. پاپا تەنانەت بەدواداچوونی بۆ سیاسەتی نێونەتەوەیی دەکرد و دەیزانی لە ئێران چی دەگوزەرێت، چۆن ڕژێمی ئسیلامی دژایەتیی کوردان دەکات و ئەوانیش بۆ پاراستنی خۆیان شەڕ دەکەن.

عەبباس، یەکێک لە هاورێکانی حامید لە تاران، پێنووسێکی نایابی کێشانەوەی[٣٣] بە دیاری بۆ نارد. ئەوە یەکەم پێنووسی دیزاینی حامید بوو و ئەو دیارییە بۆ ئەو زۆر بەنرخ بوو. لە مانگی جوندا، هەموو تاقیکارییەکانی جگە وانەی مێژووی مێعماریی مۆدێرن تەواو کردن. هەموو ڕاهێنانەکانی پێشووی لە قوتابخانەی دواناوەندی و کارکردنی لەگەڵ براکەی ئاستی زانستیی ئەویان بەرزکردبۆوە. زۆربەی خوێندکارەکان ئەو ئەزموونانەیان نەبوون، و بەردەوام ئەو نومرەی بەرزی وەردەگرتن.

## کاری هاوینە و سەفەر

لە هاوینی دواتردا لە ساڵی ١٩٨١، حامید بڕیاری دا کە سەفەر بکات بۆ دوورگەیەک. ئەو دوازدە و بگرە زیاتریش هاورێی سیسیلی بوون. «خەڵکی ئیتالیا زۆر کراوە و میواندۆستن. خەڵکی باشوور زۆر باشن، هاورێی ڕاستەقینەن و چاودێریت دەکەن.»

بە هۆی دەستەنگی بڕیاری دا کە باشتر وایە کارێکی هاوینە بدۆزێتەوە و هەندێک پارە پەیدا بکات. ئیسماعیل هاورێیەکی لە سویس هەبوو کە وتبووی ئەگەر حامید لە هاویندا بچێت بۆ ئەوێ یارمەتی دەدات کارێک بدۆزێتەوە.

«چووم بۆ باڵوێزخانەی سویس و وتم دەمهەوێت بچم بۆ کارکردن. هەروەها پێموتن کە من کەسێکی خۆبەخش بووم لە یارمەتیدانی قوربانیانی بوومەلەرزەی باشووری ئیتالیا. ڤیزایەکی سێ مانگەی کارم وەرگرت و چووم بۆ زوریخ کە ئیسماعیل پێشتر لەوێ کاری دەکرد. زۆر زوو چەند کاریان بۆ دۆزیمەوە. کارێکیان لە ڕێستۆران بوو کە دەبێت دەفر و حاجەتان بشۆم؛ کارێکی تریشیان لە بیرەفرۆشییەک لە ناوەندی شار بۆ دۆزیبوومەوە. ئەوە بووە کاری هاوینەی من.»

٣٣-

حامید بە خۆڕاگرییەوە بەرەو ژیانی داهاتووی دەچوو، سادق وەزیری کە سیاسەتمەدارێکی کوردە دەڵێت لەو کاتەوە حامیدی بینیوە «ئەو بە جۆرێک دەژیا کە تەنانەت خولەکێک کاتی نییە بە فیڕۆی بدات.»

«حامید لە ئیتالیا درێژەی بە خوێندنەکەی دا و لە سویس کاری دەکرد و قەت کاتی بەتاڵی نەبوو. ئەم بەرنامەیە یارمەتی دا کە قەت کێشەی ئابووری بۆ دروست نەبێت. ئەو بە دەگمەن کاتی ئازادی دەبوو کە بەم لاولادا بچێت و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لەسەر یەک شت چڕ ببێتەوە. حامید هەمیشە کاری دەکرد بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی دابین بکات بەبێ ئەوەی گلەیی لە کەسێک بکات. ئەو کەسێکی جێمتمانەیە کە بۆخۆی خۆی دروست کردووە،» سادق وەزیری بەم شێوەیە کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێت. ئەو پیاوە دواتر دەبێت بە ڕاوێژکاری حامید.

حامیدکاری دەکرد تاوەکوو پێداویستییەکانیساڵی داهاتووی خوێندنی دابین بکات و بێخەم بێت لەوەی کە پوڵی پێویستی هەیە.



لەگەڵ سادق وەزیری لە سویس

## وردەکاریی زیاتر سەبارەت بە ڕاوێژکارەکەی

حامید پێشتر بیستبووی کە سادق وەزیری وەک زۆر کەسی تر لە ئێران ڕایکردووە. کاتێک حامید گەیشتە لۆزان، چوو تا وەزیری لە ماڵەکەی خۆی ببینێت.

وەزیری وا لەسەری دەنووسێت کە «زوو بۆم دەرکەوت کە کەسێکی ئارەزوومەندە و حەزێکی زۆری هەیە. ئەو دەیویست کە ژیانی تەرخان بکات و لە هەموو ڕوانگەیەکەوە پێش بکەوێت. هەستم کرد کە ژیانی خۆش دەوێت و بەرەو گەورەیی دەچێت.»

حامید بەو پەیوەندییە دڵخۆش بوو. «ئەو هاوینە وەزیری بوو بە ڕاوێژکارم و تا ئێستاش هەر بەو شێوەیە ماوە. ئەو پێی وتم (تۆ لێرەی. تۆ دەبێت کەڵک لەم وزەیە وەربگری و بخوێنیت.) دوای ئەوەی هەموو هەفتەیەک پەیوەندی لەگەڵ دەگرتم و نامەی بۆ دەناردم. هەموو حیزبە سیاسییەکانی پێ دەناساندم و بەردوام لە خوێندنی و کاری تریشدا ڕێنوێنی دەکردم. ئەو لە باری دەروونی و هەموو بارێکی ترەوە پشتیوانی لێ کردم.»

پێداگریی حامید لەسەر خوێندنەکەی کاریگەری لەسەر وەزیری دانا. «لەو ماوەیەدا، لاوەکان زیاتر حەزێکی سروشتییان بۆ چالاکیی سیاسی پیشان دەدا. حامید ئەو هەستەی هەبوو کە تەنیا کەسێکە بە پێچەوانەی ئەو حەزە گشتییە. ئەو ڕێگەی بە خۆی نەدەدا کە هەست و سۆزێکی کاتی بەسەریدا زاڵ بێت. ئەو لە سەرەتاوە ڕوانگەیەکی ڕوون و واقعی سەبارەت بە بارودۆخی خۆی هەبوو. ئامانجی ئەوە بوو کە بنەمایەکی پتەو بۆ ژیانی داهاتووی دابنێت.

«ئەو بروابەخۆییەکی دەدا بە من کە پەیوەندی بە ژیانی تایبەتیی خۆی هەبوو، و بە تایبەت ئەو کێشانەی کە بۆی دروست بوون. لە لایەن خۆمەوە، هەوڵم دا کە بەپێی ئەزموونەکانی خۆم ڕێنوێنی بکەم. بیرم دەهێنایەوە کە کوردستان پێویستی بە کادری ڕاهاتووی لێزان هەیە، ئەرکێک کە لەسەر شانی ئەوییە. من پێم وت کە ئەوە گەورەترین بۆشایی ئێمەیە.

«من پێم وت کە بۆشاییەک پێویستە پڕ بکرێتەوە و ئەو پێداویستییەش بە دڵنیاییەوە کەمیی کەسانی خوێندەواری پێگەیشتوو و زانایە کە لە هەموو بوارەکانی زانستدا شارەزا بن. حەزی یەکجار زۆری بۆ خوێندنەکەی و تایبەتمەندییە کەسییەکانی ئەو بڕوایەی لە مندا دروست کرد کە ئەم کوڕە لاوە لە ژیانیدا زۆر پێش دەکەوێت.»

وەزیری تا کاتی مردنی لە ١١ی ئەپریلی ٢٠١٨دا لە تەمەنی ٩٨ ساڵیدا لە لۆزان مایەوە. ئالان هەموو هەفتەیەک پەیوەندی لەگەڵ دەگرت. هەواڵی خەمهێنەری مردنەکەی، لە لایەن عەزیز ماملێ هاوڕێیەکی کوردی ئێرانییەوە بە ئالان گەیشت .کاتێک لەگەڵ هاوژینەکەی ساتو و هاوڕێ دێرینە ئیتالییەکەی فرانکا بەر لەوەی پلانی سەفەر بۆ چین دابنێت، لە دوورگەی ئیسکیبیا[٣٤] لە نزیک شاری ناپۆلی لە پشوودا بوون. ئالان خێرا بەرنامەکەی گۆڕی و چوو بۆ سویس بۆ بەخاکسپاردنی وەزیری تاوەکوو ڕێزی خۆی بەرامبەر بەو بە جێ بهێنێت. بە مردنی وەزیری، ئالان یەکێک لە بەنرخترین کەسەکانی ژیانی لە دەست دا، کە دەورێکی نموونەیی دەبینی بۆی و نزیک بە چوار دەیە هاندەری بوو. پێشنیارە ڕوون و بەهێزەکانی وەزیری

٣٤- Ischia

یارمەتـی دا کـە لـە کێشـەکانی ژیـان تـێ بـگات. وەزیـری بـۆ ئـالان یەکێـک لـە پراگماتیکتریـن کەسـەکانی نـاو کـورد بـوو کـە توانایيەکـی بێوێنـەی لـە چارەسـەری کێشـە و ململانێکانـی کۆمەڵـگای کـوردی هەبـوو.

ساڵی ٢٠١٤ ئـالان و عەزیـز مامڵـێ سـێمینارێکی یـەک ڕۆژەیـان بـۆ ڕێزگرتـن لـە دەسـتکەوتەکانی ژیانـی وەزیری لـە فرانکفۆرتـی ئاڵـمان ڕێـک خسـت. سـەبارەت بـەوە قسـەی کـرد کـە چـۆن وەزیـری ڕاوێـژکاری سـەرچاوەی هاندانـی وەچەکانـی دواتـری زانسـتمەندانی کـورد بـووە، ئـالان پێشـنیاری دا کـە خەڵاتێـک بـە نـاوی ئـەوەوە دروسـت بکرێـت تاوەکـوو هانـدەری زانایانـی کـورد بێـت کـە خزمـەت بـە کۆمەڵگەکەیـان بکـەن: «مەرگەکـەی وەرزێکـی بەسـەر بەرەیەکـدا داخسـت کـە سـتراتیجییەکی ڕوون بـۆ کوردسـتان دابنێـن، بـە شـێوەیەک کـە زانسـت و زانیـن دەتوانێـت نەتەوەکەمـان بـۆ ململانێکانـی داهاتـووی بەهێـز بـکات. مـن بەڵێـن دەدەم کـە ڕێگەکـەی بـۆ پێشـکەوتنی و بەرەوپێشـچوونی کۆمەڵـگای کوردسـتان درێـژە پێبـدەم.»

حامیـد کاتێـک لـە سـویس بـوو پارەیەکـی زۆری بـە دەسـت هێنـا. «کاتێـک گەڕامـەوە، دەمتوانـی لـە پالێرمـۆوە بچـم بـۆ تۆرینـۆ. دواتـر گروپێـک کـوردم ناسـین. لـە تۆرینـۆ سـەد و سـی بـۆ سـەد پەنجا کـوردی لـێ بـوون کـە زۆربەیـان کـوردی عێـراق بـوون و سـەر بـە یەکیەتـی بـوون. و قۆناغێکـی تـر لـە ژیانـی ڕەنگاوڕەنگـی مـن لـە زانکـۆ دەسـتی پێکـرد.»

## ٤. دابڕانێک لە ڕابردوو: ١٩٨١-١٩٨٢

**لە ڕاستیدا، لەو کاتەدا حامید بە تەواوەتی خۆی بۆ خوێندنەکەی تەرخان کردبوو، بۆ ئەوەی لە ژیانی چالاکییە سیاسییەکان بە دوور بێت، بەرنامەیەکی بنەڕەتی دانا و گۆڕانێکی ڕاستەقینەی لە ژیانیدا پێکهێنا. من پێم وت کە تەنیا پشت بە خۆی ببەستێت، بایەخ بۆ کارەکەی دابنێت و سەبارەت بە کەسانی دیکە لە وەهمدا نەبێت.** سادق وەزیری

حامید لە ناوەڕاستی ساڵی دووهەمی خوێندنی لە زانکۆی تۆرینۆ، زۆر شێلگیرانە دژی خومەینی چالاکی دەکرد. هەموو ڕۆژێک هەواڵە سیاسییەکانی ڕووداوەکانی ئەو کاتە لەلایەن هاوکارەکانییەوە دەنووسران و بڵاو دەکرانەوە. خوێندکارە کوردەکان کۆبوونەوەی بەردەوامیان بوو و کەسانی ناسراویان لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵە و حیزبە ئێرانییەکانی دیکە دەبینین. هەموو ئەم سیاستمەدارانەیان ڕاستەوخۆ دەبینین. لە ١٩٨٢دا کاتێک ماوەی پاسپۆرتەکەی بەسەر چوو، دەبوو بچێت بۆ باڵوێزخانەی ئێران لە ئیتالیا، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە بە دژبەرێکی خومەینی ناسرابوو ئەو کارە مەترسیدار بوو، یان دەبوو بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی کە نوقمی شەڕ بوو.

هێشتا یادەوەرییەکانی ئەو ڕۆژانە زیندوون. «لە بیرمە ساڵی ١٩٨٢ بۆ بەڕێوەبردنی خۆپیشاندان چووین بۆ چەندین شاری جیاجیا. لایەنگرانی ڕژێم منیان دەناسی. هەموو خوێندکارە شۆفارەکانی لایەنگری خومەینی بە دوای ئێمەدا دەگەڕان. زۆربەی کات پێکەوە لە یەک شوێن بووین. هەندێک جار دەترساین، چونکە جاروبار لە زانکۆ پەلاماریان دەداین. هەروەها لە لایەن بەعسییەکانی سەدام حوسەینەوە دەکراینە ئامانج. لە دەرەوە لەناو زانکۆ، دەردەکەوتن و شوێنمان دەکەوتن.

«جارێک بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤار چووم بۆ ڕێستۆران و هەندێک خوێندکاری سیاسیی ورووژمیان بۆ هێنام. ئەوەندەیان لێ دام کە خوێن بە دەموچاومدا هاتە خوار. دوای ئەم ڕووداوە، زیاتر لە سەد خوێندکار لەگەڵم هاتن بۆ فلۆرێنس کە لەوێ گۆڤارەکان بڵاو بکەینەوە. ئێمە کوردەکان لەوێ زۆر یەکگرتوو بووین. بەعسییەکان دەیانویست کە جارێکی تر لێم بدەن بەڵام خوێندکارە کوردەکان هێرشیان کردە سەریان. کاتێک کارەکەمان تەواو بوو بە پەلە گەڕاینەوە بۆ تۆرینۆ.»

حامید لەگەڵ ئەوەی کە تێکەڵ بە کاروباری سیاسی ببوو، لە خوێندنەکەشیدا نوقم بوو. براکەی بەردەوام بیری دەهێنایەوە، «هەمیشە لە بیرت بێت کە بۆ چی لە ئیتالیایت.»

حامید قەت ئەوەی لە بیر نەدەبردەوە. «من لە ناو هەموو خوێندکارەکاندا پلە یەک بووم. چونکە زۆر باش دەمخوێند. هاوڕێکانی زانکۆم ڕۆژانی هەینی بۆ سەماکردن دەچوونە دەر بەڵام من هەموو کاتەکان

دەمخوێند.» وەزیریش باس لەوە دەکات کە حامید خۆی بۆ خوێندنەکەی یەکلا کردبۆوە. وەزیری دەڵێت: «ئەو نەزمێکی تاکەکەسی و ئاکاری تایبەت بە خۆی هەبوو، هەرچەند خۆی نەخستبووە تەنیاییەکی لە ڕادەبەرەوە بەڵام بە پێچەوانەی کەسانی گەنجەوە خەریکی ڕابواردنیش نەبوو، کەسە گەنجەکان بە سادەیی فریویان دەخوارد و دەکەوتنە ژێر کاریگەریی ڕەوتە سیاسییەکانەوە. حامید ژیانێکی سادەی گرتبووە بەر و شوێن تاکە ئامانجەکەی کەوتبوو و هەمیشە وەک کەسێکی سەربەخۆ دەژیا.»
حامید کاتێک باسی چێژی چڕبوونەوەی لەسەر یەکێک لە پڕۆژەکانی لە زانکۆی تۆرینۆ دەکات، حەزی زۆری بۆ فێربوون، توێژینەوە و ئەنجامدانی ئامانجە ئەکادمیکەکەی پێوەی دیارە: «لە پڕۆژەیەکدا، فێربووم کە چۆن ئاڵوگۆڕ بەسەر مێعماریی بەشێک لە شاری تۆرینۆدا بهێنم. ئەوە پڕۆژەیەکی سەرنجڕاکێش بوو بۆ من! خۆم بۆ تەرخان کردبوو. دەمویست بازاڕەکانی شارەکە دیزاین بکەمەوە و ئەوە زۆر شتی لەسەر ئەندازیاریی پێکهاتەی نەگۆڕ[35] فێر کردم.»

### تاکە ڕوانگە

«سەرچاوەی ئەو کارەی کە لە داهاتوودا دەیکەم دواتر هات. بۆ من، تەنیا ئەوە گرینگ بوو کە خوێندنەکەم تەواو بکەم. ئەگەر لە ئیتالیا بخوێنیت، دەبێت تاقیکردنەوەی کۆتایی لە دوای جون-جولای تەواو بکەیت، بەڵام من لە جوندا تەواوم دەکردن چونکە دەبوو هاوینان کار بکەم. ئەوە یەکێک لە هۆکارەکان بوو کە زەختی زۆرم لە خۆم دەکرد.
«کاتێک خوێندنی باڵام درێژە دەدا، بیرم لەوە دەکردەوە کە خوێندکەم بپێچەمەوە تا لەو چەند مانگەدا لە ئەورووپا کارێک بدۆزمەوە. کاتێک مارسی ١٩٨٢ پاسپۆرتەکەم ماوەی بەسەر چوو، ڕێگەم نەبوو کە بچم بۆ باڵوێزخانە و داوای پاسپۆرتێکی تر بکەم.»

### ململانێی خوێندن لە ئیتالیا وەک کوردێک

زۆربەی کوردەکان کە لەگەڵ حامید تێکەڵ بە چالاکییە سیاسییەکان دەبوون لە ئەورووپا کێشەی ئابوورییان هەبوو. بە ڕاستی سەخت بوو کە لە ئیتالیا هەم بژێوی پەیدا بکەیت و هاوکات بشخوێنیت. بۆ ئەم کارە، خوێندکارە کوردەکان دەبوو بە شوێن سەرچاوەیەکی مادیی سەربەخۆدا بگەڕێن. وەک وڵاتانی دیکە نەبوو کە خوێندکاران پارەی سکالرشیپ بۆ خوێندن وەربگرن. بۆیە سادە نەبوو لەو ساڵانەدا هاوکات کار بکەیت و بشخوێنیت.
«هاوڕێیەک، قادر، کە ئەودەم پزیشکی دەخوێند، وتی کە چیتر ناتوانێت درێژە بە خوێندنەکەی لە ئیتالیا بدات. داوای کرد کە بە قەرز پارەی بدەمێ و پاشان چوو بۆ یۆگۆسلاویا و دواتر بۆ سوید. من لە سویس پارەم پەیدا کردبوو و پارەم دایە. فازیلیش هەمان کاری کرد. ئەو یەکسەر ئیتالیای بەجێ هێشت. چووە پۆڵەندا و پاشان چووە سوید، و لە کارخانەی ئۆتۆمبیلسازی ڤۆڵڤۆ کاری دەکرد. قادر پزیشکی خوێند و سەرەنجام لە سوید نیشتەجێ بوو و لەوێ وەک پزیشک درێژەی بە کارکردن دا. ئەوان دوو هاوڕێی نزیکی مەهابادی بوون کە دەیانویست لە ئیتالیا بخوێنن بەڵام نەیانتوانی.»

---
٣٥-

هەمـوو هاوڕێکانـی حامیـد پارەیـان لـە دایـک و باوکیـان وەردەگـرت. بـەڵام ڕێگـەی ئـەو جیـاواز و سەرڕاسـت بـوو. هیـچ پارەیەکـی خۆڕایـی و زیـادە لـە ئـارادا نەبـوو. نەیدەتوانـی زیـاد لـە داهاتەکـەی بـە شـوێن حەزەکانیـدا بچێـت. بـۆ وێنـە قـەت نـە حەزێکـی زۆری بـوو و نـە بـۆی دەگونجـا کـە بیـر لـەوە بکاتـەوە ئۆتۆمبیلێکـی بچوکـی خـۆی هەبێـت، چـون پـارەی ئـەو شـتەی نەبـوو، جاروبـار ئۆتۆمبیلێکـی لـە هاوڕێیەکـی بـە ئەمانـەت وەردەگـرت. ئـەو تایبەتمەندییانـەی حامیـد بـۆ کارکردنـی سـەخت و پێداگری لەسـەر کارەکـەی، کاریگـەری لەسـەر هاوڕێکانی دانـا. عەزیـز مامڵێ کـە دواتـر لـە پاریـس بینـی بـەم شـێوەیە وەسـفی دەکات «کوڕێکـی گەنـج کـە بـە گیرفانـی بەتـاڵ گەیشـتە ئیتالیـا و لـە بـاری ڕۆشـنبیری و پیشـەییەوە بـە خوێندنەکـەی، خـۆی دروسـت کـردەوە.» عەزیـز بـە شـانازییەوە قسـەکانی درێـژە دەدات: «مایـەی شـانازی بـوو. ئـەو هـاوکات سـێ کاری دەکـرد. کاری دەکـرد، دەیخوێنـد و چالاکـی سیاسـی بـوو. ئـەم ڕوانگەیـە کەسـێکی دروسـت کـرد. کەسـێک کـە لـەو بارودۆخـەدا سـەردەکەوێت جیـاوازە لـە کەسـێک دایـک و باوکـی هەمـوو شـتێکی بـۆ دابیـن دەکـەن.»

## ژیانی خوێندکاری لە تۆرینۆ

حامیـد بـۆ کۆتاییهێنانـی خوێندنەکـەی هیشـتا پێویسـتی بـە کارکـردن بـوو، بۆیـە دەسـتی کـرد بـە کاری ڕۆژنامەفرۆشـی.

«ڕۆژنامـەی لا سـتامپا[٣٦]م دەکـڕی، دوای تەواوبوونـی کاروبـاری کلیسـا لـە ڕۆژانـی یەکشـەممەدا، دەمفرۆشـتن و دە هـەزار لیـرم بـە دەسـت دەهێنـا. سـەرەنجام، کاتێـک لـە لایـەن UNCHRەوە، سکالرشـیپم وەرگـرت، چیتـر کێشـەی مادیـم نەمـاو و زۆر حەسامەوە. هـاوکات لـە بـاری سیاسـییەوە زۆر چالاک بـووم. هـەر کوردێـک بهاتبایـە، دەهـات بـۆ لای ئێمـە، بۆیـە بـەردەوام ماڵەکەمـان پـڕ بـوو لـە کـورد.»

حامیـد ئاپارتمانـە بچووکـە دوو ژوورییەکـەی لـە تۆرینـۆ لەگـەڵ هاوڕێکـەی جەبـار فەتـاح دابـەش کـرد کـە ئـەو کات نوێنـەری یەکیەتـی بـوو. هەرکامیـان ژوورێکیـان بۆخۆیـان بـوو. ماڵەکیـان لـە کۆرسـۆ یونیـۆن سـۆڤیتیک[٣٧] بـوو کـە یەکێـک بـوو لـە شـەقامە سـەرەکییەکان و ناوەنـدی شـاری بـە بەشـی باشـووریی شـارەوە دەبەسـتەوە. زۆر دواتـر، گەڕایـەوە ئـەو شـوێنە و پێـی سـەیر بـوو کـە چـۆن لـەو شـوێنە بچووکـە پیسـەدا ژیـاون. بـەڵام ئـەوان ڕۆژەکانیـان بـە تەواوەتـی وەک خویندکارێـک تێپـەڕ دەکـردن، بـە سـەختی کاریـان دەکـرد، بـەردەوام دەرسـیان دەخوێنـد.

«لـە ئیتالیـا، بەرنامـەی خوێندنەکەمـان قـەت سـووک نەدەبـوو. دەرسـمان دەخوێنـد و ڕۆژانـەش دەچووین لـە پۆلدا ئامـادە دەبوویـن. دواتـر لـە جولایـدا، دوای تەواوبوونـی وانـەکان، خۆمـان بـۆ تاقیکردنـەوەکان ئامـادە دەکـرد.» ئێسـتاش ئـەو یادەوەرییـە هەسـتێکی ناخۆشـم پێـدەدات.» ئەگـەر لـە تاقیکردنەوەکانـدا دەرنەچووبـای، لـە مانگـی سـێپەتمبردا بـۆ جـاری دووهـەم یـان ئەگـەر پێویسـت بوایـە دواتـر، بەشـداریت دەکـرد.

کێشـەی مـن ئـەوە بـوو کـە دەبێـت سـەرجەم تاقیکردنـەوەکان لـە مانگـی جون-جـولای بـە سـەرکەوتوویی تێپـەڕ بکـەم. سـاڵێک، نـۆ تاقیکردنـەوەم بـوون و هـەر چواریـان لـە مانگـی جولایـدا بـوون. زۆربـەی خوێنـدکارەکان لـە

٣٦- La Stampa

٣٧- Corso Union Sovietic

کاتی جیاجیادا بەشداریی تاقیکردنەوەکانیان دەکرد. بەڵام ئەو هاوینە پێویست بوو ئازاد بم بۆ ئەوە سەفەر بکەم و بەبێ هیچ زەختێکی زانکۆ کار بکەم.
ئەوەی کە دەبوو لە کۆتایی ساڵدا تاقیکردنەوەکانم تەواو بکەم، هانی دام کە تەواوی کاتەکەم لە زانکۆ بم، زیاتر لە زۆربەی خوێندکارەکان زەخت لە خۆم بکەم.» ئەو ماوە سەختەی خوێندکاری زۆر خێرا تێپەڕی.

## سەفەر بۆ پاسپۆرت

مانگێک دواتر، ماوەی پاسپۆرتەکەی بەسەر چوو، حامید هیچ بژاردەیەکی نەبوو جگە لەوەی بە شوێن پەنابەرییەوە بێت. «چووم بۆ نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێم وتن، ‹من لێرە چالاکی سیاسیم،› و ئەوان هەر زوو کردیانم بە پەنابەر. لە ١٩٨٢دا زۆر کەس لەژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوون.
«نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وتووێژێک بانگیان کردم. وتیان ئەگەر نومرەی بەرزت هێنابێت، سکالرشیپم دەدەنێ. هەر کە بەڵگەنامەکانیان بینیم، سێسەد و پەنجا هەزار لیریان دامێ کە مانگانە دەیکردە نزیکەی دوو سەد دۆلار. هەروەها کارتێکی ڕێستۆرانی خوێندکارییان دامێ. ئەوەش واتە تێچووی خواردنەکانم پارەیەکی زۆر کەمی دەکرد. ئەوە بۆ من یەکجار باش بوو. بەڵام نەمدەتوانی هاتوچۆ بکەم؛ نەمدەتوانی بچمە هیچ شوێنێک لە دەرەوەی وڵات.»

## ڕزگاری لە ئەرکێک

حامید شەوانە بە تەواوەتی دەرسی دەخوێند، درەنگانی شەو کەندال نەزان، بەڕێوەبەری ئەنستیتوی کوردی پاریس تەلەفۆنی بۆ کرد، ئەو نەخەوتبوو: «یوسف، سەرۆکی حیزبی سۆسیالیست، دێت بۆ ئەورووپا. ئایا دەتوانی یارمەتیی کوڕەکەی بدەی کە بە پارێزراوی بچێت بۆ فەڕانسە؟» ئازاد، کوڕی یوسف، تەمەنی شازدە ساڵ بوو و لە تورکیەوە دەهات بۆ ئیتالیا. سەرەڕای ئەوەی کە حامید پاسپۆرتی نەبوو و نەیدەتوانی وڵات جێ بهێڵێت، وەڵامی دایەوە، «کێشە نییە، من چاودێریی دەکەم.»
بە زنجیرەیەک پەیوەندی و ناوسیاو کارەکە ڕێکخرا. «مارسی ١٩٨٢ بوو. کەشوهەوای تۆرینۆ زۆر خۆش بوو و داوام لە جەباری هاوماڵیم کرد، لەگەڵم بێت. داوای لە خوێندکارێکی دەوڵەمەندی تورکەمەنی هاوڕێی بە ناوی زۆهەیر کرد کە ئۆتۆمبیلی ڕێنۆکەیمان بە ئەمانەت بداتێ. جەبار پێی وت کە دەمانهەوێت بچین بۆ کوێ.
«بە هۆی ئەوەی چالاکیی سیاسیمان بوو، هەموو کەس ڕێزی لێ دەگرتین، بۆیە دەمانتوانی ئۆتۆمبیل بە ئەمانەت وەربگرین. هیچ ئەزموونێکمان نەبوو بەڵام لە ڕێگەی نەخشەوە ڕێگەیەکی باشمان بەسەر کوێستانە پڕبەفرەکاندا دۆزییەوە. ئامادەی بەفر نەبووین؛ زنجیری تایەمان پێ نەبوو. لە نیوەی ڕێگا، ئۆتۆمبیل گیری کرد و دەبوو پارچەیەک ئاسن پەیدا بکەین بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلەکەی پێ دەربهێنینەوە. لەناکاو زانیمان کە لە نێوان فەڕانسە و ئیتالیا، لەو کوێستانە و لەناو بەفرێکی قورسدا بە تەنیا کەوتووینەوە. دەمانگوت کە لەوێ دەمرین. هەوا زۆر سارد بوو و باش دەهات. هەرچۆنێک بێت، دوای چەند کاتژمێر توانیمان لەو کێوە دەرچین.

«لەوێ پۆلیسی لێ نەبوو و هیچ ئۆتۆمبیلێک تێنەدەپەڕی. کاتژمێر سێی بەرەبەیان بوو کە لە سنوورەوە تێپەڕین بۆ ناو فەڕانسە. ئێمە نایاسایی هاتبووین چون پاسپۆرتمان نەبوو. شکور بە هۆی بەفری قورسەوە بەریان پێ نەگرتین و پەڕینەوە.

«لە بەری فەڕانسە ناونیشانی ڕێستۆرانێکمان پێ بوو، کە باوکی کوڕەکە لەوێ بە نگەرانییەوە لە ژوورەوە چاوەڕێمان بوو. هەم ترسابوو و هەم یەکجار دڵخۆش بوو کە کوڕەکەی بینی. کاتێک کوڕەکەی منداڵ بوو، بە هۆی کێشەی سەربازییەوە تورکیای جێهێشتوو و لەوە دوا کوڕەکەی نەبینیبوو. پێکگەیشتنەوەیەکی جوان و پڕهەست بوو.»

## فێربوونی ئەوەی چۆن لە سەرەتاوە دروست بکەیت

حامید هاوینان بە شێوەی نایاسایی دەچوو بۆ سویس تا کارێکی پڕ داهات بدۆزێتەوە. هاوینی ١٩٨٢ لە سویس پاسپۆرتی پێ نەبوو و زۆر سەخت بوو لەو ڕێستۆرانەی کە پێشتر باش کاری تێدا کردبوو، کاری بدەنێ. کرێکارە نایاساییە بیانییەکان لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا، کە قۆناغێکی باشی ئابووری بوو، داواکاری وڵاتیان بۆ هێزی کار پڕ دەکردەوە.

لە ١٨٧٠ەوە سویس ببوو بە یەکێک لە شوێنە دڵخوازەکانی کۆچبەران بە تایبەت لە ئیتالیاوە. کۆچبەران بە کۆمەڵ دەهاتن؛ سەرووی پێنج ملیۆن ئیتالیایی لە ساڵانی ١٨٧٠ تا ١٩٨٠ هاتن بۆ سویس. ئیتالییەکان کەسانێکی حەز بە گاڵتە و سویسییەکانیش مەغروور بوون، تێکەڵبوونی دوو کلتوری تەواو جیاواز هەلومەرجێکی سەرنجڕاکێشی لە نێوان دانیشتووان و کۆچبەراندا خوڵقاندبوو. سترێسێکی دەروونی بۆ ئەو کەسانەی کە تازە گەیشتبوون شتێکی نائاسایی نەبوو.

حامید خۆی لە نێوان گرووپێک کرێکاری ئیتالیایی تێکۆشەردا بینییەوە کە خەریکی کاری بیناسازی بوون. هاوڕێ فارسەکەی گرێبەستێکی کاری پلاستیری لە پرۆژەیەکی بیناسازیی نیشتەجێبووندا واژۆ کرد کە ئی کۆمپانیاییەکی بیناسازیی پیاوێکی دەوڵەمەندی سویسی بوو و پێشتر کاری لەگەڵ کردبوو. هاوڕێکەی حامید داوای لە خاوەنکارەکەی کرد ئەگەر دەتوانێت کارێکی هاوینەی وەک کاری خوێندکاری بداتێ چونکە پێویستی بە پارەیە. خاوەنکارەکەی، لە ئۆتۆمبیلە مێرسێدێسەکەیدا حامیدی بینی و ڕازی بوو بەوەی لەگەڵ گرووپێک کرێکاری دیکەی باشووری ئیتالیا کاری بداتێ. حامید ئیتر لێرەوە هەلی بیناسازیی ڕاستەقینەی بۆ لوا و چیتر شتەکان تەنیا تیۆری نەبوون بەڵکوو تەواو لە ئاستێکی کردەییدا بوون.

«هیچ کام لە کرێکارە ئیتالییەکان بڕوایان نەدەکرد، کاتێک وتم من خوێندکارم. ئەوان کرێکار بوون و ئامانجیان ئەوە بوو ئۆتۆمبیلێکی باش بکڕن. کارتی خوێندکاریم پیشان دان. بارودۆخی خۆم بۆ باس کردن، و هەڵوێستیان بەرامبەرم گۆڕا. تەنانەت زۆر جاران بانگیان دەکردم کە لەگەڵ بنەماڵەیان نان بخۆم. کاری من ئەوە بوو کیسەی بیست تا سی کیلۆگرامیی سیمان بە پلیکانەدا ببەمە سەر و بهێنمە خوار تاوەکوو لە دروستکردنی دیوارەکانی ناوەوە یارمەتیدەر بم. بیناکە سێ قات بەرز بوو و ئەو کارەی دەمکرد زۆر قورس بوو. ئەوە قورسترین کار بووە لە ئەورووپا کردبێتم. ڕۆژێک داوای یارمەتیم لە کرێکارەکان کرد و ئەوان بە دەنگمەوە هاتن.

«چونکە بەڵگەنامەی یاساییم نەبوو، بە ترسەوە دەژیام. بە نایاسایی دەهاتمە ناو وڵات و دەچوومە دەر. دەمزانی بەکام شەمەندەفەر بڕۆم کە کەمتر کۆنترۆڵی بەسەرەوەیە. هاوڕێ نوێیەکەم، پیەترۆ ئنڤێرنیتسی[38]، کە خەڵکی تیسینۆی سویس بوو، لە ئیتالیاوە بردمییەوە بۆ بێلینزۆنا[39]. زۆر مەترسیدار بوو، بەڵام ڕێگەیەکی ترم نەبوو. دوو یان سێ مانگ لە سویس کارم کرد و باش بوو چونکە زۆر بە دڵاواییەوە پارەیان دەدامێ.»

## پاریس دەرگای بەخێرهاتن دەکاتەوە

لە هاویندا، حامید بارودۆخی پاسپۆرتەکەی بۆ وەزیری باس کرد و وەزیریش بە کەندال نەزان سەرۆکی ئەنستیتۆی کوردی پاریسی گوت.

ڕۆژی ١٢ی مارسی ١٩٨٣، نامەیەک لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەڕانسەوە هات و حامید بانگهێشت کرابوو بۆ فەڕانسە. بانگهێشتنامەی ئەنستیتۆی کوردی پارسی پێ بوو و بانگ کرابوو بۆ ئەوەی لە کۆنفرانسێک لەسەر نژیاروانیی نەریتی لە پاریس، وتارێک پێشکەش بکات. ئەوە هۆکاری بانگهێشت کردنەکەی بوو بۆ فەڕانسە و سەرەڕای ئەوەی پاسپۆرتی نەبوو، بلیتەکەیان بۆ نارد کە بچێت بۆ فەڕانسە. «تا هاوین ڕاوەستام و پاشان چووم بۆ پاریس. بۆ یەکەم جار لە هاوینی ١٩٨٣دا کەندالم بینی. بە کرانەوەی ئەنستیتۆی کوردی من و کەندال بووینە هاوڕێ.» لە ئەنستیتۆدا، حامید زۆر هاوڕێی تری ناسین و کەسانی دیکەی بینینەوە کە سالانێک پێشتر لە ئێران دیتبوونی.

دوو کەس لەوانە عەزیز ماملێ و هاوژینەکەی سۆهەیلا قادری بوون. عەزیز دەگێڕێتەوە «من براگەورەکەی حامیدم دەناسی کە کۆمپانیای ڕێگاوبان و بیناسازی هەبوو. ئەو هاوڕێی براکەم بوو. لە سەفەرێکی پاریسدا، حامید هات بۆ ئەنستیتۆی کوردی و سۆهەیلای هاوژینمی بینی. سەردانی ماڵی ئێمەی کرد. ئەو زۆر خۆێن شیرین بوو، هەستم کرد ماوەیەکی زۆرە یەکتر دەناسین. دوای ئەوە بە فەرمی هاوڕێیەتیمان دەستی پێکرد.»

بنەماڵەی ماملێ لەگەڵ وەزیریش نێوانیان خۆش بوو و پێکەوە لەگەڵ حامید و وەزیری هاوڕێیەتییەکی بێوێنەیان پێکهێنا. عەزیز لە بیریەتی «هەرجار دەهاتە پاریس و هەموو هاوینان، لەگەڵ ئێمە دەمایەوە، وەک ئەوەی لەگەڵ خوشک و برای خۆی بێت. من وەک کوردێکی مەهاباد سەیرم دەکرد. ئەو هاوڕێیەتییەکەی ڕاستەقینە بوو و لە ئیتالیا زۆر بە پرسی کوردەوە ماندوو بوو. ئەوە بە هەیەجانەوە لە چالاکییەکانی لەمەڕ پرسی کورد و مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستان دەدوا.»

لەوە بە دواوە، هەر کات حامید دەهات بۆ پاریس، لەگەڵ ئێمە دەمایەوە. ئەو هەر جار کە دەهات دیاری دەهێنا، جلوبەرگی وەرزشی لە لایەن فرانکاوە بۆ کوڕەکەیان ئاریز دەهێنا کە دوایی بوو بە لایەنگری حامید. حامید «زۆر زۆر لەبەردڵان بوو و هەندێک جار تەنانەت خواردنی ئیتالیایی بۆ دروست دەکردین.» مامڵێ دەگێڕێتەوە «لەو کاتەوە کە دەیناسم، هەمیشە ئاواتی گەورەی ئەوە بووە کە بە ڕوانگەی بۆ نژیاروانی دنیا بگۆڕێت.»

---

٣٨- Pietro Invernizzi

٣٩- Bellinzona

حامید لەگەڵ عەزیز چوو بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە تاوەکوو داوای پاسپۆرت بکات. لەوێ چەند کارمەند لێیان پرسی ئایا دوکتور قاسملوو دەناسێت. قاسملوو باش ناسرابوو و حامید شانازی بەوە دەکرد کە بڵێت دەیناسێت و لەو ڕێبەرە مەزنەی کورد نزیک بووە.



لەگەڵ بنەماڵەی ماملێ لە پاریس ۱۹۸۲

**وەرگرتنی پاسپۆرت**

تەنیا لە دوو هەفتەدا، حامید پاسپۆرتی پەنابەری وەرگرت. بەم پاسپۆرتەوە دەیتوانی سەفەر بکات؛ و بە حەزی خۆی بێت و بچێت. بۆیە بڕیاری دا کە بمێنێتەوە و زمانی فەڕانسە بخوێنێت. عەزیز پێشوازی لەوە کرد کە ئەو هاوینە لە کاتی خوێندنەکەی لە ژووری براکەی لە زانکۆ بمێنێتەوە.

**سیاسەت و دنیای ڕاستەقینە پێک دەگەن: ئەندامانی کۆمەڵە چۆن لە جیهانی ڕاستەقینەدا دەژیان**

حامید لە پاریس یوسف ئەردەڵان و خۆسرەو داوەری بینی کە کۆمەڵەیی بوون و لەگەڵ ئەوان چالاکیی سیاسیی زۆر بوو. تا ئەو کاتە سەرقاڵی خوێندنی ساڵی دووهەمی لە زانکۆی تۆرینۆ بوو.
یادەوەرییەکی لە بیری بێت ئەوەیە کە جەواد کەشمیری، چالاکی سیاسیی کورد کە کۆمەڵەیی بوو، سەرەڕای ئەوەی حامید خوێندکار بوو، داوای یارمەتیی مادی لێکرد. ئەو کاتە وا بیر دەکرایەوە کە ئەو کەسانەی خۆیان بۆ سیاسەت تەرخان دەکەن دەبێت لە باری ئابوورییەوە کەسانی دیکە یارمەتییان بدەن. ئەو هەلومەرجە هەندێک وانەی سەرنجڕاکێشی تێدا بوون. «جەواد، کە هاوڕێیەکی کرماشانی بوو لەگەڵ ئێمە لە ئیتالیا دەیخوێند. ئەو بووە سیاسەتوانێکی شارەزا و چیتر نە دەرسی خوێند و نە کاری دەکرد.

ئەو زۆر بە باشی دەیتوانی لە ‹ماڵی ئێرانیان› لە تۆرینۆ شوێنێک کە ئێرانییەکان دەهاتن بۆ باسکردنی سیاسەتی حیزبەکانیان، بیرۆکەکانی خۆی لە وتارە سیاسییەکانیدا دەربڕێت. ئەو هەموو کاتی خۆی بۆ سیاسەت و کارکردن لەگەڵ کۆمەڵە تەرخان کردبوو.»

«ویستم هەروەک چۆن یارمەتی خۆم دراوە، منیش بە هەمان شێوە یارمەتیی کەشمیری بدەم ئیشێک پەیدا بکات. دوای دوو هەفتە، کارێکی هاوینەم لە سویس بۆ دۆزییەوە، بەڵام تەنیا دوای یەک ڕۆژ کارکردن بڕیاری دا بگەڕێتەوە ئیتالیا. من نەمدەتوانی کارەکەم بەجێ بهێڵم چونکە دەبوو کار بکەم بۆ ئەوەی خوێندنەکەم درێژە بدەم و زۆر لەسەر کارەکەم پێداگر بووم. بەڵام ئەو چاوەڕێ بوو ئێمە خەرجی ژیانی بۆ دابین بکەین. لەم ئەزموونەوە، بۆم دەرکەوت کە هەندێک جار چەپبوون هیچ فڕی بە سەر جیهانی ڕاستەقینە و ئەو کێشانەوە نییە کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا سەرهەڵدەدەن.»

ئەم شتە حامیدی لە ئایدیالیزم بێهیوا کرد. «ئەوە بۆ من هاودژی بوو. ئەگەر ئەوان ناتوانن ژیانی خۆیان بەڕێوە ببەن چون دەتوانن ژیانی کەسانی دیکە بەڕێوە ببەن؟ تۆ دەبێت سەرەتا بتوانیت خۆت و ژیانی خۆت بەڕێوە ببەیت، تاوەکوو بتوانیت یارمەتیی کەسانی دیکە بدەیت.» ئەو دواتر دەزانێت کە ئەم پیاوە بووە هۆی دروستکردنی کێشە بۆ کۆمەڵە و وەک خاوێنکەرەوە لە زانکۆیەکدا لە سوید ئیشی دەکرد.

## پێگەیشتنی سیاسیی حامید

حامید بڕیاری دا کە باشترە ئەندامی هیچ حیزبێک نەبێت. لە کۆبوونەوەکاندا، ئەو دەیزانی کە زۆر قسە و باس دەکرێن کە ئەو پێی دەگوتن «هەڵیت پڵیت!» ئەو نەیدەویست لەلایەن هیچ حیزبێکەوە بە کار بهێنرێت. «هیچ حەزم لەوە نەدەکرد کە کۆمۆنیست بم. لەو کاتەدا هەستم بە هیچ دابەشکارییەکی چینایەتی نەدەکرد... هەرچەند هەندێک کەس پێیان وابوو کە دەبێت حیزبی کۆمۆنیستی سۆسیالیستی بهێنن بۆ کوردستان.»

ئەحمەدیش پێی دەگوت کە چۆن کادری کۆمەڵە لە بانە لە کوردستان هاتوون بۆ نووسینگەکەی و هەموو کەلوپەلەکانیان لێ ستاندووە. ئەوان بە کەسێکی سەرمایەدار تۆمەتباریان دەکرد چونکە چوارسەد کەس کاریان بۆ دەکرد. دیموکراتییەکان، حدکا، کەلوپەلەکانیان بۆ ئەحمەد گەڕاندەوە.

بەپێچەوانەوە یوسف ئەردەڵان یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، سیاسییەکی واقعبین بوو. ئەو لە نێوان هاوڕێکانی حامید لە ئیتالیا زۆری ڕێز لێ دەگیرا. حامید لە بیریەتی «ئەردەڵان لە پاریس دەژیا و منی زۆر خۆش دەویست. ئەو پێی دەوتم» ‹تۆ چاک کار بکە، تۆ کەسێکی بە نەزمی.› جارێک سەد خوێندکارم لە تۆرینۆ و دواتریش لە ڕۆم کۆ کردنەوە کە گوێ بۆ قسەکانی بگرن، و بۆ کۆبوونەوکان بانگهێشتم دەکرد؛ چونکە کەسێک بوو کە بە ڕاستی بڕوای بە بیرۆکەکانی خۆی بوو.»

حامید دەیزانی کە دەیهەوێت ببێت بە کەسێکی زانا و جێبەجێکاری توێژینەوەی کردەیی و لە ڕێگەی زانستەوە نەک سیاسەت یارمەتیی وڵاتەکەی بدات. دیسانەوە وەزیری پێی گوت ئەو لەوێیە تاوەکوو بخوێنێت. زۆر کەسی سیاسی لێ بوون بەڵام ئەو شتەی کوردەکان پێویستیان پێی بوو، زانست بوو، کەسانێک وەک حامید کە بخوێنن.

## ٥.دڵ دان، بەرفراوانبوونی مێشک: ١٩٨٢-١٩٨٧

**دروستکردنی داهاتوو**

ئەو چوار ساڵەی حامید لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی تۆرینۆ بوو، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دروستکردنی ژیان و پیشەی داهاتووی هەم لە باری کۆمەڵایەتی و هەم لە باری کلتوورییەوە دانا. ئەودەم لە ئیتالیا حامید لە زۆر بوارانداکاری کرد و ڕوانگەی بەرامبەر جیهان گەورەتر کرد. لە هەموو ڕووەکانەوە شت فێر بوو. بەر لە هەر شتێک، لە باری کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ خەڵکانێک سەر بە کلتوورە جیاوازەکان پەیوەندی هەبوو. هەروەها، چەند ساڵ لە چوارچێوە و نەزمی ژیانی خوێندکاریدا بوو. ئەو ڕاهێنان و کاتێکەرییانە بوونە هۆی دروستکردنی مرۆڤ و نژیاروانێک کە دەبوو ببێت.

«ئەو هاوڕێیەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە لە ئیتالیا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەرم دانا. لەگەڵ زۆر هاوڕێی ئیتالیایی و تەنانەت لەگەڵ زۆر کەسی کوردیش تێکەڵ بووم. زۆر کەسی ئیتالیاییم ناسین، زۆر زیاتر لە خەڵکانی هەر شوێنێکی تری دنیا. ئیتالییەکان بە ڕاستی گەرم و گوڕ و کۆمەڵایەتین. تا ئێستا خەڵکی وا ڕوو خۆشم نەبینیون. ئەوان دڵی خۆیانت بۆ دەکەنەوە. ئەڵبەت کە بە ئەدەبن و کاتێک دەتناسن هەموو کارێکت بۆ دەکەن. لەگەڵ هەموو ئەو کلتوورانەی کە پەیوەندیم بووە، ئەوەم وەک تایبەتمەندیی ئیتالییەکان هاتۆتە بەرچاو، تەنانەت زۆر زیاتریش لەو کوردانەی کە من ناسیومن ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە.

«تایبەتمەندییە کلتورییەکانی ئیتالییەکان تا ئەو ڕادەیە کاریگەرییان لەسەرم بوو کە ژیانیان گۆڕیم. هاوڕێیەتی و ڕاستگۆییان، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر دانام. بۆ من، هیچ هاوڕێیەتییەک بەهێزتر لەوە نەبووە کە لە ئیتالیا دروستم کردووە. بۆ هەر جێیەکی ئیتالیا چووبێتم، ڕاستگۆیی و هاوڕێیەتیی ڕاستەقینەم لەو کەسانەدا بینیوە کە ناسیومن. لە پالێرمۆ، زۆر پەیوەندیی بەهێزم بنیات نان کە تا ئێستاش درێژەیان هەیە. هاوڕێیانم لەوێ دەیانویست لە هەر شتێک ئەگەر کەمیشیان ببوایە، پێم ببەخشن.

«ئەوە لە تۆرینۆش درێژەی هەبوو، بۆ وێنە لەگەڵ هاوپۆلییەکەم پائۆلا تا ئێستاش پەیوەندییەکی بەهێزمان هەیە. لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بێژمارانەی لەو ساڵانەدا بوومن، زۆر شت فێر بووم: چۆن لەگەڵ خەڵک هەڵسوکەوت بکەم، چۆن مێهرەبان بم، چۆن بەئەدەب بم و ڕێز لە خەڵک بگرم. زۆربەی ئەو شتانەی لەو بوارانەوە فێری بووم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی خوێندکاریم لە ئیتالیا.

«ئەو شتە کۆمەڵایەتییانەی لە کوردستان فێریان ببووم تەواو جیاواز بوو. ڕووی دەرەوەی ئەو دوو کلتوورە هەچەند هەندێک هاوبەشییان بوو وەک وەفاداری بە بنەماڵە و هاوڕێیان، بەڵام لە زۆر ڕوانگەوە وەک بەخشندەیی لە دەربڕینی هەستەکان، وردەکاریی کۆمەڵایەتی و هەندێک ڕۆحیاتی تایبەتی ئەورووپاییەکان جیاوازی بوو.» حامید لە درێژەی سەفەرەکەی بە جیهاندا، بۆی دەردەکەوێت کە ئەو کەسەی دواتر لێی دروست دەبێت، بەرهەمی ئەزموونکردنی ژیان لە هەر دوو جیهانەکەدایە. کوردێک کە بە ژیانێکی ئەورووپاییدا تێپەڕیوە و ئێستا بۆتە گەڕیدەیەکی جیهانی، کوردێک کە چەندین توێژی کلتوورەکانی دیکەی بەسەردا کێشراون.

«یەکەم جار کە براکەم هات، ئەویش زۆر لە دڵکراوەیی خەڵکی ئیتالیا سەری سووڕ مابوو. ئەو چەندین جار پێی وتم کە قەت شتی وای نەبینیوە و ئەوە بۆی سەرنجڕاکێش بوو. ئەحمەد پێی وتم ئەو شتەی من لەسەر ئیتالیا بۆم باس کردبوو زۆر کاریگەری لەسەری بووە.»



ئالان و براکەی ئەحمەد، ماما و فرانکا لە شاری پێروجا

«من لەوێ زۆر کراوەتر و دڵخۆشتر بووم. لە ئیتالیا هەموو شت لە دەوری دڵخۆشی دەسووڕێتەوە و ئەوە شتێکی نوێ بوو بۆ من. خواردن بەشێک لەو دڵخۆشییە بوو: قاوە، خواردنەوەکان، کۆبوونەوە لە دەوری مێزی خواردن. خواردنی ئیتالیا زۆر سادە و بە تامە. ئەوان زۆر بایەخ بە جلوبەرگ، دیزاین و ڕواڵەتیان دەدەن. بە هۆی هاوڕێ ئیتالییەکانمەوە، من تاکە کەس بووم لە زانکۆ کە بەردەوام کراواتم (بۆینباخ) دەبەست. حەزم دەکرد جلی باش لەبەر بکەم و فرانکا بە بەخشینی جلوبەرگە جوانەکانی ئێلیزە یارمەتی دەدام. بە بۆنەی بەخشندەیی هاوڕێکانم و ئەندامانی بنەماڵە ئیتالییەکە، وشیاریم لەو ساڵانەدا لە زۆر ڕووەوە گەشەی سەند.»

## کرانەوەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ نەزم و دیسپلین یەک دەگرن

ژیانی زانکۆ بۆ حامید تەنیا کرانەوەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆی نەهێنا، بەڵکوو نەزمێک و ڕێکوپێکییەکی زیاتری لە ژیانیدا چاند. بۆ ئەوەی کە بەردەوام لە خوێندندا باشترین بێت حامید فێری چڕبوونەوە و تەرکیزکردن لەسەر کارەکەی بوو. ئەو هەروەها لە هەموو ئەوانەی پەیوەندیی لەگەڵیان بوو و دەیناسین فێر دەبوو.

«هەروەک خوێندکاری ئیتالیایی و وڵاتانی ئەورووپایی دیکە لە تۆرینۆ بوون، زۆر خوێندکاری کوردیشی لێ بوون بەڵام هەندێکیان لە ڕاستیدا سەرکەوتوو نەبوون. زۆربەی ئی کوردستانی عێراق بوون. تەنیا دوو یان سێ لەسەدیان خوێندکاری باش بوون و باش هەوڵیان دەدا. ئەوانی تر لە بنەماڵەی دەوڵەمەندەوە دەهاتن و خوێندنەکەیان بە جیدی نەدەگرت.

«هەرچەند، هەموویان لە هاوڕێ باشەکانم بوون. ئێمە کۆمەڵێکی زۆر نزیک لە یەکتری بووین؛ کە پشتیوانیمان لە یەکتر دەکرد و بەردەوام پێکەوە نانمان دەخوارد. لە کۆتایی هەفتەکاندا، دەچووین بۆ یاریی تۆپی پێ، چونکە لە نزیک یاریگەی یانەی تۆپی پێی تۆرینۆ دەژیاین. زۆربەی کات لە بیست خولەکی کۆتایی یارییەکەدا، دەرگاکان دەکرانەوە و ئەو لایەنگرە لاوانەی لە دەرەوە چاوەڕێ بوون دەیانتوانی بەبێ پارە خولەکەکانی کۆتایی یارییەکە ببینن. هاوڕێ کوردەکانم و من هەمیشە لەوێ بووین.»

سوار ترام بوون و چوون بۆ یاریی تۆپی پێ، بە کات بەسەربردن لە ڕێستۆرانی زانکۆ و مانەوە لە زانکۆ بۆ چەند کاتژمێر لە ڕۆژدا، کات بە خێرایی بۆ خوێندکارە لاوەکان تێدەپەڕی. ئەوان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، فێری نژیاروانی دەبوون.

## چڕبوونەوەی زیاتر لەسەر نژیاروانی

حامید سەرەڕای ئەوەی کە لەسەر بوارەکەی تەواو چڕ ببۆوە، هێشتا تەواو بۆی ڕوون نەبوو کە چ بوارێک وەک کاری ژیانی هەڵدەبژێرێت. تەنیا شتێک کە دەیویست ئەوە بوو زانکۆکەی تەواو بکات. بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، زیاتر بۆی دەرکەوت کە بەرەو نژیاروانی هاتووە.

ئەو بوارە زیاتر سەرنجی ڕاکێشا و ئاوێتەی بوو و بەردەوام بیرۆکەی نوێی بۆ دەهاتن. لە پۆلەکاندا، لەسەر پرۆژەی ناسراو وەک وێستگەی ڕێگەی ئاسنی تێرمینی لە ڕۆم و ئەندازیاریی پێکهاتەکان دەیخوێند. بینایەکی دیکە کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەری هەبوو سەنتەری جۆرجیۆس پۆمپیدۆی پاریس[٤٠] بوو کە لە لایەن ڕێنزۆ پیانۆ[٤١]وە دیزاین کرابوو.

دوای تێپەڕبوونی چەند مانگ، حامید زیاتر بۆی ڕوون بووەوە کە کام بواری نژیاروانی زیاتر سەرنجی ڕادەکێشێت. قوتابخانەی نژیاروانی کۆلێژێکی زۆر داهێنەرانە بوو لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی تۆرینۆ و ئەوە زیاتر پاڵنەر بوو بۆ حامید. شارەوانی تۆرینۆ کاستێلۆ دێل ڤالێنتینۆ، یەکێک لە جوانترین بینا مێژووییەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدە، بەخشی بە کولێجی نژیاروانیی زانکۆی پۆلیتەکنیک. شوێنەکە لەسەر گوێی ڕووباری باڵکێشی پۆ[٤٢] هەڵکەوتبوو و ڕۆخی ڕووبارەکە بە داربی داپۆشرابوو، قەڵاکە شێوەی ناڵی ئەسپی بوو، چوار بورجی لە هەر گۆشەیەکدا بوو و حەوشەیەکی گەورەی لە ناوەوە هەبوو کە مەڕمەڕکاری کرابوو. شوێنەکە دەکەوتە پارکی ڤالێنتینۆ کە داری چنار، چەند حەوز و فوارە، پەیکەری سەرنجڕاکێش و ئاژەڵی سمۆرەی تێدا بوو.

حامید بە ستایشەوە، چوار بورجە بازنەییەکە و ڕێڕەوە مەڕمەڕییەکانی پشکنین. مێژوویەکی مەزن لە پشت ئەم دیوارانە بوو و هێمای بنەماڵەی ساڤۆوی[٤٣] دەدرەوشایەوە. لە ساڵی ١٨٥٩ دامەزرابوو، پۆلیتەکنیک یەکێک لە کۆنترین زانکۆ تەکنیکییەکانی ئیتالیا بوو و دامەزراوەیەکی پێشەنگ بوو لە ئەندازیاری، نژیاروانی و دیزاینی پیشەسازیدا.



قوتابخانەی نژیاروانی، کاستێلۆ دێل ڤالێنتینۆ

٤٠- Centre Georges Pompidou

٤١- Renzo Piano

٤٢- Po

٤٣- House of Savoy

زانکۆکە ژینگەیەکی نێونەتەوەیی بێوێنە و جیاوازی پێکهێنابوو و خوێندکارە بیانییەکانی ڕادەکێشا و پشتیوانی لە چالاکیی خوێندکاران و مامۆستایان دەکرد و تۆڕێکی جیهانیی توێژینەوەی بە زمانی ئینگلیزی پشتیوانی دەکرد. ئەم هەڵسوکەوتە پێشکەوتنخوازانە زۆر خوێندکاری بیانی بەرەو خۆی ڕاکێشان و توێژینەوەیەکی مەزن لەوێ دەکرا.

ژیان لە کولێج پڕ بوو لە جووڵە. خوێندکارانی سەرانسەری جیهان دەچوونە کافەتریا بۆ ئەوەی قاوەیەک یان خواردنەوەیەک بخۆنەوە و باس لەو شتانە بکەن کە فێری دەبوون. هەندێک جار لەگەڵ پرۆفیسۆرەکانیان دادەنیشتن تاوەکوو باسێکی گەرموگوڕ بکەن. پرۆفیسۆرێک بە تایبەت، فرانکۆ دی. ڤالان[٤٤] بووە هاوڕێی. دواتر لە جونی ١٩٨٣دا، لەژێر سەرپەرشتیاری و چاودێریی ڤالاندا، حامید باسی تێزەکەی دەستنیشان کرد و ماستەری نژیاروانی دەست پێکرد کە لەسەر دیزاینی نەخۆشخانەیەکی گشتی بوو بۆ شاری تۆرینۆ. لە زانکۆ، خوێندکارێک بە ناوی پائۆلا ماسکێرینی، کەسێکی بلیمەت بوو و لەگەڵ زۆربەی ئەو کوردانەی لەوێ دەیانخوێند هاوڕێ بوو. ئەو زۆربەی کات حامیدی بانگهێشت دەکرد کە لە شارێکی سەدەکانی ناوین بە ناوی نۆڤی لیگور[٤٥] لە ڕۆژهەڵاتی تورین سەردانی بنەماڵەکەی بکات. باوکی کەسێکی زۆر بەڕێز بوو لەو شارە و دەیزانی کە حامید کوردە، زۆری ڕێز لێ دەگرت.

دۆستەکەی، ڕێنزۆ[٤٦]، زەویناس بوو. ئەوان پێکەوە کەژوانییەکی زۆریان لە کێوەکانی ئالپ کرد و حامیدیشیان لەگەڵ خۆیان دەبرد. پائۆلا بووە یەکێک لە نزیکترین هاوڕێکانی و هاوڕێیەکی هاندەری بوو و زۆری لێ فێر دەبوو.



لەگەڵ براکەی، ئەحمەد، لە ڕۆم

٤٤- Franco D. Vallan

٤٥- Novi Ligure

٤٦- Renzo

## هاندران لە ڕێگەی دیزاینەوە

حامید بە ئازادییەکی تەواو لە جیهانی بەربڵاوی دیزاینی نژیاروانیدا درێژەی بە گەڕانەکەی دا: «بیرۆکەی بنەڕەتی سەبارەت بە نژیاروانی بوو. ئەوە زۆر بۆ من هاندەر بوو و زۆر بیرۆکەم هەبوون. بۆ وێنە، کاتێک سەبارەت بە بینا بەناوبانگەکان وانەیان پێدەوتین، دەمویست قووڵتر ببمەوە تاوەکوو بزانم چۆن دروست کراون، چۆن دیزاین کراون و هتد. زۆر حەزم بە نژیاروانیی مۆدێرن دەکرد. ئەوە دواتر لەسەر کارەکەم کاریگەری دانا چونکە زۆر پێکهاتەمەند بوو و من حەزم بەو لایەنەی دەکرد.

«یەکەم ساڵ سەبارەت بە لی کۆربۆزییر[٤٧] باوکی مێعماریی مۆدێرن فێر بووم. پێنج بنەمای سەرەکیی دیزاینەکانی بریتی بوون لە سەربانی باخچەکان یان «باخچە سەوزەکان»؛ نمایەکی ئازاد لە سنووردارییە پێکهاتییەکان و پلانێکی ئازاد لە چوارچێوە سەپاوەکانی ڕاگرتنی قورسایی دیوارەکان، هەبوونی کۆمەڵێک ستوون، ئازادی لە هەر شتێک. ئەوە شتێکی نوێ و سەرنجڕاکێش بوو بۆ من.» حامید لە کارەکانی نژیاروانێکی دیکە، ماریۆ بۆتا[٤٨]، فێر بوو، کە ئەویش لە ژێر کاریگەریی لی کۆربۆزییێردا بووە. حامید سەردانی هەموو بیناکانی ماریۆ بۆتای کرد و بۆ یەکەم جار لە نووسینگەکەی لە تیسینۆ[٤٩] ساڵی ١٩٨٣ بینی. حامید بۆ بەشێک لە توێژینەوەی تێزەکەی، سەفەری کرد تا چەندین شاران ببینێت کە بۆتا دیزاینی کردبوون. چەند ساڵ دواتر، ئەو زیاتر بۆتای لە قوتابخانەی نژیاروانی لە ستۆکهۆڵم بینی و بە دیزاینێرەکەی وت کە چەندە لە ژێر کاریگەریی کارەکانی و چۆنیەتیی بیرکردنەوەیدا بووە.



لەگەڵ ئەحمەدی برای لە زوریخ

٤٧- Le Corbusier

٤٨- Mario Botta

٤٩- Ticino

## کاتێکی چارەنووسساز

هەموو شت بۆ هاوینی ساڵەکانی ١٩٨٢ و ١٩٨٣ ئامادە کرابوو. «کاتێکی چارەنووسساز بوو بۆ من، چونکە دەبوو بۆ ساڵی داهاتوو واتە ١٩٨٤ ئامادە بم، کە براکەم بۆ یەکەم جار بۆ سەردان دەهات بۆ لام، بە خۆمم گوت، ‹بەر لەوەی بێت، دەبێت تا ئەو شوێنەی دەکرێت هەموو تاقیکردنەوەکانم تەواو بکەم.›»

حامید قەت کەسێک نەبوو لە سەختی خۆی بدزێتەوە، و زیاتر لە نۆ تاقیکردنەوەی لە هاوینی ١٩٨٣دا بە سەرکەوتوویی تێپەڕ کردن، کە تۆمارێکی نوێ بوو لە زانکۆدا. کەس باوەڕی نەدەکرد، کە ئەم خوێندکارە هەرچەندیش جیدی بێت توانیبێتی ئەو ئەنجامە کاریگەرە بە دەست بهێنێت. جگە لەمە، حامید نەتەوە یەکگرتووەکانی لە سەرکەوتنەکانی ئاگادار کردەوە، و ئەوانیش لە نامەیەکدا پیرۆزبایی سەرکەوتنە نموونەییەکەیان لێکرد. تا ئەو کات، مانگانە ٣٥٠ دۆلاری وەک یارمەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەردەگرت، کە یارمەتییەکی باش بوو بۆ ئەو کات.

لە هاوینی ١٩٨٤دا، حامید بۆ دوو مانگ چوو بۆ زوریخ بۆ ئەوەی لە دامەزراوەیەکی نژیاروانی وەک خوێندکار ئیش بکات. کاتێک ئەم کارەی دەکرد، نامەی بۆ چەندین کۆمپانیای ئەورووپایی نارد و تا ڕادەیەک بە سادەیی توانی لە دیزاینی چەند ماڵ و ناوندێکی بچوکی فرۆشتندا یارمەتیدەر بێت. ئەم دامەزراوەیە لەگەڵ ناوەندەکانی تەندروستیش کاری دەکرد کە وەک بەراییەک بوو بۆ پیشە و کاری داهاتووی.

هاوکارەکانی زۆر جاران دەیانگوت کە پێیان وا بووە حامید ئیتالیاییە، چون بە تەواوەتی شوێنکەوتووی ئەو کولتوورە بوو کە خۆشی دەویست. یەکێک لە نزیکترین هاوڕێکانی، پیەترۆ ئنڤێرنیتسی، کە ئابووریناسە، زۆر جاران حامیدی بانگهێشت دەکرد بۆ ماڵەکەی و لەگەڵ بنەماڵەی کاتی بەسەر دەبرد. ئەوە کاتێکی باش بوو بۆ ئەو. «ئەوە یەکێک لە باشترین سەردەمانی ژیانم بوو. پارەم هەبوو، ئازاد بووم و هیچ کێشەیەکم نەبوو. زۆر ئازادیبەخش بوو بۆ من.»

## ئەحمەد سەردانی ئیتالیا دەکات

ئەحمەد کە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە مەهابادەوە تا تۆرینۆ یارمەتیی حامیدی دابوو. زۆر شانازی بە دەستکەوتە بێوێنەکانی براکەی دەکرد. ئەو لە زستانی ١٩٨٤دا سەردانی حامیدی کرد.

سەردانی براکەی بۆ تۆرینۆ یەکێک لە خۆشترین کاتەکانی خوێندکاری بوو بۆ حامید. «بۆ یەکەم جار بوو دوای چەندین ساڵ دەمبینی. لەگەڵ گەیشتنی، پێشنیارێکی چاوەڕواننەکراویشی هەبوو. ئەو و بنەماڵەکەم کچێکی جوانیان بۆ هەڵدابووم. یەکێک لە خزمەکانمان وتبووی لێم بپرسێت کە ئایا ژیانی هاوبەش پێکدەهێنم.» ئەو بیرۆکە ئی هاوژینی ئەحمەد بوو، و براکەی پێی وا بوو کە ئەو بابەتە بۆ حامید گرینگ دەبێت و ئەو پەیامنێری بنەماڵەکەی بوو. حامید وتی کە ناتوانێت بیر لەوە بکاتەوە: ئەو نازانێت کە داهاتووی چییە، چونکە ئیش و کارەکەی لە شوێنێکی تر بوو.

حامید ئەوەندە لەسەر خوێندن و وەرگرتنی پەنابەری تەرکیزی کردبوو و نیگەرانی داهاتووی بوو کە کاتی نەبوو بچێتە پەیوەندییەکی ڕۆمانتیکییەوە. هەرچەند جاروبار لەگەڵ خانمێک دەچووە ژوان، سەرەنجام کۆتایی بە پەیوەندییەکە هێنا چونکە بە هۆی سەرقاڵی بە کاری ئەکادمیک و چالاکیی سیاسییەوە

نەیدەتوانی ژیانی هاوبەش پێکبهێنێت. هەستی دەکرد نە دەتوانێت بەرپرسیارەتیی هاوژینی داهاتووی لەو کاتەدا بگرێتە ئەستۆ و نە ئەو کارەش عادڵانەیە. زۆربەی هاوڕێکانی حامید دەزگیراندار بوون یان ژیانی هاوبەشیان پێکهێنابوو و زۆر کۆمەڵایەتی بوون و دەچوونە سەماکردن. بەڵام ئەم هاوڕێیانە دەیانزانی حامید کەسێکی زۆر جدییە و ڕێز بۆ خۆی دادەنێت. قەت لە سەرانسەری ماوەی خوێندنیدا لە تۆرینۆ لەگەڵ کەس نەچوو بۆ سەماکردن.

کاتێک ئەحمەد گەیشت، دەستخۆشی لە براکەی کرد بۆ ئەوەی کە بەو شێوەیە خۆی بۆ خوێندنەکەی تەرخان کردووە. «براکەم زۆر دڵخۆش بوو بە من. بەر لە هەر شتێک نەیدەتوانی بڕوا بکات کە بەو خێراییە تاقیکردنەوەکانم تەواو کردوون و ئەمەوێ تێزی ماستەرەکەم تەواو بکەم.» ئەحمەد پرسی «چۆن شتی وا دەبێت؟» ئەو یەکجار خۆشحاڵ بوو بەوەی کە برا بچووکەکەی ئەوەندە هەوڵ دەدات و تێدەکۆشێت.

لە ماوەی سەردانەکەیدا، سەرەتا چوون بۆ پێروجا، میلان و شارەکانی دیکەی ئیتالیا، و پاشان چوون بۆ سویس. لە پێروجا، پاپا و ماما بە بینینی براکەی حامید زۆر دڵخۆش بوون. وتیان بە ئاواتەوە بوون کە ببینن. لە هەموو ڕوانگەیەکەوە سەردانێکی باش بوو. «کاتێکی زۆر خۆش بوو لەگەڵ براکەم. چونکە من هەموو تاقیکردنەوکانم تەواو کردبوون و کاتم ئازاد بوو. پێی وتم هەر کارێکت کردووە باشە، چونکە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەسەر خوێندنەکەت چڕ بوویتەوە. و من ئەو کارەم کردبوو، هەر بۆیە زۆر شانازی پێوە دەکردم.»

ئەحمەد نزیکەی چوار مانگ لە ئاپارتمانە بچووکەکەی براکەی مایەوە. هەر دابڕانێک کە پێشتر لە نێوانیاندا بوو، بەو سەفەرە سارێژ بوو. حامید توانیبووی هەندێک پارە پاشەکەوت کات و بڕێک لەو پارەیە بداتەوە بە ئەحمەد کە پێشتر بە دڵاواییەوە پێی دابوو تاکوو درێژە بە خوێندنەکەی بدات.

## بەڵام ئەحمەد نەیدتوانی بگەڕێتەوە ماڵەوە، چونکە کاتی شەڕی ئێران و عێراق بوو و فڕۆکەی دەست نەدەکەوت.

بەڵام ئەحمەد نەیدتوانی بگەڕێتەوە ماڵەوە، چونکە کاتی شەڕی ئێران و عێراق بوو و فڕۆکەی دەست نەدەکەوت. سەرەنجام توانییان فڕۆکەیەکی ئیماراتی بدۆزنەوە کە لە زوریخەوە دەڕۆیشت. فڕۆکەکە دەچوو بۆ دوبەی و لەوێوە دەچوو بۆ شیراز. ئەو گەڕانەوەیە بۆیان زۆر زۆر سەخت بوو. بە هۆی شەڕەوە گەڕانەوەکە نزیکەی هەفتەیەکی خایاند.

## تێزی ماستەر، ١٩٨٥

دوای سەردانەکەی ئەحمەد لە ساڵی ١٩٨٤ وەرچەرخانێکی دیکە لە ژیانی حامید ڕووی دا، و دەستی کرد بە ئەنجامدانی تێزی ماستەرەکەی کە هەوڵێکی زۆری دەویست. ئەو توێژینەوەکانی خۆی لە شەش ساڵدا تەواو کرد. ئەوەش ڕیکۆردێکی دیکە بوو لە ژیانی کوڕە کوردە گەنجەکەدا و کەسی تر لەو ماوەیەدا تێزەکەی تەواو نەکردبوو.

بەڵام بۆ حامید بەو بارە ئابوورییەوە، بەرەپێشچوونی خێرا پێویستییەکی ئاشکرا بوو. تەواوکردنی خێرای زانکۆ واتای ئەوە بوو کە هەرچی زووتر دەچێتە بازاڕی کاری نژیاروانی و بیرۆکەکانی کە تازە خەریک بوو لە خەیاڵیدا دروست دەبوون دەکردنە ڕاستی. بابەتی تێزی ماستەرەکەی بۆ چەندین دەیەی دواتر سەرنجی حامیدی بەرەو خۆی ڕاکێشا.

حامید دەڵێت «دیزاینی نەخۆشخانە بابەتێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو. زۆر کاری دیکەم کردبوو بەڵام قەت لەسەر نەخۆشخانە کارم نەکردبوو. هەندێک لە خوێندکاران و هاوڕێکانم بە گەوجیان دەزانیم کە لەسەر نەخۆشخانە و ئەو بوارە تێزەکەم هەڵگرتووە. بەڵام کاتی پێشکەشکردنی تێزەکانیان و کاتێک تەواو بوون، وردتر سەیری بابەتی تێزەکانیانم کرد. بابەتەکانیان بە قەد ئەوەی من سەرنجڕاکێش نەبوون.

«لەو کاتەدا، بیرم دەکردەوە کە لە داهاتوودا دەتوانم هەموو شتێک دیزاین بکەم -ماڵ، ناوەندی فرۆشتن، مەلەوانگە، بەڵام بۆ نەخۆشخانە ناتوانم. پلاندانانی شاری بابەتێک بوو کە لە تۆرینۆ کارم لەسەر کردبوو. ئەوە شتێکی باش بوو و لەسەر پڕۆژەیەکی نژیاروانی بۆ نۆرینگەیەکی بچووکی نەخۆشییە دەروونییەکانیش کارم کردبوو.

«ئێستا ئامادە بووم کە یارمەتیی خەڵک بدەم. ڕوانگەم زۆر زیاتر مرۆڤخوازانە ببوو. نەخۆشخانە سەرنجڕاکێشترین شوێنی کۆمەڵگا بوو چونکە خەڵک لەوێ چارەسەر دەکران. دەتتوانی لەگەڵ خەڵکی هەژاریش پەیوەندی بگری کە پێویستیان بە دەرمان و چارەسەرە. ئەوە بەرزترین ئاستی پەیوەندیی خەڵک و بیناکانە. زانیم کە بە ئەنجامدانی ئەو پڕۆژەیە لە زۆر ڕوانگەوە دەتوانم فێر ببم. ئەوە بۆ من زۆر دڵخۆشکەر بوو.»

حامید تەنیا چوار تاقیکردنەوەی زانکۆی مابوون، هەندێک بابەتی ئەو وانانە بەشێک بوون لە تێزی ماستەرەکەی. ئەو بڕیار بوو کە تێزی ماستەرکەی لەگەڵ خوێندکارێکی دیکە ئەنجام بدات، بەڵام ئەو کەسە ئەوەندە تامەزرۆ نەبوو کە لەسەر ئەو بابەتە کار بکات. لە کۆتاییدا بە تەنیا کارەکەی ئەنجام دا، هەستی دەکرد ئەوە باشترین بژاردەیە.

## کارکردن لە شارەوانی

شارەوانی تۆرینۆ قوتابیانی بانگهێشت دەکرد بۆ ئەوەی لە دیزاینی ژمارەیەک پڕۆژەدا کار بکەن کە یەکێک لەو پڕۆژانە نەخۆشخانەیەک بوو. لە دەرەوەی شار زەوییەکیان بۆ نەخۆشخانەکە دابین کرد کە شوێنێکی زۆر گونجاو بوو. حامید کارمەندەکانی بینی و پێی وتن کە ئەو دیزاینی ئەو نەخۆشخانەی هەڵبژاردووە و وێڕای ئاڵۆزبوونەکەی حەز دەکات ئیشی لەسەر بکات. بە هۆی ئەوەی کە بەرنامەی تاقیکردنەوەکانی دوا

خستبوو بۆ دواتر، یەک ساڵی بۆ کاری تیۆری و توێژینەوە لە بەردەمدا بوو، هەروەها لایکەمی دوو ساڵ تا سێ ساڵی دیکەی کات بۆ پلاندانان و دیزاینی پڕۆژەکە هەبوو.
حامید تەواوی ساڵی ١٩٨٥ لەسەر ئەم پڕۆژەی نەخۆشخانەیە کاری کرد. تەنیا لە کریسمەسدا سەردانی پێروجای کرد. جگە لەوە، بەبێ پسانەوە لەسەر تێزەکەی کاری کرد، توێژینەوەی دەکرد و لەسەر دیزاینی پڕۆژەکە کاری دەکرد.

## سەرەتای توێژینەوە

حامید دەستی کرد بە خوێندنەوەیەکی زۆری کتێبەکان و بابەتە بڵاوکراوەکانی دیکە و بە شاردا دەگەڕا تا بۆ توێژینەوەکەی زانیاریی زیاتر لەسەر نەخۆشخانەکان کۆ بکاتەوە. لەگەڵ دکتۆرەکان قسەی کرد، و سەردانی گەورەترین نەخۆشخانەی تۆرینۆی کرد تاوەکوو بزانێت کە ئەو ناوەندە چۆن کار دەکات. پاشان بەشێنەیی دەستی کرد بە دیزاینی نەخۆشخانەیەکی پێنسەد قەرەوێڵەیی. دیزاینەکە لەخۆگری هەردووکی شوێنە گشتییەکان و کەرتە دەرمانییە تایبەتەکان وەک بەشی فریاکەوتن، بەشی لەدایکبوون، و ژوورەکانی نەشتەرگەری بوو. ئەم کارە سەرجەم ئەو شتانەی کە حامید تا ئەو کاتە لەسەر نژیاروانی خوێندبوونی لە خۆ دەگرت. بابەتێکی بەربڵاو بوو کە هەنگاوی بۆ هەڵگرتبوو.

> **پرسیاری گەورەتر ئەوە بوو کە کارەکەی من تەنیا پەرەدان و دروستکردنی نەخۆشخانەیەک نەبوو بەڵکوو توێژینەوە بوو لەسەر دەرەنجامی زیاتری دروستکردنی ئەو شوێنە لەسەر سەرجەم کۆمەڵگا و ئەو گۆڕانکارییانەی کە پێویست بوو لە نژیاروانیی شوێنەکانی تەندروستیدا بکرێن.**

ئەم پڕۆژەیە یارمەتیی توانایە ڕۆشنبیرییەکان و گەشەی تاکەکەسیی منی دا. لە نزیکەوە و بە قووڵی لەسەر ئەم پڕۆژەیە کارم کرد. بەردەوام دەبوو وەڵامی ئەم پرسیارانەم بدایەتەوە؛ «وەک کەسێکی نەخۆش، کاتێک دەچمە ناو ئەو بینایە چ هەستێکم دەبێت؟ ئەزموونی کەسەکان لەگەڵ شوێنەکە چۆن دەبێت؟ ئەم فەزایە چۆن کاریگەری لەسەر کەسەکان دادەنێت؟»
ئەم پرسیارانە تەواو کاریگەرییان لەسەر دانام، چۆنیەتیی هەڵسووڕانی خەڵک لەناو وەها بینایەکدا چۆن دەبێت. چۆن لەگەڵ یەکتر پەیوەندی دەگرن. ئەوە گرینگترین لایەنی پڕۆژەیەکی لەو شێوەیە بوو. وەک شارێک بوو لە ناو مینیاتۆرێکدا. لەو چرکەوە کە کەسەکان دەچنە ژوورەوە پێویستییان بە یارمەتی دەبێت. ئەم تایبەتمەندییە لە سیستمی نەخۆشخانەدا جیاواز نەبوو لەوەی کە دەگەیتە فرۆکەخانە و پێویستت بە گەیتێک دەبێت. بەڵام ئەوەی کە لە بیناکەدا چۆن لەگەڵ خەڵک هەڵسوکەوت دەکەی زۆر ئاستەم بوو، ئەوەی کە چۆن ناونیشانێکی ڕوون و دروست بدەی بە خەڵک کە شوێنەکان بدۆزنەوە. ئەو ناونیشانپێدانە بەشێکی گرینگ بوو.

«زۆر سەرنجڕاکێش بوو بۆ من کە لەسەر ئەو بیرۆکە دەروونناسییانە توێژینەوە بکەم. لەناو هەموو بیناکەدا، ئەوەم لەبەر چاو گرت، ‹چۆن خەڵک لەگەڵ ستوونەکان و شێوەکان مامەڵە دەکەن؟› بە تایبەت ئەوەم بۆ سەرنجڕاکێش بوو کە چۆن خەڵک لەگەڵ خودی بیناکە پەیوەندی دەگرن و ئەزموونیان چۆن دەبێت. خەڵکێک کە دەچنە ئەو شوێنانە زۆربەی کات ترسێک یان کێشەیەکیان هەیە. ئەوە بۆ من تەواو نوێ و سەرنجڕاکێش بوو. زۆر شت فێر بووم سەبارەت بەوەی کە چۆن خەڵک لەگەڵ وەها شوێنێک و باردودۆخێکدا مامەڵە دەکەن.

«بۆ وێنە، کاتێک خەڵک دەچنە ناو بەشی فریاکەوتن، هەستیان چۆن دەبێت و چۆن ئەندامانی ستافەکان بە باشترین شێوە بیانبینن؟ زۆر نزیک بوومەوە لەو کەسانەی کە کێشەیان زۆر بوو یان لە زۆر ڕووەوە لە هەلومەرجێکی زۆر خراپدا بوون. کاتێک ئەوان نەخۆش دەکەون، گرینگ نییە دەوڵەمەند یان هەژار بێت، پێویستیان بە یارمەتی و پشتیوانییە.

«یەکسەر پڕۆژەکە پەیوەندی بە خەڵکەوە هەبوو. چۆن نەخۆشخانەیەک بۆ ئەو خەڵکە دیزاین بکەم کە لە خەیاڵی مندا بوو؟ دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبەکانی دەروونناسی لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لەو شوێنانەدا. ئەمە یارمەتی دام کە لە خەڵک تێبگەم.

«ئەم پڕۆژەیە بوو بە کرۆکی کاری داهاتووی من. ئەوە یەکەم هەنگاو بوو بەو ئاراستە نوێیەدا- کارکردن لەگەڵ خەڵکی لە ڕێگەی دروستکردنی ژینگەوە بووە ئاراستەی داهاتووم و پیشەکەم. لە ئاکامدا، سی ساڵ دواتر، چەندین دەیەم بۆ ئەوە تەرخان کرد کە چۆن ئەو پرسیارە ئاستەم و واتادارانە وەڵام بدەمەوە و بە شوێن شێوازێکی دیزاینی یارمەتیدەرانەدا بۆ نەخۆشخانەکانی سەرانسەری جیهاندا بگەڕێم.»

پڕۆژەی تێزەی ماستەرەکەی لە زانکۆی تۆرینۆ، ئاراستەی پیشەی داهاتووی حامید مەحموودی دیاری کرد. ئەو بە ڕوونی بینی کە چۆن پێوەرەکان لە دیزاینی نژیاروانیدا دەچنە سەرووی دەیزاین لەبەر خودی دیزاین. تەنانەت ژینگەی نەخۆشخانەکان، ئەگەر بە وشیارییەوە دروست بکرێن چۆن دەتوانێت لەسەر ئەو کەسانەی دێن لەوێ چارەسەر وەربگرن، و هەروەها لەسەر ئەو کەسانەش کە لەوێ کار دەکەن و دەمێننەوە، بە تەواوەتی کاریگەری دابنێت. ئەگەر لە دیزاینی ئەو شوێنانەدا بە وشیارییەوە مامەڵەی بەکارهێنەرانی شوێنەکە و بیناکە لەبەر چاو بگیرێت، توانایی ئەوەیان هەیە کە یارمەتی سەرجەم کۆمەڵگا بدەن.

پرسیاری گەورەتر ئەوە بوو کە کارەکەی من تەنیا پەرەدان و دروستکردنی نەخۆشخانەیەک نەبوو بەڵکوو توێژینەوە بوو لەسەر دەرەنجامی زیاتری دروستکردنی ئەو شوێنە لەسەر سەرجەم کۆمەڵگا و ئەو گۆڕانکارییانەی کە پێویست بوو لە نژیاروانیی شوێنەکانی تەندروستیدا بکرێن.

ئەوە بوو بە پاڵنەر و ڕێنیشاندەری ئاراستەی لە داهاتوودا: ئەگەر دۆخی ژیانی ئەو کەسانە لەبەر چاو بگرین کە سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن، دەکرێت ئەو شوێنانە بە شێوازێکی تەواو جیاواز دیزاین بکرێن.

## پرسیارە گەورەترەکان

ئەو بنەمایە تەواو لەسەر حامید ڕەنگدانەوەی بوو. «پرسیاری گەورەتر ئەوە بوو کە کارەکەی من تەنیا پەرەدان و دروستکردنی نەخۆشخانەیەک نەبوو بەڵکوو توێژینەوە بوو لەسەر دەرەنجامی زیاتری دروستکردنی ئەو شوێنە لەسەر سەرجەم کۆمەڵگا و ئەو گۆڕانکارییانەی کە پێویست بوو لە نژیاروانیی شوێنەکانی تەندروستیدا بکرێن. لە دەستپێکی کارەکەوە ئەو شتەم لەبەر چاو بوو. بە کارکردن لەسەر نەخۆشخانەکان ڕێگە پێویستەکانی پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ شارەکان و کۆمەڵگام بۆ دەرکەوت. چەندین ڕووی ئاڵۆزی کۆمەڵناسی و ژینگەناسی لەم پڕۆژە نژیارواناییە ئاڵۆزانەدا بوونی هەیە. بۆ ئەم شوێنانە تەنیا ئامانج ئەوە نییە کە بینایەک دروست بکەیت جوان و پیشەیی بێتە بەرچاو. چونکە ئەم بینایانە لەسەر هەموو کۆمەڵگا کاریگەری دادەنێن و دەبێت زۆر شتی تر لەبەر چاو بگیرێت.

«زانیم ئەو شتەی کە بۆ تۆرینۆ کاری لەسەر دەکەم دەکرێت بۆ هەر جێیەکی دیکەش دیزاین بکرێت؛ کارکردنی شوێنەکان وەک یەکن و هەمان شێواز بە لەبەرچاوگرتنی هەندێک خاڵی بنەڕەتییەوە لە سەرانسەری جیهاندا کار دەکات. بەڵێ، تێزەکەی من بۆ نەخۆشخانەیەکی گشتی بوو. بەو حاڵەشەوە دەمزانی کە دەکرێت هەمان شت بۆ هەر شارێک لە جیهان و بە تایبەت بۆ گەلی خۆم لە کوردستان دیزاین بکەم کە زۆر پێویستیان بە شتێکی وەهایە.»

## دوکتۆر و ڕاوێژکارێک

«لە کاتی کارکردنەکەم زۆر دوکتۆرم بینین. یەکێکیان دوکتۆر نووری بوو کە دوکتۆرێکی کورد بوو. یەکەمجار ئەو کاتە بینیم کە چووم بۆ پێروجا. کاتی توێژینەوەکەم، زۆر جار دەمبینی و لەسەر پرسیارەکانی من باسمان دەکرد. زۆر یارمەتی دام و پێی دەوتم، ‹ئەمە زۆر پڕۆژەیەکی سەختە هەڵتگرتووە.› زۆر باسی لەگەڵ دەکردم و تەنانەت بردمی بۆ نەخۆشخانەکەی. نووری داوای لێکردم کە نەخۆشخانەکە بە شێوەیەک دیزاین بکەم کە هەم دکتۆرەکان و هەم نەخۆشەکان کاتێک دەچنە ناو ژینگەی نەخۆشخانەکە هەستێکی باشتریان هەبێت. ئەو یارمەتی دام کە لە زۆر بوارانددا بەرەو پێش بچم. ئەو ئێستا پسپۆڕی نەشتەرگەرییە لە تۆرینۆ.»

«سەرپەرەشتیاری ماستەرەکەم، پڕۆفیسۆر فرانکۆ دی. ڤالێن، زۆر یارمەتیدەر بوو. ئەو بە تامەزرۆییەوە لەسەر کوردبوونم پرسیاری دەکرد. ئێمە پێکەوە زۆر چاک کارمان دەکرد. ئەو کەسێکی زۆر بە ئەدەب و مێهرەبان بوو و هەموو هەفتەیەک لە بەرەوپێشچوونی کارەکەم ئاگادارم دەکردەوە. تەواو هەوڵی خۆم چڕ کردبۆوە. هاوڕێکەم پائۆلا، ئەویش زۆر یارمەتیدەرم بوو. ئەو دەیزانی کە پڕۆژەکەم قورسە و هیچ خوێندکارێک بەر لە من خۆی لە کاری وا نەداوە. خوێندکارەکان زیاتر بەرەو پڕۆژەی سادەتر دەچوون.

«تەختەیەکی وێنەکێشانەوەی دەستکردم لە ژوورەکەم دانابوو. هەموو هاوڕێکانم دەهاتن بۆ ئەوێ تا سەردانم بکەن چونکە هەمیشە خەریکی کارکردن بووم. سەرەتا، هیچ بۆردێک یان ڕووبەرێکی وێنەکێشانم نەبوو و چوومە لای دارتاشێک تا دانەیەکم بۆ دروست بکات. بیست سانتیمەتر بەرز بوو و ڕوویەکی لووسی جوانی بوو. دەمتوانی لەسەر هەر مێزێک وەک تەختەی وێنەکێشی داینێم. لە کاتی ئەنجامدانی تێزەکەم بۆ وێنەکێشی بە کارم دەهێنا و زۆر یارمەتی دام. مێزی تایبەتی دیزاین تا ڕادەیەک گرانن، بۆیە ئەمە ڕێگەچارەیەکی ئابووری و کردەیی بوو بۆ من. لە ئاپارتمانە بچووکەکەم دامدەنا. ئەوە یەکەم مێزی وێنەکێشیی من بوو.»



کاتی دیزاینی پرۆژەی تێزەکەی لە ئاپارتمانەکەی لە تۆرینۆ

## تەواوکردن

دوای نزیکەی دوو ساڵ، حامید لە جولای ١٩٨٥دا، تێزی ماستەرکەی ئامادە کرد بۆ ئەوەی پێشکەشی بکات. هیچ کام لە خوێندکارەکانی دیکە کارەکەیان تەواو نەکردبوو و هیچ کەسیش بڕوای نەدەکرد کە ئەویش تەواو بووبێت. ئەو ڕێگەچارەیەکی گونجاوی بۆ نەخۆشخانەی شارەکە دۆزیبووە و دەیتوانی داهێنانەکەی خۆی پێشکەش بکات. کۆمیتەی داوەری ڕازی بوون و گوێیان بۆ پێشکەشکردنی تێزەکەی حامید لەسەر نەخۆشخانەکە گرت.

ئەوان زۆر لە پرۆژەکەی و ڕێگەچارە پێشنیارکراوەکانی بۆ پێداویستییەکانی شارەکە ڕازی بوون. شارەوانی داوای لێکرد کە چۆن پێداویستییەکانیان لەگەڵ ئەم پرۆژەیە بگونجێنن. دواتر، ئەوان بەشێکی زۆر لە چەمکەکانی دیزاینیان لە دروستکردنی بیناکاندا بە کار هێنا. بیرۆکەی پێشنیارەکەیان وەرگرت، هەرچەند دیزاینی کۆتایی نەخۆشخانەکە کەمێک جیاوازی هەبوو، حامید بەرزترین نومرەی لە ماستەرەکەی وەرگرت. ئەو دواتر چوو بۆ پێروجا تاوەکوو لەگەڵ بنەماڵە ئیتالییەکەی و هاوڕێکانی بیکاتە جەژن و خۆشی.




پێشکەشکردنی تێزەکەی بۆ پانێلی داوەری؛ لە لای ڕاستەوە سەرەپەرشتیاریی تێزەکەی، پرۆفیسۆر فرانکۆ دی. ڤالێن



جەژنگرتن لەگەڵ هاوڕێکانی لە باخچەی کۆلێژی نژیاروانی، تۆرینۆ

**قۆناغەکانی دواتر**

هاوین گەڕایەوە زوریخ و بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک، تا ئەپریلی ١٩٨٧، لەوێ مایەوە و لە دامەزراوەیەکدا کاری دەکرد کە کارەکەی دیزاین و توێژینەوە بوو لەسەر نەخۆشخانەکان، ناوی ئەو ڕێکخراوەیە ئەنستیتۆی نەخۆشخانە و پلاندانانی تەندروستی بوو.

هۆکارێکی ئەم گەڕانەوەی بۆ سویس، لەبەر ڕەوشی پەنابەرەییەکەی بوو. دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی لە تۆرینۆ، حامید گرێبەستێکی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان هەبوو و دەیتوانی بۆخۆی دیاری بکات کە لە کام وڵات نیشتەجێ بێت. ئەو دەم، حەزی بە ئەمریکا و کانادا دەکرد. هەرچەند ماوەیەکی زۆر لە ئیتالیا مابۆوە بەڵام ڕەوشی پەنابەرییەکەی بۆ مانەوەی درێژماوە وەرنەگیرا. تەنیا دەیتوانی بە شێوەی کاتی لە وڵاتێک بمێنێتەوە کە مافی پەنابەری داوەتێ، بۆیە دەبوو لەوێ بڕوات.

ئێستا ئیتر زەختی ئەوەی لەسەر بوو کە وڵاتێک بۆ ژیان هەڵبژێرێت. پەنابەرانی وەک حامید دەبوو وڵاتێک هەڵبژێرن کە وەریانگرێت. حامید لە لیستی ئەو کەسانەدا بوو کە بۆ کانادا بانگهێشت دەکرێن و دەعوەت کرابوو کە بچێت بۆ ئەوێ؛ و لەوێ وەرگیرابوو.

وێڕای ئەوەی کە بەم هەواڵە دڵخۆش بوو، حامید وتی کاتی دەوێت تا بەر لە ڕۆیشتنی سەبارەت بەم بڕیارە گرینگە بیر بکاتەوە. حکومەت دوو تا سێ مانگ کاتی پێدا تا بڕیار بدات.

# بەشی ٣

# گەیشتن بە سوید بۆ پێکهێنانی داهاتووم

## ١. نیشتەجێبوون: سوید، ١٩٨٧-١٩٨٨

بۆ کەسێکی وەک حامید، کە پەنابەرێک بوو و خوێندنی تەواو کردبوو و بە شوێن ئیقامەی هەمیشەیی لە وڵاتێکدا بوو کە خوێندنی دوکتۆراکەی تەواو بکات، سوید وڵاتێکی سەرنجڕاکێش بوو. نە تەنیا ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر کۆچبەری کورد لەساڵی ١٩٨٧ لەوێ کۆ ببوونەوە، بەڵکوو زۆربەی هاوڕێکانی پێشتر چووبوون بۆ ئەوێ. نەتەوە سکاندیناڤییەکان داوکاریی پەنابەرانیان لە بیست و چوار کاتژمێردا وەردەگرت چون پێویستییان بە خەڵک بوو کاریان بۆ بکات.
هەندێک لەو نەخۆشخانانەی کە لە توێژینەوەی ماستەرەکەیدا لەبەر چاوی گرتبوون لە سوید بوون بۆ وێنە نەخۆشخانەی هودینگێ[٥٠] لە ستۆکهۆڵم و نەخۆشخانەیەکی دیکە. ئەو بۆی ڕوون بوو کە توێژینەوە لەسەر ئەم ناوەندانەی چاودێریی تەندروستی بەشێک لە داهاتووی دەبێت، بۆیە سەردانی هۆدینگێ دوای ئەوەی بە وردی لەسەری نووسیبوو، سەردانێکی باش دەبێت و هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت کە زیاتر لەسەر ئەرک و دیزاینی نەخۆشخانەکە توێژینەوە بکات.
هەموو ئەم هۆکارانە و باری تایبەتیی ژیانی خۆی، یارمەتییان دا کە ئەم بڕیارە چارەنووسسازە بدات. ئێستا ئەو دەیتوانی بچێت بۆ بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان و پێیان ڕابگەیەنێت کە دەیهەوێت لە سوید بژێت.
ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی تاکەکەسییەوە هەبوو، براکەی ئاکۆ بوو. لە جونی ١٩٨٦دا، حامید لێرەولەوێ هەواڵی بۆ دەهات کە برا بچووکەکەی چووە بۆ شەڕی ئێران-ئێراق. لە مانگەکانی هاوینی ١٩٨٦دا کە لە زوریخ بوو و لە ئەنستیتۆی نەخۆشخانەکان و پلاندانانی تەندروستی کاری دەکرد، ئەم هەواڵە حامیدی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد. ئەو تێگەیشت کە دەبێت ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە و براکەی لە سوپادا بهێنێتە دەر، چونکە لەوێ سەربازە گەنجەکان بەردەوام لە مەترسیدا بوون. لە ساڵی ١٩٨٧دا، ئێرانییەکان چەندین «شەپۆلی هێرشی دژەمرۆیی»یان کردبوو، و زۆر کەسی گەنجیان هاندابوون کە بچن بۆ ناو سوپا.

### ئێش و ژانی ڕاستەقینەی سەربازی

ئاکۆ چەندین جار دەستگیر کرابوو و توانیبووی ڕابکات. ساڵی ١٩٨٦ پۆلیسی ئێران لە مەهاباد کاتێک لەگەڵ هاوڕێیەکی لە شەقام بوو، دەستگیریان کردبوو. لەم ڕووداوەدا ئەشکەنجەیان دابوو، لەگەڵ مەئموورێک دەستەویەخە ببوو کە مەئموورەکە سینگی بریندار کردبوو. ئاکۆ دەڵێت، «پاڵم پێوە نا، کڵاوەکەی کەوتە خوار و تووڕە بوو.»
کاتێک کوڕە گەنجەکە لە شەقامدا هاواری کردبوو و داوای یارمەتی کردبوو، چوار ئەفسەر هاتبوون. ئەفسەرەکان بردبوویان بۆ بازگە، و لەوێ تۆمەتی هێرشیان بۆ سەر ئەفسەری پۆلیس بەسەردا سەپاند.

---

٥٠- Huddinge

هەوڵیـان دا کـە کەلەپچـەی کـەن، و وتیـان کـە ویسـتوویەتی زیـان بگەیەنێـت بـە پۆلیـس. ئاکـۆ هەوڵـی دابـوو ڕابکات بۆیە نەیانتوانیبوو قۆلبەستی بکەن. پۆلیسەکە پێی وت، «من نەمدەویست ئازارت بدەم. بەڵام دەتوانم بتخەبە شوێنێک کە کەس نایهەوێت بچێت» -بۆ شوێنێک کە ئەگەر کەسێک بچوایە زۆربەی کاتەکان دەکوژرا و قەت هەواڵی نەدەزانرا.

## زوڵم و زۆرداری هەمیشەیی لەسەر کوردان

چیرۆکـی سـەربازیی ئاکـۆ بـۆ ئـەو کاتـە شـتێکی نائاسـایی نەبـوو. کـوڕە کـوردە گەنجـەکان لـە هەمـوو شـوێنێک و لـە هەمـوو کاتێـکدا دەترسـان. ئـەوە یەکـەم جـار نەبـوو کـە لـە شـەقامدا بـڕوات و پۆلیـس بێـن بەبـێ هـۆ دەسـتگیری بکـەن. بـەڵام جارەکانـی پێشـوو هەمیشـە توانیبـووی لـە دەسـتیان ڕابـکات.

کاتێـک ڕەحمان، زاواکەیـان، بیسـتی کـە ئاکـۆ گیـراوە، بەپەلـە چـوو بـۆ بازگـە. پۆلیـس وتـی کـە تەنیـا ویسـتوومانە داوای لێبوردن بکات بەڵام ئاکـۆ ئـەو کارەی نەکردووە. «من قـەت لەبـەر کارێـک کـە نەمکـردووە داوای لێبـوردن ناکـەم.» زاواکەیـان لـە جیاتـی ئـەو داوای لێبوردنـی کـرد و پۆلیسـی ڕازی کـرد کـە ئـازادی بکـەن.

ئاکۆ دوو ڕۆژی تـر لـە زینداندا مایـەوە و پاشـان نێـردرا بـۆ ناوچـەی شـەڕ. سـەربازیی زۆرەملـێ لـە سـوپادا شـتێکی ئاسـایی بـوو. ڕاهێنانـی بنەڕەتیـی ئاکـۆ لـە شـاری عەجەبشـێر لـە ئازەربایەجـان دەسـتی پێکـرد و سـێ مانـگ درێـژەی کێشـا. پاشـان گوازرایـەوە بـۆ ناوچـەی مەیمـەک لـە بەرەکانـی شـەڕ لـە باشـووری ئێـران کـە دەکەوتـە سـەر سنووری عێـراق و ١١٣ کیلۆمەتـر لـە بەغـداد دوور بـوو. ئـەو قـەت نەنێـردرا بـۆ بـەرەی پێشـەوەی جەبهەکانی شـەڕ، بـەڵام کاتێـک خەریکـی شـۆفیری ئۆتۆمبیلێـک بـوو کـە خـواردن و چەکوچۆڵـی بـۆ سـەربازەکان دەگواسـتەوە، تەقینـەوەی ئۆتۆمبیلێـک لەبەردەمیـدا تۆقانـدی. جموجوڵـی سـەربازەکان تەنانـەت لـە نیوەشەویشـدا زۆر مەترسـیدار بـوو و زۆر جـاران ئۆتۆمبیلـەکان لەبەردەمـی ئاکـۆدا لێیـان دەدرا. شـەوێک، ئـەو و چەنـد سـەربازی دیکـە فەرمانیـان پـێ کـرا کـە لـە دەریاچەیـەک لـە نزیـک مەیمـەک دەفـر و کاسـان بشـۆن. کـەس نەیزانـی لـە کوێـوە سـەرباز دەرکەوتـن و بـوو بـە تەقـە. موشـەکەکان لـە بەردەکانی نزیکیـان دەدران و هەڵدەبەزینەوە.

**هەموو کاتێک بە تایبەت لە شەواندا، ئەگەری ئەوە هەبوو هەر شتێک ڕوو بدات. ئاکۆ لە بیریەتی «بەڵام کوردەکان نەدەترسان.»**

هەمـوو کاتێـک بـە تایبـەت لـە شـەواندا، ئەگـەری ئـەوە هەبـوو هـەر شـتێک ڕوو بـدات. ئاکـۆ لـە بیریەتـی «بـەڵام کوردەکان نەدەترسـان. ئێمـە هەمیشـە ئاگاداربوویـن، سـەیرمان دەکـرد کـە کـێ دێـت و دەڕوات.»

شـەوێک لەگـەڵ یـەک قسـەمان دەکـرد و ئەفسـەرێکی پلەبـاڵا دەسـتی کـرد بـە گاڵتەکـردن و شـکاندنی ورەی فارسـەکان. پیاوێـک پێـی وت، «بـۆ گاڵتـە بـە کـوردەکان ناکـەن؟» «مـن کوردەکانـم خـۆش دەوێـن چونکـە زۆر بوێـرن. کەسـی تـر وەک کـوردەکان ناتوانێـت بـەو کێوانـە هەڵگەڕێـت.»

## چۆن ئاکۆ سەربازی بەجێ هێشت

ئاکۆ دەگێڕێتەوە «خوشکم بە حامیدی وت کە من لەناو سوپام و ئەو زۆر نگەران بوو. هەڵبەت ئەو هەرکارێکی کرد کە من ڕزگار بکات.» لە ١٩٨٧دا ڕژیمی ئێران شەپۆلێکی دیکەی هێرشی مرۆیی دەست پێکرد. ئەندامانی سوپا بە کەمترین ڕاهێنان و بەبێ ئامادەکاریی شەڕ دەنێردران بۆ شەڕ. ئاکامی ئەو کارە تۆقێنەر بوو، دەنێردران بۆ سەر سنوور بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر عێراقییەکان و مەیدانەکانی مین پاک بکەنەوە. لاوە خوێنگەرمەکان و بەتەمەنەکان خۆبەخشانە دەچوون کە خۆیان بەخت بکەن.

ڕۆژنامەوانی ئەمریکایی ڕۆبین ڕایت ئەم خۆقوربانیکردنە خەمهێنەرە بەم شێوەیە وەسف دەکات. «لە هێرشی فەتحدا [فێوریەی ١٩٧٩]، سەردانی جەبهەی باشووری ڕۆژئاوام لە بەری ئێرانەوە کرد و لە هەموو جێیەک کوڕی تەمەن نۆ بۆ شازدە ساڵی دەبینران، زۆر بە هەیەجانەوە دەیانگوت کە خۆبەخشانە هاتوون تا شەهید ببن.»

«هێزە سەربازییە ئاساییەکان، هێزی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و مەلاکان هەموو ئەم گەنجانەیان هان دەدا، کە بە بەسیج دەناسران، تاوەکوو مەترسیدارترین کارەکان بۆ شکاندنی هێزە عێراقییەکان بکەن. ئەوان ڕچەیان دەشکاند، بەسەر کێڵگەمینەکاندا دەڕۆیشتن تاوەکوو ڕێگە بکەنەوە بۆ هێرشی زەوینی هێزی ئێرانییەکان. پەڕۆیەکی سپییان لە ناوچایان دەبەست تا بەرەو پیری مەرگ بچن و هاواریان دەکرد «شەهید، شەهید!»، ئەوان پێیان وا بوو کە بەم شێوەیە دەچن بۆ بەهەشت. قەت ژمارەیان ئاشکرا نەکرا. بەڵام بە سەردانی ناوچەکانی نیشتەجێبوون لە شارە ئێرانییەکاندا نیشانەکانت دەبینین. ماڵ بە ماڵ و بینا بە بینا کە دەچوویتە پێش، وێنەی ئەو گەنجە مێرمنداڵ و منداڵانە دەبینران کە وێنەکانیان بە ڕەنگی ڕەش دەورە گیرابوون.»

## حامید هەوڵ دەدات براکەی ڕزگار بکات

لەو قۆناغەوە بۆ قۆناغی ڕزگاریی ئاکۆ لە سوپا، زۆر شت ڕوویان دا. ئۆکتۆبری ١٩٨٧ مانگێکی پڕمەترسیی چالاکیی ئاکۆ و براکەی بوو لە سوید. حامید چوو بۆ ئۆپسالا تا کەسێک ببینێت کە یارمەتی برا بچووکەکەی بدات. ئەودەم، ئەو قاچاخچییەی کە لە ئەستەمبووڵ یارمەتی دابوون دیار نەمابوو و بە تەنیا جێی هێشتن. حامید دەبوو داوا وامێکی ١٠،٠٠٠ دۆلاری خوێندکاری لە حکومەتی سوید بکات تا بیدات بە قاچاخچییەکی دیکە بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات لە وڵات دەربچن. ئەو پیاوە پاسپۆرت و بلیتەکانی لێ وەرگرتن و سەفەرەکەی بۆ ڕێکخستن. بەڵام هێشتا ئەو پارەیە بەس نەبوو. حامید ناچار بوو پوڵێکی تر لە هاوڕێکانی بە قەرز وەربگرێت.

چەندین هەوڵی سواربوونی فڕۆکە لە ئەستەمبووڵەوە بۆ بێلگراد شکستیان هێنا تا ئەوەی کە بڕیاریان دا سەدان دۆلار بدەن بە پۆلیس. یەکەم جار چوون بۆ یۆگۆسلاویا، شوێنێک کە کەس نەدەچوو، لە فڕۆکەخانە حەسانەوە بەڵام لەلایەن پۆلیسەوە دیاری کرابوون. کاتێک ناسنامە و پاسپۆرتەکانیان سەیر کران، کارمەندەکان زانییان کە بە بەڵگەنامەی ناڕاست سەفەریان کردووە. دەستبەجێ لەگەڵ دوو پیاوی دیکە گەڕێنرانەوە بۆ تورکیە.

## تورکیە

لە گەڕانەوەیان بۆ تورکیە، پۆلیس لێپێچینەوەی لەگەڵ کرد. ئەفسەرەکە بەسەر کوڕە گەنجەکەدا قیژاندی «دەزانم کە ئێوە لە شەڕ ڕاتان کردووە، و دەتانگێڕمەوە!» دواتر لێی پرسین کە چەندەیان پارە پێیە. وەڵامیان دایەوە «ئێمە کەسانێکی ئاسایی هەژارین،» یەکێک لە موسافیرەکانی دیکە کە لە بێلگرادەوە نێردرابۆوە هەندێک بە تورکی قسەی کرد و هەستی کرد کە ئەفسەرەکە داوای بەرتیل دەکات، داوای کرد «هەندێک سیگاری زیادەی بۆ بکڕن.» لە بەرامبەردا ئەفسەرەکە بەریان دەدات. کوڕە گەنجەکان بە زیادەشەوە سیگارەکانیان کڕین، بێ ئەوەی کەس بیانبینێت و بە دزییەوە بەرتیلەکەیان لەژێر کورسیی ئەفسەرەکە شاردەوە.

ئاکۆ و برازاکەی شەهاب تەلەفۆنیان کرد بۆ دایکی قاچاخچییەکە. ئەو بۆ دوو شەو بردنی بۆ هۆتێل، هیوادار بوو کەس پێی نەزانێت، چونکە ئەگەر خەڵک بیانزیبایە قاچاخچییەکە نەیتوانیوە بیانبات بۆ دەرەوە ناوی لەناو خەڵکدا دەزڕا. ئەمجارە لە ڕێگەی کۆپەنهاگنەوە، بلیتی سەفەریان بۆ سوید بڕی.

پەنابەرەکان جارێکی تر لە فڕۆکەخانە ڕاگیران. کاتێک ئەفسەرەکە سەیری پاسپۆرتەکانی کردن، سەری سووڕما «ئەمانە توورِ دەدەم. ئەمانە ساختەن!» دوای هەندێک قسەکردن، برازاکەی ئاکۆ ڕێگەی پێدرا کە بڕوات. پاشان دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، پاسپۆرتەکەی ئاکۆش مۆر کرا و ئەویش ڕێگەی پێدرا کە تورکیە بەجێ بهێڵێت.

## سوید

لە کۆپنهاگین، پەنابەرەکان بە سادەیی سوار فڕۆکە بوون بۆ ئەوەی بچن بۆ سوید. کاتێک گەیشتنە ئارلاندا[٥١]، فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم، هەردووکیان هەناسەیەکی ڕاحەتیان کێشا. سەرەنجام گەیشتن.

لەو کاتە هەستیارەدا، سوید زۆر خێرا پەنابەری وەردەگرتن. پۆلیس لێپێچینەوەی لەگەڵ کردن. ئاکۆ و برازاکەی شەهاب ڕوونیان کردەوە کە ئەوان کوردن و لە شەڕ ڕایان کردووە. پاشان بران بۆ کەمپی پەنابەران لە دەرەوەی شار. هاوکات لە دەرەوەی تێرمیناڵ حامید بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی گەیشتنیان بوو. سەرەنجام چوو بۆ لای پۆلیس و پێیان وت کە دەتوانێت لە کەمپی پەنابەران بیانبینێت. دوای ئەو هەوڵە درێژخایەنە ماندووکەرە پرسترێسە، دوو براکان لە کەمپ یەکیان گرتەوە.

---

٥١- Arlanda



لەگەڵ براکەی ئاکۆ و برازاکەی شەهاب کاتی گەیشتنیان بە سوید

ئاکۆ و شـەهاب دوو هەفتـە دواتـر کەمپیـان جێهێشـت. تـا کاتێـک کاروبارەکانیـان جێبەجـێ بـوون لـەلای حامیـد مانـەوە، هەردووکیـان چـوون بـۆ کاترینهۆڵـم شـارێکی نزیـک لـە سـتۆکهۆڵم و وەک یەکـەم هەنگاوی ژیانـی نوێیان دەسـتیان کـرد بـە فێربوونـی زمانـی سـویدی.

## بینینی کوردان لە ستۆکهۆڵم

پـاش ئـەوەی کـە لـە سـوید نیشـتەجێ بـوو، حامیـد لـەوێ سـەردانی کوردەکانـی دەکـرد. سـەرەڕای ئـەوەی کـە بەدواداچوونـی بـۆ ڕووداوە سیاسـییەکانی وڵاتەکـەی دەکـرد، جارێکـی تـر لەسـەر خوێندنـی بـاڵا چـڕ بـووەوە و بـەرەو پیشـەکەی خـۆی چـوو.

بەداخـەوە، کاتێـک کـە حامیـد چـوو بـۆ سـوید کەشـی سیاسـیی وڵات بـۆ کـوردان زۆر تونـد و ئاسـتەم بـوو. ئۆلـۆف پاڵمـێ سـەرۆک وەزیـری بەڕێـز و خۆشەویسـتی سـوید لـە فێوریـەی ١٩٨٦دا لەنـاو شـاری سـتۆکهۆڵم تیـرۆر کرابوو. کاتێـک لەگـەڵ هاوژینەکـەی لـە سـینەماوە بـەرەو ماڵـەوە دەچـوو، گومـان دەکـرا لـە لایـەن کوردێکـی لایەنگـری پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانەوە تیـرۆر کرابێـت.

ئەمـە بـووە هـۆی ئـەوەی باردوخێکـی ناسـەقامگیر بـۆ هاوڵاتیانـی حامیـد لـە سـوید دروسـت ببێـت. سـەرەنجام ئاسـەواری ئـەم ڕووداوە دامرکایـەوە و ئـەو گومانـەی لەسـەر کوردبوونـی ناسـنامەی بکوژەکـە هەبـوو بـێ سـەرەنجام مایـەوە. دیسـان لـەو کاتـەدا، زۆر کـورد دەسـتگیر کـران و بێمتانەییەکـی زۆر بـە کـوردان هەبـوو.

## هەموو شت لەژێر ناوێکدا

لە جونی ١٩٨٧دا، حامید لەگەڵ ئەمیر هاشمی، هاوڕێیەکی دیکەی چوون بۆ ماڵی خوێندکاری لە زانکۆی ستۆکهۆڵم. ڕاهاتن بە ژیانێکی نوێ و لەگەڵ کەسێکی دیکە کێشەیەک بوو کە ئەو باش دەیتوانی خۆی لەگەڵ بگونجێنێت. بەڵام کۆچکردن بۆ سوید گۆڕانێکی زۆر بنەڕەتیتری دروست کرد. لە دروستکردنەوەی ناسنامەیدا، حامید زانی کە پێویستە بە شێوەیەکی تایبەت ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییە گەورانە بێت کە لە ژیانیدا ڕوویان داوە.

لەو ساڵانەی کە لە دەرەوە ژیابوو، حامید مەحموودی بۆی دەرکەوتبوو کە بێژەکردنی ناوەکەی بۆ ئەوانەی کورد نین زۆر سەختە. خەڵک لە بێژەکردنی ناوەکەیدا کێشەیان بوو و تەنانەت لە بیرهاتنەوەشیدا کێشەیان بوو. هەروەها ڕەنگە ناوێکی سادەتر یارمەتی بدایە کە باشتر لەگەڵ کۆمەڵگای سویدی تێکەڵ بێت، ئەو بڕیاری دا کاتی ئەوە هاتووە ناوەکەی بگۆڕێت. جگە لەوە، هەبوونی ناوێکی کوردی لە سوید بە تایبەت لەو کاتەدا کە حامید هاتبوو، بە هۆی پرسە سیاسی کۆمەڵایەتییەکانەوە لە خۆیدا کێشەساز بوو. کاتی دەستپێکێکی نوێ هاتبوو، کە گۆڕینی ناویشی لە خۆ دەگرت.

حامید ئەم کێشەی لەگەڵ کەسە سیاسییەکان و کۆمەڵگای کوردی باس کرد. یەکێک لەوانە ئەمیر قازی بوو کە حامید لە ماڵەکەی خۆیدا بینی. خێزانی ئەمیر کچی قازی موحەمەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان بوو لە ساڵی ١٩٤٦دا. ئەمیر ناوی «ئالان»ی پێشنیار کرد، کە ناوێکی کوردی بوو: دوای هێنان و بردنی چەند ناوی جیاجیا، سالار حەیدەری ناسناوی «دیلان»ی بۆ هەڵبژارد. حامید بیری کردەوە کە ناوی «دیلون» هەیە کە تۆزێک لە فەڕانسەیی دەچێت.

بیست ساڵ دواتر، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری دواتری حدکا، وتی کە ناوی نهێنیی ئەمیر قازی، «ئالان» بووە. قازی ناوی ئالان دیلانی پێشنیار کرد.

حامید ئەو شتەی لەگەڵ دەزگیرانەکەی، ساتو، و هاوڕێکانی باس کرد. دوای هێنان و بردنی چەند ناوان، ناوە هەڵبژێردراوەکەی پێشووی واتە «ئالان دیلۆن»ی وە لا نا بۆ «ئالان دیلانی» یان «ئالان باسکی».

ساتو، ئەو خاتوونە فینلاندییەی کە دواتر بووە هاوسەری دەگێڕێتەوە کە، «ئەو پێشتر داوای لە من کرد کە چەند ناوی پێ پێشنیار بکەم،» ساتو بە بزەوە دەڵێت «ئەو ناوە نوێیەکەی دروست کرد. ئەو لە نێوان ‹دیلانی› و ‹باسکی›دا مابۆوە، بەڵام من پێم وت، ‹باسکی بە هیچ شێوەیەک نابێت› چونکە باسکی لە فینلاندیدا واتای ‹پیسایی› دەدات. ئێمە ناوێکمان ناوێت کە لە ئەوە نزیک بێت.»

بەم شێوەیە، ئەو کوڕەی لە مەهاباد لە دایک بوو، چەندین ساڵ لە ئیتالیا ژیا، ئێستا ناوێکی نوێی هەیە کە لەگەڵ پێویستی ژیانی لە وڵاتە سکاندیناڤییە نوێکەدا بگونجێت. لە ئێستا بە دواوە، بە ئالان دیلانی دەناسرێت.

## مردنی باوکی

نۆڤەمبری ١٩٨٧ بوو و ئالان دەستی بە ژیانێکی نوێ کرد. هەر ئەودەم هەواڵێکی دڵتەزێنی بیست. «زاواکەمان تەلەفۆنی کرد و پێی وتم کە باوکم شەش مانگ لەمەوبەر مردووە. بۆ من، ئەوە ڕووخێنەر بوو.» بنەماڵەکەی نەیانویستبوو ئاگاداری بکەن چونکە خەریکی بردنی ئاکۆ بوو بۆ سوید. «هەر کات تەلەفۆنم دەکرد و داوای باوکم دەکرد، دەیانوت لە ماڵەوە نییە.»

ئالان زانی کە نەیانویستووە ڕاستییەکەی پێ بڵێن چونکە ئاکۆ کە شەش مانگ لە تورکیە بوو، ئامادە دەبوو تا بچێت بۆ سوید. «ئەوان نەیانویستبوو ئەو هەواڵە دڵتەزێنەمان پێ بدەن چونکە هەموومان سەرقاڵی بردنی براکەم بووین بۆ سوید.»

کاتێک ئاکۆ گەیشتە ماڵی ئالان و هەواڵەکەی بیست زۆر خەمبار بوو. «ئاکۆ زۆر خەمگین بوو چونکە یەکجار گیرۆدەی باوکم بوو. جیا لەوە، ماوەیەکی زۆر زیاتر لە من لەگەڵ باوکم بوو. لە بیرمە براکەم چۆن بەکوڵ دەگریا. هەندێک لە هاوڕێکانمان هاتن، ئەوە لە دابونەریتی کوردانداباوە کە دەچن بۆ ماڵی مردوو.

«لە ئەحمەدی برامان پرسی کە بۆچی ئەوەندە چاوەڕێ بوون تا خەبەرمان پێ بدەن. ئەو وتی دوای هەڵسەنگاندنی هەموو شتێک، ئەوەمان پێ باشترین کار بوو. ئەو شتە بۆ من پشت شکێن بوو. من قەت باوکمم نەبینییەوە، ئەو پیاوەی کە بە هەموو جۆرێک لە منداڵیدا و بە تایبەت دوای مردنی دایکم پشت و پەنای من بوو. ئەو باوکێکی خەمخۆر بوو و من هەستێکی قووڵم بۆی هەبوو.»

## ٢. ناسینی ساتو: خاڵێکی وەرچەرخان

ئالان کە خوێندکارێکی سارد بوو و لەسەر خوێندنەکەی چڕ ببۆوە، داهاتوویەک لەبەر دەمیدا بوو. سوید سنوورەکانی داهاتووی بۆ نژیاروانە گەنجە هیوابەخشەکە کردەوە.
دوای گەیشتنی، ئالان لەگەڵ هاوڕێکەی ئەمیر لە ماڵی خوێندکاری لە زانکۆی ستۆکهۆڵم دەمایەوە. ئالان لە ڕێگەی هاوڕێکەیەوە دەستی کرد بە ناسینی خوێندکارەکانی دیکە. ئەو دەگێڕێتەوە «کچێکی فینلاندی لەو دالانەی ئێمەدا بوو. کاتی نان خواردن یەکمان بینی، پێکەوە نانمان خوارد. ئەمیر وتی کە ئەو کچەکانی دیکە دەناسێت و وتی کە داوای لێ بکەین هاوڕێیەکی دیکەی بانگهێشت بکات و دەتوانین هەموومان پێکەوە بچین بۆ دەرەوە.»

### دەستپێک

ئێوارەی ڕۆژێکی یەکشەممەی ناوەڕاستی هاوین بوو لە مانگی جولای ١٩٨٧دا. ساتو ساوالا[٥٢]، خوێندکارێکی گەنجی فینلاندی سێ هەفتە بوو گەیشتبووە سوید. هۆکاری سەفەرە کورت ماوەکەی: باشترکردنی زمانی سویدی بوو بەر لەوەی بگەڕێتەوە. ساتو و ئەیە[٥٣]، هاوڕێیەکی فینلاندی، لە زانکۆ یەکتریان بینی کاتێک کە خەریکی پلاندانان بوون کە چۆن ئێوارەیەکی خۆش پێکەوە بەسەر ببەن. ویستیان بچن بۆ میوانی، بەڵام نەیاندەزانی بچن بۆ کوێ و لەگەڵ کێ بچن. ئەیە پێشنیاری کرد «من کوڕێک دەناسم ناوی ئەمیرە. با قسەی لەگەڵ بکەم.»
کاتێک ساتو، ئالانی بینی، ئالان بە زمانی ئاڵمانی قسەی لەگەڵ کرد. «سەرەتا، وامزانی ئەو ئەمریکاییە. کاتێک منداڵ بووم، بنەماڵەیەکمان دەناسین و پیاوەکە ئەمریکایی بوو. ئەم کوڕە گەنجە بە شێوازی جلوبەرگەکەی زۆر لەو دەچوو. تەنانەت شێوازی قژەکانی لە ئەمریکایی دەچوو. هاوڕێکەم بە ناوی پیترۆ ناساندی. بەڵام دواتر زانیم کە ناوی خۆی حامیدە. ئەو بە پیترۆ بانگی دەکرد کە ناوی یەکێک لە هاوڕێ سویسییەکانی بوو. بە دوای ئەوەدا وتی کە خەڵکی کوردستانە. تاکە شتێک کە ئەو کاتە من لەسەر کوردەکان لە مێشکمدا بوو گرووپی سیاسیی پەکەکە بوو و ئەو دەنگۆیانەی کە لەسەر تیرۆری پاڵمێ لە ئارادا بوو، جەنایەتێک کە ئەو کات ستۆکهۆڵمی هەژاندبوو و زۆر شتێکی باش نەبوو کە بڵێی کوردم.»

---

٥٢- Satu Sauvala

٥٣- Ejies

ئەو لە بیریەتی «ئەو شەوە یەکسەر لە دەرەوە سەمامان دەکرد. بە هۆی خۆرەتاوی نیوەشەوی ئەو وەرزەی ساڵ، تا کاتژمێر سێی بەرەبەیان لە دەرەوە پیاسەمان دەکرد. چوار خوێندکارەکە بڕیاریان دا بچن بۆ ڕیستۆرانێک لە ناوەندی ستۆکهۆڵم. هێشتا خۆرەتاو لەو ئێوارەی ناوەڕاستی هاویندا دەدرەوشایەوە و ئەوان گەنج بوون و بەدوای خۆشیدا دەگەڕان.

**یادەوەرییەکانی ئێوارە**

ساتو دەگێڕێتەوە «ئێوارەیەکی زۆر خۆش بوو. لەگەڵ ئەوەی کە کات بە خێرایی تێدەپەڕی، بە ڕاستبێژییەکی تەواو سەبارەت بە هەندێک کێشەی بنەماڵەمان لەگەڵ ئەو کەسە نەناسیاوە قسەم دەکرد. من و خوشکەکەم شەڕمان بوو و پێکەوە نەدەسازاین. بە هەندیک هۆکار من ئەو شتەم لەگەڵ ئالان باس کرد، وەک ئەوەی زۆر لەمێژ بێت یەکتر بناسین. من خۆم وا پیشان نەدا کە بێعەیبم. دواتر ئەویش زۆر بە کراوەیی قسەی کرد، من پیشانم دا کە لە ڕاستیدا چ کەسێکم. ئەو هەستی کرد کە من کەسێکی زۆر ڕاستگۆم.



لەگەڵ هاوژینەکەی، ساتو، لە ماڵی خوێندکاری لە ستۆکهۆڵم لەو شوێنەی کە لە ١٩٨٧ یەکتریان بینی

ئالان تەواو جیاواز چیرۆکی یەکتر ناسینەکەیان دەگێڕێتەوە: «ئەرێ، ساتو هات بۆ ستۆکهۆڵم و لە ڕێگەی هاوڕێیەکی هاوبەشمانەوە یەکترمان ناسی. ئەو کاتە من لە دنیای خۆمدا دەژیام و تەواو سەرقاڵ بووم. من چووم بۆ ئەوەی تا هاوڕێ کۆنە کوردەکانم ببینم، هەندێکیان خەڵکی مەهاباد بوون و مامۆستایەکی پێشووترم جەعفەر حەسەنپوور لەوێ بوو. هەموویان لەوێ بوون. دوای چەند ساڵ تەنیایی لە ئیتالیا چێژم لەوە وەردەگرت کە کاتیان لەگەڵ تێپەڕ بکەم. پاشان برا بچووکەکەم لە ئێران گیری خواردبوو و دەمویست ڕزگاری بکەم.

ئالان دەگێڕێتەوە «یەکەم جار کە ساتوم بینی، دڵم گرتی. ئەو کچێکی جوان و سەرنجڕاکێش و خوێندەوار بوو. من وەک کەسێکی زۆر ڕاستبێژ و قسەلەڕوو هاتە پێش چاوم. لە ڕاستیدا، من لەگەڵی چوومەماڵەوە چونکە هیچ شوێنێکم نەبوو لێی بمێنەوە و ئەو شوێنی زۆر بوو و بۆ ئەوە زۆر دەستخۆشیم لێ کرد. ئێمە دوانیوەڕۆیان لە بەینی بەرنامەکانی قوتابخانەیدا کاتێکی زیاترمان پێکەوە تێپەڕ دەکرد. من لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەو دەژیام و زۆر زوو بووینە هاوڕێی نزیک.»

«لەو کاتەدا، من ئەرکێکی قورسم بوو و ساتو کەشێکی هێمن و ئارامی بۆ دابین کردم کە پێویستم بوو. ئەو زۆر بێدەنگ بوو و چاوەڕوانی زۆر نەبوو، ئەوە بۆ من باش بوو. سەرەڕای دە ساڵ جیاوازیی تەمەن، دەمتوانی باسی هەر شتێکی لەگەڵ بکەم. ئەو کەسێکی زۆر زیرەک بوو و هەیە. ساتو لەوەدا کە چۆن یارمەتیی من بدات کێشەکانم لێک بدەمەوە و پێشنیاری باش و ڕێکوپێکم پێ بدات، کەسێکی زیرەک بوو. لەگەڵ ئەوەی کە کاتێکی زیاترمان پێکەوە تێپەڕ دەکرد، زیاتر بیرم دەکردەوە کە ‹ئەو ژنەم دۆزیوەتەوە کە بتوانم لە ژیانمدا لەگەڵی بژیم،› ئەو زۆر شتی باشی بوون. بۆ یەکەم جار، هەستم کرد کە دەتوانم ئەم کەسەم زۆر خۆش بوێت. کاتێکی زۆر پڕهەیەجان بوو بۆ من. لەگەڵ ئەو بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا ئاشق بووم.»

ساتو ئەوەش زیاد دەکات، «هەستم کرد کەسێکی زۆر باش و مێهرەبان و وریایە، هەروەها زۆر بایەخی پێ دەدام. کاتێک لای یەک دادەنیشتین ئالان گوێی دەگرت. ئەو شەوە تا دووی بەیانی پێکەوە دانیشتین و سەمامان کرد. ماوەیەکی زۆر پێکەوە پیاسەمان کرد، چونکە لەو کاتەدا میترۆ نەمابوو. هێشتا دنیا ڕوون بوو و کاتێکم زانی تا نیوەشەو پێکەوە پیاسەمان کردووە و بە ئارامی بەرەو ماڵی خوێندکاری هاتینەوە.»

## ژیانی پڕ لە سەرقاڵیی ساتو

«ڕۆژی دواتر، چووم بۆ سەر کار، ئەو شەوە هیچ نەخەوتم، تەنانەت چاوم سەر یەک نەنا. کاتژمێر چوار یان پێنجی بەیانی گەیشتینەوە ژوورەکەم و دەبوو حەوت بچم بۆ سەر ئیشەکەم. ئیشی من، ئیشێکی هاوینە بوو لە هۆتێل سیرکڵ پلازا[٥٤]، کە لە ڕێگەی نۆرد پلاز[٥٥]، ڕێکخراوەیەکی نۆردیک ئەو کارەم دۆزیبۆوە و ئامانجی ڕێکخراوەکە ئەوە بوو یارمەتیی خوێندکاران بدات کاری هاوینە بدۆزنەوە. کاری خاوێنکردنەوەم دەکرد و شیفتەکەی من هەموو ڕۆژەکە درێژەی کێشا. ڕۆژ هەر تینەدەپەڕی و من یەکجار ماندوو بووم.

٥٤- Hotel Circle Plaza

٥٥- Nord Plaz

«کاتێک هەستام بچم بۆ سەر ئیش، ئالان لە ژوورەکەی مندا مایەوە و خەوتبوو. من تەنیا یەک ژوورم هەبوو، و هەستم کرد کە دەبێت متمانەی پێبکەم. یان ڕەنگە، لەگەڵ ئەوە هاوڕا ببووم چونکە من تەنیا نۆزدە ساڵ تەمەنم بوو. ئەو بڕیاری دابوو کە لەوێ بمێنێتەوە. ئەو وتی ‹لە ئێستا بە دواوە من لەگەڵ تۆ دەمێنمەوە.› و لە دوای ئەو شەوە ئەو هات بۆ لای من. هەموو ئەو شتانە لەناکاو ڕوویان دا.

«من هەموو ڕۆژەکەی کارم کرد و بە ماندوویی هاتمەوە. زۆر هەستێکی ناخۆشم بوو، ماندوو بووم و شێوا بووم، دوای ئەوەی لە میترۆ هاتمە دەر یەکەم کەس کە بینیم ئەو بوو کە لەگەڵ هاوڕێکەی چاوەڕوان بوو. حامید ویستی قسە بکات و من ڕەدم کردەوە، ‹نا نا، سەیرم مەکە.› چونکە ئەو پێشتر هاتبوو بۆ ژوورەوە، ئێمە هاوژوورییەکانمان دەناسین لەوە بە دواوە ئێمە پێکەوە بووین و پێکەوە دەژیاین.

«لە سەرەتادا، کاتێکی زۆرمان لەگەڵ یەک تێپەڕ کرد. ئەو چەند مانگ لەگەڵ من مایەوە بەڵام هێشتا بڕیاری نەدابوو کە سوید شوێنی مانەوەی هەتاهەتایی بێت. ئەو چێژی لە هەڵسەنگاندنی هەموو بژاردەکانی وەردەگرت.»

ئالان کەسێکی لە دەرەوەی بنەماڵەی دۆزییەوە کە دەیتوانی بۆ یەکەم جار بە تەواوەتی متمانەی پێ بکات، کەسێک کە دەیتوانی ببێتە هاوبەشی ژیانی. بەم شێوەیە، بڕیاری دا کە کاتێکی زیاتر لەگەڵ ساتو تێپەڕ بکات تاوەکوو باشتر بیناسێت چونکە لە سەرەتاوە هەستی کرد کە ئەو دەبێتە هاوسەری داهاتووی «من پێموابوو ئەوە تاکە ڕێگای ناسینی خۆی و کلتوورەکەیەتی. زۆر زو زانیم کە ئەو تاکە خۆشەویستی منە و من ویستم کە درێژەی ژیانم لەگەڵ ئەو تێپەڕ بکەم.»

**دنەدان**

ساتو پیاوێکی باشی ناسیبوو کە زۆر بایەخی پێدەدا، بۆیە بڕیاری دا هەوڵێک بۆ پەیوەندییەکەیان بدات. «پێموایە ئەگەر ئەو کارەم نەکردایە، ڕەنگە لە هەموو ژیانمدا حەسرەتم بخواردایە. مەبەستم ئەوەیە ئەو لەگەڵ من هاتە ماڵەوە. لە لایەکی دیکەوە، پێم سەیر بوو، ئایا تەنیا لەبەر ئەوە لەگەڵ من دەمێنیتەوە چونکە شوێنێکی دیکەی نییە؟

ئالان ئەو کات هێشتا زۆر سەرقاڵی کێشەی ئاکۆ بوو. ساتو بە باشی کاریگەریی بارودۆخی ئاکۆی لەسەر پەیوەندییەکەیان لە بیر ماوە. «ئالان زۆربەی کات بۆ ماویەکی درێژ، یەک یان دوو سەعات لە سەر یەک بە تەلەفۆن قسەی کرد. هەندێک جار پارەی تەلەفۆنەکەمان دەگەیشتە شەشسەد یۆرۆ. ئەوە هەموو داهاتی مانگانەی من بوو. هەمووی دەدرا بە پارەی تەلەفۆن. ئێمە هیچ پارەیەکمان نەبوو. تەنیا بە هەندێک پارەی پاشەکەوتکراوی منداڵی و بە دەستپێوەگرتنەوە ئەو ماوەیە دەژیاین.

«لە کۆتایی جوندا بوو کە یەکترمان بینی. من دەبوو لە ئۆگۆستدا بگەڕێمەوە بۆ فینلاند. لە ناوەڕاستی جولایدا ئالان بڕیاری دا کە لەگەڵ هاوڕێکەی فازیل سەردانی ئیتالیا بکاتەوە و بۆ چەند هەفتە ڕۆیشت. داوام لێ کرد کە هەندێک جگەرەی ئیتالیایم بۆ بهێنێت، چونکە ئەودەم گەنج بووم و هەستم دەکرد کە جگەرەکێشان کارێکی خۆش و باشە. ئەو جگەرەکانی بۆ هێنام و هەروەها لە ئێلێسێ، ناوەندی بازرگانیی جلوبەرگ کە فرانکا لەوێ کاری دەکرد، دەستێک جلی جوانی شینی بۆ هێنام. کاتێک گەنجی، دیاریی لەم چەشنە کاریگەرییەکی زۆرت لەسەر دادەنێت.»



بینینی ساتو دوای گەڕانەوەی لە ئیتالیا، هاوینی ١٩٨٧

## بینینی دایک و باوکی ساتو

سەرەتا کە بە دایک و باوکم وت کە پیاوێکی کوردستانیم ناسیوە، لە ڕاستیدا تەنانەت نەمدەزانی کە کوردستان کوێیە! زیاتر لەگەڵ دایکم قسەم کرد نەک باوکم. تەنانەت باسی ناوەکەیم کرد و وتم کە حەز دەکات بە پیترۆ بانگی بکەن هەرچەند ئەوە ناوی ڕاستەقینەی خۆی نییە.

«لە ناوەڕاستی مانگی ئۆگۆستدا، دایک و باوکم هاتن بۆ سەردانم. هەستم کرد پێویستە ئەوانیش بیبینن، بە تایبەت ئەگەر بمهەوێت لە سوید بمێنمەوە.» ساتو تامەزرۆ بوو کە دایک و باوکی بەم پیاوە بناسێنێت کە بە ڕێکەوت هاتبووە ناو ژیانی. ئالان دوای لێکردبوو کە بچێت بۆ سوید بۆ ئەوەی لەگەڵی بژیێت.

ئەر بەرنامەی وا بوو کە دوا سێ مانگ بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. بۆ کچێکی گەنج کە هەمیشە لەگەڵ دایک و باوکی ژیابوو ئەم ڕووداوانە ئاڵوگۆڕێکی تەواوەتی بوو لە ژیانیدا. لە سێپتەمبردا، ساتو بۆ تاقیکردنەوەی زمانی سویدی گەڕایەوە فینلاند و شەش هەفتە لەوێ مایەوە.

## کاتی گۆڕانەکان

شتەکان بە خێرایی دەگۆڕان. ئالان بڕیاری دا کە کاتی ئەوەیە ژیانی هاوبەشی پێک بهێنێت و بەرپرسیارەتیی هەبوونی کەسێک لە ژیانیدا لە ئەستۆ بگرێت. ساتو هاتبووە ژیانییەوە و دایک و باوکیشی بە دڵ بوون. ئەوان بەردەوام وەک کەسێکی بنەماڵەی خۆیان سەیریان دەکرد. ئەوە بۆ ئەو زۆر واتادار بوو، چونکە بنەماڵە لەناو کورداندا دەورێکی بەرچاوی هەیە. بە هۆی ژیان و دوور بوون لە بنەماڵەکەی، چەند ساڵ بوو پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی خۆی پچڕابوو.

لە ئیتالیاوە، ئالان دوا مۆڵەتی دا بە هاوسەری داهاتووی. ئەیزانی کە نایهەوێت لە فینلاند بژیێت، و ئەوەی بۆ نووسی. بەڵام ئەگەر ساتو بگەڕێتەوە ستۆکهۆڵم، دەچێتەوە بۆ لای. ئەو دەیزانی کە سوید، بە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆشخانەکانی لە ساڵانی شەست و حەفتادا دروست کرابوون شوێنێکی باشە بۆ کارەکەی و لەوێ دەتوانێت توێژینەوە بکات و درێژە بدات بە کارکردن لەسەر دوکتۆراکەی. هەموو ئەم شتانەی لە نامەیەکدا نووسین، وتبووی کە هۆکاری ڕاستەقینەی گەڕانەوەی بۆ سوید ئەوەیە کە لەگەڵ ئەو بژیێت. ئەگەر نا، دەچێت بۆ وڵاتێکی دیکە.

ساتو بە وەڵامی دڵخۆشکەری «بەڵێ!» وەڵامی ئەم نامەیەی دایەوە.



بینینی دایک و باوکی ساتو بۆ یەکەم جار، هاوینی ١٩٨٧

**ساتو بە وەڵامی دڵخۆشکەری «بەڵێ!»
وەڵامی ئەم نامەیەی دایەوە.**



لەگەڵ ساتو لە یەکەم ئاپارتمانیان لە ڕینکێبی، ١٩٨٨

## سەردانی بنەماڵەی خەزووری بۆ سوید

ئالان بەباشی سەردانی بنەماڵەی ساتوی لە ئۆگۆستی ١٩٨٧دا لەبیرە. ئەو بنەماڵەکەی بانگهێشت کرد و خواردنی ئیتالیایی بۆ دروست کردن: پیزا، لاسانیا، و پاستا. ئاتسۆ ساوقۆلا، باوکی ساتو، لە ساڤۆنلینا مامۆستای زانکۆ بوو و وانەی شێوازەکانی فێرکاری دەگوتەوە. ئالان دەڵێت «ئەو کەسێکی باش بوو و وێڕای ئەوەی کە تەنانەت قەت هیچی لەسەر خەڵکی کوردستان نەبیستبوو، ویستی من بناسێت، ئەوان لە سەرەتاوە منیان قەبوڵ کرد. کاتێک بینیم کە ساتو لەو تەمەنە کەمەیدا کەسێکی زۆر خوێندەوارە، زانیم کە هاوبەشێکی زۆر باش دەبێت بۆ ژیانم. ئێمە زۆر هاوبەشیمان بوون کە گرینگ بوون.

«من کەسێکی وەرزشکار بووم؛ شەرابم نەدەخواردەوە و جگەرەم نەدەکێشا، کەسێکی ئەکادمیک بووم. زۆر شتی هاوبەشم لەگەڵ باوکی هەبوو. ئاتسۆ زۆر پێی خۆش بوو کە من کەسێکی خوێندەوارم.» لە سەرووی ئەمانەوە، واپو، دایکی ساتو وتی کە ئالان حەز بە چێشتلێنان دەکات! لەو ڕۆژانەدا کێبەرکێییەکی گەورەی ڕاکردن لە نێوان وڵاتانی سوید و فینلاندا هەبوو. ساتو دەڵێت «باوکم حەزی بەو ڕووداوە دەکرد؛ دوو ڕۆژ درێژەی کێشا. یووها، برا بچوکەکەم لەوێ بوو و لەگەڵ ئالان چووین بۆ سەردانی ئەو یارییانە.»

لە سەرەتاوە دایک و باوکی ساتو زۆر حەزیان بە خوازێبینکەرە لاوەکە کرد. «بۆ باوکم گرینگ بوو کە ئالان ناخواتەوە و جگەرە ناکێشێت و دەرسی دەخوێند. شتێکی تر کە کاریگەر بوو لەسەریان ئەوە بوو کە ئالان ماستەری نژیاروانی بوو. بە هۆی ئەوەی کە باوکم مامۆستای زانکۆ بوو، بایەخی زیاتری دەدا بە کەسانی خوێندەوار. ئەودەم، دایکیشم وتی کە زۆر شتی هاوبەش لە نێوانیان هەیە. هەردووکیان هەندێک جار زۆر



سەردانی بنەماڵەی ساتو لە ساڤۆنلینا



مارەیی ساتو و ئالان لە ناوەڕاستی هاوین، جونی ١٩٨٨

**ئەو بە پێکەنینەوە وتی «من لەگەڵ تۆ ناژیم، تۆ لەگەڵ کچەکەم دەژیت، ئەگەر ئەو پێی خۆش بێت، من زۆرم پێ خۆشە.»**

کەسانێکی شێلگیر بوون و بە تەواوەتی سەریان لەسەر کاری خۆیان بوو.»

پاش بینینی بنەماڵەی ساتو لە سەرمای ٣٧ پلەی ژێر سفر لە ڕۆژانی کریسمەسدا، هەردووکیان پێکەوە چوون بۆ پێروجا بۆ ئەوەی «بنەماڵە ئیتالییەکەی» ئالان ببینن. هەمووان دڵخۆش بوون بە هاوژینیی ئەو دوو گەنجە. هەموویان پێکەوە بۆ سەما و جەژنی سەری ساڵ لەگەڵ پێنسەد ئیتالیایی دیکە چوونە دەر و بە دەم خواردنی بیرەوە دڵخۆشیی خۆیان دەردەبڕی. هەموو شت بە باشی بەڕێوە دەچوو.

## داهاتوو

ئالان و ساتو بە هەیەجانەوە دەیانڕوانییە ژیانی داهاتوویان. ئالان کە هەمیشە کەسێکی پلاندانەر و ڕێکخەر بووە، ویستی ئەو هاوینە هەموو شتێک فەرمی بکات و ژیانی هاوبەش لەگەڵ ساتو پێکبهێنێت.

ئالان دەگێڕێتەوە «دەمزانی کە کاتی ئەوەیە خۆشەویستیی ڕاستەقینەم بۆ ساتو دەربخەم و بچینە قۆناغی دەزگیرانداریییەوە. لە ساڵڕۆژی یەکەم بینینمان، داوام لێ کرد کە شووم پێ بکات.»

ساتو بەم شێوە شتەکان دەگێڕێتەوە ئالان ڕۆژێک پێی وتم «زۆر باشە، ناوەڕاستی هاوینی ١٩٨٨، دەبینە دەزگیران و ساڵێک دوای ئەوە زەماوەند دەکەین.»

ساتو دەگێڕێتەوە «لە سەرەتاوە هەموو شت زۆر ڕوون بوو کە چۆن شتەکان دەچنە پێشەوە و چی دەکەین. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە من زۆر خۆشم دەویست. بۆیە لە هەر قۆناغێکی ژیاندا، بەبێ ئەوەی پلانێکی ئاشکرامان ببێت ژیانمان بەرەو پێش دەچوو.»



زەماوەندی ئالان و ساتو، جوونی ١٩٨٩

## خوازبێنی

لـە مانگـی جونـی ١٩٨٨دا، چـوون بـۆ سـەردانی بنەماڵـەی سـاتو لـە فینلانـد. ئـالان تەمەنـی ٣٠ سـاڵ بـوو و سـاتو بیسـت سـاڵ بـوو. دوای گەیشـتنیان، ئـالان چـووە نزیـک باوکـی سـاتو و داوای کـرد کـە دەسـتی لەگـەڵ بداتـەوە. ئاتسـۆ سـاتێک لـە ئـالان ڕاما بـە پێکەنینـەوە وەڵامـی دایـەوە، «ئەڵبـەت، مـن کێشـەیەکم نییـە.» ئـەو بـە پێکەنینـەوە وتـی «مـن لەگـەڵ تـۆ ناژیـم، تـۆ لەگـەڵ کچەکـەم دەژیـت، ئەگـەر ئـەو پێـی خـۆش بێـت، مـن زۆرم پـێ خۆشـە.»

ئـالان دەڵێـت «ئـەو هاوینـە، باوکـی تـا ڕادەیـەک بـە دەسـت نەخۆشـیی ئاسمەوە دەیناڵانـد؛ کەشوهەوای فینلانـد بـۆ ئـەو بـاش نەبـوو. هەسـتم کـرد کـە ئـەو زۆر پێـی خۆشـە کـە ئێمـە زەماوەنـد بکەیـن و ماڵـی خۆمـان پێکـەوە بنێیـن. یووهـا، بـرای سـاتو، تەمەنـی نـۆ سـاڵ بـوو و خوشـکەکەی، هێلـی، لەگـەڵ دۆسـتەکەی دەژیـا.

سـاتو دەگێڕێتـەوە «لـە ڕیسـتۆرانێک کـە زۆر نائاسـایی بـوو لەگـەڵ بنەماڵەکـەم ڕێوڕەسـمێکی مارەبڕینـمان گـرت. ئێمـە قـەت لـە فینلانـد ئـەو کارەمـان نەدەکـرد. بـە هـۆی ئـەوەی کـە ژیانێکـی زۆر باشـمان نەبـوو هەمیشـە لـە ماڵـەوە نانمـان دەخـوارد. هەرچەنـد باوکـم مامۆسـتای زانکـۆ بـوو، دایکـم زۆربـەی کات لـە ماڵـەوە بـوو و دەبـوو دەسـت پێـوە بگـرن.»

ئـالان و سـاتو بڕیاریـان دا لـە هاوینـی سـاڵی ٨٩دا زەماوەنـد بکـەن. بـەڵام دەبـوو دەسـت بکـەن بـە پلاندانـان چونکـە دەیانویسـت کـە ڕێوڕەسـمی زەماوەندەکەیـان لـە قەڵایەکـی بەردینـی سـەدەی پـازدە، قـەڵای ئۆلاڤینلینـا، بەڕێـوە ببـەن کـە دەکەوێتـە سـاڤۆنلینا. قەڵاکـە کـە بـە قـەڵای ئاویـش نـاسراوە، لـە دوورگەیەکـی بەردینـی بچوکـدا سـاز کـراوە کـە دەوری بـە دەریاچـەی سـایما گیـراوە. ئـەو شـوێنە یەکێـک لـە دیارتریـن و جوانتریـن بینـا مێژووییەکانـی فینلانـدە. لـە سـاڵی ١٩١٢ەوە فێسـتیڤاڵی ئۆپێـرای سـاڤۆنلینا لـەو شـوێنە بەڕێـوە دەچێـت. نەدەکـرا شـوێنێکی دیکـەی ئەوەنـدە ڕازاوە و ڕۆمانتیـک بـۆ زەماوەندەکەیـان بدۆزنـەوە.

بانگهێشـتنامەیان بـۆ هاوڕێکانیـان لـە هەمـوو شـوێنێک نـارد. لـە لایـەن ئالانـەوە، فرانـکا و بنەماڵەکـەی یەکـەم کـەس بـوون کـە بانگهێشـت کـران. ئەڵبـەت، فرانـکا وەک هەمیشـە ئـاگاداری جلوبەرگەکانـی بـوو و قاتێـک جلـی زاوایەتـی ڤالێنتینـۆی بـۆ نـارد.

ئـەودەم، ئـالان دەسـتی کردبـوو بـە پەیوەندیگرتـن لەگـەڵ زانکـۆکان بـۆ دکتۆراکـەی. ئـەو هەروەهـا لەگـەڵ برینـک پەیوەنـدی گـرت کـە دامەزراوەیەکـی نژیاروانـی بـوو و لـە هاوینـی ١٩٨٨دا لـەوێ دەسـتی بـە کار کـرد. زۆر ئاسـاییە کـە ئـەو زۆر بـە دۆزینـەوەی ئێـش دڵخـۆش بـوو؛ ئـەو کارە تـازەزاوای لـە بـاری مادییـەوە بێخـەم دەکـرد.

## دەستپێکێکی قورسی ژیان بۆ هاوژینە سویدییەکان

زوو دوای گەڕانـەوەی سـاتو لـە فینلانـد، لـە کۆتایـی ئۆکتۆبـری ١٩٨٧دا، چـوون بـۆ ئاپارتمانێکـی دوو ژووری لـە ڕینکێبـی، لـە بەشـی باکووریـی سـتۆکهۆڵم کـە ئێسـتا زیاتـر کەسـانی بیانـی لـەوێ نیشـتەجێن و دواتـر بـووە شـوێنێکی تـەواو داخـراو و دابـڕاو. دواتـر لـە ١٩٨٩دا، باریـان کـرد بـۆ ئاپارتمانێکـی خوێنـدکاری لـە لاپیس، ئـەو شـوێنەی کـە یەکتریـان لـەوێ ناسیبوو. ئاپارتمانـە سـێ ژوورییەکەیـان لەسـەر تەپۆلکەیـەک لـە نزیـک ئـاو و دارسـتانێک هەڵکەوتبـوو. شـوێنێکی جـوان و هێمـن بـوو بـۆ ژیانـی ژن و مێـردە گەنجەکـە. باڵکۆنێکـی بچووکـی

بوو و پەنجەرەکانی بەسەر ڕیزەدارێکی پارکێنگێکدا دەیانڕوانی و لە زانکۆی ستۆکهۆڵم، شوێنی خوێندنی ساتو نزیک بوو.

ساتو بیرەوەرییەکی نۆستالیجیکی ئەو کاتەی دەگێڕێتەوە «ئاپارتمانی خۆمان هەبوو، ڕاخەرێکی بچووکمان بوو، ستریۆکەی ئەو، جلەکانی و ژمارەیەکی زۆر زۆر کتێب. من هەندێک لە کەلوپەلەکانم لە فینلاند کڕین و هەر ئەوەندەمان شت هەبوو. هێشتا ئەو ڕاخەرەم ماوە. ئێمە تەنانەت مێزێکمان نەبوو.

ساتو درێژە دەدات «بەو حاڵەشەوە زۆر دڵخۆش بووین.» لە هاوینی ١٩٨٧دا، ئالان بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا پەیوەندی بە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییەوە کرد و داوای یارمەتی کرد بۆ ئەوەی ماڵەکەی ڕێک بخات. «من پێم وتن کە ئێمە لێرە دەژین، پارەمان نییە، و داوای یارمەتیی مادیم کرد بۆ ئەوەی هەندێک کەلوپەل بکڕین. دوازدە هەزار کرۆنی سویدیمان وەرگرت کە دەیکردە نزیک هەزار و سێسەد یۆرۆ. ئەوە پارەیەکی زۆر بوو. لە ئایکیا، مۆبلێک، مێزێک و هەندێک شتی ترمان کڕین.»

ساتو لە فەرمانگەی پۆست دەستی کرد بە ئیش کردن. لەو ماوەیەدا، ئالانیش دەرماڵەیەکی خوێندکاری وەرگرت، و یارمەتیی مادی ئاکۆی برای دا کە هاتبوو بۆ سوید. ساتو دەڵێت «لە سوید، دەتوانی بەپێی پێویست دەرماڵەیەکی خوێندکاری زۆر وەربگریت و خوا بۆ ئێمەی ناردبوو.» پارە کەم بوو بەڵام ئەوان ژیانیان تێپەڕ دەکرد «ئالان کەسێکی شۆخ و لەبەردڵان بوو. زۆر دەچووینە دەر، زیاتر دەچووین بۆ پیزا چونکە هەرزان بوو. ئەو کاتێکی زۆری لەگەڵ من تێپەڕ دەکرد. کاتێکی یەکجار خۆش بوو.»



زەماوەندی ناو قەڵا، جوونی ١٩٨٩

لە جوونی ١٩٨٨، ئالان لەگەڵ ساتو دەستی بە ئیش لە فەرمانگەی پۆست کرد. چونکە هەردووکیان خوێندکار بوون، پێویستیان بە داهاتێکی زیاتر بوو، لەو کاتەشدا ئالان خوێندنی زمانی تەواو کردبوو و دەستی کردبوو بە گەڕان بە دوای کاری نژیاروانیدا.

هاوینی ساڵی دواتر زۆر شت یەک کەوتن لەوانە زەماوەندەکەیان. ساتو، ئالان، فرانکا، و هاوڕێیەکی ئیتالیایی سەرلەبەیانی زوو لە سویدەوە گەیشتن. لە ستۆکهۆڵمەوە بە کەشتی چوون بۆ هێلسنکی، پاشان سێ کاتژمێر بە ئۆتۆمبیل هاتبوون بۆ ساڤۆنلینا، ئەو شوێنەی ماڵی ساتو لێی دەژیان. لە ٢٢ی جووندا، ئێوارەی رۆژی ناوەڕاستی هاوین و ڕۆژێک بەر لە زەماوەندەکە هەموویان گەیشتن. لە ئێوارەدا، میوانەکان چوونە ماڵی هاوڕێیەک بۆ سۆنایەکی سکاندیناڤی و مەلەیان کرد.

بڕیار بوو زەماوەند سێی پاشنیوەڕۆ دەست پێ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کات نزیک دەبۆوە، هێشتا دە کەس لە میوانەکان نەگەیشتبوون. لەوانە بنەماڵەی ئالان و هاوڕێکانی لە سوید. ئەوان کاتژمێر دەی بەیانی بە فڕۆکە گەیشتبوونە هێلسنکی و دەبوو لەوێوە ٣٥٠ کیلۆمەتر بە ئۆتۆمبیل بێن. بە هۆی بایەکی توندەوە دەبوو بە وریایی و هێواشی بێن و سەرەڕای ئەوە ڕێگەکەشیان ون کردبوو. لەسەر ڕێگەیان تەلەفۆنی لێ نەبوو تاوەکوو سەرەنجام گەیشتبوونە وێستگەیەکی گاز.

ساتو لەگەڵ نزیکبوونەوەی دەستپێکی ڕێورەسمەکە تا دەهات بێ ئۆقرەتر دەبوو، و زۆر میوانی دیکە هێشتا نەگەیشتبوون. کاتێک زانی لە ڕێگەدان و نزیک بوونەوە ئارام بۆوە. ئالان لە ژووری دایک و باوکی ساتو چاوەڕێیان بوو و ئەوانی دیکە هەموو چووبوون بۆ قەڵاکە. سەرەنجام هاوڕێکانی گەیشتن و خێرا خۆیان گۆڕی. ئالان قاتێکی زیوینی شین و بۆینباخێکی سووری تۆخی بەستبوو؛ ساتو، جلێکی سپی بووکێنی لەبەر کردبوو و تارای بە سەریدا دابوو. ئەوانەی کە درەنگ گەیشتبوون، بەپەلە لەگەڵ ئالان بەڕێ کەوتن بەرەو قەڵای ئۆلانثیلینا.

**ڕۆژی زەماوەند**

پاشنیوەڕۆیەکی ناوازەی هاوین بوو. ئاسمان ساماڵ و هەوا فێنک بوو، ئاوی شینی دەریاچە لەبەر خۆرەتاودا دەبریسکایەوە. چواردەوریان ئاو بوو و بە پردێکدا پەڕینەوە بۆناو قەڵا بەردینەکە. ساتو بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە «لە بیرمە کاتێک نزیک بوومەوە، شوێنەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، چونکە شوێنێکی گەشتیاری بوو؛ خەڵک لە گۆشە و کەنارەوە وێنەیان دەگرت. ئەو ڕۆژە زۆر دڵخۆش بووم. هەستێکی زۆر تایبەتم بوو. لە پلیکانەکان چووینە سەر بۆ ژوورێکی بچووک و چاوەڕێ بووین ئالان بگات.»

سەرەنجام ئالان لەگەڵ هاوڕێکانی دەرکەوت، لە چاوتروکانێکدا بە پلیکانەکاندا سەرکەوت. ساتو قۆڵی باوکی گرتبوو. ئالان لە پێشەوە لای قەشەکە ڕاوەستا. ڕووناکیی خۆر لە کلاڕۆژنەکانەوە دەهاتە ناو دیوارە بەردینە ئەستوورەکان. دیمەنی ئاوە ڕوونەکان و دارستانەکان هۆش و خەیاڵی دەبردەوە. ساتو داوای لە قەشە ئیڤانجێلیست لوتێران کرد مارەیان کات، و ئالان ڕازی بوو. قەشە هیوای بەختەوەری بۆ ساتو و دایک و باوکی خواست. ئەو بە ئینگلیسی قسەی دەکرد تاوەکوو ئالان تێبگات.

ساتو پێدەکەنێت «ئینگلیسییەکەی، مەبەستم ئی قەشەکەیە، زۆر باش نەبوو. لە جێیەکدا لێی پرسیم ئایا

ڕازیم ببمە خێزانی ئالان. من تەنانەت تێنەگەیشتبووم، زۆر تووڕە بووم، بەڵام هەمووان پێکەنین: «ئاە، ئێستا تۆ ئیتر مێردت هەیە! وەڵامم دایەوە «بەڵێ من مێردم هەیە.»»
لە هۆدەیەکی گەورە لە خوارەوە پێشوازی لە میوانەکان دەکرا. دایک و باوکی ساتو، هەموو تێچووی ڕێوڕەسمەکەیان لە ئەستۆ گرتبوو. ئێوارەیەکی پڕ لە شادی و خۆشی بوو. خەڵک سەمایان دەکرد و گرووپێکی سێ کەسی موزیکیان دەژەنی کە یەکیان کوڕێکی دە ساڵەی خوێنشیرین بوو و درامی لێدەدا. هەموو دەستخۆشیان لێدەکردن.

## مانگی هەنگوین لە کۆشکی تێزارێک

بە هۆی ئەوەی پوڵ و پارەی پێویست بۆ مانگی هەنگوینێکی زۆر باش لەبەر دەستدا نەبوو، هاوژینە گەنجەکان شەوەکەی لە هۆتێلێکی ڕازاوەدا مانەوە کە ماڵی ساتو لە هاوینە هەوارێک بۆیان بەکرێ گرتبوون کە تێزارێکی ڕووسی بۆ خێزانەکەی دروستی کردبوو؛ شوێنەکە دەوری بە دارستان گیرابوو. فرانکا و هاوڕێکەشی لەوێ مانەوە. میوانەکانی سوید گەڕانەوە بۆ سەر کارەکانیان، بەڵام زۆرێک لە خزمان لەگەڵ دایک و باوکی ساتو مانەوە. ڕۆژی دواتر، هەموو کۆبوونەوە بۆ درێژەی ڕێوڕەسمی زەماوەند و کردنەوەی دیارییەکانی زەماوەند.
ئالان و ساتو لەگەڵ فرانکا گەڕانەوە بۆ سوید بۆ ئەوەی لەوێوە براوەتەوە بۆ ئیتالیا. زۆر زوو دواتر، ئالان و ساتو بە کەشتی گەڕانەوە بۆ فینلاند. ئەوان ڕۆژانی ساماڵی هاوینیان بە چێژوەرگرتن لە خۆرەتاو و سروشتی جوان تێپەڕ کرد. کاری سادە وەکوو بەلەمسواری و پێکەوەبوون بۆ دڵخۆشبوونیان بەس بوو.

## کاری سادە وەکوو بەلەمسواری و پێکەوەبوون بۆ دڵخۆشبوونیان بەس بوو.

## کارەسات

ڕۆژی ١٣ی جولای بوو، ئالان و ساتو چێژیان لە پێکەوەبوونی ئەو هاوینەیان وەردەگرت. ئەو شەوە، ئالان لەگەڵ خەزووری دانیشتبوو سەیری تەلەفزیۆنیان دەکرد. بێژەرەکە لەناکاو دەستی کرد بە قسەکردن سەبارەت بە کوردان. ئالان هەستایە سەرپێ، کاتێک کە خەزووری هەواڵەکەی بۆ وەرگێڕا کە ڕێبەرێکی گەورەی کورد مردووە، ئالان وشک بوو. ئەو ڕێبەرە دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو بوو.
ئالان بە هەواڵەکاندا گەڕا، وەک ئەوەی کات ڕاوەستابێت بۆی. ئەو دەڵێت «هەموو شت بۆ من سەراوبن بوو.» کاتێک سەردێرە ئینگلیسییەکانی خوێندنەوە، هەستی بە قووڵایی بێکۆتایی ئەو تراجیدییە کرد. ئەو قاسملووی دەناسی و زۆر جار لە نزیکەوە ئەو ڕێبەرەی لە شاری خۆیان لە مەهاباد بینیبوو. قاسملوو لە منداڵیدا وەک کەسێکی پێشەنگ بوو بۆ ئەو، کەسێک کە زۆر ستایشی دەکرد. یەکەم کاری ئەوە بوو کە تەلەفۆن بکات بۆ هاوڕێ کوردەکانی تا زانیاریی زیاتر وەربگرێت. کەس بە باشی نەیدەزانی چی ڕووی داوە. هەواڵی دژ بە یەک دەهاتن. یەکێک دەیگوت ئەو لە لایەن سەدامەوە کوژراوە، کەسانی دیکە

دەیانوت لە لایەن کوردەوە کوژراوە و هەندێک دەیانگوت ئێرانییەکان کوشتوویانە، هەواڵەکان دژ بە یەک بوون و دەبوونە هۆی سەرلێشێوان.
هاوژینەکەی، ساتو، تەنانەت نەیدەزانی کە قاسملوو کێ بووە. تا ئەو کاتە ئالان قەت باسی ئەوی بۆ نەکردبوو. بەڵام ئەو دەیبینی کە چۆن هاوسەرەکەی بە هۆی ئەم کارەساتەوە خەم دایگرتووە. ئەو ئارام نەدەبۆوە، وتی کە پێویستە زوو بگەڕێتەوە بۆ ستۆکهۆڵم. کاتی گەڕانەوە بۆ ستۆکهۆڵم، ژیانی قاسملوو و گرینگیی ئەو بۆ ملیۆنەها کورد بیریان داگیر کردبوو. بە مردنی ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتەیە، نیگەرانی چارەنووسی داهاتووی ملیۆنان کەس لە خوشک و براکانی بوو.



دوکتور قاسملوو

وێنە: کریس کۆچرا

## مەرگی قاسملوو: ژانێکی جەرگبڕ

چەند ڕۆژ دواتر، کوردەکان لە ستۆکهۆڵم خۆپیشاندانێکی گەورەیان ڕێک خست. وێنەی گەورەی ڕێبەرە شەهیدەکەیان لە دەستی ژنان و پیاواندا بوو و لەگەڵ ڕێپێوانەکە فرمێسکی لەکوڵیان بۆ ئەو مردنە ناوەختە دەڕشت. ئالان دەڵێت «خەڵکێکی یەکجار زۆری لێبوو. پۆلیس هاوڕێیەتیی خۆپیشاندەرانی دەکرد و کچی قاسملوو بە جلوبەرگی ڕەشەوە، پێش خەڵکەکە کەوتبوو و بێدەنگ دەگریا.»
خەمی مردنی قاسملوو بۆ ئالان وەک هەواڵی جەرگبڕی مردنی باوکی کە چەند مانگ پێش بیستبووی، هەژێنەر بوو. هەردووکیان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر سەرەتای ژیانی بوو و لە زۆر ڕووەوە هاندەری بوون.
«کاتێک دوکتور قاسملووم ناسی، ژیانم گۆڕا. ئەو هیوای من بۆ داهاتووی کوردستان بوو، هیوای ئێمە بۆ نەتەوەیەک و ڕێبەرێک کە ڕێز و حورمەتێکی بێبڕانەوەمان بۆی هەبوو. مردنی ئەو بێهیوای کردم چونکە کەسێکی تر نەبوو جێگەی بگرێتەوە؛ کەسێکی تر نەبوو هاوشانی ئەو یان ئەو شتەی ئەو لە خۆی نیشان دابوو. ئەو مرۆڤێکی بێوێنە بوو و ڕێبەرێکی کاریزماتیک، زیرەک بوو و چ لە لایەن




دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری کاریزماتێکی کوردستان لە ئێران

کورد و چ لە لایەن خەڵکی ناکوردیشەوە جێگەی ڕێز بوو. «ئەو چەندین ساڵی ژیانی بۆ کێشەی کورد تەرخان کردبوو. ئەو دەم، ئەو مایەی شانازیی کوردان بوو. تەنانەت ئەوانەش کە زۆر ناسیاوییان لە قاسملوو نەبوو یان ئەوانەی کە لە حیزبە سیاسییەکانی دیکە دژایەتیی قاسملوویان دەکرد، لە مردنەکەیدا یەکیان گرت.» مردنەکەی باشتر دەریخست کە بە ڕاستی قاسملوو کێ بووە و چ پێگەیەکی بووە. ئەو لەناو هەمووانـدا جێگەی دیار بوو و تا ئێستاش جێگەی بەتاڵە. لە ئێستادا هیچ ڕێبەرێکی کورد نییە کە بۆ مەزنی و لێهاتوویی بارتەقای ئەو بێت. دواتر ئالان سەردانێکی هیلتۆن لە ناوەندی ڤیەنا دەکات تا ڕێک بە هەمان ڕێگەدا بڕوا کە قاسملوو لە دوا ڕۆژی ژیانیدا پێدا تێپەڕبوو. لە میانەی وتووێژی ئاشتیدا بوو کە قاسملوو بە شێوەیەکی دڕندانە لە لایەن نوێنەرای ڕژێمی ئێرانەوە شەهید کرابوو. ئالان و بنەماڵەکەی سەردانی گۆڕستانی پێرلاشێزیان لە پاریس کرد کە قاسملوو لەوێ نێژراوە. لەوێ ئالان ڕێزی خۆی بۆ قاسملوو نیشان دا و بەڵێنی دا کە درێژەدەری ئەرک و ڕێبازی ئەو بێت بۆ گەلی کوردستان.

**«کاتێک دوکتور قاسملووم ناسی، ژیانم گۆڕا. ئەو هیوای من بۆ داهاتووی کوردستان بوو، هیوای ئێمە بۆ نەتەوەیەک و ڕێبەرێک کە ڕێز و حورمەتێکی بێبڕانەوەمان بۆی هەبوو.**

## کار

لەو ساڵانەدا بۆ کەسانی بیانی ئاسان بوو کار بدۆزنەوە، گرینگ نەبوو کەسێکی لێهاتووی یان نا. ئالان زۆر خێرا کارێکی دۆزییەوە. لە کاتێکدا کە ئالان بە شوێن زانکۆیەکدا دەگەڕا کە بە باشترین شێوە دوکتوراکەی تەواو بکات، لەگەڵ دامەزراوەی نژیاروانیی برینک دەستی بە کار کردبوو؛ ئەمەش وایکرد کە ساتو بتوانێت درێژە بە خوێندنەکەی بدات. ئەو بڕیاری دا کە مێژوو بخوێنێت، بەڵام هاوژینە پراگماتیکەکەی هانی دا کە لە بوارێکدا بخوێنێت کە زوو بتوانێت ئامادەی بکات بۆ ئەوەی کارێکی باش بدۆزێتەوە. بۆیە لە سێپتەمبری ١٩٨٨دا، ساتو چووە قوتابخانەی بازرگانی لە بواری ئابووریناسی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم.

## دروستکردنی ماڵی خۆیان

ساڵی ١٩٨٩، ئالان بڕیاری دا کە کاتی هاتووە ماڵی خۆیان دروست بکەن. ئەو وتی «وەکوو مێعمارێک، زۆر باشترە ماڵی خۆت دروست بکەیت و تێچووشی کەمترە. بۆخۆم دەمتوانی ماڵەکەم دیزاین بکەم. ئەگەر لە سوید یەکەم ماڵت دروست بکەیت حکومەت لە باری داراییەوە پشتگیریت دەکات. بۆیە داوا قەرزێکی دووسەد هەزار دۆلاریمان کرد بۆ ماڵ.» بەو پارەیە و لەگەڵ ٣٥ هەزار دۆلار کە لە دایک و باکی ساتو وەریانگرت. پارەی کڕینی پارچە زەوییەکیان دابین کرد و دواتر قەرزەکەیان دایەوە بە ئاتسۆ.
ئالان هەرزانترین ماڵی لەپێشداسازکراوی لە نەرویج دۆزییەوە و لە بەشی باشووریی شار لە نزیک دەریاچەی دریڤیکێن، پارچە زەوییەکی کڕی. ئالان دەڵێت «من دیزاینم کرد و لە ١٩٩٠دا ماڵی خۆمان بوو و لە ئەپریلی ١٩٩١دا چووینە ناوی.» ساتو دەڵێت «کاتێکی زۆر و ماندوویەکی زۆری ویست کە بۆ خۆمان ماڵەکەمان دروست کرد. ئالان زۆر تامەزرۆ بوو بۆ ئەوەی لە ماڵێکدا بژییت کە خۆی دروستی کردووە. ئەو کە ڕێکخەری هەموو شت بوو، سەرتاپا وزە بوو. ئێمە زەوی، ماڵ، گەراج و بناخەکەیمان هەموو جیابەجیا کڕین. ئەو هەموو کارێکی کرد و تەواو خۆی بەو پڕۆژەیەوە خەریک بوو.»
کاتێک ئالان کاری دەکرد و زمانی سویدی دەخوێند، ساتوش خۆی لە پیشەکەی و فێربوونی زمانی سویدیدا نوقم کردبوو. فێربوونی زمانێکی نوێ بۆ هەردووکیان زۆر گرینگ بوو. کار و خوێندن بووە بەرنامەی سەرەکییان.

## خوێندن

ساتو ناچار بوو کە زۆر چاک بخوێنێت، بە تایبەت لە دوا ساڵدا، کە دەبوو لە زووترین کاتدا دەست بکات بە کارکردن. ساتو بە بیری دێتەوە «نیگەرانییەکی زۆر گەورە بوو بۆ ئێمە، چونکە لە ١٩٨٨دا، کاتێک ئالان دەستی کرد بە ئیش، من لە زانکۆ دەستم کردبوو بە خوێندن. دەبوو خوێندنەکەی من سێ ساڵ و نیو درێژە بکێشێت بەڵام پێویست بوو کە لە سێ ساڵدا تەواوی بکەم، چونکە لە ١٩٩٠دا ئەو زەوییەمان کڕیبوو.
ئالان دەڵێت «من خوێندکار بووم و وەک مێعمارێک بە دوازدە هەزار کرۆنی سویدی ئیشم دەکرد. ساتو زۆر زیرەکە و باش دەیخوێند؛ ئەو خوێندنی ژمێریاری شەش مانگ بەر لە وادەی دیاریکراو تەواو کرد. شارەزایی ئەو یارمەتی داین کە تێچووەکانی ژیانمان دابین بکەین. بە گشتی زۆر ماوەیەکی سەخت بوو.»

لە بەهاری ١٩٩١دا ماڵەکە تەواو ببوو و چوونە ناوی. ساتو دەڵێت «دواتر منیش خوێندنەکەم تەواو کرد بەڵام بە هۆی ئاستی خوێندنەکەم نەمدەتوانی کار بدۆزمەوە. پێموایە لەبەر ناوەکەم بوو. چونکە لە داواکاریم بۆ کاردۆزینەوە نەیاندەزانی کە من ژنم یان پیاو. ئەوە ڕاستییەکە. دەبێت ناوێکی سویدیت ببێت وەکوو ئانا سڤێنسۆن و ئەگەر وابێت ژیان و کاردۆزینەوە لە سوید زۆر سادەترە.»




شوێنی بیرئانینی دوکتور قاسملوو لە شوێنی شەهیدبوونەکەی لە ڤیەنا لەگەڵ باڵوێز سنجاری

لە هاویندا لە ڕێگەی دراوسێیەکیانەوە، ساتو کارێکی لە ناوەندی چاودێریی بەساڵاچوواندا پەیدا کرد. لە ئۆگستی ١٩٩١دا، کارێکی دیکەی دۆزییەوە؛ بەڵام ساڵێک دوای ئەوە قەیرانێکی ئابووری سویدی گرتەوە. «ئالان کارەکەی لە دەست دا و ئێمە یەک ملیۆن و نیو کرۆنی سویدی قەرزدار بووین. ئالان بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ١٩٨٨ تا ١٩٩٢ لە برینک کاری کردبوو؛ تا کاتێک کە قەیرانی بیناسازی وڵاتی گرتەوە. ئەو و مێعمارەکانی دیکە لە کار لا دران. تەنیا بەڕێوەبەری سەرەکی لە کۆمپانیاکەدا مایەوە. زۆر سەخت بوو. هەرچی پاشەکەوتمان کردبوو لە دانەوەی قەرزی بانکیدا ڕۆیشت.»

ئالان و ساتو خەریکی دروستکردنی داهاتوویان بوون بەڵام ئەو قەیرانە خستنییە بارێکی ناڕوونەوە.

## بنەماڵەی ساتو

باوکی ساتو بە هۆی ڕەوشی تەندروستییەوە زووتر خانەنیشن بوو. ئەو ئاسمی بوو و هەوای زۆر ساردی فینلاند باری تەندروستی خراپتر دەکرد. ئاتسۆ هەمیشە خەونی بەوە دەبینی بە ئۆتۆمبیل لە کالیفۆرنیاوە بەرەو ئەمریکای لاتین سەفەر بکات و ئەو سەفەرەشی کرد.




گۆڕستانی پێرلاشێز لە
پاریس، شوێنێک کە دوکتور
قاسملووی لێ نێژراوە



ئالان و منداڵەکانی
سارا و مارکۆ

کاتێک سەفەری کرد، واپوو و یووها، دایک و برای ساتو، هاتن بۆ ئەوەی لەلای ئالان و ساتو بمێننەوە و لە ڕێکخستنی ماڵە تازەکەیاندا یارمەتییان دان. ئەوان ساڵێک لەوێ مانەوە.

لە جوونی ١٩٩٣دا، بنەماڵەی دیلانی یەکەم منداڵیان واتا سارا، کە کچ بوو لە دایک بوو. واپوو لەگەڵیان لە ستۆکهۆڵم، لە بەخێوکردنی منداڵەکەدا یارمەتی دەدان و تەنانەت جلوبەرگی دیزاین دەکرد و بۆی دەدروو. بڕیاریان دا کە زۆر زوو منداڵی دووهەمیان بێت چونکە ساتو هەژدە مانگ مۆڵەتی مانەوەی لە ماڵەوە بە هۆی دایکایەتی بوو. بەر لەوەی ئەو هەژدە مانگە تەواو بێت، سارا لە دێسەمبری ١٩٩٤ بووە خاوەنی برایەکی بچووکیش بە ناوی مارکۆ.

لە ئۆکتۆبری ١٩٩٤، دوور لە چاوەڕوانییان، ئاتسۆ وەفاتی کرد.

**لە جوونی ١٩٩٣دا، بنەماڵەی دیلانی یەکەم منداڵیان بوو، سارا کە کچ بوو... سارا لە دێسەمبری ١٩٩٤ بووە خاوەنی برایەکی بچووکیش بە ناوی مارکۆ.**

دوو مانگ بەر لە مردنی، ساتو لە نەخۆشخانە باوکی بینی. کۆرپە ساواکەی، سارای هێنابوو کە بابەگەورەی ببینێت. بە هۆی تەندروستیی خراپییەوە، شانسی ئەوەی هەبوو کە لە وڵاتێکی گەرمتر وەک ئیسپانیا زیندوو بمێنێتەوە، بەڵام ئەو فینلاندی خۆش دەویست.

زۆر کاتێکی ناخۆش بوو بۆ هەموو بنەماڵەکە. ئەوەندە نەژیا لەدایکبوونی مارکۆ ببینێت؛ مردنەکەی ناوەخت بوو، ئاتسۆ تەنیا پەنجا و حەوت ساڵ تەمەنی بوو. ئێستا واپوو و یووها بە تەنیا مابوونەوە. ئەو و کوڕەکەی چوون بۆ ماڵێک کە دەوروبەری دیمەنێکی جوانی بوو و لە نزیک دەریا بوو و بۆ ساڵانێکی زۆر لەوێ مانەوە.

## دایەگەورەی ساتو

ئالان دایەگەورەی هەشتاد و هەشت ساڵەی ساتو واتا ئاونێ، هەم بۆی کەسێکی سەرنجڕاکێش بوو و هەم نگەرانی بوو. ئەو کەسێکی زۆر نائاسایی بوو. ئەو مامۆستا بووە و لە تەمەنی شەست ساڵیدا خانەنشین بووە. پاشان دەست بە کارێکی نوێ دەکات و دەبێتە نیگارکێش بەبێ ئەوەی قەت نیگارکێشی کردبێت یان وێنەیەکی کێشابێتەوە. لە تەمەنی هەشتاد و هەشت ساڵیدا پیشانگەیەکی هونەریی بۆ کارەکانی دەکاتەوە. ئەو و ئالان لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی نامەوە پەیوەندییان بە یەکەوە دەگرت. ئالان زۆر جاران دەچوو بۆ سەردانی و ئەویش سەردانی بنەماڵەکەی دەکرد لە ستۆکهۆڵم. بەو تەمەنەوە، کەشتی دەگرت و سەفەری دەکرد بۆ سوید. ئەو حەزی دەکرد کە چیرۆکەکانی ژیانی لە جەنگی جیهانیی دووەمدا بۆ ئالان بگێڕێتەوە. دایکی ساتو دوای شەڕ گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ساتو دەڵێت «ئەو لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا منداڵ بووە و لەگەڵ زڕدایکی گەورە بووە. بۆیە دوای مردنیان تەنیا دەمێنێتەوە»

ئالان زۆر جاران لە وتارەکانیدا سەبارەت بە پیری و تەندروستی ئاماژە بە ئاونێ دەکات. «من لە وتارەکانمدا لەسەر تەندروستی لە تەمەنی پیریدا، کەڵکم لە چیرۆکی ژیانی ئەو وەرگرتووە چونکە ئەو کەسێکی



ئاونێ، دایەگەورەی ساتو، کە سەد ساڵ ژیا

وزەبەخش بوو. ئەو هەمیشە کەسێکی چالاک بوو. لە دواین ساڵەکانی ژیانیدا، کاتژمێرێکی بوو؛ ئەگەر کێشەی ببوایە، بە لێدانی زەنگی کاتژمێرەکەی کە بە خزمەتگوزارییەکی کۆمەڵایەتییەوە بەسترابۆوە داوای یارمەتی دەکرد. ئەو کەسێکی سەرنجڕاکێش بوو.»

کاتێک تەمەنی بووە ١٠٠ ساڵ، ئالان و ساتو چوون بۆ جەژنی لە دایکبوونی. کاتێکی ناخۆش بوو چونکە بنەماڵەکەی نەیاندەتوانی شوێنێکی نیشتەجێبوونی بۆ بدۆزنەوە. سەیر بوو کە لە فینلاند، شوێنی پێویست بۆ چاودێریی بەتەمەنەکان کەم بوون. چونکە زۆر بەتەمەن بوو، ژیان و کوالیتییەکەی بۆ ناوەندەکانی چاودێری زۆر جێی بایەخ نەبوون. بۆیە بنەماڵەکەی هیچ بژاردەیەکیان نەبوو جیا لەوەی کە ببەن بۆ نەخۆشخانەیەک، شوێنێک کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە چاودێریی فریاکەوتندا مایەوە، سەرەڕای ئەوەی کە هیچ نەخۆشییەکی نەبوو. ئالان بە حەسرەتێکی قووڵەوە ڕوونی دەکاتەوە، «لە ڕاستیدا، بە هۆی تەمەنی، لە نەخۆشخانە باش چاودێری نەدەکرا. ئەوە سێ بۆ چوار مانگ لە نەخۆشخانە مایەوە. تەنیا لەبەر ئەوەی پیر بوو. ئەوان بەوەیان دەگوت چارەسەری کۆتایی ژیان: نەخۆشخانەکان چاودێرییان ناکەن بەڵکوو چاوەڕێی مردنیان دەبن؛ ئەوان دەیانەوێت کە بمرن، بۆیە خواردنی پێویستیان پێ نادەن. ئەوە زۆر جار ڕوو دەدات. ئەوە دۆخێکی زۆر خراپە.»

«لە وڵاتە لاتینەکان و ئەمریکا، خەڵک چاودێریی بەتەمەنەکان دەکەن. بۆ وێنە، دایکە ئیتالییەکەم تەمەنی نەوەد و شەش ساڵە و تەنانەت ئێستاش، فرانکا و پاولا زۆر بە باشی چاودێری دەکەن. فەرهەنگی لاتین لەو ڕوانگەوە زۆر مێهرەبانترە. ئێرە وا نییە و ئەوەش جێگەی داخە.

«لە فینلاند، حکومەت بەرپرسی چاودێریی منداڵان و پیرەکانە. پیرەکان وەک منداڵیان لێ دێتەوە و کۆمەڵگا پێی وایە کە دەبێت حکومەت چاودێرییان بکات. پارەی یارمەتیی کۆمەڵایەتیی بۆ بەتەمەنەکان شتێکی ناشیرینە. من لەگەڵ پیرەکان کار دەکەم و بینیومە کە زۆربەیان بە تایبەت لەو تەمەندا باش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ناکرێت.»

**ساڵانێک دواتر، ئالان شارەزایی و تێگەیشتنی بۆ چاودێریی بەتەمەنەکان تەرخان دەکات.**

### ساتو: پاڵپشتێكی گەورە

**پاشان دەست بە كارێكی نوێ دەكات و دەبێتە نیگاركێش بەبێ ئەوەی قەت نیگاركێشی كردبێت یان وێنەیەكی كێشابێتەوە.**

لە كاتی پێكهێنانی ژیانی هاوبەشییاندا، ساتو پشتیوانییەكی گەورە و بەردەوامی لە هاوسەرەكەی دەكرد. ئەو بەردەوام پێداچوونەوەی بۆ كارەكانی دەكرد. ئالان دەگێڕێتەوە «هەرچیم دەنووسی، ساتو دەیخوێندەوە. ئەوم بە هەموو كارەكانمەوە سەرقاڵ كردبوو، بە تایبەت بە كارەكانی زانكۆوە. ئەو بەردەوام لەگەڵم بوو و بە هەموو شێوەیەك پشتیوانی دەكردم بە تایبەت بۆ سەفەرەكانم تەنانەت بۆ كوردستانیش. سەركەوتنی من دەگەڕێتەوە بۆ پشتیوانیی ئەو. لە زۆر ڕووەوە، ئەو كلیلی سەركەوتنی من بووە.
«كاتی سەفەرەكانم، ئەو ئاگاداریی ماڵەوە و منداڵەكانی دەكرد. ئەوان لە سایەی دایكایەتیی ئەوەوە بە جوانی گەورە بوون. سارا و ماركۆ بە بە فینلاندی و هەروەها ئینگلیزی، سویدی، ئیسپانی و ئیتالیایی قسە دەكەن. ئەوان بە كوردی قسە ناكەن چون من نەمویستووە زۆریان لێ بكەم. بەڵام هەردووكیان لە كوردی تێدەگەن. ئەوان زیاتر تێكەڵ بە كلتووری كوردین تا سویدی. ئەوان موزیك و هەڵپەڕینی كوردییان زۆر پێ خۆشە.
«سارا زۆر هاوڕێی كوردی هەن. كاتێك خۆپیشاندانێكی كوردەكان دەبێت، هەمیشە لەوێیە. براكەم زۆرجار دێتە سەردانمان و خوشكم كاتێك منداڵەكان سێ بۆ چوار ساڵ بوون دەهات. ساتو تا ئاستی قسەكردنێكی ئاسایی لەگەڵ براكەم و خوشكەكەم كوردی فێربووە.»
ئالان بە ژیانێكی نێونەتەوەیی و هەبوونی هوشیارییەكی جیهانییەوە، دەڵێت «منداڵەكانم و خێزانەكەم سەردانی هەموو جیهانیان كردووە. ئەوان تێڕوانینێكی زۆر بەربڵاویان بۆ ژیان هەیە. منداڵەكانم دوای تەواوكردنی دەرسەكەیان زۆر سەفەریان نەكرد چون پێشتر هەموو دنیایان بینیبوو، لە كاتێكدا هەموو هاوڕێكانیان دەیانویست دوای تەواوبوونی قوتابخانە بە زووترین كات سەفەر بكەن. من هەوڵم داوە كە ئەو زانیارییە بۆ منداڵەكانم بگوازمەوە تاوەكوو ئەزموونی ژیانیان بەرفراوانتر بێت. سارا و ماركۆ زۆر تێكەڵی پرسە كۆمەڵایەتییە جیهانییەكانن. بە تایبەت سارا دەچێتە هەر جێیەك، زۆر زوو خۆی بەو شوێنە ڕادەهێنێت. پێموایە ئەوە تایبەتمەندییەكی گرینگە كە لە چۆنیەتیی ژیانی بنەماڵەمانەوە پێی گەیشتووە. ماركۆش بە هەمان شێوە كەسێكی ئارام و هەستیارە؛ ئەو لە ئاستێكی بەرزدا تێكەڵی كۆمەڵگایە. و حەز بە دروستكردنی خواردنی زۆر باش دەكات.
«لە ماوەی چەندین ساڵدا، لە زۆر شوێنان ژیاوم. ئێستا دەتوانم لە هەر جێیەكی جیهان بژیم. زۆر سادە بووە بۆم كە خۆم بە چەندین كلتووری جیا ڕابهێنم. هەموو بنەماڵەكەم ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە. ئەوە زۆر من دڵخۆش دەكات.»

## ٣. ئامادەکردنی نۆ نەخۆشخانە بۆ داهاتوو، ساڵانی ١٩٨٩ بۆ ١٩٩٣

**بە قووڵبوونەوەی زیاتر بە بوارەکەیدا، ئالان زانیاریی وردتری لەسەر توێژینەوەی پلاندانانی نەخۆشخانە بە دەست هێنا و بابەتی دوکتوراکەی لەسەر هۆکارە بنەڕەتییەکانی بەدیهێنانی چاودێری، کارایی و تێڕوانینێکی نوێگەرانە بۆ فەرمانگەکانی پەرەستاری دیاری کرد. ئەو نۆ نەخۆشخانەی سکاندیناڤی بۆ توێژینەوە هەڵبژارد و بە حەزێکی بێوێنەوە شوێن ئەو بابەتە کەوت. ئالان لە شاری ترۆندهایم لە نەرویج دەستی بە کار کرد و سەرپەرشتیی فۆروومێکی لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم دەکرد کە سێمینارێکی وڵاتانی سکاندیناڤی بۆ پسپۆڕانی پزیشکی و مێعماری لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە دەبرد. کارەکانی لەگەڵ کۆمپانیای برینک لە ١٩٩٢دا کۆتایی پێکهات و تەواوی کاتەکەی بۆ کاری توێژینەوە لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم تەرخان کرد.**

ئالان بە مانەوەی لە سوید، شوێنێکی باشی بۆ ژیانی داهاتووی هەڵبژارد. لەوێ چالاکییەکی زۆر لە سەرانسەری سوید و وڵاتانی سکاندیناڤی لە بوارەکانی دیزاینی نەخۆشخانە و بیناسازی هەبوو. ئەو ماوەیە سەردەمی گەشە بوو. زۆر کەس کە لەو بوارانەدا کاریان دەکرد، دوای بڵابوونەوەی تێزی ماستەرەکەی، بابەتە پەیوەندیدار و تایبەتەکەی بۆیان سەرنجڕاکێش بوو. لە چەند شوێنەوە پێشنیاری کاری وەرگرت. ئالان چاوی لەسەر شتێک هەڵنەدەگرت: شیکاریی زیاتر و توێژینەوە لەسەر شوێنی کاری پەرەستارەکان لە نەخۆشخانە و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی باشتر، سادەتر و کاراتری کارەکانیان بۆ نەخۆشەکان. ئەو بڕیاری دا کە ئەو شتە بکاتە بابەتی تێزی دوکتوراکەی.

لە درێژەی ڕێگەیدا، ئەو ئولێ سوتێنین، نژیاروانی بلیمەتی فینلاندی بینی کە لە ڕێکخراوەی توێژینەوە لەسەر پلاندانانی نەخۆشخانە (SPRI) کاری دەکرد. ئەو گرووپە بە پەرەدانی زانیاریی مێعماری لەسەر نەخۆشخانەکان ناسراوە. ئولێ خەریکی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان دایرەکەی لەگەڵ کۆمپانیای برینک بوو. ئەو و ئالان بە هەبوونی ئامانج و خولیای هاوبەش ئەو کارەیان جێبەجێ کرد. کاتێک ئەوان یەکتریان ناسی، ئۆلی خەریکی دامەزراندنی نووسینگەی خۆی بوو. ئالان کاری ئەو پیاوەی زۆر پێ سەرنجڕاکێش بوو.

## کۆمپانیای برینک

ئالان لە کۆتایی ١٩٨٨دا لەگەڵ کۆمپانیای برینک دەستی بە کار کرد، لە چوار ساڵی دواتردا زۆر کاری کرد. یەکێک لەو شتانەی ئالان لە کارەکەی فێر بوو، ئەوە بوو کە ئەنجوومەنی شارۆچکەکان بەرپرسی پلاندانانی تەندروستی بوو لە ستۆکهۆڵم. ئەم زانیارییە لە داهاتوودا زۆر یارمەتیدەری بوو.

لە کۆمپانیای برینک، چەند یەکەی چاودێریی تەندروستی و چارەسەری دەروونی دیزاین کرد و لەگەڵ ژمارەیەک نەخۆشخانەی مەزن لە قۆناغی پلاندانانندا کاری کرد. ئەو دەڵێت «من ئەندامی تیمێکی سێ بۆ پێنج کەسی بووم کە چەند بەشی پرۆژەکەیان دیزاین کرد و پەرە پێدا. ئەو دەم، هەموو دیزاینەکانمان بە دەست دەکرد. سەرەڕای ئەوەی کە بە کۆمپیوتەر دیزاینمان نەدەکرد، کارەکانمان داهێنەرانە بوون. حەزی من بۆ پرۆسەی پلاندانان زیادی کرد و ئەوەش یارمەتی دام کە توێژینەوەی دوکتوراکەم بخەمە پێش هەر شتێکی تر و بەرەو پێشی ببەم.

«لە بیرمە کە زۆر دڵخۆش بووم بە بینینی کاستەنفۆرش، نژیاروانێکی بەناوبانگ کە نەخۆشخانەی سەرەکیی ئۆسلۆی دیزاین کردبوو کە نەخۆشخانەیەکی نەتەوەیی بوو لە ئۆسلۆ و یەکێکە لە باشترین نەخۆشخانەکانی وڵاتانی سکاندیناڤی. کاستەنفۆرش کێبەرکێیەکی دیزاینی نەخۆشخانەی بردبۆوە. ڕێزێکی زۆرم بۆی هەبوو و هەستم کرد ئەویش خۆشی دەوێم. ئەو کەسێکی زیرەک بوو و بەختەوەر بووم بە فێربوون لێی، شتێک کە هەستم دەکرد لە نووسینگەکەم لە برینکدا نەدەکرا.»

ئالان بە وزەیەکی تایبەت، داهێنەری و تێکۆشانەوە دەستی بە کارە نوێیەکەی کرد، بەیانیان کاری دەکرد و شەوانە زمانی سویدی دەخوێند. ساتو دەگێڕێتەوە «ئالان زۆر جار تا نیوەشەو یان یەکی بەیانی کاری دەکرد. ئەو زۆربەی کات لە کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان لە نووسینگەکەی ئامادە دەبوو و لەگەڵ شارەوانییەکان کۆ دەبۆوە. بەپێی سروشتی خۆی، بە دڵاواییەوە، کاتی خۆی تەرخان دەکرد.»

## ئەفریقا

ئالان بۆ خوێندنی دوکتوراکەی درێژەی دا بە گەڕان بە شوێن زانکۆیەکی باشدا. بە جەختکردن لەسەر ڕوانگەکانی دیزاینی پشتگیریکارانە بۆ فەرمانگەکانی پەرەستاری، یەکەم بیرۆکەی ئەوە بوو کە لە ئەفریقا کار بکات، تاوەکوو بە پەرەدانی سیستمی تەندروستیی کاراتر، خزمەتی وڵاتە هەژارە ئەفریقاییەکان بکات. ئالان پرۆفیسۆر سڤیبن تیبێرگ، بینی کە کەسێکی سۆسیال دێموکرات و چەپ بوو و قسەیان کرد، ئەویش ئەم بیرۆکەی وەک بژاردەیەکی باش بۆ توێژینەوە بە دڵ بوو. سڤیبن بەوە ناسرابوو کە لەگەڵ خوێندکاری جیاجیا و لەسەر تێزی جیاجیا لە چەپەوە بۆ ڕاست کار دەکات. ئالان دەڵێت «گرینگ بوو پرۆفیسۆرێک بدۆزیتەوە وەرتگرێت. بە هۆی ئەوەی کە تەواو کات لە فەرمانگەکەی کارم کردبوو، کراوەیی ئەوم بینیبوو. من شۆڕشگێڕانە هەڵسوکەوتم دەکرد و دەمویست یارمەتیی ئەو خەڵکانە بدەم کە لە باری ئابوورییەوە کێشەیان بوو. بەڵام لە کۆتاییدا ئەم بیرۆکەیە لە باری ئابوورییەوە کردەیی نەبوو.» بەپێچەوانەی بەخشندەیی و حەزە مرۆڤدۆستانەکەی، ئالان زانی کە وەها بابەتێک کردەیی نییە و ئاستەمە پشتیوانی مادی بۆ ئەو کارە پەیدا بکات.

ئـەو پێشـتر لـە کۆمپانیـای برینـک لەسـەر چەنـد پـڕۆژەی تەندروسـتی کاری دەکـرد و لەسـەر ئـەوە توێژینـەوەی دەکـرد کـە چـۆن فەرمانگەکانـی پەرەسـتاری دەتوانـن لـە ئێسـتا و داهاتووشـدا زۆر کاراتـر ئەرکەکانیـان ڕاپەڕێنـن. ئـەو بـوارەی کاری لەسـەر دەکـرد هەنگاوێـک بـوو بـۆ توێژینـەوەی زیاتـر لـە دوکتوراکەیـدا.

**من شۆڕشگێڕانە هەڵسوکەوتم دەکرد و دەمویست یارمەتیی ئەو خەڵکانە بدەم کە لە باری ئابوورییەوە کێشەیان بوو. بەڵام لە کۆتاییدا ئەم بیرۆکەیە لە باری ئابوورییەوە کردەیی نەبوو**

.

### دوکتورا دەست پێدەکات

لـە ١٩٨٩ ئـالان دەسـتی بـە پـڕۆژەی دوکتوراکـەی کـرد کـە لەسـەر هەڵسـەنگاندنی فەرمانگەکانـی پەرەسـتاری لـە نـۆ نەخۆشـخانەدا بـوو. نەخۆشـخانەیەک لـە سـتۆکهۆڵم بـوو و پێنـج دانـە لـە بەشـەکانی تـری سـوید بـوون. ئەوانـی دیکـە لـە نەرویـج، فینلانـد و دانیـمارک بـوون. ئـەو نەخۆشـخانە ماوەیەکـی وا بـە سـەر دروسـتکردنیان تێنەپەڕیبـوو و دوایـن بیرۆکـە و ڕێبـازە پیشـەنگەکانی دیزایـن تێیانـدا ڕەنگـی دابـۆوە. پێـوەرەی سـەرەکی بـۆ هەڵبژاردنیـان ئـەوە بـوو کـە ئـەو نەخۆشـخانانە چاوەدێرییەکـی وردی نەخۆشـییان دەکـرد. ئـەو توێژینەوەیـە پێنـج سـاڵ درێـژە دەکێشـێت. وتـاری کۆتاییەکـەی لـە لایـەن زانکـۆی تەکنۆلۆژیـی سـتۆکهۆڵم و دوای کۆتاییهاتنـی لـە ١٩٩٤دا بـڵاو دەبێتـەوە و بەمشـێوەیە پلـەی لیسـانس، ئاسـتی دیپلـۆم لـە نێـوان ماسـتەر و دوکتـۆردا بـە دەسـت دەهێنێـت.

**پرسیارە سەرەکییەکانی لە توێژینەوەکەیدا بە دوایاندا دەگەڕا بریتی بوون لە:**

- ئەم نەخۆشخانانە چۆن وەڵامدەری پێداویستییەکانی داهاتوو دەبن؟
- بیرۆکە نوێیەکان و داهێنانەکان لە نەخۆشخانەکدا چین و چۆن بەوانەی پێش خۆیان بەراورد دەکرێن؟
- ڕێبازە پێشەنگەکان لە پلاندانانی نەخۆشخانەدا چین؟
- چۆن کارمەند و نەخۆشەکان لەگەڵ ژینگەی سازکراودا هەڵسوکەوت دەکەن؟

### شیکاریی شوێنەکانی چاودێریی نەخۆش

ئـالان دەسـت کـرد بـە شـیکاریی تەواوەتـی شـوێنەکانی چاودێریـی نەخـۆش. ئـەو بـۆی دەرکـەوت کـە گرینگتریـن بەشـی هـەر نەخۆشـخانەیەک شـوێنی چاودێریـی نەخۆشـە. بەپێـی توێژینـەوەکان ئـەو بەشـە دڵـی نەخۆشـخانە بـوو: شـوێنێک کـە نەخۆشـەکان و کارمەنـدەکان یەکتـر دەبینـن و لەگـەڵ یـەک هەڵسـوکەوت دەکـەن. هەروەهـا شـوێنێک بـوو کـە نەخۆشـەکان کارایـی بیناکەیـان لـەوێ ئەزمـوون دەکـرد و چارەسـەر دەکـران. بـەم پێیـە،

هەستیارترین شوێن بوو. ئەو هەروەها بۆی دەرکەوت کە شوێنێکی زۆر گرینگی دیکە لە نەخۆشخانە ژووری نەخۆشە. توێژینەکەی ئەم چوارچێوەی لە خۆ دەگرت: شوێنێک کە کاری پەرەستاری تێدا دەکریت و چ پێوەرێکی گرینگ لەو شوێنە لەبەر چاو نەگیراوە.
ئەو بۆی دەرکەوت کە هەندێک لە نەخۆشخانەکان زۆر بەرەوپێش چوون، بە شێوەیەکی باش و کارا دیزاین کراون و لەوانی دیکەدا بایەخێکی کەم بە چاودێریی نەخۆش دراوە. تەندروستیی چاودێریکەران –واتە تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی پەرەستارەکان- زۆربەی کات لە پلانەکانی دیزایندا لەبەر چاو نەگیراوە. بۆ وێنە، هەر ژوورێکی نەخۆشخانەی شاری هالمستاند، سێ تەختی نووستنی بۆ نەخۆشەکان هەبوو و دیزاینەکەی لاواز بوو. دیزاینەکە بۆخۆی ببووە هۆی چەندین کێشە. ناوەندەکانی دیکە زۆر باشتر بیریان لە نەخۆش و پێداویستیی کارمەندەکان کردبۆوە و بە ڕوانگەیەکی داهێنەرانەوە ئەم کێشانەیان لەبەر چاو گرتبوون.

## ڕوانگەیەکی ئەزموونی

ئالان بۆ ئەوەی بزانێت کە هەر کام لە دیزاینەکان چ بەرهەمێکیان لێ کەوتۆتەوە، بۆخۆی وەک پەرەستارێک لە نەخۆشخانەکان کاتی بەسەر برد. ئەو دەڵێت «لە هەر نەخۆشخانەیەک دوو هەفتە مامەوە. لە دەستپێکدا، لە نەخۆشخانە، لە ڕاستیدا بەبێ هیچ ڕاهێنانێکی فەرمی وەک پەرەستارێک دەستم بە کار کرد. جلی پەرەستاریم لەبەر کرد و ئەو کارانەم ڕادەپەڕاندن کە پەیوەندییان بە پێدانی دەرمانەوە نەبوو.» لەو هاوکارییەدا لەگەڵ پەرەستارەکان ئامانجی ئەوە بوو کە «هەست بکات کاتی کارکردن لە نەخۆشخانەدا هەستیان چۆنە و چی ئەزموون دەکەن.»

## تاقیکردنەوەی پڕۆژە لە نەخۆشخانەی سانت یۆران لە شاری ستۆکهۆڵم

ئالان گوتی «لەو ماوەیەدا قەت نەخۆشەکان نەیاندەزانی کە من یەکێک لە کارمەندەکانی نەخۆشخانە نیم. بۆ یەک مانگ، لە نەخۆشخانەی سانت یۆران لە ستۆکهۆڵم ئەو کارەم وەک پڕۆژەی تاقیکردنەوە دەستپێکرد تاوەکوو بزانم ئایا کارەکە سەرکەوتوو دەبێت و بگەمە داتایەک کە چاوەڕێ بووم بە دەستی بهێنم.
«نەخۆشخانەی سانت یۆران لە هەرە بینا سەردەمییەکانی ستۆکهۆڵم بوو. لەوێ شیکاریم کرد کە (١) جۆرەکان و ژمارەی ژوورەکان چین، (٢) ئەرکی هەرکام لە ژوورەکان، (٣) چۆن چالاکییە جیاجیاکان لە هەر وێستگەیەکدا جێبەجێ دەکرێن و (٤) چۆن پشتیوانیی وێستگە ڕێک خراوە. ئەو بابەتانەی دیکە کە لەوی لێکۆڵینەوەم لەسەر دەکردن ئەمانە بوون (٥) پێکهاتەی کارمەندەکان (پەرەستارەکان، یاریدەری پەرەستارەکان)، (٦) کارمەندەکان، (٧) چەند پەرەستار کار دەکەن و ئەوەی کە ئایا لێهاتوویی پێویستیان هەیە و (٨) چ کاتێک و چەند کاتژمێر کار دەکەن. هەروەها دەبوو ئەوە ڕوون بکەمەوە کە چ مۆدێلێکی پەرەستاری بە کار دەهێنن. ئەو زانیارییەم لەسەر هەرکام لە نۆ نەخۆشخانەکە بە کار هێنا و لە هەر کامیان دوو هەفتە مامەوە.»

## نەخۆشخانەی شاری ترۆمسۆ لە باکووری نەرویج

نەخۆشـخانەیەکی دیکـە کـە ئـالان کاری لـێ کـرد لـە شـاری ترۆمسـۆ بـوو لـە باکـووری نەرویـج. «ترۆمسـۆ یەکێکـی تـر لـە نموونەکانـی توێژینـەی دوکتوراکـەم بـوو. دوو هەفتـە لـەوێ بـووم و لـە وێسـتگەی پەرەسـتاریی نەخۆشخانەکەیان مامـەوە تاوەکـوو بزانـم کـە چـۆن کار دەکات. بـۆم دەرکـەوت کـە وەک نەخۆشـخانەیەکی بلۆکـی دیزایـن کـراوە، واتـا ژمارەیـەک بلۆکـی هەبـوو کـە پەیوەندیـی ئاسـاییان هەبـوو و بلۆکەکان پێکـەوە بەسـتراوبوونەوە؛ بلۆکـەکان یەکەیەکـی سـێ نهۆمییـان پێکدەهێنـا. لـە هـەر نهۆمێکـدا، دوو فەرمانگـەی پەرەسـتاری لـێ بـوون، کـۆی گشـتیی فەرمانگەکانـی پەرەسـتاری لـە هـەر بینایەکـدا هـەژدە دانـە بـوون.

«هـەر یەکەیەکـی پەرسـتاری ٣٠ نەخۆشـی هەبـوون کـە دابـەش دەبوونە سـێ گرووپ و هـەر کامیان ١٠ نەخۆشـی هەبـوو، دوو کارمەنـد، پەرەسـتارێک و یاردەدەرێـک بەرپرسـی نەخۆشـەکان بـوون. بـە هـۆی ئـەوەی وێسـتگەکە بـاش دیزایـن نەکرابـوو، هەرلومەرجـی کارکردنـی بـۆ هەندێـک لـە کارمەنـدەکان ناخـۆش بـوو. هەندێـک لـە پەرەسـتارەکان دەبـوو لـە ڕۆژدا نزیکـەی شـەش کیلۆمەتـر بـە ڕێـدا بـڕۆن، لـە کاتێکـدا ئەوانـی دیکـە کاتێکـی کەمتریـان بـۆ خزمەتـی نەخۆشـەکان تێپـەڕ دەکـرد. ئـەو مۆدێلـە پەرەسـتارییە لـە نەخۆشـخانە بـە چاودێریـی گروپـی نـاسراوە.

«چەندیـن ڕوانگـە بـۆ چۆنیەتیـی ئاگاداریـی نەخـۆش هـەن. مۆدێلێکـی دووهەمـی بـە نـاوی جووتـە (PAR) هەیـە کـە ژمارەیەکـی تایبەتـی نەخۆشـەکان تەنیـا دوو کارمەندیـان بـۆ دیـاری دەکرێـت، تاکـوو لـە کاتـی مانەوەیـان لـە نەخۆشـخانە چاودێرییـان بکـەن. تیمێکـی دوو کەسـیی پەرەسـتارەکان بـۆ چاودێریـی تایبەتـی نەخۆشـەکان لـە کاتـی هاتنیـان بـۆ نەخۆشـخانە تـا ڕۆیشـتنیان دیـاری دەکرێـت: پەرەسـتارێک و بەردەسـتێکی بـە ناو وێسـتگەکەدا دەڕۆن بـۆ ئـەوەی نەخۆشـەکانیان ببینـن. ئـەو پەرەسـتارانە بەرپرسـی ژمارەیەکـی دیاریکراوی نەخۆشـەکانن.»

## کاریگەریی ڕێگەڕۆیشتنی زۆری پەرەستارەکان لەسەر چاودێریی نەخۆش

ئـالان بینـی «ئـەوەی بـۆ توێژینەوەکـەم گرینـگ بـوو، لێکۆڵینـەوە بـوو لـەو مـەودا دوورودرێـژەی کـە دەبـوو پەرەسـتارەکان لـە ڕۆژدا بـڕۆن. بـۆ ئـەوەی کـە کارەکانیـان بـە باشـترین شـێوە جێبەجـێ بکـەن، ئـەو مەودایـە زۆر گرینگـە. یـەک وێسـتگەی پەرەسـتاری لـێ بـوو و پەرەسـتارەکان لەوێـوە دەچـوون بـۆ هەمـوو بەشـەکانی تـر. بـە هـۆی ئـەوەی کـە وێسـتگەی پەرەسـتاری لـە ناوەڕاسـتدا هەڵنەکەوتبـوو، پەرەسـتارە بەتەمەنـەکان لـە شـوێنە نزیکـترەکان بـە وێسـتگەکە کاریـان دەکـرد و مەودایەکـی کەمـتر دەڕۆیشـتن.

«لـە مۆدێلێکـی دیکـەدا، پەرەسـتارەکان لـە شـوێنی دوور لـە وێسـتگەی پەرەسـتاری نەخۆشـیان بـوون. دەبوو مەودایەکـی زۆر بـڕۆن و زۆر مانـدوو دەبـوون. دوای بـەراوردەکان، بـۆم دەرکـەوت کـە لـەم مۆدێلـەدا ڕۆژانـە نزیکـەی شـەش کیلۆمەتـر بـە ڕێگـەدا دەڕۆن. ئـەوە بـۆ هەندێکیـان مەودایەکـی نائاسـایی بـوو.

«لـە سـەرەتادا لـە یەکێـک لـە نەخۆشـخانەکان وتیـان ‹واو، زۆر باشـە. دەچیـن بـۆ نەخۆشـخانەیەکی نـوێ و ڕەنـگ و دیکۆرێکـی ڕازاوەی هەیـە.› بـەڵام دوای دوو هەفتـە، کارمەنـدەکان بۆیـان دەرکـەوت کـە کارکـردن لێـی زۆر ئاسـتەمترە لـەو شـتەی کـە ئـەوان چاوەڕێیـان دەکـرد. زۆر سـادە بـوو. زۆر زوو لـەو شـتە تێگەیشـتم. چونکـە وێسـتگەی پەرەسـتارەکان لـە ناوەڕاسـتدا دیزایـن نەکرابـوو، ژووری خزمەتگوزارییەکانـی دیکـە لێیـان دوور بـوو.

پازدە بۆ هەژدە وێستگە لەو ناوەندەدا بەم شێوە دیزاین کرابوون. ژوورێکیان لە دەرەوە بۆ ڕاهێنان بوو کە قەت بە کاریان نەدەهێنا.»
خاڵەکە ئەوە بوو کە لە دیزایندا چالاکیی کارمەندەکان لەناو وێستگەکاندا لەبەر چاو نەگیرابوو چونکە مێعمارەکان لە بەدواداچوونەکانیاندا لەگەڵ کارمەندەکان ڕاوێژیان نەکردبوو.

**خاڵەکە ئەوە بوو کە لە دیزایندا چالاکیی کارمەندەکان لەناو وێستگەکاندا لەبەر چاو نەگیرابوو چونکە مێعمارەکان لە بەدواداچوونەکانیاندا لەگەڵ کارمەندەکان ڕاوێژیان نەکردبوو.**

### ڕوانگەیەکی داهێنەرانە بۆ دیزاین بە لەبەرچاوگرتنی کارمەندەکان

«بەم پێیە، لە دوکتوراکەمدا، پێشنیاری گۆڕینی پلانم دا. هەموو وێستگەکانی پەرەستاریم لە ناوەڕستدا دانان، بۆیە پەرەستارەکان دەیانتوانی بە شێوەی یەکسان دەستیان بە هەموو بەشەکان ڕابگات. وێستگەکانی پەرەستاری ڕێک لە مەودایەکی یەکسان لە نەخۆشەکان دوور بوون. هەروەها ژمارەی نەخۆشەکان کە دەبوو خزمەتیان بکرێت لە ٣٢ نەخۆش کەمم کردەوە بۆ ٢٨ کەس. ئەوەش واتا چوار گرووپ کە هەر کامیان چاودێریی حەوت نەخۆشیان لە ئەستۆ بوو کە نەخۆشەکان لە ژوورێکی چوار تەختی، دوو تەختی و یەک تەختیدا بوون، و تیمێکی دووکەسی لە پەرەستارەکان خزمەتی ژمارەیەکی یەکسانی نەخۆشەکانیان دەکرد. تیمەکانی پەرەستاری یەکسان بوون، بۆیە دەیانتوانی کار بکەن گرینگ نەبوو کام تیمە لەسەر کارە. هەرکامیان خزمەتیان بە ژمارەیەکی یەکسانی نەخۆشەکان دەکرد.

### قەبارەی فەرمانگەکانی پەرەستاری و مۆدێلەکانی ڕێکخستنیان

«پەیوەندی دەرەکی و ناوەکی نێوان پەرەستارەکان و نەخۆشەکانمان شی کردەوە. من هەستی کۆنترۆڵی کارمەندەکانم شی کردەوە. بۆ وێنە ئەگەر پەرەستارەکان لە شوێنێکی تایبەت بن، دەتوانن لە شەودا هەموو فەرمانگەکان ببینن؟ لە ڕابردوودا تەنیا دەیانتوانی مەودایەکی سنووردار ببینن. ماوەیەک لەوەوبەر، نەخۆشێک لە پەنجەرەوە بازی دابوو و مردبوو کە ڕۆژی دواتر پێیان زانیبوو، چونکە پەرەستارەکان نەیاندەتوانی لە وێستگەکەیانەوە سەردانی ژووری هەموو نەخۆشەکان بکەن. هەندێک لە نەخۆشەکان، لە شەودا نەخۆشخانەیان جێدەهێشت و دەچوونە ماڵەوە و ڕۆژی دواتر بەبێ ئەوەی کارمەندەکان بزانن دەهاتنەوە. هیچ کۆنترۆڵێک نەبوو چونکە دوو ڕێگەی هاتنەژوور هەبوو. بە دانانیان لە شوێنی جیاواز، پەرەستارەکان هەر دوو لایان دەبینی کە کێ دێت و کێ دەڕوات. گۆڕینی دیزاین دەیتوانی کاراییەکی زیاتر و ئەمنیەتی زیاتر بۆ هەمووان دابین بکات.

«چەند مۆدێل هەبوون کە من کارم لەسەر دەکردن: ئاراستەی ڕۆیشتن، مەودای ڕۆیشن و کارایی کارکردن. من ئەم سێ فاکتۆرەم بە وردی شی کردنەوە و گەیشتمە ئەم ئەنجامانە: دەبێت هەموو نەخۆشێک بە سادەیی دەستی بە وێستگەی پەرەستاری ڕابگات. نابێت لە دەرەوەی شوێنی چاودێری هەڵبکەوێت. پێویست بوو کە پەیکەربەندیی شوێنی چاودێری دەستکاری بکرێت بۆ ئەوەی لە باری پەیوەندی لەگەڵ ژوورەکان، مەودا و هەستی کۆنترۆڵی کارمەندەکان بە باشی کار بکات. پێشنیارەکانی من وەرگیران و لەلایەن کارمەندەکانەوە پێشوازییان لێ کرا.

ئالان دەگێڕێتەوە «ڕۆژی دوای پێشکەشکردنی بابەتەکەم، گۆڤاری ڕۆژانەی نەرویجیی ئادرێس ئاڤیسن، لە زاری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەوە بڵاوی کردەوە کە نەخۆشخانە نوێیەکە تەنیا یەک ساڵ دوای کرانەوەی کۆن بووە و پێویستە بۆ نوژەنکردنەوەی پازدە ملیۆن کرۆنی نەرویجی تەرخان بکرێت. ئەو هاوڕابوو کە ئەوان شوێن دیزاینێکی کۆنی نەخۆشخانە کەوتوون کە چیتر دیزاینێکی دروست نییە.»

## گەشەدانی زیاتری پیشەکەی و پەرەسەندنەکان

توێژینەوەی ئالان هەلی کاری زیاتری بۆ ڕەخساند. چونکە یەکێک لەو نەخۆشخانانەی توێژینەوەی لەسەر دەکرد لە شاری ترۆمسۆ بوو، لە ساڵی ١٩٩٠دا ئالان بانگێشت کرا تا لە نەرویج ڕاپۆرتەکەی پێشکەش بکات. بە دوای ئەمەدا، وەزیری تەندروستیی نەرویج داوای لێ کرد کە لە شاری ترۆندهایم کار بکات. ئالان وتی «دوای ئەو بەراوردانە وتارەکان بڵاو کرانەوە. وەزیریی تەندروستیی نەرویج بانگهێشتی کردم تاوەکوو پرۆژەی نەخۆشخانەیەکی نوێ لە شاری ترۆندهایم ببینم و دەستکەوتەکانم لەوێ پێشکەش بکەم. سەرەنجام، بۆ دوو دەیە سەرقاڵی بەراوردی پرۆژەی نوێیەکەی ترۆندهایم بووم.»

لەوێ تەنانەت هەلی زیاتر بۆ ئالان هەبوو. لە ١٩٩١-١٩٩٢دا، فۆروومێکی توێژینەوەی چاودێریی تەندروستی لە دامەزراوەی زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم بەڕێوە برد و سیمینارێکی وڵاتانی سکاندیناڤی لە ستۆکهۆڵم ڕێکخست کە زنجیرەیەک سیمینار بوو لەگەڵ ژمارەیەک پێشکەشکردنی وتار لەسەر دەستکەوتەکان بۆ نەخۆشخانەکانی وڵاتانی سکاندیناڤی لە سوید، فینلاند، نەرویج و دانیمارک. ئالان وتی «بەشێک لە توێژینەوەکەم ئەوە بوو کە تۆڕێک ساز بکەم و باس لە چاودێریی تەندروستی لە سکاندیناڤیا بکەم و نژیاروانەکان و بەرپرسەکان بانگهێشت بکەم بۆ ئەوەی لەسەر پرۆژە نوێیەکانی وڵات باس بکەم.»

## پەرەدانی زیاتر

لە سوید دوو کۆمپانیای گەورەی وایت ئارکیتێکت و FFNS بازاڕ و کێبەرکێیان گرتە دەست. ئەوانە هەروەها لە دەستبەسەرداگرتنی ناوەندە لێهاتووە بچوکترەکانیشدا لە کێبەرکێدا بوون بۆ ئەوەی بازرگانییەکەیان پەرە پێبدەن و لە بەشەکانی دیکەی وڵاتدا بچنە بازاڕەوە. بۆ زۆرینەکردنی سوودەکانیان، باشترین کارمەندەکانیان ڕادەگرتن و ئەوانی دیکەیان دەردەکردن. هەندێک جار، شتێکیان ساز دەکرد کە دەکرا پێی بڵێی کارتێل یان کاری هاوبەش لە بەشە جیاجیاکانی سوید. ئالان وەها ڕوونکردنەوە دەدات «زۆربەی ناوەندەکانی وڵات ڕقیان لەم دوو کۆمپانیایە بوو چونکە هەندێک لە مامەڵەکانیان دژەئاکاری بوون»

کاتێک کاری ئالان لە ١٩٩٢دا لەگەڵ کۆمپانیای برینک کۆتایی پێهات و چوو بۆ زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم، ئەم هەلە نوێیە پەرەسەندنێکی چاوەڕوواننەکراوی ئەو بوارەی نژیاروانی لێ کەوتەوە کە ئەو هەڵیبژاردبوو. دیزاینی نەخۆشخانە و بیناسازی فرەڕەهەند و کاریگەر دەبوو. بیرۆکە نوێیەکان کە خەریکی لەدایکبوون بوون و لە لایەن نژیاروانە گەنجە مەهابادییەکەوە بە سەرانسەری جیهاندا بڵاو دەبوونەوە.

بەر لەوەی ئەو شتە ڕوو بدات، لە ١٩٩٤دا قۆناغێکی پڕچەرمەسەری لە ژیانی ئالاندا دەست پێدەکات. ئەو دەبینێت کە لە لایەن ناسراوترین کەسایەتییەکان و دامەزراوەکانی نژیاروانیی ئەو کاتەی سوید دژایەتی دەکرێت. ئەو شتە توانابیەکانی ئالان هەڵدەسەنگێنێت و لایکەمی بۆ ماوەیەک، داهاتووی ژیانی ئالان و بنەماڵەکەی دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

## لە سوید دوو کۆمپانیای گەورەی وایت ئارکیتێکت و FFNS بازاڕ و کێبەرکێیان گرتە دەست.

## ٤. ململانێکان لە سوید: نژیاروانی و سیاسەت، ١٩٩٤-١٩٩٦

کێشەکە لە کۆتایی پاییزی ١٩٩٤دا سەری هەڵدا. بە بڵاوبوونەوەی یەکەم وتاری ئالان لە نۆڤەمبردا، باسوخواسێکی میدیایی دەستی پێکرد کە تاوەکوو مارسی ١٩٩٥ درێژەی کێشا. ئالان ئەو ناتەواوییانەی زەق کردنەوە کە لە هەندێک لە نەخۆشخانە سەرەدمییەکانی سوید و پرۆژەکانی دیزایندا بەدی کردبوون. قۆناغێکی پڕ کێشە لە دژایەتی بەدوادا هات. بەشێکی لۆبیی نژیاروانیی سوید دژایەتیی ئاراستەی توێژینەوەی نژیاروانە کوردە گەنجەکەیان کرد. ساڵانێک توێژینەوەی نژیاروانی، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی وردبینانە لەسەر دیزاین و بەکەڵکی بیناکان و وەڵامە سەرڕاستەکانی بوونە هۆی ئەوەی لەناو یاسا و ڕێساکانی سویددا جێگەی خۆیان بکەنەوە.
لە سوید، تێکەڵبوونی سیاسەت، پێشداوەریی کۆمەڵایەتی، دیزاینی نژیاروانی لە باو کەوتوو، و سەرمایەگوزارییەکی دارایی زۆر لە پرۆژەی مەزنی چاودێریی تەندروستی لە ناوەڕاستەکانی ١٩٩٠ەکاندا لەگەڵ پیشە نژیارواننییە نوێیەکەی ئالان بەریەک کەوتن.
ڕاپۆرتەکانی ئالان باسی لە هەندێک دیزاینی دیاریکراوی نەخۆشخانەکان دەکرد کە کاریگەرییەکی خراپییان لەسەر چاکبوونەوەی نەخۆش و کارمەندەکان دەبوو. بە تایبەتی، ئەنجامی توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری لەسەر چەندین نەخۆشخانە دانا. نەخۆشخانەی شاری هالمستاد یەکێک لەوانە بوو. توێژینەوەکەی ئەو، هەردوو بواری پراکتیکی و وردەکارییەکانی دیزاینی نەخۆشخانەی دەکردە ئامانج. لێهاتوویی و شارەزایی ناوەندی دیزاینی وایت ئارکیتێکت و ناوەندی بیناسازیی سکانسکا کەوتنە ژێر پرسیارەوە. کارمەندانی نەخۆشخانە بۆخۆیان وەڵامی ئەرێنییان دایەوە بە توێژینەوەکەی ئالان. چەندین دوکتور بۆ پشتیوانیی ئالان دەستیان لە کار کێشایەوە و ناڕەزایەتیی خۆیان بۆ دیزاینی بیناکان دەربڕی. لە ڕێگەی تۆڕێکی گەورە لە پەیوەندییەکان، لەوانە ئەنجوومەنی شاری هالمستاند، کۆمپانیا گەورەکان بە دوای بێنرخکردنی توێژینەوەی ئالان و ناوبانگی ئەو بوون.
بە پێچەوانەوە، هۆکارێکی هەڵگیرسانی ئەو دژایەتییانە دیاردەیەک بوو بەناوی یێنتێ لاگێن کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی خراپە لەناو سویدییەکاندا باوە. وێڕای ئەوەی کە بە ڕواڵەت پێشکەوتن لە بواری سیاسەت و لە سەرجەم بەشەکانی بازرگانیدا هاتبووە ئاراوە، لە ڕاستیدا ڕوانگەی سویدییەکان کۆنترۆڵ، ڕەگەزپەرەستی و لایەنی دواکەوتووشی تێدابوو. پەرستارێکی فەرمی بە ناوی، لالا تۆرد، دەڵێت «وەک بیانییەک، دەبێت بەردەوام هەوڵی زیاتر بدەی بۆ ئەوەی بەها و مافێکی یەکسانت بێت. سوید شوێنێکی دوور و تەریکە.

لەسەر ڕێگە نییە، بۆیە بەردەوام بە دڕدۆنگییەوە سەیری ئەو بیانیانە دەکەن کە دێنە ئەو وڵاتە. بە ڕاستی سەختە بۆ سویدییەکان کە پێشوازییان لێ بکەن.»

یێنتێ لاگێن بە تایبەت ڕووی لە نژیاروانێکی لاو لە کوردستانەوە کردبوو کە توێژینەوەکەی ڕەخنەی لە چەمکە جێگیرکراوەکانی دیزاینی نەخۆشخانە دەگرت. ئەمەش گەیشتە ڕووبەڕووبەنەوەیەکی ڕاستەوخۆ کە لە میدیادا دەنگی دایەوە. هەرچەند بۆ ئەو کاتە سەخت بوو، دژایەتیی توێژینەوەی ئالان کاریگەرییەکی کەمی لەسەر داهاتووی کاری ئالان کرد. لە ڕاستیدا، ئەوە ئامادەی کرد بۆ ئەوەی دەست بە گۆڕانکاری لە چۆنیەتیی دیزاینی نەخۆشخانەکاندا بکات. بنەما نوێیەکان دەبوو بناخەی کاری داهاتووی ئالان پێک بهێنن.

## لایەنە سەرەکییەکانی دیزاینی نەخۆشخانە و کەموکوڕییەکان

نەرمی نواندن لە ئێستادا سەرەکیترین پێوەرە لە چاودێریی تەندروستیدا، لە ١٩٩٤یشدا بە هەمان شێوە بوو. کاتێک لایەنەکانی چاوەدێریی تەندروستی دەگۆڕدرێن، دەبێت بینای نەخۆشخانە خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانانە بگونجێنێت. هەندێک لە دوایین گۆڕانکارییەکان بریتین لە کەمکردنەوەی زەختی کاری نەخۆشخانە، کەمکردنەوەی تەختی نەخۆشەکان، بەکارهێنانی زیاتری تەکنۆلۆژی. هەر بۆیە، جیاوازیی نێوان نەخۆشخانەیەکی باش و نەخۆشخانەیەکی خراپ لە ڕێگەی ئەوەوە دیاری دەکرێت کە ئایا دامەزراوەکە دەتوانێت خۆی لەگەڵ داواکارییە نوێیەکە بگونجێنێت. وشە سەرەکییەکانی دیکە لە پلاندانانی نەخۆشخانەیەکی نوێ ئەمانەن: ڕواڵەت و مەودای ڕێگەڕۆیشتنی کورت. جیاوازیی نێوان جۆرە جیاجیاکانی بەشەکانی چاودێریی نەخۆش بۆ وێنە پەیوەندیی فەزای نێوان وێستگەکانی پەرەستاری و ژوورەکانی نەخۆش لە مەودای ڕێگەڕۆیشتندا گرینگن.

ئالان ئاماژە دەکات «مۆدێل دەبێت بتوانێت لە کاتێکی کەمدا و بە بێ تێچوویەکی زۆر جێبەجێ بکرێت» کاتێک ئالان دیلانی لە ١٩٩٤دا، ستایشی هەندێک لە نەخۆشخانەکانی کرد، پلانی دروستکراوی بلۆکی C2ی وەک بەشێکی زیادکراو لە نەخۆشخانەی شاری هالمستاند لە ساحلی ڕۆژاوای سوید خستە بەر ڕەخنە. بە پشتیوانیی کارمەندانی نەخۆشخانەی هالمستاند، ئالان لە میدیادا باسی کرا و لە چەندین وتاردا لە هالاندپۆستێن، ڕۆژنامەیەکی سەرەکیی ناوچەکە بابەتی لەسەر بڵاو کرایەوە.

ڕەخنەی ئەو لە کەموکوڕییەکانی دیزاینی نەخۆشخانەکە نە تەنیا ناوەندی نژیاروانی وایت ئارکیتێکت، بەڵکوو بەڕێوەبەرایەتیی نەخۆشخانەکە و ئەنجوومەنی شارەکەشی تووڕە کرد. بە هۆی ئەوەی کە دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیە بوودجەیەکی گەورەی تێچووبوو، ئەو کەسانەی کە لە دروستیکردنیدا بەشدار بوون زۆر زوو دەستیان کرد بە داکۆکی لە کارایی دیزاینەکە.

کاتێک ئالان سێ کەموکوڕی سەرەکیی دیزاینی نەخۆشخانەکەی باس کرد کێشەکان سەریان هەڵدا: کەمی نەرمی نواندنی بیناکە بۆ گونجاندنی لەگەڵ داواکارییە نوێیەکان؛ مەودای ڕێگەڕۆیشتنی نێوان وێستگەکانی پەرەستاری و ژوورەکانی نەخۆش کە کاتی چاودێریی نەخۆشی کەم دەکردەوە؛ و بچووکیی

تەختـی نەخۆشـەکان کـە لـە لایەکـەوە ژیانـی تایبەتیـی نەخۆشـەکان ناپارێزرێـت و لایەکـی دیکـەوە هەلـی دروسـتکرنی پەیوەندیـی کۆمەڵایەتیـی بـۆ نەخۆشـەکان نارەخسـێنێت.
ڕێگەڕۆیشـتنی زۆر کێشـەی سـەرەکی بـوو چونکـە بـە واتـای ئـەوە بـوو کـە کارمەنـدەکان کاتێکـی کەمتریـان بـۆ نەخۆشـەکان هەیـە. هەروەهـا دەبێتـە هـۆی زیادبوونـی ژمـارەی کارمەنـدەکان و ئـەوەش لەسـەر تێچـووەکان کاریگـەری دادەنێت. لـە وتارێکـدا لـە ڕۆژنامـەی داگینـس مێدیسـین (پزیشـکیی ڕۆژانـە)، ئـالان دەڵێـت کـە لـە ئۆنشـۆلدڤیسـک لـە باکووری سـوید، دوو بینـای گـەورە و لەکارکەوتووی سـاڵانی ١٩٤٠، بـە ژێربینـای ٢٣،٠٠٠ مەتـری دووجـاوە تێـک دران و لـە جێگەیـان بینایەکـی ٨،٥٠٠ مەتـری نـوێ سـاز کـرا. ئـالان ئامـاژە دەکات «گەورەتریـن گۆڕانـکاری بـۆ نەخۆشـەکان ئەوەیـە کـە مۆدێلـی ژووری شـەش کەسـی بـۆ نەخۆشـەکان بـە تەواوەتـی لا دەبرێـت. نەخۆشـخانە نوێیەکـە ژوورەکانـی تەنیـا بـۆ یـەک یـان دوو نەخۆشـن. پەنجـەرەکان هەتـاو دەیانگرێـت و هەمـوو ژوورەکان دووشـیان تیـدا دەبێـت. کاریگـەریـی کارمەنـدەکان، پشـتیوانی لـە یەکەیەکـی چاودێریـی وردبینانـە دەکات کـە لەسـەر ڕادیۆلۆجـی، تاقیگـە و چاودێریـی ورد جەخـت دەکاتـەوە.»

### وتاری ڕۆژنامەی پزیشکیی ئەمڕۆ

بـە دوای وتووێژێکـدا، کـە ئـالان لەگـەڵ نەخۆشـخانەی شـاری هالمسـتاد کـردی، وتارەکـە لـە لایـەن ڕۆژنامـەوان ئانـا ماریـا بێنگسـۆن لـە ٧ مارسـی ١٩٩٥دا بـڵاو بـۆوە. ئـەو کەموکوڕییانـەی لـە سـاڵی ١٩٧٧ەوە دکتـۆرەکان، پەرەسـتار و کارمەنـدەکان کـە لـەو نەخۆشـخانە کار دەکـەن ئاماژەیـان بـەو کەموکوڕییانـە کـردووە. قسـەکانی ئـەوان لەبـەر چـاو نەگیرابـوو. بـەڵام لـەم توێژینـەوەدا، ئـالان نیگەرانییەکانـی ئەوانـی بـاس کردبـوو.
ئـالان دواتـر وتـی «دەمەقاڵـێ لـە ١٩٩٤دا دەسـتی پێکرد، کاتێـک لەگـەڵ نەخۆشـخانەیەک لـە باشـوور وتووێژێکم کـرد. ئـەو کەسـانەی کـە قسـەم لەگـەڵ کـردن ڕەخنەیـان هەبـوو. مـن چەنـد وتـارم نووسـین و ئـەوان بـە ڕەخنـەی زیاتـرەوە وەڵامیـان داوە. لـە بـاری سیاسییەوە، ئەنجوومەنـی شـاری هالمسـتاد نەیاندەویسـت بـە هیـچ شـێوەیەک لەگـەڵ مـن قسـە بکـەن چونکـە دەیانزانـی کـە لـە هەڵـەدان. هەرچەنـد هیـچ بژاردەیەکـی دیکەیـان نەبـوو جگـە لـەوەی کـە بـەرەو پێـش بـڕۆن.»

**ڕێگەڕۆیشتنی زۆر کێشەی سەرەکی بوو ... دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی کارمەندەکان و ئەوەش لەسەر تێچووەکان کاریگەری دادەنێت**

## دەنگدانەوەی ڕۆژنامەوانیی ڕەخنەکانی ئالان

ڕۆژی هەینی ١٨ی نۆڤەمبری ١٩٩٤، ڕۆژنامەی هاڵەند پۆسێن لە باشووری ڕۆژاوای هاڵمستاد وتارێکی بڵاو کردەوە کە ڕەخنەکانی ئالان دیلانی لەسەر دروستکردنی نەخۆشخانەی شارۆچکەکەی کردە بابەتێکی میدیایی. سەردێڕەکە ئەمە بوو «ڕەخنەی توند لەسەر دروستکردنی نەخۆشخانە: توێژەرێک دەیهەوێت دروستکردنی C٢ ڕابگرێت.» لە وتارەکەدا لە زمانی ئالانەوە نووسرابوو: «بیناکە هاوشێوەی نەخۆشخانە ژاپۆنییەکانە کە لە خراپترین بیناکانانی جیهانی پیشەسازی بە ئەژمار دێن.»

کاتێک کارمەندانی نەخۆشخانە ئاگاداری کەموکوڕییەکانی C٢ بوونەوە، ڕەخنەکەی لەناویاندا دەنگی دایەوە. ئەوان پشتیوانیی ڕەخنەکەیان دەکرد بەڵام دەیانزانی کە ئەم بابەتانە وەک هەمیشە ناگەنە گوێی کەڕی بەڕێوەبەران. بەتایبەت پێرسۆنێلی نەشتەرگەری بە هۆی لەبەرچاو نەگرتنی ڕەخنەی کارمەندان لەو یەکە چاودێرییانەدا کە تازە و تەنیا چەند مانگ دوای جموجوڵی ١٩٨٧ دروست کرابوون، زۆر ناڕازی بوون. بەڕێوەبەران گوێیان لەم ڕەخنانەش خەواند. ئێستا دروستکردنی C٢ بە بوودجەی ٦٠٠ ملیۆن کرۆنی سویدی و لەسەر هەمان مۆدێلی پڕ کەموکوڕی دەڕۆیشتە پێشەوە.

کارمەندانی نەخۆشخانە داوای ڕاگرتنی پرۆژەکەیان کرد. داوایان کرد بەر لەوەی درەنگ بێت پلانەکە باشتر بکرێت. ڕۆژنامەوانێک ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو ڕەخنانەی پێرسۆنێلی نەخۆشخانە ڕێک هەمان ڕەخنەن کە نژیاروان و توێژەر ئالان دیلانی لە تێزی دوکتوراکەیدا ئاماژەی پێکردووە. ئانیکا لیندمارک، پەرەستاری یاریدەدەر لە بەشی نۆرینگەی نەشتەرگەریی ٧ شی دەکاتەوە «هەردوو جۆری ژوورە تاکەکەسییەکان و سێ کەسییەکان ئەوەندە بچووکن کە تەنانەت ناکرێت بەبێ گۆڕینی کەلوپەلەکان تەختەکان لە ژوورەکە بهێنیتە دەر.»

ئەو نەخۆشانەی کە لەو فەرمانگەیەدا خزمەتیان دەکرا لە کەسانێکەوە تێیدا بوو کە نەشتەرگەری بۆ دەکرا تا کەسانێک کە چاودێریی دوا قۆناغەکانی ژیانیان وەردەگرت. بیرتا کاتۆنی بەڕێوەبەری بەش وتی «هەندێک جار نزیکترین کەسەکانی نەخۆشەکان دەیانویست لە نزیک نەخۆشەکانیان بخەون بەڵام جێگە نەبوو بۆ ئەوەی تەختێکی زیادە بۆ ئەو مەبەستە دابنرێت. ئەگەر تەختێکی ترمان ببردایە ژوورەکە، سەخت دەبوو کار لەگەڵ نەخۆشەکان بکەین.»

### ئالان دیلانی ڕێگەچارە پێشنیار دەکات

وتارەکە ئاماژەی کردبوو کە لە تێزی دوکتوراکەیدا، ئالان ئەو ڕێگەیانەی خستوونەتە ڕوو کە نەخۆشخانەکانی دیکە بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی بیناسازی گرتوویانەتە بەر. لەناو ئەوانەدا، وەک نموونە ئەو ئاماژەی بە ژوورە سێ کەسییەکانی نەخۆشخانەی کالمەر داوە. لەوێ تەختەکان لە گۆشەکاندا دانراون و لە هەر لایەکی دیوارەکەدا تەختێکی لێیە. ژووری چاودێری بە جۆرێک دیزاین کراوە کە نەخۆشەکان شوێنی پێویستیی خۆیان هەیە و دەتوانن ئازادانە لەسەر هەردوولا بخەون بەبێ ئەوەی کە چاویان لە نەخۆشەکانی دیکەی ناو ژوورەکە بێت. ئالان ڕوونی دەکاتەوە «ئەوە ڕێگەچارەیەکە کە هەم پێرسۆنێل و هەم نەخۆشەکان پێی ڕازین. ڕێگەچارەکە زۆر گونجاوە و سەیرە کاتێک نموونەی وا باش هەیە، نەخۆشخانەی هاڵمستاد لە پلانی C٢دا کەڵکی لێ وەرناگرێت.

ئالان ئەوش زیاد دەکات «لە ڕاستیدا، ژووره نوێیەکانی C٢ لەوانەی پێشووتری C٢ جیاواز نین. ئەوەندە بچوکن کە دەبێت تەختەکان لە پاڵ یەکتر دانرێن. هەرچەند نەخۆشخانەی نۆرشۆپینگ دە ساڵە هەیە، فەرمانگەکانی پەرەستارییان لە هەر لایەنێکەوە بڵێی بە بەراورد بە نەخۆشخانە تازە دروستکراوەکەی هاڵمستاد ستانداردێکی بەرزتریان هەیە.»

## وتارەکە ئاماژەی کردبوو کە لە تێزی دوکتوراکەیەدا، ئالان ئەو ڕێگەیانەی خستوونەتە ڕوو کە نەخۆشخانەکانی دیکە بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی بیناسازی گرتوویانەتە بەر.

**کەمیی فەزا**

لە دەرەوە، کارمەندانی فەرمانگەی ٧ سەبارەت بە دروستکردنی بینای نوێی C1 هەیەجانیان بوو. ژوورەکانی نەخۆش کە کاریان تێدا دەکردن دوازدە بۆ چواردە تەختیان بوو و دەیانزانی کە ئەم یەکانە کەموکوڕییەکی بەرچاویان هەیە؛ نیگەرانییەکی دیکە ئەوە بوو کە ژووری شیاوی تاقیکردنەوە و کۆبوونەوەی بنەماڵەی لێ نەبوو. کاتۆنی ئاماژەی بەو خاڵە کردبوو: «ئێمە جێگەمان نەبوو کە لە کاتی پێویستدا قسەی تایبەتی لەگەڵ خزمەکانمان و نەخۆشەکانمان بکەین.»

هەمان شت لە دیزاینی نۆرینگەی نەشتەرگەریدا ڕووی دا. کە دەبوو دابەش بکرێت. لە دیزاینەکەدا پێداویستیی نەخۆشەکان و کارمەندەکان لەبەر چاو نەگیرابوو. ئالان ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو یەکانە بۆ نەشتەرگەری ساز نەکراون. بەڵکوو، دەبوو پرۆسەی نەشتەرگەری خۆی لەگەڵ دیزاینەکەدا بگونجێنێت. لێنارت سمیس، پزیشکی پێشەنگ لە نەشتەرگەریدا، هەستی کرد کە ئەوانەی «ڕاستەوخۆ بە پەرەستارییەوە سەرقاڵن، پێیان وایە کە یەکەکانی چارەسەر زۆر گرینگن.» ئەو حەسرەتی دەخوارد کە بەڕێوەبەرایەتیی نەخۆشخانە گوێی بۆ ڕا و نیگەرانییەکانی ئەوان نەگرتووە و بە گشتی پلانی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی مۆدێرنی پلە یەکیان دانەناوە کە لەگەڵ پێداویستییەکاندا خۆی بگونجێنێت. بەڵکوو، ئەو ڕێگەیان گرتەبەر کە پڕۆژەی C٢ بە تێچووی ٦٠٠ ملیۆن کرۆنی سویدی لەسەر هەمان مۆدێلی پڕ کەموکوڕیی دروست بکەن.

**هاڵندپۆستێن، ٢٢ی نۆڤەمبری ١٩٩٤**

ئەو دەمەقاڵەیە بە شێوەی ئاشکرا درێژەی کێشا. توێژینەوەی ئالان زۆر کێشەی لە پلانەکەدا ڕوون کردبوونەوە بەڵام بڕیارەکان لەسەر بنەمای تێچووەکان بوون. سونێ سامسۆن، بەڕێوەبەری چاودێریی تەندروستی

دانـی بـەوەدا نـا کـە ئـاگاداری ئـەو لاوازییانـە هـەن کـە ئـالان ئامـاژەی پێکـردوون بـەڵام بـە هـۆی تێچووەکانیـان چارەسـەر نەکـراون.
ئەندامـی ئەنجوومەنـی شـار سـڤێن سـکوگلوند کـە دەسـتی لـە کار کێشـایەوە، بایەخـی بـە پـڕۆژەی توێژینەوەکـەی ئـالان نـەدا کـە چـوار سـاڵ کاری لەسـەر کردبـوو و ڕاپۆرتێکـی سـەربەخۆی دکتـۆرا بـوو و وەک «شـتێک[ی بێبایەخ] کـە خوێندکارێکـی زانکـۆ کاری لەسـەر کـردووە» مامەڵـەی لەگـەڵ کـرد. سـتانلی برۆدیـن لـە ئەنجوومەنـی شـار وتـی «دەبێـت سـەبارەت بـەم ڕاپۆرتـە بەبـێ خۆبەزلزانییـەوە مامەڵـە بکەیـت.» ئـەو ڕوونـی کـردەوە کـە «لـە دانانـی پلانـی C۲دا، ئێمـە لەسـەر چەنـد ڕێگەیـن و ناتوانیـن هەمـووان ڕازی بکەیـن.»

نموونەیـەک لـە کەموکوڕییەکانـی پلانەکـە لـە دیزاینـی نۆرینگـەی منداڵانـدا بـوو. بەڕێوەبەریـی نەخۆشـخانە پێداگـر بـوو کـە نۆرینگـەی منـداڵان لـە C۲دا سـەرکەوتوو بـووە بـەڵام پەرەسـتار و بەڕێوەبـەران ڕایـان وا نەبـوو. ئـەوان بـە ئاشـکرا دەیانـوت کـە کارمەنـدان پێیـان باشـترە لـە بینـا کۆنەکـەدا بمێننـەوە لـە جیاتـی ئـەوەی چالاکییەکانـی نۆرینگـە لـە نێـوان بینـا جیاوازەکانـی C۲دا دابـەش بکرێـت. کارمەنـدان نیگەرانـی ئـەوە بـوون کـە منـداڵان لـە سروشـت دوور دەبـن چونکـە دەبـوو لـە نهۆمـی شەشـەمدا بـن کـە باڵکۆنەکانـی بـە نـەردە گیـرا بـوو و ڕێگـەی دەرەوەیـان نەبـوو.
سـتێفن ئارۆنسـۆن، کارمەنـدی پزیشـکیی پێشـکەوتوو لـە نۆرینگـەی منـداڵان داوای لـە بەڕێوبـەری نەخۆشـخانە کـرد کـە نیگەرانییەکانیـان بگەیەنێـت بـەو سیاسـەتوانانەی تێکـەڵ کێشـەکە ببـوون. ئـەو تەنانـەت وەک نارەزایەتی بەرامبـەر دابەشـکردنی نۆرینگـەی منـداڵان دەسـتی لـە کار کێشـایەوە.
هاڵندپۆسـتێن بینـی کـە دروسـتکردنی نەخۆشـخانەی هاڵمسـتاد بۆشـاییەکی ئاشـکرا کـردووە، ئەویـش نەبوونـی پەیوەنـدی لـە نێـوان کارمەنـدان و سیاسـەتوانانە. وتارەکـە هەروەهـا ئەوەی پشـتڕاسـت کـردەوە کە ڕوانگـەی زۆربـەی سیاسـەتوانان لـە ڕاپۆرتەکـەی ئالانـدا ڕەنگـی نەداوەتـەوە. توێژینەوەکـەی ئـەو لەسـەر بەرژەوەندیـی بەکارهێنـەران بـوو لـە ژینگـەی کاریـدا. سیاسـەتوانان گوێیـان بـۆ پێداویسـتیی کارمەنـدان ڕانەگـرت. ئـەوان بەسـادەیی لەگـەڵ نژیاروانـەکان سـازان و پشـتیوانیان لـە پلانـە لاوازە دیزاینکراوەکـە کـرد. بەڕێوەبـەری نەخۆشـخانە داکۆکییـان کـرد.

### کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی

لـە کۆنفرانسـێکی ڕۆژنامەوانیـدا، بەرپرسـان و بەڕێوەبەرانـی نەخۆشـخانە داکۆکییـان لـە بڕیارەکەیـان کـرد و وتیـان کـە ئـەم کارەیـان بـە هـۆی سـنووردارییی سـەرچاوە داراییـەکان بـووە. ئەوەیـان ڕوون کـردەوە کـە زۆربـەی ئـەو کێشـانەی ئـالان لـە C۱ دا ئامـاژەی پێکـردوون لـە پلانەکانـی C۲دا چارەسـەر کـراون. بـۆ چارەسـەری کەموکوڕییەکانـی دیکـە، گۆڕانکاریـی پێویسـتی تەکنۆلـۆژی و ئابـووری هۆکارەکانـی بڕیـاردان بـوون.
هەرچەنـد ڕۆژنامەوانـان بـەم بەڵگەیـە ڕازی نەبـوون، چونکـە پارێـزگای هاڵنـد یەکێـک لـە باشـترین بارودۆخـە ئابوورییەکانـی ناوچەکـەی هەبـوو و بودجەیەکـی زۆر بـۆ دروسـتکردنی نەخۆشـخانەکە تەرخـان کرابـوو. ئـەو بینـی «پێنـج وڵاتـی دیکـە لـە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا نەخۆشـخانەی نوێیـان سـاز کردبـوون. لـە هیـچ شـوێنێکی دیکـەی وڵات نەخۆشـخانەکان تـا ئاسـتی نەخۆشـخانەی هاڵمسـتاد لاواز دروسـت نەکرابـوون.»

## ڕێگەچارەیەک

ئالان دژایەتیی ڕوونکردنەوەی بەڕێوەبەرانی کرد و وەک ڕێگەچارەیەکی باش ئاماژەی بە نەخۆشخانەی نۆرشۆپینگ کرد کە ژوورەکانی سێ تەختیان هەبوو.«ژوورەکان تۆزێک گەورەترن، ئەوەش وای کردووە کە کارمەندەکان زۆر سادەتر کار بکەن و نەخۆشەکانیش زۆر ڕازیترن.» لێنارت بلیکست، بەڕێوەبەری بیناسازی داکۆکی لە پلانەکە کرد. ئەو وتی شوێنەکانی چاودێری کە کێشەیان هەیە تەنیا ١٢ لەسەدی بەشی C٢ پێکدەهێنن. ئەو پێداگربوو کە بڕیاری ژووری سێ تەختی بڕیارێکی سیاسی بووە.

بەڵام ئەو شتەی کە کارمەندانی نەخۆشخانە و ئالان دیلانی ڕەدیان کردووەتەوە، وتارەکە ڕوونی کردەوە «ئەو ڕاستییەی کە دیزاینی C٢ بەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی نەشتەرگەریدا زاڵە نەک شتێکی زیاتر.» لەناو هەموو شتێکدا، ئاماژەیان بەوە کرد کە «بۆ باشترکردنی بینا نوێیەکان، پێویستە ژوورەکانی نەشتەرگەری و نۆرینگەی منداڵان لە یەک جیا بکرێنەوە. ئەوان پرسیاریان کرد ‹نابێت بینا تازە سازکراوەکانی نەخۆشخانە بە باشترین شێوە وەڵامدەری پێداویستییەکانی نەشتەرگەری بێت؟› ڕاپۆرتەکەی ئالان نەتەنیا کێشەکانی پلانی نەخۆشخانەی ڕوون کردنەوە بەڵکوو بە هۆی دەنگدانەوەی لە میدیادا، مشتومڕێکی لە نێوان کارمەندانی کەرتی چاودێری و بەرپرسانی گشتیدا ساز کرد.»

وتارەکە ئەوەی دەرخست کە سیاسەتوانە سەرەکییەکان پرۆفایلێکی لاوازیان بووە، لە دواوە ماونەتەوە و بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بێدەنگن.

## وەڵامی گشتیی وایت ئارکیتێک بە ڕەخنەکان

لە وەڵامی ڕەخنەکاندا، وایت ئارکیتێک نامەیەکی کراوەی لە هاڵندپۆستێندا بڵاو کردەوە و داکۆکی لە پڕۆژەکە کرد: «پلانی نەخۆشخانە و بینای نەخۆشخانە پێویستی بە تیمی کاری جیاواز لە پێواژۆیەکی درێژخایەندا هەیە. زۆر کەس و ڕێکخراوە تێکەڵ بوون. بەشەکان و ناوەڕۆک ئاڵۆزن. بە گشتی، هەموو شتەکان پێکەوە ئامانجیانە کە باشترین هاوسەنگی بۆ کۆی پڕۆژەکە دابین بکەن.» ئەوان شییان کردەوە کە بیناسازی و پلاندانانی نەخۆشخانەکە پێواژۆیەکی درێژخایەن بووە و بە بەراورد بە نەخۆشخانەی کاڵمەر زیادبوونێکی ١٥٠ لە سەدی لە ستانداردی ڕووبەردا داگیر کردووە. ئەوان بەو شێوە داکۆکییان لە خۆیان کرد کە تێچووەکانی کەرتی گشتی زۆر چوونەتە سەر و دەبێت کەم بکرێنەوە و ئەنجوومەنی شارۆچکەی هاڵند وەک ئەنجوومەنی شارەکانی دیکە بیناکان بە شێوەیەکی چڕ [و لە ڕووبەرێکی کەمدا] ساز ناکەن. نامەکەی وایت ئارکیتێک تێزەکەی ئالانی بە بێنرخ و پڕهەڵە لە قەڵەم دابوو وەک هەڵەی پێوانەکان. هەروەها ئەوەشی زیاد کردبوو ئەگەر مەبەستی ئالان بردنەسەری ستانداردەکانی شوێنەکەش بووبێت لە هەڵەدا بووە.

ئەوان لەگەڵ ئەو تێڕوانینە دژایەتییان کرد کە لە C١دا کەموکوڕییەک ببێت، بلۆکێک کە پێشتر ساز کرا بوو و ئێستا کەڵکی لێ وەردەگیرا. ئەوان وتیان «بۆ C١ لە هاڵمستاد، وا دیارە کە ستافەکەی بە گشتی زۆر پشتیوانی فەرمانگەکەن. بە گشتی بەشەکانی چاودێری لە باری کارکرد و داراییشەوە زۆر باشن. ئەو

ڕاستییەی کە دەبێت لە ئێستا و لە داهاتووشدا گۆڕانکاری تێدا بکرێت دەگەڕێتەوە بۆ یاسای پەرەسەندن. لە جیاتی ئەوەی کە بە تەواوەتی لایەنە باشەکان وەلا بنرێن، دەبێت هەموو هێزە باشەکان کۆ بکرێنەوە بۆ هەنگاوی دواتری پەرەدانی نەخۆشخانەکە لە شاری هاڵمستاد. ئەوەش بەو واتایە، وەک دەبینین، بۆ ئەوەی دەروازەی چوونەژوورەکەی بە شێوەیەک ڕێک بخەین تا ئەو بڕوایە بەهێزتر بکات کە نەخۆشخانەکە لە هەر نەخۆشخانەیەکی دیکەی وڵات زیاتر لەبەر دڵی بەکارهێنەرانیەتی.»

## وەڵامی ئالان دیلانی

لە ٣ی دیسەمبری ١٩٩٤دا، ئالان وەڵامی داوە: «لەجیاتی وەرگرتنی جدیی ڕەخنەکانم و جێبەجێکردنیان، ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕووی ڕەخنە کراونەتەوە لەسەر بنەمایەکی هەڵە هێرشیان کردۆتە سەر تێزی دوکتۆراکەم. یەکەکانی چاودێریی نەخۆشخانە نزیکەی ٤٠ لەسەدی کۆی گشتیی بیناکە پێک دەهێنن. ئەوەش بەشێکی گەورەی بیناکە پێک دەهێنێت بەبێ ئەوەی کوالیتییەکەی لەبەر چاو گیرابێت. نەخۆشەکان لە حەوت ڕۆژی هەفتە و بیست و چوار کاتژمێری ڕۆژدا لە یەکەی چاودێری دەمێننەوە و هاوکات شوێنی کاری بەردەوامی ستافێکە کە کارێکی قورس دەکەن و دابەزینی ئاستیی تواناییەکەیان لە کارەکەیاندا بە زیانی نەخۆشەکانە.»

چوارچێوەی نەخۆشخانەکە لاواز بوو. ئەوەشی زیاد کرد، کە کارمەندانیش هەروەک نەخۆشەکان تاکوو گۆڕینی بیناکە لەژێر کاریگەرییەکەیدا دەمێننەوە. «ئەو تێڕوانینەی من لە تێزەکەمدا خستوومەتە ڕوو، لە لایەن سەرجەم گرووپەکانی ستافی نەخۆشخانەوە پشتڕاست کرانەوە. ژوورەکانی نەخۆش زۆر تەسکن، واتە شوێنی پێویستییان نییە بۆ چارەسەرێکی گونجاو.»

نژیاروان، هۆکان یۆسفسۆن، بەراوردێکی هەڵەی لە نێوان ستانداردی هاڵمستاند و کاڵمەر کردبوو: «بە تایبەت، ڕووبەری ناوەوەی ژوورەکان[٥٦] بۆ هەر تەختێک لە نەخۆشخانەی هاڵمستاد ١٠.٥ میتری دووجا بوو بەڵام لە نەخۆشخانەی ئینشۆپینگ ١١.٧ و لە نەخۆشخانەی نۆرشۆپینگ ١١.٨ مەتری دووجا بوو. هەردوو یەکەی پەرەستاری لە ئینشۆپینگ و نۆرشۆپینگ شێوەی L یان بوو، و ژوورەکانیان سێ یان چوار نەخۆشی تێدا بوو کە ئەوەش دەبووە هۆی کەمبوونەوەی ڕووبەری ناوەوەی ژوورەکان بۆ هەر یەکەیەک. نژیاروان ئاماژە بە ڕووبەری ناوەوە و دیوارەکان[٥٧] بۆ هەر تەختێک لە هالمستاد دەکات. تەنانەت لە نەخۆشخانەکانی دیکەی توێژینەوەکەیدا ڕووبەری ناوەوە لەگەڵ دیوارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاترە. ڕەخنەی من تەنیا سەبارەت بە ستانداردی ڕووبەر نییە بەڵکوو لە ڕاستیدا بەڵگەیەکی ترە لەسەر پلانی چاودێریی ناوردبین. بۆ وێنە، فەرمانگەکە بۆ ٢٨ یەکەی پەرەستاری تەنیا یەک ژووری خاوێنکاری هەیە.»

ئالان درێژەی دا «هاڵمستاد نزمترین ستانداردی هەیە کاتێک بە نەخۆشخانەکانی دیکەی توێژینەوەکە بەراورد دەکرێت. ئەمە لە خۆیدا بووەتە هۆی زۆر کێشە بۆ کارمەندان. زۆر جێگەی داخە کە پێداوستیی بەکارهێنەرانیان لە قۆناغی پلاندانانی نەخۆشخانەکەدا لەبەر چاو نەگرتووە.»

---

٥٦- Net area

٥٧- Gross area

ئـالان لـە کۆتاییدا ئەوەشـی زیـاد کـرد کـە ئـەو ناتوانێـت «تێبگات چۆن وایت ئارکیتێکت بەبێ لەبەرچاوگرتنـی پێداویسـتییە کردەییەکانـی نەخۆشـخانە و بەبـێ ئاگاداریـی سـتاف هەروەهـا بەبـێ ڕێزگرتـن لـە نەخـۆش و بنەماڵەکانیـان پلانـی ئـەم شـوێنانەی چاودێرییـان دانـاوە. شـوێنی چاودێـری لـە هالمسـتاد کێشـەی نەبوونـی شـوێنی دیکـەی وەک ژووری قسـەکردن، ژووری نەخۆشـی پەککەوتـە، ژووری ڕاهێنـان، کۆنفرانـس، کتێبخانـە، چارەسـەری خێـرا، ژووری سـکرتێر، ئاودەسـت بـۆ سـەردانیکەران، ژووری حەسـانەوەی کارمەنـد، ژوور بـۆ هاوەڵـی نەخـۆش و ژووری خۆگۆڕینـی بـوو.»

لـە ئەنجامـدا، ئـالان مەبەسـتی توێژینەوەکـەی ڕوون کـردەوە کـە پەرەدانـی زانیـاری لەسـەر ناوەندەکانـی پەرەسـتاری بـووە بـە شـێوەیەک کـە بەکارهێنـەران واتـە نەخۆشـەکان و کارمەنـدان لەسـەر دیزاینـی بینـا و بەکارهێنانـی پرسـیان پـێ بکرێـت. ئـەو پێداگـری کـرد کـە سـتاف گرینگرتینـن و دەبێـت پلاندانـان بـە هاوکاریـی نزیـک لەگـەڵ ئـەوان بکرێـت.

ئـالان دەیهەوێـت بڵێـت کـە پەیامەکـەی ئـەو بـە داخـەوە لـە نەخۆشـخانەی شـارۆچکەی هاڵمسـتاد لەبـەر چـاو نەگیـرا. ئـەو درێـژەی دا بـە پێداگریـی لەسـەر پلاندانـی خۆگونجێنـەر لـە هاڵمسـتاد و جارێکـی دیکـە پێداگـری کـرد کـە سـتاف گرینگتیرینـن نـەک سـازکردنی شـوێنی چاودێـری بەپێـی ئەرکەکانـی، و دەبێـت ئەرکەکانـی نەخۆشـخانە بەپێـی پێکهاتەکـەی خـۆی بگونجێنێـت.

## دۆخی نەخۆشخانەکان لە سوید

میدیـای تایبـەت درێـژەی دا بـە وەرگرتنـی سـەرنجەکانی ئـالان لەسـەر دۆخـی نەخۆشـخانەکانی سـوید. لـە مارسـی ١٩٩٥دا، داگێنـس مێدیسـین، ڕاپۆرتێکـی لەسـەر باشـترین و خراپتریـن نەخۆشـخانەکانی وڵات ئامـادە کـرد و ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە بەشـێک لـە ڕاپۆرتەکـەی لەسـەر بنەمـای توێژینـەوەی ئـالان دیلانـی نژیـاروان و توێـژەر لـە زانکۆکـی تەکنۆلۆژیـی سـتۆکهۆڵم، بـووە. بەشـی یەکەمـی تێـزی دوکتۆراکـەی، ‹یەکەکانـی پەرەسـتاری لـە ڕوانگـەی پەسـەندکران لـە لایـەن بەکارهێنـەرەوە› تـەواو ببـوو.»

لـەو وتـارەدا، ئـالان ڕوونـی دەکاتـەوە کـە یەکێـک لـە هۆکارەکانـی سـەرکەوتوویی نەخۆشـخانەکان ئەوەیـە ڕای کارمەنـدان لـە پلاندانانـدا وەربگیرێـت. ئـەو دەڵێـت «سـتاف و کارمەنـدان لـە پلاندانـدا بەشـدار بـوون و توانیویانـە لـەو قۆناغـەدا ڕای خۆیـان دەربـڕن. جیاوازییەکـە لەسـەر ئـەوە نییـە کـە کـێ زۆرتریـن پـارەی خـەرج کـردووە. بـە پێچەوانـەوە، ڕاسـتییەکە ئەوەیـە کـە نەخۆشـخانە خراپەکانیـش تێچوویـان زۆرە. کات تەرخانکـردن لـە قۆناغـی پلاندانـان لـە بـەراورد بـە تێچـووی گۆڕینـی شـتەکان دوای دەسـتپێکی سـازکردنی بیناکـە، هەرزانتـرە.»

## جیاوازییەکانی نەخۆشخانەکان دەردەخرێن

ئـالان جیاوازییەکـی گـەورەی لـە نێـوان ئـەو نەخۆشـخانانەدا دۆزییـەوە کـە ئـەو دیتبوونـی. ئـەو ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە نەخۆشـخانەی کاڵمـەر کـە لـە سـاڵی ١٩٩١دا کراوەتـەوە، جێگـەی پەسـەندی بەکارهێنەرانـی بـووە چونکـە پلاندانـەران ڕای کارمەنـدان و نەخۆشـخەکانیان وەرگرتبـوو و پێداویسـتییەکانیان لەبـەر چـاو گرتبـوون. ئەمـە باشـترین دیزاینـی ژوورەکانـی نەخۆشـی لێکەوتـەوە. بـۆ وێنـە، لـە ژوورە سـێ تەختەکانـی نەخـۆش، لـە

جیاتـی ئـەوەی تەختـەکان بـە شـێوەی هاتەریـب ڕیـز بکرێـن، بـە دوای یەکـدا ڕیـز کـران و مەودایەکـی کەمیـان بـوو، هـەر تەختێـک لای سـەری دەکەوتـە لای دیوارێـک. لای لاقـی هـەر تەختێـک لـە گۆشـەیەکی جیـاوازەوە بـەرەو نـاوەوەی ژوورەکـە بـوو، بـەم شـێوەیە نەخۆشـەکان هـەم لـە بـاری فیزیکـی و هـەم لـە بـاری دەروونییـەوە لـە یەکـتر دوور بـوون و ئـەوەش یارمەتـی دەدان کـە ژیانـی تایبەتییـان پارێـزراو بێـت. هـاوکات، ڕێکخسـتنەکان بـە شـێوەیەک بـوون کـە نەخۆشـەکان دەیانتوانـی لـە ژوورەکـەدا یەکـتر ببینـن و قسـە بکـەن بـەم شـێوەیە هەلـی هەڵسـوکەوتی کۆمەڵایەتییـان بـۆ دەڕەخسـا.

ئـالان دیلانـی بـۆ ئـەم داهێنانـە ستایشـی دیزاینەرەکانـی کـرد: «ئـەوان بـە شـێوەیەکی دیکـە بیریـان لـەو ژوورانـە کـردەوە کـە سـێ نەخۆشـی تێـدا بـوون، دیزاینەکـە بـە شـێوەیەک بـوو کـە هـەر کام لـە نەخۆشـەکان گۆشـەیەکیان بـوو، بۆیـە دەیانتوانـی ئازادانـە لەسـەر هـەردوولا بخـەون بەبـێ ئـەوەی هاوژوورییەکانیـان ببینـن. شـوێنی پەنجـەرەی ژوورەکـەش زۆر بەباشـی لەبـەر چـاو گیرابـوو. ژوورەکان جێگەیـان زۆر بـوو و بـۆ کارمەندەکانیش سـادەتر بـوو. هەروەهـا، پەیوەندیـی نـاوەوە لـە نێـوان ژوورە جیاوازەکانـی بەشـەکانی چاودێریـدا بـاش بـوو. وێسـتگەی فەرمانگـەکان لـە نزیـک دەرگای چوونـەژووری فەرمانگەکانـی دیکـە هەڵکەوتـووە. هـەردوو ژوورەکانـی دانیشـتن و نـان خـواردن لـە ناوەڕاسـتدا لـە نێـوان ژوورەکانـی نەخـۆش و لـەلای ئاشـپەزخانە هەڵکەوتـوون. زۆر بـە باشـی دەکـرا تێیـدا بگەڕێـی. مـەودای هاتوچـۆ لـە نێـوان کارمەنـد و نەخۆشـەکاندا نزیکـەی ٢٠ مەتـرە.» ئـەو هەروەهـا زۆر بـە ڕازاوەیـی و مرۆڤانەبوونـی نەخۆشـخانەی نۆرشـۆپینگدا هەڵدەڵێـت، شـوێنێک کـە فـەزاکان بـە ڕووناکیـی پـڕ کراونەتـەوە و سروشـتی دەرەوە لـە پەنجەرەکانییـەوە بـە باشـی دەبینرێـت.

ئـالان ئەمانـەی بـە نەخۆشـخانەی هاڵمسـتاد بـەراورد کـرد، و بـە هـۆی وەرنەگرتنـی ڕای کارمەنـدان لـە دیزایـن و پلاندانـی نەخۆشـخانەکە وەک نموونەیەکـی لاوازی بینـای چاودێریـی تەندروسـتی وەسـفی دەکات.

ئـەو تەنانـەت زیاتـر ڕەخنـەی لـە ئەنجوومەنـی شارۆچکەکە بـوو. ئـەو ئامـاژەی بـە هەڵـەی بنەڕەتیـی دیزایـن کـرد، وەک دیزاینـی لاوازی ئـەو ژمارە کەمـەی حەمـام کـە هەبـوون و شـوێنی نەگونجـاوی ژوورەکان. تەنیـا یـەک ژووری خاوێنـکاری بـۆ بیسـت و هەشـت نەخـۆش هەبـوو و هیـچ ژوورێکـی بـۆ نەخۆشـێک لـێ نییـە کـە لـە نەخۆشـخانە دەمرێـت.

پلاندانـەری چاودێریـی تەندروسـتیی هاڵمسـتاد بـە تونـدی وەڵامـی دایـەوە و وتـی ڕەخنەکانـی کرێـکاران لـە قۆناغـی پلاندانانـی نەخۆشـخانەکەدا بـە تەواوەتـی ڕوون نەبـوون و ئێسـتا زۆر درەنگـە بـۆ گۆڕانـکاری.

## وایت ئارکیتێکتی داخ لە دڵ

لۆبیـی وایـت ئارکیتێکیتـی نەریتخـواز دژایەتیـی کارە داهێنەرانەکـەی ئالانیـان کـرد. کاتێـک کـە لـە ١٩٩٦دا تێـزی دوکتۆراکـەی پێشـکەش لیژنـەی هەڵسـەنگاندن کـرد، ڕەت کرایـەوە. ئـالان بـۆی ڕوون بـوو کـە ئـەو دژایەتییـە توندەی کـرا تەنیـا بـە هـۆی ڕەخنـە لـە توێژینەوەکـەی نەبـوو. ئـەو دەیزانـی کـە هـۆکاری سـەرەکی لـە بڕیارەکەیانـدا بـە هـۆی پێشـداوەریی ڕەگـەزی و نەتەوەیـی سـویدییەکانە کـە بەرامبـەر بـە نەتەوەکانـی دیکـە جیـا لـە نەتـەوەی خۆیـان هەیانـە.

تاوەکوو ١٩٩٦ هێرشەکان بۆ سەر ئالان توندتر دەبوون. ئەو کارەکەی بۆ ناوەندی توێژینەوەی نەخۆشخانە درێژە دا، کە مەکۆیەک بوو بۆ توێژینەوەی دیزاینی چاودێریی تەندروستی، ئەو لەوێ وەک سکرتێر و پەرەدەری سەرەکی کاری دەکرد و هاوکات خۆی بۆ داکۆکی لە دکتۆراکەی ئامادە دەکرد. سەرەپەرشتیارەکەی، لیژنەی داوەری ڕێک خست؛ یەکێک لە ئەندامانی پەنێلەکە پزشك بوو و ئەوی دیکە نژیاروانێک بوو کە نەخۆشخانەی ترۆندهایمی دیزاین کردبوو. دوو ڕۆژ بەر لە پێشکەشکردنی نامەی دکتۆراکەی، داوەرەکان بڕیاریان دا کە دوو کەسی دیکەشی لێ دەبن کە پەیوەندییان بە وایت ئارکیتێکت دەبێت. ڕوون بوو کە ئامانجیان ئەوە بوو کە لە بایەخی کارەکەی ئالان کەم بکەنەوە و ڕێگری بکەن لەوەی دکتۆراکەی وەرگرێت. بە داخەوە، کاتێک ئالان زانی وایت ئارکیتێک دەستیان لەم گۆڕانکارییەدا هەیە زۆر درەنگ ببوو. ئەو دەڵێت «دەنا، من ڕازی نەدەبووم لەو دانیشتنەدا ئامادە بم. من دەمگوت کە ئامادە نیم و من گۆڕانی داوەرەکان قەبوڵ ناکەم چون ئەوە یاسایی نەبوو.» ئالان ڕوونکردنەوە دەدات «ئەوان دەیانویست کە سەرنەکەوم، ئەوە بۆ سزادانی من بوو. ئەوە ئامانجی سەرەکیی وایت ئارکیتێکت بوو.»

**ئەو دەیزانی کە هۆکاری سەرەکی لە بڕیارەکەیاندا بە هۆی پێشداوەریی ڕەگەزی و نەتەوەیی سویدییەکانە کە بەرامبەر بە نەتەوەکانی دیکە جیا لە نەتەوەی خۆیان هەیانە.**

ڕێک ئەو کارەیان کرد. داوەرەکان بڕیاریان دا کە نامەی دکتۆراکەی وەرنەگیراوە. بۆ ئالان، هۆکارە سەرەکییەکە زانستی و ئەکادمیک نەبوو. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە ئەو بەشێک نەبوو لە تۆڕی ڕێکخراوەی نژیاروانی. ئەو دەگێڕێتەوە «وایت ئارکیتێکت، وەک هەموو دامەزراوە سەرەکییەکانی سوید، نە تەنیا کۆنترۆڵیان بە سەر زانکۆ و پاڵپشتە مادییەکانی توێژینەوەدا بوو بەڵکوو کۆنترۆڵیان بەسەر زۆر ئەنجوومەنی شارەوانیشدا هەبوو کە گەندەڵ بوون و ببوونە بەشێک لەو بازرگانییە.»

### نامەی دکتۆراکەی سەر ناکەوێت

زۆر ڕوون بوو کە هۆکاری ڕەتبوونەوەی نامەی دکتۆراکەی ئالان تاکەکەسی بوو و لەسەر بنەمای ئەکادمیک نەبوو. ئینگە فوتلاند، بەڕێوەبەری پلاندانانی ترۆندهایم، تێزەکەی ئالانی خوێندبووەوە و ڕای خۆی لەسەر دابوو، ئەو بەشەی وەک ڕیالیزمێکی ڕاستەقینە باس کردبوو. «ئالان سەرجەم بنەماڵەکەی لە ئیتالیاوە بانگهێشت کردبوو بۆ ئەوەی جەژن بگرن. منیش لەوێ بووم. ئالان تووڕە بوو. من هەستم کرد کارەساتێک ڕوو دەدات. زۆر سەخت بوو گوێ بۆ ئەو شتە بگری ئەوان باسیان دەکرد. سەرەنجام بڕیاریان دا کە تێزەکە سەرنەکەوتووە. وا دیار بوو کە داوەرەکان گۆڕاون. زۆر ڕوون بوو کە ئەوان ئەجێندایەکی تایبەتیان بوو.

«بە هیچ شێوەیەک شتی وا لە نەرویج ڕوو نادات. کاتێک دەچیت داکۆکی لە دکتۆراکەت بکەیت، هەموو ئەوانەی پێشتر کاریان لەگەڵ تۆ کردووە سەرنجی خۆیان لەسەرکارەکەت دەردەبڕن. کارەکەت بە تەواوەتی پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت. وا باوە کە بەر لە داکۆکی ڕای ئەوانی تر وەربگریت. بەڵام لە نەرویج، هەموو

ئەوانە لە کاتی داکۆکییەکەدا ناکرێن. ئەو کەسانەی لەوێن ئەرکیان ئەوەیە بپرسن ‹ئایا ئەوە بە قەدەر پێویست باشە؟ ئایا تۆ شتێکت لە یاد کردووە؟ دەتهەوێت لە جیاتی ئەمە چی دابنێیت؟ ئایا تۆ لەسەر ڕێگەیەکی هەڵەی؟ ئایا دەتهەوێت ڕێبازێکی دیکە تاقی بکەیتەوە؟ نا، تۆ ئەوە لە ساڵۆنی داکۆکی ناکەیت کە پڕە لە ئاواتی جوان.

«زۆر بێبەزییانەیە. تۆ میوانییەکی گەورەت بۆ هەموو هاوڕێکان و بنەماڵەت گرتووە. چرکەساتێکی مەزنە، ڕەنگە گەورەترین کات بێت لە هەموو ژیانی بنەماڵەتدا. ئالان کاری کردبوو بۆ ئەوەی لە ژیانیدا یارمەتیی بنەماڵەکەی بدات. تۆ کاری وات نەکردووە. دواتر پێم وت، ‹من دەمەوێت یارمەتیت بدەم.› ئێمە زۆر باسمان کرد و هەندێک شتمان گۆڕی.»

ساتو دەڵێت «ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ ئێمە، بەرنامەمان وا بوو بە هۆی نامەی دکتۆراکەی ئالانەوە بیکەینە جەژن. جێگەیەکمان بە کرێ گرتبوو و داوای خواردنمان کردبوو. ناچار بووین هەموو بەرنامەکەی ئەو ڕۆژە تێکبدەین! بەشی پەنجا کەس خواردنمان داوا کردبوو و بەشێکیمان بردەوە ماڵەوە. ئەوەی تریش هەڵڕژا. تا بڵێی ناخۆش بوو.

«ئالان تووڕە و خەمبار بوو. بەڵام ئەو هەمیشە بڕوای وا بوو کە لەسەر ڕێگەیەکی ڕاستە، ئەوەی کە دەبێت ڕاستی بڵێت، چونکە جگە لەوە شتێکی تری لێ نابیستن. تەنانەت لەو ڕۆژە ناخۆشەدا، هەستی دەکرد کە ئەو ڕاستی وتووە. ئەو نەیدەتوانی کارێک جگە لە وتنی ڕاستی بکات.»

ئەو زوو چوو بۆ لای جان کارلسۆن سەرۆکی زانکۆ و بارودۆخەکەی بۆ شی کردەوە. کارلسۆن لەگەڵ ئالان هاوڕا بوو کە ئەو کارەی لەگەڵ ئەو کردوویانە «نە یاسایی بووە و نە وەردەگیرێت.» ئەو ساڵێکی کات درایە بۆ ئەوەی تێزەکەی پێشکەش بکاتەوە و دکتۆراکەی تەواو بکات. ئالان دەڵێت «من کارێکی ناوازە و بەنرخی ئەزموونیم لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم پێشکەش کرد.»

## گەیشتنی وایت ئارکیتێکت: توێژینەوەکەی ئالان

ئالان بەشی شیکاریی ئەرکی بینای لە فەرمانگەی نژیاروانی جێهێشت و چوو بۆ شێوازناسیی پڕۆژە تاوەکوو لە فەرمانگەی دیزاین لەگەڵ کەسێک پێداچوونەوە بۆ توێژینەوەکەی بکات. لەگەڵ ڕۆیشتنی، فەرمانگە نوێیەکەش لەگەڵ وایت ئارکیتێکت پەیوەندی هەبوو. ئالان دواتر ئەوەی زانی و تێگەیشت کە زۆر کەس لە زانکۆ لەژێر کاریگەری و کۆنترۆڵی ئەو گرووپەدان. ئەوەشی زیاد کرد «وایت ئارکیتێکت ئەوەندە زاڵ بوو کە نەتدەتوانی بەبێ ئەوەی لەگەڵیان بیت کارێک ئەنجام بدەیت.»

ئالان تێگەیشت کە وایت ئارکیتێکت دەیانهەوێت بە هەموو شێوەیەک هەوڵەکانی ئەو تێک بدەن. «بەهەرحاڵ، بڕیارم دا کە دەبێت کارەکەم لە بەرزترین ئاستدا بێت بۆ ئەوەی بیانوویەکیان نەبێت بۆ ئەوەی شکەستم پێ بێنن.» وەک هەمیشە، ئالان بڕیاری دا باشترین بێت. «من توێژینەوەیەک پێشکەش دەکەم کە کەسی تر پێشتر نەیکردووە. من لەهەر کەسێکی دیکە زۆر زانستی تر دەبم. ئەوە ئامانجی منە. من ئەو کارە بە پشتوانیی کەسانی دیکە لە دەرەوەی زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم دەکەم.»

سەرپەرشتیارەکەم لە فەرمانگە نوێیەکەش لەگەڵیان بوو. «ئەو بەرپرسی من بوو و نەیدەتوانی کارێکی دیکە

بکات کە نائاسایی بوو، چونکە توێژینەوەکەی من بێوێنە بوو. لەو کاتەشدا، بۆ شەش مانگ بۆ جارێکیش قسەی لەگەڵ نەکردم. من بۆم گرینگ نەبوو چونکە من وانەم دەوتەوە و لە دەرەوە دەستم بە ئیش کردبوو. «لەو کاتەدا، من زۆر چالاکیی نێونەتەوەییم بوو. لەگەڵ پرۆژەی نەخۆشخانەی ترۆندهایم کارم دەکرد. ئەوان سەبارەت بە دۆخی من ئاگادار بوون و پشتیوانییان لێ کردم. ئەوانە هەروەها دەیانزانی کە ئەو کەسانە بە هۆی رەخنەی من لە وایت ئارکیتێکتەوە لەمپەریان بۆ ساز کردووم.»

### گەڕان بە شوێن پشتیوانیی ئەکادمیکی زیاتر

**ئالان کەسێک نەبوو کە لە لەمپەڕەکان بترسێت، بۆیە کاتێک سەرپەرشتیارەکەی پشتیوانیی نەدەکرد لە جێگەی دیکە بە شوێن پشتوانیدا گەڕا.**

ئالان کەسێک نەبوو کە لە لەمپەڕەکان بترسێت، بۆیە کاتێک سەرپەرشتیارەکەی پشتیوانیی نەدەکرد لە جێگەی دیکە بە شوێن پشتوانیدا گەڕا. «مارگارێت ئینفۆرشم دۆزییەوە کە پەرەستار و پرۆفیسۆری زانستە پەرەستارییەکان بوو لە فەرمانگەی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری لە زانکۆی ئۆرێبرۆ و ئەو یارمەتی دام کە زیاتر لە فەلسەفەی پەرەستاری بزانم. ئەو زۆر کەسێکی ڕاستگۆ بوو. یەکەم جار کە هات بۆ ئەوەی سەرپەرشتیارەکەم ببینێت، مامۆستاکەم دەستی کرد بە هاوار کردن. ئەو بەو هەڵسوکەوتەکەی شۆک بوو. مامۆستا سەرپەرشتیارەکەم زۆربەی کاتەکان بەم شێوە هەڵسوکەوتی دەکرد و لە کۆنترۆڵی خۆیدا کێشەی بوو.»

لە ڕاستیدا، ئالان چوارچێوەی توێژینەوەیەکی گشتگیر و ناوازەی بۆ داهاتووی داڕشتبوو. ئەو دەیویست لەگەڵ کەسانی جیاجیا کار بکات نەک تەنیا لەگەڵ نژیاروانەکان. ئالان پشتیوانی لە ڕۆلف گوستافسۆن، پرۆفیسۆری کۆمەڵناسیی پزیشکی لە دامەزراوەی کارۆلینسکا و هەروەها دکتۆر مارتی تێکاری پزیشک و نژیاروان لە فینلاند وەرگرت. ئالان دەیزانی کە ناتوانێت بیانهێنێت بۆ زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم چونکە سەرپەرشتیارە نوێیەکەی قەبوڵیان ناکات. «وەک سەرپەرشتیارە سەرەکییەکەم، ئەویش دەیویست کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر توێژینەوەکەمدا ببێت. ئەوە زۆر دەستی منی دەبەستەوە چونکە لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەوە من دەمتوانی باشترین ڕێگەچارەکان بۆ کارەکەم بدۆزمەوە.»بەو حاڵەوە، توێژینەوەکەی، سەرنجی پرۆفیسۆرێکی لە ئەمریکا بەرەو خۆی ڕاکێشا» ڕۆجێر ئۆلریش لە زانکۆی تێگزاس ئەی ئەند ئێم.

### نامەی دوکتۆرا

لە نامە نوێکەی دوکتۆرایدا، ئالان دەسپێکێکی لەسەر پێداچوونەوە بۆ پەرەدانی نژیاروانی لە نەخۆشخانەکە مۆدێرنەکانی نووسیبوو. لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکەی لە نۆ بەشی چاودێریی نەخۆشدا باس کردبوو، یەکێک لەوانە نەخۆشخانەی ترۆندهایم بوو. بۆ ماوەی سێ ساڵ، لەسەر باشترکردنی تێزەکەی پێشووی کاری کرد، بۆیە شەش ساڵی پێچوو تا دکتۆراکەی تەواو بکات لە کاتێکدا وا باوە کە بە سێ یان چوار ساڵ تەواو ببێت.

«یەکێک لە لایەنەکانی توێژینەوەکەم سەبارەت بە پەرەسەندنی پلاندانانی نەخۆشخانە لە سکاندیناڤیا بوو. ئەو بابەتە لەم دواییەدا لە نامەکەی من وەرگیراوە، جگە لەوە هەندێک لایەنی تیۆریشم لە نامەی دکتۆراکەمدا باس کردبوون. ئەنجامەکان تەواو و ڕوون بوون. کەس نەیدەتوانی ئیراد بگرێت کە کارەکەم کێشەی هەیە یان ناتەواوە.

«کاتێک کە داوەر لە کۆتاییدا کارەکەمی بینی، وتیان کە کارێکی زۆر باشم کردووە و زۆر بیرۆکەی نوێم باس کردوون. وتارەکەم لەسەر هەڵسەنگاندنی وردبینانە و شارەزایانە لە شەش نەخۆشخانە بوو کە یەکیان ترۆندهایم بوو. ئەو شێوازناسییەی کە من پەرەم پێدابوو و شیم کردبۆوە بێکێشە بوو. تا ئەمڕۆ هەمان شێواز بە کار دەهێنم و زۆر زانستییە.»

## سەرچاوەی داهات

ئالان لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم هیچ پشتیوانییەکی دارایی نەدەکرا. خۆشبەختانە کارەکەی لەگەڵ ترۆندهایم و وانەوتنەوە لە دەرەوە یارمەتی دا کە بەشێکی زۆر لە پێداویستیی مادیی توێژینەوەکەی دابین بکات. سەرچاوەی دیکەی داهات لەو کارەوە دەهات کە وەک سکرتێر لە فۆرومی توێژینەوەی دیزاینی چاودێریی تەندروستی دەیکرد. ئەو فۆرومە لە لایەن ئەنجوومەنی بیست شارەوە پشتیوانیی مادی دەکرا و بەرپرسی نەخۆشخانەکان لە ناوچە جیاجیاکانی سوید بوو و هەروەها لە دە دامەزراوەی نژیاروانی و لەوانە وایت ئارکیتێکت یارمەتی وەردەگرت. هەرکامیان ١٠،٠٠٠ بۆ ٢٠،٠٠٠ کرۆنی سویدییان دەدا، بۆیە فۆرومەکە بودجەی چالاکی هەبوو. هەروەها ئەوە پارەی سکرتێرییەکەی ئالان و بودجەی کاریی ژمێریارییەکەی لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم لە خۆ دەگرت.

«وەک توێژەرێک، دەبێت بەرپرسیارەتیی ئەوە لە ئەستۆ بگریت کە بەشێک لە کۆمەڵگایت و کۆمەڵگاش وشیار بکەیتەوە.» ئالان دەڵێت «مەبەستی من ئەوە بوو کە ئەو کارە لە ڕێگەی فۆرومەکان و وانەوتنەوەکان بکەم. من زۆر چالاک بووم و ئەو ڕووداوانە لەو کاتەدا زۆر خوازیاریان بوو. من لەگەڵ فۆروم ئیشم کرد، کە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی وانەبێژەکانەوە، بازاڕی بۆ وانەکانی من دۆزییەوە. هەروەها وەک ستوون نووسێک لە مێترۆش پارەم وەردەگرت کە گۆڤارێکی ڕۆژانەی خۆڕایی بوو و بە ڕێکوپێکی پارەیەکیان وەک حەقی نووسراوەکان دەدا بە من.»

## کاریگەریی دەمەقاڵە

بە لەبەرچاوگرتنی دەمەقاڵەی وایت ئارکیتێک، ساتو دواتر وتی کە ئەو قەت بە دروستی لە کاریگەریی گەورەی ئەو دەمەقاڵەیە لەسەر داهاتووی ئالان تێنەگەیشت. «من قەت بە تەواوەتی تێنەگەیشتم کە ئەو خەڵکە بۆ ئەوەندە ناڕەحەت بوون. تەنیا لە کاتی ڕووداوەکەدا، کاتێک بینیم کە پلەیەک کە دەیانتوانی بیبەخشن، بووە ڕێگر لەبەردەم پیشەی هاوسەرەکەمدا، دواتر زانیم کە کارەکەی ئالان چەندە ئەوانی ترساندووە.»

ساتو زانی کە ئالان هەستی کردووە کە بە دەرخستنی کێشەکانی دیزاینی نەخۆشخانەی هاڵمستاند خزمەتی بە وڵاتەکەی کردووە. تا ڕادەیەک کە هاوکارە پرۆفیشناڵەکانی هەوڵیان داوە داهاتووی پیشەکەی ئالان تێک بدەن لە چاوی ئەو بە دوور مابوو.

## کرانەوەیەکی نێونەتەوەیی بەرچاو: ژاپۆن ۱۹۹٦

سەرەڕای ئەو کێشە ناوچەییە، کارەکەی ئالان لە وڵاتانی دەرەوە زیاتر دەنگی دایەوە چونکە لە بوارەکەی خۆیدا نوێترین بوو. لە ساڵی ۱۹۹٦دا، بەر لە کۆتاییهاتنی دکتۆراکەی بانگهێشت کرا بۆ ئەوەی لە فیدراسیۆنی نەخۆشخانەی نێونەتەوەیی لە ژاپۆن وتارێک پێشکەش بکات.

دوو پرۆفیسۆر لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم کاتێک سەبارەت بە بانگهێشتەکەی ژاپۆن قسەیان لەگەڵ دەکرد، زۆر کەم بە دەستکەوتەکانی ئالانیان هەڵدەگوت. ئەوان نەیاندەویست ددان بە دەستکەوە داهێنەرانەکەی ئالاندا بنێن. بۆیە، سەرپەرشتیاری تێزەکەی، هۆکاری بانگهێشتی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو لە سویدە و ئامادەبوونی ئەو یارمەتیی نێونەتەوەیی بوونی ڕووداوەکەی ژاپۆن دەدات. ئالان دواتر وتی «ئەوە زانستی من نەبوو کە ڕێزی لێ دەگیرا، بەڵکوو لەبەر ئەو شوێنە بوو کە لێی دەژیام. ئەوەم زۆر پێ سەیر بوو.»

«ئەودەم یەکسەر بێدەنگ بوو و زانی کە زۆر بە خراپی لەگەڵ من قسەی کردووە. بەڵام شێوازی بیرکردنەوەی نەگۆڕی. پەیوەندیمان باش نەبوو و بەبێ ئەوەی تەنانەت خۆی بزانێت، دەیویست هەموو کارەکانی من کردوومە و هەموو کارەکانم و هەلەکانی داهاتووم لە پەیوەندیی بە پێشکەوتن لە کارەکەمدا کۆنترۆڵ بکات.»

## بەرەوپێشچوون و پەیوەندی سازکردن

ئالان جارێکی دیکە لەگەڵ جان کارڵسۆن، سەرۆکی دامەزراوەی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم قسەی کرد، کە ڕازی بوو بۆ ئەوەی بچێت بۆ ژاپۆن و تێچووی سەفەرەکەی لە دامەزراوەی والێنبێرگ دابین بکات. ئالان چوو بۆ ژاپۆن و وتارەکەی لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی نژیاروانەکان لە گرووپێکی تەندروستیی-گشتی پێشکەش کرد. ئەو بۆ ئەو کارەی پشتیوانییەکی زۆری لێ کرا چونکە وتارەکەی وەک توێژینەوەیەکی داهێنەرانە لەبەر چاو گیرا.

ئالان دەیویست بەرەوپێش بچێت، ئەو پێویستی بەوە بوو کە تۆڕی پەیوەندیی تایبەت بە خۆی ساز بکات. ئەو ئاگادار بوو کە هاوبەشکردنی داهێنانە چەندمەبەستەکەی لە دەرەوە و بەبێ پشتیوانیی پرۆفیسۆرەکانی زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم وەردەگیرێت. «ئەوە یەکەم جار بوو کە هەستم کرد پێویستە لەو کەسانە جیا ببمەوە. من پێشتر چەند وتارم بڵاو کردبوونەوە و دەنگدانەوەیەکی باشیان بوو. بۆیە دەستم کرد بە پەیوەندیی لەگەڵ چەند زانکۆ نە تەنیا لە ئیتالیا بەڵکوو لە شارە ئەوروپاییەکانی دیکە و ئەمریکاش.»

# بەشی چوارەم
# پەرەدان

ساڵانی ١٩٩٠ سەردەمێکی پڕچالاکی بوو لە ژیانی تاکەکەسی و پیشەیی ئالاندا. لە ژیانی تاکەکەسیدا، لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ و ١٩٩٤دا، ئالان ماڵی خۆی دروست کرد و دوو منداڵی بە ناوەکانی سارا و مارکۆ بوو. دوای تەواوکردنی پلەی لیسێنسیا[٥٨] لە ساڵی ١٩٩٤دا، کارەکەی بە پشتیوانیی چەند هاوکاری تری بەرەو ئاقارێکی دیکە ڕۆیشت. وێڕای هەبوونی دژایەتیی بیرۆکە داهێنەرانەکەی، ئەو درێژەی دا تاوەکوو چوارچێوەیەکی بەرینتر پێک بهێنێت. پاش تەواوبوونی دەمەقاڵەکان لە میدیا لە ساڵی ١٩٩٦دا، ئالان بە پەیوەندی لەگەڵ گرووپێک لە دیزاینەرەکان، نژیاروانەکان، دەروونناسەکان و پسپۆڕانی چاوەدێریی تەندروستیی هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشەوە هەڵگرت.

بە گەورەبوونی تۆڕی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پسپۆڕانی نێونەتەوەیی، ئەو لەگەڵ کەسانی پێشەنگی بوارەکەی پەیوەندی ساز کرد، بیرۆکەکانی هاوبەش کرد و فێر بوو. ئالان بۆ وتاردان لە زۆر وڵات بانگهێشت کرا و لەگەڵ خەڵکانێک دیداری کرد کە بۆ چارەسەری کێشە ئاڵۆزەکانی سەردەم لە بواری دیزاینی چاودێریی تەندروستی، نژیاروانی و شێوازناسی بانگهێشت دەکران. ئەوان توانایی بەڕێوەبەرییان لە ئالاندا دیت و ڕوانگە نوێخوازانەکەی بۆیان ڕازیکەر بوو. ئەو چەمکەی ئەو ئیشی لەسەر دەکرد زۆر بواری جیاجیای لێکتر کۆ دەکردەوە. بیرۆکەکانی ژینگەیەکی خۆشیان پێکدەهێنا. لە کاتی بەرفراوانکردنی پەیوەندییەکانی، ئالان دەستی کرد بە فۆرمولەکردنی دیزاینی ژینگەیەک بۆ چاودێریی تەندروستی کە تا ئێستاش درێژەی هەیە.

---

٥٨- پلەیەکەی خوێندن لە نێوان ماستەر و دوکتۆرا تایبەت بە وڵاتانی سکاندیناڤیا

## ١. بناخەی بەرفراوانبوونێکی جیهانی: یەکەم هەنگاوەکان، ١٩٩١-١٩٩٨

گەشەسەندنێکی گشتگیر کە داهاتووی کاری ئالانی دیاری کرد لە ساڵی ١٩٩٥دا دەرکەوت، کاتێک کە ئەو سەمپۆزیۆمێکی نەتەوەیی لەسەر لایەنە نێونەتەوەییەکانی چاودێریی تەندروستی لە هۆڵێک لە شاری سۆندسڤاڵ لە باکووری سوید ڕێک خست، بەڵام چالاکییەکانی ئەو لە ١٩٩٠ەوە وەک بناخەدانانی کارەکەی دەستیان پێکردبوو. ئێستا ئەو دەستی کردبوو بە دانانی شانۆیەک تاوەکوو بەردەنگی زیاتر بۆ سەمپۆزیۆمی نەتەوەیی لەو شێوە ڕابکێشێت و هاوکات چاوێکیشی لە پەرەسەندنە نوێیەکان بوو کە دەکرا لە سوید جێبەجێ بکرێن و بۆ زۆر کۆبوونەوەی نێونەتەوەییش دەچوو.

«وێڕای نەهامەتییەکان من درێژەم بە چالاکییەکانم دا. من زۆر چالاک بووم. لە هەر شوێنێکی وڵاتانی سکاندیناڤیا بڵێی سێمینارم بوو. یەکێکیان لە سۆندسڤاڵ بوو کە پڕ هەیەجانترینیان بوو. بە بینینی هەموو ئەو ڕێگرانە من چاوم لە گەورەبوونی زیاتر بوو. وێڕای دژایەتییەکان دەستم کرد بە هێنانی کەسانی زیاتر بۆ سوید.»

### بانگهێشتنەکان دەست پێدەکەن

دوای وەرگرتنی لیسێنسیا، ئارەزوومەندی بۆ توێژینەوەکەی ئالان زیادی کرد. چەندین بانگهێشتی بۆ هات تاوەکوو دەستکەوتی کارەکەی پێشکەش بکات. بەر لەوە، دەستی کردبوو بە بانگهێشتی توێژەران بۆ ئەوەی باسی پلاندانانی نەخۆشخانەیان لەگەڵ بکات. ئەو دەگێڕێتەوە «لە قۆناغی لیسێنسیادا، هەر سێ مانگ جارێک ئەنجوومەنێکی شارەوانیم لە سوید بانگهێشت دەکرد بۆ ئەوەی باسی پلاندانانی نەخۆشخانەیان لەگەڵ بکەم. ئەو فۆرومانە زۆر سەرنجڕاکێش بوون. تۆڕێکم پێکهێنا و زۆربەی کات خۆشم بۆ پێشکەشکردنی وتار دەچووم. دواتر، بەشداربووەکان ئەو زانیارییانەیان دەگواستنەوە کە باسم دەکرد.»

لە ١٩٩٥دا، ئالان لە لایەن ئەنجوومەنی گەورەشارەکانی سویدەوە بانگهێشت دەکرا بۆ ئەوەی لە شاری سۆندسڤال سەمپۆزیۆمێک ڕێک بخات. ئەو سەمپۆزیۆمە لایەنە ئارەزوومەندەکانی حکومەت، بازرگانی و ئەکادیمیای کۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی دەست بکەن بە باسکردن لەسەر بابەتێک کە سەرەنجام گەیشتە ڕووداوێکی جیهانی کە ئالان ناوی نا: دیزاینی جیهانی و کۆنگرەی جیهانیی تەندروستی.

بە دوای دەستپێکی ئەو ڕووداوە لە سوید، ئالان دەستی کرد بە پەیوەندی لەگەڵ پسپۆڕانی نێونەتەوەیی و بۆ زۆر شوێن بانگهێشت کرا کە وتار پێشکەش بکات و دەستی کرد بە سەفەری نێونەتەوەیی بۆ ئەمریکا و ئەورووپا. ئەو کاتە ماوەیەکی دیار بوو لە پەرەسەندنی بیرۆکەکەیدا.

## گەشت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان

ئەزموونێکی نوێی دیکە، لەساڵی ١٩٩٥دا بانگهێشتکرانی بوو بۆ سەردانێک بۆ ئەمریکا تاوەکوو لە زانکۆی تێگزاس ئەی ئەند ئێم، وتارێک پێشکەش بکات. ئەو لە سان فرانسیسکۆ و لۆس ئەنجلێس قسەی کرد و توێژینەوەکەی لە زانکۆکان پێشکەش کرد.

تۆوی ئەو شتەی کە دواتر بوو بە نژیاروانیی سەلوتۆجێنیک لە گوراندا بوو. ئەو چەمکە لە لایەن ئالانەوە لە کاتی سەردانی بۆ شارە پێشەنگەکان و زانکۆکانی ئەمریکا دروست بوو و بەردەوام بە باشی وەردەگیرا. داهێنەری و خوڵقاندن لە بوارەکانی دیزاینی تەندروستی و چاودێریی تەندروستی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کەشێکی ناوازەی کێبەرکێی خوڵقاند. ئەمریکاییەکان هەمیشە باوەش بۆ بیرۆکە نوێیەکان دەکەنەوە.

ماردیل شێپڵی، کە ئێستا پرۆفیسۆری زانکۆی کۆرنێلە، ئالانی لە تێگزاس بینی و ئەودەم لە زانکۆی تێگزاس ئەی ئەند ئێم وانەی دەوتەوە. ئەو دەگێڕێتەوە «ئالان لە شوێنێکی دیکەوە دەهات بۆ تێگزاس. تێگزاس بۆخۆی وەک وڵاتێک وایە. شتێک کە بەردەوام لەودا سەرنجم دەدا ئەوە بوو کە ئالان بەبێ نیگەرانی لە ستریس و تووڕەییەک کە هەندێک کەس کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخە نوێیەکان هەیانە، لەم کولتوورەوە دەچوو بۆ ناو ئەو کولتوور. ئەو ڕێگەی خۆی دەکردەوە؛ ئەوە هەمیشە ئاکامی باشی هەبوو. تەنانەت کاتی بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە کێ بۆ یەکەم دیدار بانگ بکرێت، کێ یەکەم جار بۆ پێشکەشکردنی وتار بانگ بکرێت، ئێمە لە خوارەوە دانیشتبووین و باوەشێک وتارمان پێ بوون و پۆلێنبەندیمان کردبوون، دەمانوت بەڵێ یان نەخێر و قسەی خۆشمان دەکرد، لە نهۆمی خوارەوەی خانەی ڕۆجێر ئۆلریچ دانیشتبووین.»

ئەوە یەکەم ئاشنابوونی ئالان بوو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و لەو سەفەرەدا چاوی کرایەوە، ئەو بە نۆستالژییەوە بیری دێتەوە کە لە هاوستۆن بۆ وێستگەی کۆلێج و لەوێوە بۆ زانکۆی تێگزاس ئەی ئەند ئێم لە یەکەم جاری پێشکەشکردنی وتاردا بە پاس ڕۆیشتووە. ئەو بڕیاری دا لە هاوستۆنەوە لە جیاتی فڕۆکە بە پاس بڕوات؛ ئالان دەیویست لەگەڵ خەڵکی ئەمریکا هەڵسوکەوت بکات. «بینیم کە پاسەکە پڕە لە کرێکاری ئاسایی کەسانی ئەفریقایی-ئەمریکایی. دەستم کرد بە قسەکردن لەگەڵ سەرنشینەکان، هەموویان باسی چینە ئابووری کۆمەڵایەتییەکانی ناو وڵاتەکەیان دەکرد.» ئالان سەری سووڕ مابوو لەو شت گەورەکردنەوەی لە هەموو شتێکدا دەیبینی، لە خواردنەوە بگرە تا داراییەکان. لە سەفەرەکەیدا لە کاڵێج ستەیشن هیلتۆن، ئەو وتی «داوا پیزایەکم کرد بەڵام پێم سەیر بوو ئەوەندە گەورە بوو کە بنەماڵەیەکی تێر دەکرد. قەت پێشتر تەخشان و پەخشانی وام نەدیبوو.»

> «داوا پیزایەکم کرد بەڵام پێم سەیر بوو ئەوەندە گەورە بوو کە بنەماڵەیەکی تێر دەکرد! قەت پێشتر تەخشان و پەخشانی وام نەدیبوو.»

### هاوکارە نوێیەکان

ئالان پەیوەندیی نوێی دروست کردن، لەوانە دوکتۆر وەین ڕوگا کە لەو کاتەدا بەڕێوەبەری دیزاینی چاودێریی تەندروستی بوو لە سانفرانسیسکۆ، و یارمەتیی ئالانی دا کە کەسانی دیکە بناسێت. ئەو هەروەها جەین مالکینی بینی، دیزاینەری ناوەوە لە سان دیەگۆ، کەسێک کە لەسەر مۆدێلی چاودێریی پلەینتری (داری چنار) کاری دەکرد و زۆر پەیوەندیدار بوو بە توێژینەوەی دیزاینی چاودێریی تەندروستی. یەکێکی دیکە لەو کەسانەی لەگەڵی ئاشنا بوو دێریک پارکێر، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئانشێن ئەند ئالان بوو، کە دیزاینێرێکی زۆر ناسراوی چاودێریی تەندروستییە و دواتر دەبێتە ڕاوێژکاری ئالان.
چیرۆکی دێریک پارکێر بە تایبەت جێگەی سەرنجە. ئەو یەکێک لە کچە دوانەکەی لە یەکەیەکی چاودێریی تایبەتی نەخۆشخانە لە دەست دابوو. لەو کاتەدا، یەکەکانی چاودێریی تایبەتی منداڵان وەک ئێستا گەشەسەندوو نەبوون. لەدەستدانی خەمهێنەری ئەو منداڵەی هانی دا بۆ ئەوەی کارەکەی تەرخان بکات بۆ باشترکردنی نەخۆشخانەی منداڵان. دێریک یەکەم یەکەی چاودێریی تایبەتی پێشکەوتووی بۆ منداڵان لە کالیفۆرنیا دیزاین کرد و لە چەندین کێبەرکێی نێونەتەوەیی نەخۆشخانەی منداڵاندا بەشداری کرد. ئەو چەندین خەڵاتی گرینگی لە سان دیەگۆ، لە زانکۆی ستانفۆرد لە پالۆ ئالتۆ، لە سیاتێل، لە شاری کالگەری لە کەنەدا، و لە فلۆرێنسی ئیتالیا بردبووەوە.
ئالان لەو سەفەرەدا پرۆفیسۆر ماردێل شەپلەی، جۆرج مان، و رۆجێر ئۆلریچی لە تێگزاس ئەی ئەند ئێم ناسی. پاشخانی ئۆلریچ لەسەر کاریگەریی ژینگەیی لەسەر تەندروستی و خۆشبژێویی خەڵک بوو. ئەو لە ئۆپسالای سوید توێژینەوەیەکی کرد، کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئەمریکا دانا. ئەو وتارێکی لە جورناڵی سایێنسدا بڵاو کردەوە. وتارەکە لەسەر وێنەیەک بوو کە چۆن کەسێک لە ژوورەوە دەڕوانێت بۆ سروشتی دەرەوە و باسی لە شێوازەکانی پەیوەندی لەگەڵ سروشت کردبوو کە چۆن لە پرۆسەی چارەسەردا کاریگەرییان هەیە.

### هەنگاوێکی وەرچەرخان لە پەرەسەندندا

ئالان پاش گەڕانەوەی بۆ زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم لە سوید، دەستی کرد بە پتەوکردنی ڕوانگەیەکی نێوان-بواری تاوەکوو زیاتر پەرە بدات بە بیرۆکەکانی لە دیزاینی نژیاروانیدا. بوارەکانی دیکە کە دەستی کرد بە توێژینەوە تێیاندا و یەکی خستن بریتی بوون لە: تەندروستیی گشتی، نژیاروانی، و یەکەی نیشتەجێبوون. بەر لەوەی نامەی دکتۆراکەم پێشکەش بکەم، سەردانی دامەزراوەی کارۆلینسکام کرد کە زانکۆیەکی پزیشکییە. ئەو سەردانە زۆر پڕبەرهەم بوو. دنیایەکی نوێی بە ڕووی مندا کردەوە. پرۆفیسۆری دەروونناسی، کریستۆفێر کۆنارسکی، ئەوەندە هانی دام کە هەر ئەو دەم ویستم کاری لەگەڵ بکەم. ئەو داوای لێکردم ئەوەندەی دەکرێت زوو زوو سەردانی بکەم. تەنانەت بەبێ ئەوەی بە سەرپەرشتیارەکەم لە دامەزراوەی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم بڵێم، ئەو کارەم کرد.
«کۆنارسکی باوکی نەخۆشییە دەروونی-جەستەییەکان (سایکۆسۆماتیک) بوو لە سوید و سەرۆکی کۆمەڵەی سایکۆسۆماتیکی سویدی بوو. من لە ساڵی ١٩٩٧ بەر لەوەی کۆتایی بە تێزەکەم بهێنم دەستم کرد بە

کارکردن لەگەڵی. زۆری لێ فێر بووم. ئەو زۆر قووڵتر فێری کردم کە سەلوتۆجێنیک واتای چییە و تێگەیشتم لەوەی کە تەندروستی پرۆسەیەکە و ئەوەی کە چۆناوچۆن بە دەست دێت. ئەو بیرۆکانە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر پەرەسەندنی کارەکەم لە درێژەی ژیانمدا هەبوو.»

## کۆتاییهاتنی دکتۆرا و درێژەی ڕێگا

لەساڵی ١٩٨٨دا، ئالان دکتۆراکەی تەواو کرد و نامەی دکتۆراکەی لەژێر ناونیشانی «دیزاین و چاودێری لە پلاندانانی نەخۆشخانە»دا پێشکەش کرد. بەبێ هەوڵ و ماندووبوون داوەرەکان تێزەکەیان وەرگرت. ئەو ڕووداوە کۆتایی هێنا بە قۆناغی پڕکێشەی دووپاتبوونەوەی نامەی دکتۆراکەی. سەرەنجام، پڕۆژەکە کۆتایی پێهات. چەندین شت لە ساڵانی دواییدا لەسەر ژیانی کاریگەری دادەنێن.

ئالان دەگێڕێتەوە «ساڵی ١٩٩٨ تێزەکەم بە کوالیتیی زۆر بەرزی زانستییەوە کۆتایی پێهات و لە هاوڕێیان و بنەماڵەکەم کەسم بانگهێشت نەکردبوو. وا باوە کە ڕێوڕەسمێکی جەژنگرتن دابنێی لە کۆتایی دکتۆراکەتدا بەڵام من پێم باش بوو ئەو کارە نەکەم. نانوخوانێکی شەوم لە زانکۆ ڕێکخست و کیکی بیۆرکلاند، خوێندکارێکی دکتۆرای هاوکارم کە لە هەموو ڕێگەکەدا هاوکاریی کردبووم، لە ڕێکخستنی میوانییەکەدا یارمەتی دام. ئێمە بەر لە دکتۆراکەم هاوکاریمان بوو و پێکەوە وتارێکمان بڵاو کردبووەوە. ئەو کۆتاییهاتنە بۆ هەمیشە پەیوەندیی منی لەگەڵ زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم کۆتایی پێهێنا. من قەت نەگەڕامەوە بۆ ئەو شوێنە.

«تا ئەو کاتەی، کە من لە ترۆندهایم کارم دەکرد، هاتوچۆم دەکرد. چاوەکان لە ترۆندهایم بەرەو داهاتوو دەیانڕوانی. ڕوانگەی منیش بەرەو داهاتوو بوو. دەستم کرد بە ڕێکخستنی یەکەم کۆنگرەی جیهانی. لە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لە باشووری سوید لەگەڵ یۆران پێرشن قسەم کرد، کە دواتر بووە وەزیری بازرگانی و سەرنجام بووە سەرۆکوەزیران. پێکەوە باسمان لە لایەنە بەشداربووەکانی پرۆسەی پلاندانانی دیزاین و بیناسازیی نەخۆشخانە کرد.» ئەو قسەکردنانە، هەرەک دواتر دەرکەوت، چارەنووسساز و پڕبەرهەم بوون.

## ٢. ترۆندهایم: چاندنی تۆوی چەند دەیە هاوکاری، ١٩٩٠-٢٠١٤

ئالان لە سەرەتای ١٩٩٠دا بانگهێشت کرا بۆ ترۆندهایم بۆ ئەوەی نامەی دکتۆراکەی پێشکەش بکات و باس لە توێژینەوەکەی لەسەر نۆ نەخۆشخانەکە و لەوانە نەخۆشخانەی نەرویجیی ترۆمسۆ بکات. هێشتا کارمەندی برینک بوو و لە هەموو دەیەی ١٩٩٠ەکاندا سەردانی نەرویجی دەکرد. پەیوەندیی ئالان لەگەڵ ترۆندهایم بۆ ناساندنی کارەکەی خاڵێکی گرینگ بوو کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

### پاشخان

ئالان بۆ توێژینەوەی دوکتۆراکەی سەردانی نەخۆشخانەی ترۆمسۆی لە باکووری نەرویج دەکرد. ئێستا ئەو بڕیاری دابوو کە لەگەڵ ئینگە فۆتلاند بەڕێوەبەری پلاندانان پەیوەندی بگرێت. فۆتلاند دەڵێت «ئالان پەیوەندی پێوە کردم چونکە ئەو لەسەر نەخۆشخانەی ترۆمسۆ توێژینەوەی کردبوو. ئەو پێی وتم کە حەز بە چۆنیەتیی کارەکەیان ناکات و بیستبووی کە دەستمان کردووە بە کاری دیزاینی نەخۆشخانەیەکی نوێ. ئێمە لە ترۆندهایم یەکمان بینی و سەبارەت بە ئاسایش و بایەخدان بە نەخۆشەکان و هەروەها ڕێبازی سەلوتۆجێنیک قسەمان کرد.»

«بۆم ڕوون کردەوە کە ئێمە لەو دەمەدا لەسەر جۆرێکی نوێی کێبەرکێی پلاندانانی نەخۆشخانە کار دەکەین. کێبەرکێکە لەسەر بیرۆکەکەیەک بوو کە دکتۆرەکان، پەرەستارەکان و نژیاروانەکان پێکەوە کۆ دەبنەوە و باس دەکەن کە هەرکامیان شارەزای بوارێکن. ئالان زۆر ئەو بیرۆکەی لا پەسەند بوو.»

فۆتلاند هەستی بە تێڕوانینی داهێنەرانەی ئالان لەسەر چاودێریی تەندروستی کرد و خێرا داوای لێ کرد کە کاریان لەگەڵ بکات. «ڕێک لە یەکەم بینینەوە، ئالان هاتە ناو کارەکە. ئەو ویستی کە توێژینەوەی دکتۆراکەی لە دیزاینی نەخۆشخانە نوێیەکەدا لەبەر چاو بگرین. من دەمزانی کە ئالان خەڵکی کوردستانە و لە ژیانیدا زۆر کێشەی بوون تاوەکوو ببێتە ئەو کەسەی کە هەیە. من پێموابوو سەرنجڕاکێشە کە گوێ لە تێڕوانین و بیرۆکەکانی بگری. ئەویش دەیویست فێر ببێت، بۆیە لە پڕۆژەکەدا بەشداریم پێ کرد.

فۆتلاند ئەوەشی زیاد کرد کە «دوای چەندین ساڵ، من و ئالان پێکەوە سەفەرمان کرد بۆ سەرانسەری جیهان و چەندین نۆرینگەمان بینین و لەگەڵ پزیشکان، پلاندانەران و کارمەندانی حکومەت و هتد کۆ بووینەوە. لەو خاڵەی هاوکاریماندا، زانیم کە قۆناغێکی نوێ لە پلاندانانی نەخۆشخانە خەریکە سەر

هەڵدەدات. تێگەیشتنمان ئەوە بوو کە ئێمە چیتر ناتوانین ڕێک هەمان شت بکەین کە پێشتر کراوە. ئێمە بەرەو گۆڕانکاری ڕۆیشتین، لەوانە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ نەخۆشەکان و بایەخدان بە بیناسازی بەپێی پێداویستیی نەخۆش و کارمەند.»

لە ١٩٩٠دا، ئالان بووە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی شاری ترۆندهایم بۆ سازکردنی پرۆژەی نەخۆشخانە. بەڵام ئەوە لە ساڵی ١٩٩٧دا بوو کە لەگەڵ فۆتلاند یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستییان بەڕێوە برد و ئالان پێداچوونەوەی بۆ پلانەکانی دیزاینی نێونەتەوەیی بۆ نەخۆشخانەی ترۆندهایم کردبوو. لەو کاتەدا، پەیوەندیی کاری لەگەڵ فۆتلاند تا دەهات پتەوتر دەبوو.

لە کێبەرکێکەدا داوا لە ئالان کرا کە بە تەنیا پێداچوونەوە بۆ هەموو پرۆپۆزاڵەکان بکات. کراوەیی بەڕێوەبەرانی پرۆژەکە بووە هۆی ئەوەی کێبەرکێکارانی داهێنەر کۆ ببنەوە جگە لە یەک گرووپ! جارێکی دیکە وایت ئارکیتێک ئامادە بوون، نەخشەی دیزاینی خۆیان پێشکەش کردبوو، ئالان جارێکی دیکە لەگەڵ ئەم گروپە تێک گیرا.



نەخۆشخانەی ترۆندهایم لە ١٩٩٥دا

## یەکەم گەشتی ترۆندهایم

«گەشتی ١٩٩٠ی ئالان بۆ ترۆندهایم لە هەوڵی جدی ئەوەوە بۆ دکتۆراکەی دەستی پێکرد. بۆ یەکەم جار چوو تاوەکوو لەگەڵ کۆمیتەی پلاندانانی نەخۆشخانە نوێیەکە دابنیشێت، ئەو دواتر دەڵێت «من پێشتر تەواو بە ترۆندهایمەوە سەرقاڵ ببووم. لەوێ سێمینارێکم بۆ هەموو پارتە سیاسییەکان و بەڕێوەبەری پلاندانان بەڕێوە برد. نژیاروانەکانم لە سەرانسەری جیهانەوە بانگهێشت کرد و زۆر حەزیان پێکرد. نامەی

دکتۆراکەم بۆ شی کردنەوە چونکە من لەسەر ئەو بابەتە نووسیبووم و بۆم شی کردنەوە کە چۆن دەکرێت لە ترۆندهایم کەڵکی لێ وەربگیرێت.»
ئالان وتی «من پێم وتن، باشتر وایە وەک ساڵانی ١٩٦٠ەکان نەخۆشخانە دروست نەکەن، نابێت هەمان هەڵە دووپات بکەنەوە کە لە نەخۆشخانەی ترۆمسۆ کراوە. ئەو زوو لە ڕەخنەکەم و هەڵسەنگاندنی من بۆ نەخۆشخانەکەیان لەسەر بنەمای توێژینەوەکەم تێگەیشت. ئەوان هەروەها لە ڕوانگەی من بۆ دیزاین و مەبەستەکانم تێگەیشتن و داوایان کرد کە بچم ئیشیان لەگەڵ بکەم، هەستیان کرد کە زانیاریی من بۆ داهاتووی نەخۆشخانەی ترۆندهایم بەسوود دەبێت.»
هەردووکی بەڕێوەبەران و ئەندامانی ئەنجوومەنی شار هاوڕا بوون: «تۆ ڕاست ئەکەی. ئێمە ئەم زانیارییە بۆ باشترکردنی نەخۆشخانەکە بە کار دەهێنین. بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ترۆمسۆ ڕەخنەکەی ئالانی لە قاو دا: «بەپێی قسەی ئالان دیلانی، ئێمە لە دواین. نەخۆشخانەی نوێی ترۆمسۆ لە ١ی ئۆکتۆبری ١٩٩١دا کرابۆوە. ئەم نەخۆشخانە نوێیە ١.٨ ملیارد کرۆنێری نەرویجی تێچووبوو بەڵام بەوحاڵەوە نەخۆشخانەیەکی کۆن بوو و پێویستی بە ١٥ ملیۆن کرۆنێری تر بوو بۆ ئەوەی نۆژەن بکرێتەوە.
دواتر ئالان بانگهێشت کرا بۆ وەزارەتی تەندروستی. ئەو بانگهێشتنامەیەکی بۆ هات تاوەکوو لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ترۆندهایم ڕاوێژ بکات و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بانگهێشتەکەی قەبوڵ کرد.

**پڕۆژەی ترۆندهایم**

فۆتلاند دەستی کرد بە دامەزراندنی لیژنەیەکی ڕاوێژکاری و کۆمیتەیەکی پێداچوونەوەی زانستی بۆ پڕۆژەی ترۆندهایم کە لە کەسانی بواری چاودێریی تەندروستی پێک دەهات و لەوانە بەڕێوەبەرانی ترۆمسۆ، کارۆلینسکا، سینتێف[٥٩]–دامەزراوەیەکی گەورەی توێژینەوە لە نەرویج-ی تێدا بوون، هەروەها پزیشک و نژیاروان و بڕیاردەری ئاستبەرزی دیکە لە لیژنەکەدا بوون.
ئەم تیمە لەگەڵ بەشێک لە خاوەن پشکەکان دەستیان کرد بە وەڵامدانەی پرسیارە پەیوەندیدارەکان. «ژمارەیەکی زۆر سیاسەتوانمان بانگهێشت کردن. پێموایە سەد کەس لە کارمەندانی ناوچەکە لە وتووێژەکاندا ئامادە بوون. ئێمە گەیشتینە دوو چەمکی سەرەکیی زۆر جیاواز» یەکیان ناوەندگەرایی بوو ئەوی تر دژەناوەندگەرایی بوو.»
شتێک کە سەرەنجام پێکهات کێبەرکێیەکی نێونەتەوەیی بوو بۆ دیزاین و بیناسازیی نەخۆشخانە نوێیەکەی ترۆندهایم. کارەکانی ڕێکخستنی ئەو کێبەرکێیە لە سەرەتای ١٩٩٥دا دەستی پێکرد. پلانە گشتگیرەکان بۆ سەرجەم لایەنەکان هەر لە قۆناغی یەکەمدا دانران و پەیڕەوێک بۆ جێبەجێکردنی بەشە تایبەتەکانی دیزاینەکە دانرا.
فۆتلاند دەڵێت «کۆمیتەی پێداچوونەوەی زانستی بڕیاری دا کە تەنیا یەکێک لەو شەش چەمکەی پێشکەش کراون براوە دەبێت. ئالان ئەندامی فەرمیی ئەو کۆمیتەیە نەبوو. بەڵام ئەو لە وتووێژەکاندا هاودەنگێکی گرینگی من بوو و داهێنانەکەی ئەو لە توێژینەوەی بەرفراوانی دکتۆراکەیدا بەنرخ بوو.»

---

٥٩- SCINTEF

ئینگە فۆتلاند و ئالان لەسەر چۆنیەتیی دروستکردنی نەخۆشخانەکە گەیشتنە بڕیارێکی هاوبەش. بە هۆی ئەوەی کە دەیزانی پێشتر کاری وا نەکراوە، پێیان سەیر بوو کە بیرۆکەکەیان وەربگیرێت. ئالان پێشنیاری کرد کە ئەو و فۆتلاند لەگەڵ پلاندانەرەکەکان لە سەرانسەری جیهان پەیوەندی بگرن. ئەوان بڕیاریان دا کە لە ساڵی ١٩٩٧دا لە ترۆندهایم کۆنفرانسێک بگرن بۆ ئەوەی کەسانی پەیوەندیدار بە بوارەکە بۆ پێداچوونەوەی چەمکەکان کۆ بکەنەوە. چاوەڕێ دەکرا کە ئەو دیزاینە پڕ ململانێیە لە ساڵی ٢٠٠٠ یان دواتر تەواو ببێت و کێبەرکێ نێونەتەوەییەکە ناو نرا کێبەرکێی نەخۆشخانەی ناچەی ترۆندهایم کە کورتکراوەی ناوی RIT٢٠٠٠ بوو.

فۆتلاند دەڵێت «ئێمە ویستمان کە خەڵک کۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی لەسەر داهاتووی پلاندانانی نەخۆشخانە باس بکەن و کۆنفرانسەکە بەرهەمێکی بێت.» ئالان بووە بەڕێوەبەری کۆنفرانسەکە و فۆتلاند بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لێدەکرد. فۆتلاند پێمان دەڵێت «ئەو لە بەڕێوەبردنی کۆنفرانسەکەدا دەوری سەرەکی بوو. هەموو شت بە دوا ئەوەدا هات.» لەگەڵ پەرەوپێشچوونی پلانی کۆنفرانسەکە، کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان ڕێکخرا کە سەرەنجام گەیشتە یەکەم کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی.

ئالان لە بیریەتی کە داوای لێ کرا تاوەکوو پێداچوونەوە بۆ سەرجەم پرۆپۆزاڵە نێردراوەکان بکات. بەڕێوەبەرانی پرۆژەکە بە بیرێکی کراوەوە هەلیان بۆ کێبەرکێیەکی پڕهەیەجان و داهێنەرانە خوڵقاند، وایت ئارکیتێکت لەم کێبەرکێیەدا بەهێز نەبوون. ئەوان دیزاینێکیان ئامادە کردبوو کە کارایی کەمتر بوو و زۆر پەیوەندیدار نەبوو.

## داهێنانی ئالان بۆ کێبەرکێی ئاڕ.ئای.تی ٢٠٠٠

ئالان زۆر بەباشی لە ئاڵۆزیی نەخۆشخانەکان و ئەو ڕاستییە ئاگادار بوو کە داهێنان لە زانستی پزیشکی و تەکنۆلۆژیدا زۆر گۆڕانکاری لە داهاتووی دیزایندا دروست دەکات. پرسیارەکان بۆ ئالان و تیمی ترۆندهایم ئەمانە بوون: چۆن نەخۆشخانەی ترۆندهایم دیزاین بکەین بە شێوەیەک کە تایبەتمەندیی پەرەدانی بێت و تا چ ڕادەیەک قابلیەتی گۆڕانکاری دەتوانین دابین بکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ داهێنانەکانی تەکنۆلۆژیی پزیشکی لە داهاتوودا بگونجێت؟

ئالان دەڵێت: «ئەرکی من ئەوە بوو کە پێشنیارەکانی دیزاین هەڵبسەنگێنم. نەخۆشخانەکان لە ئاڵۆزترین بیناکانی جیهانن. پێداچوونەوەم بۆ حەوت پێشنیاری دیزاین کرد کە بۆ کێبەرکێکە نێردرابوون، یەک بە یەک پێداچوونەوەم بۆ کردن و سەرنجی ئەو چەمکانەم دەدا کە بایەخیان بە نەخۆش دەدا، ئەوەی چ شتێکیان کار دەکات و چ شتێک نایکات، و پێکهاتەی گشتیی ڕێکخراوەکە چۆنە. ئەو شتانەی دیکە کە لەبەر چاوم دەگرتن ئەوە بوو کە ناوەندەکانی چاودێری چۆن سەیری نەخۆش دەکەن، دیزاینەکە چەندە مرۆڤ-تەوەرە و هەروەها چۆنیەتیی وەڵامدانەوەی دیزاینەکە بە داهێنانەکان و ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو پێوەرێکی دیکە بوو کە لەبەرچاو گیرا.»

**جارێکی تر وایت ئارکیتێک کاردانەوەیان دەبێت**

لە قۆناغی دووهەمی هەڵسەنگاندنی ئالان لە تێزی دکتۆراکەیدا، بۆی دەرکەوت کە پلانی دیزاینی وایت ئارکیتێکت لە هەمووان لاوازترە. بەداخەوە، گرووپەکە بڕیاریان دابوو بەشداری لە کێبەرکێیەکەدا بکەن. ئەوان پێشنیاری دروستکردنی بینایەکی ناوەندیی تەنگەبەریان دابوو بەڵام ڕوونیان نەکردبۆوە کە چۆناوچۆن دەتوانن ئەو هەموو خزمەتگوزارییە لە بینایەکدا جێگە بکەنەوە.

ئالان دەڵێت «بەداخەوە ئەوان کاتی پێشکەشکردنی تێزەکەم ئامادە بوون. بەڵام پێشنیارەکەی ئەوان هیچ باشییەکی تێدا نەبوو. من تەنیا ئاماژەم بەوە کردبوو کە ئەوان خولیای زۆریان لە پلانەکەیان یان لەو شتەی پێشکەشیان کردبوو، دیار نەبوو. ئەوە تەنیا ڕەخنەیەک بوو کە گرتبووم. بە هیچ شێوەیەک ئەوە کێشەیەکی کەسی نەبوو. ئەوە دووەم جار بوو کە من لەگەڵیان تووشی کێشە ببووم. هەموو هاوڕا بوون کە پێشنیارەکەی ئەوان خراپترین بوو.»

«وایت ئارکیتێکت وەک گەورەترین دامەزراوەی نژیاروانی دوو جار ڕووبەڕووی ململانێ ببۆوە، ئەو دوو جارەش لە لیسێنسیا و توێژینەوەی دکتۆراکەی مندا بوو. تێزەکەی من پێشنیاری دیزاینە لاوازەکەیان و ناشارەزاییانی لەو بوارەدا خستبووە بەر ڕەخنە. بەپێچەوانەی پەیوەندیی نزیکییان و پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوچەکە، وا دیار بوو کە کاربەدەستانی ئەو ناوچە قەت لە ڕوانگەی زانستییەوە کارەکانیان هەڵنەسەنگاندبوون. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو کە کاربەدەستانی ناوچەکە زۆربەی کات بە هۆی پەیوەندییە سیاسییەکانییانەوە دامەزرابوون و لە زۆربەی کاتەکاندا شارەزایی و زانستی پێویستییان نەبوو. بۆیە بە سادەیی لەلایەن وایت ئارکیتێکتەوە کۆنترۆڵ دەکران.»

«ڕاستییەک ئەوە بوو کە زۆربەی کاربەدەستانی ناوچەکە کە لەگەڵ وایت ئارکیتێکت لەسەر پڕۆژەکە کاریان دەکرد، پێشتر لەگەڵ کۆمپانیاکە و دامەزراوە گەورەکانی نژیاروانی ئیشیان کردبوو. ئەمەش ببووە هۆی گەندەڵی و دەستبەسەرداگرتن. وەک نژیاروانێکی کردەوەخواز، کاریگەریی دامەزراوە گەورەکانی نژیاروانیم لە سوید دەبینی. توێژەران دەیانزانی کە کێبەرکێی نێوان دامەزراوە گەورەکان و دەسەڵاتی ناوچەیی، کێبەرکێکان و دەرەنجامی پڕۆژە باشەکان لەو وڵاتە بچووکەدا تێکدەدات.

ئالان دەڵێت: «هەستم کرد کە ئەرکی منە وەک توێژەرێک بە ڕاستگۆییەکی زۆرەوە، ئەو هەڵاواردن و گەندەڵییە لە کۆمەڵگای سویددا ئاشکرا بکەم کە ببووە هۆی ئەوەی گرووپێک پەیدا ببن پشتیوانی لە بازرگانییەکەی خۆیان بکەن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، کارتێلێک، هەموو شوێنەکان لە زانکۆکان و کۆمەڵگادا بە گشتی کۆنترۆڵ دەکات. ئەو دامەزراوە گەورانە دەست بەسەر ئەو سەرچاوانەدا دەگرن کە دەبێت لەبەر دەستی هەمواندا بێت. وەک کەسێکی بیانی، بۆ من ئاستەم بوو بچمە ناو ئەو بازنە، بە تایبەت ئەوەی کە من وەک ئەوان بیرم نەدەکردەوە. بە هۆی ئەو دوو لایەنە ئاڵۆزەوە متمانە بە من نەدەکرا.»

**وەک کەسێکی بیانی، بۆ من ئاستەم بوو بچمە ناو ئەو بازنە، بە تایبەت ئەوەی کە من وەک ئەوان بیرم نەدەکردەوە.**

## دیزاینێکی نەرویجی دەبێتە براوەی کێبەرکێکە

بەرفراوانبوونی کێبەرکێکە زۆر کەسی دیکەی لە وڵاتەکانی سوید، دانیمارک، نەرویج، بریتانیا و وڵاتانی دیکەوە ڕاکێشان. بەڵام باشترین بەشداربوو نژیاروانێکی نەرویجی بە ناوی نیلز تۆرپ بوو کە بووە براوەی کێبەرکێکە.

ئالان ڕوونی دەکاتەوە «نیلز تروپ نژیاروانیکی زۆر ناسراو و بەناوبانگە لە ئاستی جیهاندا. ئەو لەسەر چۆنیەتیی تیکەڵبوونی نەخۆشخانەیەکی نوێی ناوەندی شار لەگەڵ بەشەکانی دیکەی شاردا شیکاری کرد. ئەو چەمکە بووە هۆی دروستبوونی نەخۆشخانەیەک کە بەباشی لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی شارەکە یەک بکەوێت. بۆ یەکەم جار، خەڵک قازانجی ئەو ڕێگەچارەیان بینی کە چۆن «گەڕەکە نوێیەکان» لەگەڵ «بەشەکانی پێشووتری شاردا» پێکەوە دەبەسترێنەوە. ئەو دیزاینە داهێنەرانە و نوێگەرانە بوو. ئەو ڕێگەکانی دروستکردنی بیناکەی تا قۆناغی کۆتایی پیشان دابوو. ئەوە چەمکی بنیاتنانەوە[٦٠]، بوو و کاری براوەی کێبەرکێکە بە تەواوی نوێ بوو.

هۆکاری ئەوەی کە تروپ گەیشتبووە ئەو ئەنجامە ئەوە بوو کە نەکەوتبووە ژێر کاریگەریی نژیاروانە نەریتخوازەکان کە کاری دیزاینی نەخۆشخانەیان دەکرد. ئەو پیشانی دابوو کە چۆن دیزاینی ئاڵۆزی نەخۆشخانەکان دەکرێت سادە بکرێتەوە. ئەوە کێشەی سەرەکی بوو. هەروەها یەکێک لە کێشەکانی دیکە ئەوە بوو کە چۆن نەخۆشخانە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی شاردا یەک بخرێت. بە هەمان شێوە کە خەڵک دەچن بۆ قوتابخانە، فەرمانگەکان، ناوەندەکانی کڕین و چاودێریی منداڵان، ئەو پێی وا بوو، کە دەبێت بە هەمان شێوە و بە سادەیی بتوانن بچن بۆ نەخۆشخانە.



براوەی کێبەرکێیەکە، نژیاروان نیلز ترۆپ

٦٠- restructuring

«زۆر زوو بینیم کە ئەو دیزاینە بە تەواوەتی لە مۆدێلە نەریتییەکان جیاوازە. ئەو شتێکی نوێی هێنابووە ئارا. هەموو ئەو ناوەندانەی ئەو دیزاینی کردبوون دەیانتوانی پێکەوە پەیوەندییان بێت و لەنێوان بینا بەرزەکانی دیکەشدا وەک بینایەکی تایبەت دیار دەبوو. من ناوی نەخۆشخانەی هاوسێم بۆ ئەو شتە هەڵبژاردبوو.

«پێشنیاری من ئەوە بوو کە پلانەکەی بە تەواوەتی نوێیە، (کارێکی گەورە) وەک پێشتر لە گۆڤارێکدا ئاماژەم پێکردبوو. ترۆپ براوەی ئاشکرای ئەو کێبەرکێیە بوو. بۆ یەکەم جار، ڕوانگەیەکی نوێمان بۆ پلاندانانی نەخۆشخانە بینی کە گەیاندمانی بە شوێنی ئێستا. پلانەکەی هەم دینامیک بوو و هەم جێگەی گۆڕانکاری زۆری تێدابوو. دەیتوانی لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە پزیشکییەکانی ئەم سەردەمە و داهێنانەکانی زانستی پزیشکی خۆی بگونجێنێت.»

### ئامانجی کۆنگرەکە

«کۆنگرە ئامانجێکی سەرەکی هەبوو: کۆکردنەوەی خەڵک و باسکردن لەسەر داهاتووی پلاندانانی نەخۆشخانە.» فۆتلاند دەڵێت «ئێمە دەمانویست کە لە کەسانی ترەوە فێر ببین.»

«کاربەدەستانی ترۆندهایم دڵخۆش بوون.» ئالان ئەوەش زیاد دەکات «ئەوان زۆرتر دڵخۆش بوون کاتێک پێشنیاری ئەوەم کرد کە کەسانی دەوروبەرمان بانگهێشت بکەین بۆ ئەوەی بیرۆکەکانمان لەگەڵ بەشەکانی تری زانست هاوبەش بکەین و ئەو زانستە بۆ ژمارەیەکی زیاتر لە بەردەنگەکان بگوازینەوە. ئەو بیرۆکەیە هاندەری یەکەمی ئێمە بوو بۆ پێکهێنانی یەکەم کۆنگرەی جیهانی.



شێوەی کۆتایی نەخۆشخانەی ترۆندهایم لە ئێستادا

«یەکێک لە ئامانجەکانی تێزەکان پشتیوانی لە ترۆندهایم بوو. بەر لە کۆنگرەکە، من ڕێکخراوەی دیزاین و تەندروستیم بنیات نابوو. دواتر ئەو ڕێکخراوەیە بە ئەکادیمیای نێونەتەوەیی بۆ دیزاین و تەندروستی ناسرا و دەستمان کرد بە پلاندانانی کۆنگرەکە بۆ ساڵی ١٩٩٧.

«لە سەرەتادا، هەندێک کەس دوو دڵ بوون لەوەی کە خەڵک بێن بۆ کۆنگرەی ترۆندهایم. ئێمە وتمان کە خەڵک دێن چونکە پرۆژەیەکی ناوازە بوو. من درێژەم دا و دواکاریی وەرگرتنی وتارم ڕێکخست، کەسانی جیهانی و پیشەنگم وەک وتاربێژی سەرەکی بانگهێشت کرد. ئەو ڕووداوە لە لایەن ترۆندهایم و چەند شوێنی ترەوە پاڵپشتی لێ کرا. ئامانج وتوویژ و هاوبەشکردنی زانست بوو لەسەر باشترین ڕێگەکان بۆ ئەوەی لە یەک فێر ببین و بناخەیەکی زانستی دابنێین. تیمی ترۆندهایم چوار سەد نەخۆشخانەیان لەسەر ئاستی جیهان بەسەر کردەوە تاوەکوو باشتر لە پێداویستییەکانی داهاتووی نەخۆشخانەکان تێبگەن. ئەوان زۆر ئارەزوومەند بوون کە بەشەکانی نەخۆشخانە بە جۆرێک یەک بخەن تاوەکوو بە باشترین شێوە لەگەڵ پێداویستییەکانی داهاتوو خۆیان بگونجێنن.»

لە ساڵی ١٩٩٧دا هەوڵەکانی ئالان و ئینگە فۆتلاند بۆ یەکەم کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی سەریان گرت. ئەو کۆبوونەوە نێونەتەوەییە بابەتە سەرەکییەکەی دیزاینی چاودێریی تەندروستی و فەلسەفەی چاودێریی نەخۆش بوو.

بە هۆی ئەوەی کە ئالان پێشتر زۆر لەسەر ئەو بوارە توێژینەوەی کردبوو، ئەو فۆرومە شوێنی پتەوبوون و جێگیربوونی بیرۆکە نوێیەکانی بوو. ئەوە یەکەم کۆنگرە بوو لە زنجیرەیەک کۆبوونەوە، فۆرومێک کە بۆ بیست ساڵ دواتر نژیاروانەکان، دیزاینەرەکان، خاوەن پشکەکان، و کەسانی بازرگان لە شوێنی جیاجیا کۆ دەکاتەوە. باسی ورووژێنەر و ئاڵوگۆڕی زانیاری کاریگەرییەکی درێژخایەنی لەسەر بابەتێک دانا کە لە سەرانسەری جیهاندا سەرنجی بەرەو لای خۆی ڕاکێشابوو.

ئالان دەڵێت «کۆمیتەیەکی زانستی، پوختەی وتارەکانی کۆنگرەی هەڵدەسەنگاند. ئەرکی من ئەوە بوو کە کۆمەڵێک پێوەر لەسەر بنەمای داهێنان و کوالیتیی زانستی دابنێم کە پێشتر ئەو پێوەرانەم لە دکتۆراکەمدا پەرە پێدابوون. من ڕوانگەیەکی زانستیی بەهێزم هەبوو. ئامانج ئەوە بوو باشترین وتارەکان هەڵبژێردرێن. ئەو هەموو ئامادەکاری و سەرنجدانە بووە هۆی دروستبوونی متمانە بە ئێمە. شتەکە بە تەواوەتی سەرکەوتوو بوو. خەڵک بەو دەرەنجامە دڵخۆش بوون. ناوەندی نێونەتەوەیی گەورە وەک ئێرنێستویانگ و سیمێنس پشتیوانیی ماڵیی کۆنگرەکەی ترۆندهایمیان کرد و من زانیم کە ئەو پشتیوانییە بۆخۆی لە داهاتوودا درێژە دەکێشێت.»

## یەکەم کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: ترۆندهایم، ١٩٩٧

ئالان وتی «کۆنگرەی ترۆندهایم بووە هۆی سەفەرێکی کاری من بۆ ئەمریکا و پەرەی بە کارەکەم دا. هەروەها منی هان دا بۆ کۆکردنەوەی زانستی جیهانی و بڵاوکردنەوەی ئیشەکەم بە سکاندیناڤیادا. کۆنگرەکە تەنیا سێ ڕۆژ بوو، لەو سێ ڕۆژەدا بەشداربووان سەردانی مۆدێلی داری چناریان لە نەخۆشخانەی ترۆندهایم کرد تاوەکوو لێی فێر ببن و کارەکە هەڵبسەنگێنن.»

زۆربەی ئەو کەسانەی ئالان بۆ کۆنگرکە بانگهێشتی کردبوون لە ئەمریکاوە هاتبوون و بوارەکانیان نژیاروانی، دیزاینی ناوەوە، و زانستی پەرەستاری بوو. ئەو هەروەها ئەو کەسانەشی لە ئەورووپا بانگهێشت کردبوون کە پەیوەندی لەگەڵیان هەبوو، لەوانە هاوکارەکانی لە ئیتالیا و فینلاند و هەروەها چەند بەشداربوو لە زانکۆکانی سوید؛ لەوانە کەسانێک لە زانکۆی کارۆلینسکا و زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆلم کە لە بواری نژیاروانیدا ئیشیان نەدەکرد.

**بەرنامەیەکی داهێنەرانە بوو و بۆ شاری ترۆندهایم زۆر سەرنجڕاکێش بوو. کەسانی ئەکادیمیی ئاستبەرز لە زیاتر لە چل و دوو وڵاتی جیهانەوە هاتبوون.**

بەرنامەیەکی داهێنەرانە بوو و بۆ شاری ترۆندهایم زۆر سەرنجڕاکێش بوو. کەسانی ئەکادیمیی ئاستبەرز لە زیاتر لە چل و دوو وڵاتی جیهانەوە هاتبوون و پەنجا و سێ وتار لە ڕۆژانی ۲۸ی ئۆگست بۆ ۳۰ ئۆگستی ۱۹۹۷ پێشکەش کران.

گودموند هێرنێس، وەزیری تەندروستیی نەرویج وتاری کردنەوەی پێشکەش کرد و وتی: «ئەمە ملمانێیەکی گەورەیە نەخۆشخانەیەک دروست بکەیت کە نەخۆشەکان هەست بکەن کە کوالیتییەکی بەرز و خزمەتگوزارییەکی باشتریان پێشکەش دەکرێت و هاوکات سەرچاوە مرۆیی و داراییەکان بە شێوەیەکی کارا بەڕێوە دەبرێن. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێویستە گۆڕانکارییەکی گەورەی دامەزراوەیی بکرێت. ترۆندهایم پڕۆژەیەکی نوێی سەرنجڕاکێش دەبێت لە خزمەتگوزاریی تەندروستیی نەوریجدا و من دڵخۆشم کە سەرنجی نێونەتەوەیی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە.» ئالان لە قسەکانی دەستپێکدا ئاماژەی بەوە کرد «من وتم کە ئامانجی کۆنگرە ئەوەیە فۆرومێک دابمەزرێنێت بۆ ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان لە توێژینەوە و پەرەدان بۆ بواری پلاندانی چاودێریی تەندروستی بە شێوەیەک کە تێیدا بەهای مرۆڤ لەبەر چاو گیرابێت.»

بەشداربوویەکی نوێ، نژیاروانی کەنەدایی سوزان بلاک، دەگێڕێتەوە کە ئەو بەشداریی کۆنگرەی ترۆندهایمی کردووە. «ئەوە یەکەم کۆنگرەی ئالان بوو لە ترۆندهایم. کاتێک سەبارەت بەو و ئەو کارەی دەیکات زانیاریم وەرگرت، بۆم دەرکەوت کە لە تۆڕێکدا لەگەڵ کەسانی زۆر شارەزا پەیوەندی هەیە. خەڵک سەبارەت بە کۆنفرانسەکان قسەیان دەکرد و من زانیم کە ئەم کۆنفرانسە سەرنجێکی تایبەتی لەسەرە. من لەگەڵ نەخۆشخانەیەکی گەورە لە یەکەیەکی تەواو نائاسایی ئیشم دەکرد. ئێمە وتارەکەمان ئامادە کرد و پوختەکەیمان نارد بۆ کۆنفرانسەکە. بەڵام بە هۆی ئەوەی کات درەنگ بوو نەمتوانی بچم. بۆیە کارمەندێکی ترم نارد. ئێمە وتارەکەمان بە باشی ئامادە کرد چونکە هەستمان کرد کۆنفرانسێکی گرینگ دەبێت. ئەم پڕۆژە بچوکەی ئێمە پێشکەشمان کرد لەسەر گەڕاندنەوەی تەندروستیی بەتەمەنەکان[٦١] بوو و پێمان وابوو کە لەوانەیە بەکەڵک بێت.

«ئێمە هیچ بەرچاوڕوونییەکمان لەسەر کاریگەریی ئالان لە داهاتوودا نەبوو. ئێمە وشەی سەلوتۆجێنیکمان نەدەزانی بەڵام ئەو بەرهەمانەمان دەبینین کە توانایی ئالانیان دەردەخست. بۆ من، ئەم کۆنگرانە زۆر ناوازە و تایبەت و واتادار بوون.»

---

٦١- geriatric regeneration

تەنانەت لە سەرەتاشەوە، کۆنگرە کاریگەرییەکی گەورەی بوو. ئالان ڕوونی دەکاتەوە «بە گشتی، بەرنامەیەکی زۆر چڕوپڕ بوو. هاوکارییەکی نزیک بوو لە نێوان هەموو ئەو کەسانەدا، ستراتیجیک بوو چونکە من کەسانێکم بانگهێشت کردبوون کە بە شێوەی نێوان-بواری ئیشیان دەکرد. من بڕوام وا بوو ئەو شتە یارمەتی من و کەسانی دیکە دەدات. میوانەکان لە میسر، بریتانیا، ئیسپانیا و زۆر وڵاتی تر بوون. بیرۆکەکە ئەوە بوو، کە لە وڵاتانی جیاجیاوە بەشدار ببن. من لەگەڵ تۆڕێک ئیشم کرد و دواتر ئەو کەسانە و ڕێکخراوەکانیان منیان بۆ دەرەوەی وڵات بانگهێشت دەکرد.»

لایەنی فرەنەتەوەیی بوون و فرەجەمسەری بوون لە ترۆندهایمدا زۆر گرینگ بوون چونکە کاربەدەستان داوایان کردبوو کە پسپۆڕانی زانستەکانی پەرەستاری بە جەختکردنەوە لەسەر ڕێکخستن بۆ چاودێریی نەخۆش ئامادە ببن. هەروەها بە هۆی ئەوەی کە ترۆندهایم لە ڕاستیدا مۆدێلی داری چناری بوو، بەڕێوەبەری نەخۆشخانە لەسەر ئەوە هەستیار بوو کە هۆکارە دەروونی کۆمەڵایەتییەکان لە فەلسەفەی چاودێریی نەخۆشخانەکە و لایەنەکانی دیزاینەکەدا ببینن. ئەم مۆدێلەی چاوەدێری زیاتر لە ئەمریکا باو بوو.

## جەختکردنەوە لەسەر دیزاینی مرۆڤ-تەوەر

«دیزاینی مرۆڤ-تەوەر بۆ بیناسازیی چاودێریی تەندروستی» ڕوانگە و بابەتی سەرەکیی یەکەم کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی بوو. پرسە پەیوەندیدارەکان ئەمانە بوون: چون خەڵک بکەینە بابەتی سەرەکی و چاودێرییان بکەین؟ خەڵک بە تایبەت نەخۆش و کارمەندەکان لە پەیوەندی بە بیناکانەوە پێویستییان بە چییە؟ هەلومەرجەکان و پێداویستییەکان بۆ دروستکردنی بینایەک بۆ چارەسەر و کوالیتی و لێهاتوویی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکاندا چۆن بێت؟ بەڕێوەبەرایەتی و ڕێکخستن، بابەتە سەرەکییەکانی کۆنگرەکە بوون بۆ ئەوەی وەڵامی پێداویستییەکانی داهاتووی نەخۆشخانەی ترۆندهایم بەپێی پلان بدەنەوە.

ئالان دەڵێت «چەند خاڵ هەبوون و ئێمە خەڵکمان بانگهێشت کردبوو بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە. دەروونناسەکان، کاربەدەستانی تەندروستیی گشتی، دیزاینەرانی ناوەوە، نژیاروانەکان، هونەرمەندان، پەرەستارەکان، ئابووریناسەکان و پزیشکەکانمان بانگهێشت کردبوون. ڕووداوێکی جیهانیی نێوان-بواری بوو کە بۆیەکەم جار بە ڕوانگەیەکی داهێنەرانەوە بۆ پلاندانانی نەخۆشخانە لە ترۆندهایم بەڕێوە دەچوو. تەنیا شت پێشکەشکردنی پڕۆژەکان لەلایەن نژیاروانەکان نەبوو. شتەکە زۆر بەربڵاوتر بوو. هەندێک وتاری دیکە هەبوون کە ئامادەبووان تێبگەن مەبەست لە چەمکی (تەندروستی) چییە و چۆن فەلسەفەی چاودێری دەتوانیت باس بکرێت و باشتر بکرێت.»

«بابەتی سەرەکیی کۆنگرەکە بیناسازیی نەخۆشخانەکان بوو بۆ چاودێریی تەندروستی. ئێمە سەیری ئەو ڕێگەیانەمان کرد کە فەلسەفەیەکی تایبەتی چاودێری سەرکەوتوو دەکات. ئەو شتە بۆ هەموومان گرینگ بوو. هاوڕاییەک هەبوو. ئەویش بریتی بوو لە: پێشەکشکردنی بیرۆکەکانی پڕۆژەکە و هاوبەشکردنی زانیاری بۆ ئەوەی لە یەکتر فێر ببین. ئەو شتە سازانی لەسەر کرا.

ئالان وتی «یەکەم کۆنگرە بە تەواوەتی لەلایەن ترۆندهایمەوە پشتیوانیی مادی کرا. ئەوە ئاواتی ئەوان

بە تایبەت بەڕێوەبەری پڕۆژەکانی ئەنجوومەنی شار و بەڕێوەبەری پلاندنان، ئینگە فۆتلاند بوو. کەسێکی داهێنەر بوو، ئەو سەرپەرەشتیی پڕۆژەکانی دەکرد. ئینگە چەندین جار هات بۆ ستۆکهۆڵم و لە کاتی ئەنجامدانی دکتۆراکەمدا پشتیوانیی مادیی منی کرد. بە هەمان شێوە ئەو کارەی بۆ یەکەم کۆنگرەش کرد: فۆتلاند لە هەموو کۆنگرەکانی دیزاین و تەندروستیدا ئامادە دەبوو و دواتر دەستی کرد بە دامەزراندنی کەمپۆسی ترۆندهایم.

## مۆدێلی چاودێریی داری چنار

زۆر بەشداربووی کاریگەر لە ئەمریکاوە هاتبوون: جان مالکین دیزاینەری ناوەوە؛ لین وێردێل پەرەستار و جێگری سەرۆکی نەخۆشخانەی گریفن کە مۆدێلی داری چناری لە ئەمریکا جێبەجێ کردبوو؛ و پەرەستاری دیکەش کە لە ئەوروپاوە هاتبوون بۆ ئەوەی بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە سەیری مۆدێلی چاودێرییەکە و فەلسەفەی چادێریی نەخۆش-تەوەر بکەن. ئەمریکاییەکان پاشخانێکی داهێنەرانەی بەهێزیان بوو، لە وڵاتی خۆیان لەسەر مۆدێلی داری چنار ئیشیان کردبوو. لەو کاتەدا، ئەوان پێشەنگی ئەو فەلسەفەیە بوون لە جیهاندا.

مۆدیلی چاودێریی داری چنار ساڵی ١٩٧٨ لە لایەن ئانجێلیکا تیرۆیت دوای ئەوەی خۆی ئەزموونی دۆخی خراپی چاودێریی تەندروستی کردبوو، پەرەی پێدرا.

مۆدێلەکە بە گشتی لەسەر پێداویستییەکانی نەخۆشەکان لە ژینگەی نەخۆشخانەدا جەختی دەکردەوە. لەو کاتەدا، مۆدێلی داری چنار تاکە شێوازی چاودێری بوو کە بەڕوونی ئاماژەی بە پێویستیی ژینگەی بینا بۆ تەندروستی دەکرد و ئەوەی کە چۆن بینای نەخۆشخانە لە پڕۆسەی چاکبوونەوەی نەخۆشدا یارمەتیدەر بێت. ترۆندهایم پێشتر ئەو مۆدێلەی بە کار دەهێنا.

مۆدێلی داری چنار لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی سۆکراتییە کە دەڵێت بە شێوەیەک لەگەڵ نەخۆش هەڵسوکەوت بکە کە «لەژێر دارێک»دایە تاکوو هەست بکات بە شێوەیەک لەگەڵ سروشت لە پەیوەندیدایە. بە ڕوونی پەیامەکەی ئەوە بوو کە کاریگەریی کوالیتیی ژینگەی دروستکراو لە پرۆسەی چاکبوونەی نەخۆشدا سەرەکیترین شتە کە لە پێشکەوتووترین مۆدێلدا لەبەر چاو گیراوە. زۆربەی دکتۆرەکان، پەرەستارەکان، نژیاروانەکان و هونەرمەندەکان سەبارەت بەو شتە بیستبوویان و حەزیان دەکرد کە زیاتر فێر ببن. دواتر، مۆدێلی داری چنار لە زانکۆی ستەنفۆرد بۆ نەخۆشەکان، خزمەکانیان و خەڵکی ئاسایی ڕێکخرا. بیرۆکەکە جێگەی خۆی کردەوە چونکە هەم کارایی بوو و هەم داهێنەرانە بوو.

## دامەزراندنی شوێنی چاودێریی داری چنار لە ترۆندهایم وەکوو مۆدێلێک

ترۆندهایم تەنیا یەک شوێنی چاودێریی مۆدێلی داری چناری هەبوو. وەک چەمکێک دامەزرابوو کە خەڵک سەیری بکەن، باسی لەسەر بکەن و زیاتر تێبگەن لەوەی کە چۆن ئیش دەکات. ئەنجامەکان دڵخۆشکەر بوون و دواتر زیاتر پەرە درا و هەندێک گۆڕانکاری تێدا کرا کە باشتر لەگەڵ کلتووری نەرویجی بگونجێت. ئالان دڵنیا بوو لەوەی کە جان مالکین بۆ یەکەم کۆنگرەی نێونەتەوەیی بانگهێشت بکات. ئالان دەڵێت

«بۆ خەڵک یەکجار سەرنجڕاکیش بوو کە مۆدێلی داری چنار ببینن و زانیاری لەسەر بە دەست بهێنن. ئەو چەمکە وەک یەکێک لە هەرە هاندەرترین چەمکەکان لە جیهاندا مایەوە و خەڵک بە مۆدێلی نەخۆشخانەی ناناوەندی دەیناسن.

«کێبەرکێی دیزاینی نژیاروانیی ترۆندهایم تەنانەت شتەکەی سادەتریش کردەوە. نژیاروان نیلز تۆرپ قەت پێشتر نەخۆشخانەی دیزاین نەکردبوو بەڵام دەیزانی کە چۆن بینای ئاڵۆز دیزاین بکات. ئەو زۆر بینای بەرچاوی دیزاین کردبوون وەک فرۆکەخانەی ئۆسلۆ، نووسینگەی سەرۆکایەتیی هێڵی فڕۆکەوانیی بریتانیا لە لەندەن و زۆر شوێنی تر، بۆیە ئەو دەیتوانی لەو ڕێگەیانە تێبگات کە نەخۆشخانە بە تەواوەتی شیاوی بەڕێوەبردن بێت. ئەو بەم شێوەیە لەگەڵ پێوەرەکان خۆی گونجاند. بەڵام سەرجەم پشێنیارەکانی تر زۆر نەریتی بون و کوالیتییان نزمتر بوو.»

## پێویستیی خۆگونجاندنی کولتووری

ئالان بەم شێوەیە شی دەکاتەوە: «خاڵی بەرچاو ئەوە بوو کە فەلسەفەی چاودێری بە جەختکردنەوە لەسەر چاودێریی نەخۆش-تەوەر ئەو کاتە بە بەرفراوانی لە ئەمریکادا بە کار نەهێنرابوو. ئێمە هەوڵمان دا لەباری کولتوورییەوە بیگونجێنین چونکە چاودێریی نەخۆش-تەوەر لە ئەمریکا ڕێک وەک ئەو شتە نییە کە لە ترۆندهایم کراوە، کولتوورە جیاوازەکان لەسەر چۆنیەتیی دەرکەوتنی سیستمێکی تایبەتی چاودێری کاریگەری دادەنێنن.

لەسەر بنەمای ئەو کارە، دواتر لە گرینگیی ئاوێتەکردنی ڕوانگەی جیهانی لەگەڵ ناسنامەی ناوچەیی تێگەیشتم.

«لەسەر بنەمای ئەو کارە، دواتر لە گرینگیی ئاوێتەکردنی ڕوانگەی جیهانی لەگەڵ ناسنامەی ناوچەیی تێگەیشتم. ئێمە هەروەها لە کۆنگرەکەدا باسمان لەوە کرد و لایەنەکانی براوەی کێبەرکێی ترۆندهایمان ناساندن. ئێمە ویستمان لەسەر ئەو شتە زیاتر فێر ببین و لە نەخۆشخانە نوێیەکەدا بە کاری بهێنین. ئەوە سەلما کە ترۆندهایم بە ئاراستەیەکی دروستدا دەڕوات. ئامانجی ئێمە ئەوە بوو دیاری بکەین کە چۆن ئەو نەخۆشخانە دەتوانێت وەک نموونەیەک بۆ سەرانسەری جیهان سەیر بکرێت. ئەوە گرینگترین دەرەنجامی یەکەم کۆنگرە بوو.»
ئەو بەشداربووانەی کە لە هەمووان سەختر بوو ئالان تێیان بگەیەنێت، کەسانی خاوەن بڕیاری سیاسی بوون. ئالان دەیزانی ئەگەر ئەوان پشتیوانی بکەن بەکارهێنانی مۆدێلەکە جێگیر دەبێت بۆیە ئەو بەر لە دەستپێکی کۆنگرەکە ڕوویان لێ دەنێت.

## پرۆسەی پەرەدانی دیزاینی نەخۆشخانە

لە سەرەتادا، ترۆندهایم تەنیا چەمکێک و بیرۆکەیەک بوو. جەختکردنەوەی کۆنگرەکە و کێبەرکێی دیزاینەکە لەسەر ئەوە بوو لە چۆن نەخۆشخانەیەکی کۆن بگۆڕدرێت بۆ بینایەکی زۆر مۆدێرن. ئەوە پێوەرێک بوو کە بۆ کێبەرکێی ترۆندهایم لەبەر چاو گیرابوو.

کارکـردن لـە پرۆژەیەکـی نەخۆشـخانەی لـەو چەشـنەدا زۆر ئاسـتەمە؛ و زۆر دەخایەنێـت. بـۆ وێنـە، پـرۆژەی نەخۆشخانەی بچـوک، واتـە نەخۆشـخانەی دووسـەد تەختـی لەوانەیـە لایکەمـی یـەک بـۆ دوو سـاڵ بخایەنێت. کاتێـک نەخشـەیەک دەکێشـی، دواتـر زۆر وردەکاری پـێ زیـاد دەکەیـت. دیزاینـی سـەرەتایی وەک بەشـێک لـە چەمکـی سـەرەتایی ڕوون کراوەتـەوە. پاشـان چەمکەکە و بیرۆکـەی خـاوەن پشـکەکان سـەرەتا دەچێتـە قۆناغێکـی نەخشـەیی (شـێماتیک) یـان دیزاینـی سـەرەتایی و پاشـان دەچێتـە دیزاینـی جێبەجێکاری کـە دەبێتـە بنەمـای واقعـی بیناسـازی. دواتـر، لـە دیزاینـی ترۆندهایمـدا بیرۆکەکانـی بەشـداربووانمان سـەبارەت بـە چەمکـی دیزایـن پرسـی و ئـەوەی کـە چـۆن بینـا کۆنەکانـی ئێسـتا بـەرەو بینـای تـەواو مۆدێرنـی نـوێ ببەیـن.

## نەخۆشخانەکان بە تەکنۆلۆژی، زانست و داهێنان دەبەسترێنەوە

ئـالان ئامـاژە دەکات «لـەو کاتـەدا تەکنۆلۆژیـی پزیشـکی زۆر بـرەوی پەیـدا دەکـرد، چونکـە نەخۆشـخانەکان پەیوەندییـان بـە تەکنۆلـۆژی، زانسـت و داهێنانـەوە هەیـە. دەبـوو بەرەوپێشـچوونی تەکنۆلۆژیـی پزیشـکی لەبەرچاو بگیرێـت. هەندێـک لـە دکتـۆرکان لـەو ڕاسـتییە تێگەیشـتبوون بـەڵام ئەوانـی تـر دژی ئـەو شـتە بـوون چـون پێیـان وابـوو دەبێتـە هـۆی ناناوەنـدی کردنـی کارەکان و هەندێـک لـە چالاکـی و خزمەتگوزارییـەکان بـۆ هەندێک شـوێنی دەوروبـەری ناوەندەکـە ڕادەگوێزرێـن لـە جیاتـی ئـەوەی لـە یـەک فەرمانگـەی ناوەندیدا ڕابگیرێـن. نموونەیـەک دەکرێـت خزمەتگوزاریـی تیشـکی ئیکـس بێـت» لـە جیاتـی ئـەوەی کـە تیشـکی ئیکـس لـە فەرمانگـەی ناوەندیـدا بێـت و نەخۆشـەکان بـۆ کەڵکوەرگـرن لـەو خزمەتگوزارییـە -کـە لـە ژووری فریاکەوتـن یـان شـوێنی چاودێریـی پزیشـکی یـان یەکـەی نەشـتەرگەری داوا دەکـرا- ڕابگوێزرێـن بـۆ ئـەو فەرمانگەیـە، خزمەتگوزارییەکـە لـە هـەرکام لـەو ناوەندانـەدا بـۆ کاتـی هەسـتیار و بەمەبەسـتی ئاسوودەیی نەخۆشـەکە هەبێـت. دەتوانـم سیسـتمی ئەمڕۆکەی ئەلەکترۆنـی و بەڕێوەبردنـی دیجیتاڵـی دەیتـا وەک نموونەیەکـی دیکـە بهێنمـەوە. بـەم تەکنۆلۆژییـەوە دەتوانیـت شـوێنێک بـە بەشـەکانی دیکـەوە ببەسـتیتەوە بـێ ئـەوەی کـە ئـەو دوو شـوێنە لەبـاری فیزیکییـەوە لێـک نزیـک بـن. ئێسـتا هەمـوو ئەوانـە بـەدی هاتـوون.»

ڕوویەکـی تـری پرسـیاری ناوەندیکـردن لەبەرامبـەر ناناوەندیکردنـدا بابەتـی شـوێنی جوگرافیایـی خـودی نەخۆشـخانەکەیە. «ئـەوان دەیانویسـت شـوێنی جوگرافیایـی نەخۆشـخانەی ترۆندهایـم لـە دەرەوەی شـار بێـت. ئەنجامەکانـی ئـەو شـتە خاڵێـک بـوو کـە بـە بەردەوامـی لـە وتارەکانمـدا باسـم کردبـوو. مـن وتـم ‹نەخۆشـخانە بەشـێکە لـە شـار، دەبێـت لەبـەر دەسـتی خەڵکـدا بێـت نـەک دکتـۆرەکان کـە بـە ئۆتۆمبیلەکانیـان دەتوانـن بچنـە نەخۆشـخانە دوورەکانـی دەرەوە. ئـەوە بابەتـی گرینگـی هاتوچۆیـە، چونکـە سـەدا حەفتـای خەڵـک لـە ڕێگـەی پاسـکیلەوە دێـن بـۆ نەخۆشـخانە. ئـەم بەڵگەیـە بەسـە بـۆ ئـەوەی پشـتیوانی لـەوە بکرێـت کـە دەبێـت نەخۆشـخانە لەنـاو شـاردا بێـت.›» هـەر واش دەرچـوو، هەڵکەوتنـی نەخۆشـخانە لەنـاو شـاردا، دەرفەتێکـی بەنـرخ سـاز دەکات کـە نەخۆشـخانە ئەرکەکانـی پـەرە پێبـدات و خزمەتگوزارییەکانـی پێشکەشـی خەڵـک بـکات.

## بەڕێوەبەرایەتیی خاوەنبیری ترۆندهایم

زۆر ناکۆکی لەبەردەم بەرپرسانی ترۆندهایمدا هەبوو. ئالان تەئکید دەکاتەوە «بەڵام ئێمە هەمیشە هەوڵمان دا بەڵگەی زانستی بهێنینەوە. دەوڵەت وتی گرینگ نییە چەندەی تێچوو دەبێت، ئێمە دەبێت هەموو ئەو داهێنانانە بهێنین. زۆر باس و مشتومڕ هەبوون. هەرچەند شانازی ئەوەم هەبوو کە بەشێک لە هەموو ئەو شتانە بم؛ زۆر بۆم مایەی دڵخۆشی بوو کە بتوانم لەسەر ئەو پڕۆژەیە ئیش بکەم. سەرەنجام بەڕێوەبەرایەتی پڕۆژەکەی پەسەند کرد.

«ئەوە کوالیتی بوو کە ترۆندهایمی کردبوو بە شتێکی ناوازە. ڕاستییەکی تر کە دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت ئەوە بوو کە ترۆندهایم لە درێژایی کاتدا دروست کرابوو. بەو شێوە نەبوو کە هەرچی شتێک هەیە تێک بدرێت و سەرلەنوێ ساز بکرێتەوە. لە درێژایی کاتدا دەتوانی پێداویستییەکانی نەخۆشخانە و تەکنۆلۆژی و پێویستیی نێوان ئەو دوانە بگۆڕێت. ئەوە تەواو شتێکی چالاکانە بوو. پێشنیارێکی دیکە نەبوو کە ئەو ئاڵۆزییانەی چارەسەر کردبێتن. دەبێت لە سەردەمێکدا کە جیهان بەرەو پێکەوەبەسترانی زیاتر دەچێت بینای لەم شێوە دروست بکەین. نەخۆشخانەی وا لەوانەیە لە چەندین فەرمانگە و ناوەند پێک بێن بەڵام هەموو ناوەندەکان لە یەک شوێن نین و لەگەڵ ناوەندەکانی دیکە و لایەنەکانی پیشەسازیش پەیوەندییان هەیە. «ترۆندهایم ئاگاداری ئەوە بوو کە هەڵەکانی کەسانی دیکە لەم بوارەدا دووپات نەکاتەوە. ئەوان هەوڵیان دا هەموو ئەو بیرۆکانە لەبەر چاو بگرن کە یارمەتییان دەدات بگەنە ئامانجەکەیان: نەخۆشخانەیەکی زۆر پێشکەوتوو لە ئاستی جیهاندا. ترۆندهایم هەموو سەرمایەگوزارییەکی کرد بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە بخوڵقێنێت.»

## داهێنانی ئالان لە پڕۆژەی ترۆندهایمدا

لە ڕوانگەی فۆتلاندەوە، داهێنانی ئالان لایەنێکی زۆر بنەڕەتی بوو، لایەنێک کە بۆ کۆنگرەکە و پڕۆژەکە زۆر گرینگ بوو: دۆزینەوەی ڕێگەچارەکان. ئەو ڕێگەیەکی بۆ بیرکردنەوە دانا کە پەیوەندی بە لۆجیستیک لە سیستەمەکاندا هەبوو.

فۆتلاند ڕوونی دەکاتەوە «بە کورتی ئالان ڕێگەیەکی بیرکردنەوەی خستەڕوو لەسەر ئەوەی چ شتێک چەمکە باشەکان بۆ نەخۆشخانەکان پێکدەهێنێت. ئەو پرسیاری سەرەکی پرسین: چ شتێک دەبێت نزیک بێت و چ شتێک دوور بێت؟ چۆن ئەتوانین ڕووناکی بهێنینە ناو بینا؟ چۆن دەبێت سروشت بهێنینە ناوەوە؟ دەبێت لە دەرەوە باخچەمان ببێت؟ ئەو سەبارەت بە هونەرێکی یەکپارچە بیری کردەوە کە بۆ دروستکردنی بینایەکی تایبەت بەرهەم هاتووە. هەموو هونەرمەندان دەبێت پێکەوە لەناو ئەم بینایەدا لەگەڵ ئەو کەسانەی لەوێن ئیش بکەن. دەبێت بۆ چ شتێک شەڕ بکەن و بۆ چ شتێک شەڕ نەکەن؟

فۆتلاند ڕوونی دەکاتەوە: «گەشەی ئالان لە پیشەکەیدا ئیتر ببووە ڕێبازێکی ئاکاری. پێموایە حەزی بۆ ئەوەی کە چ شتێک لەناو نەخۆشخانەکاندا ڕووی داوە بەشێک بووە لە ڕێبازەکەی لە پەرەداندا. لە سەرەتادا، توێژینەوەکەی لەسەر نژیاروانی بوو. ئێستا هاتووتە سەر ئەوەی کە «چۆن چاودێریی تەندروستی بەرهەم دێت؟» هەموو شتێک لێرەوە دەستی پێکرد.

فۆتلاند درێژە دەدات «دەبێت بڵێم کە دیزاین بۆ تەندروستی گرینگە. لە کۆتاییدا، دەبێت سپاسی ئالان بکەم بۆ ئەوەی کە ئەم چەمکەی خستە ڕوو. سیاسەتوانەکان هەموو کات لەگەڵ من بوون و پشتیوانم بوون. من دەبوو ڕازییان بکەم کە ئەمە شتێکی ناوازەیە و چەمکێکی نوێیە تاوەکوو ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە پشتیوانی لێ بکەن.»

کاتێک ئالان لە ترۆندهایم لەسەر بیناکە ئیشی دەکرد، ئەو هەروەها خەریکی دامەزراندنی بناخەی پیشەیی و فەلسەفیی پەیوەندیدار بە دیزاین و تەندروستی بوو. فۆتلاند ئەوەش زیاد دەکات: «ئەو دەیویست هەموو شتێک لە پەیوەندیی نێوان تەندروستی و خۆشبژێویدا ڕێک بخات. ئێمە دەمانزانی کە هیچ زانکۆ-نەخۆشخانەیەکی یەکخراو لەسەرانسەری جیهاندا نەبوو. ئێمە تەنیا کەسێک بووین ویستمان زانکۆ-نەخۆشخانە یەک بخەین.»

ئالان ئەوەشی زیاد کرد: «من ئیستا لەسەرانسەی جیهاندا سەبارەت بە چەمکی ترۆندهایم وتار پێشکەش دەکەم. ڕەنگە زیاد لە چەند سەد وتارم پێشکەش کردبێت. ئەوە بەشێک لە وتارەکانی منە لە ساڵی ۱۹۹۰ەوە چونکە پەرەدانی ئەو پرۆژەیە درێژەی کێشاو و هاندەر بوو.

«چونکە چەمکێکی بێوێنەیە، من هەوڵم دا کە زیاتر قسەی لەسەر بکەم. کاتێک دەچیتە ناو ئەو نەخۆشخانەیە، تەنانەت هەست ناکەیت لەناو نەخۆشخانەدایت. ئەوە سەرنجڕاکێشە.»

## ترۆندهایم حەوت خەڵاتی ئەکادیمی دەباتەوە

بیست ساڵ دواتر نەخۆشخانەی ترۆندهایم، وەک سەرکەوتووترین نەخۆشخانە لە جیهاندا، حەوت خەڵاتی ئەکادیمیای دیزاین و تەندروستی دەباتەوە. چەندین ساڵی پێچوو تا دروست کراو و لە چەندین قۆناغدا دروست کرا. ئالان دەڵێت «ئەوان سەرەتا فێر بوون پاشان دروستیان کرد. جارێکی تر پێداچوونەوەیان کرد و درێژەیان تا کۆتایی هاتنی پرۆژەکە.»

ئالان وتی «لە هەموو ئەو ساڵانەدا، من ئەو خەڵاتانەم لەسەر هەموو شانۆکان لە کێبەرکێییەکدا بۆ پەرەدانی نەخۆشخانەکە دەبەخشین. ترۆندهایم نموونەیەکی تایبەتە لە جیهاندا چونکە تەنیا بەشێکی کە پێی دەوترێت ناوەندی خۆشبژێوی، خەڵک دەتوانن بچن بۆ ئەو شوێنە و لەسەر تەندروستی فێر ببن.» مەبەستی ناوەندی خۆشبژێوی یان ناوەندی زانیاری بۆ بردنەسەری ئاستی تەندروستی شتێک بوو کە لە ماوەی ساڵانی دیزاین و دروستکردنەوەی نەخۆشخانەکە لە ترۆندهایم سەری هەڵدا. شتێک کە وەک نموونەی دیزاین بۆ چاودێریی کارا و مێتۆدەکانی پزیشکی سەری هەڵدابوو گەیشتە قۆناغێک کە ئامانجی بارزگانی و فێرکاریشی ببێت. ئالان ئاماژە دەکات»پرۆسەی بیناسازییەکە زۆری خایاند. گۆڕینی نەخۆشخانەیەکی کۆن بۆ نەخۆشخانەیەکی نوێ و مۆدێرن کارێکی قورسە.» لە میانەی پرۆسەی بیناسازییەکەدا، بەشداربووان هەوڵیان دا باس لەوە بکەن کە پێویستە نەخۆشخانەیەک دروست بکرێت کە بە شێوەیەکی بەرفراوان و هاندەرانە لە خزمەت بردنەسەری تەندروستیی کۆمەڵگا و تاکەکاندا بێت.




براوەکانی حەوتەمین خەڵاتی ئەکادیمیای دیزاین و تەندروستی



ناوەندی خۆشبژێری لە نەخۆشخانەی ترۆندهایم، نەرویج

لـە بەرەبـەری دوا قۆناغەکانـی دروسـتکردنی بیناکـەدا بـوو کـە چەمکـی ناوەنـدی خۆشـبژێوی وەک بەشـێکی یەکخـراو لەگـەڵ نەخۆشـخانەکە جێبەجـێ کـرا. «ترۆندهایـم یەکـەم شـوێن بـوو کـە ئـەو بیرۆکـەی جێبەجـێ کـرد بـۆ ئـەوەی ڕێگـری لـە نەخۆشـی بـکات و ئاسـتی تەندروسـتی بەهێـز بـکات. ئـەوە بیرۆکەیەکـی تـەواو نـوێ بـوو لـە سەرانسـەری جیهانـدا.» ناوەندەکـە پیشـاندەری دیجیتاڵـی بـە کار دەهێنێـت بـۆ ئـەوەی بـە بەکارهێنـەران پیشـان بـدات کـە لەشـیان چـۆن کار دەکات و بـژاردەی تایبەتیـان بـۆ ژیانێکـی تەندروسـت پـێ پێشـنیار دەکات.
ئـەوەی کـە نەخۆشـخانەکە بـە باشـی لەگـەڵ ناوچـە شـارییەکە تێکـەڵ دەبـوو، بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ببێتـە سـەنتەرێکی کارا و لێهاتـوو. لـە جیاتـی ئـەوەی بینایەکـی گـەورە دروسـت بکرێـت کـە تەنیـا یـەک دەرگای چوونـە ژووری بێـت و ڕێڕەوێکـی بێـت کـە هاتوچۆکـردن لـە ناوەوەیـدا سـەخت بێـت، نەخۆشـخانەکە لـە چەنـد ناوەنـدی تـەواو سـەربەخۆ پێکدەهـات کـە هەرکامیـان ڕووبەرێکـی تایبەتـی بـوو و چالاکییەکـی تایبەتـی تێـدا دەکـرا و بـە ئاسـانی دەسـتی پـێ ڕادەگەیشـت. نەخۆشـخانەکە بـە شـێوەیەک بـەرەو شـار کـراوە بـوو، کـە چـۆن دەچیـت بـۆ هـەر فرۆشـگەیەک بـە هەمـان شـێوە دەتوانیـت بچیـت بـۆ ناوەنـدی زانیـاری.» بـەم دیزاینـە نـاوازەوە، نـە تەنیـا نەخۆشـەکانی نـاوەوە و بنەماڵـەی نەخۆشـەکان بەڵکـوو بـە گشـتی هەمـوو خەڵـک و ڕێبوارەکانیـش بـە ئاسـانی دەسـتیان بـە ناوەنـدی خۆشـبژێوی و زانیاریـی تەندروسـتی ڕادەگەیشـت.
ترۆندهایـم وەک پێشـکەوتووترین نەخۆشـخانە مایـەوە و هۆکارەکەشـی ئـەوە بـوو کـە پلاندانـەران و دروسـتکەرانی لـە هەڵـەی کەسـانی دیکـەوە وانەیـان وەرگرتبـوو. ئـالان ئێسـتا دەڵێـت: «ئەوانەیـان وەرگرتـن و هەرکامیـان گۆڕیـن بـۆ ڕێگەچارەیەکـی داهێنەرانـە. ئـەوان کەسـانی بوێـر بـوون. هەمـوو زانیارییەکیـان وەرگـرت و بەبـێ ئـەوەی سنووردارییەکی ئابووریـان ببێـت لـەو زانیارییانـە فێـر بـوون. ئـەوان لەسـەر هـۆکارەکان لێکۆڵینەوەیـان کـرد و لەسـەر بنەمـای کارایـی و ڕەزایەتـی بەکارهێنـەران بیناکەیـان دروسـت کـرد. بڕوایەکـی قووڵـم هەیـە کـە دەبێـت هەمـوو پلانێکـی نوێـی نەخۆشـخانە لـەو پـڕۆژە داهێنەرانـەوە زانیـاری وەربگرێـت. حـەزی ئـەوان بـۆ دروسـتکردنی شـتێکی نـوێ ئـەو سـەرکەوتنە گـەورەی نەخۆشـخانەکەی لێکەوتـەوە. سـەرکەوتنەکەی لـە چەندیـن ڕووەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوان و قازانجەکەشـی بـۆ هەمـوو جیهانـە.»

## ٣. قۆناغی دواتر: ڕوانگەیەکی نێوان-بواری، ١٩٩٨-٢٠٠٢

**توێژینەوە، لێکۆڵینەوە و چالاکیی داهێنەرانەی ئالان بە یارمەتیی پرۆفسۆر کریستۆفێر کۆنارسکی دەستی پێکرد و کاریگەریی بەرینی لێکەوتەوە. کۆنارسکی بوو بە ڕاوێژکاری ئالان لەو بوارەی کە ناویان نابوو «کوالیتیی ژیان- تەندروستی و دیزاین». ئەو دوو کەسە پێشەنگە پێکەوە لە نێوان ئاقارەکانی دیزاین و تەندروستی پەیوەندیان ساز کرد. ئەم تێکەڵوکردنە (سەنتزە) لەمەڕ کاریگەرییە جەستەییەکانی، دیزاینی نژیارڤانی لە سەر هەستیاریەتی[٦٢] و تەندروستی مرۆڤ ورد بووەوە. ئالان لە بەشی تەندروستی دەروونی-کۆمەڵایەتی توێژینگەی کارۆلینسکا[٦٣] «دیزاین و تەندروستی»ی وەک بابەتێکی تایبەت مسۆگەر کرد. ئالان لە کۆنارسکی هاوکاری کەڵکی وەرگرت و بە هەموو جۆرێک ڕێزی بۆ دادەنا- بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢ لەناکاو هاوکارەکەی مرد و هاوکارییەکەیان کۆتایی پێهات.**

کاروچالاکیی ئالان پاش تەواوکردنی خولی دوکتوراکەی و بە وردبوونەوە لە سەر بابەتی دیزاین و چاودێریی(ئاگاداریی)[٦٤] لە گەڵاڵەداڕێژان بۆ نەخۆشخانە، بەردەوام لە بازنەی بەریندا درێژەی هەبوو. ئەم خولە نیشاندەری تەواوبوونی فەرمی پەروەردەی ئالان بوو. بەڵام، ئەو حەزی لە درێژەدان بە توێژینەوە و زانیاری زۆرتر بوو سەبارەت بە کاریگەرییە جەستەیی و دەروونییەکانی نژیارڤانی لە سەر مرۆڤەکان. ئەو پێشتر بابەتی «دیزاین و تەندروستی» وەک مۆرکی تایبەتی خۆی مسۆگەر کردبوو، و خێرا لە «توێژینگەی فاکتەرە دەروونی-کۆمەڵایەتیەکان»[٦٥] و «بەشی تەندروستی» لە کۆلیژی تەندروستیی گشتی لە توێژینگەی کارۆلینسکا[٦٦] وەک بابەتێکی فەرمی چەسپاند.

ئالان ئەو کاتەی کە سەرقاڵی فێربوون بوو هاوکات بیروبۆچوونە نوێکانی و ئەو دەرەنجامانەی پێی گەیشتبوو لەگەڵ کەسانی تر دەخستەڕوو. ئەو تۆڕە پسپۆڕانە بەرینەی کە بۆ ترۆندهایم و یەکەم کۆنگرەی تەندروستیی جیهانی ڕێکی خست، کەسانێکی تێدا بوون کە بۆ بەشداربوون لە وانەکانی ئەو کۆ ببوونەوە. ئێستا کاتی ئەوە بوو کە ئالان ڕوانگەی خۆی سەبارەت بە نژیاروانی بە شێوازگەلێک کە لە سەر جیهانی تەندروستی و چاکبوونەوە کاریگەرییان هەیە، پەرە پێبدات. ئەو دەستی کرد بە پێناسە کردن و پێداهەڵگوتنی

٦٢- sensibility

٦٣- Department of Psychosocial Health of the Karolinska Institute

٦٤-care

٦٥- Institute of Psychosocial Factors

٦٦- Department of Health within the faculty of Public Health

مودێلـی سـەلۆتۆجێنیک [مودێلێـک کـە زۆرتـر جەخـت لـە سـەر ئـەو فاکتەرانـەی دەکات کـە دەبنـە هـۆی پتەوکردنـی تەندروسـتیی مرۆڤـەکان تـا ئـەو فاکتەرانـەی کـە دەبنـە هـۆی نەخۆشـیی مرۆڤـەکان]- کـە دەبـوو بـە چەمکێـک کـە مۆرکـی تایبەتـی ئـەو لـە سـەری بـوو. پرۆفیسـۆر کریسـتۆفێر کۆنارسـکی ڕاوێـژکار و هـاوکاری ئـالان بـوو کـە پێکـەوە ئـەم قۆناغانەیـان تێپەڕانـد. «تـۆ وەک توێژەرێـک بەرپرسـیاریت لـەوەی کـە ببیـت بـە بەشـێک لـە کۆمەڵـگا و کۆمەڵـگا ئـاگادار بکەیتـەوە. ئەمـە هەمیشـە ئامانجـی مـن بـوو لـە هەمـوو کۆبوونـەوە و وانەکانمـدا. مـن چالاکانـە سـەبارەت بـە توێژینـەوە لەمـەڕ تەندروسـتی، کـە ئـەو کاتـە بـرەوی هەبـوو، قسـەم دەکـرد.» ئـا. د.

«تۆ وەک توێژەرێک بەرپرسیاریت لەوەی کە ببیت بە بەشێک لە کۆمەڵگا و کۆمەڵگا ئاگادار بکەیتەوە. ئەمە هەمیشە ئامانجی من بوو لە هەموو کۆبوونەوە و وانەکانمدا. من چالاکانە سەبارەت بە توێژینەوە لەمەڕ تەندروستی، کە ئەو کاتە برەوی هەبوو، قسەم دەکرد.» ئا. د.

کاتێـک ئـالان لـە سـاڵی ١٩٩٨ بڕوانامـەی دوکتوراکـەی تـەواو کـرد، هـەر ئـەو دەم خـۆی لـە داهاتـوودا وێنـا دەکـرد: «مـن ئێسـتا ئـاوڕ لـەو شـتەی دەدەمـەوە کـە لـە داهاتـوودا دەیکـەم». بانگهێشـتنامەکانی وتاربێـژی هـەر بـەردەوام بـە بـێ کەمبوونـەوە لـە ئـارادا بـوون. کار و چالاکیـی ئـالان، جیـا لە کێشـەوگرفتەکانی ڕابـردووی خـۆی، سـەرنجی مامۆسـتایان، بەڕێوەبەرانـی بازرگانـی و کارگێڕانـی نێوشـاری بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـا.

ئـالان کاتێـک بڕوانـەی دوکتۆراکـەی وەرگـرت، ئـەو شـەقامەی گرتەبـەر کـە ئـەوی بـەرەو توێژینگـەی کارۆلینسـکا و زانکـۆ پزیشـکییەکەی ڕێنمایـی دەکـرد. لێیـان نزیـک بـووەوە تـا سـەبارەت بـە بەسـتێنی سـەرهەڵدانی نژیاروانیـی تەندروسـتی[٦٧] لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بـکات. ئـەو خاڵـەی جەختـی لـێ دەکـردەوە زۆر ڕوون بـوو: زانیـاری زۆرتـر سـەبارەت بـە تێکەڵهەچوونی ژینگـەی دەسـتکرد (سـازکراو) و تەندروسـتی- یـان بـە زمانێکـی پسـپۆڕانەتر- دیاریکردنـی پەیوەندییەکانـی نێـوان فاکتـەری دەروونی-کۆمەڵایەتی و تەندروستی. ئـەم پـرس و کەڵکەڵانـەی لـە زەینـدا بـوو کـە لەگـەڵ مامۆسـتایەکی زانـای کارۆلینسـکا پەیوەنـدی گـرت.

### کۆنارسکی

ئـالان ئـەو ڕۆژەی کـە لـە زانکـۆی تەکنۆلۆژیـی سـتۆکهۆڵم تـەواو بـوو، لەگـەڵ کریسـتۆفر کۆنارسـکی، دەروونناسـێکی دووربیـن و پرۆفیسـۆر هانـس ویگسـێل[٦٨]، سـەرۆکی زانکـۆی کارۆلینسـکا، نانـی نیـوەڕۆی خـوارد. ئەمـە سـەرەتایەکی نـوێ بـوو. ئـالان، بەبـێ پێگوتـن، بەخێرایـی ڕێکـەوت کـە لەگـەڵ کۆنارسـکی کار بـکات. کۆنارسـکی بـوو بـە ڕاوێـژکاری ئـەو؛ زانسـت و ژیریـی کۆنارسـکی هـەم وەرچەرخانێکـی بەرچاوی لـە جیهانبینیـی ئـالان دا بەدیهێنـا و هـەم ڕێـگای کار و چالاکـی ئـەوی ڕۆشـن کـردەوە. ئـالان ئیتـر هیـچ کات نەگەڕایـەوە بـۆ زانکـۆی تەکنۆلۆژیـی سـتۆکهۆڵم.

٦٧- healthcare architecture

٦٨- Hans Wigzell

ئالان گوتی «کاتێک ڕۆیشتم بۆ کارۆلینسکا، دەستم کرد بە توێژینەوەی ڕاستەقینە سەبارەت بە تەندروستی وەک توێژینەوەیەکی پاش دوکتورا. بە کار کردن لەگەڵ کۆنارسکی پارامترگەلێکی بەرینترم ڕێکخست. کاتێک ئەوم ناسی، زانکۆکە ناوی «کۆلیژی فاکتەرە دەروونی-کۆمەڵایەتیەکان و تەندروستی، بوو، کە بەشێک بوو لە بەشی زانستە تەندروستییە گشتییەکان. کۆنارسکی کەسێکی بەناوبانگ بوو و لە هەموو جیهاندا ڕێزی لێدەگیرا».

**بڵاوبوونەوەی بڕوانامەی دوکتورا[کەی ئالان]**

کارۆلینسکا توێژینەوەی دوکتوراکەی ئالانی بڵاو کردەوە و وەریگێڕایەوە سەر زمانی ئینگلیسی، کە ڕێگای بۆ بڵاوبوونەوەی بەرینتری ئەو بیرۆکەیە خۆش کرد. ئالان بەشێوازی فەرمی بوو بە ئەندامی ناوەندی کۆنارسکی بۆ توێژینەوەی دەروونی-جەستەیی[٦٩] و سەرقاڵی لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو بابەتە بوو کە بینا و ژینگە دەستکردەکان چۆناوچۆن لەسەر تەندروستی و کەمکردنەوەی گوشارە (ئیسترێسە)کان کاریگەری دادەنێت. لەو زانکۆی پڕۆژەی توێژینەوەیی لەحاڵی جێبەجێبووندا بوون. چەندین پەرستار و چارەسەرکەری لێزان لە چوارچێوەی پڕۆژەی دوکتۆراکانیاندا سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوون و ئالانیش لەگەڵ کۆنارسکیدا ڕاوێژکاری سەرەکییان بوون. لە هەمان کاتدا، ئالان بوو بە پرۆفیسۆری میوان لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی لوولیۆ، لە باکووری سوید، و کورسێکی فێرکاری لەژێر ناونیشانی «ژینگەی کار و تەندروستی» بەڕێوە برد.

**سەرکەوتنەکانی تر**

ئالان وتی:«کۆنارسکی هەروەها منی بانگهێشت کرد بۆ ‹ئەنجوومەنی دەروونی-جەستەیی› و لەگەڵ ئەودا لە زۆرینەی شار و زانکۆکانی سویدیدا وانەم وتەوە. ئەو سەبارەت بە تەندروستی باسی دەکرد و من لەمەڕ دیزاین قسەم دەکرد. تاڕادەیەک، ئێمە لە ماوەی ئەم پرۆسەیەدا پێکەوە یەکمان گرتبوو».

«ئەو هەستی بەوە کردبوو کە من ئەبێت ناوەندێکی تایبەت بە خۆمم هەبێت، لەژێر ناونیشانی دیزاین و تەندروستی›، و سەربەخۆتر بم. هەر بەشێک دەستەی توێژەرانی تایبەت بەخۆی هەبوو و گرووپی ئێمەش بەش، بوودجە و تیمی تایبەت بە خۆی هەبوو. ئێمە سەربەخۆ بووین. من بەرپرسی ئەو بوارە بووم و سەرۆکی بەش ئەمەی پەسەند کرد. ئێمە پارەیەکی زۆرمان هێنایە ناو زانکۆکە و بەڕێوبەرایەتیی بەشەکە زۆر بەم کارە کەیف خۆش بوو.»

«کۆنارسکی منی بە هەموو تیمی کۆنارسکی و هەروەها سەرۆکی ئەو شوێنە ناساند. من یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ سەرۆک هانس ویگسل دیدارم کرد؛ ئەو کاتە پێم وت حەز دەکەم لە کارۆلینسکا کار بکەم، ئەویش زۆر منی هاندا. ئەو ڕایسپارد پێم کە کارێکی نێوان-بواری لە سەر ژینگەپارێزی (چاودێریی ژینگە) لەژێر چاودێریی کۆنارسکیدا دەست پێبکەم.»

---

٦٩- psychosomatic

## خولی گشتیی سەرەتایی

ئالان دەستوبرد دەستی کرد بە خولێکی فێرکاریی دوو حەفتەیی بۆ ئەو پزیشکانەی کە دەیانویست سەبارەت بە ژینگەی دەستکرد، «چاودێریی ژینگە»[٧٠] زانیاریی وەرگرن. زۆربەی بەشداربووان خوێندکار بوون. ئەوان ئەم چەشنە زانیارییەیان لا گرینگ بوو، دەیانزانی کە لەوانەیە ببن بە ئەندامی پرۆسەی بڕیاردان بۆ نەخۆشخانەکانی داهاتوو و ناوەندەکانی چاودێری[٧١]. ئەوان تێگەیشتن کە کاریگەریی ژینگە دەستکردەکان لە سەر تەندروستی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر وەک پرسێکی پێویست چاو لێدەکرێت.

«من بۆ یەکەمجار بە ویستی خۆم سێ خولم بەڕێوە برد بۆ پزیشکەکان. یەکێک لە لایەنەکانی ئەو وانەگەلە مودێلی چاودێری، ڕێکخستن و کاریگەریی هەڵبژاردنی پێوەست بە دیزاینی لەخۆ دەگرت. ئەو خولە فێرکارییە هەلی ئەوەی ڕەخساند بۆم کە سەبارەت بە چۆنیەتیی پەیوەندیی تەندروستی لەگەڵ گوشارەوە- هەر وەها پرسی ‹فاکتەری تەندروستی› لە نێو ژینگەی دەستکرد و پەیوەندیی دەروونیی بەستراو لە نێوان ئەم دوانەدا زۆرتر ئاگا ببمەوە.

«من هەروەها سمینار و کۆڕگەلێکی زانستیم بەڕێوە دەبرد. هەندێکیان لە ‹ئەنجوومەنی باوەڕپێکراوی نۆبێل› لە توێژینگەی کارۆلینسکا بەڕێوە چوون».

> **من ڕێکخەری سەرەکی بووم و ئەم پلە و پایەیش تێچووەکانمی دابین دەکرد و هەموو کار و چالاکییەکانیشمی لەخۆ دەگرت. دەورانێکی زۆرخۆش بوو.»**

ئامادەبوون لە ئەم کۆڕانەدا هەردەم ڕووی لە زیادبوون دەکرد. ئەنجوومەنی نوبێل تەنها جێگای ١٠٤ کەس دەبووەوە. بۆیە ئالان باقی کۆبوونەوەکانی تری دەر لە حەساری زانکۆ لە هۆتێلی هیلتۆن لە ناوەندی شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە دەبرد، کە زیاتر لە سێسەد کەسی دەگرت. ئالان دەڵێت «من بە هەموو ئەم ڕووداوانە زۆر کەیفخۆش بووم. من ڕێکخەری سەرەکی بووم و ئەم پلە و پایەیش تێچووەکانمی دابین دەکرد و هەموو کار و چالاکییەکانیشمی لەخۆ دەگرت. دەورانێکی زۆرخۆش بوو.»

ئالان لە لایەن زۆرێک لە هاوکارانی توێژینگەی کارۆلینسکاوە وەک بێگانەیەک بە ڕوانگەیەکی بێوێنە سەبارەت بە تەندروستی سەیر دەکرا، هەرچەند زۆر ڕێزیان لێدەگرت. بۆ یەکەمجار، لە چەندین لقی زانستیی جیاواز گوتارێکی پێکهێنا کە لە سەر تەندروستی و خۆشبژێوی[٧٢] و کاریگەریی فاکتەرە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان و دیزاین لە سەر تەندروستی جەختی دەکرد. ئەو کەسانەی کە ئەو بانگهێشتی کردبوون هەندێکیان مامۆستای زانکۆ بوون: لیف ئیدڤینسۆن[٧٣] ئابووریزان، بە مەبەستی باس کردن لەسەر دیزاین وەک سەرمایەیەکی فکری؛ لارش تێرێنیووس[٧٤] دەمارناس، ئەندامی ئاکادمی شاهانەی سویدی[٧٥]، بۆ

---

٧٠- environment for care

٧١- care facilities

٧٢- well-being

٧٣- Leif Edvinsson

٧٤- Lars Terenius

٧٥- Royal Swedish Academy

وردەکاری لەسەر داهێنان؛ پاول ڕۆبێرتسۆن[٧٦]، دەروونناس و موزیسیەنی سەرەکی «مێدیسی کوارتێرت»ی[٧٧] لەندەن، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر «مووسیقا و زەین»؛ جان زایسێل[٧٨] کۆمەڵناس و یاریدەری هاروارد، پسپۆڕ لە بواری دیزاین بۆ ئەو کەسانەی کە ئالزایمریان هەیە؛ و کریستێر ئاپسلۆند[٧٩]، بەرپرسی پەرەپێدانی بازرگانی لە شاری ستۆکهۆڵم و هەروەها هەندێکیشیان نژیارڤان و پزیشکی خۆماڵی تر.

ئەم کۆڕوکۆبوونەوانە هەروەها بە شێوازێکی ڕەخنەئامێز ڕێڕەوی زانستی پزیشکی سەبارەت بە خەسارناسی، بەجێگای چاکسازی و بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی و خۆشبژێوی- کە بە بڕوای ئالان دەبێت تەوەری سەرەکی ئەو زانستە بن- خستە بەر باس. کۆڕەکە پەرەپێدانی ڕوانگەی سەلۆتۆجێنیکی و دەوری ئەم چەشنە ڕوانگەیە لە ڕێکخستنی توێژینەوە سەبارەت بە سازکردنی «فاکتەری تەندروستی» لێ کەوتەوە کە ئاستی تەندروستی بەرز دەکاتەوە و ئەو پرسیارانە وەڵام دەداتەوە کە چ شتێک دەبێتە هۆی تەندروستیی مرۆڤەکان.

«پرۆفیسۆر کۆنارسکی لەگەڵ من ڕاستگۆ بوو. ئەو وتی پێم (لە سوید لەدایک بووم. دایکم لە کەمپی کاری زۆرەملێ لە دایک بوو و باوکیشم سویدی بوو. سەرەتا ناوی منداڵیم لە باوکمەوە جان سوێنسۆن بوو. ئێمە ئەم ڕێکخراوەمان لە لایەن ڕێکخراوەی جیهانیی تەندروستی دامەرزاند، لە توێژینگەی کارۆلینسکا سەرقاڵی توێژینەوە لە سەر تیۆری سترێسین.) دەرکەوت کە کاتێک کۆنارسکی ویستی ببێت بە سەرۆکی ئەو زانکۆیە، هەندێک کەسی تایبەت پاڵێوراوانی تریان ناساند کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان هەبوو- کۆنارسکی بە پێچەوانە توانایی زانستی و تایبەتمەندیی پسپۆڕانەی هەبوو. من لام وایە کە لەوانەیە هەڵاواردن فاکتەرێکی کارا بووبێت. کریستۆفێر زۆرتر شیاوی ئەو پلەوپایە بوو. دان بەوەدا نرا کە ئەم بڕیارە زۆر سەرسوڕهێنەر بوو.»

لەو توێژینگەیەدا کێبەرکێیەکی بەرچاو لە ئارادا بوو. کۆنارسکی گێڕایەوە کە زۆرینەی ئەو کەسانەی لەوێدا کاریان دەکرد دەروونناس بوون- و زۆرینە بەو هۆیە دەبوون بە دەروونناس کە لە ژیانی بنەماڵەیی خۆیاندا تووشی کێشە و گرفت دەبوون. کۆنارسکی ئامۆژگاری توێژەرێکی لاوی کرد «تۆ بێجگە لە ڕووی زانستییەوە، نابێت ئەوەندە خۆت سەرقاڵ کەی. ئەوەندە ئاوڕ لە کێشەکان مەدەرەوە.» ئالان بە بەروارد لەگەڵ زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم، ئەوەی لەوێدا ئەزموونی کرد هەڵسوکەوتێکی سەرسوڕهێنەر و کەشێکی کۆمەڵایەتیی نامۆ بوو. ئالان گوتی «من هیچ کات لە لایەن سەرۆکی کۆلێژ دڵگەرمییەکم نەدی. کۆنارسکی نەتەنیا لەسەر تەندروستی و شێوازی ژیان، بەڵکوو لە سەر دەروونناسی و کردەوەی مرۆڤەکانیش ڕێنوێنی کردم. ئەو دەیویست لە پەرەپێدانی ئەم چەشنە زانستەدا یارمەتیم بدات».

٧٦- Paul Robertson

٧٧- Medici Quartet

٧٨- John Zeisel

٧٩- Christer Asplund

## ئالان و کۆنارسکی تیۆریی پەیوەندیی ژینگە و تەندروستی پەرە پێدەدەن

دەرەنجامی هاوکاریی دیلانی و کۆنارسکی لە هەموو لایەنێکەوە سەرکەوتوو بوو. کۆنارسکی ئالانی خۆش دەویست؛ ئالان کوتی «منیش وەک ئەو لاوەکی بووم. بەپێی تیۆرییەکەی ئەو کارم دەکرد، بیرۆکەکانی ئەوم لە توێژینەوەکانمدا بەکار دەهێنا. سەرقاڵی کار کردن لەسەر شێوازی پەرەپێدانی تیۆریی تەندروستی و ڕوانگەی سەلۆتۆجێنیک سەبارەت بە تەندروستی و دیزاین لە هەموو جۆرە ژینگەیەکی دەستکردا بووم. « کۆنارسکی پەیتا پەیتا دەیگوت کە تەندروستی پرۆسەیەکە و پێکهاتووە لە فاکتەری دەروونی-کۆمەڵایەتی، شێوازی ژیان، هەست و سۆزەکان، و ئەزموون. ئەزموونی سۆزدارانە بەشی سەرەکیی پرۆسەی تەندروستییە. تێگەیشتم کە ئەگەر هەست و سۆزەکانی ئێوە بەتوندی بکەونە ژێر کاریگەریی ئەزموونی هەڵسوکەوتتان لەگەڵ هەر ژینگە و دیزاینێکی دەستکرددا، بەشێوازێکی ئەرێنی یان نەرێنی کاریگەری وەردەگرن؛ لە هەر شوێنێک بن جیاوازیی نییە. فاکتەرەکانی وەک سەرسەوزی، سروشت، تیشکی هەتاو و پەنجەرە و دەلاقەکان بەشێوازێکی ئەرێنی لەسەر ئەزموونی ئێوە کاریگەری دادەنێن، کەچی نەبوونی ئەم فاکتەرانە لەوانەیە لە سەر ئەزموون و پاشان سۆزەکانی ئێوە کاریگەرییەکی نەرێنی دابنێت. ڕادەی هەست و سۆز بەقووڵی بەستراوەتەوە بە شێوازی تەندروستی و خۆشبژێوییەوە.




ئالان لە بەردەم دامەزراوەی فاکتەرە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکانی تەندروستیدا

ئالان درێژەی بە قسەکانی دا «کۆنارسکی ڕێک کەوت و ئێمە لە ماوەی توێژینەوەکەماندا کارمان لە سەر تێهەڵچوونی ئەم فاکتەرانە دەکرد. ئێمە پێکەوە ئەو تیۆرییەی سەبارەت بە دیزاین و تەندروستیمان پەرە پێدا و مسۆگەرمان کرد، لە ڕێگای بەڵگەی واقعی، لەوانە کار و کاردانەوەی نێوان ژینگەی دەستکرد و تەندروستی، زانستیترمان کرد. هەروەها، بە هەندێک پێناسەی پێویستەوە کارمان دەکرد. زۆرێک لە ئەمریکاییەکان، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی بە زمانی ئینگلیسی قسە دەکەن، چەمکی ڕووکەشی بێژومار بەکار دێنن. بەڵام ئەو پێناسانە هیچ پەیوەندییەکییان لەگەڵ واقعیەتدا نییە. بۆ نموونە چەمکێکی وەک ژینگەی دەرمانکەر[٨٠].

٨٠- healing environment

کۆنارسکی وتی پێم «دەرمان کردن پرۆسەیەکە. ژینگە بە تەنهایی ناتوانێت دەرمانکەر بێت.» بەڵام ئێمە وامان گریمانە کرد کە ژینگە دەتوانێت لە پرۆسەی دەرمان کردندا یاریدەر بێت. پاشان هەستمان کرد کە دەتوانین بە شێوازێکی شیاو چەمکی ژینگەی دەرمانکەر بەکار بهێنین».

ئالان و کۆنارسکی سمینارێکیان ڕێکخست بۆ شرۆڤە کردنی ئەو دەستەواژانە بۆ بەردەنگانێکی زۆرتر، کە لەو کۆڕەدا دەروونناسەکان، کردەوەبڕوایانی سەر بە ژینگە[81]، کار دەرمانکەران[82]، پسپۆڕانی زۆرینەی بوارەکان و پزیشکەکان کۆ ببوونەوە بۆ باس کردن لەمەڕ ئەم چەمکانە.



ئالان و کریستۆفر کۆنارسکی

«کریستۆفر حەزی دەکرد لە سەر هەست و سۆزەکانی مرۆڤ بکۆڵێتەوە، کە چۆن ئەم سۆزانە لە سەر جەستەی ئێمە کاریگەری دادەنێن، و لە لایەکی تریشەوە، چۆن جەستە لەسەر هەستەکانمان کاریگەری هەیە. ئەو لە بواری توێژینەوە لە سەر چەمکی ئالێکستیمیا[83]، کەسێک کە توانایی جیاکردنەوەی سۆزەکانی نییە، لە سکاندیناڤیدا لە هەموو کەس پێشەنگتر بوو. ئەمە بۆ پزیشکی دەروونی-جەستەیی شتێکی سەرەکی بوو، و ئەو حەزەی ئەو چەندین پرۆژەی توێژینەوەیی لێکەوتەوە. ئەم توێژینەوەیە بەنۆبەی خۆی بەرنامەی دەرمانی دەروونی-جەستەیی پەستانی خوێنی لێکەوتەوە کە باقی شێوازەکانی دەرمانی کامڵ کرد.»

پرۆفیسۆر کریستۆفر کۆنارسکی بە حەزێکی زۆرەوە بەرەو لای نژیارڤانی و کەلتوور بە هەموو شێوەکانییەوە کشا و بەو قەناعەتە گەیشت کە هەڵکشان و پەرەسەندنی چالاکییە کولتوورییەکان دەتوانێت بە گشتی تەندروستی گشتی بەرز کاتەوە- بەڵام هەروەها لە سەر ئەوە بوو کە موزیک دەرمانی، وێنە دەرمانی[84]، سەما دەرمانی، و سایکۆدراما وەک چارەسەرێکی تایبەت بۆ زۆرینەی نەخۆشییەکان گرینگن.

٨١- environmental behaviorists

٨٢- work therapists

٨٣- alexithymia

٨٤- imaging therapy

**لەدەستدانی هاوکار، ڕاوێژکار و هەڤاڵ**

لەکاتی «دووهەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی» لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، کۆنارسکی لەناکاو نەخۆش کەوت. گورچیلەکانی بەردەوام کێشەی هەبوو کە تووشی دۆخێکی مەترسیداری ژیانی کرد. ئالان بە بیستنی ئەو هەواڵانەی سەبارەت بە پیاوێک کە لە نزیکەوە لەگەڵی کاری کردبوو و لە هەموو بوارێکەوە ئیلهامی لێگرتبوو زۆر پەرێشان بوو.

«کریستۆفر نەخۆش بوو. گورچیلەکانی بە باشی کاریان نەدەکرد، بەڵام هیچ کات لەبارەی نەخۆشییەکەی لەگەڵ من نەدوا، هەرچەند دەمزانی کە زۆرجار خەریکی دیالیز کردنە. دوایین جار لە بەشی ئاگاداریی تایبەتیدا لەگەڵی دیدارم کرد. ئەو چەند ڕۆژ دواتر دوای ساڵانێک بەرەنگاری لەگەڵ ئەو نەخۆشییەدا لە ژانویەی ٢٠٠١ مرد.» ئەم یادکردنەوە ئێستاش تووشی خەم و خەفەتمان دەکات.

ئالان دانی نا بە ئەو دەورە سەرەکییەی کە کۆنارسکی لە ژیانیدا گێڕاویەتی: «ئەو دەورێکی یاریدەر و چارەنووسسازی هەبوو لە وەدەستهێنانی زانیاریی زیاتری من بۆ پەرەپێدانی ڕوانگەیەکی نێوان-بواری. بە هۆی ڕێنوێنییەکانی کۆنارسکی توانیم ‹تەندروستی› پێناسە بکەم زۆر قووڵتر لەوەی کە پزیشکەکان کردوویانە. بوونی ئەو لە ناو ژیانی مندا بزوێنەر و بەربڵاو بوو. من زۆر قەرزدار و سپاسگوزاری ئەوم».

**مامۆستای بانگهێشتکراو لە زانکۆی فلۆڕانس**

ئالان لە سەرەتای هاتن بۆ سوید و تەنانەت لەو کاتەی کە لە کارۆلینسکادا بوو، پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی ئاکادمی لە ئیتالیا، بەتایبەت لەگەڵ زانکۆی فلۆڕانس، نەپچڕاند. لە ماوەی چەن ساڵێکدا، ئەمە سەرەتایەکی تر بوو کە ئالان لەو ڕێگایەوە لەسەر چۆنیەتیی گەلاڵەی سەلۆتۆجێنیک و بابەتی پەیوەست بەو پرسە لێکۆڵینەوەی دەکرد.

ئالان کوتی «لەو کاتەدا، من وەک مامۆستای میوان، بۆ ماوەی چەندین ساڵ، لە زانکۆی فلۆڕانس کارم دەکرد. ئەمە دەرفەتێکی زۆر باش بوو، چونکە من لەوێ فێری توێژینەوەی هاوبەش بووم و دواتریش دەستم دایە توێژینەوە بە هاریکاریی کەسانی تر، کە هاریکارییەکی زۆر باش بوو. بە نموونە، پرۆگرامێکی توێژینەوەییمان سەبارەت بە ئاگاداریی لە بەساڵاچوان ڕێکخست. گرووپی فلۆڕانس لەگەڵ پرۆفیسۆر ڕومانۆ دێل نۆرد[85]، جێگری سەرۆکی ئەو زانکۆیە، بە شێوازێکی یاریدەرانە، هاوکارییەکی باشی کردین. کاربەدەستانی سویدی لەو پرۆژەیەدا بەشدار بوون.»

**بە هۆی ڕێنوێنییەکانی کۆنارسکی توانیم ‹تەندروستی› پێناسە بکەم زۆر قووڵتر لەوەی کە پزیشکەکان کردوویانە. بوونی ئەو لە ناو ژیانی مندا بزوێنەر و بەربڵاو بوو. من زۆر قەرزدار و سپاسگوزاری ئەوم».**

٨٥- Romano del Nord

کەسێکی تر کە تێبینیەکانی لە توێژینەوەکەدا کاریگەر بوو جان زایسێلی کۆمەڵناس بوو کە کتێبێکی لەژێر ناونیشانی لێکۆڵینەوە لە ڕێگای دیزاینەوە[٨٦] نووسی. ئەو لە مێتۆدی تایبەتیی توێژینەوە پێشەنگێکی جیهانی بوو. ئالان لە دەرفەتی جۆراوجۆردا لە سوید و لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، کەنەدا، و فلۆڕانس لەگەڵی دیداری کرد بۆ باس کردن لە سەر چۆنیەتیی ئاگاداری لە بەساڵاچووان. ئەوان کاتێکی زۆر پێکەوە بوون. زایسل دواتر سەرنجی بۆ لای ژیانی ئەو کەسانە کە ئالزایمریان هەیە و شێوازەکانی ئاگاداری لەو کەسانەی ئەو دۆخەیان هەیە کێشرا. ئەو لە جیهاندا وەک توێژەرێک ناسراوە و ڕێزی لێدەگیرێت. ئێستا سەرۆکە لە «ڕێکخراوەی من هێشتا لێرەم[٨٧] و بنکەی ئاگاداری لەوانەی ئالزایمریان هەیە؛ ناوی ڕێکخراوەکە لە کتێبە شاکارەکەی ئەو لە بواری ئاگاداری لەوانەی ئالزایمریان[٨٨] هەیە، من هێشتا لێرەم، وەرگیراوە.

٨٦- Inquiry by Design Foundation

٨٧- I'm Still Here

٨٨- Hearthstone Alzheimer Care

### ٤. دووهەمین کۆنگرەی جیهانی دیزاین و تەندروستی، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٠

**ئالان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨ و ١٩٩٩، چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی پسپۆڕانەی لە سەر دیزاین بۆ تەندروستی لە وڵاتانی باکووری ئەورووپا، بە هاوکاریی زانکۆی کارۆلینسکا و زانکۆکانی تر بەڕێوە برد. پاشان بە زانیاریی زۆرتر سەبارەت بە تەندروستی، سترێس، و خۆشبژێوی و پەیوەندی ئەمانە لەگەڵ ژینگەدا ڕوانگەیەکی گشتبڕوایانەی[٨٩] هەڵبژارد. ئەو کۆنگرەیەی کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا ڕێکیخست لەسەر دیزاین و چادێریی لە پلان داڕشتن بۆ نەخۆشخانە بۆ هەزارەی داهاتوو جەختی دەکرد. لەو کۆنگرەیەدا بوو کە ئالان بۆ یەکەمجار چەمکی دیزاینی سەلوتۆجێنیکی خستەڕوو. دووهەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی دەرەنجامی توێژینەوەی نێوان-بواری بوو کە ئەو لە ئەنستیتۆی کارۆلینسکا کاری لە سەر کردبوو. یەکێک لە نموونەکانی ئەم چەشنە توێژینەوە باس و لێکۆڵینەوە بوو لە سەر موزیک و تەندروستی. باقی بوارە نوێکانی تر بریتی بوون لە جەخت کردن لەسەر فاکتەرەکانی ئاسانکاریی چاودێریی تەندروستی و هەڵسوکەوت لەگەڵ سروشتدا کە دەیتوانی لەسەر دەرەنجامەکانی دەرمان و کار لە بینا تەندروستییەکان کاریگەریی هەبێت. ئەو کۆنگرەیە دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی ئالان دەستکەوتە فکرییەکانی بە شێوازێکی تر بەربڵاوتر لەگەڵ خاوەن پشکەکانی تر[٩٠]، لە ئاقاری بازرگانییەوە تا زانکۆ، بڵاو بکاتەوە.**

ئالان وتی: «ئەوەی من لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ لەسەر تەندروستی، سترێس و چۆنیەتیی ژیانی و کوالیتیی ژیان لەگەڵ ژینگەدا فێر بووم هەموویان بۆ من نوێ، سەرنجڕاکێش و گونجاو بوون. لەم پرۆسەیەدا، چەند زانکۆم وەک بەشداربووی دووهەمین کۆنگرەی جیهانی لە تەنیشت یەک کۆ کردەوە. لەوانە زانکۆی کارۆلینسکا و زانکۆی «ئەی ئەند ئێمی» تێگزاس. بیرۆکەی من ئەوە بوو کە هەمووان وەک بەشدار لە تەنیشت یەکتر کۆ بکەمەوە تا کێشە و گرفتەکان و ڕێگەچارەکان پێکەوە تاوتوێ بکەن. لەو کاتەدا من لەگەڵ چەندین ڕێکخراوە کارم دەکرد».

ئالان لە ساڵی ١٩٩٨ بۆ دووهەمین گونگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی پلانی داڕشت. ئەو کۆنگرەیە لەژێر ناونیشانی «تێکەڵاوکردنی دیزاین و ئاگاداری لە پلاندارشتن بۆ نەخۆشخانەکان لە هەزارەی داهاتوودا»پێویستی بە یەکساڵی ڕەبەق ئامادەکاری بوو. دوای یەکەمین کۆنگرە لە ترۆندهایم، سێ ساڵی تر کات پێویست بوو بۆ ڕێکخستنی ئەو کونفرانسە- پانتایی و ڕادەی بەشداریکردن لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکە دەرخەری ئەو واقعیەتیە. «کاتێک من چووم بۆ کارۆلینسکا، ویستم یارمەتی بەڕێوەبەرانی ئەوێ بدەم تا سەرلەنوێ نەخۆشخانەکەیان دیزاین بکەن، ئەو نەخۆشخانەیە کۆن بوو، چونکە دەیەی ١٩٦٠ دیزاین کرابوو. سەرۆکی کارۆلینسکا هانس ویکسێل لە گواستنەوەی دووهەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی بۆ ستۆکهۆڵم پاڵپشتم بوو.»

٨٩- holistic

٩٠- stakeholders

ئـالان لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٩٨ و ١٩٩٩، لـە بـەش و لقـە جۆراوجۆرەکانـی زانکۆکانـی سـوید سـمیناری بەڕێـوە بـرد؛ بـۆ نموونـە، لـە بەشـی زانسـتە پەرسـتارییەکانی زانکۆکانـی لونـد، لولیـۆ، کالمـەر و ئۆرێـبرۆ. زانکـۆی تەکنۆلـۆژی لولێۆیش بانگهێشـتی کـرد تـا لـە بەشـی ژینگـەی کار[٩١] وانـە بڵێتـەوە. ئـالان لـە کاتـی پـلان داڕشـتن بـۆ کۆنگرەکـە پرۆفسـۆر پـاول رۆبێرتسـۆن، دەروونـناس و موزیکزانـی بانگهێشـت کـرد تـا سـەبارەت بـە پەیوەندیـی نێـوان موزیـک و تەندروسـتی چڕوپڕ بـاس بـکات. ئامانجـی ئـەوە بـوو کـە کۆمەڵێکـی زۆر لـە کەسـایەتییە پایەبـەرزەکان لـەو کۆنگرەیـەدا کـۆ بکاتـەوە. توانایـی و ویسـتی ئـالان لـە کۆکردنـەوەی لایەنـە پاڵپشـتەکان و لـق و گرووپـە جۆراوجـۆرەکان لـە دووهەمیـن کۆنگـرەی جیهانیـی دیزایـن و تەندروسـتیدا دەرکـەوت. ئـەو کۆنگرەیـە لـە ئاکامـدا لـە سـتۆکهۆڵم لـە زانکـۆی کارۆلینسـکا بـە هاوکاریـی زانکـۆی «ئـەی ئەنـد ئێمـی» تێگـزاس بەڕێـوە چـوو.

## دانانی پێوەرێکی تاکەکەسیی بەرز

**«کاتێک کولتوورێک بەربەستی ئاستەم بۆ شتە لاوەکییەکان دادەنێت، تۆ دەبێت ورەیەکی پتەوت بێت بۆ سەرکەوتن»**. ئالان دیلانی

ئـالان، وەک ناسـویدییەک، زۆرینـەی جـار دەیگـوت کـە ئاواتـم ئەوەیـە کـە ئـەو بەربەسـتانە تێپەڕێنـم کـە لەوانەیـە کەسـانی تـر لێیـان بترسـن. ئـەو دەیگـوت «کێشـەکە لەمـەدا بـوو. مـن بـۆ ئـەوەی سـەرکەوتوو بـم و لـە سـویددا لـە کارەکـەم دا وەربگیرێـم، دەبووایـە کاری شـەش کەسـم بکردایـە».

«بەخۆشـحاڵییەوە، لـە هەمـوو ژیانمـدا هاندرێکـی تایبـەت و ئامانجێکـی پتـەوم هەبـووە. تەنانـەت پێـش ئـەوەی بگەمـە سـوید، زۆرێـک لـە بەربەسـتەکانی ژیانـم تێپەڕاندبـوو. کاتێـک کـە لـە ئـەو دۆخـەی ئێـرەم – و تەنانـەت دۆخـی پێشتریشـم- ئـاورم دایـەوە شـتێکی نائاسـایی نەبـوو بـۆم کـە لـە حەفتـەدا شەسـت کاتژمێـر زیاتـر کار بکەم. ئەگینـا لـە سـوید ئـاوڕت لێنادەنـەوە. تـۆ دەبێـت بـە پێداگـری کـردن لـە سـەر بیروبۆچوونـت خـۆت بنوێنیـت. هـەر بۆیـە مـن بـێ پسـانەوە کارم دەکـرد. ئەڵبـەت مـەرج نییـە کـە ئـەم شـتە بـۆ لاوانـی هەنووکـە ڕاسـت بێـت» ئـالان لـە درێـژەدا وتـی: «ئـەوان پێویسـتیان بـەوە نییـە کـە بـەم چەشـنە کار بکـەن. مـن لـە هەمـوو کار و چالاکییەکانمـدا تەقەلایەکـی ئێجـگار زۆرم کـرد».

**من بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بم و لە سویددا لە کارەکەم دا وەربگیرێم، دەبووایە کاری شەش کەسم بکردایە».**

ئـەم ئیدعایـە بەدڵنیاییـەوە بـە ئاوڕدانـەوە لـە زنجیـرەی کۆنگـرەی جیهانیـی دیزایـن و تەندروسـتی پشتڕاسـت دەکرێـت. ئـالان تۆڕێکـی نێونەتەوەیـی پێکهێنـا و پاشـان خەڵکـی بانگهێشـت دەکـرد کـە لـە بەرنامـە نوێکانیـدا بەشـداری بکـەن. نژیاروانانـی بەئەزموون، دیزاینەران، پسـپۆڕانی کاروبار، شـارەزایانی تەندروسـتی، کاربەدەسـتانی حکومـەت و مامۆسـتایانی زانکـۆ هەمـوو بـە تامەزرۆییـەوە بەشـدار دەبـوون تـا هـەم بیرۆکـە و زانیـاری نـوێ فێـر بـبن و هـەم لەگـەڵ یەکـدی ئاڵوگـۆڕی زانیـاری بکـەن- و لەگـەڵ هاوتایانـی خۆیـان بابەتـی پەیوەندیـدار بخەنـە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوە.

---

٩١- Working Environment

## ناوەندی سەرنجی دووهەمین کۆنگرەی جیهانی

دووهەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی بۆ زانیاری زۆرتر لە سەر فاکتەرە دەروونی-کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکان ڕێکخرا کە سازکردنی هەموو جۆرە ئاسانکارییە پەیوەندیدار بە تەندروستیی وەک ئاگاداریی لە تەندروستیی دەروونی، نەخۆشخانەکانی منداڵان و ئاسانکاریی بۆ چاودێریی بەساڵاچووان لە خۆ دەگرت. زۆرینەی پڕۆژە نێونەتەوەییەکانیش کە لە لایەن کۆمپانییە نێونەتەوەییە گەورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، وەک زیمنس و ئارمسترانگ، خرایەڕوو، بە یارمەتیدانی دارایی بەشدارییان کرد. کۆنگرەکە نە تەنیا لە سەر ئەوە جەختی دەکرد کە چۆن کوالیتیی ژینگەی دەستکرد و دیزاین ئاستی چاودێریی پزیشکی، ساڕێژبوونەوە و چاکبوونەوەی نەخۆش دەباتە سەرەوە، بەڵکوو هەروەها لە سەر ئەوە پێداگریی دەکرد کە چۆن ئەو شتانە دەتوانن بەشێوازێکی کاراتر و بە واتایەکی بەرین تر ئاستی تەندروستی و خۆشبژێوی بەرز بکەنەوە.

زانکۆی «ئەی ئەند ئێم» تێگزاس لەم بوارەدا سەرپەرشتی پەروەردەی سەرەکی چاودێریی تەندروستی و بەرنامە توێژینەوەییەکانی دەکرد و چالاکی زۆری کرد. کەواتە، ئەوان لەم کونفرانسەدا دەورێکی بەرچاویان گێڕا. بەشدارەکانی تر بریتی بوون لە زانکۆی ترۆندهایم و کارۆلینسکا. لە ئاکامدا زیاتر لە چل ڕێکخراوە و پاڵپشتی جیهانی یارمەتیدەری ئەو کۆنگرەیە بوون. بنەماڵەی شاهانەی سوید لەو کۆنگرەیە پشتیوانیان دەکرد. خاتوو کریستینا لە ئاولا مەگن[٩٢]ی بەجوانی دیزاینکراودا، کۆنگرەکەی کردەوە.

## سەردانی خاتوو کریستینا

ئالان گوتی «مێوانێکی بەتایبەت جیاواز لە کۆنگرەی ستۆکهۆڵمدا بەشدار بوو و ئەویش خاتوو کریستینا، خوشکی شا، بوو. من پێشتر دەمویست شا بانگهێشت بکەم؛ بەڵام سەرۆکی بنەماڵەی شاهانە ئاگاداری کردینەوە کە ›باسی دیزاین کەڵکەڵەی سەرەکی شا نییە‹. بەڵام، ئەگەر خاتوو کریستینا ئاگادار بکەنەوە، پێی خۆش دەبێت».



بەشداری کردنی خاتوو کریستینا لە کۆنگرەی دیزاین و تەندروستی لە ستۆکهۆڵم

«کاتێک خاتوو کریستینام بینی، وتی پێم، من بێکارم. ئاواتی من ئەوەیە کە ببم بە دیزاینەرێکی ناوەوە، بە نژیاروانێک. بەڵام من ئێستا کاروبارم نییە.› ئەو بۆ ئەم قسە و باسە لەگەڵ مندا زۆر ڕاستگۆ بوو. پاشان ناوەڕۆکی ئەو

---

٩٢- Aula Magna

کۆنگرەیەم بۆ شرۆڤە کرد، ئەویش وتی، «من فەخر دەکەم بەوەی کە ببم بە ئەندامێکی کۆنگرە.» ئەو هات و کۆنگرەکەی کردەوە. بەشداریکردنی ئەو ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو بوو و شکۆیەکی بێوێنە و تایبەتی بە کۆنگرەکە بەخشی.»

ئەو کۆنگرەیە هەروەها پلاتفۆرمێکی جیهانی بۆ ئالان ڕەخساند. بەشێک لە دەرەنجامی کۆنگرەکە ئەوە بوو کە ئالان بە بانگهێشتکردنی هەموو ڕاوێژکارە پێشووەکانی خۆی هەلی ئەوەی ڕەخساند تا ئەو چالاکییانەی کە کردبوویان پێیان نیشان بدات. ئەگەرچی لە هەندێک کەیسدا، هەرچەند، دەرەنجامی خوازراوی لێنەکەوتەوە، بەڵام ئەم بانگهێشتە هەوڵێکیش بوو بۆ ئاشتکردنەوە. هەروەها ئالان کتێبی کۆنگرەی یەکەمی ئامادە و هەڵەگری کردبوو، کە هەموو ئەو وتارانەی کە لەوێدا پێشکەش کرابوون لەخۆ دەگرت، تا وەک کتێبێکی ئامادەکراو لە کۆنگرەی دووهەمدا بڵاوی بکاتەوە. یەکێک لە بەشەکانی ئەو کتێبە لەژێر ناونیشانی «دیزاین و تەندروستی: قازانجە دەرمانییەکانی دیزاین»، بوو بە سەرچاوەیەک بۆ کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان تا ئەوەی دووهەمین کۆنگرەی جیهانی بەرهەمی هێنابوو کەڵەکەی بکات و بۆ داهاتوو کەڵکیان لێوەرگرێت، هەروەها تازەگەرییەکانی بە بەراورد لەگەڵ کۆنگرەی یەکەم نیشان بدات.




وێنەی کتێبی کۆنگرەکە

ئالان ڕاوێژکاری تیزی یەکەمی خۆی، هەروەها ڕەقیبێکی زووی، فیزیکزانێکی فەنلاندی، بۆ وتاربێژی لە کۆنگرەکەدا بانگهێشت کرد. ئالان وتی «من ویستم بە بەشدارکردنی ئەوان لەو کارەی دەیکەم ڕێز لەو کەسانە بگرم. هەموو کەسم بەشدار کرد و ڕک و قینی ڕابردووم وەلانا. هەروەها ویستم کە ئەوان چێژی لێ ببەن. هیوادار بووم کە خەڵک دێن و دەبینن کە ئەو کەسانە لە دەوری ئەو بیرۆکانە کۆ بوونەتەوە کە مێشکی منیان بەخۆوە سەرقاڵ کردبوو.»

«سەرەڕای ئەمە، ئەو کەسانە لەبری دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان لە بەشداریکردن لەو کۆنگرەیەدا لەناو خۆیاندا و لەگەڵ ئەو ئامریکاییانەی کە لەوێدا بوون، تۆڕێکی پەیوەندییان ساز کرد بۆ پلان داڕشتن لەمەڕ چالاکییەکانی خۆیان. ئەم خۆجیاکردنەوە بۆ خۆم وانەیەکی سەرسوڕهێنەر و مەزن بوو.»

«هەروەها کەسایەتیی زۆرم وەک پرۆفیسۆر پاوڵ ڕۆبێرتسۆن، بۆ وتاربێژیی لە سەر موزیک و تەندروستی، دکتۆر جان زیسێل و دێرێک پارکێر[٩٣]، براوەی خەڵاتی ئاکادمییەکەی خۆمان و وەرگری خەڵاتی ڕێبەرایەتیی هەتایی بانگهێشت کرد. ئەم کەسانە ئیلهامیان پێدام و هەر بەردەوامیشە. ئەوان هەر ئێستایش لەگەڵمان کار دەکەن.»

## ئاولا مەگنا: شوێنێکی سەرسووڕهێنەر

دووهەمین کۆنگرەی جیهانی لە ئاولا مەگنای حەوشی سەرسەوزی زانکۆی ستۆکهۆڵم لە فریسکاتی بەڕێوە چوو کە نزیکەی پێنسەد بەشداربووی تێدا بوو. کەناڵێکی تەلەفزیۆنی سوید بە تین و گوڕەوە لە سەر ئەم ڕووداوە قسەی کرد.

ئاولا مەگنا، لە لایەن نژیاروان ڕاڵف ئێرشکن[٩٤]، دیزاین کراوە کە لە سروشتەوە ئیلهامی وەرگرتووە. لەسەر تەپۆڵکەیەکی بەردینیدا هەڵکەوتووە و دەورووبەریشی داپۆشراوە بە داربەڕووی بەتەمەن کە بەچاوخشاندنێکی خێرا ئاسک و ئاژەڵە کێویەکانی تر دەبینرێت. «ئاولا مەگنا حەوت قاتە، سێ قاتی لە نێو تاشەبەرددا هەڵکنراوە.» کە لێی نزیک دەبیتەوە وا هەست دەکەیت کە درگای چوونەژوورەوەکەی تەنگ و تاریکە. کەچی کاتێک دەچییە نێو ڕاڕەوێکی گەورە، ئەوجار هەموو بەرزاییەکەی بیناکە دەبینیت. خشتی جۆراجۆر و ڕەنگاوڕەنگ ڕواڵەتێکی جوانیان پێبەخشیوە. ڕاڕەوەکە بە گڵۆپی ئیسکاندیناڤی ڕووناک کراوە کە تیشکیان پەرچ دەخواتەوە بۆ سەر ڕووبەرە دارینەکان. ڕێفلێکتۆری هەتاوی لە ڕێگای تیشکەکانی هەتاوەوە هۆڵەکە گەرم دەکەن. دەنگی ئاکۆستیکی هۆڵەکە لەو ئاستە دایە کە بێژەری سەر کورسییەکە بەبێ کەڵکوەرگرتن لە میکرۆفۆن دەتوانێت بۆ هەزار و دووسەد کەس قسە بکات. ئەو هۆڵە لە ئامفیتەئاترێکی یۆنانی دەچێت. ئەو کۆڕە لە هۆڵی شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو، ئەو شوێنەی کە «ئاکادمی زانستەکانی شاهانەی سوید» هەموو دیسەمبرێک بۆ سەرکەوتووانی ئەو ساڵە میوانی «نەوبل گالا» ڕێکدەخات.

ئالان وتی «ئەو کۆنگرەیە زۆر سەرکەوتوو بوو، چوونکە جوانترین هۆڵی کۆنگرەیە لە جیهاندا و لە ناوەڕاستی هاویندا بەڕێوە چوو. گرووپێک لە نژیارانانی کەنەدایی کاتژمێر دوو شەو هاتنە دەرەوە. هێشتا هەوا ڕووناک بوو و ئەمەیش بۆ من و ئەوان زۆر سەرسوڕهێنەر بوو.»

---

٩٣- Derek Parker

٩٤- Ralph Erskine



وێنەی ٦: کۆنگرەی دیزاین و تەندروستیی ئاولا مەگنا

«کۆنگرەکە لەسەر کەنەدییەکان کاریگەری دانا کە گەڕانەوە بۆ ماڵ و نەخۆشخانەی (تێندێر بەی)[٩٥] یان دیزاین کرد، کە ئەویش لە دار سازکرا. تا فارۆ[٩٦]، نژیاروان، ئەو ئیلهامەی لە ستۆکهۆڵم گرتبوو دواتر لەگەڵ من باسی کرد. هەر دوابەدوای کۆنگرەکە ئەو نەخۆشخانەی دیزاین کرد. ئەمە یەکەمین جار بوو لە سوید. دواتر، بە بۆنەی ئەو دیزاینەوە خەڵاتی ئاکادمی دیزاین و تەندروستی پێبەخشرا. ئەو وتی ئەوە دەسکەوتی کۆنگرەکە، سروشت، و بابەتەکە بوو- هەموو پێکهاتەیەک یارمەتی ئەوی دا تا بتوانێت باشترین نەخۆشخانەی جیهان دیزاین و ساز بکات.»

## داهێنانی سەرەکیی من لەم کۆنگرەدا بریتی بوو لە پەرەپێدانی چەمکی سەلۆتۆجێنیک

جەماوەر دەریانبڕی کە ئەوان تا ئەو کات هۆڵی وتاربێژیی ئاوەهایان نەدیبوو. ئاولا مەگنا بەدڵنیاییەوە جوانترین و بێهاوتاترین هۆڵی وتاربێژیی جیهان بوو. نژیاروانییەکی سەرسوڕهێنەری بوو.

ئالان باسی کرد کە «من لە یەکەمین وتاربێژیمدا لە توێژینەوەکانی کۆنارسکی کەڵکم وەرگرت و هەوڵم دا پێناسەی تەندروستی شرۆڤە بکەم و زۆرتر پەرەی پێبدەم. داهێنانی سەرەکیی من لەم کۆنگرەدا بریتی بوو لە پەرەپێدانی چەمکی سەلۆتۆجێنیک. سەلۆتۆجێنیک سەرچاوەی ئیلهامە بۆ هەموو نژیاروانەکانمان. بابەتێکی زانستییە و خاڵی دەستپێکە بۆ ئاوڕدانەوە لە تەندروستی و سترێس و سەرچاوەی فاکتەری دیزاینی دەروونی-کۆمەڵایەتی.»

٩٥- Tender Bay

٩٦- Tye Farrow

ئـالان وتـی «دیزاینـی سـەلۆتۆجێنک هێشـتا لـە قوتابخانەکانـی نژیاروانیـدا جێنەکەوتـووە یـان تەنانـەت لەلایـەن نژیاروانەکانـەوە ئـاوڕی لێنەدراوەتـەوە. مـن لـەو کاتـەوە بەبێوچـان بـەرەو ئـەو ئاقـارە کشـاوم، بـەردەوام و پێداگرانـە لەسـەری ڕۆیشـتووم. ئەمـە ئەرکـی منـە و توانیومـە کەسـانێکی زۆر بـۆ پاڵپشـتی کـردن لـە خۆمـان بدۆزمـەوە.»

## خەڵک بۆچی بەشدارییان کرد؟

ئـالان لـە درێـژەدا گوتـی «مـن دەسـتمدایە پێکهێنانـی گرووپێـک لـە کەسـایەتییەکانی وەک درێـک پارکێـر لـە بـواری پیشەسـازییەوە و جـان زایسـێل، کـە زۆر لـە کار و چالاکییەکانـی ڕابردوومـان پاڵپشـتی کردبـوو. زۆرێـک لـەو کەسـانەی کـە پاڵپشـتیی ئێمەیـان دەکـرد دەیانویسـت کـە کار و چالاکییەکانـی خۆیـان لـەو بـوارەدا ڕێکبخـەن و لـە ڕێـگای (ئاکادمیـی نێونەتەوەیـی دیزایـن و تەندروسـتی)یەوە برەنـدی خۆیـان بخەنـەڕوو، چونکـە ئـەودەم هـەم لـە لایـەن زانکۆکانـەوە و هـەم لـە بـواری پیشەسـازیدا بووبـوو بـە شـتێکی بەناوبانـگ و متمانەپێکـراو. ئەمـە بەڵگـە و متمانەیەکـی سەرنجڕاکێشـی پێکهێنـا و کەسـانی تـر حەزیـان دەکـرد لـەو شـوێنەدا دەرکـەون».

«ئـەو دۆخـە بـۆ هەمـووان زۆر بەسـوود بـوو و منیـش لەگـەڵ ئـەو ڕەوتـەدا ڕێـک کەوتبـووم مەگـەر ئـەوەی کـە ئـەوان لـە بانگهێشـتی ئاشـکرای ئێمـە بەهرەیـان نەبردایـە و کوالیتیـی بەرنامەکانیـان دابەزاندایـە. کاری مـن ئـەوە بـوو کـە هـاوکات بەبـێ دەربڕینـی ڕاسـتەوخۆ بـە ڕێـز و حورمەتـەوە، پێیـان ڕابگەیەنـم، بـێ ئـەوەی ئاسـتی کارەکەمـان بێنمـە خـوارەوە. ئەمـە کاروبـاری مـن بـوو لـە بـواری پیشـەدا. مـن هەمیشـە دەمویسـت ئـەو هاوسـەنگییە ڕابگـرم.»

## پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی بابەتە نێردراوەکان

ئـالان لـە سـتۆکهۆڵم بـۆ هەڵسـەنگاندنی ئـەو بابەتانـەی ڕەوانـە کرابـوون پێوەرگەلێکـی دانـا، چونکـە بـۆ نموونـە، لەمـەڕ خوازیارانـی زانکـۆ، هەسـتی دەکـرد دەبێـت بابەتەکانیـان وەک بابەتـی کەسـانێکی نامـۆ ڕچـاو بکرێـن و نەئـەوەی تەنهـا بەپێـی زانیاریـی ئاکادمیکـی ئـەوان هەڵسـەنگێندرێت. ئـەو بـۆ دیـاری کـردن و هەڵبژاردنـی وتاربێـژەکان پرۆفیسـۆرێکی دیـاری کـرد. ئـەم پێوەرانـە تـا بـە ئەمـڕۆ هـەر بەردەوامـن.

«مـن لـە سـوید لەگـەڵ هەندێـک کـەس دیـدارم کـرد و لـە کەسـانێک کـە سـەرقاڵی کاروبـاری پەرسـتاری بـوون یارمەتیـم وەرگـرت. ئێمـە سـەبارەت بـە ئـەو شـێوازانە کـە دەکـرا بابەتـەکان هەڵسـەنگێنین پێکـەوە قسـە و باسـمان کـرد. لـە کۆنگـرەی دواتـردا هـەر ئـەو پێوەرانـەم ڕچـاو کـردن و ڕەوتێکـی بەسـوودیش بـوو. پێـش ئـەوەی پێوەرێـک بـەکار بهێنـم یـان ڕەچـاو بکـەم، لـە لیژنـەی بـژاردەی زانسـتی دەمپرسـی کـە ئایـا تێبینیـی تریـان هەیـە بـۆ هەڵبژاردنـی بابەتـەکان.»

«ناوەڕۆک بـۆ مـن هەمیشـە پرسـی سـەرەکی بـوو. مـن دەمویسـت تـا ئـەو جێگایـەی دەلوێـت ڕاسـتگۆ بـم، چونکـە ئـەو کەسـانە بـە دڵێکـی پاکـەوە بابەتەکانیـان هەنـاردە کردبـوو. بەهـۆی ئـەوەی کـە لـە زۆرێـک لـە کونفرانسـەکان دا بەشـداریم کردبـوو و هـەر ئـەو کەسـانەم بینیبـوو کـە بابەتەکانیـان پێشـکەش کردبـوو، هەوڵمـدا ناوەڕۆکـی باسـەکانمان وەک بابەتێکـی سـەرنجڕاکێش و داهێنەرانـە لێبکـەم.»

## کاروچالاکیی پەراوێز

هەرچەند ئالان هەوڵی دا کە بەردەنگێکی زۆر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە لە ڕابردوودا پەیوەندیگەلێکی ناکۆکی لەگەڵیاندا بوو، بەڵام بەو سەرنجڕاکێشانە هیچ فەخر و شانازی نەدەکرد. ئالان بەسەرسوڕمانەوە وتی «بۆ نموونە، هاوکارێک پێی وتم کە لەو کۆنگرەیەدا لە ژوورێکدا دانیشتنێک بەڕێوە چووە و باس لە سەر ئەوە کراوە کە کۆنگرەی داهاتوو لە هۆلەند بەڕێوە بچێت بەبێ بەشداریی من. سەرەتا، لە بیستنی ئەو هەواڵە سەرم سوڕما. مرۆڤ لە بواری بازرگانیدا زۆر وانە فێر دەبێت. هەستم کرد کە ئەو دۆخە بێبرییە لە کاری پێکەوەیی و هاوکاری، بەتایبەت بەسەرنج دان بە پەیوەندی نزیکی من لەگەڵ ڕێکخەران و پەراوێزخراوانی ئەو کۆنگرەیە. فێر بووم کە هۆشیارتر بم و لەگەڵ هاوکارەکان تەنها ئەو کاتە پەیوەندیی ساز بکەم کە گەڵاڵە و هاندەرێکی  سازش لەسەرکراو و ڕوون لە ئارادا بێت.»

## ئالان کوڕوکۆبوونەوەی نەتەویی زۆرتر ڕێک دەخات

دووهەمین کۆنگرەی جیهانی زۆر سەرکەوتوو بوو و سپاس و پێزانینێکی زۆر ئاراستەی ئالان کرا، لەوانە سپاس و پێزانین لە لایەن [توێژینگەی] کارۆلینسکاوە. ئالان وتی «ئەوان دەیانویست سەرقاڵبوونی خۆیان بە بابەتی ‹دیزاین و تەندروستی› و ئەو پرۆژە توێژینەوەییانەی کە من لە سەری کارم دەکرد، زۆتر پەرە پێبدەن. کەڵکەڵەی ڕێبەرانی بەشی پیشەسازی کە حەزیان دەکرد لەم بوارەدا زۆرتر تێکەڵ ببن، سەری هەڵدا. بۆ نموونە، [کۆمپانیای]ساب[97] بۆ ماوەی دوو ساڵ بە من، وەک پاڵپشتێکی پرۆژەی دیزاین و تەندروستی، ئۆتۆمبیلێکی بەخشی.»

ئالان هەروەها دوای دووهەمین کۆنگرەی جیهانی، دەرفەتی تری بۆ ڕەخسان تاکوو وتارەکانی پێشکەش بکات. داوای لێ کرا کە سەفەر بکات و وتاری زۆرتر پێشکەش بکات. وتارەکانی لە لایەن تاڵەرفرۆم[98]، فرۆشران.  ئەوان لە ڕێگەی تۆڕێکی بەربڵاوەوە بوون بە نوێنەری فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی وتارەکانی ئالان لە ناوەندە بازرگانی و ئاکادیمییەکان.




ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە لەگەڵ ئالاندا وتووێژیان هەبووە

٩٧- Sabb

٩٨- Tallar Forum

## کاریگەریی کۆنگرەکە

ئالان لە ئاستێکی نوێی چالاکیی پرۆفیشناڵدا خۆی بینییەوە. لە لایەن ژمارەیەک لە ڕاوێژکارانی پارێزگاکانی سەرانسەری وڵات کە کەڵکەڵەی بابەتی (دیزاین و تەندروستی)یان بوو بانگهێشت کرا، چونکە زۆرێک لە پرۆژەکانی سازکردنی نەخۆشخانە لە سەرانسەری سوید و ئسکاندیناڤیدا خەریک بوو جێبەجێ دەکران.

ئالان هاوکات لەگەڵ سەفەرەکانی بۆ پێشکەشکردنی وتار، هەروەها دەستی کرد بە نووسینی وتاری زۆرتر سەبارەت بە (دیزاین و تەندروستی) بۆ گۆڤارە تایبەتییەکان. لە هەمان کاتدا، لە لایەن ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی سویدەوە بانگهێشت کرا بۆ زانیاری سەبارەت بە کۆنگرەکە و ئەو کارانەی خۆی لە سەر (دیزاین و تەندروستی) کردوویەتی.

هەروەها خەریکی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی دەقی وتارەکانی کونفرانسەکە بوو. ئەو وتی «ئەمە بۆ من زۆر گرینگ بوو و بایەخی بەو ڕووداوە دەدا.» ئەو کتێبە نە تەنیا کۆنگرەکەی بەڵگەدار کرد، بەڵکوو لە داهاتوویش دا لە بەر دەستدایە و خوێنەرانی داهاتوو سەبارەت بە گۆڕانی سەردەمی خۆیان ئاگا دەکاتەوە.

## بڵاوبوونەوەی بابەتەکانی کۆنگرە

هەرچەند ئەم کۆمەڵەوتارە لە ساڵی ٢٠٠١ دا هاتە بەر دەستی خوێنەران، بەڵام بڵاوبوونەوەکەی هەندێک کێشەوگرفتی سەرنجڕاکێشی هەبوو. «هەموو پاڵپشتەکانم لە سەرەتای کتێبەکەدا ناویان هاتووە؛ یەکێک لە پاڵپشتە گرینگەکان، ڕاوێژگەی توێژینەوەی بیناسازی[٩٩] بوو. من چوومە نێو ڕاوێژگەکەوە و داوای یارمەتیم کرد. وڵامیان دامەوە، (ئالان، ئێمە ناتوانین لە ڕووی داراییەوە ئەو پرۆژەیە پاڵپشتی بکەین، چوونکە ئێمە ئەبێت بچینە لای دەستەی بەڕێوەبەریی خۆمان و ئەوانیش هەمیشە یارمەتی نادەن.) بەڕێوەبەرەکە وتی پێم، (من تەنها بە ئێختیاری خۆم ئەتوانم بڕی ٦٠٠٠ دۆلار بدەم بێ ئەوەی پرس بە دەستەی بەڕێوەبەر بکەم. هانت دەدەم کە ئەم پارەیە قەبووڵ کەیت بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکەتان).

ئالان کوتی «قەبووڵم کرد، هیچ چارەیەکم نەبوو، بەڵام هەستم بە بێڕێزی کرد. و ئەمەیش نیشانەیەکی دیاری هەڵاواردن بوو، چوونکە توێژەرێکی سویدی بۆ پرۆژەیەکی هاوشێوە زیاتر لە دە جار یارمەتی وەرگرت. سەرەڕای ئەمە، بە پارەکەی ئەوان و کەسانێک لە بواری پیشەسازیدا کتێبەکەم بڵاو کردەوە. فێر بووم کە دەبێت متمانە بکەم بە پیشەسازی و هەندێک ڕێگە بگرمە بەر بۆ بازاڕی کردنی ئەوەی کاری بۆ دەکەین. ئەو بابەتە بۆ داهاتووی ئەم بوارە زۆر گرینگ بوو.»

---

٩٩- Building

## هاوکارێک قسە دەکات: نادیا توویبا

من لە ساڵی ٢٠٠٠ دا لە ستۆکهۆڵم لەگەڵ ئالان دیدارم کرد. من ئەو کات خەریکی کار بووم لە نەخۆشخانەی برێجپۆینت[١٠٠] لە کەنەدا. ڕۆژێک نامەیەک لەناو سندووقی ئاگادارییەکەم دانرابوو کە بانگهێشتێک بوو بۆ کونفرانسی داهاتوو لە ستۆکهۆڵم. ئەوە یەکەم جار بوو کە شتێک سەبارەت بە ئاکادمیی دیزاین و تەندروستی و ئەو کونفرانسەم بیستبوو. لەو کاتەدا، پرۆژەیەکی سەرنجڕاکێشمان لەو نەخۆشخانەیەدا بۆ بەشی پاڵپشتی مەعریفەییەکەی[١٠١] تەواو کردبوو و بڕیارماندا کورتەیەک لەمەڕ ئەو پرۆژە ڕەوانە کەین. ئەو کارەم کرد و پەسەند کرا. پاشان لەو کونفرانسەدا بەشداریم کرد. شوێنی بەڕێوەچوونەکەی زۆر جوان و ئەفسووناوی بوو. کونفرانسەکە زۆر پرۆفیشناڵ بوو. بەهۆی ئەوەی کە ئەو کۆنگرەیە بۆ من یەکەم جار بوو، کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری لەسەرم دانا. زۆرتر لەسەر ئاگاداریی لەمەڕ تەندروستی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی تێگەیشتم. ئەو کۆنگرەیە چاوی منی کردەوە. من ئەوەی لەوێدا فێر بووم لە نێو کار و چالاکییەکانمدا بەکارم هێنا. من هەر لەوێ لەگەڵ ئالانیش دیدارم کرد و لەو کاتەوە تا ئێستا پێکەوە پەیوەندیمان هەبووە.




وێنەی ٨: نادیا توویبا پێشکەشکاری نژیاروان، لە کونفرانسەکەدا

١٠٠- Bridgepoint

١٠١- cognitive support unit

## ٥- دامەرزاندنی ناوەندێکی توێژینەوە لە سەر دیزاین و تەندروستی لە کامپۆسی[١٠٢] باشووری زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٢

**ستیگ لارسۆن[١٠٣]، گەشەپێدەری سەرەکیی بازرگانی و بەڕێوەبەری پێشتری کۆمپانیای سیستمی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئێریکسۆن و سەرۆکی باشووری هەرێمی ستکهۆڵم[١٠٤] بە مەبەستی پاڵپشتی کردن لە گەشەی بازرگانی، ئالانی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی ناوەندی توێژینەوەیی تایبەتی خۆی لە سەر دیزاین و تەندروستی لە باشووری کامپۆسی «زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم» دابمەرزێنێت. ئەو ناوەندە لە زانکۆکە، واتە، Kungliga Tekniska Högskolan، چەندین ملوێن کرۆنی سویدی[١٠٥] لە بەشی پیشەسازی وەرگرت و چوار توێژەری بە توانایی جۆراوجۆری خوێندنەوە، بۆ پێکهێنانی ستافێکی نێوان-بواری، دامەرزاند. ئالان بۆ پەرەپێدانی ئامانج و ڕوانگەی ئەو ناوەندە توێژینەوەییە قوڵی هەڵمالی.**

### دەربازبوون لە تراژیدیا

لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو ڕووی دا، کە بەتەواوی دڵی ئالانی هەژاند: کریستۆفێر کۆنارسکی کەوتە ژێر چاودێریی پزیشکیی تایبەتەوە. کۆنارسکی تا ڕادەیەک بەتەمەن گەنج بوو، بەڵام لە دۆخێکی هەستیاردا بوو؛ حەوت ڕۆژی نەبرد کە تیاچوو. ئەمە ڕووداوێکی دڵتەزێن و کاریگەر بوو لەسەر ژیانی ئالان؛ کۆنارسکی هەم هەڤاڵی ئالان بوو و هەم ئیلهامبەخشی بوو. چوار ساڵی ڕابردوو، واتە لە ساڵی ١٩٩٨ بەملاوە، کۆنارسکی لە توێژینەوەی پاش-دوکتورای ئالان لە زانکۆی کارۆلینیسکا پاڵپشتی کردبوو.

شەش مانگ دواتر، ئالان بڕیاری دا کە زانکۆی کارۆلینسکا بەجێ بهێڵێت. ئەو نەیدەویست لە کامپۆسی ناوەندی کار بکات کە تێیدا زانکۆکە پاڵپشتییەکی ئەوتۆی لە دیزاین و تەندروستی نەدەکرد. هەر بۆیە لە ئاکامدا، لە سەر ڕاوێژی ستیگ لارسۆن وەک سەرۆکی ڕێکخراوەی ناوچەیی باشووری ستکهۆڵم بۆ پەرەپێدانی بازرگانی، چوو بۆ کامپۆسی باشووری زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم. ئالان لەگەڵ لارسۆندا، کە بە دوای پەرەپێدانی بەشی باشووری ستکهۆڵمەوە بوو، لە سەر پلان داڕشتن بۆ نەخۆشخانە و بازرگانی و پیشەسازییەکی نوێ وتووێژی دەست پێکردبوو. ئالان زۆر دڵخۆش بوو بە ئەو پێشنیارەی کە بۆ سازکردنی نەخۆشخانەی نوێ ئاراستەی کردبوو.

---

١٠٢- Campus

١٠٣- Stig Larsson

١٠٤- Royal Institute of Technology

١٠٥- SEK

لارسۆن زۆر درگای بۆ ئالان دیلانی کردنەوە و هەوڵی دا کە ڕێگەگەلێک بۆ دیپلۆماتیکتر بوون فێری ئالان بکات. ئالان وتی «من کاتێکی زۆرم لەگەڵ ئەو تێپەڕاند. بە سەرنجەوە لەو شت فێر بووم. ئەو پێی وتم ‹ئەگەر شتانێک هەن کە تۆ پێت خۆش نین، بێدەنگی ڕابگرە. ئیزن بدە با کەسانی تر قسە بکەن. زۆرتر گوێگر بە و کەمتر بدوێ. تۆ دوو گوێچکەت هەیە، کەوابوو باشتر وایە کە گوێگر بیت تا بێژەر.› ئەو لەمەڕ هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی بەشێوازی دیپلۆماتیک مامۆستایەکی باش بوو بۆ من و لەو بابەتە چاک تێگەیشتبوو».



[ئالان] لە ناوەندە توێژینەوەییە نوێکەی لە
کامپۆسی باشووری زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم

لارسۆن پێشنیاری کرد بە ئالان کە بڕوات بۆ کامپۆسی باشووری زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم تا لەگەڵ سەرۆکەکەیدا، ئینگە یۆڤیک[١٠٦]، و بە هاوکاریی پرۆفیسۆر لێف ئێدڤینسۆن[١٠٧] ناوەندێکی توێژینەوەیی بۆ دیزاین و تەندروستی دابمەرزێنن. ئالان وتی «لە هەمان کاتدا، سەرقاڵی ئامادەکاریی کۆنگرەی سێهەمی جیهانی لە سەر دیزاین و تەندروستی بووم، کە لە مونتریاڵدا بەڕێوە دەچوو. هۆکاری هەڵبژاردنی مونتریاڵ ئەوە بوو کە من زۆرتر لەوێ بووم و لە زانکۆی مونتریاڵ پرۆفسۆری میوان بووم. بەڵام هەروەها دوو پڕۆژەی مەزن لەسەر نەخۆشخانەکان لە ئارادابوو کە بۆ پەیوەندی سازکردن گرینگ بوو، بۆ ئەوەی بەدواداچوونیان بۆ بکرێت و بزانن کە لەو بەشەی جیهان چی لە ئارادایە.»

١٠٦- Inge Jovik
١٠٧- Leif Edvinsson

ئـالان دیلانــی لــە کامپۆسـی باشــووری زانکـۆی تەکنۆلۆژیــی سـتۆکهۆڵمدا، بەرنامەیەکـی توێژینەوەیـی دارِشـت و دواتـر بـۆ دامەرزاندنـی ناوەندێکـی توێژینەوەیـی تایبـەت بـە خـۆی بـە هـاوکاری چـوار خوێنـدکاری دوکتـورای کامپۆسـەکە و توێژەرێکـی پاش-دوکتـورا قۆڵـی هەڵماڵـی؛ ئـەو هەروەهـا لـە زانکـۆی لولیـۆ، ئـەو شـوێنەی کـە تێیـدا خولـی فێـرکاری لەسـەر بابەتـی ژینگـەی کار بەرِێـوە بـرد، بـوو بـە راوێـژکاری خوێندکارێکـی دوکتـورا. ئـالان لـەو مـاوەدا تارِادەیـەک هەمـوو رِۆژ یـان سـەرقاڵی وتوویـژ و کۆبوونـەوە بـوو لەگـەڵ بەشـی پیشەسـازی، زانکـۆ، شـارەوانییە ناوچەییـەکان و گرووپـە دەوڵەتییەکانـی ئـەو وڵاتـە و وڵاتانـی تـر یـان لەسـەر ئارِاسـتە فکرییـە نوێکـەی، دیزایـن و تەندروسـتی، قسـە و باسـی دەکـرد. لـە دوای چەندیـن مانـگ کۆبوونـەوە، لـە گۆڤـارە نژیاروانییەکانـدا بانگەوازێکـی بـڵاو کـردوە و داوای لـە خوازیـاران کـرد بـۆ دامەزارندنـی ناوەندێکـی توێژینەوەیـی نێوان-بواریـی نـوێ، بەشـداری بکـەن. ئـەو بەرنامەیـە توێژینەوەییـە ژمارەیـەک پـرِۆژە لەخـۆ دەگرێـت کـە هـەر کامیـان پێویسـتی بـە چەنـد خوێنـدکاری دوکتـۆرا هەیـە بـۆ ئـەوەی ئـەو توێژینەوەیـە پـەرە پێبـدات.(١٧)

**پرِۆژەی توێژینەوەیی ژمارەی ١، وەرگرتنی کریستیان دانیلسۆن، خوێندکاری دوکتورا**

بـە پاڵپشـتیی کۆمپانیـای AP Real Estate ، بەرنامەیەکـی توێژینەوەیـی بـە وردبوونـەوە لەسـەر ژینگـەی ئۆفیـس دارِێـژرا. ئامانجـی توێژینـەوە لەسـەر ئـەو پرِۆژەیـە، لەژێـر ناونیشـانی «بەرزکردنـەوەی تەندروسـتیی ژینگـەی کار لـە کۆمەڵـگای زانیاریـی ئەمـرِۆدا»، ئـەوە بـوو کـە دۆخێکـی باشـتر بـۆ پێکهێنـان و سـازکردنی ژینگـەی پاڵپشـتیکەر لـەرِووی دەروونی-کۆمەڵایەتـی وەک ژووری کار بـەدی بێـت. رِێکەوتننامەکـە واژۆ کـرا و کۆمپانیـای AP Real Estate تێچـووی ئابـووری و ماڵـی ئـەو پـرِۆژەی گرتـە ئەسـتۆ.

**پرِۆژەی توێژینەوەیی ژمارەی ٢، وەرگرتنی یونس ئاندرسۆن وەکوو خوێندکاری دوکتورا**

ئـالان دیلانـی بـە پاڵپشـتیی شـارەوانیی هانینگێ[١٠٨]، پرِۆژەیەکـی توێژینەوەیـی لەسـەر ئـاگاداری لە بەسـاڵاچووان و راوێـژکاری لەسـەر دارِشـتنی بینایەکـی دوو نهۆمـی بـۆ ئاگادارییـی لـە بەسـاڵاچووان لـە هانینگێ دارِشـت. ئـەو پرِۆژەیـە لەژێـر ناونیشـانی «ژینگـەی لـەرِووی دەروونی-کۆمەڵایەتییـەوە یاریـدەر بـۆ ئـاگاداری لـە بەسـاڵاچووان» بـە مەبەسـتی ئـەوە بـوو کـە لەسـەر چۆنیەتیـی دارِشـتنی مۆدێلـی بینـای ئـاگاداری لـە بەسـاڵاچووان و دیزایـن کردنـی ئـەو بینایـە لـە داهاتـوودا زانیـاری پێکبهێنێـت. لایەنـە هاوبەشـەکان لەسـەر ئـەو پرِۆژەیـە رِێککەوتـن. ئـالان وەک یەکێـک لـە ئەندامانـی شـارەوانی تارِادەیـەک هەسـتی بـە بەرپرسیاریەتی بـۆ پاڵپشـتی کـردن لـەو پرِۆژەیـە کـرد.

**پرِۆژەی توێژینەوەیی ژمارەی ٣، وەگرتنی ئێرلاند فلیکت[١٠٩]، وەکوو خوێندکاری دوکتورا**

بەرنامەیەکـی توێژینەوەیـی لەسـەر ژینگـەی تەندروسـتی قوتابخانـە لەژێـر ناونیشـانی «ژینگـەی فێربـوون»، بـە مەبەسـتی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی شـێوازی ژیانـی تەندروسـت لـە نێـوان بەرەکانـی داهاتـوودا دارِێـژرا. پرِۆژەکـە وێـرِای ئاورِدانـەوە لـە ژینگـە فێرکارییەکانـی ئەمـرِۆژی لـە رِوانگـەی دیزایـن و دەروونی-کۆمەڵایەتییـەوە، ئـاورِی

١٠٨- Haninge

١٠٩- Erland Flygt

لـەوە دەداوە کـە چـۆن دیزاینـی ژینگـە فێرکارییـەکان لەسـەر تەندروسـت بوونـی ژیـان و چالاکیـی خوێنـدکاران و مامۆسـتایان، لەوانـە چۆنیەتیـی کاریگەریـی ژینگـە لەسـەر داهێنـان و ویسـتی خوێنـدکاران بـۆ فێربوونـی زۆرتـر، کاریگەریـی دادەنێـت. یەکـەم هەنـگاو، ناسـین و دیاریکردنـی هۆکارەکانـی سـترێس بـوو و هەنـگاوی دووهـەم، بەکارهێنانـی تایبەتمەندییـە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکانـی دیزایـن لـە قوتابخانـە بـە مەبەسـتی سـازکردنی ژینگەیەکـی یاریـدەر و تەندروسـت بـۆ فێربـوون. بـۆ دابینکردنـی تێچـووی ئـەو پڕۆژەیـە ڕێکەوتننامەیـەک لەگـەڵ شـارەوانی هانینگێـدا واژۆ کـرا.



وێنەی ٩: ستیگ لارسۆن، سەرۆکی ئاکادمی

**پڕۆژەی توێژینەوەیی ژمارەی ٤، وەرگرتنی ئانا ڕیلەندێر وەک خوێندکاری دوکتورا**

پڕۆژەیەکـی گشـتگیر لـەو ناوەنـدە لەژێـر ناونیشـانی «پەیوەندیـی دیزایـن و تەندروسـتی و سـامانی ڕۆشـنبیری» دەسـتی پێکـرد بـۆ ئـەوەی دیـاری بکرێـت کـە چـۆن پڕۆژەکانـی تـر بـۆ هەڵسـەنگاندنی دیزایـن وەک سـامانێکی ڕۆشـنبیری بـەکار بهێنرێـن. ژینگـەی کاری فیزیکـی بـۆ بازرگانـی هـەر لە بنەڕەتـەوە زۆرجـار وەک بابەتێکـی بەرنرخ چـاوی لێدەکرێـت و لـە ڕوانگـەی بایـەخ و تێچـووەوە هەڵدەسـەنگێندرێت. سـەرەڕای ئەمـە لەڕاسـتیدا، ژینگـەی فیزیکـی لەسـەر زۆرینـەی لایەنەکانـی سـامانی ڕۆشـنبیریی کۆمپانیایـەک و فاکتـەرە مرۆییەکانـی کاریگـەری دادەنێـت و ڕەوتـی بەهاسـازی[١١٠] دەخاتـە ژێـر کاریگەریـی خۆیـەوە. بـەڵام کەرەسـتەکانی شـیکردنەوەی ژینگـەی فیزیکـی وەک داراییەکـی بەها-سازکەر لـە لایـەن کۆمپانیـاوە بـە گشـتی لـە دەسـت دەچێـت، و ئەمەیـش هەمـان ئامانجـە کـە ئـەو پڕۆژەیـە ئـاوڕی لێدەداتـەوە. بوودجـە و تێچـووی ئـەو پـڕۆژە دەبووایـە لـە باقیـی پڕۆژەکانـی تـر دابیـن بکرایـە؛ ڕێکەوتننامـەکان لەگـەڵ کومپانیـای چینێـرس فاڕنیچـڕ[١١١] و پرۆفیسـۆر لێـف ئێدڤینسـۆن وەک شـەریکی سـەرەکیی سەرپەرشـتیاری پڕۆژەکـە واژۆ کـرا.

١١٠- value creation

١١١- Kinnarps Furniture

**پڕۆژەی توێژینەوەیی ژمارەی ٥، وەرگرتنی زیاتری خوێندکارانی دوکتورا**

ئالان دیلانی بە هاوکاری ئان لانگیووس[112]، مامۆستای زانستی پەرستاری توێژینەگەی کارۆلینسکا، پڕۆژەی توێژینەوەیی «یەکەی نموونەی پەرستاری، دیزاین و ئاگاداری» داڕشت. ئەو پڕۆژەیە بە مەبەستی سازکردنی یەکەیەکی پەرستاری نموونە یان تاقیگەرانە ڕێکخرا کە لەو ڕێگەیەوە بەشی پیشەسازی بتوانێت بەرهەم و خزمەتەکانی خۆی تاقی بکاتەوە و بتوانێت هەم لە ناوچەی سکاندیناڤیا و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا بازاڕێکی گەورەتر بۆ خۆی برەخسێنێت. کومپانیای «ڕێسێپتا»[113] قەبووڵی کرد کە تێچووی دوو خولی فێرکاری خوێندکارانی دوکتورا لەو پڕۆژەیەدا لە ئەستۆ بگرێت؛ هەروەها بۆ دابینکردنی پارەی پڕۆژەکە لەگەڵ شەریکەکانی تردا دانوستان کرا.

پێشنیارێک بۆ پەرەپێدانی بازرگانی پەیوەندیدار بەو پڕۆژەیەوە ئاراستەی SVID، دیزاینی پیشەیی سوید، کرا. ئەو پڕۆژەیە پوتانسیەڵێکی ئابووری هەبوو بۆ بازرگانی لە وڵاتی سویددا بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی نوێ.

**پڕۆژەی R & D [توێژینەوە و پەرەپێدانی] ژمارەی ٦، بە هاوکاری زانکۆی کارۆلینسکا: ژووری نموونەی تەندروستی بۆ ژینگەی کاری بێستریس، لەژێر چاودێریی ئەلێکساندر مور[114]، دیزاینەری ناوەوە**

«ژووری تەندروستیی نموونە» دەستەواژەیەکی بێوێنە بوو کە لە کامپوسی باشووریی زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم وەک مودێلێکی تاقیکاری دیزاین کرا: سازکردنی ژوورێکی بە پێوەری تەندروستی بێ کەموکوڕی بۆ نیشاندانی ئەوەی کە چۆن ستریس لە ڕێگای ئەزموونی سۆزدارانەی ئەرێنی لە ژینگەی کاردا پووچەڵ دەبێتەوە. ئەو مودێلە وەک دیزاینێکی نموونە بۆ شوێنەکانی کار لە سەرانسەری وڵاتی سوید وێنا دەکرا.

بەپێی ئەو دیزاینە، کاربەدەستان لە هەر شوێنێکی کاریدا دەیانتوانی وێڕای ئاگابوونەوە بە شیکاریی دەرکەوتە جەستەییەکانی ئاستی ستریسی خۆیان دەرفەتێکیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی لە ژووری تەندروستیدا پشوویەک بدەن و دۆخی تەندروستیشیان لە ڕێگای ئامێری AIR-PAS پێوانە بکرێت. پاشان کاربەدەستە بەشداریکەرەکان دەبوایە بیانتوانیایە چالاکی و پەرچەکرداری خۆیان لە هەنبەر ستریسەوە پێوانە بکەن و –بەهیوای باشتر بوون- سەرنجی گۆڕانکارەییەکانی دۆخی تەندروستیان بدەن. کرێکاران بەپێی ئایدیای میزان کردنی ئاگایانەی ڕیتمی کارەکەیان دەیانتوانی بگەن بە هاوسەنگی لە نێوان کار، پشوو و بیرکردنەوە کە بۆ کوالیتیی ژیان و بەرگریی لە ئیستریس شتێکی بنەڕەتییە. ئەگەر بۆ بەرزکردنەوەی تەندروستی، چ لە شوێنی کار یان لە هەر شوێنێکی تردا، پێویست بە دەستێوەردان بوو داتاکانی دەیتوانی هەم خاڵێکی دەستپێکی بنەڕەتی دروست بکات و هەم ڕێگایەک بۆ پێوانەکردنی بەرەوپێشچوون بێت، کە لە ڕێگای ئاستی ستریسی جەستەیی تاکەکەسیەوە دیاری دەکرێت.

مودێلی نموونەکە لە تایبەتمەندییەکانی بەرچاوی دیزاین ساز کرابوو بۆ ئەوەی دەوری هەبێت لە تەندروستی دا، تایبەتمەندییەکانی وەک تاقگەی ئارامبەخش، ئاکواریۆم، گوڵ و گیا، ڕەنگ، تەشک، تیشکی ڕۆژ، موزیک و هونەر بۆ وروژاندنی سۆز و هەست کەڵکی وەرگرتبوو. ژووری تەندروستی بە مەبەستی دابینکردنی دۆخ

١١٢- Ann Langius

١١٣- RECEPTA

١١٤- Alexandra Moore

بۆ پاڵپشتی کردن لە سۆز و هەست و داهێنانی ئەرێنی دیزاین کرا، هەروەها بۆ ئەو کاربەدەستانەی کە ئاواتیان ئەوەیە کە داتای گرینگ سەبارەت بە دۆخی جەستەیی خۆیان و پەرچەکردارییان لە بەرامبەر سترێسەوە دروست بکەن. توێژینەوەی کونترۆڵکراو لەسەر کاریگەریی ژووری تەندروستی لە شوێنەکانی کار هاتە ئارا، بە ئەولەویەت دان بە ئەو شوێنانەی کە ئاستی سترێسیان بەرچاوە و ئەو شوێنانەی کە کرێکارەکان کونترۆڵێکی ئەوتۆیان بە سەر دۆخی کارەکەیاندا نییە- لە کاری پیشەسازیی ژێرزەوییەوە تا گۆڕانکاری بەردەوامی شوێنەکانی کار یان گۆڕانی بەرنامەکان یان ڕاوەستانی یەکجارەی کار و بڕیار دان لە بەشی ماڵی و تێچووەکانەوە.

ئالان وتی «لە حاڵێک دا کە من سەرقاڵی ڕێکخستنی کۆنگرەی سێهەم بووم لە کەنەدا و بەرنامەیەکی کاری چڕوپڕم بوو لە کامپۆسی باشوری زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم، ئەم هەوڵانە سەرنجی زۆرێک لە میدیاکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەو هەموو هەست و سۆز و پڕوپاگەندە گشتییە بەبێ پاڵپشتیی بەرچاوی زۆرینەی خەڵک ئەگەری ورووژاندنی نەبوو. ستیگ لارسۆنم بانگهێشت کرد تا وەک سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەریی ئاکادمی نێونەتەوەیی کە تازە بۆ دیزاین و تەندروستی ڕێکخرابوو بەشداری بکات. هەروەها داوام کرد لە ئینگە یۆڤیک، بەرپرسی کامپۆسی باشووری زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم، کە وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بەشداریی بکات و لە ساڵی ٢٠٠١ دا ئەو ئاکادمییە بەشێوەیەکی فەرمی وەک ڕێکخراوەیەکی قازانج نەویست[١١٥] لە ستکهۆڵم تۆمار کرا.»

## ئەو هەموو هەست و سۆز و پڕوپاگەندە گشتییە بەبێ پاڵپشتیی بەرچاوی زۆرینەی خەڵک ئەگەری ورووژاندنی نەبوو

« زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم تەنها ١٢،٠٠٠ کرۆنی سویدی (١٤٠٠ دولار)ی بۆ ئەو خوێندکارە دوکتورانەی کە سەرقاڵی ئەو پڕۆژانە بوون، تەرخان کردبوو، بەڵام من بڕیارم دا کە بری ١٤،٠٠٠ کرۆنی سویدی (١٧٠٠ دۆلار) کە بە حەقدەستێکی عادڵانەم دەزانی، پێیان بدەم. بە پێی ئەزموونی خۆم، ئەمزانی تۆ کە خوێندکار بیت ئەو پارەیە بەشت ناکات، بۆیە بری ٢٠٠٠ کرۆنی سویدی یارمەتی زیادەترم لە ئاکادمیا وەرگرت بۆ ئەوەی خوێندکارەکان بتوانن لە کاروباری ئاکادمیا لەمەڕ پلان داڕێژان بۆ کۆنگرەی مونتریاڵ یارمەتی بدەن.

«کاتێک کە جێگری سەرۆکی زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم لەسەر ئەو پارە زیادەی کە من بۆ خوێندکارەکان تەرخانم کردبوو ئاگادار بوو، پەسەندی نەکرد. ئەو پێی گوتم ‹ئەم شتە لە سوید دا باو نییە. تۆ بۆت نییە ئەم کارە جێبەجێ کەیت.› منیش لە وەڵامدا وتم من بۆ خۆم ئەو پارەیە دابین دەکەم و ڕێگەی پێویستیش بۆ دابین کردنی ئەو برە پارەیە پەیدا دەکەم.

١١٥- nonprofit

«بەڵام ئەو پێداگری لە سەر ئەوە کرد کە من ناتوانم ئەو کارە جێبەجێ کەم. سەرەڕای ئەوە، من هەستم بە بەرپرسیاریەتی دەکرد. من خۆم دەمزانی، چونکە خۆم پێشتر خوێندکاری دوکتورا بووم، ئەو پارەیەی کە ئاکادمیا بۆ ئەوانی تەرخان کردووە بەشیان ناکات. وتم بەو خاتوونە، تۆ پێت خۆش بێت یان پێت ناخۆش بێت، من ئەو کارە جێبەجێ دەکەم. ئەمە هەڵوێستی منە، و تۆ دەبێت ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزیتەوە.»

## نواندنی یەکدەنگی

وەزیری تەندروستی، سەرۆکی گەورەترین شارەوانی، مامۆستایان و ڕێبەرانی حزبە سیاسییەکان، یەکدەنگ، لە ئالان نزیک بوونەوە. ئالان لەگەڵ نەشتەرگەرێکی مێشک و دەمار لە توێژینگەی کارۆلینسکا پەیوەندی ساز کرد و هەروەها توێژەرانی بەناوبانگی وەک لارش تێرێنیووس، زانستوانی بواری دەمارناسی، پاول رۆبێرتسۆن، دەروونناس، و مووزیکزانەکان و هەندێک کەسایەتی تری بانگهێشت کرد کە لەگەڵ تیمەکەی کار بکەن.

لە ئاکامدا، لە سێپتەمبەری ۲۰۰۱ دا، ئالان لە لایەن ئاکادمیی زانستەکانی سویدەوە بانگهێشت کرا بۆ ئەوەی سمینارێک لە سەر کاریگەریی دیزاین و تەندروستی لە ڕوانگەی زانستییەوە بەڕێوە ببات. ئەو ڕانانە بەشێوەیەکی بەربڵاو دانی پێدا نرا.

## بەڕێوەبەری نوێ خۆی دەسەلمێنێت

پاشان ئالان لەگەڵ چەندین کەسایەتیدا کە دەیانویست ببن بە پاڵشتیکەری ناوەندە توێژینەوەکەی ئالان، پەیوەندی گرت. ئالان بڕی نزیکەی ٤ ملوێن کرۆنی سویدی لەو کەسانە وەرگرت کە حەزیان دەکرد ببن بە پاڵپشتیکەری پڕۆژەی دیزاینی شوێنی کار لەلایەن کومپانیای AP Real Estate. ئالان گوتی «ئەوان هەر ئەو شەوە ئێمەیان برد بۆ چێشتخانەیەکی شاز لە کۆنەشاری[116] ستۆکهۆڵم». مرۆڤناسێک بە ناوی توورە لارسۆن[117] لەوێ بوو کە تازە لە ئوسترالیا گەڕابووەوە، کە پێنج یان دە ساڵ لە من گەورەتر بوو. ئەو بە ئاشکرا دەنگی هەڵێنا و وتی «من دەمهەوێت ببم بە بەڕێوەبەری ئەو ناوەندە. حەز دەکەم لەگەڵ ئێوە کار بکەم بەس دەخوازم ببم بە بەڕێوەبەر».

«من وتم نابێت، ئەم کابرایە بۆ من کار ناکات. ئەو پرسی لێم بۆچی نابێت و منیش وڵامم دایەوە، ‹تۆ مرۆڤناسیت و منیش زانستوان و نژیارڤانێکی بواری تەندروستیی گشتیم، کە ئەزموونێکی زۆرم هەیە لەم بوارەدا و هەموو ئەم کەسایەتییە پسپۆڕانە و ئەو پاڵپشتانە من کۆم کردوونەتەوە.› ئەویش بەسانایی لە هەنبەر سەرۆک و جێگری زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم وڵامی دایەوە ‹چاکە›».

«بەڵام دیاربوو کە جێگرەکە حەزی دەکرد ئەو بێت- چوونکە پێش کۆبوونەوەکە، لە ڕێگای لۆبیکردنی دۆستان و ئاشنا و ڕۆشناکانەوە، بڕیار درابوو. ئەوان خۆیان ئەو مرۆڤناسەیان لە ئوسترالیاوە هێنابوو و هیچ هاودڵییەکیشیان لەگەڵ من نەکرد، چوونکە من بێگانەیەک بووم بە پاشخانێکی جیاوازەوە».

---

۱۱٦- Old Town

۱۱۷- Tore Larsson




وێنەی ١٠: سولاریسی دیزاینکراو بەپێی ڕوانگەی نژیاروانی ژینگەیی، لەلایەن کین یانگەوە

«پێم وتن کە ئەگەر ئەو ببێت بە بەڕێوەبەر، من قەبووڵی ناکەم. من خۆشحاڵ دەبم کە لەگەڵیدا کار بکەم، بەڵام ئەو شیاوی ئەوە نەبوو کە ببێت بە بەڕێوەبەری ناوەندەکە. گرینگتر لەوە، من خۆم ئەو ناوەندەم دامەرزاندبوو و بەهۆی پەیوەندییەکانی خۆمەوە داهاتەکەیم جێبەجێ کردبوو. من بڕیاری یەکجارەی خۆمم دابوو کە ئەگەر ئەو ببێت بە بەڕێوەبەر، ناوەندەکە بەجێ بهێڵم. لام وابوو کە ئەو بەڕێوەبەرێکی لاوازە و نەمدەتوانی پەسەندی کەم.»

«جێگرەکە لە پەرچەکردارەکەی من نارەحەت بوو؛ بەڵام هەڵوێستەکەی من زۆر ڕوون بوو.»

«خەڵکی سوید تایبەتمەندییەکی کەلتوورییان هەیە کە ئەو شتەی کە لەڕاستیدا بڕوایان پێی هەیە دەرینابڕن. ئەمە کێشەی بەردەوامی من بوو. هەستم کرد کە ئەو کەسانە فڕ و فێڵیان کردووە و وتم بە سەرۆکەکە، (من ئەو ناوەندە بەجێ دێڵم)».

«تێبینی ئەو ئەوە بوو: (ئەم پیاوە سویدییە). ئەو چاوەڕوانیی ئەوەی دەکرد لە من کە بەهۆی هەڵوێستە توندوتیژەکەم داوای لێبوردن بکەم. ئەو دووپاتی کردەوە کە (ئەگەر داوای لێبوردن نەکەی، ئەبێ بڕۆیت، ئەوەت لەبیر بێت). منیش وتم (من دەڕۆم، بەڵام بە ڕۆیشتنی من توانایی مێشکی من، بە هەموو بیرۆکەکانییەوە، لە دەست دەدەن)».

«ئەوە دواهەمین کۆبوونەوەی من بوو لەگەڵ لیژنەی بەڕێوەبەر لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم. من هەر ئەو شەوە ئەوێم بەجێ هێشت و بەپەرۆش بووم کە دیم هەر چوار خوێندکارە دوکتۆراکەم دەستبەجێ چوونە ژێر دەستی بەڕێوەبەرێکی نوێ، مرۆڤناسێک، و ئەوەی هیچ کات ئاگام نەبوو لێییان. من بۆ ئەو کەسانە شەڕ و پێداگریم کرد، کەچی ئەوان هیچ داکۆکییەکیان بۆ من نەکرد.»

جارێکی تر، ئەزموونی هەست بە دابڕان و هەڵواردن، ئالانی هان دا بیر بە کار کردن و گەڕان بەدوای کار لە دەرەوەی سوید بکات.

جارێکی تر، ئەزموونی هەست بە دابڕان و هەڵواردن، ئالانی هان دا بیر بە کار کردن و گەڕان بەدوای کار لە دەرەوەی سوید بکات. بەڵام، گەڕایەوە بۆ توێژینگەی زانکۆی و لەگەڵ هانس ویگسێل، سەرۆکی کارۆلینسکا و ڕاوێژکاری سەرەکی پێران پەرشن[١١٨]، سەرۆک وەزیری سوسیال دێمۆکراتدا دیداری کرد. ویگسێل داوای لە ئالان کرد کە ناوەندی توێژینەوەیی تایبەت بەخۆی لەسەر دیزاین و تەندروستی لە کامپۆسی باشووری زانکۆی کارۆلینسکا لە پارکی زانستی NOVUM دابمەزرێنێت. ئەو ناوەندە چەندین ملوێن کرۆنی سویدی لە شارەوانی وەرگرت و لەگەڵ چوار توێژەر هەریەک بە پاشخانێکی جۆراوجۆرەوە وەک تیمێکی توێژینەوەیی نێوان-بواری گرێبەستی واژۆ کرد؛ ئەو کەسانە بریتی بوون لە توێژەرێکی ئەمریکایی و توێژەرێکی پاش دوکتورای کۆریای باشوور، هاوڕێ لەگەڵ دەستەیەکی کارگێڕ، ناوەندێکی توێژینەوەیی زۆر سەرکەوتوویان دامەرزاند کە هەم لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و هەم لەگەڵ حکومەتی ناوخۆییشدا پەیوەندیی باشیان هەبوو.

١١٨- Göran Persson

### بەردەوام بوون

ئالان ساڵی دواتر گەڕایەوە بۆ ئەو ناوەندە نوێیە لە NOVUM و سەرلەنوێ بابەتی بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستیی ژینگەی کار و زانیاری بەخشینی هێنایەوە بەر باس. سەمپۆزیۆمێکی لە سەر ئەو بابەتە ڕێکخست و خۆی وەک هاوکاری زانکۆی کارۆلینسکا ناساند.

ئالان بە پێداگریی لەسەر لایەنی نێوان-بواری، تەنها توێژەرێک بوو کە ئەو چەشنە بیرۆکەی بۆ هەموان باس کرد. «ڕوانگەی باوی من ئەوە بوو کە کەسانی دەر لە زانکۆ بهێنمە نێو بازنەی جیهانی ئاکادمیک- کەسانی زۆر پسپۆڕی زانکۆکانی تر، لە نێو بازرگانیدا، پیشەسازی و فەرمانگەی پەرپێدەری ستکهۆڵم- و لە نێوان پیشەسازی و ئەو توێژەرانە پەیوەندییەک ساز بکەم بۆ باس کردن لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان. ئەوان سەرنجیان بۆ لای من ڕاکێشا و بانگهێشتکراوەکان بەردەوام دەهاتن. من وتارێکی سەرنجڕاکێشم پێشکەش کرد و دانیشتووانیش سوودیان لێوەرگرت.»

### گەڕانەوەی خوێندکارانی دوکتۆرا

لە یەکێک لە زنجیرە وتارەکانی ئالاندا، هەندێک خوێندکار لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم هاتبوون بۆ بیستنی وتەکانی ئەو؛ ئەوان بانگهێشت نەکرا بوون، بەڵام پرسیاریان کرد لە ئالان ئایا دەتوانێت ببێت بە ڕاوێژکاری ئاکادمیکیان- ئەوێش دەستبەجێ قەبوڵی کرد. «من هەموو ئەو زانیاری و نووسراوانەی کە ئەوان پێویستیان بوو خستمە بەردەستیان، هەرچەند کاتێک کە گەڕانەوە بۆ زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم هیچ کات لە ناو وتارەکانیاندا ئاماژەیان بە یارمەتییە فکرییەکانی من وەک سەرچاوەیەک نەکرد. سەرەڕای ئەوە، من بۆم گرینگ نەبوو کە ئەوان لە هەموو نووسراوەکانی من بەهرە دەگرن. هیچ کەس تا ئێستا لەم بابەتەی نەکۆڵیوەتەوە کە چەندە داتا یان ڕاوێژ لە چوارچێوەی وتاردا لە ئەوان بڵاو بووەتەوە.»

ئالان وتی «دواتر دەرکەوت کە دوو وتاریان هەبووە. یەکێکیان لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم خراوەتەڕوو؛ ئەوی تر دواتر بە ناوی ئالانەوە وەک هاوکار بڵاو بووەتەوە. سووک یانگ لی[119]، توێژەری پاش دوکتورای کۆریایی، هات بۆ لای من و پێی وتم کە ناتوانێت لەگەڵ ئەو گرووپەی لە کامپۆسی باشووری زانکۆی تەکنۆلۆژیی ستۆکهۆڵم کار دەکەن، کار بکات. ئەو هەستی کردبوو کە ڕێزی لێناگرن.» ئالان ڕێک کەوت و قەبووڵی کرد کە ببێت بە سەرپەرشتیاری ئەو خاتوونە و بۆ ماوەی چەند ساڵ یارمەتی دا.

دواتر سووک یانگ لی و ئالان چەندین کتێب و وتاریان پێکەوە بڵاو کردەوە. ئاکادمیی زانستەکانی کۆریا لە ڕووی ماڵییەوە بوو بە پاڵپشتی توێژینەوەی پاش دوکتوراکەی یانگ لی کە بە یارمەتی ئالان نووسیبووی. ئالان یانگ لی هان دا کە کتێبێک بە زمانی کۆریایی بڵاو بکاتەوە کە تێیدا هەموو ئەو بابەتانەی بگونجێنێت کە تا ئەو دەم باسیان لەسەر کردبوو. لە ئاکامدا، چەند ساڵ دواتر، زانستوانێکی تری کۆریایی نامەیەکی بۆ ئالان نارد کە لێی پرسیبوو کە ئایا ئەو کتێبە سەر بە ناوەندەکەی ئەوە یان نا. ئەوە بەڵگەیەک بوو بۆ ئالان کە کتێبەکەی بڵاو بووەتەوە. سووک یانگ لی هاوڕێ لەگەڵ ئالان،

---

١١٩- Sook Young Lee

لـه چەندیـن کۆنگـرەی جیهانـی لەسـەر دیزایـن و تەندروسـتی بەشـداری کـرد و بـەردەوام لـە کارەکانـی ئـالان ئیلهامـی وەردەگـرت.
«ناوەنـدی توێژینـەوە لەسـەر دیزایـن و تەندروسـتی» لـە پارکـی زانسـتی NOVUM ی زانکـۆی کارۆلینسـکادا بـوو بـە ناوەنـدی سـەرەکیی توێژینـەوەی نێـوان بـواری و بـۆ بەڕێوەبردنـی بەرنامەی توێژینەوەیـی خـۆی چەندیـن ملوێـن دۆلار یارمەتـی لـە بەشـی پیشەسـازی و حکومـەت وەرگـرت. جیـا لـە چالاکـی ڕوایـژکاری و ڕێنوێنـی و پێشـکەش کردنـی وتـار لـە سەرانسـەری جیهانـدا، بەربڵاوتریـن توێژینەوەیـان لـە سـەر ئاسـانکارییەکان بـۆ ئـاگاداری لـە بەسـاڵاچووان و ڕێکخـراوە چاکسـازییەکان لـە ئیسـکاندیناڤیادا جێبەجـێ کـردووە.

## ٦- پەلهاویشتن بەرەو چەمکە نژیاروانی و کەلتوورییە نوێیەکان: کۆنگرەی جیهانیی مونتریاڵ، ٢٠٠٣

ئالان لە جولای ٢٠٠٣دا سێهەمین کۆنگرەی جیهانی لەسەر دیزاین و تەندروستی، لە مونتریاڵ بەڕێوە برد. ئاوەها کۆبوونەوەیەکی نێونەتەوەیی لایەنێکی گرینگ لە کارەکەی پێک دەهێنا، هەم بۆ پەیوەندی سازکردن و هەم بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر گەشەسەندنی ڕەوتەکان لەمەڕ دیزاینی پەیوەندیدار بە تەندروستییەوە. هەر کۆنگرەیەک لەسەر بابەتێکی تایبەتی جەختی دەکرد و بەرەبەرە کار و چالاکی ئالان بەرەو چەمکی سەلەتۆجنیک کشا. ئەو کۆنگرەیەی مونتریاڵ کێشەیەکی کولتووری بێهاوتای خستەڕوو کە زانیاری ئالانی لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی فاکتەرە کولتوورییەکان ئەو کاتەی کە لە وڵاتانی دیکە سەرقاڵی کارکردن بە کەرەستە ئاسانکارییەکانە، بەرینتر کرد.
یەکێکی تر لە دەستکەوتە بەسوودەکانی کۆنگرەی مۆنتریاڵ بڵاوبوونەوەی کتێبێک بوو کە پێکهاتبوو لە ئەو وتارانەی لەوێدا پێشکەش کران. ئەوەش بابەتی دیزاین و تەندروستی هەم کاراتر کرد و هەم بەربڵاوتر. ئالان پێش ئەو کۆنگرەیە، بە شێوازێکی بەرفراوان لە کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکان و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا بەشداری کردبوو؛ ئێستا، لە دوای کۆنگرەکە، بە شێوەیەکی بەربڵاوتر خۆی نواند لەوانە نووسینی ستوونێک لەسەر شوێنی کار و تەندروستی و فاکتەرە دەروونی و تەندروستییەکان لە سوید و هەروەها لەسەر بانگهێشتی گرووپێکی ئاڵمانی لە ٢٠٠٠، بۆ یەکەم جار، سەرێکی لە کیپ تاونی ئافریقای باشوور دا. ئالان لە ڕێگای بنەماکانی نژیاروانی و دیزاینی سەلوتۆجنیک لە بواری تەندروستیدا هەر دەم قووڵتر دەبووەوە و [جگە لە بەساڵاچووان] ئاوڕی لە باقی تەمەنەکانی تر دەدایەوە. ئالان دوای ئەو توێژینەوانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدوا جێبەجێی کردن، لە ساڵی ٢٠٠٥ کتێبێکی تری لە ژێر ناونیشانی «ئاگاداری لە بەساڵاچووان لە ڕێی دیزاینەوە»[١٢٠] بڵاو کردەوە کە هەم بە زمانی ئینگلیسی و هەم بە سویدی دەست دەکەوێت.

### کرانەوەی درگا بەڕووی کۆنگرەیەکی جیهانی لە مونتریاڵ

توێژینگەی دیزاینی مونتریاڵ دوو نەخۆشخانەی گەورەی بۆ شاری مونتریاڵ، بۆ دوو کۆمەڵی کەلتووری جیاواز، پێشنیار کرد: یەکێک بۆ کۆمەڵی فەرانسەوی زمانەکانی کەنەدا و ئەویشیان بۆ شارۆمەندانی ئینگلیسی زمان. ئەو دوو «نەخۆشخانە شازە» لە لایەن نەخۆشخانەی زانکۆی مەک گیل و SICHUM

١٢٠- Elderly Care by Design

HUM و ە the Société d’Implementation du CHUM کورتکـراوەی SICHUM یـش ـەوە پاڵپشـتی کـران؛ تێکەڵاوێـک بـوو لـە نەخۆشـخانەی سـەنت-لووک[121] و ناوەنـدی نەخۆشـخانەی زانکـۆی مونتریـاڵ[122]. ئـالان وتـی «دوو پـرۆژەی گـەورە کـە لـەو کاتـەدا سـەرنجڕاکێش بـوون داڕشـتنی پلانـی ئـەو دوو نەخۆشـخانەیە مەزنـە بـوو. بۆیـە ئێمـە ڕۆیشـتین بـۆ ئـەوێ و لـەوێ ماینـەوە. مـن هـاوکات لـە زانکـۆی مـەک گیـل وتـارم پێشـکەش کـرد و لـە توێژینگـەی دیزایـن سـەرقاڵی کار کـردن بـووم».

لـە نێـوان ئـەو دوو گرووپـە کەلتووریـەدا، ئینگلیسـی و فەرانسـەوی، کێبەرکـێ لـە ئـارادا بـوو- فاکتەرێـک کـە لـە ڕەوتـی پلاندارێژانـدا هـەردەم زۆرتـر دەردەکـەوت و کۆنگرەکەیـش خـۆی ئـەوەی دەرخسـت. هـەر گرووپێکیـان بـەرەو هـەر لایـەک دەجووڵایـەوە ئـەو گرووپەکـەی تـر بەشـێوازی کێبەرکـێ و نـە بـە شـێوەیەکی تەواوکـەر، لاسـایی هەمـان ڕەوتـی دەکـردەوە. لـە مونتریـاڵ هەمـووان ئـاگاداری ئـە دۆخـە بـوون و کاتێـک ئـالان پلانەکـەی خـۆی بـۆ بەڕێوەبردنـی کۆنگرەیـەک بـۆ باسـکردن لەسـەر نەخۆشـخانەیەک لای هاوکارەکانـی خـۆی ئاشـکرای کـرد، لـە لایـان زۆر کەسـەوە ئامۆژگاریـی هۆشـیارکەرەوەی وەرگـرت: ئـەوان پێـان وابـوو کـە ئـەو بـە ئەسـتەم بتوانێـت لـە نێـوان ئـەو دوو گرووپـە دژبەیەکـەدا هاوسـەنگی پێکبێنێـت. ئـەو لـە کانـگای دڵـەوە ئـەم قسـانەی دەربـڕی: «مـن لەوێـدا هەمیشـە ئـاورم لـە جیاوازیـی زمانـی و کەلتـووری دەدایـەوە. هیـچ کات هاودەردیـم بـۆ گرووپێـک نەدەنواند و نـەدەدا و جیاوازیـم لـە نێـوان گرووپەکانـدا دانەدەنـا. مـن لـە هەمـوو کار و چالاکییەکانـی ئـەو کۆنگرەیـە لـە هـەر دوو گرووپەکـە ڕێـزم دەگـرت. ئێمـە لـە نێـوان هەمـوو بەشـداربووانی هـەر دوو لایەنەکـەدا هاوسـەنگیمان سـاز کـرد، چوونکـە ئەمـە بابەتێکـی بەریـن و جیهانـی بـوو. بەردەنـگان ئـەو بابەتانەیـان پـێ خـۆش بـوو. ئـەو ڕوانگەیـە زۆر چـاک جێگـەی خـۆی کـردەوە».

ئـالان لـە کار و چالاکـی پێشـووی خـۆی لەگـەڵ توێژینگـەی دیزاینـی شـاری مۆنتریـاڵ جەختـی لەسـەر ئـەوە کردبـوو کـە پێویسـتە لـە داهاتـوودا ئـاوڕ بدرێتـەوە لـە پـلان داڕشـتنی ئـەو چەشـنە نەخۆشـخانە شـارییانە. ئامـۆژگاری و ڕێنوێنییەکانـی ئـەو یارمەتـی پلاندانەرانـی دا تـا ئەولەویەتـەکان دیـاری بکـەن و بڕیاریـان لەسـەر بـدەن. لـە ئاکامـدا، توێژینگـەی دیزایـن بـوو بـە پاڵپشـتی سـەرەکیی کۆنگرەکـە. ئـالان وتـی «توێژینگـەی دیزاینـی شـاری مۆنتریـاڵ داخـوازی کـرد لێـم کـە لەگەڵیـان کار بکـەم و لـەوێ ناوەنـدی دیزایـن و تەندروسـتی دابمەزرێنم. ئـەوان ویسـتیان بـۆ دامەزراندنـی ناوەندێکـی توێژینگەیـی بوودجەیەکـی زۆرتـر وەربگـرن بۆمـان.»

ئـالان پێـش کۆنگرەکـە، لـە توێژینگـەی دیزاینـدا وتارێکـی پێشـکەش کـرد کـە تەندروسـتی وەک بابەتێکـی پەیوەندیـدار بـە هەڵبژاردنـی دیزاینـەوە خسـتەڕوو. تێـۆری سترسـی پـەرە پێـدا و لەگـەڵ تایبەتمەندییەکانـی پەیوەندیـدار بـە دیزاینـەوە گرێـی دا؛ بـە وردی باسـی لـەو فاکتـەرە دەروونی-کۆمەڵایەتیانـە کـرد کـە لـە نێـو ژینگـەی سازکراودا، کـە پێوەسـتە بـە دیزاینـەوە، لـە ئارادان. لـە کۆنگرەکـەدا، ئـەو لـە وتارەکـەی دا ئـەم پـرس و بابەتانـەی شـیکردەوە.

---

121- Saint-Luc Hospital

122- Centre Hospitalier de l’Université de Montréal

## بابەتەکانی کۆنگرە

لە سێهەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی لە مۆنتریاڵ، نزیکەی پێنسەد تا شەشسەد کەس بەشدارییان کرد. بابەتی سەرەکی جەخت لەسەر پەیوەندیی دوولایەنەی بوارەکانی دیزاین و تەندروستی و هەروەها نەخۆشخانەی ناوازەی نوێ بوو. بەرلەنیوەڕۆ دوو کۆبوونەوە و دوانیوەڕانیش دوو دانیشتنی وتوویژ بەڕێوە چوو. ئالان وتی «بۆ یەکەم جار، ڕێک هەر لە سەرەتاوە، خەڵاتەکانی ئاکادیمیمان ناساند. ئێمە هاوکات لەگەڵ دەربڕینی ئەوەی کە پێویستە دان بە گرینگی سەرەکی دیزایندا بنێین ئەو خەڵاتانەمان لەو بەستێنەدا پێناسە کرد.» کۆنگرەکە بە زەقکردنەوەی پلانەکان بۆ ئەو دوو نەخۆشخانە گەورەیە بۆ دوو کۆمەڵی جیاوازی مونتریاڵ، لە پلەی یەکەمدا لە سەر ئەو دوو پڕۆژە بیناسازییە جەختی کرد.
جارێکی تر، ئالان بە بانگهێشت کردنی کۆمەڵێک لە بەشداربووان، ڕوانگەیەکی نێوان بواری ڕێکخست. ئەو بەشداربووانە بریتی بوون لە ئانێلی ئێنیکسۆن[١٢٣]، ئەندامی پاڕلەمانی سوید؛ کریستێر ئەسپلاند[١٢٤]، بەڕێوەبەری پەرەپێدانی بازرگانیی شاری ستکهۆلم؛ لیف ئیدڤینسۆن، مامۆستای ئابووری، کە ئەو ساڵە «خەڵاتی وەبیرهاتنەوەی مێشک»ی[١٢٥] پێ بەخشرا بەهۆی چالاکی لە سەر سامانی ڕۆشنبیری، «سامانی» نەبینراوی کۆمەڵگایەک و بایەخی هێزی بیرکردنەوە.
بەشداربوویەکی ئوسترالیایی، یان فۆربێس[١٢٦]، دواتر وتی: «ڕێک پێش کۆنگرەی مونتریاڵ، نەخۆشیی «سارس»[١٢٧] سەری هەڵدا و بەشداربووان و وتاربێژانی ئامریکایی ئێمەیان بەجێ هێشت، چوونکە نەیاندەویست لە سنووری کەنەداوە تێپەڕ بن. بەڵام ئێمە لە ئوسترالیا بەرەو کەنەدا هاتین و کۆنگرەیەکی زۆر باش بوو. من لە یەکەمین ڕاوێژکاریی کۆبوونەوەی کۆمیتەی کۆنگرەکە لە مونتریاڵ بەشداریم کرد. ئەوەی من لەو کۆنگرەدا لام جوان بوو ئەوە بوو کە زۆرینەی خەڵک لەوێدا بەشدار بوون بۆ ئاگاداربوون لە دەرەنجامی توێژینەوەکان- چوونکە هەموو شتێک نوێ بوو. من زۆر حەزم دەکرد بەئاگا بێم لەسەر ئەو شتانەی کە لە سەرانسەری جیهاندا نوێ بوون. ئەو کەسانە سەرقاڵی ئاراستەکردنی بابەتگەلێک بوون کە توێژینەوەیەکی ڕاستەقینە بوو. ئەمە لایەنێکی سەرنجڕاکێش بوو و درگاکانی کردەوە.»
هەموو وتارەکان بە زمانی ئینگلیسی پێشکەش کران و بەهۆی شارەزابوونی بەشداربووان بەسەر زمانی ئینگلیسیدا پێویست بە وەرگێڕان نەبوو. ئالان وتی «بیرۆکە ئەوە بوو کە ئەو پڕۆژانەی ئاماژەیان پێکرا بخرێنە ڕوو و بەشداربووانی ناوەندە توێژینەوەییەکەی خۆیشم لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون. ئەوان لەگەڵ من کاریان دەکرد، و هەروەها ناچارم کرد کە کۆنگرەکە هەڵسەنگێنن. ئەوان لەسەر ڕەهەندە چاک و لاوازەکانی کۆنگرەکە بەدواداچوون و شیکردنەوەیان دەکرد و بۆیان دەناردم».

١٢٣- Annelie Enochson

١٢٤- Christer Asplund

١٢٥- Brain Recognition Award

١٢٦- Ian Forbes

١٢٧- SARS



وێنەی ١١: لێف ئیدڤینسۆن، مامۆستای ئابووری

**چوونەسەرەوە بۆ [بەخشینی] خەڵاتەکانی ئاکادمیای IADH**

«ئێمە چەندین جۆر خەڵاتی ئاکادمیامان لە مۆنتریاڵدا پێناسە کرد. بۆ یەکەم جاریش بوو کە خەڵاتی ڕاستەقینەمان پێشکەش کرد. چوونکە زۆر پڕۆژە لە ئارادا بوون، من ئەوەم بە باش زانی کە بە مەبەستی جیاکردنەوەی باشترین پڕۆژەکان، دەبێت نموونەی پێوەر و سەرچاوەمان بێت بۆ هەڵسەنگاندن و دیاری کردن. من هەروەها ویستم ڕێز لەو کەسانە بگیرێت کە هەوڵی زۆریان دابوو. وێدەچوو دابەشکردنی خەڵاتەکان بەم شێوازە بەسوود بێت. من ئیزنم دا بە کەسەکان کە خۆیان سەرپشک و هەڵسەنگێنەر بن- کەسانی بەشی پیشەسازی- دەبێت کەسانی تر نە من خەڵاتەکانیان پێ ببەخشێت.» ئالان لە درێژەدا دەڵێت «بۆیە لە هەر دەستەیەکدا سێ کەس بۆ هەڵسەنگاندن دیاری کرا. هەمیشە لە هەر گرووپێکدا سەرۆکێک بوو کە دادوەری دەکرد ئەو دوو کەسەکەی تریش بڕیاریان لە سەر براوەکان دەدا. من خۆم لەو بوارانە نەدەدا. زۆرینەی بەشداربووان، تەنانەت هەنووکەیش، سەر بە بەشی پیشەسازین. و چوونکە سەر بە ئەو بەشەن، لە بریاردانەدا شارەزان.»

«ئێمە شەش مانگ پێشتر ڕۆژی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی مۆنتریاڵمان ڕاگەیاندبوو و دواهەمین کاتیشمان بۆ وەرگرتنی وتار ڕۆژی ١٥ ئۆکتۆبر دانابوو. ئێمە هەر لە سەرەتاوە پڕۆژەگەلێکی زۆرمان بۆ هات و ئەو ڕێژەیە بەردەوام ڕووی لە زیاد بوون بوو. نزیکەی سەد پڕۆژەمان بۆ هات، بەڵام لەو کاتەدا ئەوەندە خەڵاتی ئاکادمیامان نەبوو- تەنها دە یان یازدە دانەمان بوو. ئەوەی ڕاستی بێ، وەرگرتنی خەڵاتی ئاکادمیا شتێکی ئەوەندەیش گرینگ نییە. بەڵام ڕێگایەکە بۆ ئەوەی بتوانین پڕۆژەی سەرنجڕاکێشی نوێ پەیدا کەین؛ هیچ کەس ناتوانێت لە هەموو ئەو کارانەی کە دەکرێن یان ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی توێژینەوەن ئاگادار بێت.»

ئـالان بەپێـی ئـەو هـاوکاری و پێکەوەبوونـەی کـە دەرەنجامـی کۆنگرەکـە بـوو دەڵێـت «بەڵـێ، مـن هەمیشـە گـەڕاوم بـۆ ئـەوەی کەسـانی نـوێ پەیـدا بکـەم. کۆنگـرەکان هەمیشـە ئـەو هەلەیـان بـۆ مـن ڕەخسـاندووە کـە لەگـەڵ خەڵـک و شـوێنی جۆراوجـۆردا لـە پەیوەندیـدا بـم؛ وەک زانکـۆ گـەورەکان، پیشەسـازی، حکوومـەت- هەمـوو ئەمانـە پەیوەندییـەک سـاز دەکـەن.»

«بـەو قەناعەتـە گەیشـتم کـە بوونـی هەڵسـەنگێنەرێکی زانسـتی نامـۆ بـۆ بەخشـینی ئـەو خەڵاتانـە تەنهـا ڕێـگای شـیاوە. لـەم ڕێگایـەوە، مـن دەتوانـم کەسـایەتیی نـوێ بدۆزمـەوە کـە پێشـتر نەمدیـون. ئەمـە یەکێـک لـە سـەرچاوەکانی ئیلهامـی مـن بـوو بـۆ بەڕێوەبردنـی ئـەو کۆڕانـە. دواتـر لـە کۆنگرەیەکـدا کـە لـە ٢٠١٥ لـە هۆنـگ کۆنـگ بەڕێـوە چـوو، لەگـەڵ پانـزدە کەسـایەتیی نـوێ ئاشـنا بـووم کـە لەگەڵـمان کار دەکـەن و لـە مەودایەکـی دوورەوە پاڵپشـتیمان دەکـەن. بـۆ چارەسـەر کردنـی داخوازییەکانیـان زۆرتریـن هەوڵـی خۆمـم دا، یارمەتیـم دان بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ یـەک کـۆ ببنـەوە و لەگـەڵ کەسـانی تـر هەڵسـوکەوت بکـەن. پشـتیوانیم لێکـردن بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ زانکـۆکان پەیوەنـدی بگـرن. هـەر بۆیـە ئـەو پەیوەندییـە بەگشـتی بـە شـێوازێکی سیسـتماتیک بـەردەوام لـە هەڵکشـان و چـاک بوونەوەدایـە. ئەمانـە جوانییەکانـی ئـەو کونگرانەیـە.»

«یەکێـک لـە مەرجەکانـی کۆنگـرەی مونتریـاڵ ئـەوە بـوو کـە ئـەو بەشـداربووانەی بـۆ خەڵاتـی ئاکادمیـا ناویـان دەنووسـی دەبووایـە ئاگادارییەکیـان بـڵاو بکردایەتـەوە. چەندیـن بـەش بـۆ وەرگرتنـی خەڵاتـی ئاکادمیـا هەبـوو؛ هەندێکیـان تێکەڵـی پرۆگرامـی کۆتایـی دەکریـن، چونکـە پرۆژەگەلێکـی شـیاوی سـەرنجن. پـرۆژەی پیاوێکـی مالیزیایـی کـە لەسـەر بووژاندنـەوە بـوو تێکـەڵ بـە پرۆگرامـی کۆتایـی کـرا. ئـەو پرۆژەیـە بـە باشـی پێشـوازی لێکـرا و پرۆژەیەکـی زۆر بـاش بـوو.»

## شانۆی فاکتەرە کولتوورییەکان

ڕێگەچارەی سـەرەکیی ئـالان لـە مۆنتریـاڵ ئەمـە بـوو: «هەمـوو وتیـان، ئـالان لـە کەلتـووری جیهانـی لـە قۆناغێکـی جیهانیـدا بەشـداری کـردووە- ئـاگاداری جیاوازییـەکان و لێکچوونەکانـی نێـوان کولتـوری ئینگلیـزی و فەڕەنسـییە یـە- ئەمـە بـۆ مـن زۆر بزوێنـەر بـوو. ئـەو ئاگادارییـە بەرچاوڕوونـی لەسـەر جیاوازیـی کولتـوور و جیاوازیـی زەیـن و بۆچوونەکانـی بـە مـن بەخشـی. شـتێکی زۆری فێـر کـردم.»

گرینگـتر لـە هەمـوو شـت، مـن هەسـتم بـەو پێویسـتییەی کـرد کـە دەبێـت هەمیشـە کۆنگرەیەکـی لـەو چەشـنە بـە وەهـا هاوسـەنگییەکەوە ڕێکخرێـت، کـە کەسـایەتییەکانی سەرانسـەری جیهـان تێـدا بەشـدار بـبن و ڕێـز لـە هەمـوو جیاوازییـەکان بگـرن. نابێـت بۆچوونێـک بـە سـەر بۆچوونێکـی تـردا زاڵ بکرێـت؛ ئەبێـت ڕێـک بکەویـت و لایەنـی چاکـەی هەمـوو ڕوانگـەکان ببینیـت. پاشـان ڕێگـە بـۆ هـاوکاری و پێکـەوە کارکـردن خـۆش دەبێـت. مـن هەمیشـە خوازیـاری هـاوکاری کـردن لـە کۆنگرەیەکـدا و دەرەنجامەکـەی بـووم. بریتانییـەکان لـە ڕووی کولتورییەوە زاڵ بـوون و پاشـان دیتیـان کـە کەلتـووری فەڕەنسـییەکان بـە هەمـان ئەنـدازە کوالیتـی هەیـە. هـەر دوو پلانەکـە کوالیتییەکـی زۆر بـەرزی هەبـوو، بـەڵام ئـەوان لـە سـەرەتادا لـە نێـوان خۆیانـدا شـەڕیان بـوو. مـن ناوبژیـم دەکـرد و شـتانێکی زۆر لـەو کۆنگرەیـە فێـر بـووم.»

**ئەمجار شاری مونتریاڵ [ئالان] بانگهێشت دەکات**

لـە کاتـی بەڕێوەچوونـی کۆنگـرەی مونتریـاڵ، لـە کاتێـک دا کـە کاربەدەسـتانی ئـەو شـارە و کارگێڕانی نەخۆشـخانە ویسـتیان بینایەکـی سـازکراوی گـەورە ببینـن، چەمکـی «نەخۆشـخانەی نـاوازە» هێشـتا بـرەوی پەیـدا نەکـرد بـوو. ئاوەهـا بیناگەلێـک هێشـتا سـاز نەکـرا بـوون. لـەو کاتـەدا مودێلێـک لـە ئـارادا نەبـوو، بـەڵام پلانـەکان و دەسـتەواژەکان بـۆ سـازکردنی نەخۆشـخانەیەکی نـاوازە بـوو بـە بابەتـی ناوەندیـی هەمـوو کۆنگرەکـە.

چەنـد سـاڵێک دواتـر، شـاری مونتریـاڵ لـە سـاڵی ٢٠١٥ داوای لـە ئـالان کـرد بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر کۆنگرەکـە لەوێـدا بەڕێـوە ببـات. ئـالان زانـی کـە ئـەو کات هەمـوو نەخۆشـخانەکان تـەواو کـراون. ئـەو ناسـێندرا بـە چەندیـن زانکـۆ و لەگـەڵ ئەنجوومەنـی شـاریش قسـەی کـرد. دەسـتەی سـەرمایەگوزاری ئـەو شـارە داخـوازی لـەو کـرد کـە توێژینگەیەکـی دیزایـن و تەندروسـتی لـەوێ دابمەرزێنێـت، و هەروەهـا داخوازییـان لێکـرد کـە بـۆ مـاوەی دوو یـان سـێ سـاڵ ناوەندێکـی توێژنەوەیـی ڕێکبخـات، لـەو شـوێنەی کـە بانگهێشـت دەکـرا بـۆ ئـەوەی بەشـێوازێکی سـەربەخۆ کار بکات.ئـالان لـەو کاتـەدا بەتـەواوی لـە سـوید و بەتایبـەت لـە شـاری سـتکهۆڵم نیشـتەجێ بووبـوو.

«مـن سـێ جـار گەڕامـەوە بـۆ مونتریـاڵ بـۆ ئـەوەی لـە دوای کۆنگرەکـە لـە زانکـۆکان دا وتـار پێشـکەش کـەم. لـە سـاڵی ٢٠١٥ بـۆ مـاوەی هەفتەیـەک لـەوێ بـووم. چەندیـن چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ کەسـایەتی زۆرێـک لـە زانکـۆکان ڕێکخسـت و لەگـەڵ ئەنجوومەنـی شـاریش دانیشـتنێکیان هەبـوو. ئـەوان بیرۆکـەی باشـیان هەبـوو، بـەڵام مـن زانیـم کـە ناتوانـم لـە نێـو کار و چالاکیەکـەم دا ئـەو کاتـە[ی پێویسـتە بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئـەو بیرۆکانـە] بگونجێنـم. مـن ئەمـەم پـێ وتـن. بـەڵام، ئـەو سـەفەرە کۆنگرەکـەی جارێکـی تـر گەڕانـەوە بـۆ کەنـەدا-ئـەم جارەیـان بـۆ تورنتـۆ. ئەمـە دەرەنجامێکـی ئەرێنـی بـوو.»

# بەشی ٥
# بنەماکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک:
# بەکارهێنانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک لە بەندیخانەکان و خانەی ئاگاداری لە بەساڵاچووان

ڕوانگەی نێوان بواریی سەلوتۆجێنیک بۆ ماوەی دوو دەیە بابەتی سەرەکیی کار و چالاکیی ئالان دیلانی بوو. بەکارهێنانی کردەوەیی ئەو فەلسەفەیە لە جیهانی نوێی تەندروستی، بازرگانی و ژیانی ڕۆژانەدا دەریخست کە دەکرێت بۆ ناوچەی جۆراوجۆر بەکار بهێنرێت. لە ڕاستیدا، مەبەست لە بەکارهێنانی ئەو ڕوانگەیە ئەمە بوو: کەمکردنەوەی سترێس و بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستیی گشتیی کەسەکان لە شوێنی کار و ناوەندە دەرمانییەکاندا- هەم بۆ نەخۆشەکان و هەم بۆ ئەو کەسانەی پەرستاری لەو نەخۆشانە دەکەن. لە ساڵانی دواتردا، ئالان بەکارهێنانی ڕوانگەی سەلوتۆجێنیکی پەرەپێدا بۆ ئەو شێوەڕوانینەی کە هەموو وڵاتەکان لەمەڕ «تەندروستی» هەیانە. ئەو بەردەوام لەگەڵ وەزیرانی تەندروستی قسەی کردووە لەسەر شێوازەکانی بەرزکردنەوەی زانیاری کە بە شێوەیەکی بەرچاو کوالیتیی ژیانی هاوڵاتیانیان بەرز دەکاتەوە. پەرەسەندنی ڕوانگەی سەلوتۆجێنیک بە شێوەیەکی یەکسان لە وڵاتانی گەشەکردوو و لە حاڵی گەشەدا جێگای خۆی کردووەتەوە.

ئەم ڕوانگە فەلسەفییە لەسەر تەندروستی پێوەرێکی بۆ چۆنیەتیی ژیان کردن، کار کردن و تەندروست بوون دروست کرد. ئالان نووسی «بۆچوونی من ئەوەیە کە زانیاری بەکارهێنراوی[١٢٨] دیزاین و تەندروستی دەبێت تێکەڵ بە هەموو فێرکارییەکانی تەندروستی بێت، بۆ ئەوەی لەسەر تەندروستی و گەشەی کۆمەڵگا بەشێوازێکی بەهێز لە داهاتوودا کاریگەریی دابنێت. مەبەستی گشتی بەشداری کردنە لە کۆمەڵگایەکدا کە خەڵک تێیدا بە تەندروستییەکی باشەوە زۆرتر بژین و خاوەنی کوالیتییەکی بەرزتری ژیان و داهێنان بن.» ئالان پرەنسیپەکانی ڕوانگەی سەلوتۆجێنیکی بەکار هێنا بۆ هەموو جۆرەکانی پرۆژە بنەڕەتییەکان- لە پلانڕێژی بۆ شارەوە تا سازکردنی دایرەکان وەک شوێنەکانی چاودێریی تەندروستی، یان چاکتر کردنی ژینگەی منداڵان لە قوتابخانەکانیان.

---

١٢٨- applied

ئالان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٨، دوو پڕۆگرامی توێژینەوەیی داهێنەرانەی ڕێکخست. لە پڕۆگرامی یەکەمیدا، پرەنسیپەکانی [ڕوانگەی سەلوتۆجێنیکی] خۆی بۆ ئاگاداری لە بەساڵاچووان بەکار هێنا؛ لە پڕۆگرامی دووهەمیدا، دەستی دایە دیزاینی بەندیخانەی سویدی وەک پڕۆژەیەکی نەتەوەیی. بیروڕای پێوندیدار بە دیزاینی بەندیخانە شتێکی نوێ بوو- و ڕێنوێنییەکانی ڕوانگەی سەلوتۆجێنیک بۆ سازکردنی ژینگە بەشێوەیەکی کارامە بۆ دیزاینی بەندیخانە بەکار هێنرا، کە ئەو ڕێنوێنیانە لە سەر بەندکراوان، دەستەی کارگێڕان و بەڕێوەبەرانی بەندیخانە کاریگەرییان هەبوو. ئەم بوارە، سەرەڕای پێویستبوونی، لە لایەن توێژەرانی دیکەی بواری دیزاینەوە ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٨ هاوکات لەگەڵ ڕۆیشتنی ستیگ لارسۆن، سەرۆکی ئاکادمیای دیزاین و تەندروستی، و دامەزراندنی پێر گوونار سڤێنسۆن[١٢٩]، زانستوانی تەندروستیی گشتی، ئالانیش تۆڕێکی جیهانی لەگەڵ ئەو ئاکادیمییەدا ساز کرد و «گۆڤاری دیزاینی تەندروستیی جیهانی[١٣٠]» ڕێکخست. ئالان بۆ باس لەسەر ئەو گوڤارە و بڵاوکردنەوەی لەگەڵ چەندین چاپەمەنی قسەی کرد. لە ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوکردنەوەی گوڤاری نوێی لە لەندەن ڕاگەیاند. ئەو گۆڤارە دەرفەتێک بوو بۆ بڵاوبوونەوەی دەستەواژەکانی دیزاینی پێوەندیدار بە تەندروستییەوە، کە لە سەرانسەری هەموو جیهاندا بڵاو بووەوە. ڕووماڵی هەواڵەکانی سەر بە براوەکانی خەڵاتی ئاکادمیا بوو بە بزوێنەر بۆ بەشداریی گەرموگوڕی نژیاروانان و دیزاینەران. ئەو دەستوورانەی کە ئالان ساڵەهای ساڵ بەپێی ئەوانە توێژینەوە و کاری کردبوو هەردەم بەردەنگی زۆرتری بۆ لای خۆی ڕادەکێشا.

١٢٩- Per Gunnar Svensson

١٣٠- journal World Health Design

## ١-پرەنسیپەکانی دیزاینی سەلوتۆجنیک

ئالان لە زستانی ٢٠٠٢ دا، بۆ پێشکەشکردنی وتار لە سەر ڕەوتی پێشبینی کراوی نەخۆشخانە لە بەردەم لیژنەی کارۆلینسکا لە ستۆکهۆڵم بانگهێشت کرا؛ ئەو لەمەڕ نەخۆشخانەی داهاتوو لە کارۆلینسکا قسەی کرد. ئالان ئێستا ڕاوێژکارێکی ڕێزدار بوو، بەدواداچوونی ئەو نەخۆشخانانەی کرد کە لە سەرانسەری جیهان خەریک بوون ساز دەکران- لەوانە ئەو پرۆژانەی کە لە کەنەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و ئیتالیا لە ئارادا بوون.

پرەنسیپ و بیرۆکەکانی دیزاینی سەلوتۆجنیک لە ماوەی چەندین ساڵدا بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند. ئالان بەردەوام سەرقاڵی پالاوتن و پەرەپێدانی بازنەی ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانە بوو. ئەو «گۆڤاری دیزاینی تەندروستی جیهانی» وەک سەرچاوەی زانستیی سەرەکی لە بواری دیزاینی پێوەندیدار بە تەندروستی لە جیهاندا دامەرزاند. «دیزاینی تەندروستیی جیهانی» لە ساڵی ٢٠١٥ دا وتارێکی ئالان لەژێر ناونیشانی «دەرەنجامەکانی بەسوودی تەندروستیی دیزاینی سەلوتۆجێنیک»ی (ژۆئێنی ٢٠١٥، لاپەڕەکانی ٣٥-١٨) زەق کردەوە کە هەموو ئەو خوێندنەوە، بەکارهێنان و توێژینەوانەی کە لەسەر دیزاینی سەلوتۆجێنیک کراوە پێشکەشی کرد. ئەم وتارە باسێکی بەربلاو لە سەر چەمکی قووڵ و بەربڵاوی سەلوتۆجێنیکی ئالان دیلانی لە خۆ گرتووە کە لێرەدا بەتەواوی پێشکەش دەکرێت.

### دەرەنجامە بەسوودەکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک لەسەر تەندروستی لە لایەن ئالان دیلانییەوە

**ئێمە خۆمان بیناکانمان پێکدێنین و پاشان ئەوان ئێمە پێکدێنن.**

**بەڕێز وینستۆن چرچیل**

لە سەرانسەری جیهاندا زانیارییەکی شیاو و بەردەوام ڕوو لە زیادبوون سەبارەت بە پێویستیی سەرمایەدانان[١٣١] لە بواری ژێرخانەکانی تەندروستی لە ئارادایە. لە ڕێگەی بەکارهێنانی بنەماکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک کە هەوڵێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی، ئەم گۆڕانە بەرچاوە ئەگەری ڕوودانی هەیە. دەرەنجامە بەرچاوەکانی تەندروستی ئەو پێکهاتانە، ئەم دەستەواژانەی بەرزکردووەتەوە بۆ پلەی یەکەمی جیهانی

١٣١- investment

بیناسازی. ئەم ڕوانگەیە پرسی سەرەکیی گۆڕان لەناو کۆمەڵگای ئێستای ئێمە لە خۆ دەگرێت. بە سەرنجدان بە ئەم بیرۆکانە بۆ سازکردنی ژینگە سازکراوەکان و ژێرخانەکانمان، سەرقاڵی گۆڕانی کوالیتی ئەو ژینگانەین. نژیاروانیی سەلوتۆجێنیک لە بواری پێشبردنی ستراتجییەکانی ئاگاداریی پێشوەخت کە توانایی گۆڕانی شێوازی ژیانی مرۆڤ بۆ شێوازی باشتر هەیە، خەریکە جێگەی شیاوی خۆی بەدەست دەهێنێت.

تەندروستی بووە بە کاڵایەک کە بەشێوەیەکی نابەرانبەر لەنێو کۆمەڵگادا بڵاو دەبێتەوە. کۆمەڵێک کەسی تایبەت بە بەراورد لەگەڵ کەسانی تر لە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و ئاگاداریی گرینگی پێوەندیدار بە تەندروستییەوە سەرکەوتووترن. کۆکردنەوەی ئەم داتایە زۆرجار لە لایەن شێوازە ژیانێکی تەندروستترەوە، هەروەها بە کەمتر کەوتنە ژێر فاکتەرە مەترسیدارەکانەوە لەنێو ژینگەی سازکراودا، پاڵپشتی لێدەکرێت. نووسەر بە مەبەستێکی ساکارەوە لەمەڕ پرەنسیپ و بیرۆکەکانی ڕوانگەی دیزاینی سەلوتۆجێنیک بۆ داڕشتنی پلانی ژینگە سازکراوەکان لە داهاتوودا دەدوێت: بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروستتر. لای پسپۆڕانی بواری دیزاین (نژیاوانان، پلان داڕێژەران، دیزاینەران و هتد) جەختکردن لەسەر دیزاینی کۆمەڵگایەکی سەقامگیری تەندروست لە داهاتوودا و سەرقاڵ بوون بەم شتەوە پێویست ترین ئەرکە بۆ ئەوەی لە هەموو بەشە کۆمەڵایەتییەکان، کە مرۆڤەکان تێیاندا دەژین، کار و کایە دەکەن، ئاوڕی لێبدرێتەوە و جێبەجێ بکرێت.

## پێشەکی

لە ساڵی ١٩٩٧، «ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی» دیاری کرد کە «ئاقاری» تەندروستی دەبێت ئەو شوێنانە لەخۆ بگرێت کە زۆر کەڵکیان لێ وەردەگرێت و لەپێشترن: شوێنی کار، قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان، ڕێکخراوە چاکسازییەکان، نووسینگە بازرگانییەکان و شوێنە گشتییەکانی شار و شارۆچکەکان و لە ڕاستیدا ماڵەکانمان، وەک ترۆپکی چالاکییە پێشەنگەکانی تەندروستی لە سەدەی بیست و یەکەمدا.

لە ٦٦مین «کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان» لە سێپتەمبەری ٢٠١١، ململانێی کۆمەڵایەتی- ئابووری نەخۆشییە تەشەنەنەسێنەکان[١٣٢] (NCD) بۆ یەکەم جار خرایە بەر باس. نووسەر لای وایە کە ژینگە سازکراوەکان کاریگەرییەکی گرینگیان لەسەر تەندروستیی مرۆڤ هەیە و بەڵێن دەدات کە ئەو زانیارییە بهێنێتە ناو ئاقاری دیزاین و تەندروستی و یارمەتی بدات لە کەمکردنەوەی تەشەنەی نەخۆشییەکانی شێوەژیان کە لە گۆی زەویدا خەریکە دەبێتە کێشەیەکی سەرەکیی تەندروستی. ڕەچاوکردنی ڕوانگەیەکی سەلوتۆجێنیک کاتی سازکردنی ژینگە سازکراوەکانمان ستراتژییەکی ئاگاداریی پێشوەخت پێکدەهێنێت کە سەرنجی تەندروستی باو لەسەر فاکتەرە مەترسیدارەکان و چارەسەرکردنی نەخۆشی دەگۆڕێت بۆ جەخت لە سەر تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنێکی بەربڵاوتر بەرەو کۆمەڵگایەکی تەندروست تر.

بۆ ڕوودانی ئەو گۆڕانکارییە، دەبێت گرینگییەکی بەردەوام بدرێت بە گەشەی کۆمەڵگایەکی تەندروست کە لە ڕێگای سەرمایەگوزاری لە بواری تەندروستی و لە ژێرخانە گشتی، کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوەیی و

١٣٢- noncommunicable

ناوخۆییە گشتییەکان پاڵپشتی دەکرێت. توێژینەوە لەسەر بۆچوونی سەلوتۆجێنیک ئەو کاریگەرییانەی کە فاکتەرەکانی دیزاین دەتوانن بیانبێت، بەرجەستەیان دەکات، کە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست هەم بۆ دیزاینەر و هەم بۆ پلاندانەر هاوکات ئیلهامبەخشە.

بۆ دیزاینەر، پرسیاری شیاو ئەوەیە: ئێمە بۆ کۆمەڵگایەکی بەردەوام تەندروست لە داهاتوودا چۆن دیزاین دەکەین؟ پێش هەموو شت، دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە ئاوەها نژیاروانییەک، ئەگەر سەقامگیر و سەلوتۆجێنیکی بوو، چۆناوچۆنە؟ ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ تێگەیشتنی قووڵ پێویستی بە وردبوونەوە لە دەرەنجامەکانی تەندروستی، کارکرد[١٣٣] و پرۆسەکانی دیزاینی نژیاروانییە. ئەم گۆڕانکارییە پێویستی بە دۆزینەوەی مودێلگەلێکی نوێیە بۆ دیزاین کردن، گەڕان بە دوای سیستەمی بیناسازیی نوێ، کەلوپەل و پرۆسەی نوێ، لەگەڵ کردەوەیەک کە دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ڕوانگەیە بە ستراتیجییە دونیاداگرەکانی سەلوتۆجێنیکەوە بەکاری بهێنین.



سولاریسی دیزاینکراو بەپێی ڕوانگەی نژیاروانیی ژینگەیی، لە لایەن کین یانگ.

لە ئاستی جیهانیدا، بازرگانی و پیشەسازی لەگەڵ کێشەگەلێکی هاوچەشندا ڕووبەڕوو دەبنەوە- تەقەلا بۆ تێگەیشتن لە دەرەنجامە ژینگەییەکانی شوێنی کارەکانیان، بە مودێلی بازرگانیی نوێ، سیستەمەکانی بەرهەمهێنان، و هەروەها کەلوپەل و پرۆسەگەلێکی نوێوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی.

١٣٣- function

ڕوانگەی دیزاینی سەلوتۆجێنیک دەرفەتێک بۆ کاروباری نژیاروانی دەڕەخسێنێت، نەتەنها یارمەتی خودی جیهان دەدات کە کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، بەڵکوو هەروەها بەرگری دەکات لە سەرهەڵدانی پرس و کێشەی نوێ. دیزاینی سەلوتۆجێنیک دەبێت ببێت بە ناوەرۆکی هەموو نژیاروانییەکان و شێوازی دیزاین کردنمان بگۆڕێت. بەڵام ئێمە چۆن دەبێت ژینگەی داهاتوومان ساز بکەین، تاکوو وڵامی هەموو داخوازییەکانی کۆمەڵگاکەمان بداتەوە؟

ئێمە لە سەردەمی پاش-پیشەسازی لەناو دۆخی پەرەسەندنی یەکجارەی زانستدا دەژین؛ لە ئاوەها دۆخێکدا، نژیارڤانی دەبێت بزوێنەری ئەرێنی ساز بکات کە ئاستی داهێنان بەرز دەکەنەوە. کە وابوو، لەناو بەستێنی تەندروستی و خۆشبژێویدا، شێوازێکی نوێ بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ژینگەی سازکراو پێویستە: ئەو ڕوانگە نوێیە دیزاینی سەلوتۆجێنیکە.

دیزاینی سەلوتۆجێنیک لە سەر کاریگەریی ئەو فاکتەرانەی دیزاین جەخت دەکات کە هاوکات ئیلهامبەخشی دیزاینەر و پلاندارێژە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست: (۱) لە ڕێگای ڕێکخستنی دیزاینی شاریی (پێوەندیدار بە شار) تەندروست کە دەبێتە هاندەری کردەوەی ڕێکوپێک و بەم بۆنەیەوە (۲) دەبێتە پاڵپشتی پێشگری لە نەخۆشییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی.

هەڵکشانی ئاستی وردبوونەوە لە ڕوانگەی دیزاینی سەلوتۆجێنیک داهێنانی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. دیزاینی سەلوتۆجێنیک پێویستی بە بەکارهێنانی نێوان بواری فاکتەرە دەروونناسییەکانە لەگەڵ نژیاروانیدا کە لە واقعدا شێوەژیانی تەندروست بەرز دەکاتەوە. بۆ کەمکردنەوەی بارقورسیی جیهانی نەخۆشی بەشێوازێکی کارا، بۆ بەرزبوونەوەی شێوازەکانی ژیانی تەندروست و پەرەسەندنی شوێنی تەندروست، دەبێت سەرمایەگوزارییەکی بنەڕەتی ڕێک بخرێت.

## چوارچێوەی تیۆریکاڵی دیزاین و تەندروستی

بەرزبوونەوەی ئاستی شێوەژیان و شوێنی تەندروست بەستراوەتەوە بە دیزاینی ئێکۆلۆژیک [یان سازگار لەگەڵ ژینگە] بە ژێرخانێک کە دەبێتە هۆی کەشوهەوای خاوێن، ئاوی خاوێن، خۆراکی خاوێن و زەویی خاوێن- لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی و ڕاگرتنی ئاو، ساردی و گەرمی سروشتی و وزەی نوێبۆوە- کە هەرکامیان بۆ تەندروستیی مرۆڤ پێویستن. ئەم بنەما ژیانبەخشانە لەگەڵ بنەماکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک تێکەڵ دەبن و دەبنە پاڵپشتی تەندروستیی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا (کین یانگ، پێشکەشکراو لە کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی، ۲۰۱۲). چاککردنەوەی تەندروستیی جەماوەر وەک بنەمایەک بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری تەنها لە ڕێگای بنەماکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک و ژینگەییەوە دەستەبەر دەبێت. دیزاینی سەلوتۆجێنیک دەتوانێت لە کۆمەڵگادا ڕێکخراوە، پێکهاتە و بنەمایەکی کۆمەڵایەتی ساز بکات. بەڵام دیزاینی ژینگەیی بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ بووژانەوەی ژینگەی سروشتی.

کین یانگ، باوکی ئێکۆ-نژیاروانیی [یان سازگار لەگەڵ ژینگە][۱۳٤]، لە ڕێگای ئامێرێکی دەستکردەوە پەیوەندیی نێوان بینایەکی ئایدیال و ژینگەی ئەو بینایەی گرێ داوەتەوە بە مرۆڤەوە. ئەو پێی وایە کە

۱۳٤- eco-architecture

تەنها بە مەرجێک کە ئەو ئامێرە لەگەڵ جەستەدا هاوئاهەنگییەکی تەواوی هەبێت کارکردی ڕاستەقینەی دەبێت. بە هەمان شێوە، دەکرێت سروشت بۆ ژێرخانە دەستکردەکانی مرۆڤ وەک «زیندەوەرێکی میوان[١٣٥]» سەیر بکەین، کە بە مەرجی سەرکەوتنی گشت سیستەمەکە بە هەمان ڕێژە پێویستی بە تێکەڵبوون بە ژیان هەیە.

**جیهان پێویستی بە سەرمەشقێکی نوێ هەیە، و داهێنانی کۆمەڵگایەکی جیهانیی تەندروست بیرۆکەیەکە کە دەبێت هەموومان بەهانایەوە بچین.**

جیهان پێویستی بە سەرمەشقێکی نوێ هەیە، و داهێنانی کۆمەڵگایەکی جیهانیی تەندروست بیرۆکەیەکە کە دەبێت هەموومان بەهانایەوە بچین. دیزاینی ئیکۆلۆژیکی پەیوەندی بەو ژێرخانانەوە هەیە کە کەشوهەوای خاوێن، ئاوی خاوێن، خۆراکی خاوێن و زەوی خاوێن پێک دەهێنێت- و ئەم ئیدەئالانە لەسەر دەستەبەرکردنی تێکەڵاوێکی ئایدیال لە نێوان ژینگەی دەستکرد و سروشتدا جەخت دەکات.

توێژینەوەکان دەریانخستووە کە شوێنی باش دیزاینکراو و هاوڕێیانە بۆ خەڵک دەبێتە هاندەر بۆ پیاسەکردن، پاسکیل سواری و کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەکانی هاتوچۆی گەشتی. بەرینبوونی ئاستی شوێنە سەوزاییەکانیش دەبنە بزوێنەر بۆ چالاکیی جەستەیی، کە ئەمەیش دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی پەستانی خوێن و مەترسیی جەڵدەی مێشک و دڵ و نەخۆشیی شەکرە و بەر لە بەزەویدا کەوتنی بەتەمەنەکان دەگرێت. هەروەها بەڵگەکان نیشان دەدەن کە شوێنی دڵڕفێن و بەدیمەن دەبنە هۆی کەمکردنەوەی ستریس و ماندوویی مێشک.

هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە کەمکردنەوەی قورسایی باری نەخۆشی دەور دەگێڕن، کە لە ئاکامدا لەوانەیە باری تێچووەکانی ئاگاداریی تەندروستی کەم کاتەوە. جولیۆ فرێنک، سەرۆکی کۆلیژی «تەندروستیی گشتی» زانکۆی هاروارد، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئالان دیلانی بۆ [کۆنگرەی] «دیزاینی تەندروستیی جیهانی»، لە ئۆکتۆبری ٢٠١٠، دەڵێت «تەندروستیی جیهانی بە واتای سەرمایەگوزاریی بنەڕەتییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شێوەژیانی تەندروست لە سەرانسەری جیهان و سازکردنی شوێنی تەندروست بۆ کەمکردنەوەی قورسایی باری نەخۆشی.»

ئاکادمیای نێونەتەوەیی دیزاین و تەندروستی لە ماوەی دوو دەیە لێدوان و توێژینەوەی نێوان بواری لەسەر دیزاین، لەسەر پێویستیی دەستبەجێ بۆ گۆڕانکاریی ژینگەی سازکراو و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ململانێکانی سەدەی بیستەم، واتە نەخۆشییە تەشەنەسێن و تەشەنەنەسێنەکان، بەشێوەیەکی بەربڵاو ئاگادار بووەتەوە. لە حاڵێکدا کە پێشکەوتنی بەرچاو بۆ تێگەیشتن لە بەهای دیزاینی سەلوتۆجێنیک و ژینگەیی دەستەبەر بووە، هێشتا بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی ئەو چەشنە ڕوانگەیە ناتەواوە.

---

١٣٥- host organism

یەکێک لە گرینگترین بابەتەکان، بووژاندنەوە و نۆژەن کردنەوەی شارەکان و ژینگە سازکراوەکانە بەشێوازی شاری سازگار لەگەڵ ژینگە کە دەبێتە هۆی بارهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست. ئێمە پێویستمان بە بەرەی نوێی دیزاینەران، نژیاروانان و ئەندازیارانە بۆ ئەوەی فێر بن کە چۆن بنەماکانی دیزاینی ئێکۆلۆژیکی و سەلوتۆجێنیک لەناو کارەکانیاندا بەکار بهێنن. هەروەها، ئێمە بۆ تێگەیشتن لە بەهای دەرکەوتنی کۆمەڵگایەکی تەندروست و سەقامگیر پێویستمان بە پاڵپشتی حکومەتەکانی سەرانسەری جیهان هەیە. زانست، توێژینەوە و داهێنان لە بواری دیزاینی ژینگەیی و هەروەها پەرەپێدانی ژینگەی سازکراو، لەوانە نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان، شوێنی کار، شوێنە گشتییەکان و جێگا شارییەکان دەبێت سیاسەت و ڕێنوێنییەکانی حکومەتە نەتەوەییەکان لەمەڕ بیناسازی ڕەچاو بکەن. نووسەر لە گەڕان بۆ دەستەبەرکردنی ستراتجییەکی هاوبەش بەردەوامە کە لەسەر بنەماکانی دیزاینی ئێکۆلۆژیکی و هەروەها بنەماکانی سەلوتۆجێنیک، بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی جیهانیی تەندروست دامەزراوە.



لەگەڵ دکتۆر جولیۆ فرێنک، وەزیری پێشتری تەندروستیی مکزیک و سەرۆکی کۆلیژی تەندروستی گشتیی هاروارد

## پرەنسیپەکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک

سەرەڕای چاکبوونی دۆخی تەندروستی و هیوای ژیانی خەڵکی وڵاتە پێشکەوتووەکان لە سەدەی بیستەمدا، سیستەمەکانی تەندروستی و چارەسەری جیهانی لەگەڵ ململانێی نوێ ڕووبەڕوو بوونەتەوە. ئەو ململانێیانە بریتین لە بەرزبوونەوەی تێچووی چارەسەر و تەندروستی، زۆربوونی حەشیمەت و هەڵکشانی ئاستی نەخۆشییەکانی شێوەژیان کە بەرچاوترینیان شەکرە و قەڵەوییە.

ئێمە لە سەردەمی پاش-پێشەسازیدا دەژین، کە بە کۆمەڵگای «زانیاری» یان «گووگڵ» ناسراوە، کە تێیدا سیاسەتی تەندروستی دەبێت لەسەر سازکردنی خۆشبژێوی و هەروەها چارەسەرکردنی نەخۆشی جەخت بکات. ئێمە دەبێت ژێرخانەکانی تەندروستی و پلانی مەزنی شاری دابڕێژین کە لە ڕێگای پێکهێنانی ژیانێکی چالاکەوە کە تێیدا مرۆڤەکان پیاسە بکەن و بکەونە بەر شەپۆلی بزوێنەری جوانییەکانی دیزاینی

شاری، بەر بە نەخۆشی بگرێت. ئەم فۆرموولە پێویستی بە شێوازێکی نوێیە بۆ وردبوونەوە لە کاریگەرییەکانی نژیارڤانی و دیزاین لە بەرزکردنەوە و پاڵپشتی کردنی ئاستی تەندروستی و خۆشبژێویی مرۆڤ.
ئێمە ناوی ئەم ڕوانگەیە دەنێین دیزاینی سەلوتۆجێنیک یان بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی لە ڕێگای نژیاروانی و پلانی شارییەوە کە بەتەواوی لەگەڵ دیزاینی ژینگەیی و سەقامگیر سازگارە. تێبینیی قووڵتر لەسەر توانابیەکانی نژیاروانیی سەلوتۆجێنیک، داهێنانی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووری لە ڕێگای بەکارهێنانی نێوان بواریی زانستەکانی، وەک نژیاروانی، پزیشکی، تەندروستیی گشتی، دەروونناسی، دیزاین و ئەندازیاری لە پەیوەندی لەگەڵ کەلتوور، هونەر و موسیقادا لێدەکەوێتەوە.
نوێنەرانی حکومەتی بەرپرسی سەرەکین بۆ پەیوەندی سازکردن لەگەڵ دیزاینەران، نژیاروانان، و ئەندازیاران بۆ ئەوەی ئەم شتانەی خوارەوە بخەنە بەر باس: چۆن زانست، توێژینەوە و داهێنان لە بواری بنەماکانی دیزاینی ئێکۆلۆژیکی و بنەماکانی سەلوتۆجێنیک دەتوانن لە کۆمەڵگای ئێمەدا ببنە هۆی پەرەسەندنی ژینگەی تەندروست و ژێرخانە شارییەکان؟

**لێرەدا بنەماکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک دەخەینەڕوو کە ئەم بابەتانەی ژێرەوە ڕوون دەکاتەوە:**

- چۆن دەتوانین لە تەندروستی، زانست و داهێنان بۆ سازکردنی ژینگەی سازکراوی تەندروست کەڵک وەربگرین؟
- چۆن دەتوانین شار، شوێنی کار، ناوەندە تەندروستی و دەرمانییەکان، قوتابخانەکان و دامەزراوە گشتییەکانمان بە چەشنێک پلانیان دابڕێژین کە بەسەرکەوتوویی پاڵپشتی لە تەندروستی و خۆشبژێویی مرۆڤ بکەن؟
- چۆن دەتوانین دیزاینی پشتبەستوو بە توێژینەوە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی تەندروستی و لەشساخی بەکار بهێنین؟

**پێناسەکانی تەندروستی و سەلوتۆجێنیسیس** [١٣٦]

بەڕای ئیویلز[١٣٧] و سیمێنت[١٣٨] (١٩٩٤)، پێناسەکردنی تەندروستی ئەستەمە، چونکە تەندروستی ئەزموونێکی دەروونی و زەینییە.
تەندروستی لەژێر کارتێکەریی ڕێساکان و چاوەڕوانی و ویستەکانداپە- و هەروەها بەپێی ئەزموونە پێشووەکان بیچم دەگرێت (هەمان سەرچاوە). ئەوانەی خوارەوە، پێناسەگەلی جۆراوجۆری تەندروستین:

- لاورێنس تەندروستی وەک «دۆخێک کە سەرچاوەکان لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان و ژینگەی بایۆلۆجیکی، کیمیایی، فیزیکی و کۆمەڵایەتی پێکدێن» پێناسە کردووە (لاورێنس، ئار. جەی، ٢٠٠٢).

١٣٦ Salutogenesis

١٣٧- Ewles

١٣٨- Simnet

- بە پێی WHO [ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانی]، «تەندروستی تەنها نەبوونی نەخۆشی یان لاوازبوون نییە، بەڵکوو دۆخی لەشساخییەکی تەواوە لە ڕووی جەستەیی، زەینی و کۆمەڵایەتییەوە.»
- «بەهرەمەند بوون لە بەرزترین ئاستی تەندروستی یەکێکە لە سەرەکیترین مافەکانی هەر مرۆڤێک، بەبێ جیاوازیی ڕەگەز، ئایین، بیروبڕوای سیاسی، پلەوپایەی ئابووری یان کۆمەڵایەتی.» (پێشەکیی یاسای سەرەکیی ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانی، ١٩٤٨).

تەندروستی وەک پرۆسەیەک وێنا دەکرێت کە فاکتەرەکانی دەروونی-کۆمەڵایەتی، شێوەژیان، هەست و سۆزەکان و ئەو ئەزموونانەی کە دەبنە هۆی نەخۆشی یان تەندروستی لەخۆ دەگرێت. بەڵام لە نێوان ئەو فاکتەرانەدا فاکتەری بایۆلۆجیکاڵ و شیاوی پێوانەیش هەیە کە دۆخی تەندروستی یان نەخۆشی دیاری دەکەن. دۆخی تەندروستی بۆ هەر کام لە ئێمە پرسی هاوسەنگیی نێوان دوو پرۆسەیە. ڕوانگەی سەلوتۆجێنیک جەخت لەسەر پرۆسەکانی تەندروستی دەکات، کەچی ڕوانگەی پاتۆجێنیک[١٣٩] لەسەر پرۆسەکانی نەخۆشی جەخت دەکات؛ بۆ ڕوانگەی دووهەم، زانستوانە پزیشکییەکان ٨،٠٠٠ نیشانەی نەخۆشییان دۆزیوەتەوە یان دەستنیشانیان کردووە؛ بەڵام زانستی پزیشکی گەڕان بەدوای هۆکارەکانی تەندروستی پەراوێز خستووە. ئەوان هەروەها دەیانتوانی ٨،٠٠٠ هۆکاری تەندروستی یان فاکتەری لەشساخی بدۆزنەوە کە دەیتوانی کۆمەڵگایەکی تەندروستتری لێکەوێتەوە.




پرۆسەکانی تەندروستی و نەخۆشی، لە لایەن کریستۆفێر کۆنارسکی و ئالان دیلانییەوە

١٣٩- pathogenic

سۆزەکان و ئەزموونەکان بەشی سەرەکیی پرۆسەی تەندروستین، کە لە ڕێگای کەوتنە ژێر کاریگەری هاندەرە ئەرێنییەکانی ژینگەکانی دەوروبەرمان کە تێیاندا دەژین، کار دەکەین و کایە دەکەین، بەهێز دەبن. ئەو شوێنانەی کە تێیاندا دەژین و کار دەکەین و شێوازی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ژینگەی سازکراودا، لە کەنار کەوتنە ژێر کاریگەریی بزوێنەرەکانی سەر بە ژینگەی سازکراو، بە شێوازێکی بەهێز کاردەکەنە سەر باری دەروونیمان و بەم بۆنەیەوە لە سەر پرۆسەکانی تەندروستی، سۆزەکان و ئەزموونەکان، دۆخی زەین و کردەوەمان کاریگەری دادەنێن.

دەکرێت تەندروستی لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە ڕەچاو بکرێت: ڕوانگەی ژین-پزیشکی[١٤٠] و گشتبڕوایانە[١٤١]. لە ڕوانگەیەکی ژین-پزیشکییەوە، تەندروستی وەک دۆخێکی بێ نەخۆشی ڕەچاو دەکرێت (ئاندرسۆن، گوورانسۆن و پیترسۆن،، ٢٠٠٤). لە جیهانی ڕۆژئاوا، ڕوانگەی ژین-پزیشکی ڕوانگەیەکی سەرەکی بووە و بووە بە هۆی ئاگاداری لە بواری پزیشکی و تەندروستییەوە (نوردێنفێڵت، ١٩٩١).

ڕوانگەی گشتبڕوایانە لەسەر لایەنەکانی جۆراوجۆری تەندروستی، لەوانە لایەنی جەستەیی، دەروونناسانە، سۆزدارانە، ڕۆحی و کۆمەڵایەتی جەخت دەکات (هەمان سەرچاوە). لە ڕوانگەیەکی توێژینەوەییەوە، دەکرێت تەندروستی لە خاڵی دەستپێکی پاتۆجێنیک و سەلوتۆجێنیک ڕەچاو بکرێت. توێژینەوەی پاتۆجێنیک لەسەر ئەوە جەخت دەکات کە بۆچی فاکتەرەکانی ئێتیۆلۆجیکاڵ[١٤٢] دەبنە هۆی نەخۆشی و چۆن خۆیان دەخزێننە ناو ئۆرگانیسمی فیزیۆلۆجیک (ئانتۆنۆفسکی، ١٩٧٩). مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەی پاتۆجێنیک زیاتر دۆزینەوەی ڕێگەچارە پزیشکییەکانە (هەمان سەرچاوە).

توێژینەوەی سەلوتۆجێنیک لەسەر ناسینی فاکتەرەکانی لەشساخی دامەزراوە کە تەندروستی ڕادەگرن و ئاستی تەندروستی بەرز دەکەنەوە، نە لە سەر ناسینی ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی نەخۆشی (ئانتۆنۆفسکی، ١٩٩١). ڕوانگەکانی سەلوتۆجێنیک و پاتۆجێنیک پێکەوە زانیاری و تێگەیشتنێکی قووڵ تر لەسەر تەندروستی و نەخۆشی ئاراستە دەکەن (هەمان سەرچاوە). بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامی پرسیاری سەلوتۆجێنیک بدەینەوە، دەبێت بپرسین: کام هۆکارانە دەبنە هۆی تەندروستی و ڕاگرتنی تەندروستیی مرۆڤەکان؟

ئانتۆنۆفسکی (١٩٩١) چەمکی هەستی تەبایی (SOC)[١٤٣] خستەڕوو. ئیدعا ئەوەیە کە کەسێک بە هەستێکی تەبایی سەرەوە، لە دۆخێکی پڕستێرسدا شیاوترین ستراتیجی هەڵدەبژێرێت. بۆ نموونە، بەپێی ئەوەی کە تاک لەگەڵ کام جۆری سترێسدا ڕووبەڕوو ببێتەوە، لەوانەیە بڕیار بدات شەڕ بکات، دەربچێت یان بێدەنگی ڕابگرێت (هەمان سەرچاوە). توێژینەوەکان دەریانخستووە کە ئەگەری ئەوە هەیە کە هەستی تەبایی کەسێک پێوانە بکەیت و لەم ڕووەوە تەندروستییەکەی پێشبینی بکەیت (سوومینێن، هلینیووس، بلومبێرگ، ئووتێلا و کوسکێنڤۆ، ٢٠٠١).

---

١٤٠- biomedical

١٤١- holistic

١٤٢- etiological

١٤٣- sense of coherence

هەستێکی تەبایی قایم تەندروستییەکی باشی لێدەکەوێتەوە و هەستێکی تەبایی لاواز تەندروستییەکی لاواز (هەمان سەرچاوە). هیمەن[١٤٤] (٢٠٠٤)، لە توێژینەوەکەیدا، دەریخست، ئەو خوێندکارانەی کە هەستێکی تەبایی پتەویان هەیە سترێسی کەمتر ئەزموون دەکەن. ئەو توێژینەوەیە هەروەها دەریخست کە ستراتیجییەکانی بەرگری بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ هەستی تەبایی کەسەکەدا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە (هەمان سەرچاوە). چەمکی هەستی تەبایی سێ بەشی سەرەکی هەیە: (١) ئەگەری تێگەیشتن[١٤٥]، (٢) ئەگەری بەڕێوەبەری[١٤٦] و (٣) واتاداریی (ئانتۆنۆفسکی، ١٩٩١). کەسێک کە هەستێکی تەبایی پتەوی هەبێت لە هەر سێ بەشەکەدا نمرەیەکی باش وەردەگرێت.

بە ڕای ئانتۆنۆفسکی (١٩٩١)، چەمکی ئەگەری تێگەیشتن ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تاک ژینگەی دەوروبەر و ئەو ڕووداوانەی کە لە جیهاندا ڕوو دەدەن وەک شتێکی یەکگرتوو و ڕێکوپێک هەستی پێدەکات. ئەگەر ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو ڕوو بدات، وەک ڕووداوی پێکدادان یان دۆڕانی تاکەکەسی، کەسێک کە هۆکاری ڕوودانی ئەو ڕووداوانە دەزانێت هەستێکی تەبایی پتەوتری هەیە بە بەراورد لەگەڵ کەسێک کە نائاگایە. کەسێک کە هەستێکی تەبایی لاوازی هەیە خۆی بە کەمبەخت دەزانێت.

ئەگەری بەڕێوەبەری واتە ئەوەی کە تاک بەو قەناعەتە بگات کە هەموو سەرچاوە و تواناییەکانی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ململانێ یان دۆخێکی مەترسیداردا هەیە. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە تاک هەست دەکات کە لەسەر ئەو شتانەی لە دەوروبەری ڕوو دەدەن کاریگەریی هەیە و خۆی وەک قوربانیی دۆخەکان ڕەچاو ناکات. بە بڕوای ئانتۆنۆفسکی (١٩٩١)، هەستی واتاداری لە لای تاک پێوەندی هەیە بە هەست و بۆچوونی ئەو لە سەر ئەوەی کە دیاردەگەلێکی گرینگ و واتادار لە ژیاندا هەن. واتاداری لایەنێکە کە هەستی تەبایی تاک دەبزوێنێت (هەمان سەرچاوە).

بەپێی تیۆریی سەلوتۆجێنیک، هەستی تەبایی لە ڕێگای توانایی تاکەکانەوە بۆ تێگەیشتن لە ژینگەی سازکراو (ئەگەری تێگەیشتن)، کاریگەربوون لە ڕووی کردەوەوە (ئەگەری بەڕێوەبردن)، و دۆزینەوەی واتا لە ڕێگای بزوێنەرەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوان لەگەڵ ژینگەی سازکراودا (واتاداری) پەروەردە دەکرێت. کین یانگ (٢٠١٥)، لایەنە سەرەکییەکانی ڕوانگەی سەلوتۆجێنیکی بەم شێوەیە شرۆڤە دەکات:

(١) «ئەگەری تێگەیشتن لە ژینگە»[١٤٧] کە پێویستی بە تەکووزی، پێشبینی و بەرچاوڕوونی هەیە. ئەم لایەنە بۆ نموونە بریتییە لە گرینگیی سازکردنی تەکووزییەکی دیداری لە ژینگەی سازکراودا، شێوازی دۆزینەوەی ئاسان و ڕاستەوخۆ، سڕینەوەی ئاڵۆزیی دیداری و هتد.

(٢) «ئەگەری بەڕێوەبردنی ژینگە» پێویستی بە پاڵپشتی کاریگەری بنەماڵە و کۆمەڵگایە

(٣) «واتاداریی ژینگە» پێویستی بە دروستکردنی واتای دیداری و جوانیناسانە، حەز، ڕەزامەندی و شوێنی پێویست بۆ بیرکردنەوە لە ژینگەی شاریدا هەیە.

١٤٤- Heiman

١٤٥- comprehensibility

١٤٦- Manageability

١٤٧- Environmental comprehensibility




کین یانگ لەگەڵ بەشداربووەکانی تر لە کۆنگرەی بۆستون

## کاریگەریی ژینگەی دروستکراو لەسەر تەندروستی و خۆشبژێوی

لە نێوان تەندروستیی مرۆڤەکان و ژینگەی دەوروبەریان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە.بەپێی دیلانی (٢٠٠٦)، ژینگەی فیزیکی نە تەنیا بۆ تەندروستییەکی باش شتێکی بناخەییە بەڵکوو هەروەها دەتوانێت ببێتە هۆی سەرچاوەیەکی دروستبوونی سترێسیش. هێمانە (لایەنە) فیزیکییەکان لە ڕێکخراوەیەکدا دەتوانن ببنە هۆی سترێس، و بەم پێیە دەبێت سەرچاوەی دیزاینیش بن کە دەبنە هۆی ئاسوودەیی و حەسانەوە (دیلانی، ٢٠٠١).

بەپێچەوانەی ئەم ڕاستییەوە، زۆربەی مرۆڤەکان لە جیهانی ڕۆژاوادا زۆربەی کاتەکانیان لە ژینگەی ژوورەوەدا بەسەر دەبەن. زانیارییەکی کەم لەسەر کاریگەریی ژینگەکان لەسەر تەندروستیی تاکەکان و خۆشبژێوییان بوونی هەیە. بڕوایەکی گشتی هەیە کە مرۆڤەکان بەردەوام خۆیان لەگەڵ ژینگە دەگونجێنن (هەمان سەرچاوە). ئەم بڕوایە زیاتر بە تیۆریی خۆگونجاندن دەناسرێت، و پێی وایە کە مرۆڤەکان لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زیاتر لە ژینگەیەکدا دەژین یان کار دەکەن کەمتر ئاگاداری ژینگەی دەوروبەرییان دەبن (کارنڤال ١٩٩٢). بڕوایەکی گشتی ئەوەیە ئەگەر کەسێک بهێڵێت ژینگەی دەوروبەری کاریگەری لەسەر دابنێت ئەوە بە هۆی لاوازبوونی کەسەکەیە.

بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی فیزیکیی پاڵپشتانە، زۆر گرینگە کە لە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی تاکەکان تێبگەین (هێرواگێن و ئەوانی تر.، ١٩٩٥). هەروەها پێویستە بۆ بوارە پیشەییە جیاجیاکان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە هاوکاری بکەن تاوەکوو باشترین هەلومەرج بۆ مرۆڤەکان بخوڵقێنن (هێرواگێن و ئەوانی تر.، ١٩٩٥؛ لۆرێنس ٢٠٠٢). بەر لەوەی باخچەیەکی ئاژەڵان دروست بکرێت، دەبێت نژیاروانەکان، دیزاینەرەکان، نژیاروانەکانی بەرجەوەند، دروونناسەکانی ئاژەڵ، و پسپۆڕانی بیناسازی پێکەوە هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی ژینگەیەک ساز بکەن کە باشترین دۆخی ژیان بۆ ئاژەڵان دروست بکات (هێرواگێن و ئەوانی تر. ١٩٩٥). هۆکارەکانی وەک کەرەستەکان، سەوزەڵانی و ڕووناکی دەبێت لەبەر چاو بگیرێن. ئاژەڵان پێویستیان

بە فەزای پێویست هەیە بۆ ئەوەی بلەوەڕێن، بخەون و بڕیار بدەن لە چ کاتێکدا تێکەڵ بە ئاژەڵانی تر ببن یان جیا ببنەوە و تەنانەت پێویستییان بۆ کۆنترۆڵ و هەڵبژاردن دەبێت لەبەر چاو بگیرێت. ئامانج دروستکردنی ژینگەیەکە کە بە تەواوەتی لە ڕوانگەی فیزیکی، دەروونی و تێکەڵبوونەوە پشتیوانی لە ئاژەڵ بکات. گاڵتەجاڕی ئەوەیە کە تەنانەت ئەو فاکتۆرانە لە دیزاینی شوێنی کار بۆ مرۆڤیش لەبەر چاو ناگیرێن. هێرواگێن و ئەوانی تر، (١٩٩٥) چوارچێوەیەک و پەیڕەوێکیان بۆ دیزاینی سەلوتۆجێنیک دارشت کە ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدا ڕەچاو کرابوون: (١) تەبایی کۆمەڵایەتی، بۆ شوێنی کۆبوونەوەی فەرمی و نافەرمی، (٢) کۆنترۆڵی کەسی بۆ ڕێکخستنی ڕووناکی، ڕووناکیی ڕۆژ، دەنگ، پلەی گەرمی و دەستڕاگەیشتن بە ژوورە تایبەتەکان؛ (٣) ژووری بێدەنگ بۆ حەسانەوە و پشوودان بە ڕووناکیی کەمەوە، دەستڕاگەیشتن بە سروشت و دیمەنی جوان.

## ژینگەی فیزیکی نە تەنیا بۆ تەندروستییەکی باش شتێکی بناخەییە بەڵکوو هەروەها دەتوانێت ببێتە هۆی سەرچاوەیەکی دروستبوونی سترێسیش.

ستۆکۆلس (١٩٩٢) بە پێشنیارەکانی بۆ دیزاین بە مەبەستی دروستکرنی ژینگەی تەندروست لەم بوارەدا داهێنانی کرد و ڕوانگەکەی ئەو سێ لایەنی جیاوازی تەندروستی لەبەرچاو دەگرت: فیزیکی، دەروونی و کۆمەڵایەتی. تەندروستی فیزیکی دەکرێت بە دیزاینی ئۆرگۆنۆمیک و ژینگەی پاکژ[١٤٨] باشتر بکرێت. تەندروستیی دەروونی دەکرێت بە بردەنەسەری کۆنترۆڵی کەسی و توانایی پێشبینیکردن و هەروەها دانانی هێمانی جوانیناسانە، سەمبۆلیک و مەعنەوی باشتر بکرێت. تەندروستیی کۆمەڵایەتی بە دەستڕاگەیشتن بە تۆڕی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی، و بەشداریی لە پرۆسەی دیزایندا باشتر دەبێت.
هەرچەند، لە توێژینەوەی تەندروستیدا، شتێکی نوێ نییە کە ژینگەی فیزیکی وەک سەرچاوەیەکی تەندروستی سەیر بکرێت. لە سەدەی نۆزدەدا، فلۆرێنس نایتینگێل تیۆرییەکی چاودێریی تەندروستی پەرە دا کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە هێمانە فیزیکییەکان بۆ تەندروستیی تاکەکان زۆر گرینگن (SHSTF ١٩٨٩). بۆ وێنە، ژاوەژاو، ڕووناکی و ڕووناکیی ڕۆژ وەک هۆکارە بنەڕەتییەکان چاو لێ کران کە لەسەر باری دەروونیی کەسەکان کاریگەری دادەنێن (هەمان سەرچاوە).
لە سەدەی بیستەمدا، توێژەری جیاجیا مۆدێلی سترێسیان پەرە دا کە پیشانی دەدا چۆن ژینگەی فیزیکی لەوانەیە تەندروستی و خۆشبژێویی مرۆڤەکان بخاتە ژێر کاریگەرییەوە (لێڤی ١٩٧٢؛ کاگان و لێڤی، ١٩٧٥؛ دیلانی، ٢٠٠١؛ دیلانی ٢٠٠٥ب). لێڤی (١٩٧٢) تیۆرییەکی سترێسی دانا کە دواتر لە لایەن کاگان و لێڤییەوە (١٩٧٥) پەرە درا. مۆدێلەکە ئەوە باس دەکات کە چۆن ژینگەی فیزیکی بناخەیەکە بۆ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، پێکهاتە و ئەرکەکان و لە درێژماوەدا بۆ باشترکردنی تەندروستی یان نەخۆشی گرینگ

١٤٨- nontoxic

دەبێـت (دیلانــی، ٢٠٠١). مۆدێلەکـە لەسـەر بنەمـای سیسـتمێکە کـە ئامـاژە بـە تێگەیشـتنێکی قووڵـتری پەیوەندیـی نێـوان ژینگـەی فیزیکـی و لایەنـە مرۆییـەکان دەکات (کالیمـۆ، ٢٠٠٥).

ئـەم مۆدێلـە (دیلانـی، ٢٠٠١؛ لەلایـەن لینـری لیڤـی، ١٩٧٢؛ بروانـە بیچمـی خـوارەوە) لـە بـواری نژیاروانیـدا بـە کار هێـنراوە بـۆ ئـەوەی هێمانەکانـی دیزایـن لەگـەڵ تەندروسـتی و خۆشـبژێوی یـەک بخـات.

## مۆدێلی پێوانەیی تیۆریی دەروونی کۆمەڵایەتیی نەخۆشی، لەلایەن لێناری لێڤی ١٩٧٢




بەپێـی کالیمـۆ (٢٠٠٥)، تیۆرییەکـە تێگەیشـتنێکی قووڵـتری لـە کاریگەریـی ژینگـە لەسـەر مرۆڤـەکان پـەرە داوە. ئیمـداد (٢٠٠٥) مۆدێلێکـی پـەرەدا کـە بـە مۆدێلـی ناسـەقامگیریی هەرەمەکانـی سـترێس[١٤٩] نـاسراوە، بـە شـێوەیەک تێیـدا نژیاروانـی و هونـەر بگـۆڕێـن کـە دەکرێـت پێوانەیـان بـۆ بکرێـت. ئیمـداد چوارچێوەیەکـی نـوێ دەخاتـە ڕوو، کـە لـە پەیوەنـدی بـە تەندروسـتی لـە ژینگـەی کاریـدا نۆرۆئێرگۆنۆمیکـی لەبـەر چـاو گرتـووە. بـۆ وێنە، مەترسـی ئـەوە هەیـە کـە فەرمانبـەر لەوانەیـە نیشـانەکانی سترێسـی تێـدا دەربکـەون بـە مەرجێـک داواکاریـی لـە ژینگـەی دەوروبـەری هەبێـت و داواکارییەکانـی نەیەنـە دی. جگـە لەمـە، ئەگـەر وەڵامـی داواکارییەکانـی وەک پێویسـت نەبـن دیسـان فەرمانبـەر سترێسـی بـۆ دروسـت دەبێـت. هەروەهـا ئەگـەر فەرمانبـەر سـتراتیجی شـیاوی لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ هـۆکارە دەروونییـەکان، مـاڵ و هـۆکارە نۆرۆئێرگۆنۆمیکـەکان نەبێـت دیسـانەوە سترێسـی بـۆ دروسـت دەبێـت. بـە واتایەکـی دیکـە: لـە ژینگەیەکـی کاریـدا کـە چاوەڕوانـی زۆرە، دەبێـت فەرمانبـەر هانـدەری دەروونـی کۆمەڵایەتـی پشـتیوانی ببێـت بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بـە سـادەیی کارەکانـی ڕاپەڕێنێـت و بەرگـری لـە

١٤٩- Instability of Pyramids of Stress

سترێس بکات. مۆدێلەکە هەموو ئەم هۆکارەکانە پێکەوە کۆ دەکاتەوە و لەسەر تەندروستی و ئاکامەکانی بۆ نەخۆشییەکانی دڵ و دەمار و یادەوەری کورت-مەوادا جەخت دەکاتەوە (هەمان سەرچاوە.).

**بنەماکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک ژینگەیەکی تەندروست ساز دەکەن**

بنەماکانی دیزاینی سەلوتۆجێیک، چوارچێوەیەک پێک دەهێنن کە پشتیوانی لە بەکارهێنەران و کۆمەڵگای ناوچەیی بکات و ئەم کارەش لە ڕێگەی ڕێبازێکی زانست بنەما و ئاستبەرزەوە بۆ دروستکردنی ژێرخانێکی تەندروست دەکات. ئەم ڕێبازە بریتییە لە بەکارهێنانی سیستمی زانیاریی دامەزراوە لەسەر بنەمای توێژینەوەکان و بە جەخت کردنەوە لەسەر هۆکاری دیزاینی باش، وەک هەبوونی هاندەری پۆزەتیف کە دەبنە هۆی شادی بەخشین بە بەکارهێنەران بە شێوەیەک کە دەبێتە هۆی بردنەسەری ئاستی تەندروستی، خۆشبژێوی و کوالیتیی ژیان. ژینگەکانی دیزاینی سەلوتۆجێیک لە باری دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە خەڵک هان دەدات و هەستی یەکبوون، تەبایی و گونجان بۆ کەسەکان ساز دەکات. ئەرکی سەرەکیی دیزاینی سەلوتۆجێنیک ئەوەیە پرۆسەیەکی دەروونی دەست پێبکات و ئەم کارەش لە ڕێگای ڕاکێشانی سەرنجی مرۆڤەکانەوە دەکات، بە شێوەیەک دڵەڕاوکێ کەم بکاتەوە و هەستە پۆزەتیڤەکان و دۆخە دەروونییەکان هان بدات. بنەماکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک کۆمەڵێک پرس لە خۆ دەگرێت کە ئامانجی کۆتاییان دروستکردنی تایبەتمەندیی فەزای تەندروستە: فەزا بۆ پشتوانیی کۆمەڵایەتی و کۆبوونەوەی خەڵک؛ کاریگەریی سروشت لەسەر مرۆڤ؛ پشتیوانی لە گەڕاندنەوەی سەرنجی کەسەکان لە ڕێگەی دروستکردنی ژینگەیەکی نوێکەوەرەوە؛ کاریگەرییەکانی ڕووناکیی ڕۆژ، ڕووناکیی خۆرەتاو، ڕەنگ، ئاستی ژاوەژاو و هێماکانی ڕێگەدۆزینەوە لە بیناکاندا؛ کاریگەرییەکانی پاڵنەرە پۆزەتیڤەکان یان هەلەکان بۆ موزیک، کولتوور و هونەرەکان لەسەر تەندروستی؛ و بنەماکانی سەلوتۆجێنیک بۆ باشترکردنی ئاستی بەرهەمهێنەری.

**فەزا بۆ پشتیوانیی کۆمەڵایەتی**

پشتیوانیی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی گرینگە بۆ باشترکردنی تەندروستیی کەسەکان و خۆشبژێری (کۆستا، کلارک، دۆبکین، سێنێکال، فۆرتین، داندۆف و ئیسدایل، ١٩٩٩؛ سایتۆ، ساگاوا، کاناگاوا، ٢٠٠٥؛ ژاکۆبی و کۆزی پیک، ١٩٩٧؛ وژینسکا-بولیک، ٢٠٠٥). زانیاری و هوشیاری لەسەر پشتیوانیی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکەی بە تەندروستییەوە لە میانەی دەیەی ١٩٥٠اکاندا زیادی کردووە (فلێمینگ، باو و سینگێر، ١٩٨٥).

هاوکات، توێژەران ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە چۆنیەتیی کاریگەریی ژینگەی فیزیکی لەسەر هەستەکان، هەڵسوکەوتەکان و هاندانەکانی مرۆڤەکان گرینگە لەبەر چاو بگیرێن بە تایبەت کاتێک ئامانج بردنەسەری ئاستی تەندروستی و خۆشبژێوی بێت (هەمان سەرچاوە). بەم پێیە زۆر گرینگە کە فاکتۆرەکانی دیزاین لە دروستکردنی ژینگەدا دەستنیشان بکرێن و لە ڕێگەی ڕێبازێکی سەلوتۆجێنیکەوە شوێنەکانی یەکتر بینین دروست بکرێن بۆ ئەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پشتیوانیی کۆمەڵایەتی زیاد بکرێت (فلێمین و ئەوانی تر. ١٩٨٥، کۆنێرس ١٩٨٣).

ئاپۆڕە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پشتیوانیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و زۆربەی کاتەکان بەم شێوە ژمارەی

ئەو کەسانەی کە لە شوێنێکی دیاریکراودان یان بڕی فەزای تەرخانکراو بۆ هەر کەسێک دەوترێت (گیاس ١٩٩٤). ئالتمان (١٩٧٥) ئاپۆڕە وەک دۆخێک وەسف دەکات کە چوارچێوەی کەسیی تاکەکان دەبەزێنرێت؛ بۆ وێنە، کاتێک کەسێک یان گروپێک دەکەوێتە بەر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی کە حەزی پێ ناکات. ئەگەر ژمارەیەکی زۆر پەیوەندیی نەخوازراو هەبێت، کەسەکە هەستی قەرەباڵغی بۆ دروست دەبێت. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر کەسێک پەیوەندییەکی کەمتر ئەزموون بکات، ئەو مەترسییە هەیە کەسەکە هەستی داخران و تەنیایی ببێت (هەمان سەرچاوە). ئەم هاوسەنگییە لە نێوان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و تەنیایی خوازراودا بتوانێت ڕێک بخرێت و ئەگەر کەسێک کۆنترۆڵی بەسەر ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا ببێت، ئەو شتە بە دەست بهێنێت (ماکسوێل، ٢٠٠٦).



فەزا بۆ پشتگیریی کۆمەڵایەتی



هەستی قەرەباڵغیی فەزا: قوتابخانەی کیتچێن هاڵ بەر لە نۆژەنکردنەوە

## فەزای قەرەباڵغ

هەستی قەرەباڵغی دەکرێت لە ڕێگەی دروستکردنی بیناکان و فەزاکان بە شێوەیەک کە کەسەکان بەپێی خواستی خۆیان بڕیار بدەن بۆ ئەوەی کە تەنیا بن یان تێکەڵی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بن تا ڕادەیەکی زۆر کەم دەکرێتەوە (ئالتمان ١٩٩٥). بۆ وێنە، توێژینەوە دەریخستووە کە درێژی و شێوازی دیزاینی بەشە ناوخۆیی (خابگای) خوێندکاری دەتوانێت ژمارەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان زیاد بکات و هەستی قەرەباڵغی کەم بکاتەوە (باوم و دەیڤیس، ١٩٨٠). تەنانەت سەقفی بەرزیش دەتوانێت هەستی قەرەباڵغی کەم بکاتەوە. هەرچەند گەورەیی ژوورەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە بەڵام کەسەکان لە ژوورێکدا کە سەقفەکەی بەرزترە زیاتر هەست دەکەن کە کەشەکە ئارامترە و فەزا زۆرترە.

بەم پێیە، ئەگەر نژیاروانی و دیزاین دەتوانن فەزایەک دروست بکەن کە هەستی قەرەباڵغی کەم دەکاتەوە، بە هەمان شێوە دەشتوانن ئەزموونی سترێس کەم بکەنەوە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی باشتر بکەن (باوم و ڤالینس، ١٩٧٧). وەک ئاماژەی پێکرا، قەرەباڵغی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پشتیوانیی کۆمەڵایەتیش سنووردار دەکات (گیاس ١٩٩٤) کە پەیوەندیی توندوتۆڵی بە تەندروستی و خۆشبژێوییەوە هەیە (کۆستا، کلارک، فدۆبکین، سێنێکاڵ، فۆرتین، داندۆف و ئسدایل، ١٩٩٩؛ سایتۆ، ساگاڤا و کانگاڤا، ٢٠٠٥؛ ژاکوبی و کۆزیک پێک، ١٩٩٧؛ ئۆگینسکا بولیک ٢٠٠٥). ئەمە گرینگیی فاکتۆرەکانی ژینگەی فیزیکی لەسەر باشترکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پشتیوانیی کۆمەڵایەتی زیاتر دەردەخات (فلێمینگ و ئەوانی تر.، ١٩٨٥).

## سروشت و واتای بۆ تەندروستی

هەموو مرۆڤەکان بە شێوەیەک لەگەڵ سروشت پەیوەندییان هەیە و زۆر کەس هەن زۆر بایەخ بە ژینگە سروشتییە جیاجیاکان دەدەن. هەروەها زۆر کەس هەن کە دەیانهەوێت لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانە دوور بکەنەوە و لە کۆتایی هەفتەکاندا یان پشووەکاندا، بچنە ناو سروشت بۆ ئەوەی بحەسێنەوە و هێز و توانایان بە دەست بهێننەوە. چ شتێک لە سروشتدا هەیە کە ئەو هەستە بە مرۆڤەکان دەدات؟ ئایا ژینگەی سروشتی بە شێوازی جیاجیا لەسەر مرۆڤەکان کاریگەری دادەنێت؟ ئایا دەکرێت لەمەڕ کاریگەرییەکانی سروشت لەسەر مرۆڤ بگەینە ئەنجامێکی کۆتایی؟

## ڕۆڵی سەرنجدانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە گەیشتن بە خۆشبژێویدا

کاپلان و کاپلان (١٩٨٩) تیۆریی سەرنجی گەڕاوەیان پەرە دا، کە باس لە دوو سیستمی سەرنجدان و چۆنیەتیی پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر دەکات. توێژەران سەرنجی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بۆ ئەو دوو سیستمە هەڵبژارد. سەرنجی ناڕاستەوخۆ پێویستی بە هیچ هەوڵ و وزەیەک نییە و لە ناکاو کاتی بینینی شتێکی سەرنجڕاکێش ڕوو دەدات و پێویست نییە کە کەسەکان فۆکوس بکەنە سەر شتێکی تایبەت.



دیزاینکردنەوە بۆ پشتیوانی لە شوێنەکانی فێربوون: قوتابخانەی کێتچوم هاڵ دوای نۆژەنکردنەوە، نژیاروانی تای فارۆ



دروستکردنی بینا بە سروشت و هونەر وەک پاڵنەری پۆزەتیف؛ تای فارۆ، نژیاروان

سەرنجی ڕاستەوخۆ کاتێک دەست پێدەکات کە کەسەکە پێویستە لەسەر شتێک فۆکوس بکات و هاوکات ئەو شتانەی دەبنە هۆی تێکدانی سەرنجی دووریان بخاتەوە. دوای ماوەیەک سەرنجدانی قورسی ڕاستەوخۆ، پێویستە کەسەکە بحەسێتەوە کە هەست بە ماندوویی و بێتوانایی دەکات. ئەو کەسانەی کە سەرنجدانی ڕاستەوخۆ بە کار دەهێنن و ناحەسێنەوە کەسانێکی گرژ و بێتاقەتیان لێ دەردەچێت؛ و دەرکەوتووە کەسانێک کە لە باری مێشکییەوە ماندوون، زۆربەی کاتەکان تووشی ئەو شتە دەبن کە بە «هەڵەی مرۆیی» ناسراوە (هەمان سەرچاوە). ئەو کەسانەی کە توانایی لێوردبوونەوەیان نییە زۆربەی کاتەکان بێ موبالات، دەبن و کەمتر هاوکاری دەکەن و کەمتر سەردەکەون (کاپلان و کاپلان ١٩٨٩؛ کاپلان، ١٩٩٥؛ گیرزۆگ، ماگواری و نێبیل ٢٠٠٣). هەروەها بۆ کەسێک کە لێهاتووانە کار دەکات، زۆر گرینگە سیستمی سەرنجدانی زۆر بە باشی کار بکات و کاتی بۆ گەڕانەوەی توانایییەکانی ببێت.

## ژینگەی حەسێنەرەوە

لە توێژینەوەکانیاندا، کاپلان و کاپلان (١٩٨٩؛ ١٩٩٥) توانیبوویان چوار پێداویستی دەستنیشان بکەن کە تاکەکان بۆ گەڕانەوەی تواناییەکانیان پێویستیانە:

١. پێویستیی دوورکەوتنەوە لە ژیانی ئاسایی و کارە ڕووتینەکان، دەنگەکان و قەرەباڵغی
٢. پێویستیی هەبوونی پاڵنەرێکی سەرنجڕاکێش کە بەبێ هەوڵدانی کەسەکە سەرنجی بەرەو لای خۆی ڕابکێشت و هەستی بێتاقەتی کەم بکاتەوە.
٣. پێویستی بە شوێنێکی پشوودان کە کەسەکە هەست بکات تەواو لە ژینگەیەکی جیاوازدایە
٤. پێویستی بە خۆگونجاندن لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکاندا (هەمان سەرچاوە).

ژینگەی حەسێنەرەوە دەبێت بە باشی کەسەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و هاوسەنگی و جوانییەکی تێدا ڕەچاو کرابێت تاکوو خەڵک بەرەو لای خۆی ڕابکێشت (هێرزۆگ و ئەوانی تر. ٢٠٠٣). سروشت زۆر ڕەنگ، فۆرم و دیمەن پێشکەش دەکات کە مرۆڤەکان هان دەدات ژیانی ئاساییان لە بیر ببەنەوە (کاپلان و کاپلان، ١٩٨٩؛ کاپلان ١٩٩٥؛ هێرزۆگ و ئەوانی تر، ٢٠٠٣). زۆربەی کات ژینگە سروشتییەکان کەشێک دروست دەکەن کە کەسەکان هەست بە گونجان و هارمۆنی دەکەن. هەر بۆیە زۆر گرینگە کە ژینگە سروشتییەکان لە شوێنی ئیشکردندا لەبەر دەستدا بن (هەمان سەرچاوە). تیۆریی سەرنجی حەسێنەرەوە لە لایەن ژمارەیەک توێژەرەوە پشتڕاست کرایەوە (هێرزۆگ و ئەوانی تر ٢٠٠٣؛ تێنێسێن و کیمپریچ، ١٩٩٥). یەکێک لە توێژینەوەکان (هێرزۆگ و ئەوانی تر، ٢٠٠٣) ئەوە دەردەخات کە سێ دانە لە چوار هۆکارەکان -دوورکەوتنەوە، بەرفراوانی و گونجان- بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی حەسێنەرەوە، دەکرێت بپێورێن. چەندین توێژینەوەی دیکەش هەروەها ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە مرۆڤەکان ژینگە سرووشتییەکان زۆر لە ژینگە شارییەکان زیاتر بە حەسێنەرەوە[١٥٠] دەزانن (ڤان دێن بێرگ، هارتیگ و ستاتس، ٢٠٠٧). بەم پێیە، کاتێک مرۆڤەکان ماندوو دەبن و لە باری مێشکەوە لێدەکەون، سروشت باشترین شوێنە بۆ گەڕانەوەیان بۆ دۆخی ئاسایی. توێژینەوەکانی دیکەش ئەوەیان دەرخستووە کە تەنانەت سەیرکردنی سروشت لە پەنجەرەوە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر تەندروستی هەیە (موور، ١٩٨١-١٩٨٢؛ ئۆلریچ، ١٩٨٤؛ لیسێر، بیال و لۆرێنس ١٩٩٨؛ فرومکین، ٢٠٠١).

١٥٠- restortive



شوێنی کاری حەسێنەرەوە: ژووری تیشکی ئیکس لەگەڵ ڕووناکیی ڕۆژ و سروشت، دیزاین لە لایەن تای فارۆ

**کاریگەریی ڕووناکیی ڕۆژ، خۆرەتاو، پەنجەرەکان و ڕۆشنایی لەسەر تەندروستی**

توێژینەوەیەکی زۆر لەسەر کاریگەریی ئەرێنیی ڕووناکیی ڕۆژ لەسەر تەندروستیی دەرونیی مرۆڤ هەیە (ئیڤانس، ٢٠٠٣). نەبوونی ڕووناکیی ڕۆژ دەتوانێت هەم کێشەی جەستەیی و هەم کێشەی دەروونی دروست بکات (جانسێن و لایک، ٢٠٠٦). توێژەرێک لەسەر ناوەندێکی چاکسازی لە میشیگان لێکۆڵینەوەی کرد و بۆی دەرکەوت کە ئەو زیندانییانەی ژوورەکەیان بەرامبەر دیواری حەوشە بووە زیاتر لەوانەی پەنجەرەکانیان بەرامبەر دارستان و زەویی کشتوکاڵ بووە سەردانی ناوەندەکانی تەندروستییان کردووە (موور، ١٩٨١-١٩٨٢). ئۆلریچ و لوندین (١٩٨٤) دەریانخست کە ئەو نەخۆشخانەی لە نەخۆشخانەکان پەنجەرەکانیان ڕووەو سروشتە خێراتر لەوانە چاک بوونەتەوە کە پەنجەرەکانیان بەرامبەر دیوارێکی خشتی بووە. توێژینەوە هەروەها ئەوەی دەرخستووە کە ڕووناکیی ڕۆژ لە پۆلەکانی خوێندندا پێویستە بۆ ئەوەی ئاستی هۆرمۆنی خوێندکاران بە هاوسەنگی بمێنێتەوە (کولێر و لیندستێن، ١٩٩٢).

پەنجەرەکان دەتوانن لە ڕوانگەی دیکەشەوە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر نەخۆشەکان دابنێن _ڤێردێربێر، ١٩٨٦؛ لاوسۆن، ٢٠٠١). بۆ وێنە، پەنجەرە دەتوانێت لە ڕێگەی هەوای تازەوە، هاتنەژووری ڕووناکییەوە یان لە ڕێگەی دابینکردنی بەرجەوەندێک و پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە ببێتە هۆی باشترکردنی تەندروستی و ڕەزامەندیی نەخۆش یان پێویستیی زیندان بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕە وەرزییەکانی سروشت دابین

بکات _ڤێردێربێت، ١٩٨٦؛ لاوسۆن، ٢٠٠١). توێژینەوەیەکی دیکەش پیشانی داوە کە لێدانی ڕاستەوخۆی ڕووناکیی خۆر لە پەنجەرەوە لە شوێنی کار، ئاسایشی کرێکاران زیاتر دەکات و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەزایەتیان لە کارەکەیان بۆ دابین دەکات (لیسێر و ئەوانی تر.، ١٩٩٨).

## ئۆلریچ و لوندێن دەریانخست کە ئەو نەخۆشخانەی لە نەخۆشخانەکان پەنجەرەکانیان ڕووەو سروشتە خێراتر لەوانە چاک بوونەتەوە کە پەنجەرەکانیان بەرامبەر دیوارێکی خشتی بووە.

ژوور بەبێ پەنجەرە دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستیی مرۆڤ دابنێت (جانسێن و لایک، ٢٠٠٦؛ کولێر و لیندێستێن، ١٩٩٢؛ ڤێردێربێر، ١٩٨٦). توێژینەوەیەک پیشانی داوە کە ئەو کرێکاران کە کارەکانیان لە ژووری بێ پەنجەرەدایە گرژییەکی زۆرتریان ئەزموون کردووە لە بەراورد بەو کرێکارانەی ژوورەکانیان پەنجەرەی هەبووە و کاریگەریی نەرێنیی شوێنی کارەکانیان لەسەر زیاتر بووە (هیرواگێن و ئۆریانس، ١٩٨٦). ئەو نەخۆشانەی کە لە ژووری بێ پەنجەرەدا دەمێننەوە لەوانەیە تووشی دابڕانی هەستەکان و کاردانەوەی خەمۆکی ببن و کێشەکانی تێگەیشتن، ناسینەوە و سەرنجدانیان زیاتر بێت (ڤێردێربێر، ١٩٨٦). بە هۆی ئەوەی کە ڕووناکیی خۆرەتاو کاریگەریی ئەرێنی لەسەر فیزیۆلۆجیی مرۆڤ دادەنێت، دەبێت بخرێتە پێش ڕووناکیی دەستکردەوە کە ئیدعا دەکرێت ئەویش هەمان کاریگەری ببێت. بەپێی هەندێک توێژینەوە، ڕووناکیی دەستکرد لە شوێنە فێرکارییەکاندا دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئاستی کریستۆڵی خوێندکاران ببێت و لەوانەیە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو ڕۆژانەی کە خوێندکارەکان نەخۆش دەکەون (کولێر و لیندستێن، ١٩٩٢). لەک و ڕایت (١٩٩٣) دەریانخست کە بەرکەوتنی ڕووناکی لە هەندێک کاتی تایبەتی بیست و چوار کاتژمێری شەو و ڕۆژدا دەتوانێت ماوەی خەوتن درێژ بکاتەوە و کوالیتیی خەو بباتە سەر.

ئەگەر ئەو تواناییەمان هەبێت ئاستی ڕووناکی کۆنترۆڵ بکەین تێچوو و بەکارهێنانی وزە کەمتر دەبێتەوە (هەمان سەرچاوە.)، کە لە ئەنجامدا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ژینگە دەبێت (moor، کارتێر و سلاتێر، ٢٠٠٤). جگە لەوە، دەرکەوتووە کە ڕەزایەتی گشتیی کەسەکان کاتێک کە بۆخۆیان دەتوانن ئاستی ڕووناکی کۆنترۆڵ بکەن زیاترە _(هەمان سەرچاوە). ئەنجامەکانی کولێر (٢٠٠٢) دەریدەخەن کە ڕووناکییەکی باش لە داهاتوودا گرینگتریش دەبێت. بە تایبەت ئەوەی ئێستا ڕێژەی ئەو بینایانەی کە پەنجەرەیان تێدا نییە ڕوو لە زیادبوونە.



ڕووناکیی ڕۆژ بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری لەسەر فیزیۆلۆجیی مرۆڤ دادەنێت و مێشک دەحەسێنێتەوە؛ دیزاین لەلایەن نیلس ترۆپ

**کاریگەریی ڕەنگ لەسەر تەندروستی**

هەندێک توێژینەوە دەریدەخەن کە ڕەنگ دەتوانێت لەسەر چالاکیی مێشک کاریگەری دابنێت و هەستی دڵخۆشی و ڕەسەنێتی لەناو نژیاروانیدا دروست بکات (جانسێن، ٢٠٠١). ڕەنگەکان هەروەها دەتوانن بەهایەکی سەمبۆلیکیان ببێت و لەم ڕووەوە لە دروستکردنی ناسنامەی بینا یان واتای کولتووریدا یارمەتیدەر بن. دەبێت ڕەنگەکان زۆرترین بایەخیان پێ بدرێت لە لایەن پلاندانەرانەوە، چونکە بەهای جوانیناسانەیان هەیە، بەڵام هۆکارێکی دیکەش بەهای سەمبۆلیکیانە، کە دەتوانێت پیشاندەری فەلسەفەی ڕێکخراوە بێت (هەمان سەرچاوە). ڕەنگە گەرمەکان (سوور، زەرد و پرتەقاڵی) دەبنە هۆی چالاکیی لە کاتێکدا ڕەنگە سادەکان (شین، ڕەساسی و سەوز) دەبنە هۆی هێور کردنەوە (کولێر، ١٩٩٥).

کولێر (١٩٩٥) ئاماژە بە توێژینەوەیەکی ناسراوی ڕەنگەکان لە ١٩٥٨ەوە دەکات کە توێژەران کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی فیزیۆلۆجیکییان ئەنجام دا بۆ ئەوەی چالاکیی مێشک لە کاتی بینینی ڕەنگە جیاوازەکان بپێون. کاتێک بەشداربووان ڕەنگی سووریان پێ نیشان درا چالاکیی مێشکیان لەو کاتە زیاتر بوو کە ڕەنگی شینیان پێ نیشان درابوو. دەستکەوتەکان دەریانخست کە جیاوازی لە زەختی خوێن، هەناسەکێشان و ژمارەی چاوتروکاندن هەیە (هەمان سەرچاوە). توێژینەوەیەکی دیکە دەریخست کە وەبیرهاتنەوە لە

بەرکەوتنی کۆمەڵێک ڕەنگی دیکە زۆر لەو کاتە تەواوتر بوو کە ڕەنگی شین دەبینرا، ئەوەش دەریدەخات کە ڕەنگەکان لەسەر چالاکیی مێشک کاریگەرییان هەیە (عەلی، ١٩٧٢).

گۆڵدستەین (١٩٤٢)، داوا دەکات کە سەرنجی تیۆرانینێک بدرێت کە ئیدعا دەکات ئەزموونەکانی پێشووی کەسەکان دەتوانێت لەسەر هەستەکانیان، کردارەکانیان و هەڵسوکەتیان لە کاتی بینینی ڕەنگە جیاوازەکان کاریگەری دابنێت. هۆکاری جیۆگرافی، کولتووری و مێژوویی هەیە کە لەوانەیە لەسەر هەڵبژاردنی ڕەنگەکان لە لایەن کەسەکانەوە کاریگەری ببێت و هەندێک لە ڕەنگەکان زۆرتر واتای ئاینییان هەیە (هەمان سەرچاوە). بێرلیین (١٩٧١) و جانسێن (٢٠٠١) دەڵێن کە دەبێت ڕەنگەکان لەگەڵ ژینگەیەک تێیدا بەکار هاتوون بگونجێن و ئەوە گرینگە کە ڕەنگەکان بە باشی هاوسەنگی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریان بپارێزن.

## کاریگەریی دیزاین وەک هێمایەک (لەندمارک) لەسەر تەندروستی و خۆشبژێوی

فەزا هەم ئەو شتەیە کە خەڵک لە یەکتر جیا دەکاتەوە هەم ئەو شتەش کە دیسانەوە خەڵک پێکەوە گرێ دەداتەوە (لاوسۆن، ٢٠٠١). ئەوە نژیاروانییە لە فۆرمەکانی بیناکان، ژوورەکان، ڕاڕەوەکان، جێخەوەکان، و دامەزراوەکان کە پێویستییەکانی کەسەکان بۆ هاوکاری، کارکردن لە شوێنی تایبەت، سازکردنی پەیوەندی و ئەنجامدانی پێداویستییە کۆمەڵایەتی، جەستەیی و دەروونییەکانیان دابین دەکات (هەمان سەرچاوە).

بەپێی ویشێر (٢٠٠٥)، وێنەی ڕێکخراوەیەک و ناسنامەکەی لە ڕێگەی نژیاروانیی دامەزراوەکانییەوە دەردەکەوێت. ویشێر (٢٠٠٥) هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە کاری کرێکاریک، ناسنامە و ڕۆڵی پەیوەندییان بە ژینگەی کارکردنەکەی هەیە و بەم پێیە دیزاینی نژیاروانی لە پێکهاتنی کەسایەتیی فەرمانبەرێکدا کاریگەری دادەنێت. هەروەها، دیزاینی فیزیکیی شوێنەکان لەسەر لێهاتوویی و توانایی فەرمانبەرەکان کاریگەری دادەنێت و لە درێژخایەندا لەسەر بەرهەمهێنەریی ڕێکخراوەش کاریگەری دەبێت. ئاسوودەیی جەستەیی، دەروونی دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنی لەسەر توانایی و مۆراڵی کرێکار ببێت (هەمان سەرچاوە).

هۆکارەکانی تری دیزاین بۆ خۆشبژێری بریتین لە هێماکان لە بیناسازیدا (دیلانی، ٢٠٠٤؛ ٢٠٠٦ب). هەبوون یان نەبوونی هێماکان بۆ سەرنجڕاکێشانی بینینی و گەڕان بە فەزادا پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بە تێگەیشتن لە فەزای ناو بینا و پەیوەندیشی هەیە بە ئاستەکانی ئەزمونکردنی سترێس (دیلانی، ٢٠٠٤). هێماکان وەک خاڵی سەرچاوە لە بینادا ئاسانکاری دەکەن بۆ ئاڕاستەپێدان و یارمەتیی دەدەن کە نەخشەیەک لە مێشکدا سەبارەت بە ژینگە دروست ببێت (دیلانی، ٢٠٠٦). هێماکان لەوانەیە تایبەتمەندییەک بن وەک پەیکەرەکان، نیگارەکان، ئاکواریۆمەکان یان جیاوازییەکان لە ڕەنگی شوێنە جیاجیاکانی ژینگەی سازکراو و ئەوانەش وەک نەخشەیەکی ڕێدۆزینەوە دەور دەگێڕن و یارمەتیمان دەدەن کە ئاسانتر لەناو بینادا ڕێگەمان بدۆزینەوە.


ڕەنگ وەک هێمایەک بۆ ئاسانکاریی ڕێگەدۆزینەوە

**دەبێت ڕەنگەکان زۆرترین بایەخیان پێ بدرێت لە لایەن پلاندانەرانەوە، چونکە بەهای جوانیناسانەیان هەیە، بەڵام هۆکارێکی دیکەش بەهای سەمبۆلیکیانە، کە دەتوانێت پیشاندەری فەلسەفەی ڕێکخراوە بێت.**

**کاریگەریی ئاستی ژاوەژاو لەسەر تەندروستی و خۆشبژێوی**

ژاوەژاو یەکێکە لە ئاشکراترین کێشەکانی دامەزراوە گشتییەکان. ئاستی بەرزی ژاوەژاو دەتوانێت خەو تێکبدات، سترێس زۆر بکات، و پەیوەندییەکان ئاڵۆز بکات (جانسێن و لایک، ٢٠٠٦). توێژینەوەکان پیشانی دەدەن کە ژاوەژاو دەتوانێت ببێتە هۆی گرژی، کە ئەوەش دەبێتە هۆی سترێس و نەخۆشییە پەیوەندیدارەکان بە سترێسەوە (دیجیکم سۆمان، دی ڤیر، ١٩٨٧). توێژینەوەکان هەروەها ئەوەشیان دەرخستووە کە ژاوەژاو دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی ئاستی کۆلێسترۆل (براندێنبێرگێر، فۆلینویس، ویتێرشەیم و سەلامی، ١٩٨٠؛ ئیڤانس، بولینگێر و ئیگی، ١٩٩٨). توێژینەوەکانی دیکەش هەروەها ئەوەیان پیشان داوە کە ژاوەژاو دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن (لانگ، فۆریاود و جاکوینێت سالۆرد، ١٩٩٢؛ و ئیڤانس ئەوانی تر، ١٩٩٨). ژاوەژاو دەتوانێت بە شێویەکی نەرێنی کاریگەری لەسەر پرۆسەی دەرمان دابنێت (فیف و ڕاپاپۆرت، ١٩٧٦) و ببێتە هۆی ماندوویی دەروونی کە لە ئاکامدا ڕەنگە ڕادەی پێویستیی نەخۆش بە دەرمان بگۆڕێت (پێرسینگێرم تیلێر و کۆرێن، ١٩٩٩؛ یۆشیدا، ئۆسادا، کاواگوچی، هۆسۆهیمایا، یۆشیدا و یاماموتۆ، ١٩٩٧). توێژینەوەکان هەروەها لە نێوان ژاوەژاو، گرژی و لاوازیی تەرکیزکردندا پەیوەندییان دۆزیوەتەوە (دیجک و ئەوانی تر، ١٩٨٧). سەرەنجام، توێژینەوەی تر دەریدەخەن کە کوالیتیی ژیان لە ژینگەی پڕ ژاوەژاودا دادەبەزێت (ئیڤانس و ئەوانی تر، ١٩٩٨)، و ژاوەژاوی زۆر دەتوانێت پەیوەندیی کۆمەڵایەتیش کەم بکاتەوە (مەتیۆس و کانۆن، ١٩٧٥).

لیسێر، بیێل و سولیڤان (٢٠٠٣) دەریانخستووە کە ژاوەژاو پەیوەندییەکی بەرچاوی لەگەڵ ئەزموونی کرێکاران لە چاوەڕوانی لە ئیشەکانیاندا هەیە و ئاماژە بەوە کراوە کە کرێکاران لە شوێنێکدا کە ژاوەژاو کەمترە، سترێسیان کەمترە. توێژەران ئەوە شی دەکەنەوە کە کرێکاران لە ژینگەی بە ژاوەژاوی کەمتر پێویستیان بە ستراتیجی کەمتر هەیە بۆ خوگونجاندن لەگەڵ ژینگە فیزیکییەکان و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە وزە و ستراتیجییەکانی هەڵکردنیان بۆ دۆخی پڕسترێسی تر لە کارەکەیاندا تەرخان بکەن. بەم شێوەیە، بیستن دەتوانێت هۆکارێکی گرینگ بێت لە یارمەتیی کەسەکان لەوەدا کە چۆن لەگەڵ پاڵنەرەکانی سترێس هەڵبکەن (هەمان سەرچاوە). هەروەها زۆر گرینگە لەوە تێبگەن کە ئەزموونکردنی دەنگ بەپێی کەسەکان جیاوازە (ساتپل، ١٩٩٤). کریتێر (١٩٩٤)م بۆ وێنە سێ بگۆڕ شی دەکاتەوە کە لەسەر ئەزموونی دەنگ بۆ کەسێک کاریگەرییان هەیە: قەبارە، پێشبینی کران، توانایی کۆنترۆڵ.

**کاریگەریی موزیک لەسەر تەندروستی**

هەندێک دەنگ دەبنە هۆی باشترکردنی تەندروستی. لای، چێن، چانگ، سێی، هوانگ، چانگ و پێنگ (٢٠٠٦) باس لەوە دەکەن کە موزیک یەکێک لەو هۆکارانەیە چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی چالاکیی لە کۆئەندامیی دەماریی سەمپاتیکدا. موزیک کاریگەریی جەستەیی هەیە و دەتوانێت خەڵک یەک بخات، هەستەکانیان بکاتەوە و یارمەتییان بدات لەگەڵ ئاستەنگی و ترۆماکان هەڵبکەن. لە ئاستی جەستەییدا، موزیک لەوانەیە ببێتە هۆی لێدانی کەمتری دڵ و هەناسەکێشانی کەمتر و بردنەسەری پلەی گەرمایی جەستە (هەمان سەرچاوە). لی، چانگ، چان و چان (٢٠٠٥) دەگەنە ئەو ئاکامە کە موزیک دەتوانێت شێوازێکی کاریگەر بێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە جەستەییە نەرێنییەکان بە تایبەت لە کاتێکدا کە کەسەکان بە دەست دڵەڕاوکێ و سترێسەوە دەناڵێنن.

> **موزیک کاریگەریی جەستەیی هەیە و دەتوانێت خەڵک یەک بخات، هەستەکانیان بکاتەوە و یارمەتییان بدات لەگەڵ ئاستەنگی و ترۆماکان هەڵبکەن.**

موزیک بە تەنیا یان بە تێکەڵکردنی لەگەڵ چارەسەری دیکە دەتوانێت پرۆسەی دەرمان خێرا بکات (نیلسۆن، ٢٠٠٣). بۆ وێنە مەک کافری و گوود (٢٠٠٠) دەریان خست کە ئەو نەخۆشانەی دوای نەشتەرگەری گوێیان بۆ موزیک گرتووە ئێشی کەمتر، دڵەڕاوکێ و ترسی کەمتریان بووە لە بەراورد بەوانەی گوێیان نەگرتووە. نەخۆشەکان باسیان لەوە کرد کە لە جیاتی ئەوەی لە دۆخی دامان بە دەستی ترس و ئێشدا بمێننەوە، موزیک یارمەتی داون کە تەرکیز بخەنە سەر دەرمانکردنیان (هەمان سەرچاوە). لە توێژینەوەکەیدا، سپیچیگێر (٢٠٠٠) دەریخست کە وانەی موزیکی زیاتر لە قوتابخانە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر لایەنی سۆزداری، کۆمەڵایەتی و مێشکی خوێندکارەکان دەبێت و ئەو خوێندکارانەی زیاتر وانەی موزیکیان بووە زیاتر توانایی هاوکارییان بووە و حەزیان بۆ فێربوون زیاتر بووە لەو خوێندکارانەی کە وانەی کەمتریان لەسەر موزیک هەبووە.

پاول ڕۆبێرتسۆن (٢٠٠١) دەڵێت کە موزیک دەوڵەمەندترین زمانی مرۆڤە کە دەتوانێت ئاڵۆزترین هەستەکانی پێ دەربڕێت و لە دێرزەمانەوە پەیوەندی بە خۆشبژێریی مرۆڤەوە بووە. ڕابێرتسۆن هەروەها باس لەوە دەکات چۆن بەرنامەی جیاوازی چارەسەر بە موزیک لە جیاتی دەوا و دەرمان بۆ زۆر حاڵەت بەکار هاتووە و مێلۆدی و ڕیتمی موزیک سەرنجی نەخۆش بەرەو خۆی ڕادەکێشت و ئێشی لە بیر دەباتەوە و ئاستی هۆرمۆنەکانی سترێس لە نەخۆشەکەدا کەم دەکاتەوە. کێشەیەکی دیزاینی سەلوتۆجێنیک، ئەوەیە کە چۆن موزیک لەگەڵ ژینگە دروستکراوەکان یەک بخات.

## کاریگەریی بەشداریی کولتووری لەسەر تەندروستی

بەشداری لە چالاکییە کولتورییەکاندا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر تەندروستیی مرۆڤ هەیە (کۆنلان ٢٠٠١). توێژینەوەکەی کۆنلان دەریخست کە ئەو کەسانەی بەشداری لە چالاکییە کولتوورییەکاندا ناکەن مەترسیی مردنیان لە بەراورد بەوانەی بەشداری دەکەن ٥٧ لە سەد زیاترە. توێژینەوەکە هەروەها ئەوەشی پیشان داوە کە ئەو کەسانەی بەشداریی چالاکییە کولتورییەکان ناکەن، بەڵام هەڵسوکەوتیان دەگۆڕن بۆ ئەوەی ببنە بەشدارێکی چالاکیی بۆنە کولتوورییەکان، ئاستی تەندروستییان دەگاتە ئەو کەسانەی کە هەر لە سەرەتاوە بەشدارییان کردووە. ئەم توێژینەوە دەریخست کە پەیوەندیی نزیک لە نێوان بەشداریی کولتوری، دۆخی تەندروستی و نرخاندنی کەسەکان لە تەندروستیی خۆیان هەیە.

توێژینەوەیەکی دیکە پیشانی دام ئەو کەسانەی کە چالاکیی کولتورییان هەیە لەوانەیە زیاتر بژین (بایگێرن، بێنسۆن و یۆهانسۆن، ١٩٩٦). تیۆرێل (٢٠٠٠) دەگاتە ئەوەی کە بەشداریی کولتووری لە ڕوانگەی تەندروستیی گشتییەوە یەکجار گرینگە.

موزیک دەتوانێت چالاکییەک بێت کە لە ژینگەی دروستکراودا دەبێتە هۆی باشترکردنی تەندروستی. سیلبێر (٢٠٠٥)لەسەر پڕۆژەیەکی موزیک بۆ خانمان توێژینەوەی کرد، ئەنجامەکان دەریانخست ئەو کەسانەی بەشداریی چالاکییەکە بوون کاریگەریی ئەرێنی لەسەر تەندروستییان بووە. بۆ وێنە، چالاکییەکە بووەتە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی نوێ بۆ ئەوەی کەسەکان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتر دروست بکەن. بەشداربووان فێر بوون کە گوێ لە یەکتر بگرن، ڕەخنەکان ببیستن و بە شێوەی جیاواز خۆیان دەربڕن. توێژینەوەکەی ٢٠٠٥ی سیلبێر، لەسەر بایەخی چالاکییە موزیکییەکاندا تەئکیدی کردووە، ئەوەی ڕوون کردەوە کە ئەو چالاکییە دەتوانێت یارمەتیی بەشداربووان بدات کە تێگەیشتن و پەیوەندییان لەگەڵ ئەوانی تر باشتر بکەن و ئەوە بە تایبەت بۆ کەسانی دەسەڵاتخوازیش ڕاستە (هەمان سەرچاوە).

لە گرووپی موزیکدا دەبێت ئەندامان شوێن ئاوازدانەر بکەون. ئەوەش ڕاهێنانێکی باشە بە تایبەت بۆ کەسانی دەسەڵاتخواز. لە دامەزراوەیەکدا، لەوانەیە بە هۆی خواستی هێزەوە لە نێوان بەڕێوەبەر وکارمەندەکاندا بەریەککەوتن دروست ببێت. بە یارمەتیی ئاوازدانەر، بەشداربووان فێر دەبن کە پێکەوە هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجێکی هاوبەش و ئەوەش بە واتای شوێنکەوتنی دەسەڵات و کۆنترۆڵی ئەوانی تر نییە (هەمان سەرچاوە). جگە لەوە، گرووپ پەیوەندییەکی چالاکانە لە نێوان ئەندامانددا پێکدەهێنێت. هەر ئەندامێک دەبێت دەنگی خۆی کۆنترۆڵ بکات و هاوکات گوێ بگرێت و هاوکاریش بکات.



حەسانەوەی مێشک بۆ کارمەندانی تەندروستی دوای نەشتەرگەرییەکی درێژخایەن

بۆ گەیشتن بەمە دەبێت ئەندامان خۆیان ڕابهێنن کە چۆن خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، سەبریان بێت و بڕوا بەوانی تر بکەن و ئەوەش لە ئاکامدا دەتوانێت ببێتە هۆی باشتربوونی بڕوابەخۆیی و دروستکردنی وێنەیەکی باشتر لە خۆیان. پرات (١٩٩٠) پێی وایە کە موزیک دەتوانێت ڕاستییەکی نوێ بخوڵقێنێت کە دەتوانێت ئەو هەلە بۆ بەشداربووان بڕەخسێنێت کە خۆیان لە دۆخێکی دیکەدا بدۆزنەوە. موزیک دەتوانێت هەستی ئازادی دروست بکات و ئەوەش هێزێکی تر دەدات بە بەشداربووان و توانایی گۆڕینی هەڵسوکەوتەکانیان پێدەدات. دەتوانێت یارمەتیی کەسەکان بدات کە زیندوو بمێننەوە، گەشە بکەن و ناسنامەی کەسی و گشتی دروست بکەن. پرات هەروەها ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە فەزایەک لە ڕێگەی موزیکەوە دروست دەبێت ئەوە بە بیر کەسەکان دەهێنێتەوە کە بە شێوەی جەستەیی و بنەڕەتی پێویستیان بە ئازادی هەیە. موزیک دەتوانێت ئەو توانایییە بە کەسەکان بدات لە بیر و هەستی ناخۆش دوور بکەونەوە، ئەو هەلەیان پێدەدات کە بژین، ئەگەرچی ئەو ژیانە لە چرکەساتی ئێستاشدا بێت (هەمان سەرچاوە).
توێژینەوە لەسەر کاریگەریی ئەرێنی بەشداری لە گروپی موزیک و کاریگەری لەسەر دەرمان لە دامەزراوەکان و شوێنەکانی کارکردن سنووردارە (سیلبێر، ٢٠٠٥). توێژینەوە زیاتر لەوانەیە دەستکەوتی بەکەڵک دەربخات. چەندین هۆکار هەیە بۆ ئەوەی کە

پێمان بڵێت توێژینەوە لەسەر کاریگەریی بەشداری لە گروپی موزیکدا بەنرخە تاکوو بۆمان ڕوون ببێتەوە کە چۆن لەسەر بڕوابەخۆیی، هەستی هاودڵی، و کۆنترۆڵ بەسەرخۆدا کاریگەری هەیە و توندوتیژی و پێویستی بە تەئیدکران لە لایەن ئەوانی ترەوە کەم دەکاتەوە (هەمان سەرچاوە).

## هونەر، پرۆسەی دەرمان و خۆشبژێری

بەپێی قسەی مێژووناسانی هونەر، مرۆڤەکانی ئێستا لە جیهانێکی زۆر جوانیناسانەتردا دەژین کە هونەر، جلوبەرگ و دیزاین بێژمار ئەزموونی جوانیناسانەیان خوڵقاندووە (لێدێر، بێلک، ئۆبێرست و ئۆگستین، ٢٠٠٤). کاتێک کەسێک دەڕوانێت دیمەنی جیاجیا وەک کارێکی هونەری دەبینێت، پرۆسەی ئاڵۆزی ناسینی و سۆزداری لە مێشکدا ڕوو دەدەن (کەیس، ٢٠٠١). بۆ تێگەیشتن لە واتای نیگارکێشی، گرینگە بەر لەوەی لە سەرجەم وێنەکە تێبگەین سەرەتا لە بەشە جیاجیاکانی تێبگەین. کاتی سەیرکردنی نیگارێک و لە پرۆسەی تێگەیشتن لێی، بۆ وێنە سەیرکەر دەتوانێت ئەزموونی دڵخۆشی، هاوبەشی، نائاسوودەیی یان ئارەزوومەندی بکات. ئەم وەڵامە سۆزداری و ناسینییانە، پێیان دەوترێت ئەزموونەکانی جوانیناسی (هەمان سەرچاوە.) و زۆربەی کات دەبێتە هۆی هاندانی ئەرێنی، ڕازیبوون و ئەزموونی باش بۆ سەیرکەر (لێدێر و ئەوانی تر، ٢٠٠٤).

بەپێی کریسێر و کریسێر (١٩٧٢)، دەروونناسیی هونەر بوارێکی زانستیی ئەزموونییە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر هەڵسوکەتی ناوەکی و دەرەکیی مرۆڤ و ئەوەی کە چۆن ئەو هەڵسوکەوتانە پەیوەندییان بە هونەرەوە هەیە. چەندین تیۆریی دەروونناسیی هونەر هەن کە هەوڵ دەدەن ئەزموونی کەسەکان لە هونەر شی بکەنەوە و وەسف بکەن. بە کورتی، کریسێر و کریسێر بڕوایان وایە کە مۆدێلە دەروونناسانەکان لەسەر تێگەیشتن لە هونەر دەبێت لەسەر بنەمای مۆدێلی هەڵسوکەوتی هۆمێستاتیسی بن، کە پێشنیار دەکات دۆخێکی باشینەی دەروونی هەیە کە مرۆڤەکان هەوڵ دەدەن بگەنە هاوسەنگیی لە نێوان گرژی و ئاسوودەییدا. ئەم دۆخەی هۆمێستاتیس دەتوانێت هەندێک لایەنی پەیوەندیی کەسەکە بە هونەرەوە شی بکاتەوە و ئەوەی کە ئەزموونی هونەر دەتوانێت یارمەتیدەری کەسەکان بێت بۆ ئەوەی هاوسەنگی هۆمێستاتیس بە دەست بهێننەوە (هەمان سەرچاوە.).

هونەردەرمانی (موزیک، سەما، وێنەکێشان، و شانۆدەرمانی) تواناییەکی بێوێنەیان لە چارەسەری ئەو کەسانەدا هەیە کە نەخۆشیی سایکۆسۆماتیکیان هەیە، و ناکرێت بە شێوازە نەریتییەکان دەرمان بکرێن (تیۆرێل و کۆنارسکی، ١٩٩٨). بۆ وێنە، ئارگیل (٢٠٠٣)، پیشانی دا کە چۆن گروپێک خەڵک، کە وەک گروپی بەرمەترسیی نەخۆشییە دەروونییەکان دەستنیشان کراون، لە پرۆژەی هونەریی جیاجیادا بەشدارییان کردووە و دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتییان باشتر کردووە. بەشداربووان دەڵێن کە پرۆژە هونەرییەکان بڕوابەخۆییان زیاد کردوون و ئەو هەستەیان بۆ ساز بووە کە بەشێکن لە گروپێکی کۆمەڵایەتی. ئەو پرۆژە هونەرییە بۆ باشترکردنی تەندروستی تێچووی زۆرە (هەمان سەرچاوە). گراندێر (١٩٩٤)، هەروەها دەڵێت کە بەشداری لە پرۆسەی هونەری جیاجیادا دەتوانێت ئامرزای دەربڕینی هەستەکان و ئەزموونەکان بە شێوەیەکی کارا ببەخشێتە بەشداربووان.

## دیزاینی سەلوتۆجێنیک و بەرهەمهێنەری

کاتێـک بەڕێوەبەریـی ڕێکخراوەیـەک دەیهەوێـت بەرهەمهێنـەری بباتـە سـەر، زۆربـەی کات تەکیـز دەکەنـە سـەر کاری کارمەنـدان و هاندانـی تاکەکسـەکان لـە جیاتـی ژینگـەی فیزیکـی و دیزاینـی شـوێنی کار (هێرواگێـن و ئەوانـی تـر، ١٩٩٥). لەتوێژینەوەیەکـدا، هێرزبێـرگ (١٩٦٦)، سـەیری هاندانـی کرێکارانـی کـرد و لەسـەر پەیوەندیـی نێـوان هەڵسـوکەوتی کرێـکار و ژینگـەی فیزیکـی توێژینـەوەی کـرد.

کاتێـک ژینگـەی فیزیکـی وەڕەزکـەر بێـت، دەتوانێـت بـە شـێویەکەی نەرێنـی کار لەسـەر حـەزی کارمەنـدان بکات و لـە ئەنجامـدا بەرهەمهێنـەری دابەزێـت. هێرزبێـرگ تەئکیـد دەکاتـەوە کـە پێویسـتە دەستراگەیشـتن بـە ژینگـەی فیزیکیـی پاڵپشـتیکەر هەبێـت کـە هانـدەری کارمەنـدان بێـت (هەمـان سـەرچاوە). تیۆریـی هاندانـی مازلـۆ (١٩٨٧) یەکێـک لـە ناسراوتریـن تیۆرییەکانـە لـە پەیوەنـدی بـە پێداویسـتی و هاندانـی مرۆڤـەکان. تیۆرییەکـەی مازلـۆ بـۆ شـیکاری و وەسـفی ژینگـەی کۆمەڵایەتـی پـەرەی پێـدراوە، بـەڵام دەکرێـت بـۆ ژینگـەی فیزیکیـش سـودی لـێ وەربگیرێـت (هێرواگێـن و ئەوانـی تـر، ١٩٩٥). بـۆ وێنـە، پێویسـتی بـە ئاسـایش دەکرێـت لـە ڕێگـەی دیزاینـی ژینگەکانـەوە بـە دەسـت بێـت و ڕێگـە بـە خەڵـک بدرێـت بەرجەوەندێکـی جوانیـان هەبێـت (هەمـان سـەرچاوە). ئەگـەر مرۆڤـەکان بـە یارمەتیـی ژینگـەی دەوروبەرییـان هـان نەدرێـن، زۆر بـە سـادەیی حەزەکانیـان لـە دەسـت دەدەن و ئـەوە دەتوانێـت کارایـیان بهێنێتـە خـوارەوە (لاوسـۆن ٢٠٠١). لـە لایەکـی دیکـەوە، هاندانـی زۆر دەتوانێـت ببێتـە هـۆی سترێس، چونکـە کەسـەکان توانایـی هەڵکردنیـان لەگـەڵ هاندرانـی زۆر نییـە (هەمـان سـەرچاوە).



هونەر و موزیک لە ژووری دوای نەشتەرگەری ئازارچەشتن و کاتی چاکبوونەوە کەم دەکاتەوە

زیادبوونی زانیاری و هۆشیاری لەمەڕ پەیوەندیی نێوان تەندروستیی باشتر و قازانجی زیاتر کاریگەری لەسەر ئەوە دادەنێت کە دیزاینەرەکان، نژیاروانەکان و بەڕێوەبەران چۆن دیزاین دەکەن، بیناکان دروست دەکەن و ئاگادارییان دەکەن (فیسک، ٢٠٠٠). بۆ وێنە، باشتربوونی هەوای ژوورەوە تەندروستیی کارمەندان باشتر دەکات، ژمارەی ئەو ڕۆژانەی نەخۆش دەکەون کەم دەکاتەوە، پێداویستییان بۆ چاودێریی تەندروستی کەم دەکاتەوە، بەرهەمهێنەرییان زیاد دەکات، ئەوانەش لە ئەنجامدا هەموویان توانایی کارکردن دەبەنە سەر و دەبنە هۆی سوودبەخشیی زیاتر بە کۆمپانیا. باشتربوونی ئێرگۆنۆمیک بۆ کارمەندان دەرکەوتووە کە قازانجی کۆمپانیا دەباتە سەر (هەمان سەرچاوە). بۆ وێنە کۆمپانیای ئای.بی.ئێم ١٨٦،٠٠٠ دۆلاری لەسەر ڕاهێنانی ئێرگۆنۆمیک و جێبەجێکردنی زیاتری ئێرگۆنۆمیک سەرف کرد و دیزایی شوێنی کار و زۆر ئامرازی کارکردنی گۆڕی (هێلاندێر و بوریس، ١٩٩٥).

ئەو کارانەی کران بریتی بوون لە باشترکردنی شوێنی کار، باشترکردنی ڕووناکی، کەمکردنەوەی ژاوەژاو، پشتوانیی باشتر لە کارە ڕوتینە قورسەکان. پرۆژەکە ڕێژەی ڕۆژەکانی نەخۆشیی ١٩ لەسەد کەم کردەوە کە ساڵانە ٦٨،٠٠٠ دۆلار قازانجی دروست کرد. هەروەها، گۆڕانکارییەکان بوونە هۆی چوونەسەری بەرهەمهێنەری و باشتربوونی کوالیتی کە ساڵانە ٧،٤٠٠،٠٠٠ دۆلار قازانجی بۆ کۆمپانیاکە دروست کرد. بە واتایەکی تر، سەرمایەگوزارییەکان و گۆڕانکارییەکان لە ژینگەی فیزیکیدا، لە ڕێگەی باشترکردنی تەندروستی و بەرهەمهێنەرییەوە بوونە هۆی قازانج و سوود بۆ کۆمپانیاکە (هەمان سەرچاوە).

## باس و دەرەنجام

وەک دەرەنجامێک بۆ زانیارییەکانمان، و کۆمەڵگایەکی پڕ لە بیرۆکە کە ئینتەرنێت زیاتر هاندەری بووە، دەتوانین بڵێین کە نەخۆشییەکان زیاتر بەرەو سروشتێکی دەروونی کۆمەڵایەتی و سایکۆسۆماتیک دەچن. توێژینەوەی جێمتمانە ئەوەی دەرخستووە کە ئەو کەسانەی هەستی ئەرێنییان هەیە ئەگەری تەندروستییان زیاترە، ڕێژەی وەستانی دڵیان کەمترە و بۆ وێنە کەمتر تووشی سەرمابوون دەبن.



نموونەیەک لە شوێنی کاری تەندروست لەلایەن بی.ڤی.ئێن ئوسترالیا



نووسینگەی تەندروست لەلایەن بی.ڤی.ئێن ئوسترالیا

هەبوونی پەیوەندیی لە نێوان ژینگەیەکی ئەرێنی و تەندروستییەکی جەستەیی باش لە گریمانەوە بووەتەوە ڕاستی و چۆنیەتیی ژیان، شوێنی کار، و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ژینگەی دروستکراو، هەموویان کاریگەریی گەورەیان لەسەر هەستەکان و ئەزموونەکانی ئێمە دەبێت. ئەم هەستانە و ئەم ئەزموونانە لایەنە سەرەکییەکانی پرۆسەی تەندروستین کە دەکرێت بە دیزاینی سەلوتۆجێنیک و هۆکارەکانی دیزاینی دەروونی کۆمەڵایەتی لە ژینگەی دروستکراودا بەهێز بکرێن. هەروەها، کاریگەرترینی ئەم هۆکارانە لە سروشتدا بریتییە لە: پەیوەندیی مرۆڤ و جیهانی سروشتی.

بەربڵاوبوونی نەخۆشییە تەشەنەسێنەکان (NCD) وەک قەڵەوی یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکان کە ڕووبەڕووی پلاندانەر و دیزاینەر دەبێتەوە. کۆمەڵگای بەتەمەن و زیادبوونی ژیانی شاری دوو کێشەی گەورەی دیکەن کە دەکرێت بۆ چارەسەریان کەڵک لە دیزاینی سەلوتۆجێنیک وەربگیرێت بۆ ئەوەی ئاستی ژیان باش بکرێت و هاندەرە ئەرێنییەکان زیاد بکرێن و شێوەژیانێکی چالاکانە بۆ کەسانی بەتەمەن بگیرێتە بەر. ئێمە دەبێت لەسەر دیزاینی داهێنەرانە و پلانی ئیکۆلۆژیکی، سەقامگیر و شاری تەندروستی سەلوتۆجێنیک لە سەرانسەری جیهاندا ئیش بکەین. ئەوە ئەرکی دیزاینەر و پلاندانەرە کە بەهای ئیکۆدیزاین و باشترکردنی تەندروستی بە دیزاینێکی سەلوتۆجێنیک لەسەر بنەمای زانیارییەوە بزانێت.

بەهـای جوانیناسـانەی ژینگـەی دەوروبـەر بەهـای کۆمەڵگاکەمـان دەگوازێتـەوە. شـوێنە جوانـەکان تەنیا هانـدەر نیـن بەڵکو دەرکەوتووە کـە سـەرچاوەی دڵخۆشـین و دڵەڕاوکـێ و سـترێس کـەم دەکەنـەوە. ژینگەیەکـی بـاش دیزاینکـراو دەتوانێـت بـە شـێوەیەکی ئەرێنـی چوارچێـوە کۆمەڵایەتـی، دەروونـی و هەڵسـوکەوتەکانی کۆمەڵـگای ئێمـە پێکبهێنێـت: ئەگـەر لەڕێگـەی ئیکۆدیزاینـەوە سروشـت بهێنینـە نـاو ژینگـەی دروسـتکراوەوە و شـوێنی کارکردنمـان بـە هونـەر و کولتـور پـڕ بکەینـەوە، دەتوانیـن توانایـی میشـکمان لـە زۆر ئاسـتدا وەک ناسـین، تێگەیشـتن، سـۆزداری، حەسانەوە و بەدەسـتهێنانەوەی وزەوە باشـتر بکەیـن.

ڕێبـازی ئیکۆدیزایـن و نژیاروانیـی سـەلوتۆجێنیک، دەبنـە هـۆی شـێوەژیانێکی تەندروسـت و ئـەو کارەش بـە دروسـتکردنی ژینگەیـەک دەکـەن کـە تێیـدا جەخـت کراوەتـەوە لەسـەر هۆکارەکانـی خۆشـبژێوی کـە تەندروسـتی باشـتر دەکـەن و خەونـی بەدیهاتنـی کۆمەڵگایەکـی تەندروسـت دەکەنـە واقیـع. لەبەرچاوگرتنـی زیاتـری بنەماکانـی ئیکۆدیزایـن و نژیاروانیـی سـەلوتۆجینیک دەبێتـە هـۆی نوێکاریـی کۆمەڵایەتـی و گەشـەی ئابووری و ئـەم کارەش لەڕێگـەی ڕێبازێکـی نێـوان بـواری و یەکخسـتنی زانسـتەکانی نژیاروانـی، پزیشـکی، تەندروسـتیی گشـتی، دەروونناسـی، و ئەندازیـاری لەگـەڵ کولتـوور و هونـەر و موزیـک دەکات.

**ڕێبازی ئیکۆدیزاین و نژیاروانیی سەلوتۆجێنیک، دەبنە هۆی شێوەژیانێکی تەندروست و ئەو کارەش بە دروستکردنی ژینگەیەک دەکەن کە تێیدا جەخت کراوەتەوە لەسەر هۆکارەکانی خۆشبژێوی کە تەندروستی باشتر دەکەن و خەونی بەدیهاتنی کۆمەڵگایەکی تەندروست دەکەنە واقیع.**

ململانێـی ئێمـە بـۆ ئەوەیـە کـە بـە دوای بیرۆکـەی داهێنەرانـە و داهاتووبینـدا بیـن کـە نژیاروانـان و پلاندانـەران هـان بـدات بـۆ ئـەوەی بەسـەر داخوازیـی ئابووریـدا زاڵ بـبن. دیزاینـی ئێکـۆ و سـەلوتۆجێنیک دەبێـت وەک ئامرازێکـی زۆر بەسـوود بـە دەسـتی دیزاینەرانـەوە کەڵکـی لـێ وەربگیرێـت» بـە دروسـتکردنی ژینگەیەکـی زۆر سـەلوتۆجێنیک، دەتوانیـن بـاری تێچووەکانـی چاودێریـی تەندروسـتی کـەم بکەینـەوە و ژیانـی زۆر کـەس لەسـەر هەسارەکەمان باشـتر بکەیـن. لەگـەڵ ئـەوەی کـە توێژینـەوەی زانسـتیی زیاتـر لەسـەر پەیوەندیـی نێـوان دیزاینـی ئیکـۆ و سـەلوتۆجێنیک لەگـەڵ تەندروسـتی و خۆشـبژێویمان دەکرێـت، زیاتـر دەردەکەوێـت کـە پێویسـتە توێژینـەوەی زیاتـر بکەیـن و بـەکاری بهێنیـن.

لـە مـاوەی دوو دەیـەدا، زنجیرەیـەک توێژینـەوە لەسـەر دیزایـن بـۆ نووسـینگەکانی کارکـردن، بـۆ چاودێریـی بەسـاڵاچووان، دامەزراوەکانـی چاودێریـی تەندروسـتی لـە ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی ئێمـەدا کـراوە و بـە ڕوونـی ئەوەیـان دەرخسـتووە کـە چـۆن بنەماکانـی دیزاینـی سـەلوتۆجێنیک بـۆ دروسـتکردنی ژینگـە بـۆ کۆمەڵگایەکـی جیهانیـی تەندروسـت بگونجێنرێـن. توێژینـەوە دەریخسـتووە کـە ڕوانگـەی سـەلوتۆجینیک چوارچێوەیەکـی

تیۆریـک بـۆ دیزاینـی ژینگەکانمـان دروسـت دەکات کـە دەبێتـە هـۆی هانـدان، سـەرقاڵ کـردن و باشـترکردنی هەسـتی هاسـۆزی و لـە ئاکامیشـدا بەهێزبوونـی سـتراتیجییەکان هەڵکـردن و باشـترکردنی تەندروسـتی.

بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو بنەمایانـەی دیزایـن، پێویسـتە کـە سـەرجەم ڕێکخـراوە، حکومەتـی و سیاسـەتدانەران لـە واتـای ئیکۆدیزایـن بـە ڕوانگەیەکـی سـەلوتۆجێنیک تێبگـەن. زانیـاری لەسـەر ئـەوەی کـە چ هۆکارێکـی ژینگەیـی دەبێتـە هـۆی تەندروسـتی و خۆشـبژێوی، دەتوانێـت ڕێنیشـاندەری بڕیـارە سیاسـییەکان بێـت. لـە پڕۆسـەی بڕیاردانـدا گرینگـە کـە ڕوانگەیەکـی نێـوان بـواری هەبێـت کـە تاکـەکان بـە پاشـخان و زانیاریـی جیاجیـاوە پێکـەوە لـەم بـوارەدا کار بکـەن ئـەو کەسـانە دەکرێـت دەروونناسـەکان، نژیاروانـەکان، نژیاروانـی بەرجەوەنـد، دکتـۆرەکان، زانایانـی هەڵسـوکەت، ئەندازیـاران و پسـپۆڕانی تەندروسـتی بـن.



ئیکۆدیزاین کە دەبێتە هۆی باشترکردنی تەندروستی لە شوێنی کارکردندا

خۆشـبەختانە تـا دێـت بەکارهێنانـی ڕوانگـەی نێـوان بـواری وەک سـتراتیجیی سـەرەکیی زیاتـر پـەرە دەسـتێنێت (بێـری، ٢٠٠٧). بـۆ وێنـە، کەرتـی تەکنۆلۆژیی ئینتەرنێـت کۆمەڵناس، مرۆڤنـاس و دەروونناسـەکان دادەمەزرێنێت بـۆ ئـەوەی توێژینـەوە لەسـەر ئـەوە بکـەن کـە چـۆن بەرهەمێـک لـە کولتـووری جیـاوازدا کەڵکـی لـێ وەربگیرێـت. قازانجـی ڕوانگـەی نێـوان بـواری بـۆ کارکـردن، لەوانەیـە چۆنیەتیـی بیرکردنەوەمـان بگـۆڕێـت و لەوانەیـە توێژینـەوە و داهێنـان زۆر دێمۆکراتیـک و گشـتگیر بـکات (هەمـان سـەرچاوە).

بڕیاردەران دەبێت لە کاتی دروستکردنی بینادا ئەم فاکتەرانە لەبەر چاو بگرن: ڕووناکیی باش؛ ڕاکێشانی سەرنج بۆ شتی ئەرێنی؛ دەستڕاگەیشتن بە ڕووناکیی ڕۆژ و/یان سروشت، هونەر، شتی هێماییین و ڕۆحی. هۆکاری دیکە کە دەبێت لەبەر چاو بگیرێن بریتین لە پێویستیی تاک بۆ کۆنترۆڵی ڕووناکی، ژاوەژاو، پلەی گەرمیی ژوورەوە، توانایی ئەوەی کە بە دوای پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا بگەڕێن یان تەنیا بن. هەروەها ئەوە گرینگە کە فەزای ڕاکێشەر دروست بکرێت بۆ ئەوەی هەڵسوکەوت و پشتیوانیی کۆمەڵایەتی ئاسان بکرێتەوە و هاوکات شوێنی حەسانەوەی ژیانی تایبەتیش ببێت. بۆ ئەوەی خەڵک هان بدرێت کە شێوەژیانیان بگۆڕن، پێویستە پێشنیاری ئەو چالاکییانەیان پێ بکرێت کە بڕوابەخۆیی و لێهاتووییان زیاد دەکەن. ئەوە دەتوانێت بەشێکی لە ڕێگەی بەشداری لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەدی بێت.

بە کورتی توێژینەوەکانمان تیشک دەخەنە سەر دیزاینی سەلوتۆجێنیک کە دەتوانێت شارەکان و ژینگەی دەوروبەر و ژێرخانەکانمان بە شێوەیەک دروست بکات کە ببێتە هۆی باشتربوونی تەندروستی، خۆشبژێوی و زیادبوونی بەرهەمهێنەری و قازانج. دووهەم، ئەوەمان پێشان دا کە پێویستە توێژینەوەی ئەزموونی زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی قازانجەکانی ئیکۆدیزاین و ژینگەی سەلوتۆجێنیک دەربخرێت و پشتڕاست بکرێتەوە. سێهەم، ئێمە کەسانی خاوەن بڕیار هان دەدەین بۆ ئەوەی ئیکۆدیزاین و دیزاینی سەلوتۆجێنیک جێبەجێ بکەن کە لە ئاکامدا تەندروستی و خۆشبژێری باشتر دەکات.

لە کۆتاییدا، دیزاینی سەلوتۆجێنیک هێشتا زۆر ساوایە. هێشتا شاری تەواو سەلوتۆجێنیک بوونی نییە و هەموو کەڵکەکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک هێشتا جێبەجێ نەکراون. دەتوانین هەندێک لەو بنەمایانە لە ژینگەی دروستکراودا ببینین بەڵام بە تەواوەتی و بەپێی ئەزموونی نووسەران تا ئێستا ئەو شتە بەدی نەهاتووە. هێشتا زۆر کاری تیۆریک، توێژینەوەی تەکنیکاڵ و داهێنان، توێژینەوەی ژینگەیی و ڕاڤەی دیزاین دەبێت بکرێت و تاقی بکرێتەوە بەر لەوەی کە ئێمە ژینگەیەکمان بێت تەواو سەلوتۆجێنیک بێت.

پێویستە هەموومان ئەم گەڕانە مەزنەی سەردەم درێژە بدەین. ئەوە گرینگترین پرسیاری زانستیی شارستانێتیی مۆدێرن واتە «کۆمەڵگای گووگڵ»ە. ئێمە تەندروستی و کوالیتیی ژیانمان چەندە لە سەردەمە کۆنەکان جیاوازە؟ چۆن باری ئەو نەخۆشییانە کەم بکەینەوە کە بە هۆی شێوازی ژیانەوە دروست دەبن و چۆن ژینگەی ژێرخانەکان دروست بکەین کە تەندروستی خەڵکی جیهان باشتر بێت؟ ئەم توێژینەوەیە بیرۆکە سەرەکییەکان و پرسیارەکان کە دەبێت زیاتر لە توێژینەوەی داهاتوودا کاریان لەسەر بکرێت پێکدەهێنێت و گرینگترین توێژینەوەی نێوان بواری کە دەبێت لە داهاتوودا پەرەی پێ بدرێت و خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات، ڕوون دەکاتەوە. گەڕان بۆ کەڵکی دیزاینی سەلوتۆجێنیک بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستی جیهانی درێژەی دەبێت!

**«ئەو گۆڕانکارییە بە کە حەز دەکەیت لە جیهاندا ببینیت.»** مەهاتما گاندی

## ٢. توێژینەوە لەسەر چاودێریی بەساڵاچووان

لە ساڵانی خوێندنی لە ئیتالیا و دواتر لە ماوەی دروستکردنی پیشەکەی لە سوید، ئالان زیاتر لەسەر دیزاینی نەخۆشخانە کاری کرد و کاریگەری لەسەر سیستمی تەندروستی دانا. ئەو خاڵانەی دیکەش کە هاوکات کاری لەسەر کردن ئەمانە بوون: چاودێریی بەساڵاچووان، زیندانەکان و دیزاینی شوێنی کارکردن. کاتێک کە ئەو چەمکی دیزاینی سەلوتۆجێنیکی داهێنا، درێژەی دا بە توێژینەوە و بەکارهێنانی ئەم بنەمایانە لە بوارەکانی دیکەدا.
بە هەبوونی ئەزموونی ڕاستەوخۆ لە چارەسەریی نەخۆشیی بەتەمەنەکان و ئەوەی کە چەندین ساڵ پێشتر بەسەر دایەگەورەی ساتوو هاتبوو، ئالان بڕیاری دا کە لە چاودێریی تەندروستیدا گۆڕانکاری بکات. بۆ ساڵانێک ئەو وەک پرۆفیسۆرێک سەردانی زانکۆی فلۆرێنسی کردبوو لە ئیتالیا و لەگەڵ توێژەری پێشەنگ دوکتور جان زیسێل کاری کردبوو. ئەو بوارەی کە زیسێل کاری لەسەر کردووە و لە جیهانیشدا بەو هۆیەوە دەناسرێت و ڕێزی لێ دەگیرێت نەخۆشیی ئەلزایمێر و پێشنیارەکانیەتی بۆ چاودێریی لەو کەسانەی ئەو نەخۆشییەیان هەیە. ئالان کاتێکی زۆری لەگەڵ ئەو تێپەڕ کرد. وەک نژیاروان دەورێکی گرینگی گێڕا بۆ ئەوەی لە نەخۆشخانەکاندا بە باشترین شێوە چاودێریی نەخۆش بکرێت. هەروەها دەکرێت بنەماکانی سەلوتۆجێنیک بۆ چادێریی بەتەمەنەکان، بەکاربێت و ئاستی ژیانیان باشتر بکات و ڕاهێنان بەو کەسانە بکرێت کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەو ناوەندانە دەمێننەوە.
توێژینەوەکەی ئالان بە ناوی باشترکردنی تەندروستی لە ڕێگەی دیزاین لە ناوەندەکانی چاودێریی بەساڵاچووان، ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن ناوەندی دیزاین و توێژینەوە لە کارۆلینسکا بڵاو کرایەوە. لێرەدا هەندێک بڕگە لەو توێژینەوانە دەهێنین.

## زۆربوونی ژمارەی بەتەمەنەکان

ژمارەی کەسانی بەتەمەن بە شێوەیەکی بەرچاو و خێرا لە سوید، ئەوروپا و ئەمریکای باکوور لە هەڵکشاندایە و داواکاری بۆ چاودێریی تەندروستی بۆ ئەو بەشە گەورەیەی کۆمەڵگا ڕوو لە زیادبوونە. هاوکات هەڵوێستەکان و ڕوانگەکانیش لەسەر بەتەمەنی لە گۆڕاندان.

بەرەیەکی خوێندەوار و هۆشیار بە ڕوانگەی نوێوە بەڕێوەن. کۆمەڵگای پێشکەوتووی ڕۆژئاوا هەلی ئابووریی گەورەتری بۆ ژیانێکی چالاک و دەوڵەمەند بۆ ئەو کەسانە ڕەخساندووە کە بەرەو پیری دەچن. ئەو پێشکەوتنانە داواکاری بۆ گۆڕانکاری لە چارەسەری پزیشکی و ژینگە فیزیکییەکان بۆ بەتەنەمەکان دروست کردووە. کێشەیەکی دیکە لە چاودێریی بەساڵاچووواندا ڕێژەی بەرزی نەخۆشییە پەیوەندیدارەکان بە ئامادەنەبوونی کارمەندانی چاودێریی تەندروستی و هەروەها کەمیی هێزی کارە. ژینگەیەکی باش دیزاینکراو، دەتوانێت شوێنێکی کاری پاڵپشت بخوڵقێنت و کارمەندانی ڕاهاتوو ڕابکێشێت و کارمەندان بۆ چالاکیی تەندروستانە هان بدات.

سەرچاوەکانی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و چاودێری بۆ کەسانی بەتەمەن، ئێستا بەس نییە و لە سوید کەموکوڕی هەیە. هەر بۆیە، شێوازی نوێ بۆ بردنەسەری لێهاتوویی و کوالیتیی کۆنتڕۆڵ دەبێت پەرە بدرێن. ڕاپۆرتێک لەسەر دۆخی هەنووکە لە بەڕێوەبەرایەتیی نەتەوەیی سوید بۆ تەندروستی و ئاسایش هەلومەرجەکە بە کێشەدار ناو دەبات. زۆر ئاستەنگی لە دامەزراندن و ڕاگرتنی ستافێکی باش دەستنیشان کراون و ئاستی بەرزی نەخۆشیی ئامادەنەبوون لەسەر کار ئاماژەی پێکراوە. سەختە ئەنجامەکانی ئەم هەلومەرجە بەراورد بکرێت بەڵام بەڕێوەبەرایەتیی نەتەوەیی تەندروستی و ئاسایش هۆشداری داوە کە ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییەکی قورسیان لەسەر ئەو کەسانە دەبێت کە تەمەنیان کەمە و سەرچاوەی کەمیان لەبەر دەستدایە.




باشترکردنی تەندروستی لەڕێگەی دیزاینەوە بۆ کەسانی بەتەمەن

چەمکی بنەڕەتیی ئەو توێژینەوەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا لە لایەن ئالانەوە کراوە، ئەوەیە کە پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ بۆ کەسانی بەتەمەن لە ڕێگەی دیزاینی شوێنەکانەوە کە تەندروستی و خۆشبژێوی دەبەنە سەر بەدی بێت. ئەم بەهایانە دەکرێت لە ڕێگەی دیزاینێکی هۆشیارانەی ژینگەی فیزیکییەوە بەپشتبەستن بە ئەزموونی کارمەندان، ئەندامانی بنەماڵە و بەتەمەنەکان بەدی بێن. ئامانجێکی توێژینەوەکە شیکاریی باشتربوونی تەندروستی بووە بە یارمەتیی شوێنە دیزاینکراوەکان بۆ بەتەمەنەکان بۆ ئەوەی لە پلاندانانی داهاتوودا کەڵک لەم زانیارییە وەربگیرێت. ناوەندەکانی چاودێریی بەتەمەنەکان شوێنی ژیانی بەتەمەنەکان و هەروەها شوێنی کارکردنی کارمەندانی ئەو شوێنانەیە. هەر بۆیە پێویستە کە باشترکردنی شوێنەکان هاوکات بۆ هەردوو گرووپ بێت.

## ئەزموونی ئالان لەگەڵ سیستمی فینلاندیی چاودێریی بەتەمەنەکان

ئالان بۆخۆی ئەو ئەزموونەی بووە کە ئەو کەسانەی لە تەمەنی پیریدا چالاکن لەو ساڵانەی ژیانیاندا باشتر دەتوانن لەگەڵ هەلومەرج بگونجێن. کاتێک کە ئەو چەند ساڵ پێشووتر لەگەڵ دایەگەورەی ساتو کاتی بەسەر بردبوو، بۆی دەرکەوتبوو کە کەسانی بەتەمەن دەتوانن ژیانێکی پڕبەریان ببێت. ئەو نموونەیەکی دەروشاوە بوو. ئالان لە ساڵانی دوای هەشتادا ئاگاداری ژیانی خزمەکەیان بوو. ئەو١٠١ ساڵ ژیا. ئەو هەروەها ئاگای لە مەرگی دڵتەزێن و کۆتاییە سەختەکانی ژیانی بوو.

ئەڵماس حیشمەتی هاوکاری وتی «ئالان هەمیشە کەسێکی مێهرەبان بووە بەرامبەر بە کەسانی بەتەمەن، ڕەنگە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نەیتوانیوە لە کاتی پیریدا لەلای دایک و باوکی خۆی بێت. ئەو ڕێزیان بۆ دادەنێت، گوێیان لێ دەگرێت، و کاتی باشیان لەگەڵ بەسەر دەبات.»



پرۆفیسۆر ئەڵماس حێشمەتی
لە سەمپۆزیۆمی دیزاین و
تەندروستی لە سەنگاپوور

تـا تەمەنێـک، دایەگـەورەی سـاتو بـە تەنیـا دەژیـا، بـەڵام دەیتوانـی لەگـەڵ هاورێـکان و بنەماڵـەی بـە تەلەفۆنێـک کـە ژمارەکانـی بـە گەورەیـی لەسـەر نووسرابـوون، پەیوەنـدی بگرێـت. لـەو کاتـەدا، ئـەو ئامێـرە زۆر لـە فینلانـد بـە کار نەدەهـات. کاتێـک ئـەو خانەنشـین بـوو، ئـەو نەتەنیـا دەسـتی کـرد بـە نیگارکێشـی و پەیکەرسـازی، بەڵکـوو بەشـداری لـە چالاکییـە کولتـووری و هونەرییەکانیشـدا دەکـرد. لـە ڕێگـەی ئـەو چالاکییانـەوە، مێشـکی زۆر چالاک هێشـتبۆوە. لـە تەمەنـی هەشـتاد و حـەوت ساڵیدا، یەکـەم پیشـانگەی هونـەری دانـا. ئـەو ژنـە سەرنجڕاکێشـە، سـەرجەم کارە هونەرییەکانـی پیشـانگاکەی بەرهەمـی خـۆی بـوون و توانـی نمایشـیان بـکات.
سـەرەنجام، لەگـەڵ تێچکوونـی تەندروسـتی، پێویسـت بـوو کـە بچێتـە نەخۆشـخانەیەکی فریاکەوتنـی خێـرا چونکـە لـە شـوێنی چاودێریـی بەسـاڵاچووندا جێگـەی نەبـوو. ئـەوەی کـە لـە سـکاندیناڤیا بـە «چارەسـەی کۆتایـی پزیشـکی،» ناسراوە فۆرمێکـی بەربـڵاوە لـە چاودێریـی خەڵـک لـە دوا قۆناغەکانـی تەمەنـدا. لـە وەهـا چارەسـەرێکدا، کەسـی بەتەمـەن بـە باشـی خواردنـی پێنادرێـت و چارەسـەری پزیشـکیی پێویسـتی نییـە. ئـەو کەسـانە کەمتریـن بایەخیـان پێدەدرێـت، ئـەوەش بـۆ ئەوەیـە کـە پێیانوایـە زووتـر بمـرن باشـترە. ڕاسـتییەکی ناخـۆش ئەوەیـە کـە زۆر کـەس بـە هـۆی کەمیـی چاودێریـی پزیشـکیی شـیاو لـە کۆتایـی ژیانیانـدا دەمـرن. دایەگـەورەی سـاتوو لـە تەمەنـی ١٠١ ساڵیدا و دوای شـەش مانـگ ژیـان لـە بەشـی فریاکەوتـن مـرد.



دایەگەورەی ساتوو لە بەشی فریاکەوتن، لەگەڵ منداڵەکانی ئالان، جەژنی لەدایکبوونی سەد ساڵی

## سەرەتاکانی چاودێریی بەساڵاچووان لە سوید

کاتێک ئالان لە ساڵی ٢٠٠٢دا، گەڕایەوە بۆ پارکی زانستی نۆڤوم لە دامەزراوەی کارۆلینسکا، بەرنامەیەکی زۆر داهێنەرانەی لەسەر چادێریی بەساڵاچووان پێشکەش بەحکومەتی سوید کرد. ئەوان هاوڕا بوون کە بە بڕی پێنج ملیۆن کرۆنی سویدی پشتیوانی لەم پرۆژەیە بکەن. ئالان ئەو پشتیوانییەی بۆ پەرەدانی بەرنامەکەی بە کار هێنا.

بیرۆکەی ئەو پێشکەشکردنی چەند وۆرکشاپ بوو لەگەڵ شارەوانی بۆ ئەوەی ڕوانگەیەکی ڕوونتر لەسەر چاودێریی بەساڵاچووان پەرە بدات، و بنەماکانی سەلوتۆجێنیک بۆ دیزاینێکی تەندروست لەبەر چاو بگیرێت. ئالان پێداگر بوو کە دیزاینێکی تەندروست دەبێت لەسەر بنەمایەکی فەلسەفیی تایبەت بێت بۆ کەسانی بەتەمەن. دوکتور جان زایسێل کتێبێکی لەسەر ئەلزایمێر بڵاو کردەوە و پێکەوە باسیان لەوە کرد کە چۆن کار بۆ چادێریی بەتەمەنەکان وەک لایەنێکی چاودێریی تەندروستی بکرێت کە لە جیهاندا زیاتر هەست بە پێویستبوونی دەکرێت.

هەر لە سەرەتاوە، کاتێک ئالان ناوەندی توێژینەوە بۆ دیزاین و تەندروستی لە کارۆلینسکا دامەزراند، تەئکیدی لەسەر دانانی ئەو پرۆگرامە بۆ چاودێریی بەتەمەنەکان کردەوە، وەک لایەنێکی گرینگ باسی لێ کرد کە بەپێی پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە.

توێژەرەیێکی پۆست دوکتورا لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا هاتە ناو تیمەکەی. ئەکادیمی زانست پشتگیریی ناوەندەکەی ئالانی کرد بە تایبەت ئەوان حەزیان بە پەرەدانی توێژینەوە لەسەر چاودێریی بەساڵاچووان بوو. ئێستا و لە بیست ساڵی ڕابردوودا، توێژینەوە لە نێوان کۆریا، سوید، و کەنەدا کراون و چەندین بڵاوکراوە لەسەر چاودێریی بەتەمەنەکان بڵاو کراونەتەوە. یەکێک لە سەرەکیترین بەرنامەکانی توێژینەوە لەم بوارەدا لە ناوچەی ستۆکهۆڵم پەرەی پێدرا. دەستکەوتەکانی وەک پەیڕەوێکی داهاتوو بۆ باشترکرنی ژینگەکانی ئیستای چاودێریی بەتەمەنەکان و پلانێک بۆ چاودێریی بەتەمەنەکان لە داهاتوودا لە سوید سەیر کرا.

## مۆدێلی سەلوتۆجێنیک بۆ چاودێریی بەتەمەنەکان

توێژینەوە لەسەر پیری وەک دیاردەیەک بەگشتی جەخت دەکاتەوە لەسەر کێشە پەیوەندیدارەکان بە پیری لە جیاتی وەسفکردنی پیرییەکی سەرکەوتوو و باش. هاوەردیی ئالان و شارەزایی ئەو لە دیزایندا و بنەماکانی سەلتۆجێنیک بناخەیەکی دەوڵەمەندی زانیاریبەخشیان دروست کرد کە ئەو هێنابوویە بواری تایبەتیی چاودێریی تەندروستییەوە. دروستکردنی باشترین هەلومەرجەکان بۆ تەندروستی و ژیانێکی باش لە تەمەنی پیریدا پێویستی بە دەستراگەیشتن بە زنجیرەیەک دامەزراوە هەیە کە لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنی پیریدا پێویستن و هەندێک تایبەتمەندیی دیکە کە بە تایبەت بە هۆی بیرچوونەوە پێویست دەبن.

## هەلومەرجەکان بۆ باشترین ژیان لە تەمەنی پیریدا

بەپێی ڕوانگەی ئالان، «دەبێت بەتەمەنەکان دەستیان بە ژیانێکی چالاک ڕابگات، دڵنیا بن لەوەی کە کەسی بەتەمەن بەپێی پێویست پاڵنەری هەیە و هاندراوە بۆ ئەوەی کە چالاکی جەستەیی ببێت و لە

کاروباری ڕۆژانـەدا بەشـداری دەکات. هەروەهـا پێویسـتە بەتەمەنـەکان ژیانیکـی بیرمەندانەیـان ببێـت، بـۆ ئـەوەی ژیانـی دەروونییـان لـە ڕێگـەی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە پـڕ بکەنـەوە، هەروەهـا دڵنیـا بـن لـەوەی کـە لـە چالاکییـە کولتـووری و ڕۆشـنبیرییەکاندا وەک سـەماکردن، گۆرانـی وتـن و گرووپەکانـی وتووێـژدا بەشـدار دەبـن. هەروەهـا ژیانێکـی پڕئاسـوودەییان ببێـت و ئاگاداریـی پێداویسـتییە جەسـتەییەکان و حەسـانەوەیان بـن، بۆیـە پیـرەکان دەبێـت بڕیـاری ئارامـی و بێدەنگیشـیان لەبـەر دەسـتدا بێـت.

«لـە ڕاسـتیدا، کەسـانی بەتەمـەن، دەبێـت دەسـتیان بـە هـەردوو ژیانـی چـالاک و بیرمەندانـە ڕابگات. ئەمـەش واتـا چالاکیـی کولتوورییـان ببێـت.» ئـالان ڕوونـی دەکاتـەوە «بـەم هۆیـە ئێمـە مۆدێلێکیـمان لـە نیشـتەجێکردنی کەسـانی بەتەمـەن دیزایـن کـرد. بـەم دیزاینـە، بەتەمەنـەکان هەسـت دەکـەن لـە ژیانیـان ئامانـج و واتـا، ئارامـی و ئـازادی و سـەربەخۆیی تێدایـە. بەپێـی بنەماکانـی سـەلوتۆجێنیک، جەختـمان لەسـەر گۆڕانکارییـەک لـە چارەسـەری دەرمـان بـۆ چارەسـەری نادەرمانـی کـردەوە: بـە باشـترکردنی ژیانـی بەتەمەنـەکان بـە چالاکیـی هاندەرانـە، بۆمـان دەرکـەوت کـە دەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی پێویسـتی بـە دەرمـان، لـە کاتێکـدا هێزێکـی زیاتـر دەبەخشـێتە بەتەمەنـەکان لـە ژیانیانـدا و بـە داهاتـوو هیواداریـان دەکات.

«زۆر شـت هـەن کـە ئێمـە هێنامانـن بـۆ ئـەوەی ئـەو گۆڕانکارییـە بکەیـن. یەکێـک لـەو کارانـە بـۆ قەرەبـووی ئەرکـە کارداریيـەکان بـوو. ئـەو شـتانەی تـر کـە کارمـان لەسـەر کـردن، ئەمانـە بـوون: ۱) قەرەبووکردنـەوەی چارەسـەری دەرمانـی، ۲) پشـتگیری و زیادکردنـی چالاکییـە تەندروسـتەکان، و ۳) دابینکردنـی فـەزا بـۆ ئەزموونـی کوالیتیـی ژینگـە. لـە هەندێـک فـەزادا کـە ئێمـە دروسـتمان کـردن هیـچ ڕێڕەوێـک نەبـوو. خەڵـک شـوێنەیەکیان هەبـوو و هـاوکات ئـەو بژاردەیـان بـوو کـە لـە دەرەوە کات بەسـەر ببـەن. ئـەوە لـە ڕاسـتیدا باشـترین مۆدێـل بـوو. هەندێـک نموونـەی وا لـە سـکاندیناڤیا هـەن بـەڵام ئـەم مۆدێلـە زۆر کارایـە. دواتـر ژاپۆنییـەکان ئـەم مۆدێلەیـان بـە باشـی کۆپـی کـرد و لـە وڵاتەکـەی خۆیـان بـە کاریـان هێنـا.»

تایبەتمەندییەکـی گرینگـی تـری ئـەو مۆدێلـە لایەنـی ڕەخساندنی شـوێنی حەسـانەوە بـوو. «سـەیری ئەوەمـان کرد کـە چـۆن دەکرێـت چالاکیـی کەسـانی بەتەمـەن بپێویـن و ئەوەمـان بـۆ دەرکـەوت کـە چالاکیـی فیزیکـی دەبێتـە هـۆی ورووژانـی مێشـک. بـۆ وێنـە، سـەماکردن زۆر باشـە. کەواتـە، هـەر دوو ڕۆژ، جارێـک کارمەنـدان دەچـن بـۆ لای نەخۆشـەکانیان و سـەمایان لەگـەڵ دەکـەن. لـە دیزاینـی ئێمـە بـۆ چاودێریـی بەتەمەنـەکان، پێویسـتیی بەشـداریی کۆمەڵایەتـی و هاندرانـی کولتـووری و دەروونیشـمان لەبـەر چـاو گرتبـوو. شـوێنێکیش دیـاری کـرا بـۆ ئـەوەی لـە کاتـی پێویسـتدا بچـن لێـی بحەسـێنەوە. ئـەوە دەتوانێـت دەرەوە بێـت. شـوێنی حەسـانەوە، گشـتگیری و ئاسـایش سـێ بنەمـای پاڵنـەر بـوون بـۆ کارکردنـی لەگـەڵ کەسـانی بەتەمـەن.

## یارمەتی وەرگرتن لە کەسانی خاوەنڕا

«ئێمـە کەسـانی خاوەنڕامـان هەبـوون کـە هاتبـوون بـۆ لامـان و حەزیـان بـە دیزاینـی دامـەزراوەکان بـۆ کەسـانی بەتەمـەن دەکـرد. بۆیـە ئێمـە ئەوانمـان ڕاهێنـا لەسـەر ئـەوەی کـە چـۆن ئـەو زانسـتە بـە کار بهێنـن و باشـترین شـوێنی چاودێریـی بەتەمەنـەکان دروسـت بکـەن. هەرچەنـد لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، ئـەو کارە نەکرابـوو. مـن سـەردانی چەندیـن شـوێنی چاودێریـی بەتەمەنەکانـم لـە وڵاتانـی ئوسـترالیا، کەنـەدا، ئەمریـکا،

ژاپۆن، کۆریا و هۆنگ کۆنگ کردبوو. لە هەموو ئەو وڵاتانەدا، و تەنانەت لە سکاندیناڤیا و هۆڵەندا، کەسم نەبینی کە بە زانستێکی نێوان بواری لەسەر تەندروستیی بەتەمەنەکان کاری دیزاین و نژیاروانی بکات. کەس نەیدەزانی کە چۆن کەڵک لەو زانستە وەربگرێت. ئێمە لە بیست ساڵ توێژینەوەدا بە ڕوانگەیەکی نێوان بوارییەوە ئەو کارەمان کرد و یارمەتیی زۆر کەسمان دا لە سەرانسەری جیهان.»

## وۆرکشاپی دواتر

ناوەندێکی چاودێری کە ئالان کاری لەسەر کردبوو دوو ئەرکی سەرەکی هەبوون: یەکیان وەک ژینگەیەکی ژیان بۆ نیشتەجێبوون و یەکێکی تر ژینگەی کار بۆ ستافی چاودێریی تەندروستی. توێژینەوەکەی لەسەر دۆخی ژیان و شوێنی ژیان بۆ کەسانی بەتەمەن و هاوکات شوێنی کارکردن بۆ ستافی چاودێریی تەندروستی لە ناوەندەکانی چاودێریی بەتەمەنەکان ڕێبازێکی ئاوێتەی بە کار هێنا کە لەسەر بنەمای مۆدێلی «ورۆکشاپی داهاتوو» لەلایەن توێژەرانی ئاڵمانی لە ساڵانی ۱۹۷۰دا پەرە درا و مۆدێلێک بوو تایبەت بە چارەسەری کێشە بە شێوەی گروپ و دیدێکی داهێنەرانەی پلاندانەرانە. زۆربەی ئەو شتەی کە ئەو لە توێژینەوەکەی و کاری دیزاینەکەیدا بۆ بەتەمەنەکان پێشکەشی کرد، ئێستا ددانی پێدانراوە و لە زۆر بەشی دنیادا کاری پێدەکرێت.

توێژینەوەکە ساڵی ۲۰۰٤ لە خانەی پەرەستاریی وۆربێری لە ستۆکهۆڵم ئەنجام درا. ئەو کەسانەی توێژینەوەیان لەسەر کرا لە سی کەس پێکدەهاتن کە لە ناویاندا هەم نەخۆش و هەم کارمەندی تێدابوون. پرسیارنامەیەک کە درا بە کارمەندان لەخۆگری پێوەرە سوبجێکتیڤەکانی تەندروستی بە یارمەتیی پێوانەی تەبایی هەستەکان بوو، کە نوانەیەکی پزیشکییە و بەشێک لە پرسیارەکان کە لەلایەن نووسەرانەوە دابین کرابوون تایبەت بوون بە ئەزموونیان لە ژینگەی فیزیکیدا. پێداویستییە تایبەت و بنەڕەتییەکانی دیزاین بۆ ژیانێکی تەندروست و شوێنی کارکردن لە ناوەندەکانی چاودێریی بەتەمەنەکان دەستنیشان و پێشنیار کران.

## دوو ئەرکی سەرەکیی دیزاین

ناوەندەکانی چاودێریی بەتەمەنەکان دوو ئەرکیی سەرەکییان هەیە، یەکیان ئەوەی کە وەک شوێنی ژیانی دانیشتوانە و شوێنی کارکردنی کارمەندەکانی چاودێریشە. ئەو دوو ئەرکە داواکاریی ئاڵۆز لەسەر تایبەتمەندیی ژینگەی فیزیکی بە دوای خۆیاندا دەهێنن. شوێنێکی هاوشێوەی ماڵ کە تەندروستی باشتر بکات، ڕەزایەتی گشتی و پشتیوانی لە توانایی کەمی بە تەمەنەکان بکات. هەروەها شوێنێک کە بۆ کارکردن دەبێت هەندێک تایبەتمەندی خۆی ببێت کە لەوانەیە لەگەڵ باشترین پێوەرەکان بۆ شوێنی ژیانکردن دژایەتییان هەبێت.

دروستکردنی باشترین دۆخ بۆ تەندروستی و ژیانێکی باش لە تەمەنی پیریدا پێویستی بە دەستڕاگەیشتن بەم شتانە هەیە:

شوێنی چالاکی– بۆ ئەوەی بتوانن کار بکەن بەشداری لە ژینگەیەکی بەرهەمهێنەردا بکەن، بۆ ئەوەی دڵنیایی ئەوە ببێت کە کەسانی بەتەمەن بەپێی پێویست هان دەدرێن بۆ ئەوەی ژیانێکی چالاک و چالاکی جەستەییان ببێت یان ئەوەی بەشداری لە کاری گروپیدا بکەن.

شوێنی ڕۆشنبیری- بۆ دەوڵەمەندکردنی ژیانی دەروونی لە ڕێگەی چالاکییە کولتوورییەکانەوە، و ئارخەیانکردنی کەسی بەتەمەن کە هەڵی ئەوەی دەبێت لە چالاکییە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکانی وەک سەماکردن، گۆرانی وتن، گروپەکانی وتووێژ و سەردانی مۆزەخانە و کۆنسێرتەکاندا بەشداری بکات.

شوێنی حەسانەوە- بۆ چاودێریی پێداویستییە فیزیکییەکان بۆ حەسانەوە و هەستانەوە و ئارخەیانکردنی کەسی بەتەمەن کە دەتوانێت لە شوێنێکی ئارامدا بحەسێتەوە.



بەڕێوەبردنی وۆرکشاپی داهاتوو لەگەڵ کارمەندانی چاودێریی بەتەمەنەکان لە ستۆکهۆڵم



کەسانی بەتەمەن سەرقاڵی چالاکییەکی پیشە دەستییەکانن



کەسانی بەتەمەن لە چالاکییەکی ڕۆشنبیرانە کە لەگەڵ کارمەندان و
سەردانیکەرانیش سەما دەکەن

تێگەیشتنی کەسەکان لە دەوروبەر پەیوەندی بە هەستەکان و تواناییە مێشکییەکانی کەسەکە هەیە. ژینگەی فیزیکیی سروشتی کاریگەری لەسەر کەسە بەتەمەنەکان دادەنێت. بینایی کز، لەدەستدانی یادەوەری و کەمیی توانایی چڕبوونەوە لە هەندێک قۆناغی پیریدا باون.

**پێداویستییەکان بۆ تووشبوانی نەخۆشیی بیرچوونەوە**

نارێکیی بیرچوونەوە هەندێک ئاستەنگی تایبەت دروست دەکات کە پەیوەندییان بە ژینگەی فیزیکییەوە هەیە. هەستکردنی فەزا، توانایی ڕێگەدۆزینەوە، سەختیی پێواژۆکردنی زانیاریی دەوروبەر وکەمبوونەوەی توانایی ناسینەوە هەندێک نموونەن. توانایی لەدەستچووی تێگەیشتن لە دەوروبەر، هەستی نائەمنی دروست دەکات کە کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی دادەنێت و لەوانەیە ببێتە هۆی سترێس و خەمۆکی.





شوێنێک بۆ حەسانەوە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی





ژوورەکەم ماڵی منە

## شوێنی ژیان

شـوێنی ژیانـی ڕۆژانـە بـۆ کەسـانی بەتەمـەن زۆر گرینگـە و دەبێـت بـە شـێوەیەک دیزایـن بکرێـت کـە وەڵامـدەری پێداویسـتییەکانی ئـەوان بێـت چونکـە ئـەوان بـە سـەختی لـە شـوێنی دەوروبەرییـان تێدەگـەن. مـاڵ دەبێـت وەک فەزایـەک بێـت کـە هەمـووی بـە سـەریەکەوە بێـت و بتوانیـت بەڕێـوەی ببەیـت. لـە تێڕوانینێکـی قووڵـتردا مـاڵ بەهایەکـی هێمایـی هەیـە. کەلوپەلـەکان و شـتە تاکەکەسـییەکان قۆناغەکانـی ژیانـی ڕابـردووی کەسـەکانمان بیـر دەخەنـەوە. لـە سـاڵانی کۆتایـی بەتەمەنیـدا، یادگارییـەکان بەهایەکـی گەورەیـان هەیـە و ئـەم کەلوپەلانـە زیاتـر بەنـرخ دەکـەن.



شوێنێک بۆ دەست پێگرتن بە مەبەستی پاڵپشتی کە لە لایەن تیمەکەمان پەرەدراوە بۆ ئەوەی ئاسایش و جموجۆڵ بۆ بەتەمەنەکان دابین بکرێت

شـوێنێکی ئەمـن و ئـارام تەنیـا شـوێنێک نییـە بـۆ پشـوودان بەڵکوو سـتراتیجییەکە کـە زۆربـەی توانایيـە کەمەکانی کەسـە بەتەمەنـەکان بـە نەخۆشـیی بیرچوونـەوە لەبـەر چـاو دەگرێـت. شـوێنێکی هاوشـێوەی مـاڵ، ئەرکێکـی چارەسـەری هەیـە و دانیشـتووان بەهێـز دەکات و نەخۆشـییەکانی مێشـک دوا دەخـات. بەپێـی ئێریکسـۆن، شـوێنێکی هاوشـێوەی مـاڵ بـۆ کەسـانی بەتەمـەن کـە نەخۆشـیی بیرچوونەوەیـان هەیـە لەبـەر ئـەم هۆکارانـە گرینگـە: هانـدان بـۆ ئـەوەی پشـت بـە خۆیـان ببەسـتن، پشـتیوانی لـە پەیوەندیـی کۆمەڵایەتـی بـکات، دابینکەری ئاسـایش بێـت، توانایـی ناسـینەوە زیـاد بـکات، هەلـی چالاکیـی جەسـتەیی دابیـن بـکات و ڕێنوێنـی دۆزینـەوەی شـوێنەکان بـکات و هەسـتەکان بورووژێنێـت.

شـوێنێکی پاڵپشـت ئـەو ئیمکانـە دەدات بـە دانیشـتووانی کـە زۆربـەی وزەیـان بـۆ هەڵسـوکەتی کۆمەڵایەتـی بـە کار بهێنـن نـەک بـۆ دۆزینـەوەی شـوێنەکان. بـەم شـێوەیە ئـەوان زۆر زیاتـر کۆمەڵایەتـی دەبـن. هەسـتی ئاسـایش و کۆنـترۆڵ لـە ژینگـەی فیزیکیـدا هۆکارێکـی دەروونـی کۆمەڵایەتییـە کـە لەوانەیـە نیشـانەکانی سـترێس کـەم بکاتـەوە. شـوێنی کار و ژیانـی پاڵپشـت لـە بـاری دەروونـی کۆمەڵایەتـی، لەوانەیـە توانایـی کەسـەکان لـە بەڕێوەبردنـی هەلومەرجەکانـدا بباتـە سـەر کـە زۆربـەی کات ئـەوە یەکێـک لـە داخوازییەکانـە.

## باشترکردنی تەندروستی لە ڕێگەی دیزاینەوە بۆ چاودێریی بەتەمەنەکان

شـوێنەکانی نیشـتەجێبوون دەورێکـی گرینگیـان وەک چوارچێوەیـەک بـۆ کۆمەڵایەتیبـوون هەیـە، شـوێنی کۆبوونـەوە بـۆ نـان خـواردن یەکێـک لـەو شـوێنانەیە کـە پەیوەندیـی کۆمەڵایەتـی تێدایـە. ئـەو شـتانەی لـە ژینگـەی دەوروبـەردا هـەن کاریگـەری لەسـەر حـەزی خـواردن، کەشـی کۆمەڵایەتـی و پەیوەندییـە نوێیەکانـدا دروسـت دەکـەن.

چالاکییەکانـی دەرەوەی مـاڵ تەندروسـتی باشـتر دەکـەن و ئەزموونـی دڵخۆشـی و واتـاداری زیـاد دەکـەن. سـەردانی سروشـت هەسـتەکان دەورووژێنێـت و توانایـی مێشـکی بەتەمەنەکان زیـاد دەکات. هەروەهـا سـەیرکردنی دەرەوە لـە ناوماڵـەوە بایەخـی خـۆی هەیـە بـە تایبـەت ئەگـەر کەسـانی بەتەمـەن نەتوانـن بچنـە دەرەوە. چالاک کردنـی زیاتـری کەسـانی بەتەمـەن لـە ڕێگـەی کاری داهێنەرانـەوە دەرکەوتـووە کـە کاریگـەری ئەرێنـی لەسـەر دوا سـاڵەکانی ژیانیـان دەبێـت. سـمیس دەڵێـت، ئەمـە ڕەنگـە بـە هـۆی ئـەو هەسـتەوە بێـت کـە کەسـەکان لـە جیاتـی ئـەوەی خۆیـان بـە قوربانییەکـی بێجووڵـەی بەتەمەنـی بزانـن خۆیـان بـە کەسـێکی چـالاک دەزانـن.

موزیـک لەوانەیـە بـە شـێوەیەکی چالاکانـە (ژەنیـاری) یـان ناچالاکانـە (گوێگـری) کاریگـەری لەسـەر باشـترکردنی تەندروسـتی دابنێـت. موزیـک دەتوانێـت سـترێس، دڵەڕاوکـێ و ئێـش لـە کەسـانی بەتەمەنـدا کـەم بکاتـەوە. موزیـک هەروەهـا لەوانەیـە بـۆ کارمەندانـی چاودێریـی تەندروسـتیش بـە کار بێـت بـۆ ئـەوەی لـە دۆخێکـی ئاڵـۆزدا ئارامیـان بکاتـەوە. دەنـگ و موزیـک دەتوانـن ببنـە هـۆی حەسـانەوە و بـۆ ئـەو کەسـانەی کێشـەی کەمخەوییـان هەیـە تەواوکەرێکـی چارەسـەری دەوا و دەرمـان بێـت. دەرکەوتـووە تێکەڵەیەکـی موزیـک و وەرزش کاریگەریـی ناسـینی لەسـەر مێشـک هەیـە و جەسـتەی بەتەمەنـەکان دەخاتـە ژێـر کاریگەرییـەوە.




دیزاینی باشترین ژوور بۆ کەسی بەتەمەن




دیزاینی باشترین ژوور بۆ کەسی بەتەمەن کە نارێکیی بیرچوونەوەی ببێت

ڕەنـگ، شـێوە و ڕووناکـی پێکـەوە هەسـتی گشـتی فـەزا پێکدەهێنـن. ڕووناکـی یارمەتیدەرێکـی گرینگـی کەسـانی بەتەمەنـە کـە کێشـەی بینینیـان هەیـە. بەپێـی ویـک، وەرگرتنـی ڕووناکـی لـە پیریـدا بـە تایبـەت بـۆ کەسـانێک نەخۆشـیی بیرچوونەوەیـان هەیـە زۆر گرینگـە. بەکارهێنانـی ڕەنـگ لـە شـوێنەکانی نیشـتەجێبوون بـە شـێوەی سـەرکەوتووانە بـۆ پشـتوانیی بەتەمەنـەکان لـە ژیانـی ڕۆژانـەدا بـە کار هاتـووە و ئامرازێکـە بـۆ قەرەبـووی توانابیـە لـە دەسـتچووەکانیان. زۆربـەی تواناییـە مێشـکییە لـە دەسـتچووەکان و کێشـەی بینیـن دەکرێـت بـە دروسـتکردنی شـوێنێک کـە شـتەکان تێیـدا لەبـەر چـاون، بـە تەواوەتـی قەرەبـوو بکرێتـەوە.
بەپێـی توێژینەوەیەکـی بێرگلێـر، ئاژەڵـە ماڵییـەکان دەتوانـن چەندیـن ئەرکـی گرینـگ لـە ژیانـی بەتەمەنەکانـدا و لـە شـوێنی ژیانـدا جێبەجـێ بکـەن و ببنە هـۆی باشـترکردنی تەندروسـتی. ئاژەڵـەکان یارمەتیـان دەدەن کـە چـالاک بمێننـەوە، خێـرا لـە نەخۆشـی هەڵبسـتنەوە، کۆئەندامـی بەرگرییـان بەهێـز دەکات. کاریگەرییـە دەروونییەکانـی هەبوونـی ئاژەڵـی ماڵـی لـە شـوێنی ژیـان بریتیـن لـە باشـتربوونی خـەو و کەمبوونـەوەی خەمۆکـی و دڵەڕاوکـێ و هەروەهـا کەمبوونـەوەی هەڵسـوکەوتی توندوتیژانـە.



شوێنی دەرەوەی ناوماڵ بۆ کەسانی بەتەمەن



موزیکی ڕۆژانە بە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر مێشک



ئاژەڵە ماڵییەکان و پشتیوانیی کۆمەڵایەتیی بۆ بەتەمەنەکان

## ٣. پڕۆژەی دیزاینی زیندان، ٢٠٠٥-٢٠٠٩

**باسێک لەسەر زیندانەکانی سوید**

دیزاینی زیندانەکان زۆر سەرنجڕاکێشە چونکە زیندانەکان دامەزراوەیەکی گشتیی زۆر گرینگن کە ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی گرینگ دەگێڕن. هەروەها ئەوەش ڕاستە کە بەهاکانی کۆمەڵگای ئێمە لە سیستەمە یاساییەکەماندا ڕەنگ دەداتەوە. لە زیندانە مۆدێرنەکانی سویددا، ئەوە گرینگە کە بگەیتە هاوسەنگییەک لە نێوان پارێزراویی کۆمەڵایەتی و تواناسازیی زیندانەکاندا. ئەگەر بە گشتی سەیری سیستەمەکە بکرێت و مرۆڤ وەک چەقی ئەو سیستەمە سەیر بکرێت، باسەکان پێویستن. بە هۆی ئەوەی کە درێژیی ماوەی زیندانی پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە چۆنیەتیی تێکەڵبوونەوەی زیندانییەکان لەگەڵ کارە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو ناوەندانە جگە لە دابینکردنی ئاسایش، دەبێت بە شێوەیەک دیزاین بکرێن کە هەلومەرجێکی باش بۆ کارکردن بڕەخسێنن، و ژینگەیەک بن بۆ تواناسازیی زیندانەکان کە لەسەر بنەمای بەها مرۆییەکان بێت. بە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر بینا لە سوید لە سەدەی نۆزدەدا دامەزروان، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا، سەرجەم حەڤدە پڕۆژەی جیاوازی بیناسازی لە جێبەجێ کردندا بوون. پێشمەرجێک بۆ ڕاگرتنی متمانەی گشتی ئەوە بوو کە بگەیتە هاوسەنگییەک لە نێوان پارێزراویی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن لە دۆخی زیندانییەکان. سەرنجی سەرەکی ئەوە بوو کە بیر لە کاتی درێژخایەن بکرێتەوە، بۆ وێنە لەوەی کە بینایەکی زیندان لایکەمی تەمەنی پەنجا ساڵ ببێت. دەبێت دیزاین هەلی تواناسازی و هەوڵی واتادار لەسەر بنەمای دۆخی کەسەکان بڕەخسێنێت. دەبێت هەروەها ژینگە هەلێک بۆ گەشەی دامەزراوەکان بڕەخسێنێت کە لەسەر بنەمای متمانە، کراوەیی و هاوکاری بێت.

ژینگەی فیزیکی چوارچێوەیەکی تایبەت بۆ زیندانی دابین دەکات. دیزاینەکەی وێنەیەک دروست دەکات کە ئەو دامەزراوانە لەگەڵ یاساکان و بەهاکانیان یەک بێنەوە. ژینگەی زیندان بایەخێکی زۆری هەیە چونکە بەشێک لە پرۆسەی تواناسازیش جێبەجێ دەکات. هەروەها، لە ئاستی کردەییدا، سەرمایەگوزاریی هوشیارانە لەسەر نژیاروانی و دیزاینێکی باش، بە دابینکردنی ڕاحەتی و کەمکردنەوەی سترێس لەناو کارمەندانەدا، دەتوانێت تێچووەکانی بەڕێوەبەردنی زیندان کەم بکاتەوە.

بەپێچەوانەی ئامانجە باشەکانی کریمینال ڤۆردێن، خزمەتگوزاریی زیندان و بەندیخانەکانی سوید، دیزاینی ژینگە وەک شتێکی سەرەکی چاوی لێنەکراوە. ژینگەی فیزیکی تەنیا لە ڕوانگەی ئەو تایبەتمەندییانەوە سەیری کراوە کە دەکرێت بپێورێن و لایەنە گرینگەکانی پێداویستییە دەروونی کۆمەڵایەتییەکانی لەبەر چاو نەگیراون. پێویستە لە دیزاینی زیندانەکاندا لایەنی تەندروستیی مرۆڤیش لەبەر چاو بگیرێت، بۆ ئەوەی کە بتوانن دەستکەوتی بەرچاوی تاکەکەسی و ڕێکخراوەیی و داراییان ببێت.

## پڕۆژەکە

**ڕوانگەی سەلوتۆجێنیک لە زۆر لایەنەوە کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ دادەنێت، هاندەری دەبێت و توانایی کۆنترۆڵی سترێس بە کەسەکان دەدات. توێژینەوەکەی من بۆ ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی سیستماتیک زانستی پزیشکی، خۆشبژێوی و گەشەسەندن لە هەموو دامەزراوەکاندا کۆ بکاتەوە و قووڵتری بکات و پەرەی پێ بدات. بە هەبوونی ژینگەی پشتیوانی دەروونی-کۆمەڵایەتی، ڕوانگەی سەلوتۆجێنیک دەتوانێت بۆ دیزاینی هەموو جۆرەکانی ژینگە کەڵکی لێ وەربگیرێت. _ئالان دیلانی**

بە باشی ئەوە زانراوە کە ژینگەی زیندان بۆ هەردووکی زیندانی و کارمەندانی زیندان سترێسهێنەرە. لە کاتێکدا لە ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٨ ئالان دیلانی بە چڕی لەسەر دیزانی چاودێریی تەندروستی و شوێنی چاودێریی بەساڵاچووان ئیشی دەکرد، لەسەر دیزانی زیندانیش کاری کرد.
ئالان ئاماژە دەکات «هیچ توێژینەوەیەک لەسەر ئەوە نەبوو کە کارمەندان چۆن لە زینداندا لەگەڵ سترێس هەڵدەکەن. بۆیە من پێشنیارێکم بۆ لارش نیلێن نووسی، کە بەڕێوبەری خزمەتگوزاریی زیندان و بەندیخانەکانی سوید بوو. پێشنیارەکە لەسەر ئەوە بوو کە چۆن بنەماکانی کارکردنمان لە دیزاین و تەندروستیدا بە کار بهێنین. ئامانجی من ئەوە بوو کە سترێس کەم بکەمەوە و کارمەندان هۆشیار بکەمەوە کە هەردەم بەبێ لەکارکردنی وزەیەکی زۆر ئاگاداری زیندان بن.» کاتێک ئالان لارش نیلێنی بینی بۆ ئەوەی مەبەستی توێژینەوەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە، باسی لەوە کرد کە پێویستە سەرنجی زیاتر بە دیزاینی زیندانەکان بدرێت. ئالان بینی کە بنەماکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک، دەتوانێت توانایی ئەوەمان پێ بدات کە شتە بنەڕەتییەکانی زیندان سەرلەنوێ دیزاین بکەینەوە و شوێنێکی زۆر تەندروستتر و کەم سترێستر دروست بکەین.
ئەو لە ساڵی ٢٠٠٥دا داوای کرد کە سەرپەرشتیی پرۆژەیەکی توێژینەوە بکات بۆ ئەوەی چاکسازی لە بەشی خزمەتگوزاریی زیندان و بەندیخانەکاندا بکات. زیاتر لە پێنج ملیۆن کرۆنی سویدی بەخشرایە ناوەندی لێکۆڵینەوەی دیزاین و تەندروستی لە زانکۆی کارۆلینسکا لەژێر چاودێریی ئالان دیلانیدا، بۆ ئەوەی دوایین زانیارییەکان لەسەر دیزاینی زیندان لە جیهاندا شرۆڤە و داببین بکات. لە کۆتاییدا کتێبێکی بە ناونیشانی تێڕوانینێک بۆ ژینگەی زیندانی تەندروست بڵاو کردەوە.
وەکوو ئالان وتی «پێکهاتەی زیندان بەم شێوەیە: تۆ دووسەد زیندانی و دووسەد کارمەندت لە هەر زیندانێکدا هەن. ئەو کارمەندانە تووشی دڵەڕاوکێ و هەندێک جار مەترسیش دەبن. ئەوان دەبێت لە کاتی پێویستدا دەستیان بە فریاکەوتنی خێرا ڕابگات. ژینگەی بینا دەتوانێت بە سادەیی یارمەتییان بدات کە

مێشـکیان سـەرقاڵ ببێـت، و لـە دوو بەشـی چـەپ و ڕاسـتی مێشـکیان کەڵـک وەبگـرن بـۆ ئـەوەی بحەسـێنەوە. لایکەمـی کاتێـک چالاکیـی دەمـاری ناکەوێتـە ژێـر گوشـاری سترێسـی شـوێنی کاری، دەتوانـن ئاسـوودە بـن، دەتوانـن بـەو شـێوە مێشـکیان ئـارام بکەنـەوە.»




بڵاوکراوەیەک لەسەر دیزاینی زیندان

## توێژینەوەی زیندان

«مـن وتارێکـم لـە فەرمانگـەی بەڕێوەبەرایەتیـی یەکـەی چاکسـازی پێشـکەش کـرد و بانگهێشـت کـرام بـۆ ئـەوەی وەک توێـژەر کار بکـەم.» ئـالان درێـژە دەدات « ئامانـج ئـەوە بـوو کـە زینـدان بتوانێـت پشـتیوانیی لـە کارمەنـدان بـکات و تواناسـازیی زیندانییـەکان باشـتر بـکات. تیمەکـەی مـن لـە نژیاروانێـک، پلاندانەرێکـی تەندروسـتی، ڕاهێنەرێـک و پەرسـتارێک پێکهاتبـوو کـە هەمـوو پێکـەوە کاریـان دەکـرد. ئێمـە شـیکاریمان بـۆ توێژینەوەکانـی جیهـان لەسـەر دیزاینـی زینـدان کـرد. پرۆژەیەکـی قـورس بـوو و چەندیـن زیندانمـان لـە سوید، کەنـەدا، ئەمریکا و بەشـەکانی دیکـەی سـکاندیناڤیا بینـی.



زیندانی شارۆچکەی سوفۆلک، لەناوجەرگەی بۆستۆندا

## مەبەستەکانی پرۆژەکە

ئامانجی پرۆژەکەی ئالان ئەوە بوو کە ژینگەیەکی فیزیکی دروست بکات تاکوو ببێتە هۆی باشتربوونی تەندروستی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەکانی چاکسازیی سویددا. ئامانجی گشتی ئەوە بوو ژینگەی فیزیکیی نوێ لەساڵی ٢٠٠٩دا دروست بکات و ئەو کارەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی زانستێکی نێونەتەوەیی و پیشاندانی ڕێگە نوێیەکانی بە مەبەستی باشترکردنی داهاتووی دامەزراوەکانی سوید بکات. بۆ ئەم کارە، پێویستی بەوە بوو کە لە ڕوانگەی کارمەندان و زیندانییەکانەوە تێگەیشتنی قووڵتر بە دەست بهێنێت. ئامانجەکە بەم دوو شێوە باس کرا:

**یەکەم**، پەرەدان و بەکارهێنانی هۆکارەکانی دیزاینێکی پشتیوانکەری دەروونی-کۆمەڵایەتی بە بەشدارییەکی چالاکانە لە دانیشتن و ڕاوێژەکانی دیزاین، سێمینارەکان، وۆرکشاپەکان و سەردانەکان بۆ توێژینەوە بەدی دێت.

**دوو**، هەڵسانگدن بۆ پێداویستییە نوێیەکانی زیندان دوای دروستکرنی و بەکارهێنانی بەپێی ئەزموونی گشتی لەگەڵ پرۆژەکە.

«لە هەر حاڵدا، کارمەندانی نەخۆشخانە تووشی سترێس دەبن،» ئالان دەڵێت «ئەوان پێویستە دەستیان بە ژینگەیەکی پشتیوان ڕابگات بۆ ئەوەی سەرنج و هۆشیارییان لەسەر شتەکان بگۆڕن. ئێمە لەگەڵ کارمەندان قسەمان کرد و کێشەکانمان دەستنیشان کردن کە چۆن سترێس کەم بکەینەوە و هۆشیاریی زیاتر دروست بکەین بۆ کارمەندان بەبێ ئەوەی وزەیەکی زیاتر بە کار بهێنن.»

ئامانجە لاوەکییەکانی پرۆژەکە ئەمانە بوون:

- دروستکردنی زیندانێک لە ئاستێکی بەرزی نێونەتەوەییدا بە لەبەرچاوگرتنی بەها بەرزە مرۆییەکان.
- یارمەتیدان بۆ زۆرترین چالاکی لە ڕێگەی دیزاینەوە و نژیاروانیی مۆدێرن و کەمکردنەوەی گەڕانەوە بۆ سەر تاوان، بەم شێوەیە ئاسایشی کۆمەڵگا دەچێتە سەر.
- یارمەتیدان بۆ دیزاینکردنەوە و پەرەدانی ژێرخانەکان لە ڕێگەی کاراییەکانی بینا بە شێوەیەک کە بیناکە بتوانێت بگاتە کوالیتییەکی باش.

**ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە**

«زیندانێکی قاییم لە بۆستۆن نزیک لە زانکۆی پزیشکیی هارڤارد هەبوو و کاریگەری لەسەر من دانا.» ئالان دەڵێت «هەموو ژوورەکانی ناو زیندانەکە پەنجەرەیەکیان بوو کە بەرەو دیمەنێکی جوان دەیڕوانی، شتێک کە باو نییە. بیرۆکەی سەلوتۆجێنیک لەوێدا بە کار براوە. دڵنیا بووم کە ئەو کارە لەسەر بنەمای توێژینەوەیەکی جدی ئەنجام دراوە.

**کۆتایی بەرنامەی توێژینەوەی ئالان لەسەر زیندان**

پاش دوو ساڵ کارکردن لە پڕۆژەیەکی بەرفراواندا، ئالان و تیمەکەی نۆ سەردانی زیندانە جیاجیاکانیان لە سکاندیناڤیا، کەنەدا و ئەمریکا کرد. هەروەها لەگەڵ نوێنەرێکی سویدی و نوێنەری زیندانەکانی سوید و خزمەتگوزاریی بەندیخانەکان سەردانی فینلەندیان کرد بۆ ئەوەی توێژینەوە چڕوپڕەکەیان بە ئەنجام بگەیەنن. وێڕای ئەوەی دەبوو بەپێی گرێبەست توێژینەوەکەیان لە ساڵی ٢٠١٠دا تەواو ببێت، لە کۆتایی ٢٠٠٧دا لەناکاو پڕۆژەکەیان ڕاگیرا. بە دوای کۆنگرەی جیهانیی فرانکفۆرت، ئالان ئاگادار کرایەوە کە دەبێت توێژینەوەی زیندان ڕابگرێت. هەروەها، خزمەتگوزاریی زیندانەکان ئەو بڕە پارەیەی کە مابوو نەیدا بە ئالان و تیمەکەی.

لە سوید، بەڕێوەبەرێکی نوێ لە یەکەی چاکسازی دانرابوو کە لەگەڵ ئەوە هاوڕا نەبوو ئالان پڕۆژەکەی لەسەر دیزاینی زیندان درێژە بدات. هەروەها بەڕێوەبەرە نوێیەکە بۆی دەرکەوت سەرۆکی بەشەکە بڕەپارەیەکی زۆری بێسەروشوێن کردووە. بۆیە ئەو بە تەواوەتی پڕۆژەکەی وەلانا.

ئالان هەستی کرد کە نابێت ناوەندی توێژینەوەکەی بڕی یەک ملیۆن کرۆنی سویدی بە هۆی گەندەڵیی بەشی بیناسازیی ناوەندی چاکسازیی خزمەتگوزارییەکانی زیندان و بەندیخانەکان لە دەست بدات. تەنانەت زانکۆی کارۆلینسکاش دژایەتیی خۆی لەگەڵ پێدانی ئەو پارەیە دەربڕی. بەڵام ئالان ئەو شتەی قەبوڵ نەکرد.



ژووری زیندان و دیمەنی دەرەوە لە پەنجەرەوە



دیمەنی درەوە لە ژوورەکانی زیندانێک لە ناوەندی بۆستۆن

### بەدواداچوونی یاسایی

مشتومڕ درێژەی کێشا. ئالان چوو بۆ دادگای شارەوانیی سۆلنا. سەرۆکی پێشووی زانکۆی کارۆلینسکا، هانز ویزگێل، پێی وت کە ئەو کارە نەکات بەڵام بۆ ئالان ئەو شتە باسی ئابڕوو و بنەماکانی خۆی بوو. بە شوێنکەوتنی یاسایی، ویستی کە گەندەڵیی ڕاستەقینە لەناو سیستەمدا پیشان بدات.

ئەو ویستی کە زانکۆی کارۆلینسکا و خزمەتگوزاریی زیندان و بەندیخانەکان پەلکێشی دادگا بکات و وتی کە دەبێت بە هۆی شکاندنی گرێبەستەکەوە ١.٥ ملیۆن کرۆنی سویدی بدەن. هەشت هەفتە دواتر، دادگا بڕیاری دا: ئالان کەیسەکەی دۆڕاند. سیستەمی یاساییش زۆر گەندەڵ بوو. زانکۆی کارۆلینسکا بڕیاری دا بیست هەزار دۆلاری بدات بەڵام ئالان قەبوڵی نەکرد. لە کۆتاییدا، ئالان ٦٠،٠٠٠ کۆرۆنی سویدی (١٠،٠٠٠ دۆلار) دا بە پارێزەر. ئەو هەروەها بڕی ٢٠٠،٠٠٠ دۆلاری لە کیس چوو کە بڕیار بوو پێی بدرێت.

چەند ساڵ دواتر، ڕاوێژکارێکی حکومەتی گەیشتە ئەم ئاکامە: لەناو هەموو دامەزراوەکانی حکومەتدا هەڵاواردنێکی زۆر بووە. ئالان گەیشتە ئەوەی کە «سیستەمی سوید زۆر پاشکەوتووە. ئەو کەیسەی دادگا تەنیا یارییەک بوو بۆ ئەوان. ئەوان ئەو شتەیان کرد کە ویستییان. من ویستم کە ئەو ڕاستییە ڕوون بکەمەوە.»

### ئەنجامێکی سەرسووڕهێنەر

دوو ساڵ دواتر، بەڕێوەبەری داراییی فەرمانگەی چاکسازی، ڕۆڵف سوێنسۆن، نەیدەتوانی ڕوونکردنەوە لەسەر ونبوونی ٢٠ ملیۆن کرۆنی سویدی بدات و بە هۆی گەندەڵییەوە زیندانی کرا. سوێنسۆن سێ ساڵ و دوو مانگ زیندانی بۆ بڕایەوە.

وتارێک لە ڕۆژنامەی ئافتۆنبلادێت لە ژانویەی ٢٠١١دا، باسی لەوە کرد کە چۆن بەرپرسان چوونەتە ناو نووسینگەی سوێنسۆن لە بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی لە نۆرکشۆپینگ و بە شوێن بەڵگەی گەندەڵیدا گەڕاون.

«لەبەردەمی هاوکارەکانیدا کە شۆک بوون، حەوت بەرپرسی حکومەتی چوونە ژووری بەڕێوەبەری داراییی ڕاڵف سوێنسۆن و سەرجەم بەڵگەنامەکانی نووسینگەکەیان لەگەڵ خۆیان برد. هەموو شتەکانیان خستە دەفرەوە و لەگەڵ خۆیان بردیان. لە ١٨ی مەیدا و چەند کاتژمێر بەر لەوەی پشکنین بکەن، بەڕێوەبەری داراییی لە ماڵەکەیدا دەستگیر کرا. ڕۆڵف سوێنسۆن، کەسێک کە بۆ چەندین ساڵ بەرپرسی زینداکەانی سوید بوو ئێستا بۆخۆی لەبەردەم دادگادا بوو. ڕاڵف سوێنسۆن ملیۆنەها کرۆنی سویدی بەرتیلی بە شێوەی جۆراوجۆر وەرگرتبوو. لە بەرامبەردا، زۆر گرێبەستی پڕسوودی بە خاوەن گرێبەستەکان بەخشیبوو.

«پشکنینەکە زۆر چڕوپڕە و چاوەڕێ دەکرێت لە بەهاردا، یەک ساڵ دوای دەستبەسەرکردنی، کۆتایی بێت. بەپێی قسەی سەرۆکی دادگا گونێر ستیلێر، حاڵەتەکە لە مێژووی نوێی سویددا هاوتای نییە. قەت پێشتر بەرپرسێکی حکومەتی تووشی گەندەڵییەکی وا گەورە و جیدی نەبووە.

«لە میانەی پڕۆژەیەکی بیناسازیدا بۆ زیندانە نوێیەکان لە ئۆستێرشۆند و هاپاراندا، بڕی پارەی تەرخانکراو کراو بە ڕێژەی سێسەد ملیۆن کرۆنی سویدی زیاد کرا، و بە سەیرکردنی ئەوە، بەرپرسی داراییی ژمارەیەک حاڵەتی زۆر سەیری بینین. هەروەها نووسینگەی حکومەتی بۆ لۆجیستیکی گرێبەستەکان چوارچێوەیەکی

کاری لەگەڵ چەندین کۆمپانیا هەبوو کە هیچ کام لەوانە مۆڵەتی وەبەرهێنانی پرۆژەی بیناسازیی گشتییان نەبوو. بەڕێوەبەری بەخشینی ئەو گرێبەستانە ڕاڵف سوێنسۆن بوو کە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیی زیندانەکان لارش نیلێن دانرابوو.»

**دەنگدانەوە: بەرەو جیهانیبوون**

کاری ئای.ئەی.دی.ئێچ بەرەوپێش چوو و درێژەی بوو. کۆنگرەی چوارەم و پێنجەمی جیهانیی دیزاین و تەندروستی لە فرانکفۆرت و گلاسکۆ ڕوویان دا. لە کۆتاییدا، ئالان کارەکەی لە سوید بەجێ دەهێڵێت و دەست دەکات بە کاری جیهانی لە ئەکادیمیای دیزاین و تەندروستیدا.

لە کۆتاییدا، ئالان بڕیاری دا کە خەریکی ڕێکخستنی سەمپۆزیۆم بێت. ئەو لە ئوسترالیاوە دەستی پێکرد و بانگهێشت کرا بۆ ئەوەی لە سیدنی و مێلبۆرن سەمپۆزیۆم بەڕێوە ببات. سەرەنجام، بۆ یەکەم جار لە ئەفریقای باشوور سەمپۆزیۆمێکی بەڕێوە برد و لە سەنگاپووریش بە هەمان شێوە. ساڵانێکی زۆر کار، فێربوون و توێژینەوە و دیزاینێک کە لە داهاتووی دەروانی لە پەرەسەندنێکی مەزندا بەرهەمی دا.

# بەشی شەشەم

# کۆنگرە نێونەتەوەییەکان و سەمپۆزیۆمەکان، ٢٠٠٥-٢٠١٧

ڕوانگەی ئالان دیلانی بۆ جیهانێکی تەندروستتر لە درێژایی چەندین ساڵاندا پێکهاتووە. گەشەی ئەم بیرۆکەیە لە دوای کۆنگرەی یەک بە دوا یەکی تەندروستی بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەگی داکوتاوە. ئەو فۆروومە نێونەتەوەییە چالاکانە کە لەژێر چاودێریی ئەودا بەڕێوە براون بوونەتە ئامرازێکی سەرکەوتوو بۆ شرۆڤەی دیزاینی چاودێریی تەندروستیی مرۆڤ-تەوەر. ئەو دەپرسێت «چۆن دەتوانین خەڵک بهێنینە ناو گەرمەی ئەم باسەوە و بیانکەینە بابەتی سەرەکیی ئەم کارە؟» شارەزایی نژیاروانیی ئالان، توانایی سازکردنی پەیوەندی، نیگەرانی لەمەڕ باشترکردنی تەندروستی و چاودێریی تەندروستی لە سەرانسەری جیهاندا، و بیلمەتیی و توانایی گشتگیر و بەربڵاو و داهێنەری لە ئەکادیمیای نێونەتەوەیی بۆ دیزاین و تەندروستی و کۆنگرەی جیهانیی IADH.
لەگەڵ هەر ڕووداوێکدا، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی توێژینەوە و بیرۆکەی پەیوەندیداری زیاتری ئەم بوارە گەشەیان دەکرد کە ئەو کۆمەڵەیەش لەخۆگری بەرپرسان و وەزیرانی تەندروستی، پێشەنگانی ئەکادمیک، ڕێبەرانی پیشەسازی و پسپۆڕانی نێوان بواری لە تۆڕێکی بەهێزی بازرگانیدان. ئێستا بووەتە فۆروومێکی زۆر بەرچاوی جیهانی بۆ ئاڵوگۆڕی دەستکەوتی توێژینەوەکان لە نێوان زانایان، دیزاینەران و پیشەسازی، بە شێوەیەک کە لە تۆڕێکی نێونەتەوەیی پتەو لە کەسانی حکوومی، زانکۆکان و دامەزراوە بازرگانییەکان پێکدێت. هەموو ئەمانە بە هۆی پێداگری و ڕوانگەی دووربینانەی ئالانەوە بەدی هاتوون. ئامانجی IADH باشترکردنی ئاستی ژیان و تەندروستیی مرۆڤەکانە. کۆنگرەی IADH بەشداربووانی

لـە زیاتـر لـە پەنجـا وڵاتـی جیهـان بـەرەو لای خـۆی ڕاکێشـا و لـە ترۆندهایـم، سـتۆکهۆڵم، مۆنتریـاڵ، فرانکفـۆرت، گلاسـکۆ، سـەنگاپوور، بۆسـتۆن، کوالالامپـوور، بریسـبان، تۆرۆنتـۆ، هۆنـگ کۆنـگ و ڤیەننـا بەڕێـوە چـوو.
IADH کە لە ساڵی ١٩٩٧ەوە لە لایەن ئالان دیلانی لە زانکۆی کارۆلینسکای سـتۆکهۆڵم دامـەزراوە، پـاش سـەرکەوتنی یەکـەم کۆنگـرەی جیهانیـی تەندروسـتی و دیزایـن لـە ترۆندهایمـی نەرویـج، درێـژەی دا بـە بنیاتنانـی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی بۆ ئاڵوگـۆڕی ئەنجامی توێژینـەوەکان لە نێوان زانایان، دیزاینـەرەکان، پسـپۆڕانی تەندروسـتی، پیشەسـازی و وەزیرانـی تەندروسـتی لـە سەرانسـەری جیهانـدا.
سیسـتمەکانی تەندروسـتیی جیهانی بە ڕووبەڕوونەوەیان لەگـەڵ کێشـەکانی سـەدەی بیسـت و یـەک وەک نەخۆشـییە درێژخایەنـەکان، کۆمەڵـگای بەتەمـەن، و بەرزبوونـەوەی تێچـووی تەندروسـتی، بـەردەوام بـە دوای ڕێگـەی نوێدا دەگەڕێـن بـۆ ئـەوەی مەترسییەکان بڕەوێننـەوە و کۆمەڵگایەکـی جیهانیـی تەندروسـت و بەرهەمهێنـەر دروسـت بکـەن. IADH ئـەم کێشـانە چارەسـەر دەکات.
چەمکی تەندروستیی سـەلوتۆجێنیک لـە ڕووداوەکانی ئالان دیلانیدا تەئکیدی لەسـەر کـراو و بڵاو کرایـەوە. ئـالان کۆمەڵێـک بابەتـی شارسـتانی نەتەوەیـی و شـێماتیکی لـەم بیرۆکـە گشـتگیرە زیـاد کـردن، و لەگـەڵ گەشەسـەندنە هەنووکەییـەکان و کەڵکەکانـی، زیاتـر پـەرەی سـەند. ئـەوە خاڵـی وەرچەرخـان بـوو لـە پیشـەکەیدا و بێوچـاون بـۆ سـەرکەوتنی کاری کـرد.

## ١. کاری بناخەیی: سەمپۆزیۆمەکان

**سـەمپۆزیۆمێکی دوو ڕۆژەی ناوچەیـی بـەر لـە کۆبوونـەوە گەورەکـەی کۆنگرەکـەی ئـالان ڕووی دا. ئـەم سـەمپۆزیۆمە بـە هاوکاریـی زانکـۆکان و حکومەتـەکان ڕێـک خرابـوو و تێیدا بـە ڕوانگەیەکـی نێونەتەوەیـی لـە ناسـنامە و کولتـووره ناوچەییەکانیان دەروانـی و ئاسـتێکی بـەرزی زانسـتی هەبـوو و زۆر وتاربێـژی نـاسراوی تێـدا بـوون. سـەمپۆزیۆمەکان تـام و بۆنـی ناوچەییـان بـوو و سـەرنجی لایەنـە پەیوەندیدارەکانیان لـە ئەورووپـا، ئەمریـکای باکـوور، ئەفریقـا، ئاسـیا و ئوسـترالیا بـەرەو لای خۆیـان ڕاکێشـا. پەیوەنـدی سـازکردن لـە ڕێگـەی سـەمپۆزیۆمەکان ڕێگـەی بـە ئـالان دا کـە وڵات بـۆ کۆنگرەیەکـی جیهانیـی گـەورەتـری IADH ئامـادە بـکات.**

**ئامانـج:** هێنانـی زانیاریـی جیهانیـی گونجێـنراو بـۆ پێداویسـتییەکان و پرسـەکانی هەلومـەرج و شـوێنێکی جوگرافیایـی تایبـەت. سـەمپۆزیۆمەکانی IADH زۆر لایەنـی بنەماکانـی سـەلوتۆجێنیکی جیهانیـان لێـک دایـەوە بـۆ ئـەوەی ئاسـتی تەندروسـتی، خۆشـبژێوی، و کوالیتیـی ژیـان لـە ڕێگـەی دیزاینـەوە ببەنـە سـەر.
سـەمپۆزیۆمە جیهانییـەکان پشـتیوانییان لـە پەرەدانـی ژێرخانەکانـی تەندروسـتی کـرد. هـەر سـەمپۆزیۆمێک نـاوازە بـوو و دەبـووە هـۆی تێگەیشـتن لـە کێشـەکانی کولتوورێکـی تایبـەت. ڕوانگـەی ئـالان ئـەوە بـوو کـە لەسـەر شـێوەی ژیـان، فێـرکاری و سیاسـەتی تەندروسـتیی وڵاتـەکان کار بـکات. هەروەهـا ئـەو کێشـانە چارەسـەر بـکات کـە حکومەتـەکان لـە دروسـتکردنی کۆمەڵگایەکـی تەندروسـتدا بـەرەوڕووی دەبنـەوە.
لەبەرچاوگرتنـی ڕوانگـەی سـەلوتۆجێنیک لـە دیزاینـی ژێرخانـە تەندروستەکاندا و دەوری سـەرەکیی چاودێـری لـە بەرگـری و بردنەسـەری ئاسـتی تەندروسـتیدا گرینـگ بـوون. تیمێکـی سـەرەکی کـە لـە IADHەوە سـەری هەڵـدا پێـی وابـوو: کاریگەریـی شـێوەژیانێکی ناتەندروسـت لەوانەیـە ئەنجامـی ژێرخانـی شـار و پلاندانانـی شـاری بێـت. بـەم پێیـە، دەبێـت سـەرنجەکان بخرێنـە سـەر دروسـتکردنی ژینگـە. ئـەم پەیوەندییـە یەکـەم جـار لـە وتووێژێکـدا لـە بریسـبان سـەری هەڵـدا، پاشـان لـە تۆرۆنتـۆ و سـەرەنجام لـە قەتـەر درێـژەی کێشـا. ئـەم بیرۆکانـە لـە کۆنگـرەی هۆنـگ کۆنـگ بـە جەختکردنـەوەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لەسـەر تەندروسـتیی جیهانـی، زیاتـر پەرەیـان سـتەند. ئـەم بابەتـە بـووە بەشـێکی سـەرەکیی چالاکییەکانـی IADH.
وەک نموونەیـەک لـە بابەتەکانـی سـەمپۆزیۆمەکانی دیزایـن و تەندروسـتی، ڕووداوەکـە لـە سـاڵی ٢٠١٣ لـە قەتـەر لەسـەر ڕوانگـە جیهانییـەکان بـوو لەمـەڕ پلاندانـان و دیزاینـی ژینگـەی تەندروسـت لەسەرانسـەری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. وەک زۆر نەتـەوەی تـازە بـە دیارکەوتـووی دیکـە، وڵاتـی قەتەریـش لـە زۆر ڕوانگـەوە گۆڕانـکاری بـە خۆیـەوە بینیـوە لەوانـە گەورەبوونـی بەرچـاوی ئابووریـی وڵاتەکـە و سـەرانەی داهاتـی هاوڵاتییـان. ئـەم گۆڕانانـە

کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ژیانی شاری و شێوەژیانی قەتەرییەکان داناوە. نەخۆشییەکانی پەیوەندیدار بە شێوەژیان و نەخۆشییە نادرمەکان (NCD) وەک نەخۆشییەکانی دڵ و دەمار، شەکرە و قەڵەوی بوونەتە هۆکارە سەرەکییەکانی مردنی خەڵکی قەتەر لە دوو دەیەی ڕابردوودا.

لە ماوەی هەشت ساڵدا و لە ساڵەکانی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٦، سەمپۆزیۆمەکانی IADH لە لەندەن، سیدنی، تۆرۆنتۆ، کاپ تاون، برۆکسێل، هێلسنکی، مێلبۆرن، سەنگاپوور و پەکین بەڕێوە چوون.




سەمپۆزیۆمەکانی دیزاین و تەندروستی لە ژمارەیەک وڵاتدا

## ٢. کۆنگرە جیهانییەکانی دیزاین و تەندروستی

**ڕوانگەی من ئەوەیە کە زانستی کرداریی دیزاین و تەندروستی دەبێت لە هەموو ڕاهێنانەکانی چاودێریی تەندروستیدا یەک بخرێن تاوەکوو بە شێوەیەکی بەهێز لەسەر تەندروستیی کۆمەڵگا لە داهاتوودا کاریگەری دابنێن.** ئالان دیلانی



ڕوانگەی ئالان دیلانی

ڕێکخستنی هەر کۆنگرەیەکی جیهانی لە لایەن ئالان و تیمە زانستی، ئەکادمی و بازرگانییەکانەوە چەند مانگی دەخایاند. کاتێک کە ڕووداوێک ڕادەگەینەرا، سەرەتا داواکارییەک بۆ ناردنی وتار بڵاو دەکرایەوە و پرۆسەی هەڵبژاردنی وتارەکانیش قۆناغی دواتر بوو. هەر وتارێک بەبێ بینینی ناوی نووسەرەکەی پێداچوونەوەی بۆ دەکرا و لە کۆتاییدا ناوی نووسەرەکان بە وتارە هەڵبژێردراوەکە زیاد دەکران. جگە لە وتاربێژەکان، زۆر کەسی دیکە بە شێوەی پۆستەر وتارەکانیان پێشکەش دەکرد و بابەتی خۆیان بۆ بەشداربووان شی دەکردەوە. ئامانج ئەوە بوو تا ئەو جێگەی دەکرێت ژمارەیەکی زیاتر بەشدار ببن و زانیارییەکانیان هاوبەش بکەن. بەرنامەی پێشکەشکردنی وتار و فۆروومەکانی باسکردن ئەو چەند ڕۆژەی کۆنگرەی IADHیان پێکدەهێنا.

ئالان لە ئیشی ئامادەکاریی کۆنگرەدا لایەنەکانی ناوچە جوگرافیاییەکانی لەگەڵ کولتوورەکان پێکەوە لەبەرچاو دەگرت. ئەو دەڵێت «بۆ هەر جێیەک دەچم، سەرەتا لە چەندین ڕووەوە گوێ دەگرم بۆ پرسەکانی ئەو وڵاتە. سیاسەتەکانی حکومەت لەمەڕ تەندروستی، پێداویستییەکانی خەڵک و جیاوازییە دیمۆگرافییەکان لەبەر چاو دەگرم. هەروەها گەشەی ئابووریی ئەو شوێنەش گرینگە. هەموو ئەم لایەنانە بۆ تێگەیشتن لە ناوچەیەکی جوگرافیایی تایبەت گرینگن. بەپێی دەستکەوتەکانی من، ئێمە کۆنگرەمان بە هەمان شێوە دیزاین کردووە. هەر ڕووداوێک ئامانجی چارەسەری کێشەکان بووە بۆ ئەوەی ژینگەکان بۆ چاودێریی تەندروستی بە گشتی باشتر ببن.



نژیاروانی ئوسترالیایی،
نیکۆلا بێرتراند

«من لە هەر وڵاتێک لەگەڵ وەزیرەکان باس لە ڕوانگەی خەڵک بۆ تەندروستی دەکەم بۆ ئەوەی لە پێداویستییەکان تێبگەن. بەپێی هۆکارەکانی وەک لاوازیی وڵات، وتووێژێک پێک هات لەسەر ئەوەی کە چۆن کێشەکانی ناوچەیەکی تایبەت چارەسەر بکرێن، لە کاتێکدا بیرۆکە هەنووکەییەکان پەرە دەستێنن و پلانەکانی داهاتوو پێک دەهێنن. ئەوە ڕوانگەیەکی فرەلایەنە بوو. سەلماوە کە ئەم مێتۆدە هەم بۆ دانیشتووان و هەم بۆ بەشداربووانی کۆنگرە زۆر کاریگەر و سەرکەوتوو بووە.»

## مەبەستی تایبەتیی ئالان

«ئامانجی من لە شێوازی کۆنگرەکە هەمیشە ڕوون بووە. من قەت لەگەڵ ئامادەبووان نەکەوتوومەتە ناو باس و خواس. لە سەرەتادا من بەوە گەیشتم کە دەبێت تەنیا گوێ بگرم. ئەوە وانەیەک بوو بۆ من. هەمیشە ئامانجم ئەوە بووە کە من سەنتەری سەرنج نەبم لە کۆنگرەدا. لە کۆنگرە و سەمپۆزیۆمەکاندا، بەردەوام بەشداربووان، وتاربێژە میوانەکان و کەسانی دیکەم پێش خستووە.

«خەڵک دەزانن کە من لە پشت ڕووداوەکەدام، بۆیە من لە پشتەوە ڕادەوەستم. بۆ وێنە لە کۆنگرەی هۆنگ کۆنگدا، من تەنیا یەک سەرنجم دا. من قەت قسە ناکەم لە کاتێکدا ئامادەبووان قسە دەکەن. من دەمەوێ هەلێک بدەم بە بەشداربووان بۆ ئەوەی زانیارییەکانیان هاوبەش بکەن. من لە بێژمار کۆنگرەدا سەیرم کردووە کە باشترین شێوازی کارکردن چۆنە و چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی فۆرومەکان بە باشترین شێوە بەڕێوە بچن.»

نیکۆلا بێرتراند، نژیاروانی ئوسترالیایی کەسێک کە لە کۆنگرەی فرانکفۆرت بۆ یەکەم جار ئامادە بوو، دەڵێت: «وێڕای ئەوەی کە من کەسێکی کەم ئەزموون بووم، کۆنگرەکە بۆ من زۆر هاندەر بوو. بە تایبەت لە کۆنگرەی لەو شێوەدا بە جۆرێک دێیتە دەر کە بە زانیارییەکی زۆر و بەهێزەوە بچیتەوە سەر ئیشەکەت. بەو هەموو شتە نوێیە دەژییتەوە. ئەوە سەرچاوەیەکی بەهێزی وزەیە و بڵێسەیەک لە ناخدا هەڵدەکات.

«شتێک کە لە ڕاستیدا من وەک نژیاروانێک و ئێستا وەک بەڕێوەبەرێکی پرۆژە بە دەستم هێنا ئەمەیە» لە ئیشەکەتدا، ڕووبەڕووی کێشەکانی دابەزاندنی تێچوو، بودجەکان، بەرنامەکان و بەڕێوەبەری مەترسییەکانی لە بیناسازیی چاودێریی تەندروستی جیهانی ڕاستەقینەدا دەبیتەوە. تیۆرییەکان باش و چاکن، بەڵام هەندێک جار لە بیرت دەچێت کە چ شتێکیان لە پشتەوەیە. تۆ هەندێک لەوە لە دەست دەدەیت. زۆر باشە کە بێی بۆ کۆنگرەی دیزاین و تەندروستی و ئەو ڕوانگە دروستە بە دەست بهێنییەوە. من هەمیشە بە زانیاریی نوێوە دەچمەوە ماڵ.»

## ۳. ئاڵمان: چوارەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی، فرانکفۆرت، ۲۰۰۵

**لە فرانکفۆرت، خەڵاتەکانی ئەکادیمیی IADH، ئاستی چاوەڕوانی و دیزاینەکانی بردە سەر؛ هەر ئەوەش بووە هۆی باشتربوونی دیزاینەکانی داهاتوو. لەوێ بوو کە ئالان وشەی دیزاینی سەلوتۆجێنیکی دروست کرد، پێشتر لە کۆنگرەی دووهەمدا لە ستۆکهۆڵم باسی لێ کردبوو و وەک وشەیەکی زانستی پەرەی پێدا کە زۆر وتاربێژ لە وتارەکانیاندا بە کاریان هێنابوو.**

لە ساڵی ۲۰۰۳دا، لە ئاڵمان لە بەرنامەیەک لە زانکۆی باوهاوس بە ناوی «پێشترێتیی تەندروستی» یان «سوودەکانی ژیانێکی تەندروست» بەشداری کرد. ئالان شی دەکاتەوە «ئێمە لە جیاتی ئەوەی باس لە نەخۆشی بکەین لە چەندین ڕوانگەوە باسمان لە تەندروستی کرد. بۆ یەکەم جار، بەهێزەوە لە ئاڵمان سەبارەت بە سەلوتۆجێنیک قسەمان کرد چونکە خەڵک لە باوهاوس باسیان لە هۆکارە ژینگەییەکان دەکرد. هەرچەند کە دیزاین لە باوهاوس نە لە بینا چەماوەکان و نە لە بینا سروشتییەکان[۱۵۱] بە مەبەستی تەندروستی نەکراوە، لەوێ سەلوتۆجێنیکم ناساند.»
ئەو ئەزموونە، بناخەی بزووتنەوەیەکی بۆ پەرەسەندنی کۆنگرە جیهانییەکانی دیزاین و تەندروستی دانا. «باوهاوس و ئاڵمان ئاگاداری تەندروستی بوون، قازانجەکانی ڕۆیشتن بەرەو تەندروستییەکی باشتر بووە هۆی ئەوەی حەزێکی زۆر بۆ بابەتەکە پیشان بدرێت. لە تەلەفزیۆن و ڕووماڵکردنە ڕۆژنامەوانییەکاندا ئەو حەزەیان ئاشکرا بوو. دوو ساڵ دواتر، لە ساڵی ۲۰۰۵دا لە هۆتێل هیڵتۆن کۆ بووینەوە، شوێنێکی جوان کە کۆنگرەی فرانکفۆرتی لێ بەڕێوە چوو.»

### بابەتەکانی کۆنگرە

کۆنگرە ژمارەیەک دەستکەوتی بوون:

- دروستکردنی چەمکی دیزاینی سەلوتۆجێنیک
- بەهێزکردنی زانستی و تۆڕی پەیوەندیی IADH
- باسکردن لەسەر دیزاینی شوێنی کاری تەندروست
- لەبەرچاوگرتنی تێچووەکان، دیزاینی ئابوورییانەی نەخۆشخانە و چاودێریی بەتەمەنەکان: پلاندانان و کولتوور
- هەڵسەنگاندنی ژمارەیەک بینای نەخۆشخانە

۱۵۱- Curves and organic structuring

- پێداچوونـەوە بـۆ کەڵـک وەرگرتـن لـە هاوکاریـی کەرتـی گشـتی و تایبـەت[152] و چۆنیەتیـی پەرەدانـی
- ڕاپـۆرت لەسـەر پێگە/سـەرکەوتنەکانی چەندیـن پـڕۆژەی گـەورەی نەخۆشـخانەی جیهانـی: نەخۆشـخانەی نۆرویـک لـە ئینگلیـس، نەخۆشـخانەی ترۆندهایـم لـە سـکاندیناڤیا، و نەخۆشـخانە گـەورەکان لـە کەنـەدا- مەکگیـل و ئەوانـی تـر
- زیادکردنی ژمارەی بەشداربووان و بابەتەکانی خەڵاتەکانی ئەکادیمیی IADH.

«جەخـت کردنـەوە لەسـەر بابەتەکانـی داهاتـوو هەمیشـە بـۆ مـن گرینـگ بـووە.» ئـالان دەڵێـت «ئێمـە هەمیشـە داوامـان کـردووە کـە لـە وتارەکانـدا ئـەو بابەتانـە لـە دیزاینـی نەخۆشـخانەدا بـاس بکرێـن کـە ڕوویـان لـە داهاتـووە. بـۆ تۆڕەکـەی ئێمـە، ئـەم باسـە زۆر گرینگـە. هەمیشـە گرینـگ بـوو کـە لـە چەندیـن گۆشـەنیگا و بـوارەوە ئـەم بابەتانـە باسـیان لەسـەر بکرێـت.

**پلاندانان بۆ کۆنگرە**

لەگـەڵ ئـەوەی کـە ڕووداوەکان زیاتـر نێونەتەوەیـی دەبـوون، پێویسـتیی بـە وەرگێـڕان ئاشـکراتر دەبـوو و ئـەوەش لـە ئاڵـمان کێشـە بـوو «زۆربـەی ئاڵمانییـەکان بـە ئینگلیـزی قسـە ناکـەن. ئێمـە وتارەکانمـان وەرنەدەگێـڕا. ئـەوە کێشـەیەکی گـەورە بـوو. زانیـمان ئـەوە دەبێـت لـە کۆنگرەکانـی داهاتـوودا بخرێتـە ئەولەویەتـەوە.
ئـالان ئامـاژە دەکات «ئێمـە هەروەهـا لەسـەر ئـەوە کارمـان کردبـوو کـە بابەتـی وتاربێـژە سـەرەکییەکانمان جیاوازی تێـدا بێـت، بەهێـز و نـوێ بێـت. دواتـر سـێ هـەزار نوسـخەمان لـەو وتارانـە بـڵاو کـردەوە و خەڵـک پێزانینـی خۆیـان بـۆ وەرگرتنـی ئـەو زانیارییـە پیشـان دا. خەڵـک بـاش لـە بابەتـەکان تێگەیشـتبوون. هـەر بەشـداربوویەک نوسـخەیەکی پـێ گەیشـت و بڵاوکراوەکانـی ڕووداوەکانـی پێشووشـمان دەفرۆشـت.»

## دواتر سێ هەزار نوسخەمان لەو وتارانە بڵاو کردەوە و خەڵک پێزانینی خۆیان بۆ وەرگرتنی ئەو زانیارییە پیشان دا.

---

١٥٢- public/private partnership (PPP)

## ٤. سکۆتلەند: پێنجەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی، گلاسکۆ، ٢٠٠٧

**ئامانجی من لە گلاسکۆ بەرەوپێشبردنی زانیاری لەسەر چەمکی سەلوتۆجێنیک بوو و بۆ ئەو مەبەستە کەسانی ناسراوم هێنابوون بۆ ناو دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بۆ ئەوەی پشتیوانیمان بکەن. ئالان دیلانی**

ئالان لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە لەگەڵ زۆر نژیاروانی بریتانیایی ئیشی دەکرد بۆ ئەوەی لە لەندەن کۆنگرەیەک دانێت. سەرەنجام، چەندین دامەزراوەی نژیاروانی IADHیان بۆ گلاسکۆ بانگهێشت کرد، چونکە لەوێ پڕۆژەیەکی گەورەیان بوو. یەکێک لە گرینگترین پشتیوانە سکۆتلەندییەکان نژیاروانی ناسراو دەیڤید ستارک بوو. «هەمیشە بەڵگەیەکی باش هەبوو بۆ ئەوەی ڕووداوی داهاتوو هەڵبژێرین. ئێمە زۆر کراوە بووین و وابەستەی هیچ دامەزراوەیەک نەبووین. ئێمە بۆخۆمان لەسەر ڕووداوەکانی داهاتوو بڕیارمان دەدا.»

### بابەتی کۆنگرەی گلاسکۆ

وەک هاوبەشێک لەگەڵ دامەزراوەی کارۆلینسکا، ئالان لە کۆنگرەی گلاسکۆدا سەبارەت بە پێناسەی تەندروستی لەسەر بنەمای توێژینەوەکەی قسەی کرد. ئالان شی دەکاتەوە «داهێنانی سەرەکیی من لەو کۆنگرەدا پەرەدانی زیاتری چەمکی سەلوتۆجێنیک بوو. من ویستم ئەوە وەک بەشێکی سەرەکیی هەر کۆنگرەیەک دابنێم چونکە ئەوە سەرچاوەیەکی هاندەرە بۆ نژیاروانەکانمان. چونکە شتەکە زانستییە، دەبێتە خاڵی دەرچوون، ڕوونکەرەوەی هاوپەیوەندیی تەندروستی، سترێس، و هۆکارە دەروونییە پەیوەندیدارەکانە بە ژینگەوە. لەو کاتەدا، ئەو هۆکارانە لەلایەن نژیاروانەکانەوە لەبەر چاو نەدەگیران و لە قوتابخانەکانی نژیاروانیشدا پەرەیان پێ نەدرابوو. بۆیە ئەرکی سەرەکیی من لە گلاسکۆ ئەوە بوو کە زانیاری لەسەر سەلوتۆجێنیک بەرەو پێش ببەم.»

کۆنگرەی گلاسکۆ، ئەو پەرەوپێشچوونانەی بە خۆیەوە بینین و لەسەر ئەو پرسیار و نیگەرانییانەی خوارەوە جەختی دەکردەوە:

- پەرەدانی زیاتری چەمکی سەلوتۆجێنیک
- شوێنی کاری تەندروست چۆنە؟
- کۆمەڵگای تەندروست چییە؟
- کردنەوەی زیاتری چەمکی تەندروستی
- دروستکردنی ژینگەیەک کە پشتیوانی تەندروستی و خۆشبژێوییە کە تێیدا ژێرخانەکان، دیزاین و بیناسازی پشتیوانی لەو چەمکانە دەکات.
- نەخۆشخانە ناوچەییەکان و پاڵنەرانی هاوکاریی کەرتی تایبەت-گشتی و سەرمایەگوزارییەکان

## سەرۆکی نوێی ئەکادیمی

لە گلاسکۆ، پێر گونارن سڤێنسۆن وەک سەرۆکی نوێی IADH هەڵبژێردرا. زانا و پزیشکێک کە خانەنیشنی بەڕێوەبەرایەتیی فیدراسیۆنی نەخۆشخانە نێونەتەوەییەکانی بریتانیا بوو. سڤێنسۆن دکتۆرەکان و پەرستارەکانی بواری چاودێریی تەندروستی بانگهێشت کردبوون. ئەو ئالانی بانگهێشت کردبوو بۆ ئەوەی لە چەندین ڕووداوی فیدراسیۆنی نەخۆشخانە نێونەتەوەییەکان قسە بکات. سڤێنسۆن تاوەکوو کۆنگرەی ٢٠٠٩ی سەنگاپوور لەو پۆستەدا مایەوە.

دوایین «یەکەمین» کە لە پێنجەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستیی ساڵی ٢٠٠٧دا شیاوازی ئاماژەیە ئەوە بوو کە یەکەم ژمارەی جورناڵی «دیزاینی جیهانێکی تەندروست» درایە دەر و دەنگدانەوەیەکی گەورەی بوو.



پرۆفیسۆر پێر گونارن سڤێنسۆن، زانای تەندروستیی گشتی، سەرۆکی ئەکادیمی لەگەڵ وەزیری تەندروستیی سەنگاپوور خوان بون وان و ئالان




یەکەم ژمارەی دیزاینی جیهانی تەندروست، جورناڵێک کە لەلایەن ئەکادیمیاوە بڵاو بووەوە

## ٥. باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا: شەشەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: سەنگاپوور، ٢٠٠٩

گەشەی خێرای ئابووریی ئاسیا لە نیو سەدەی ڕابردوودا، ملیاردەها کەسی لە هەژاری و نەداری ڕزگار کردووە. بە تایبەت، سەنگاپوور پێشەنگی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ناوچەکە بووە و لە لایەن ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانییەوە وەک خاوەنی شەشەمین سیستمی چاودێریی تەندروستیی لە ئاستی جیهانیدا ناسراوە، ئەوەش سەرباری ئەوەیە کە تەنیا ٤ لە سەدی داهاتی گشتی بۆ بواری تەندروستی تەرخان کراوە. لە کاتێکدا ١٠-١٢ لە سەدی داهاتی گشتی لە ئەورووپا و ١٨-٢٠ لەسەد لە ویلایەتەیەگرتووەکان بۆ ئەو بوارە تەرخان کراوە.

تاوەکوو ٢٠٣٠، ئاسیا زیاد لە نیوەی خەڵکی بەساڵاچووی جیهان و نزیکەی نیوەی بارگرانیی جیهانی بەهۆی نەخۆشییە نادرمەکان[١٥٣]، یا نەخۆشییەکانی شێوازی ژیان (ئێن.سی.دی) لە خۆ دەگرێت. تا ٢٠٤٠، سەنگاپوور، کۆریای باشوور، و هۆنگ کۆنگ، کە زۆرترین ڕێژەی بەساڵاچوویان لە نێوان وڵاتانی جیهاندا هەیە، بۆ هەر کەسێکی بەساڵاچووی شەست و پێنج ساڵ و بەرەوسەرتر، تەنیا یەک کەس لە تەمەنی کاریدا بوونی دەبێت. دابەزینی خێرای ڕێژەی دووگیانی لە کۆریای باشوور بە شێوەیەکە ماماوەندیی ڕێژەی منداڵبوون بۆ هەر ژنێک تەنیا ١.٣٩ منداڵە، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە بۆ هۆنگ کۆنگ ١.١٤ و بۆ سەنگاپوو ١.٣٧ە. پێویستە ڕێگەی نوێ و داهێنەرانە بگیرێتە بەر تا تێچووی ئەم بارگرانییە سووک بکرێت، خەڵک تەندروست بێت، و پشتیوانی لە ژیانێکی چالاکانەتر بۆ بەتەمەنەکان بکرێت. داڕشتنەوەی سیستمەکانی تەندروستی بۆ یەکخستنی باشتری چاودێریی تەندروستی و بە جەختکردن لەسەر سیاسەتەکانی باشترکردنی تەندروستی و ئاسوودەیی نە تەنیا لە سەنگاپوور، بەڵکوو لە سەرانسەری ئاسیادا پێویست دەبێت.

نەخۆشخانەی کوو تێک پاوت، کە لە لایەن ڕاوێژکارانی سی.پی.جییەوە داڕێژراوە، خەڵاتی ئەکادیمیی نێونەتەوەیی نەخۆشخانەی سەلوتۆجێنیک[١٥٤] وەردەگرێت.

### دانیشتنێکی سەرەتایی بچووک بووە کۆنفرانسێکی ٢٠٠ کەسی

ئالان بۆ پێشکەشکردنی سیمینارێک لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی سەنگاپوورەوە بانگهێشت کرابوو. پێی وترا کە دانیشتنێکی لەگەڵ ژمارەیەکی کەم مامۆستا دەبێت، بەڵام کاتێک ئۆتۆمبیلەکەی گەیشتە هۆتێلەکە، چووە ناو کۆنفرانسێکی بەرنامە بۆ دانەڕێژراو بۆ دوو سەد کەس و سەبارەت بە پلاندانانی نەخۆشخانە وتاری پێشکەش کرد.

١٥٣- Non communicable disease

١٥٤- Salutogenic

لەم دانیشتنەدا، میستەر لیاک، بەڕێوەبەری سیستەمەکانی تەندروستیی ئەلێکساندرا، چۆنیەتیی دروستبوونی پێوانەکانی ئێستای تەندروستیی وڵاتەکەی شی کردەوە. بۆ وێنە، ئەو ستافەی کە لە نەخۆشخانەدا بەکرێ گیراون دەبێت جگەرکێش نەبن، یان لە شەش مانگی ڕابردووەوە وازیان لە جگەرەکێشان هێنابێت. پێویستە، کە نەخۆشەکان بۆ وەرگیران لە نەخۆشخانە و چارەسەری پزیشکی هەڵسوکەوتیان تەندروستانە بێت. ئالان لەگەڵ ئەو گرووپەی کۆ ببوونەوە، باسی لەوە کرد کە چۆن گەڵاڵەداڕشتن و تەندروستی دەتوانن لە سەنگاپووردا ڕەنگ بدەنەوە.



نەخۆشخانەی کوو تێک پاوت، سەنگاپوور

## چۆن ڕووی دا؟

لێرەوە، ئالان وەک وتاربێژی سەرەکی بۆ چەندین وڵات –ژاپۆن، یۆنان، هەنگاریا، ئەندۆنیزیا، و مالیزیا- و هەروەها بۆ شارەکانی وەک سان فرانسیسکۆ و تایپەی بانگهێشت کرا. چەندین جار هات بۆ سەنگاپوور، لە فیدراسیۆنی نەخۆشخانەی نێونەتەوەیی قسەی کردووە و چالاکانە لەگەڵ خەڵکی پەیوەندیدار لەوێ لە پەیوەندیدا بووە.

ئالان دەڵێت: «چووینە سەنگاپوور، چونکە لەلایەن چەندین شوێنەوە لەوێ بانگهێشت کرابووم تا لە زانکۆ سێمینار بدەم. پرۆفیسۆر لی وەی لینگ بەڕێوەبەری ڕێکخراوی نەتەوەیی زانستی دەماری و کچی دامەزرێنەر و یەکەم سەرۆککۆماری سەنگاپوورم بینی. ئەو هانی داین کە بچین و زۆر پشتگیری لە هەوڵەکانمان کرد. وەزیری تەندروستیش هەبوو. ئەوە یەکەم جار بوو کە بەو شێوە چالاکانە حکومەت سەرقاڵ بکەین.



یەکەم کۆبوونەوەکان لە سەنگاپوور




لەگەڵ دوکتور لیاک، سەنگاپوور




وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دوای یەکەم وتاری لە سەنگاپوور


کۆنگرەی جیهانیی تەندروستی و دیزاین لە هۆتێلی ڕیتز کارلتۆن

بینیمان کە بە ڕاستی لە پشتمانن و ئەو ڕێگەیانەمان دۆزینەوە کە دەتوانین ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی وەزیرە چالاک و کاریگەرەکانەوە بیانهێنینە ناو کارەکەوە».

چەمکی دیزاینی سەلوتۆجێنیک کە پێشتریش ناسێنراوەبوو، لە لایەن وتاربێژانەوە زۆر قووڵتر وەک زاراوەیەکی زانستی پەرەی پێدرا. هەروەک باوە، وتار نێردراوەکان بەبێ زانینی ناوی نووسەرەکانیان هەڵسەنگێنران. چەندین وەزیر و بەرپرسی دیاری حکومەتی ئامادە بوون.

پرۆفیسۆر لی وەی لینگ، ئالانی هان دا تا بگەڕێتەوە و زۆر پشتگیریی لە کارەکەی کرد. ئەو لە ڕوانگەی سەلوتۆجێنیک بۆ دیزاینی ژێرخانەکانی داهاتوو و نەخۆشخانەکان تێگەیشتبوو.

کاتێک ئالان سەردانی وڵاتێکی دەکرد، زۆربەی کات پێشنیاری وانەوتنەوەی لە زانکۆکان، فەرمانگەکانی تەندروستیی گشتی، زانکۆ پزیشکییەکان و قوتابخانەکانی نژیاروانییەوە پێدەکرا. لە سەنگاپوور، سێمینارێکی لە زانکۆی نەتەوەیی سەنگاپوور لە فەرمانگەی نژیاروانی و خوێندنگەی دیزاین و ژینگە، پێشکەش کرد، بە هیوای ئەوەی بەڕێوەبەران و خوێندکارانی داهاتوو هان بدات تاوەکوو لەسەر دیزاینی سەلوتۆجێنیک و ژینگەی تەندروست فێر ببن.

لە مانگی جولای ٢٠٠٩دا، شەشەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی لە هۆتێلی ڕیتز کارلتۆن بەڕێوە چوو. وەک هەمیشە، ئالان شوێنێکی زۆر باشی بۆ پێشکەشکردنی وتارەکان هەڵبژارد و پێی باش بوو کە شوێنەکە ڕووناکیی پێویستی ببێت. هۆتێلەکە شوێنێکی ناوازەیە لە سەنگاپوور و پێداویستییەکانی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکەی تێدا بوو. چوارسەد بۆ پێنسەد کەس لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوون.

## سەرنجی سەرەکیی کۆنگرەی IADHی سەنگاپوور

لە کۆنگرەکەدا زۆر سەرنج خرابووە سەر نیگەرانییە ژینگەییەکان و باس لەم بابەتانە کرا:

- ڕوانگەیەکی مرۆیی بۆ چاودێریی تەندروستی، هەروەها کاریگەریی سروشت لەسەر تەندروستی
- کاریگەریی ئاو و هەوای خاوین، وزەی سفر و پاشەکەوتی وزە
- ناساندنی بەرهەمە پیشەسازییە نوێکان لە میانەی وچان گرتنەکانی کۆنگرەدا

ئـالان دەڵێـت: «حکومـەت چالاکانـە بەشـدار بـوو و زۆر پشـتیوانی لـێ کردیـن. ئـەوان هەمیشـە زۆر پـڕۆژەی سەرنجڕاکێشـیان هـەن. ئـەوە تـەواو بەرچـاو بـوو. ئێمـە هەروەهـا لـۆرد نایجـڵ کریسـپ›مان بانگهێشـت کردبـوو، کـە بەڕێوەبـەری پێشـووی خزمەتگوزاریـی تەندروسـتیی نەتەوەیـی (NHS) گەورەتریـن ڕێکخـراوەی چاودێریـی تەندروسـتیی جیهانـی و ئەندامـی خانـەی پیـران بـوو.»

### سەمپۆزیۆمی دواتر: دیزاین و تەندروستی ئاسیا ئۆقیانووسیە، لە مارسی ٢٠١٣دا

لـە دوای کۆنگـرەی جیهانیـی سـەنگاپوور لـە سـاڵی ٢٠٠٩دا، ئـالان لـە سـاڵی ٢٠١٣دا بـۆ سـەپۆمۆزیۆمێکی دیکـە گەڕایـەوە کـە لـە ئەکادیمیـای IADH لـە نەخۆشـخانەی کـوو تێـک پـاوت لـە سـەنگاپوور بەڕێـوە دەچـوو کـە یەکێـک لـە نەخۆشـخانە هـەرە سـەروزەکانە لـە جیهانـدا. ئارەزوومەنـدی بـۆ نژیاروانیـی سـەلوتۆجێنیک لەگـەڵ ناسرانـی بابەتەکـە لەسـەر ئاسـتی جیهـان و بـە لەربەچـاو گرتنـی پلاندانـان، دیزاینـی ژینگـەی تەندروسـت و کۆمەڵـگای تەندروسـت لـە ناوچـەی ئاسـیا ئۆقیانووسیەشـدا ڕووی لـە زیـاد بـوون کـرد.

### ڕوانین بۆ پێشەوە

IADH لە ئەورووپا و ئاسیا کۆنگـرەی بەڕێـوە بردبـوو و ئـالان پێداگـر بـوو کە کاتـی ئەوەیـە ویلایەتـە یەکگرتووەکان و دیزاینـی چاودێریـی تەندروسـتی لـەوێ لەبەرچـاو بگرێـت. لـە لایـەن کۆلێـژی تەندروسـتیی گشـتیی زانکـۆی هارڤـاردەوە بانگهێشـت کـرا بـۆ ئـەوەی بـاس لـە دیزایـن بـۆ داهاتـوو بـکات و لـە لایـەن ئەکادیمیـای ئەمریکایـی بـۆ زانسـت لـە واشـینگتۆن دی.سـی بانگهێشـت کـرا تاوەکـوو بـاس لـە ڕوانگـەی سـەلوتۆجێنیک بـکات و لەگـەڵ دامـەزراوە و نژیاروانـە ئەمریکاییـەکان پەیوەنـدی دروسـت بـکات. وەک هەمیشـە، لـە سـەفەرەکەیدا لـە دامـەزراوە نژیاروانییـە ناسراوەکانـی ئەمریـکا وتـاری پێشـکەش کـرد. لـەو سـەفەرەدا ئـالان لـە ڕێکخـراوەی ئەمریکایـی نژیاروانـەکان خەڵاتێکـی وەرگـرت.

**لەو سەفەرەدا ئالان لە ڕێکخراوەی ئەمریکایی نژیاروانەکان خەڵاتێکی وەرگرت.**

**Presidential Citation**

awarded to

**Alan Dilani, PhD**

celebrating the partnership between the
International Academy for Design and Health and the
American Institute of Architects, Academy of Architecture for Health

for the
7th Design & Health World Congress and Exhibition in
July, 2011 in Boston, MA, USA.

Alan's heart-felt passion for the development of
an international health design community,
his unwavering commitment to excellence in design,
and his fierce dedication to the promotion of high quality design research
have done more than stimulate
an international dialog on design research;

his achievements demonstrate that
championing intellectual honesty in research on the built environment and
pursuing uncompromising professionalism in the planning of
international gatherings for design researchers and practitioners
foster better design, enrich communication, and promote better health.

**A. Ray Pentecost III, DrPH, FAIA, FACHA**

2010 President
American Institute of Architects, Academy of Architecture for Health

November 15, 2010

خەڵاتی ڕێخکراوەی ئەمریکایی نژیاروانەکان (AIA) ساڵی ٢٠١٠، بە بۆنەی کارکردن لەسەر دیزاینی چاودێریی تەندروستیی ئەمریکا بەخشراوە. ئەم خەڵاتە بە هۆی سازشنەکردن لە پیشەییبوون و ڕاستگۆیی ڕۆشنبیری لە کارەکەیادا بە ئالان دیلانی دراوە.

## ٦. ویلایەتە یەکگرتووەکان: حەوتەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: بۆستۆن، ٢٠١١

**کاتێک لە ئەمریکا بووم باسم لە چۆنیەتیی خەرجکردن لە سیستمی چاودێریی تەندروستیی ئەو وڵاتەدا کرد، کێشەکام باس کردن و ئەوەی دەکرێت لەو کێشانەوە چی فێر بین. ئەوە هەمیشە بابەتی سەرەکیی وتارەکانی من بووە لە ئەمریکا. من باسم لەوە کرد کە چۆن دەکرێت گۆڕانکاری لە ژینگە سازکراوەکانی تەندروستیدا بکرێت بۆ ئەوەی گۆڕانێک لە کۆمەڵگادا ڕوو بدات کە بە شێوەیەکی ئاقڵانە لە جیاتی «بازرگانیی نەخۆشی» لەسەر «بازرگانیی تەندروستی» ئیش بکرێت. ئەو شتە هەم لە باری سیاسی و هەمیش جوگرافیایی پەیوەندیدار بوو. ئەوە شتێک بوو خەڵکی ئەمریکا و کەنەدا حەزیان دەکرد ببیستن. __ئالان دیلانی**

حەوتەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی بە هاوکاریی ڕێکخراوەی نژیاروانانی ئەمریکایی و بە پشتیوانیی کۆلێژی تەندروستیی گشتیی هارڤارد، کۆلێژی دیزاینی هارڤارد و کۆلێژی بازرگانیی هارڤارد بەڕێوە چوو. کۆنگرەی بۆستۆن بەشێکی بوو کە بەر لە خودی کۆنگرەکە بەڕێوە چوو و تێیدا دانیشتنێک لەگەڵ دامەزراوەی بەڕێوەبەرایەتیی ناوەندە نێونەتەوەییەکان بەڕێوە چوو و بووە فۆرومێکی جیهانی لەسەر ئەوەی چۆن بەڕێوەبەریی ناوەندەکان و پرۆسەکانی دیزاین دەتوانن لەسەر کوالیتی و کارایی ئۆپەراسیۆنەکان کاریگەری دابنێن و ببنە هۆی باشتربوونی ئەنجامەکانی تەندروستی.
پڕۆژەیەکی سەرنجڕاکێشی IADH بۆ کۆنگرەی بۆستۆن بڵاوکردنەوەی کتێبی دیزاینی شاری تەندروست بوو کە کۆمەڵە وتارێک بوو لەسەر دیزاینی شار بەمەبەستی باشترکردنی ئاستی تەندروستیی دانیشتووانی شارەکان. وتارەکانی ئەو کتێبە لە کۆمەڵێک بوار پێکدەهات کە هەرکامیان قسەی تایبەت بە خۆیان بوو. تۆنی کاپۆن خەڵکی ئوسترالیا، بەڕێوەبەری دامەزراوەی نێونەتەوەیی بۆ تەندروستیی جیهانی لە کوالا لامپور، لەسەر کۆمەڵگای تەندروست ئیشی کردبوو و بۆ ماوەی بیست ساڵ لەسەر دروستکردنی ژینگە کاری کردبوو و زۆر سەرقاڵ بوو بە کۆنگرەکەوە. ئەو دەڵێت «داوام لێ کرا هەڵەگریی پێنج وتار بکەم کە لە بۆستۆن پێشکەش کران، یەکێک لەوانە من نووسیبووم: ئەوە سەرەتا بوو، من پێموایە کە بە ڕاستی دەبێت هەوڵ بدەین بە شێوەیەکی واتادار لەگەڵ شارەکان و دەوروبەر مامەڵە بکەین. ئەو شتە لە کۆنگرەی IADH لە بۆستۆن ڕووی دا.»
بۆ یەکەم جار، کۆنگرەکە پەنێلێکی تێدا بوو کە کاربەدەستانی حکومەتی و وەزیرانی تەندروستیی بریتانیا، ئەفریقیای باشوور، مالیزیا، فینلاند و کەنەدا تێیدا بەشدار بوون. هەروەها پزیشکی کورد ڕەنج شاوەیس سەبارەت بە نەخۆشخانەی منداڵانی هەولێر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان قسەی کرد. ئەم کارە بۆ ئەوە بوو کە نوێنەرانی کەرتی تەندروستیی حکومەت زیاتر ئاگاداری ئەرکەکانیان لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست لە ڕێگەی دیزاین و ژێرخانەکان بن.




تۆنی کاپۆن، لە ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی تەندروستی جیهانی

**ئالان باس لە دیزاینی چاودێریی تەندروستی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات**

چەند ساڵ دواتر، ساڵی ٢٠١٥، لە وتارەکەیدا لە کۆلێژی تەندروستیی گشتیی هارڤارد، ئالان باسی لەوە کرد کە چۆن ئابووریی جیهانی لە گەشە و گۆڕاندایە و ئەوەی کە بۆ پلاندانەرانی چاودێریی تەندروستی گرینگە تاکوو لە پاڵنەرە ئابوورییەکانی چاودێریی تەندروستی و بڕیارەکانی دیزاینی چاودێریی تەندروسی تێبگەن. ئالان شی دەکاتەوە: «ئەوە ڕوونە کە زیاتر کردنی بوودجەی چاودێریی تەندروستی بەرامبەر نییە لەگەڵ باشتربوونی ئاستی تەندروستی. ئەوە پەیامێکی گرینگ بوو بۆ هاوکارە ئەمریکاییەکان. ویلایەتە یەکگرتووەکان دوو بەرامبەری وڵاتە گەشەسەندووەکانی دیکە لە بواری چاودێریی تەندروستیدا پارە خەرج دەکات، بەڵام لە بەراورد بە شوێنەکانی تر سیستمەکەی لاوازترە.

«هیوا بە ژیان و مردنی منداڵان لە زۆرێک لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی تر زیاترە. زۆر وڵات بە داهاتی کەمتری تاکەکانەوە ئاستی چاودێریی تەندروستییان باشترە و لە پاراستنی تەندروستیی هاوڵاتیاندا باشترن. قەڵەوی لە ئەمریکا ڕوو لە زیادبوونە و بە شێوەکی جیدی کاریگەری لەسەر ٦٤ لەسەدی خەڵکی ئەو وڵاتە داناوە کە زیاتر لە نۆ ملیۆن کەسیان منداڵن. یەک لەسەر سێی هاوڵاتیانی ئەمریکایی بە دەست نەخۆشییەکی درێژخایەنەوە دەناڵێنن. هاوکات تەنیا چوار لەسەدی تێچووی چاودێریی تەندروستی بۆ بەرگری لە نەخۆشی تەرخان کراوە و لە هەمان کاتیشدا بیست و پێنج لە سەدی تێچووەکان بۆ کاروباری بەڕێوەبردن خەرج دەکرێن.

«ئەو سنووردارییە پێکهاتەیی و کردارییانەی سیستمی چاودێریی تەندرستی، تەندروستیی جەماوەر و خۆشبژێوی بە شێوەیەکی بەرچاو پێکەوە پەیوەندییان هەیە و دەکەونە ژێرکاریگەریی ژینگەی دیزاینکراو. بەکارهێنانی ژینگە وەک کەرەستەیەکی ستراتیجیک لە باری بڕی تێچوو و سەقامگیرییەوە یەکێک لە کاریگەریترین شێوازەکانە بۆ کەمکردنەوەی نەخۆشی و باشترکردنی ئاستی تەندروستی. ئەرکی ئێمەوە ئەوە بوو بە باسکردن لە دیزاینی سەلوتۆجێنیک وەک بناخەیەک بۆ باشترکردنی تەندروستیی ئەمریکاییەکان وشیاری ببەخشین.»

ئالان باس لە ئەزموونی خۆی لە پێشکەشکردنی وتار لە ئەمریکای باکوور دەکات. «کاتێک لە ئەمریکا و کەنەدا سەبارەت بە دیزاینی سەلوتۆجێنیک وتارم پێشکەش کرد، خەڵک دەیانوت (واو!) شتێکی تەواو نوێیە. ئەوە بۆ ئالان نوێ نەبوو. ئەوان بڕوایان وا بوو کە (دیزاینی بەڵگەبنەما[١٥٥]) هەمووشتێکە. ئەگەر دیزاین بە شێوەیەک نەبێت کە بۆ هەر نەخۆشێک ژوورێک هەبێت، ئەوە مەترسیی گواستنەوەی نەخۆشی هەیە. بەڵام ئێمە لە سکاندیناڤیا تەنیا چەند نەخۆشخانەمان بوون کە بۆ هەر نەخۆشێک ژوورێکیان ببێت و قەت گواستنەوەی نەخۆشیمان نەبوو چونکە لە ژووری نەخۆش دەستمان دەشۆین. ئێمە هەمیشە شوێنی دەست شتنمان لەوێ هەیە و دکتۆرەکان دەستیان دەشۆن. ئەوە باسێکی کولتوورییە و مەترسیی گواستنەوەی نەخۆشی نییە. کاتێک کە نەخۆشخانەیەک دروست دەکەی بۆ هەر نەخۆشێک ژوورێکی هەبێت، بابەتێکی بازرگانییە، چونکە زۆر بە سادەیی پارەیەکی زیاتر لە نەخۆشەکان وەردەگریت. دەبێت نەخۆش پارەیەکی زیاتر بدات بەڵام لە ژوورێکی دوو کەسیدا، پارەیەکی کەمتر دەدەن. لەبەر ئەوە بەڕێوەبەران و پلاندانەران پشتیوانی لێ دەکەن. نژیاروان بەرپرسە لە دیزاینێکی لەو شێوە.

«دەبێت قووڵتر بچیتە ناو هەڵسوکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی هۆکارەکانی پشت شتەکان تێبگەیت. باسەکە نە پەیوەندی بە نرخ و تێچووی شتەکانەوە هەیە و نە بە کوالیتییەوە. ئەگەر لە نەخۆشخانەدا بیت و کارتێکی بانکیت پێ بێت، دەبێت پارەی ژوورێکی تایبەتیی تاکەکەسی بدەیت.

«لە وڵاتی ئێمە، ئەو نەخۆشانەی کە لە ژووری یەک کەسیدان هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە. بە چەندین هۆکاری زانستی، من پێموایە کە ژووری دووکەسی بۆ نەخۆش دەبێتە هۆی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی. کەسانی بەتەمەن حەز ناکەن بە تەنیا بن چون دەترسن. لە زۆر حاڵەتدا، بینیمان کە نەخۆشەکان بەر لە گەیشتنی کارمەندەکان یارمەتیی یەکتر دەدەن. کچەکەم، سارا کەوت و دوای نەشتەرگەریی ئەژنۆی نەخۆشەکانی دیکە بەر لە گەیشتنی کارمەندەکانی تر بە هانایەوە هاتن. ئەگەر بە تەنیا بووایە، لەوانەیە تەنانەت زیاتریش بریندار ببوایە.»

«سیستمی ئەمریکا بە شێوەیەکە کە شتەکان لە چوارچێوەیەکدا بە ناوی «ژینگەی دەرمانکەر» پۆلێن دەکرێن: ئەوان لە خەڵکیان تێگەیاندووە کە ئەو سیستمە باشترین سیستمی چاودێریی تەندروستییە. ئێمە ئەو سیستمەمان لە ڕوانگەی زانستییەوە شی کردووەتەوە و ڕوانگەکەمان زۆر زانستیتر و واقعبیانەنترە. ئەو کارەی ئێمە دەیکەین ئەوەیە کە بەرەکانی داهاتوو هان بدەین بۆ ئەوەی بیرۆکەی زیاتر بۆ دروستکردنی چەمکەکانی چاودێریی تەندروستی پەرە پێبدەن. دەبێت زانست هەمیشە بە شوێن شتی نوێدا بگەڕێت،

١٥٥- Evidence based design







پەنێلی وتووێژ بۆ بەرپرسانی حکومی لە بۆستۆن لە زانکۆی هارڤارد

بۆیە خەڵک فێری دەبن و دەیخوێنن. ئەگەر زانیاری نەبەخشی، خەڵک چۆن دەستیان بە بیرۆکە نوێیەکان ڕابگات؟ دەستکەوتە زانستییەکان دەبێت هەموویان لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگادا بە کار بهێنرێن. ئەوە هۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەو هەموو بابەتەیە کە لە ماڵپەڕی IADH دامناون. خەڵک لە ئەفریقا و ئەمریکا بە شێوەی یەکسان دەستیان پێی ڕادەگات. لەگەڵ کەسانێک لەسەر ئەو شتە دەمەقاڵەم بووە. زیاتر شتەکە پەیوەندی بە پارەوە هەیە. پێویست ناکات هەمیشە خەریکی بازرگانی بیت بۆ ئەوەی کەسێکی کاریگەر بیت. دەبێت هەندێک جار خۆت بەخت بکەیت. من ئەم ڕێگەیەم هەڵبژاردووە.

«من نامهەوێت کاری بازرگانی بکەم. ئەگەر پارە بۆ زیندوومانەوە بە دەست دەهێنم، دەمهەوێت بە شێوەیەک بە کاری بهێنم کە کاریگەرییەکی گەورەتر دابنێت. ئەوە هەمیشە ڕوانگەی من بووە. ئەوەش هۆکاری ئەوە بوو کە ویستوومە زانیارییەکانم لەگەڵ کەسانی دەوروبەرم هاوبەش بکەم بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی باشتر دروست بکەم. ئێمە لە چەندین ڕوانگەوە ئەو کارەمان کرد لە ڕێگەی گۆڤار، کۆنگرەکان، سەمپۆزیۆمەکان، وتارەکان و نووسراوەوە. چونکە لە دوا ڕۆژدا، لێت دەپرسن کاریگەریت چی بووە؟ نەک چەندت پارە بە دەست هێناوە. نەک چی بەرهەم دەهێنیت. بەڵکوو لەسەر کاریگەریت دەپرسن.

«ئەوە ئەولەویەتێکی ڕوون بووە بۆ من کە کاریگەرییەکی واقیعیم ببێت. من لە ژیانمدا بۆم دەرکەوتووە کە یارمەتیدانی کەسانی تر لە دۆزینەوەی واتای ژیاندا کارێکی واتابەخشە.»

**ئەو کارەی ئێمە دەیکەین ئەوەیە کە بەرەکانی داهاتوو هان بدەین بۆ ئەوەی بیرۆکەی زیاتر بۆ دروستکردنی چەمکەکانی چاودێریی تەندروستی پەرە پێبدەن.**

## کارکردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان: لایەنە باش و خراپەکان

ئالان دەڵێت «ئەگەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بوایەتم، کەسێکی زۆر سەرکەوتوو دەبووم چونکە ئەو وڵاتە زۆر بازرگانی تێدان و هاوکات ئازادیی بیروڕاش هەیە. ئەگەر لە ویلایەتێک ئیشەکەت جێبەجێ نەکرایە، ویلایەتێکی دیکە ئارەزوومەند دەبوون. بۆ وێنە، کالیفۆرنیا ویلایەتێکی هاندەرە و لە هەموو ئەو ساڵانەی کارکردندا سپۆنسەریی کارەکانی ئێمەیان کردووە.

«تەنانەت بەبێ پشتیوانیی حکومەت، سەرەکیترین سپۆنسەری ئێمە لە ئەمریکاوە دەکرێت چونکە زۆر زانکۆ بڕوایان وایە کە ئێمە لە باری زانستییەوە پێشەنگین. زۆربەیان ئەو زانستە بە کار دەهێنن. من لە زۆر شاری ئەمریکایی وتارم پێشکەش کردووە و باسی بیرۆکەکانم بۆ خەڵک کردووە. هەر کاتێک لەگەڵ ئەو دامەزراوانە پەیوەندی دەگرم، دڵخۆشن بەوەی کە من سەردانیان بکەم. ئێمە پەیوەندییەکی بەردەوامان لەگەڵ زانکۆکان و پیشەسازییەکان هەیە. ئەو پەیوەندییە زۆر گرینگە.»



لەگەڵ جولیۆ فرێنک، ڕاگری کۆلێژی تەندروستیی گشتی لە هارڤارد.

## کێشەیەکی سەرەکیی کۆنگرەی IADH لە بۆستۆن

ساڵی ٢٠١١ ئالان چوو بۆ «دامەزراوەی تەندروستیی جیهانی بۆ کەمپەینێک لەسەر تەندروستیی شاری و لەگەڵ YNHABITAT (بەرنامەی دانیشتووانی شاریی یوو.ئێن) ڕاپۆرتێکی گرینگی لەسەر نایەکسانیی تەندروستیی شاری لە ئاستی جیهانیدا بڵاو کردەوە. لە ساڵانی داهاتوودا، زیادبوونی دانیشتووانی شاری، زیاتر لە وڵاتانی بە داهاتی کەم و مامناوەندی دەبن. زاڵبوون بەسەر کێشەی نایەکسانیی تەندروستی بۆ هەبوونی شارێکی تەندروست و سەقامگیر زۆر پێویستە.»

ئالان کاتێک سەردانی کۆلێژی تەندروستیی گشتی زانکۆی هارڤاردی کرد و لەگەڵ ژولیۆ فرێنک بەڕێوەبەری کۆلێژەکە و وەزیری تەندروستی پێشووتری مەکزیک قسەی کرد، ئەو بیرۆکانەی بۆ هاتن. بە گشتی، ئەو ئاماژەی بەوە کرد، کە گۆڕانێکی گەورە لە ئارادایە و تێگەیشتنی باشتر لە چۆنیەتیی دیزاین و دروستکردنی ژینگە لە هەموو بوارەکاندا لە بواریی تەندروستییەوە بگرە تاوەکوو شوێنی ژیان، فێربوون، و ئیش کردن لەسەر تەندروستیمان کاریگەری دادەنێت.

### «ڕێچکەیەکی قەیراناوی،» کۆنگرەی بۆستۆن

لە نووسراوەیەکی کورتدا لە جورناڵی دیزاینی تەندروستی جیهانی، ئالان نووسی «حەوتەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی لە بۆستۆن کەشێکی هاوکاری و پشتیوانی بۆ شارەزایان و ناوەندە نێونەتەوەییەکان دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لەسەر زانستی دیزاینی سەلوتۆجێنیک باس بکەن تاوەکوو خۆشبژێوی لە ڕێگەی دروستکردنی بیناگەلی تەندروستی و ژێرخانەکان ببەنە سەر. لەگەڵ پشتیوانی لە کولتووری ئاڵۆگۆڕی زانستی، گرینگە کە لە کۆبوونەوەکانی IADHدا، بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە پێداچوونەوە بۆ کەرتی تەندروستی و پێکهاتەی دامەزراوەیی و ترێندەکانی دیزاین لەو کەرتەدا بکرێت.
«ئەوە زۆر بابەتێکی پەیوەندیدار بوو بە بۆستۆنەوە، چونکە هەروەک لە میانەی کۆنگرەکەدا ئاماژەی پێکرا، کۆمەڵگای ئەمریکایی، کۆمەڵگایەکی تەندروست نییە. لە ڕوانگەی ئەو مردنانەی کە دەکرێت بەریان پێ بگیرێت، ئەمریکا دەکەوێتە دوای نۆزدە وڵاتی گەشەسەندووی دیکە لە کاتێکا بیست لە سەدی داهاتی ئەو وڵاتە بۆ بواری پزیشکی خەرج دەکرێت (بەرزترین ڕێژە لە جیهاندا)، پیشەسازیی تەندروستی لەو وڵاتە لە لایەن کەرتی تایبەت بەڕێوە دەبرێت کە بە شوێن قازانجی خۆیەتی. بەرگری لە نەخۆشییە درێژخایەنەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی لەو بازرگانییانەدا بایەخی پێ نادرێت. لە ئاکامدا، حەفتا و هەشت لە سەدی خەرجی تەندروستی لە ئەمریکا لەسەر ئەو نەخۆشییانەیە کە پەیوەندییان بە گۆڕینی شێوازی ژیانەوە هەیە و لە ئێستادا ئەمریکاییەکان لە هەر کاتژمێرێکدا ۲۵ ملیۆن حەب دەخۆن.
«لە جیاتی نەخۆشیی بە بازرگانیکراو لە دۆخی ئێستادا، ئەمریکا دەتوانێت بەرەو سیستەمی تەندروستیی بەبازرگانیکراو بڕوات و ئەو کارەش لە ڕێگەی پیشەسازیی تەندروستی بکات کە هاندەر بێت بۆ بەرگری لەو نەخۆشییانەی پەیوەندییان بە شێوازی ژیانەوە هەیە. ڕوانگەی سەلوتۆجێنیک تاکە ڕێگەیە بۆ باشترکردنی تەندروستی لە وڵاتێکدا و ئەو کارەش لە ڕێگەی دروستکردنی ئەو ژینگانە دەکات کە بە شێوەیەکی تەندروست لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان کاریگەری دادەنێن.
«دیزاینەرەکان و پلاندانەرەکان لە دروستکردنی ئەو ژینگە تەندروستانەدا جێگەیەکی تایبەتیان هەیە بەڵام ئەو بابەتە لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە بەداوداچوون و باسی لەسەر نەکراوە. ئەو دامەزراوانەی کە ژووری دەرمانکەر بۆ نەخۆشەکان دروست دەکەن بە شێوەیەک کە تیراسی تایبەت بە خۆیان بێت و ژووری تایبەت بۆ بنەماڵەکانیان بێت، لە لایەن کولتووری پاسۆجێنیکی پیشەسازیی پزیشکییەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەوە و بە شوێن بردنەسەری تێچووی چارەسەری پزیشکییەوەن و هیچ کاریگەریشیان لەسەر باشترکردنی ئاستی تەندروستی نییە.

«ئەو دیزاینە بە دەگمەن لە ئەمریکا ڕووبەڕووی ڕەخنە کراونەتەوە، بەڵکوو وەک دەستکەوتێکی زۆر سەرکەوتوو سەیر دەکرێن.» تۆبیا جیلک پلانی خراپی دامەزراوەیی و «زاڵبوونی ستایل بە سەر مادەدا» لە یەکەکانی ڕادیۆلۆژی ئەمریکا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئالان نووسی «ئەمریکا باشترین زاناکان، باشترین نەخۆشخانەکان و باشترین چارەسەری پزیشکی هەیە. من بڕوام وایە کە بە دینامیزم و داهێنەری، دەکرێت زۆر بە سادەیی ڕوانگەیەکی کردەیی سەلوتۆجێنیک پەرە بدات. بردنی کۆمەڵگای ئەمریکا لە کۆمەڵگایەکی نەخۆش بۆ تەندروست لە ئاکامدا ئابوورییەکی زۆر سەقامگیرتر و بەرهەمهێنەرتری لێ دەکەوێتەوە.»

**ڕوانگەی سەلوتۆجێنیک تاکە ڕێگەیە بۆ باشترکردنی تەندروستی لە وڵاتێکدا و ئەو کارەش لە ڕێگەی دروستکردنی ئەو ژینگانە دەکات کە بە شێوەیەکی تەندروست لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان کاریگەری دادەنێن.**




پرۆفیسۆر ڕیچارد جەکسۆن، کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی

## شوێنە تەندروستەکان، ژیانە تەندروستەکان

شەش کەسی خاوەنرا لە بوارەکانی دیزاین، تەندروستی و ژیانی شاری لە بۆستۆن لەسەر پارادیمێکی نوێ دوان کە لە جیاتی پێڕاگەیشتنی پزیشکی و چارەسەری نەخۆشی، تیشکی دەخستە سەر بەرگری لە نەخۆشی و باشترکردنی ئاستی تەندروستی. پرۆفیسۆر ڕیچارد جەکسۆن، پسپۆڕی منداڵان و بەڕێوەبەری زانستەکانی تەندروستیی ژینگە لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلیس وتی: «بەشێکی زۆری تەندروستیی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەکەمان، ئەوەی چی دەخۆین، دەخۆینەوە، هەڵدەمژین و لە کوێ کار دەکەین و دەژین و تێکەڵ کۆمەڵگا دەبین.»

پرۆفیسۆر جەکسۆن ئاماژەی بە پارادایمێکی نوێ پێکرد: دروستکردنی دیمەنێکی نوێ کە لە داهاتوودا نژیاروان، دیزاینەر و دروستکەری ژینگە فیزیکییەکان وەک هاوکارێکی سەرەکی لەگەڵ پەرستارەکان، پزیشکەکان و پسپۆڕانی تەندروستیی گشتی ئیش دەکەن بۆ ئەوەی ئاستی تەندروستیی تاک و کۆمەڵگا ببەنە سەر.

لۆرد نایجر کریسپ، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پێشووی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نەتەوەیی بریتانیا: گەڕان بە دوای تەندروستیی جیهانی لە سەدەی ٢١دا، باسی لە گۆڕانی پارادایمی پێویست بۆ پێناسەی نوێی تەندروستی کرد. ئەو سێ لایەنی سەرەکی بۆ وەها پارادایمێک دەستنیشان کرد» پێویستی بە سەربەخۆیی و خۆیاریکەری لە ئاستی تاکدا؛ دۆخی وابەستەیی بە یەکتر و نزیکایەتی لە ئاستەکانی بنەماڵە، کۆمەڵ، پسپۆڕان و نەتەوە و جیهاندا؛ و ئەو بڕوایەی کە تەندروستیی تاک و گەل مافێکی مرۆییە کە دەبێت حکومەتەکان ڕێزی لێ بگرن و باشتری بکەن. ئەم گۆڕانە تێگەیشتن و هەڵسوکەوتمان لە نەریتی ڕۆژاوایی زانستی پزیشکی، کێبەرکێی پسپۆڕان، گەڕانی زانستی، داهێنانی بازرگانی و سەرمایەگوزاریی گشتی دەگۆڕێت.

دوکتۆر جولیو فرێنک، بەڕێوەبەری قوتابخانەی تەندروستیی گشتیی هارڤارد باسی لەوە کرد کە چۆن پارادایمی زاڵی تەندروستیی سەدەی بیستەم کە لەسەر دابینکردنی چاودێریی تەندروستی دامەزراوە، گەیشتۆتە ئەو کێشانە، و ئەوە دەرکەوتووە کە ئەنجامەکانی چاودێریی تەندروستی وێڕای تەرخانکردنی بودجەیەکی زیاتر چیتر کاراییان ناچێتە سەر. دوکتور فرێنک وتی کە دەبێت پارادایمە نوێیەکە لەسەر پێویستییەکانی تەندروستی بێت، وەک شوێنی نیشتەجێبوون، خواردن، هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، و باشترکردنی ئاستی تەندروستی. بۆ ئەم مەبەستەش دەستنیشانکردنی هوشیارانەی ژینگە تەندروستەکان هۆکارێکی سەرەکییە.

## داهێنانی نوێگەرانە لە چاودێریی تەندروستیدا

کلایتۆن کریستێنسێن، پرۆفیسۆری ناسراو لە کۆلێژی بازرگانیی هارڤارد و نووسەری ڕەچەتەنووسینی داهێنەرانە: ڕێگەچارەیەکی نوێگەرانە بۆ چاودێریی تەندروستی[١٥٦]، شتێک کە ئەو پێی دەڵێت «داهێنانی نوێگەرانە» بەم شێوەیە پێناسەی دەکات «هێزێکی ئاڵوگۆڕ کە بەردەستبوون و شیان لە بوارەکانی دیکەی

١٥٦- The Innovator's Prescription: A Disruptive Solution for Healthcare

پیشەسازیدا دەڕخسێنێت» پێویستە بێتە بواری چاودێریی تەندروستیشەوە. ئەو دەپرسێت «چۆن دەتوانین چاودێریی تەندروستی بەردەست بخەین؟» بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشیی درێژخایەن و ژیانێکی ناتەندروستیان هەیە، بە بیرکردنەوەی کریستێنسێن پێویستە تۆڕێکی مرۆیی پێک بێت کە یارمەتیی کەسەکان دەدات فێر ببن چۆن یارمەتیی یەکتر بدەن و پاڵنەرەکان بۆ یارمەتیی یەکتر بدۆزنەوە.

لە ڕوانگەی ئەوەوە، ئەو نەخۆشخانەی کە جەخت لەسەر خزمەتگوزاری و دابینکردنی چارەسەرێکی ستاندارد دەکەنەوە، ئەرکی دابینکردنی خۆشبژێژی و تەندروستی دەسپێرنە کەسانی پسپۆڕ، باش وایە کە ئەو کارە بسپێرنەوە بە خودی خەڵک و بەرپرسیارەتیی نوێ بخەنە ئەستۆی پزیشکەکانی بنەماڵە و پەرەستارەکان. لەگەڵ باشترکردنی سیستمی تەندروستی لەسەرانسەری جیهاندا و تێگەیشتن لەوەی کە تەندروستی لە ماڵەوە دەست پێدەکات، لەو شوێنەی کە ژیانی ڕۆژانەمانی تیدا بەسەر دەبەین نەک لە نەخۆشخانەکان، دەبێت سەرنجیکی زیاتر بخرێتە سەر هۆکارەکانی نەخۆشی و دروستکردنی تەندروستی.

## باشترکردنی کوالیتیی هەوا لە ڕێگەی پەرەدانی سەقامگیرەوە

توێژینەوەیەک لەلایەن دوکتور جان سپینگلەرەوە لە کۆلێژی تەندروستیی گشتیی هارڤارد ئەوەی دەردەخست کە خەڵک ٦٥ لە سەدی کاتەکانیان لە ماڵەوە، ٢٥ لەسەدی لە شوێنەکانی تر لە ژوورەوە و ٥.٧ لە سەدی بە ڕێگەوە و کەمتر لە ٥ لە سەدی ژیانیان لە دەرەوە بەسەر دەبەن.



لۆرد نایجل کریسپ، کۆنگرەی بۆستۆن


دوکتور ژولیۆ فرێنک، زانکۆی هارڤارد


پرۆفیسۆر کلایتۆن کریستێنسن، کۆلێژی بازرگانی، هارڤارد




دوکتۆر جان سپینگلێر، کۆلێژی تەندروستیی گشتیی هارڤارد



مۆحسێن مۆستەفەوی، کۆلێژی دیزاین لە هارڤارد

ئەوە ڕوونە کە ئاستەکانی پسیی ژینگەکانی ژوورەوە هۆکاری سەرەکیی بەرکەوتنی مادە ژاراوییەکان، ناڕاحەتی، نائارامی و کاریگەریی نەرێنی تەندروستین. سپێنگلەر بە شوێن ڕێگەکانی باشترکردنی کوالیتیی هەوا لە ڕێگەی پەرەدانی سەقامگیر کەوت بۆ ئەوەی سترێسەکان لەسەر کاریگەرییە ژینگەییەکانی زەوی لەسەر مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکەش کەم بکاتەوە و زانیاریی ژینگەیی لەگەڵ لایەنەکانی کۆمەڵگا، لە بوارەکانی بازرگانی، حکومەتڕانی، فێرکاری و ئایین یەک بخات.
بە سەرنج خستنەسەر سەقامگیریی شارەکان و کاریگەرییان لەسەر تەندروستی، مۆحسێن مۆستەفەوی، بەڕێوەبەری کۆلێژی دیزاین لە

زانکۆی هارڤارد و نووسەری شارستانیەتی ئێکۆلۆژیکی، ئەوەی باس کرد کە چۆن ڕوانگەیەکی ئێکۆلۆژیکی وەک ئامرازێکی چارەسەر لە شارەکانی ئێستادا و وەک بنەمایەکی ڕێکخەر بۆ شارە نوێیەکان پێویستە. ئەو باسی لەوە کرد کە چۆن دیزاین دەتوانێت ئێکۆلۆژی لەگەڵ شارستانیەت یەک بخات، شتێک کە هاودژی لەگەڵ ژینگەکەی خۆی نەبێت.

ئەو شەش خاوەنڕایە لە بوارەکانی دیزاین و تەندروستی بوونە هۆی پێکهاتنی سەرکەوتووترین کۆنگرە کە تا ئەمڕۆکە بەڕێوە چووبێت، و تێگەیشتن و ئاستی باسەکانیان بە پشتیوانیی داهێنانی زانستی بردە سەر.




ئالان لەگەڵ ڕاوێژکارەکەی دێرێک پارکێر خەڵاتی بەڕێوەبەریی سەرجەمی ژیان و ئێبرهارد زیدلێر، براوەی پێشووی خەڵاتی بەڕێوەبەریی سەرجەمی ژیان [١٥٧]

١٥٧- Life time


نژیاروان جەیمز گرۆوس لە کۆنگرەی هۆنگ کۆنگ

## ڕوانگەی بەشداربووان

نژیاروانی ئوسترالیایی جەیمز گرۆوس لە حەوتەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستیدا لە بۆستۆن بەشدار بوو، شوێنێک کە ئەو بینایەی ئەو کاری لەسەر کردبوو بۆ ئەوە بوو کە خەڵاتی ئەکادیمیا وەربگرێت. ئەو دواتر دەڵێت «کاتێک لەوێ بووم، کۆنگرەکە زۆر سەرنجی ڕاکێشام.» ئەو زۆر وتاری سەرنجڕاکێشی بیستن وەک وتاری مارک جانسۆن دیزاینەری شاری ئەمریکایی، کەسێک کە دواتر لە پڕۆژەیەکدا لە سیدنی کاری لەگەڵ کرد.

گروس بیرۆکەکانی لەگەڵ IADH هاوبەش کرد. بۆ ئەو «سەرنجڕاکێشترین بەشی بیناسازی هەمیشە ئەوە بوو کە خەڵک چۆن بەرامبەر بیناکە کاردانەوە دەنوێنن و چۆن پێکهاتەکان دەتوانن کۆمەڵگاکان و پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک پێک بهێنن. من لەوە تێگەیشتم کە بەهاکانی ئێمە زۆر لە یەک نزیک بوون و بڕیارم دا ببمە سپۆنسەرێکی IDAH بۆ ئەوەی کاری زیاتر لە ئاسیا بکەم. بۆیە سپۆنسەرییەکەی ئێمە کە زۆریش بەرچاو بوو، ئامانجی لە ڕاستیدا ئاسیا بوو.»

بە تیڕوانینێک، گرۆوس هەروەها هەستی کرد کە ئەکادیمی زیاتر لەسەر دروستکردنی ژینگە جەخت دەکاتەوە، ڕەنگە باشتر وایە کە لەسەر نژیاروانیش جەخت بکاتەوە. ئەو بە ئامادەبوونی ئەو هەستەی دروست کرد کە بەشێکە لە IADH کە ئەوەش زۆر سوودبەخش بوو.

بینینی ئالان و نژیاروان مارک جۆنسۆن لەساڵی ٢٠١٠دا، تەواو بە ڕێکەوت بوو.»من لە لایەن زانکۆی ویلایەتیی کارۆلینای باکوورییەوە بانگهێشت کرابووم. دوای وتارەکە، هاوکارێک هات بۆ لام و بە هەیەجانەوە وتی، ‹تۆ دەبێت بێی لەگەڵ من قسە بکەی.› تا ئێستا، بۆ حەوتەم جار لەو ڕووداوانەدا قسەم کردووە، یەکەم کۆنگرەم لە تۆرۆنتۆ بوو، دواتر لە بۆستۆن بوو، پاشان هێلسنکی، مێلبۆرن، سەنگاپوور و هۆنگ کۆنگ.

«دەزانی چۆنە. خەڵک بۆ پێشکەشکردنی وتارێک دێن بۆ لات و قسەکان لە گوێیەکەوە دەچنە ژوور و لەوی ترەوە دەچنە دەر. بەڵام بۆم سەیر بوو، پاش دوو هەفتە ئالان جارێکی تر داوای لێکردم کە لە کۆنگرەیەکدا قسە بکەم. من لە ڕاستیدا هیچ بیرۆکەیەم نەبوو بۆچی داوا لە من دەکات قسە بکەم. ئەو وتی ‹دەمەوێ لە تۆرۆنتۆ وتارێک

پێشکەش بکەیت.) سەرەتا بیرم کردەوە (بۆ؟) من دەمەوێ شارەکان بگۆڕم نەک تەندروستی. لە ڕاستیدا بابەتەکەی من زیاتر پەیوەندی بە یەکسانی و عەداڵەتەوە هەیە. من بڕوام وایە کە دوا شت دەبێت لە جیهان سەربکەوێت عەداڵەت و یەکسانییە، چونکە نایەکسانی لە ئاستی جیهاندا زۆر بەرچاوە.»

«لە ڕاستیدا، بە ڕادەیەکی بەرچاو بە هۆی ئالان و ئەکادیمیاکەی بوو کە من بیرم لە پرسە پەیوەندیدارەکان بە تەندروستیی گشتییەوە کرد. من لە لایەن هارڤارد، ئەو شوێنەی لێی خوێندبووم، داوام لێ کرا کە لەو گرووپە کارییەدا لەسەر شارستانیەتی سەقامگیر بەشدار بم. ئەو گرووپە پرۆفیسۆرە بە ئەزموونەکانی نژیاروانی لە خۆی دەگرت کە من دانێک لەوانە بووم. هەروەها پسپۆڕانی تیۆلۆجی و فێرکاری، کۆلێژی یاسا، کۆلێژی بیزینس بەشدار بوون و باسیان لەسەر هەموو ئەو هۆکارانە دەکرد کە شار سەقامگیر دەکەن.»




مارک جانسۆن، نژیاروانی ئەمریکایی لە کۆنگرەی بۆستۆن

## ٧. ئەفریقا: نوێکارییەکانی IADH، ٢٠١١-٢٠١٢

باشترکردنی تەندروستی بۆ خەڵکی ئەفریقا لە سەدەی بیست و یەکەمدا پەیوەندی بە هەبوونی ئەو وڵاتە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا هەیە. لە دنیایەکی گڵۆباڵیزە و پێکبەستراودا، باشبوونی بەردوامی کوالیتیی ژیان بۆ شارۆمەندەکانی ئەفریقا لەسەر بنەمایەک دەبێت: دەستنیشانکردنی ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی تەندروست بنەمای گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە. لە کاتێکدا کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی لە پارزەویی ئەفریقا بەڕێوە نەچووبوو، نوێکاریی IADH لە ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٢دا لە ئەفریقای باشوور پێشوازی لێ کرا. ئالان لە ساڵانی نێوان ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٥ زۆر جار سەردانی ئەفریقای کردبوو بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی IADHەوە کێشەکانی ناوچەکە دەستنیشان بکات.

یازدە لە سەدی کۆی دانیشتوانی جیهان لە ناوچەی خوارووی سەحرای ئەفریقا دەژین. لە کاتێکدا، هێشتا ئەو پارزەوییە ٢٤ لە سەدی سەربارەکانی نەخۆشی هەم بۆ مرۆڤەکان و هەم لە باری مادییەوە پێک دەهێنێت، لە کاتێکدا کەمتر لە ١ لە سەدی تێچووەکانی تەندروستی جیهانی بۆ ئەو ناوچەیە تەرخان کراوە. هاوکات، نزیکەی ٥٠ لەسەدی مردنی منداڵانی تەمەنی خوار پێنج ساڵ لە ئەفریقا ڕوو دەدات. تەنیا ژمارەیەکی کەم لە وڵاتانی ناوچەکە ٣٤ تا ٤٠ دۆلاری ئەمریکی بۆ تەندروستی هەر کەسێک لە ساڵدا تەرخان دەکەن کە ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانی وەک کەمترین بڕە پارەی پێویست بۆ پێداویستییە بنەماییەکانی چاودێریی تەندروستیی هەر کەسێک دەستنیشانی کردووە.

ئەفریقای باشوور دوای ڕوخانی ڕژیمی ئاپارتاید و تێپەڕینی وڵاتەکە بەرەو دێموکراسی بەبێ توندوتیژی لە ساڵی ١٩٩٤دا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە. وێڕای پێشکەوتنێکی بەرچاو لە باشبوونی ئاستی ژیانی خەڵکەکەی لە ساڵی ١٩٩٤ەوە، زۆر کار ماوە بکرێت بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجەکانی گەشەی هەزارە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانراوە. ئەوانە لە چوارچێوەی ئامانجەکانی گەشەی سەقامگیری پێناسەکراو لەلایەن یووئێن بۆ ئەفریقای ٢٠٣٠ جێگیر کراون کە لە خۆگری سڕینەوەی هەژاری و بوارەکانی دیکەیە بۆ دروستکردنی داهاتووی ئەفریقا.

لەم دواییەدا، لە سەرانسەری پارزەویی ئەفریقادا، باشبوونی دۆخی سیاسی و سەقامگیریی ماکرۆئابووری و چاکسازییەکانی میکرۆئابووری لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، قەرزی حکومەتی کەم کردووەتەوە. هەروەها، گەشەی کەرتی تایبەت بووەتەوە هۆی باشبوونی ئابووری بە شێوەیەک کە مامناوەندیی داهاتی هەر کەسێک لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە ٤.٩ لەسەد زیادی کردووە.

کۆمەڵـەی بازرگانیـی نێونەتەوەیـی گروپـی بانکـی جیهانـی، پێشـبینی کـردووە کـە لـە دەیـەی داهاتوودا، پێویسـتە بیسـت و پێنـج بـۆ سـی ملیـارد دۆلار لـە بـواری چاودێریـی تەندروسـتیدا سـەرمایەگوزاری بکرێـت کـە ئـەوەش نەخۆشـخانەکان و نۆرینگـەکان لـە خـۆ دەگرێـت بـۆ ئـەوەی وەڵامـدەری داواکارییەکانـی چاودێریـی تەندروسـتی لـە خـوارووی سـەحرای ئەفریقـا بـن، کـە تێچـووەکان لـە سـاڵی ٢٠١٦ەوە دوو بەرامبـەر بوونەتـەوە و گەیشـتوونەتە ٣٥ ملیـارد دۆلار.

## سەمپۆزیۆمی IADH لە کاپ تاون، ٢٠١١

سـەمپۆزیۆمی دیزایـن و تەندروسـتیی ٢٠١١ی ئەفریقـا سـەمپۆزیۆمێکی نێونەتەوەیـی IADH بـوو کـە بـە شـوێن ئـەو ڕێگەیانـەدا دەگـەڕا کـە دەکرێـت وڵاتـە دەوڵەمەنـترەکان لـە وڵاتـە هەژارەکانـەوە فێـر بـبن. پێشـنیار کـرا لـە جیاتـی قسـەکردن لەسـەر گەشـەی نێونەتەوەیـی، شـوێنێک کـە دەوڵەمەنـدەکان یارمەتیـی هـەژارەکان دەدەن، پێویسـتە بیـر لـە گەشـەی-هاوکات بکرێتـەوە بـە شـێوەیەک کـە هەرکامیـان لـەوەی دیکـەوە فێـر بـبن.
سـەمپۆزیۆمەکە گرووپێکـی نێـوان بـواری لـە پسـپۆڕانی جیهـان کـۆ کـردەوە بـۆ ئـەوەی زانیارییـان لەگـەڵ یەکـتر هاوبـەش بکـەن و ڕوانگەیەکـی نوێـی تەندروسـتی بـۆ ئەفریقـا لەسـەر بنەمـای وابەسـتەیی بـە یەکـتر پێشـنیار بکـەن: ویسـتی ئەفریقـا بـۆ سـەربەخۆیی و مافەکانیـان و لەبەرچاوگرتنیـان وک هاوڵاتیانـی جیهانـی.

## کێبەرکێی دیزاینی IADH بۆ ئەفریقای باشوور، ٢٠١٢

لـە جـولای ٢٠١٢دا، ئەکادیمیـای نێونەتەوەیـی بـۆ دیزایـن و تەندروسـتی و وەزیـری تەندروسـتیی ئەفریقـای باشـوور کێبەرکێیەکـی نێونەتەوەیـی دیزاینیـان بـۆ گەشـەپێدانەوەی کۆلێـژی پزیشـکیی ئەکادیمیـای نیلسـۆن مانـدێلا و نەخۆشـخانەی پادشـا ئێـدواردی هەشـت لـە دوربـان، گەورەتریـن شـاری ئەفریقـای باشـوور لـە پارێزگای کوازولـو ناتـاڵ (ک.ز.ن) ڕاگەیانـد. کێبەرکێکـە زانیارییەکـی بەنرخـی دابیـن دەکـرد بـۆ ئـەوەی پشـتیوانی لـە پلاندانانـی دامەزراوەکانـی تەندروسـتیی داهاتـوو و بڕیـارە کارگێڕییـەکان بـکات.
تایبەتمەندییـە سروشـتییە جوگرافیاییەکانـی ک.ز.ن وەک ڕووبـارەکان، زەلـکاوەکان، دارسـتانەکان، زنجیـرە کێـوەکان و ناوچـە گوندییـەکان، کێشـەی تایبەتیـان لـە گەیاندنـی خزمەتگوزارییەکانـی تەندروسـتیدا دروسـت دەکـرد. بەردەسـتبوون و دەسـتڕاگەیشـتن بـە خزمەتگوزارییـە تەندروسـتییەکان، ڕێگەکانـی گواسـتنەوە، چۆنیەتیـی سـەردانی ناوەندەکانـی چاودێـری، دەوری نەخۆشـییەکان، و جـۆری نەخۆشـییەکان و هەروەهـا تایبەتمەندییەکانی جەمـاوەر و چۆنیەتیـی بڵاوبوونەوەیـان دەبـوو لەبەرچـاو بگیرێـت بـۆ ئـەوەی دڵنیـا بـن کـە سـەرچاوەکان بە شـێوەی یەکسـان دابـەش کـراون.
ک.ز.ن دووهـەم پارێزگایـە لـە ڕووی دانیشـتووان لـە ئەفریقـای باشـوور کـە ٢١.٤ لەسـەدی کـۆی دانیشـتووانی وڵات پێکدەهێنێـت. ڕێـژەی ئـەو کەسـانەی کـە لـە خزمەتگوزارییەکانـی تەندروسـتی گشـتیی کەڵـک وەردەگـرن نزیکـەی ٨٨ لەسـەدی کـۆی جەمـاوەری پارێزگاکـە پێکدەهێنـن.
بانگـەوازی کێبەرکێکـە و کورتـەی دیزاینەکـە ئـەو پێداویسـتییەی تێـدا بـوو کـە دیزاینـە نێـردراوەکان دەبێـت ڕەنگدانـەوەی ڕوانگـەی دروسـتکردنی کۆمەڵگایەکـی تەندروسـت بـۆ باشـووری ئەفریقـا لەسـەر بنەمـای ڕوانگـەی

**کێبەرکێکە زانیارییەکی بەنرخی دابین دەکرد بۆ ئەوەی پشتیوانی لە پلاندانانی دامەزراوەکانی تەندروستیی داهاتوو و بڕیارە کارگێڕییەکان بکات.**

سەلوتۆجێنیک بن: بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکی چاودێریی تەندروستی وەک بناخەی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەفریقای باشوور. کۆی پرۆسەکە -لە دەربڕینی ئارزوومەندی تاوەکوو هەڵسەنگاندنی سەرەتایی، دانانی نەخشەڕێ و هەڵسەنگاندنی کۆتایی، بە پشتیوانیی دامەزراوەکانی ئەفریقای باشوور و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان ئەنجام درا تاوەکوو لەوە دڵنیا بن کە دەستکەوتە زانستییەکان لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکەدا لەبەر چاوگیراون.
کێبەرکێ نێونەتەوەییەکەی دیزاین داوای کردبوو کە دەبێت دیزاینە نێردراوەکان لەخۆگری ماستەر پلان و دیزاینێکی شێماتیک بۆ نەخۆشخانە نوێیەکە بن. براوەی کێبەرکێکە دەبێت وردەکاریی دیزاین و جێبەجێکردنی پرۆژەکە پەرە پێبدات. IADH گروپێکی هەڵسەنگاندنی لە شارەزایانی نێونەتەوەیی پێکهێنا بۆ ئەوەی لەژێر چاودێریی وەزارەتی تەندروستیی ئەفریقای باشوور هەڵسەنگاندن بۆ دیزاینەکان بکەن.
کێبەرکێکە ئەو دڵنیاییەی دا کە باشترین دیزاین ئەوەیە کە کوالیتیی دیزاینی چاودێریی تەندروستی لە ئەفریقای باشوور دەباتە سەر. دەبوو دیزاینەکە ستانداردێک دابنێت کە هەموو نژیاروانەکانی چاودێریی تەندروستی بتوانن ڕەچاوی ئەو ستاندارده بکەن و فەرمانگەی تەندروستیی نەتەوەیی نەخۆشخانەیەک لە ئاستی جیهانیدا دروست بکات و کۆلێژێکی ئەکادیمیکی پزیشکی بۆ باشترکردنی ئاستی چاودێریی تەندروستیی ئەفریقای باشوور تەرخان بکرێت.

### ناوەندی شێوەژیان بۆ باشترکردنی تەندروستی

چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیریی تەندروستیی ئەفریقای باشوور دوکتۆر ئارۆن مۆتسوالێ، بەڕێوەبەری پلاندانانی وەزیر، مەسعود شاکر و ئالان کران. گروپەکە بڕیاری دا کە ناوەندێکی تەندروستیی سەلوتۆجێنیک بکاتەوە تاکوو ئاستی تەندروستی بباتە سەر و لە ڕێگەی هاندانی خەڵکی بۆ شێوەژیانێکی چالاکی تەندروست، ڕێگری لە نەخۆشی بکات.
ئاکام ئەوە بوو کە گرووپێکی نێوان بواری پێک بێت بۆ ئەوەی باس بکەن لەسەر ئەوەی کە چ شتێک خەڵکی تەندروست دەکات و چۆن ناوەندێکی تەندروستی ڕێک بخەن بۆ ئەوەی بگەن بەو ئامانجە. IADH کێبەرکێکەی ڕێکخست و براوەی کێبەرکێکە ٤٠،٠٠٠ یۆرۆی وەردەگرت بۆ ئەوەی داهێنەرانەترین ناوەندی شێوەژیان بۆ باشترکردنی تەندروستی لە جیاتی نۆرینگەیەکی نەریتیی تەندروستی پەرە پێ بدات.

## ڕاگەیاندنی دیزاینە براوەکان لە کاپ تاون، ٧ی نۆڤەمبر، ٢٠١١

براوەکانی کێبەرکێی نێونەتەوەیی بۆ دیزاینی «ناوەندی شێوەژیان بۆ باشترکردنی تەندروستی» لە ئەفریقای باشوور لە کۆتایی ٢٠١١دا لە لایەن IADH و وەزارەتی تەندروستی لە کاپ تاون ڕاگەیەنرا. کێبەرکێکە یەکەم کێبەرکێی لەو شێوەیە بوو کە لە ئەفریقا بەڕێوە ببرێت. شتێکی نوێی هێنایە ئاراوە: داوا لە بەشداربووان کرا کە ناوەندێکی داهێنەرانە دیزاین بکەن کە لە جیاتی ڕوانگەی چارەسەر، ڕوانگەی بەرگری لە نەخۆشی پەرە پێبدات.

بە جەختکردنەوە لەسەر باشترکردنی تەندروستی لە ناوەندێکی چارەسەری گشتی، ئامانجی دیزاینەکە ئەوە بوو کە ناوەندێک دروست بکات کە ئەو هێزە بە خودی خەڵک بدات بەرەو ئاگاداری و چارەسەری خۆیان بچن. پێویست بوو کە بەشداربووان پیشانی بدەن لە بنەماکانی تەندروستیی سەلوتۆجێنیک تێدەگەن، ئەو ڕێگەیانەی کە ژینگەی دیزاینکراو دەتوانێت ئامرازێکی بەنرخ بێت بۆ ڕێگری لە نەخۆشی و دیزاینەکە بە شێوەیەک بێت کە ژینگەیەکی پشتیوانکەر بەرهەم بهێنێت.

جگە لە باشترکردنی تەندروستی، تایبەتمەندییە خوازراوەکان بۆ ناوەندێکی وا بریتی بوون لە ناوەندنەکانی فێرکاری بۆ هەڵسەنگاندنی شێوەژیانی کەسەکان، شوێنی وەرگرتنی نەخۆش، شوێنی ڕاوێژکردن و پێکهاتەیەکی چارەسەرکەر بۆ پشتیوانی لە شێوەژیانێکی چالاکانە.

ئەو بەشداربووانەی لە قۆناغی یەکەمدا هەڵبژێردرابوون ناوەکانیان لەسەر پرۆژەکانیان نەبوو و لە لایەن لیژنەیەکی نێونەتەوەیی بە سەرپەرشتیی ئالان دیلانی لە IADH و دوکتۆر مەسعود شاکر، لە وەزارەتی تەندروستیی ئەفریقای باشوور هەڵبژێردران. براوەی کێبەرکێیەکە لە میانەی سەمپۆزیۆمی نێونەتەوەیی ٢٠١١ی ئەکادیمیای دیزاین و تەندروستی لە شاری کاپ تاون لە ڕۆژانی ٢٥-٢٦ ئۆکتۆبر ڕاگەیەنران.

دیزاینی براوە، واتە پرۆتیا هێلس، بە هاوبەشی لەلایەن کۆمەڵەی نژیاروانانی فارۆ، کلارک نیکسن و نۆنیاما ئۆکپانوم و هاوکارانی ئامادە کرابوو. گرووپەکە خەڵاتێکی ٤٠،٠٠٠ یۆرۆییان وەرگرت و دوو دیزاینی زۆر باشی دیکە لەلایەن کۆمەڵەی نایتینگل و فیلا کاهل (ژیانی باش) لە لایەن نژیاروانانی HLM هەرکامەیان ٢٠،٠٠٠ یۆرۆ خەلات کران.

«هەر سێ گرووپ کە چووبوونە قۆناغی کۆتایی دەریانخستبوو کە تێگەیشتنێکی باشیان لە ڕوانگەی سەلوتۆجێنیک بۆ ناوەندی بەهێزکردنی تەندروستی لە ڕێگای شێوەژیان هەیە و هەروەها وەڵامدەری پێداوستییە تایبەتییەکانی کەشوهەوای ناوچەکە و کلتووری ناوچەکە بوون کە ئەوەش ڕێگە دەدات بەپێی شوێن و پێداویستییەکانی داهاتوو گۆڕانکاری لە پرۆژەکەدا بکرێت. هەرچەند بودجەی پێویست بۆ پەرەدانی پرۆژەکە تەرخان کرابوو و باسی زیاتر لەسەر هەر سێ پلانەکە کرا کە بڕیار بوو براوەکان بە هاوکاری یەکتر پرۆژەکە جێبەجێ بکەن بەڵام ئەو پرۆژە قەت جێبەجێ نەکرا.

ئالان نووسی «وەزیریی تەندروستیی ئەفریقای باشوور و IADH هەردووکیان هەستیان کرد کە کێبەرکێکە دەتوانێت پارادایمی تەندروستی لە سەرانسەی پارەزەویی ئەفریقادا بگرێت و مۆدێلێک لە ناوەندی تەندروستی دروست بکرێت کە جەخت لەسەر باشترکردنی تەندروستی بۆ هەردووک جۆری وڵاتانی کەم داهات و پڕ داهات دەکاتەوە.» ئەوەش دەبوو بە هۆی ناساندنی چەمکە نوێیەکانی چاودێریی تەندروستیی پێشگیرانە لە وڵاتەکەدا.

## لێوردبوونەوەیەک لە براوەکانی خەڵاتەکە: پرۆتیا هێلس

پرۆتیا هێلس، گوڵی نەتەوەیی ئەفریقای باشوور واتە گوڵی پرۆتیای لە کرۆکی پێکهاتەکەیدا وەک هێمایەک بۆ هیوا، چارەسەر، و زیندووبوونەوە گونجاندبوو. فۆرمەکەی دەکەوێتە ناوجەرگەی ناوەندی بەهێزکردنی تەندروستی لە ڕێگای شێوەژیان، بەرەو ئاسمان دەکرێتەوە و وەک چلچرایەک بەسەر سەردانکەرانیدا دەدرەوشێتەوە.

دیوی دەرەوەی دیزاینەکە لەخۆگری بەرهەیوانێکی چاوەڕوانی، شوێنی سوپاسگوزاری و مێدیتەیشن و «مەتبەخی فێربوون» بوو. لە ژوورەوە نۆرینگەی نەخۆشیی ئاسایی (دایکانی دووگیان، ددان، TB/HIV/AIDS و چارەسەری نەریتی)، شوێنی فێرکاری و هەستانەوە، فەرمانگە پسپۆڕییەکان، کتێبخانە و شانۆ هەبوو. پۆلەکانی وانەوتنەوە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە بۆ مەبەستی ڕاهێنانی سەرپەرشتیارانی تەندروستی بە کار دەهات.

ئەو گوڵەی لە ناوەڕاستی بیناکەدا بوو بۆ ئاڵوگۆڕی هەوا بە کار دەهات. تایبەتمەندیی دیکەی سەقامگیریی بیناکە بریتی بوون لە سەربان بە خانەی هەتاویی فۆتۆڤۆلتائیک، کۆمپۆستینگ (شوێنی پەستاندنی زبڵ بۆ کەڵک لێوەرگرتنەوەی)، و کۆکەرەوەی باران. ڕوانگەی فارۆ، ئۆکپانۆم و کلارک نێسکێن «ناوەندی کاریگەری» بوو کە هاوتای چەمکی «ناوەندی باشترینەکان» لە دروستکردنی نەخۆشخانەدایە. پشێنیاری دیزاینەرەکە ئەم دروشمەی هەڵگرتبوو: «دیزاینەکە ستانداردێکی نیونەتەوەیی بۆ باشترکردنی تەندروستی دادەنێت کە وەک ناوەندێکی ڕاکێشەر، شێوازی تێگەیشتن و بەردەست بۆ هەمووان سەیر بکرێت.»



هاوکارانی فارۆو، ئۆکپانوم و کلارک نیکسێن، دیزاینی براوەی ناوەندی شێوە ژیان بۆ باشترکردنی تەندروست لە ئەفریقای باشوور، وێنە هاوکارانی فارۆ



زانایانی دیکەی کورد لە پشتیوانیی ئەفریقادا؛ لەگەڵ وەزیری تەندروستی ئارۆن مۆسۆلێدی و ئەندازیار جەمیل مەردوخی لە تۆرۆنتۆ، لە سەمپۆزیۆمی IADH لە دۆحا




وەزیری تەندروستیی ئەفریقای باشوور ئارۆن مۆتسۆلێدی، خەڵاتی کێبەرکێی دیزاینی یەکەمین ناوەندی شێوەژیان بۆ باشترکردنی تەندروستی پێشکەش دەکات کە دەبێتە سەرمەشقێک بۆ دروستکردنی ناوەندی دیکەی سەلوتۆجێنیک لە ئەفریقا



لەگەڵ دوکتۆر مەسعود شاکر، ڕاوێژکاری تایبەتی وەزیری تەندروستیی ئەفریقای باشوور و تاربێژی سەرەکی

## ٨. مالیزیا: هەشتەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: کوالالامپور، ٢٠١٢

کۆنگرەی IADH لە کوالالامپور یەکەم کۆنگرە بوو کە لە کرانەوەیدا زیاد لە هەزار کەس ئامادە بوون. وتاری دەستپێک لەلایەن وەزیری تەندروستیی مالیزیا کرایەوە. ڕووداوەکە بە هاوکاریی وەزارەتی تەندروستیی مالیزیا و پشتیوانیی فەرمانگەی کاروباری گشتیی مالیزیا، لیژنەی پەرپێدانی پیشەسازیی بیناسازیی مالیزیا و ئەنستیتۆی نژیاروانانی مالیزیا بەڕێوە چوو. ڕووداوەکە لەخۆگری سەمپۆزیۆمێک لە پێش کۆنگرەکەدا بوو کە لەگەڵ لیژنەی پەرەپێدانی پیشەسازیی بیناسازیی مالیزیا لەسەر ئەندازیاریی سەقامگیر و کارایی لە پلاندانانی نەخۆشخانەدا بەڕێوە چوو.

لەگەڵ ئەوەی جیهان بە گۆڕانێکی بەرچاوی ئابووری و دیمۆگرافیکدا تێدەپەڕێت، ناوچەی ئاسیا خێراتر لە ڕوانگەکانی کۆمەڵایەتی، بازرگانی و سیاسییەوە دێتە ناو کاروباری جیهانییەوە. زۆر وڵاتی ئاسیایی وەک مالیزیا ئەو ئامانجەیان بۆخۆیان داناوە کە تاوەکوو ساڵی ٢٠٢٠ بێنە ڕیزی وڵاتە گەشەسەندووەکانەوە. ئەوان بۆیان دەرکەوتووە، کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو کە بیهەوێت بگاتە ئابوورییەکی بەهێزی سەقامگیر دەبێت کۆمەڵگایەکی تەندروستیش بێت.
زیادبوونی هۆشیاری لەسەر باشتربوونی تەندروستی و پێویستیی سەرمایەگوزاری لەسەر ژێرخانی گشتی، دامەزراوەیی و نیشتەجێبوون وڵاتانی ئاسیاییان خستۆتەتە بەردەم هەلێکی تایبەت. ئەو وڵاتانە لە لوتکەی گۆڕانکاریدان. جێگری وەزیری تەندروستی داتوک ڕۆسنا عەبدول ڕاشید شێریلین هەوڵی مالیزیای بۆ سەرکەوتن بەم شێوەیە ڕاگەیاند: «هەڵبژاردنی مالیزیا وەک شوێنی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی IADH لەسەر بنەمای بەڵێنی حکومەتە بۆ باشترکردنی تەندروستیی خەڵکەکەی و دامەزراوەکانی تەندروستیی وڵات. بە پێداگری لەسەر گۆڕینی تێڕوانینی خەڵک بۆ گرتنەبەری شێوەژیانێکی تەندروست و تەنیا بایەخ نەدان بە تەندروستیی فیزیکی شتێکە وڵاتەکەمان پێویستییەتی بۆ ئەوی بەرەو پێش بچێت و لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ وڵاتانی پێشەنگ کێبەرکێ بکات.»

### چۆن کۆنگرەی مالیزیا پێکهات

لە ساڵی ٢٠١٠دا، ئالان لەگەڵ حکومەتی مالیزیا وۆرکشاپێکی بوو، کە سێ سەد کەسی لە هەموو مالیزیاوە بانگهێشت کردبوو. ئامانجی ئەو وۆرکشاپە دەستنیشان کردنی کێشەکانی وڵات و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بوو بۆ داهاتوو. بەر لە کۆنگرەکە ئالان چەندین سێمیناری ئامادە کردبوون.

ئالان بینی «مالیزیا وڵاتێکە کە داهاتوویەکی ڕوونی هەیە. هەرچەند، من سەردانی نەخۆشخانەیەکم کرد و بینیم کە ژێرخانی تەندروستی کوالیتیی نزم بوو و لە هەندێک شوێندا لە ئەفریقاش نزمتر بوو بەڵام تێچووشی زۆر بوو. زانیاری لەسەر چاودێریی تەندروستی لەو وڵاتەدا کەم بوو. ژوورەکانی نەخۆشخانە وەک قوتوویەک وابوون لەناو بینایەکدا. دکتۆرەکان لە شوێنێکدا ئیشیان دەکرد کە نە پەنجەرەی تێدا بوو و نە ئاڵوگۆڕی هەوای بوو. من ئەو شتەم وەک خاڵێکی لاواز بینی و هەستم کرد کە دەبێت لەگەڵ حکومەت قسە بکەم. بەهۆی کوالیتیی نزمی بیناکانەوە کارمەندەکانی نەخۆشخانە لێهاتوویی پێویستییان نەبوو.»




کردنەوەی کۆنگرەی کوالالامپور لەگەڵ وەزیری تەندروستیی مالیزیا
داتوک سێر لیۆو تیۆنگ لای

ئالان لەگەڵ پزیشکێک لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکە قسەی کرد، ئەویش قسەکانی ئالانی پشتڕاست کردەوە و ئاماژەی بە ژمارەیەکی بەرچاو لە لایەنەکانی نەخۆشخانە کرد کە ئیش ناکەن. ئەو پێی وا بوو «دەبێت هاوکارێکی لەو باسانەدا بەشداری بکات. بەڕێوەبەران لە پلانەکانی بیناسازیدا لەگەڵ کارمەندانی نەخۆشخانە قسەیان نەکردبوو. لە جیاتی ڕێکخستنەوەی نەخۆشخانەکە من ڕێگەچارەیەکی هەرزانترم پێشنیار کرد کە نەخۆشخانەکە دارمێنن و نەخۆشخانەیەکی دیکە لە جێگەی دروست بکەن. ئەگەر وا نەکەن، تێچووی ساڵانەی هەڵسووڕانی نەخۆشخانەکەیان لە درێژایی کاتدا زیاد دەکات و کوالیتیش دادەبەزێت.

**«وۆرکشاپی داهاتوو» بەر لە کۆنگرەی مالیزیا**

پرۆفیسۆر عەبد ڕەحیم محەمەد بەڕێوەبەری ژێرخانەکان و پلاندانانی داهاتوو لە وەزارەتی تەندروستی بوو. ئەو منی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی قسە بکەم و باس لە چەند کێشەی تایبەت بکەم. وۆرکشاپەکەی لە ساڵی ٢٠١٠ ڕێکخرا پرۆفیشناڵ بوو و لە هۆتێلێکی ڕازاوەدا بەڕێوە چوو. من کەسانی شارەزام بانگ کردن. کەسانێک کە پشتیوانییان کردین، کەسانێک کە ئەندامی کۆمپانیا بوون و کەسانی شارەزا بوون. وۆرکشاپەکە لە سێ ڕۆژدا بەڕێوە چوو. لە دوو ڕۆژدا ئێمە سێمینار و وتارمان بۆ بەردەنگەکانمان کە پزیشک بوون پێشکەش کرد.

«مێتۆدێک کە من بەکارم هێنا (وۆرکشاپی داهاتوو) بوو، مێتۆدێک کە لایەن ڕۆبێرت جانک، ڕەودیگێر لوتز و نۆربێرت مولێرەوە لە ساڵانی ١٩٧٠دا وەک مێتۆدێک بۆ تواناسازیی گروپەکان پەرەی پێدراوە تاوەکوو ڕێگەچارەی نوێ بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان بدۆزنەوە. ئەو گرووپە لەسەر دەستنیشانکردنی کێشەکانی وڵات ئیشیان دەکرد. پرسیارەکان ئەمانە بوون: پرسە پەیوەندیدارەکانی وڵات بە زانیارییەکانی ئێمە باسمان کردبوون چین؟ چ شتێک لە وڵاتدا سەرکەوتوو دەبێت؟ داهێنەری و هەبوونی ڕوانگەیەک بەرەو داهاتوو. چۆن دەتوانین بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵ بین و باشترین ڕێگەچارە بدۆزینەوە؟ من وتم، کۆمەڵگا و دامەزراوە حکومەتییەکان بایەخیان بەو کێشانە نەداوە. من وتم تۆ تەنیا کەسێکی پێم وتبێت، چونکە تۆ کەسێکی شارەزا و ئاگاداریت.

«من پێشتر کێشەکانیانم دەزانین و کەسانێکم بانگهێشت کردبوو کە ڕێگەچارەیان بۆ کێشەیەکی تایبەت بوو. دوکتۆر ڕەحیم، تیمەکەی و من، هاوفکریمان کرد بۆ ئەوەی گرینگترین کێشەکان دەستنیشان بکەین. ئەوە زۆر هەیەجانی بوو.»



عەبد ڕەحیم محەمەد، بەڕێوەبەری ژێرخانەکان و پلاندانان لە وەزارەتی تەندروستی

## پێشنیاری ئالان

«سەرەکیترین کێشە لە مالیزیا بە هۆی کەشوهەواوە، دیزاینی ئێکۆلۆژیکی بوو. وێڕای ئەوەی دەیانزانی کە پێویستیان بە دیزاینی سەوز هەیە، دەستیان بە جێبەجێکردنی زانیارییان لەو بوارەدا نەکردبوو. کاتێک لەگەڵ حکومەت قسەمان کرد، گۆڤاری دیزاینی تەندروستیی جیهانیم پیشان دان: ‹سەیر کەن!› من وتم ‹ئێوە دەتوانن نەخۆشخانەیەک وەک نەخۆشخانەی نموونە بۆ وڵات دروست بکەن و بۆ ئەو نموونە بگەڕێنەوە. من کەسێک دەناسم کە ئەتوانێت نەخۆشخانەیەکی وا لەسەر ڕێبازی سەلوتۆجێنیک و بنەما ئێکۆلۆژیکییەکانی پێشتری ئەم وڵاتە دیزاین بکات بۆتان: بگۆڕەکانی کەشوهەوا و کارایی بینا. ئەو شتە سینرجی دەهێنێت. خەڵکانی تر لەم مۆدیلە فێر دەبن و بەهیواوە هەوڵ دەدەن کە لەم نموونەیە زانیاری وەربگرن و لاسایی بکەنەوە.›»

## بابەتەکانی کۆنگرەی مالیزیا

کۆنگرەی مالیزیا لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە جەختی دەکردەوە:

- جێبەجێکردنی دیزاینی سەلوتۆجێنیک لە بواری تەندروستیی گشتیدا بە مەبەستی زیادکردنی لایەنی گرینگ بە سیستمی چاودێریی تەندروستی و کۆمەڵگای مالیزیایی
- گرینگیی کۆمەڵگایەکی تەندروست
- بەرگری و پێویستیی فەلسەفەیەکی چاودێریی گشتگیر و یەکخراو
- باشترکردنی پێڕاگەیشتنی سەرەتایی لە نەخۆشخانەکانی مالیزیا

«ئێمە باسمان لە چەندین نموونە نەخۆشخانە لە وڵاتانی تردا کرد، لەوانە پڕۆژەی مەزنی سەرکەوتوو لە ئوسترالیا. ئێمە باسمان لە کێشەکانی کەشوهەوا و ژینگە وەک نموونەیەک لە دیزاینی سەوزی ناوچەیی کرد. نژیاروان کێن یینگ، بە ڕەچەڵەک مالیزیایی وتاربێژی سەرەکی بوو. ئەو باسی لە دیزاینی ئێکۆلۆژیکی کرد و چەندین بینای سەرنجڕاکێشی وەک نموونە پیشان دان.

«ئێمە هەروەها بۆ یەکەم جار باسمان لە چەمکی نمای[158] دوانە کرد، کاتێک کە دوو نمات هەیە کە بە مەودای پەنجا سانتیمەتر هەوا لە نێوانیاندا هەیە، یەکێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاڵوگۆڕی هەواو و کۆنترۆڵی کەشوهەوایە کە ڕێگە دەدات بە ئاڵوگۆڕی سروشتیی هەواو و وزەی سفر. ئەم جۆرە تەکنۆلۆژییە بۆ یەکەم جار لە سەنگاپوور ناسێنرابوو. ئەندازیارێک کە لە ARUP، یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی ڕاوێژکاریی بریتانیا هاتبوو باسی لە نمای دوانە کرد کە لەوێ جێبەجێ کراوە.»

١٥٨- facade

## ڕاپۆرتی ئالان لە هەشتەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی لە کوالالامپور

«هەشتەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی جارێکی تر ڕوانگەی IADHی بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروست سەلماند. لە کاتێکدا پێشکەوتنێکی بەرچاو بۆ تێگەیشتن لە بەهاکانی IADH لەسەر دیزاینی سەلوتۆجێنیک هاتبووە ئاراوە، هێشتا لە کاتی جێبەجێکردندا هەندێک کەموکوڕی لە ئارادا بوون.

ئالان لە کۆنگرەکەدا ئاماژەی کرد «یەکێک لە گرینگترین بابەتەکان توانامەندکردنی شارەکانی ئێستامانە و دروستکردنی ژینگەکانە لەناو ئێکۆشارەکاندا تاکوو کۆمەڵگایەکی تەندروست ساز بکەین. ئێمە پێویستمان بە بەرەیەکی نوێ لە دیزاینەرەکان، نژیاروانەکان و ئەندازیارەکان هەیە بۆ ئەوەی فێر ببن چۆن بنەماکانی ئێکۆلۆژیکی و سەلوتۆجێنیک لە کارەکانیاندا بگونجێنن. لە هەمان کاتدا، ئێمە پێویستمان بە پشتیوانیی حکومەتەکان لە سەرانسەری جیهان هەیە بۆ ئەوەی لە بەهای کۆمەڵگایەکی تەندروست و سەقامگیر تێبگەن.

ئالان نووسی «جیهان پێویستی بە پارادایمێکی نوێ و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستی جیهانی هەیە، ئەوە ڕوانگەیەکە کە دەبێت هەموومان پێشوازی لێ بکەین. ئاڵوگۆڕی زانیاری بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر سیاسەتەکانی حکومەت، گۆڕینی پاڵنەرە ئابوورییەکان و هاندان بۆ گۆڕانی ئەرێنی لە شێوە ژیانی خەڵکیدا لە ڕێگەی دیزاینی ژینگەوە، ڕێگەیەکە کە دەبێت بۆ دروستکردنی داهاتوو بگیرێتە بەر. بە ڕوانگەیەکی نێوان-بواری، نژیاروانەکان، دیزاینەرەکان، ئەندازیارەکان، زانایانی تەندروستیی گشتی، دەروونناسەکان و ئابووریناسەکان دەتوانن دۆخی مرۆڤایەتی بە یارمەتیی دروستکردنی ژینگەیەکی هاندەرانە، چێژبەخش و سەقامگیر باشتر بکەن کە دەبێتە هۆی باشترکردنی تەندروستی و خۆشبژێوی بۆ هەمووان.»

## وانەکان لە نەریتە کۆمەڵایەتییە ناوچەییەکاندا

ئالان دەڵێت «ئەوە کۆنگرەیەکی زۆر بەشکۆ بوو، وەزیری تەندروستی هات و بەپێی کولتووری خۆیان دیارییەکی بەنرخی دا بە من. ئەوە دابونەریتی مالیزیاییە، بۆیە منیش چووم بۆ فرۆشگە و پێنووسێکی گرانبەها، کتێبێک و گۆڤارێکم کڕی بۆ ئەوەی سپاس و پێزانینی خۆم بۆ یارمەتییەکەیان دەرببڕم. من چووم بۆ ئەوەی سەرنج بدەمە کولتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئەوەی کە خەڵک چۆن ڕێز لە یەکتر دەگرن. «یەکێک لەو کەسانەی کە بۆ ئەو فۆرومە بانگهێشتم کردبوو، ڕەی پێنتێکۆست بوو کە ئەودەم سەرۆکی ئەکادیمیاکەمان بوو. ئەو جێگری یەکێک لە وەزیرەکانی بینی و باوەشی پێدا کرد. من وتم ‹خودایە!› تۆ نابێت ئەو کارە بکەیت! تۆ نابێت لە وڵاتێکی مسوڵماندا تەنانەت تەوقە بکەیت. دەبێت خانمەکە لە دواوە ڕابوەستێت. ئەگەر دەستی هێنا، تۆش دەست ببە. دەنا نابێت ئەو کارە بکەیت. ئەوەش بەربڵاویی کولتوور لە سەرانسەری جیهاندا پیشان دەدات. ئەوە شتێکە کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرە لە شارێکی تردا لەسەری هەستیارین.»




پێشکەشکردنی دیاری بە وەزیری تەندروستیی مالیزیا،
داتوک سێری لیۆ تیۆنگ لای

**چیرۆکی زیاتر لە پشت کۆنگرەی مالیزیاوە**

«یەکەم جار کە چووم بۆ ئەوێ زۆر لەمەوبەر بوو. لە ساڵی ٢٠٠٧، لە لایەن پرۆفیسۆر نۆروینا ئیم. نەواوی بۆ زانکۆی نێونەتەوەیی ئیسلامی بانگهێشت کرام. ئەو ژنێکی خاوەن خولیایە، زۆر تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی کەسانی شارەزا بەرەو زانکۆکەی ڕابکێشێت. نۆروینا پرۆفیسۆرێکی زۆر چالاکە لە کۆلێژی نژیاروانی ئەوێ.

«خەڵکی مسوڵمانی مالیزیا زۆر مۆدێرن و کردەیین. ژنان لە کۆمەڵگادا زۆر بەهێز و چالاکن. بینینی ئەو ژمارە بەرچاوەی ژنانی پسپۆڕ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا ئاسایی نییە. نۆروینا پرۆفیسۆرە و هاوژینەکەی سیاسەتوانە. ئەو حەوت منداڵی هەیە و هەموویان بە باشی خوێندوویانە و بڕوانامەی زانکۆیان هەیە. هەروەها ئەو ئەندامی گرووپی تەندروستیی گشتیی UIA-PHG بوو لە یەکیەتیی نژیاروانانی نێونەتەوەیی. نۆروینا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من دانا و من وەک سەرچاوەیەکی هاندەر بۆ کەسانی دیکە ڕێزم لێنا. ئەو کەسانەی من لە مالیزیا بینیومن زۆر بڕوامەندن و و زۆریش تەندروستن.»



جێگری وەزیری تەندروستی، داتوک ڕۆسنا کچی حاج عەبد ڕەشید شیرلین لەگەڵ بەڕێوەبەری IADH، ڕای پێنتێکۆست

**ئامادەکارییەکان و کوالیتیی کۆنگرە**

چارلی ئۆلۆفسۆن، هاوکارێکی سویدی کە لەگەڵ ئالان لەسەر ئامادەکردنیماڵتی میدیا لە کۆنگرەکاندا کاری کردبوو، بە کۆنگرە و چۆنیەتیی ڕێکخستنیدا هەڵدەڵێت. «کۆنگرەی مالیزیا باشترین بوو چونکە ئێمە لە ناوەندی کۆنوانسیۆنی نەتەوەیی بووین کە تەنیا کاری ئەوان بەڕێوەبردنی کۆنفرانسە. کاتێک ئالان دەستی بە پلاندانان بۆ کۆنگرەکە کرد، حکومەتی مالیزیا داوای لێکرد کە کۆنگرەکە لە شوێنێک لە دەرەوەی شار بەڕێوە ببات کە تازە دروست کرابوو. لەوێ تەنیا بینای حکومەتی لێ بوون. ئالان ئەوەی ڕەد کردەوە، وتی کە دەیەوێت لە ناوەڕاستی شار کۆنگرەکە بەڕێوە ببات. ئەوە بڕیارێکی ژیرانە بوو چونکە لەوێ ئامادەکارییەکان زۆر سادەتر دەکران و بەشداربووان دەیانتوانی لە شارەکە چێژ وەربگرن.

بەپێی بەراوردی ئۆلۆفسۆن «کۆنگرەی مالیزیا گرینگترین کۆنگرە بوو. زۆر بە باشی بەڕێوە چوو و وەزیرانی حکومەت هاتبوون، و لە ڕێکخستن و ڕێژەی بەشداریکردن دڵنیایان کردینەوە. ئاستی بەرز بوو چونکە بەشداربووان زۆر باش ئیشیان بۆ دەکرد و لە هەموو لایەنێک بەشدار بوون. هەموو شت بێکێشە بوو، خواردن، ڕێکخستن، مشتەرییەکان، ڕووداوێکی نێونەتەوەیی بوو و خەڵک لە هەموو شوێنێکی جیهانەوە هاتبوون.»




چارلی ئۆلۆفسۆن، بەڕێوەبەری ئای.تی کۆنگرە بە هۆی چەندین ساڵ
پشتیوانی لە ئەکادیمیا خەڵات کرا

## دیزاینی ئێکۆلۆژیکیی کێن یێنگ

یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی کۆنگرە، وتاری نژیاروان کێن یێنگ، پلاندانەر و پێشەنگی دیزاینی ئێکۆلۆژیکی بوو. لە وەسفی کارەکانی کێن یێنگدا، ئالان دەڵێت کە کارەکان و ڕوانگەی «پەیوەندییەکی بێوێنە لە نێوان بینا و ژینگەی سروشتیدا دروست دەکات بە شێوەیەک کە هەست ناکەی بیناکە وەک شتێکی زیادەیە لەناو سروشتدا بەڵکو بەشێکە لە ژینگە.

«سروشت دەکرێت وەک (ئۆرگانیزمێکی وەرگر) بۆ ژێرخانە دەستکردەکان سەیر بکرێت، ئەگەر بمانەوێت کۆی سیستەم سەر بکەوێت پێویستە کە ئەو ژێرخانانە لەگەڵ ژینگەدا یەک بگرن. دیزاینی ئێکۆلۆژیکی باس لە دروستکردنی بینایەک دەکات کە هەوای خاوێن، ئاوی خاوێن، خواردنی خاوێن، و زەویی خاوێن لەڕێگەی بەڕێوەبردنی ئاو و گەرمکردن و فێنککردنەوەی سروشتی دابین بکات.

ئالان بەم ئەنجامگیرییە دەگات: «ئەم بنەمایانە لەگەڵ بنەماکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک پەیوەندیی نزیکیان هەیە کە هەردووکیان پشتیوانی لە تەندروستیی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا دەکەن. باشترکردنی تەندروستیی سەرجەم کۆمەڵگا وەک بنەمایەک بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری تەنیا لە ڕێگەی بنەماکانی دیزاینی سەلوتۆجێنیک و ئێکۆلۆژیکی بەدی دیت. دیزاینێکی لەو چەشنە دەتوانێت کاری ڕێخستن و پێکهاتەبەخشی لە کۆمەڵگادا دابین بکات و بە شێوەیەک ئیش بکات کە ژینگەی سروشتی بە شێوەی بەردەوام بەرهەم بێتەوە.»




کێن یێنگ،
باوکی دیزاینی ئیکۆلۆژیکی

**ڕوانگەی هاوکارەکان**
کوالالامپوور یەکەم کۆنگرەی نژیاروان ئانجیلا لی بوو. ئەو بانگهێشت کرابوو بۆ ئەوەی بە بۆنەی پڕۆژەیەک کە لەگەڵ هاوکارێکی ئوسترالیایی پێشکەشی کردبوو خەڵات بکرێت. ئەو نژیاروانێکی ئەمریکاییە کە شوێنی ئیشەکەی، واتە HKS، ئاگاداری کارەکانی ئالان لە یەک دەیەی ڕابردوودا بوون.
ئەو وتی «کاتێک کە ناوەندەکەی ئێمە لقوپۆی نێونەتەوەیی لێ کەوتەوە گرینگیی کۆنگرەکە زیاتر هەستی پێکرا. ئەودەم بوو کە زانیمان بۆچی ئەم کۆنگرە بەڕێوە دەچێت، بەڕێوەبەرانی کێن و بۆ دەبێت ئێمە پشتیوانییان لێ بکەین. ئەم کۆنگرانە جیاوازن چونکە زۆرتر لەسەر بنەمای توێژینەوەیە. شوێنێکە کە زیاتر زانیاری تێدا هاوبەش دەکرێت.
«زۆر کۆنفرانسی دیکە کە من بەشدار بووم تەنیا ئەندازیارەکان و نژیاروانەکان قسە دەکەن و باس لە چۆنیەتیی دروستکردنی نەخۆشخانەکان دەکەن. ئەم دانە بە ڕاستی قووڵترە چونکە زیاتر لە هەزار کەس تێیدا بەشدارن لەوانە چوارسەد کەسیان نژیاروانی چاودێریی تەندروستین. سەختە بۆ ئێمە کە کەسانی زیاتر بنێرین بۆ کۆنفرانسێک، مەگەر ئەوەی کە بەرهەمێکی تایبەتمان بێت و بە دەستکەوتێکەوە بگەڕێینەوە. ئەوە دان و ستاندنە. بۆ من، باسەکە توێژینەوەیە. باسی زانستی و باسی کۆمەڵگایە، بۆ من بەهاکان هەمان شتن. هەروەها من دەپرسم ‹دەتوانم لەوێ چ شتێک بۆ مشتەرییەکانم بهێنمەوە؟› ڕووداوی کوالالامپوور زۆر سەرکەوتوو بوو.»

ئەندازیار کالڤین لوک لە هۆنگ کۆنگ، دەڵێت کاتێک کە سەردێری دیزاین و تەندروستی لە ماڵپەڕەکەدا بینیوە «ئەوە ڕووناکییەک بوو لە کۆتایی تاریکیدا بۆ من. ئەو وشانە زۆر سادە بوون بەڵام ڕێک ئەو شتەیان دەردەبڕی کە من بە شوێنیدا دەگەڕام. بۆ سێ ساڵی دواتریش لە کۆنگرەکەدا بەشداریم دەکرد. ڕووداوی کوالالامپوور مێشکی هەڵدەتەکاند. باشترین بوو و بە باشترین شێوە کەسەکان هەڵبژێردرابوون. شوێنی ڕووداوەکە زۆر ڕازاوە بوو و بەباشی لەگەڵ ناوەڕۆکی کۆنگرەکەدا یەکی دەگرتەوە چونکە سەوزاییەکی زۆر دوو بورجی بەدیمەنی لەبەردەمدا بوون. بەڵام گرینگترین شت بۆ من ئاستی زانیاری و پسپۆڕی و ڕوانگەی IADH بوو، شتێک کە من بە دوایدا دەگەڕام.»




ئەنجێلا لی، لە نژیاروانانی HKS




نژیاروان کالڤین لوک، هۆنگ کۆنگ

ئانیک سلووتمایکرا، نژیاروانی بەلجیکی کە لە چین کار دەکات، ئەمەی بۆ وتن هەبوو: «ئێمە بە ڕاستی بە چەمکی دیزاینی سەلوتۆجێنیک سەرسام بووین. پێموایە کۆی گشتیی بیرکردنەوەمان و سەرنج خستنە سەر بەرگری لە نەخۆشی و پاشان چارەسەر، شتێکی نوێ بوو بۆ من. لە چین و سیستمی نەریتیی پزیشکیی چین و چۆنیەتیی بیرکردنەوەیان زۆر لەو شتە نزیکە. بەڵام کەمتر سەبارەت بەو شتە دەبیستی بە تایبەت لە وڵاتێکی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان کە چاودێریی تەندروستی بازرگانییە.

«ئەوە لایەنی سەلوتۆجێنیک و هەروەها ئالان بۆخۆی بوو کە بۆ من سەرنجڕاکێش بوون. یەکەم وتاری ئەو زۆر پڕناوەڕۆک بوو. ئەو کەسێکی پڕوزە بوو، بەڵام زۆریش قسەکانی سەرڕاست بوون. ئەو تەنیا بیرۆکەی جوانی خستنە ڕوو، دوای ئەوە، ئێمە بەرەو ئەو باسە چووین.»

## ٩. ئوسترالیا: نۆیەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: مێلبۆرن و بریسبان، ٢٠١٣

**ئوسترالیا وڵاتێکە کە بۆ هەموو شتێک کراوەیە. ئەو خەڵکە دەیانویست هەموو زانیارییەکان بە کار بهێنن.** ئالان دیلانی

زنجیرەیەک ڕووداو و هەوڵ کە سەرەنجام بە نۆیەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی لە بریسبان کۆتایی هاتن بە پەیوەندی و بانگهێشتەکان لە مێلبۆرن دەستیان پێکرد. لەوێ لە مارسی ٢٠١٣دا، ئالان لە کۆلێژی نژیاروانیی مێلبۆرن بە هاوکاریی نژیارانانی لیۆنس، بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجەکان بۆ دیزاینی یەکەکانی نەخۆشخانە و چاودێریی تەندروستی وتارێکی پێشکەش کرد. ئالان پێرت، بەڕێوەبەری کۆلێژی دیزاینی مێلبۆرن پێداچوونەیەکی لەسەر وتارەکەی ئالان لە مێلبورن لە گۆڤاری پێداچوونەوەی دیزاینی ئوسترالیایی بڵاو کردەوە.

ئالان پێرت ئاماژەی کرد «کەڵکی نێوان-بواریی نژیاروانی، دیزاین، ئەندازیاری، پزیشکی، سیاسەتی تەندروستیی گشتی، کولتووری و هۆکارە دەروونی کۆمەڵایەتییەکان کە تێکەڵ دەبن، سەرەنجام دەبنە هۆی باشتربوونی تەندروستیی کۆمەڵگا.»

پێرت درێژە دەدات «لە ساڵی ٢٠١١دا لە خەڵاتەکانی ئەکادیمی نێونەتەوەیی دیزاین و تەندروستی لە بۆستۆن ژمارەیەک پرۆژە لە سەنگاپوور و ئوسترالیا وەک ستانداردی نوێ بۆ دیزاینی ناوەندەکانی تەندروستی ئاماژەیان پێکرا. نەخۆشخانەی خۆ تێک پاوت لە سەنگاپوور دوو خەڵاتی وەرگرت، یەکیان خەڵاتی ناوەندی تەندروستیی دەروونیی بالارات لە ئوسترالیا و لەڕێگەی بیلارد لید خەڵاتی دیزاینی تەندروستیی دەروونیی بردەوە؛ ڕێزلێنانێکی زۆریش لە ناوەندی نێونەتەوەیی دڵ لە سەنگاپوور و دامەزراوەی مێشک و زەین، بینای تەندروستیی دەروونیی لاوان لە سیدنی نرا. هەموو ئەم سەرکەوتنانە ئاماژە بە قۆناغێکی زۆر بەرچاوی سەرمایەگوزاریی لەسەر تەندروستی لە پایتەخت و چەندین ناوەندی دیکەی نموونەیی لە ئوسترالیا و ئۆقیانووسیە دەکەن.»

بگەڕێینەوە سەر وتارەکەی ئالان لە مێلبۆرن. پێرت نووسی: «وتارەکەی ئالان دیلانی باس لە زیادبوونی خولیای کارکردن و حەزی سیاسەتدانەران لە ناوچەی ئوسترالیا و ئۆقیانووسیە دەکات بەڵام بابەتەکە زۆر گەورەترە لە پێویستی بە باشکردنی دیزاینی ناوەندەکانی چاودێریی تەندروستی. ڕوانگەیەکی بەرگرانە تێگەیشتنێکی زۆر بەربڵاوتر لە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانی شێوازەکانی ژیان لە شارەکاندا پیشان دەدات و ئەم گۆڕانە دەبێت ناوچە دوورەکان و گوندەکانیش بگرێتەوە. گۆڕانەکان لە هەڵسوکەوت بەرامبەر تەندروستی لە ئێستادا پێویستن. هەروەها تێگەیشتن لە گۆڕانەکان لەسەر باشتربوونی دۆخی دەروونی و فیزیکیش بە هەمان شێوە پێویستن.



پرۆفیسۆر ئالێن پێرت،
بەڕێوەبەری کۆلێژی دیزاینی
مێلبۆرن

«لەودیو دیواری نەخۆشخانەکانەوە، گۆڕانی فەزاکان بە شێوەیەک دەبینین کە وەڵامدەری گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕان لە شێوازی ژیاندا بن. شێرپەنجە، نەخۆشیی دڵ، جەڵتە، نەخۆشییەکانی هەناسەکێشان و نەخۆشیی جگەر لەوانەیە هێشتا زۆرترین شوێنیان لە نەخۆشخانەکاندا بۆ تەرخان کرابێت بەڵام ئێمە پێویستیی سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێی بیناکان و تەکنۆلۆژیی نوێ دەبینین کە وەڵامدەری گۆڕانی پێداویستیی نەخۆشەکان، چاودێریی و خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان بێت. ئێمە دەستمان بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی زانیاریی نوێ، خزمەتگوزاریی نوێ، ڕێگەی نوێی پەیوەندیی لەگەڵ یەکتر و (ئەپی تەندروستی) نوێ ڕادەگات، کە داوامان لێدەکەن بە جیدیی بیر لە بینا دروستکراوەکان و ئەو بینایانە بکەینەوە کە بەمەبەستی خۆشبژێوی دروست کراون.

«هەروەها پرۆفیسۆر دیلانی لە ڕاپۆرتی لانسێت کە لە ساڵی ٢٠١٢دا بڵاو کراوەتەوە ئاماژە دەکات، دۆخی تەندروستیی خەڵک لە ئوسترالیا و ئۆقیانووسییە، لە بەرزترین ئاستەکانە لە جیهاندا بە شێوەیەک کە هیوا بە ژیانیش ڕوو لە زیادبوونە. لە ڕاپۆرتەکەدا ئوسترالیا دوای ئیسپانیا و ئیتالیا لە پلەی سێهەمدا دێت. هەرچەند دامەزراوەی ئوسترالیایی بۆ تەندروستی و ئاسایش توێژینەوەیەکی لە ساڵی ٢٠٠٦ بڵاو کردەوە کە بەپێی ئەو توێژینەوە ئوسترالیاییەکان ساڵانێکی زۆری ژیانیان لە بێتواناییەکدا دەژین کە ئەو ماوەیە بەردەوام ڕووی لە زیادبوون بووە. نووسەر، دوکتور خینگیان وێن دەڵێت (لەگەڵ ئەوەی کە تەمەنی خەڵک درێژتر دەبێت، بەشێکی زیاتری ژیانیان لە بێتواناییدا دەبن،) بە شێوەی مامناوەندی پیاوان نزیکەی ١٨.٦ ساڵ لە ژیانیان بە جۆرێک بێتواناییەوە دەژین، لە کاتێکدا ئەو ژمارەیە بۆ ژنان ٢٠.٧ ساڵە. ئەوە دەریدەخات کە سیستمی تەندروستی ناوچە ڕووبەڕووی هەمان کێشەیە کە وڵاتانی دیکەی گەشەسەندوو پێوەی دەناڵێنن وەک بەرزبوونەوەی تێچووی پزیشکی، هەڵکشانی تەمەنی جەماوەر و بەرزبوونەوەی نەخۆشییە پەیوەندیدارەکان بە شێوەژیان کە شەکرە و قەڵەوی بەرچاوترینی ئەو نەخۆشییانەن.

«لە ساڵی ٢٠١٠دا، ڕاپۆرتێک ئاماژە بەوە دەکات کە تا ساڵی ٢٠٥٠ جەماوەری ئوسترالیا دەگاتە ٣٥.٩ ملیۆن کەس. بەڵام هەمان ڕاپۆرت ئاماژەش بەوە دەکات کە ڕێژەی ئوسترالیاییەکانی سەرووی ٦٥ ساڵ بەرز دەبێتەوە بۆ ٢٠ لەسەدی جەماوەر و لە ٢.٥ ملیۆن کەسەوە دەگاتە ٧.١ ملیۆن کەس تا ساڵی ٢٠٥٠.

«ئـەو ئامارانـە تۆقێنـەرن و لـە توانایـی ئابووریـی سیسـتمی چاودێریـی تەندروسـتی بـەدەرن. ئـەو داتایـە ئامـاژە بـەوە دەكات كـە پێویسـتە بیرێكـی جیـدی لـە ژینگـە دروسـتكراوەكان بكرێتـەوە بـۆ ئـەوەی توانایـی ئەوەیـان هەبێـت وەڵامـدەری جەماوەرێـک بـن كـە جووڵەیـان كەمـترە. پرۆفیسـۆر دیلانـی، بـاس لە كێشـە پەیوەندیـدارەكان بـە جەمـاوەری بەتەمـەن نـاكات بـەڵام لـە دەسـتپێكی قسـەكانیدا فیلیـپ گـواد بـە قسـەكردن، لایكەمـی كارەكانی پرۆفیسـۆر بریـان كیـد پشـتڕاسـت دەكاتـەوە كـە بێوچـان لـە ماوەیەكـی دوورودرێـژدا لـەم بـوارەدا كاری كـردووە. بریـان ئەندامـی گرووپێكـی توێژینـەوەی نێوان-بوارییـە كـە لەسـەر ڕێوشـوێنەكانی باشـترین دیزایـن بـۆ كەسـانی بەتەمـەن لـە داهاتـوودا ئیـش دەكات، كـە پێویسـتی بـە ڕوانگەیەكـی نێوان-بـواری هەیـە بـۆ ئـەوەی داهاتـووی ماڵەكانمـان، شـەقامەكان، فـەزا شـاری و گشـتییەكانمان دروسـت بكـەن. ئـێـمە مەترسـیی بـاری نەخۆشـی و وابەسـتەیی و هەروەهـا لەدەسـتدانی ژیانـی شـاری وكۆمەڵایەتیـمان هەیـە كـە دەبێتـە هـۆی تەریكبوونـی كۆمەڵایەتـی و لاخسـتنی جەمـاوەری بەتەمـەن.

«پلاندانـان بـۆ جەمـاوەری بەتەمـەن، بوارێكـە كـە نیگەرانییـەكان لەسـەری زیاتـر بـوون بـەڵام ڕاستییەكیشـە كـە پێویسـتە دیزاینـەرەكان زیاتـر بایەخـی پێبـدەن، ئەگـەر دەمانهەوێـت بـە تەواوەتـی ئامادەبیـن بـۆ ئـەوەی بـەرەو داهاتـوو بچیـن، دەبێـت لـە دەرەنجامەكانـی پێویسـتی بـەو فەزایـە تێبگەیـن كـە ئامـارە بڵاوكـراوەكان باسـی دەكـەن. ئەمـە بوارێكـی توێژینەوەیـە كـە پێویسـتی بـە هاوبەشـییەكی داهێنەرانـە و ڕێگەچـارەی داهێنەرانـە هەیـە، ئەگـەر دەمانەوێـت ڕێبـازە مەزنەكـەی پرۆفیسـۆر دیلانـی بگرینـە بـەر و لەسـەر كاری كەسـانی پێشـووتر وەک پرۆفیسـۆر بریـان كیـد بیناسـازی بكەیـن. كۆنگـرەی جیهانیـی دیزایـن و تەندروسـتی لـە بریسـبان دەبێـت هەلێكـی بێوێنـە بێـت بـۆ كردنـەوەی ئـەو كێشـە جیهانییـە، بەشـێوەیەک بەبـێ سـەرنجدانی پێویسـت، هەلـەكان بـۆ پەرەدانێكـی خەیاڵیـی نـوێ سـەرناگرن و كێشـەكانی پلاندانانـی ژینگەیـی و كەشـوهەوا ئاراسـتەی باسـەكان دەگـۆڕن.

«ئـالان دیلانـی لـە كۆتایـی قسـەكانیدا، ‹دیزاینـی بەڵگە-بنەمـا[159]› وەک هەلێكـی بازاڕدۆزینـەوە ڕەت دەكاتـەوە بـەڵام هاوڕایـە كـە ئێسـتا هەلێكـی ناوازەمـان لەبەردەسـتدایە بـۆ ئـەوەی بەڵگـە لەسـەر دواییـن پـڕۆژە دیزاینكـراوەكان كـۆ بكەینـەوە، كـە دەتوانـن لەسـەر داهاتـووی دیزاینـی ناوەنـدە پەیوەندیـدارەكان بـە تەندروسـتی ئاگادارمـان بكەنـەوە. هەروەهـا زەختێكـی زۆر لەسـەر نژیاروانـەكان هەیـە بـۆ ئـەوەی كارەكانمـان لـە بوارەكانـی دیكـەی بیناسـازیدا تاقـی بكەنـەوە كـە زیاتـر كێبەركێـی تێدایـە و ڕیسـكیشـی زیاتـرە. بۆیـە، هێشـتا پرسـیارێک دەمێنێتـەوە لەسـەر ئـەوەی نژیاروانیـی بەڵگەبنەمـا چییـە بـەڵام هیـچ دوودڵییـەک نییـە لەسـەر گرینگیـی دیزاینـی بەڵگە-بنەمـا بـۆ تێگەیشـتن لـە سـەركەوتنی ئـەم پرۆژانـە. دەبێـت ماوەیەكـی زیاتـر لـەم پرۆژانـە دروسـت بكرێـن و دەبێـت بێلایەنانـە بڕیـار بدرێـت لەسـەر ئـەوەی چ شـتێک سـەركەوتوو بـووە و چ شـتێک سـەرنەكەوتووە، ئـەو كارەش لـە ڕێگـەی بـەراوردی پاش-نیشـتەجێبوون دەكرێـت. هیشـتا توێژینـەوەی پێویسـت لەسـەر ئـەم بـوارە نەكـراوە كـە شـیكاری لەسـەر بكرێـت.

«زۆر جـاران دیزایـن لـە بڵاوكراوەكانـی نژیاروانیـدا دادەبەزێـت بـۆ ئاسـتی جوانیناسـی، لـە كاتێكـدا بڕیـارەكان لەسـەر بنەمـای تێچـووەكان دەدرێـن. نووسـینی ڕەخنەگرانـە و بڵاوبوونـەوەی دیزایـن پێویسـتی بـە پلاتفۆرمێكـی

---

١٥٩- Evidence-based design

نوێ هەیە بۆ ئەوەی هاندەرێک بێت بۆ وتوویژ لە نێوان کەسانی جێبەجێکار، ئەکادیمیک، و ڕێکخراوەکانی تەندروستی. ئەکادیمیاش لەم پەیوەندییەدا دەورێکی گرینگ دەگێڕێت. ئەگەر وای دانێین کە کۆتایی ئەم دەیە ئێمە هەزاران ناوەندی دیکە لە سەرانسەری جیهاندا دروست دەکەین، هەروەک تاقیگەکان پزیشکەکان ئاگادار دەکەنەوە لەوەی چ شتێک بکەن، ئێمەش پێویستمان بە تاقیگەی نوێیە بۆ ئەوەی نە تەنیا کاری نژیاروانی بخاتەوە بەر پرسیار، بەڵکوو فێرکاریی دیزاین، توێژینەوە و سەرنجی ناوەندەکانی پشتوانیش بگۆڕین.»

## زۆر جاران دیزاین لە بڵاوکراوەکانی نژیاروانیدا دادەبەزێت بۆ ئاستی جوانیناسی، لە کاتێکدا بڕیارەکان لەسەر بنەمای تێچووەکان دەدرێن.

**سەمپۆزیۆمی مێلبۆرن:**

**بەستنەوەی ڕوانگەی جیهانی بە ناسنامەی ناوچەییەوە**

ویستی ئالان بۆ کۆکردنەوەی باشترین کەسەکان لە بواری خۆیاندا هەمیشە پێویستی بە پەیوەندیی بەردوام لەگەڵ ئەو کەسانە بووە کە لە سێمینارەکانیدا بەشدارییان کردووە. ڕەنگە بەبێ ئەو سێمینارانە نەکرایە کە ئالان لەسەر ژمارەیەکی زۆر کەسانی پسپۆڕ کاریگەری دابنێت بە شێوەیەک کە ڕوانگە و ڕێبازی نوێ لە توێژینەوە و کارەکەیاندا بکەنەوە. یەکێک لەو کەسەی زانای تەندروستیی گشتیی ئەوسترالیایی ئانتۆنی کاپۆنە، کەسێک کە بۆی دەرکەوت ئەم دیدارانە دەبنە هۆی ئەوەی هاوکارەکانیان بیرۆکەکانیان هاوبەش بکەن و پەیوەندی بگرن.

لە وتارەکەیدا لە مێلبۆرن، پڕۆفیسۆر کاپان وتی «من ئەکادیمیام بە کەسانی تر ناساندووە. کاتێک من دەچووم بۆ کۆلێژی تەندروستیی گشتی، یەکێک لە ئەندامانی تیمەکە چارەسەری ئیشدەرمانی[١٦٠] دەکرد. ئەو لەگەڵ دامەزراوەیەک ئیشی دەکرد کە چاودێریی لە ڕێگەی شوێنی نیشتەجێبوونەوە لە کەسانێک دەکرد کە نەخۆشیی بیرچوونەوەیان بوو و دەوری کێڵگەیەکی ماسی لە گوندێکدا بۆ گرینگ بوو کە چۆن دانیشتووانی ئەو شوێنە بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات. ئەو بۆ خەڵاتێکی ئەکادیمی هەڵبژێردرا.

«لەم فۆرومانەدا، کەسانێک لە پیشەسازی و حکومەت دێن، لە کاتێکدا لە زۆربەی ڕووداوە ئەکادیمییەکاندا بە دەگمەن کەسانێک لە بوارەکانی پیشەسازی یان حکومەت دەبینیت. ئەگەر کەسانی واش بێن، تەنیا لەوێ دادەنیشن. بەڵام لێرە شوێنێکە بۆ کەسانی جێبەجێکار و هەروەها بۆ کەسانی سیاسەتدانەر کە لەگەڵ کەسانی زانا تێکەڵ ببن. بەڵام هەموو کەسانی ئەکادیمی بۆ ئەو شتە ئامادە نین، چونکە کەسانی ئەکادمیک وا نییە کە حەتمەن حەز بەو جۆرە ڕووداوانە بکەن.»

١٦٠- Occupational therapy

بە سەیرکردنەوەی ئەزموونی ڕابردووی هاوکارەکەی، دیزاینەری شاریی ئەمریکایی، مارک جانسۆن ئەوەش زیاد دەکات: «من بە ڕاستی لەوە تێنەدەگەیشتم تا کاتێک لە مێلبۆرن قسەم کرد، شوێنێک تۆنی جەز گرۆس قسەی کرد و تۆنی کاپۆ و من یەکمان گرت، ڕێک بەو شێوەی کە ئەمڕۆ لە هۆنگ کۆنگ یەکمان گرتووە. من ئەو کات لە شتێک تێگەیشتم-کە پاشان بووە هۆی ئەوەی شێوازی قسەکردن سەبارەت بەم بابەتە بگۆڕدرێت- کە ماوەیەکی زۆر بوو دەمزانی: ئەوەیش ئەوەی کە پلاندنانی شارە مۆدێرنەکان ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی لەسەر تەندروستیی گشتی هەیە.

«بۆ من، ئەو سەمپۆزیۆمەی مێلبۆرن خاڵێکی وەرچەرخان بوو و جیاواز بوو لەو حەوت کۆنگرەیەی کە تا ئەودەم بەڕێوەمان بردوبو و من ڕابردوویەکی پێویستم بوو کە هەست بەو شتە بکەم. من پێموایە ئەوەش چەندین هۆکاری بوو. یەکێکیان بە دڵنیاییەوە نژیاروانی ئوسترالیایی جەیمز گراس و نژیاروانێکی دیکە واتە تۆنی کاپۆن بوو.

## ئالان لەسەر ژمارەیەکی زۆر کەسانی پسپۆڕ کاریگەری دانا بە شێوەیەک کە ڕوانگە و ڕێبازی نوێ لە توێژینەوە و کارەکەیاندا بکەنەوە.

«هەروەها ژنێکی دیکەی لێ بوو کە نژیاروانێکی ڕەخنەگرە و ڕۆژنامەیەکی ناسراوی لە سیدنی هەیە کە زمانی زۆر توندە. لێکدانەوەکانی ئەو وەک ڕەخنەگرێکی نژیاروانی، یارمەتی دام کە لە گریمانەکەی ئالان تێبگەم: هەم پاتۆجین وهەم سەلوتۆجین هەن، بەڵام ئێمە چۆن دەتوانین ئەم شتانە پێکەوە کۆ بکەینەوە؟ ئەوە دیزاینی شارە کە وەک سفرە و خوانێک هەردوو جۆرەکەی پاتۆجین و سەلوتۆجێنیک کۆ دەکاتەوە. لە ڕاستیدا، لە جیهانی تەندروستیی گشتیدا زیاتر جەخت لەسەر گشتگیرناسیی نەخۆشی و ئامارە پەیوەندیدارەکانی دەکرێت لە کاتێکدا جیهانی دیزاین پێچەوانەی ئەوەیە.

«لە مێلبۆرن، دەستم کرد بە باسکردن لە کۆمەڵێک کێشەی جیهانی و ئەوەی کە پێویستە چۆن ڕاڤەی ئەو کێشانە لە پەیوەندی بە دیزاین و چۆنیەتیی دروستکردنی سیستەم و دروستکردنی شوێنەکان بکەین. دوو سێ کۆنگرەی یەکەم زیاتر تیشکیان دەهاویشتە سەر دیزاینی ناوەوەی ژینگە و ناوەندە پزیشکییەکان. ئەوە شتێکە کە هەموو کەس چاوەڕوانی دەکات چونکە لە دیزاینی نەخۆشخانەدا ئەوە کێشەیەکی درێژخایەن بووە. کارێکی زۆر لەسەر ژینگەی چاودێریی پزیشکی کراوە و بەرەو ژینگەیەک بۆ خۆشبژێوی ڕۆیشتووین و ئێستاش دەبێت بەرەو دروستکردنی جیهان بۆ خۆشبژێوی بچین. لەم پێشکەوتنەدا، بە بڕوام مێلبۆرن خاڵێکی وەرچەرخان بووە.

«پێشتریش لە سەمپۆزیۆمێک بەشداریم کردبوو، یەکەم جار کە وەک وتاربێژ بەشداربووم، ئەمجارە تەنیا گوێم گرت بزانم ئەوانی تر باسی چی دەکەن. پاشان دەستم کرد بە توێژینەوەی خۆم و کاتێک بۆ جاری

دووهەم هاتمەوە، زۆر زانیاریم زیاتر بوو. ئەوە لەسەر بنەمای ئەو خوێندنەوانە بوو کە لە دیزاینی شارەکاندا پەیوەندیم دابوو بە خوێندنەکەمەوە. ئەم پێشکەوتنە ئیجازەی ئەوەی پێدام کە لەگەڵ مشتەرییەکانم و ئەو کەسانەی پەیوەندیم بوو، باس لە بابەتەکان بکەم.»



بریسبان- شارێکی سەلوتۆجێنیک

«لایەنی ژینگەیی لە کۆنگرەکانی تۆرۆنتۆ و بۆستۆن زۆر زیاتر گرینگی پێ درا. من تەنیا کەسێک بووم کە لەسەر ژینگە قسەم دەکرد. دواتر لە مێلبۆرن تەنیا نەبووم. لە سەرانسەری جیهانەوە نزیکەی بیست کەسی تر هەبوون. بەڵام من کەسێکم کە یەکسەر باس لە کێشەکان دەکەم. ئەوان زیاتر باسیان لە جوانی دەکرد. من باسم لە خەڵک دەکرد.»

## نۆیەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: بریسبان، جولای ٢٠١٣

### ئوسترالیا لە ناوچەی ئۆقیانووسیە پێشەنگی بواری دیزاین و تەندروستی و پێشکەشکردنی ستانداردە ئاستبەرزە نێونەتەوەییەکانە و شاری بریسبان، پایتەختی کوینزلەند، باشترین شوێنە بۆ گرێبەستەکان. ئالان دیلانی

ئەو لە پێشنیارەکەی کە بۆ کۆنگرەی بریسبان ناردبووی دەڵێت «بریسبان شوێنێکی گونجاو بوو بۆ بەڕێوەچوونی نۆیەمین کۆنگرەی IADH. ئەوێ یەکێک لە جوانترین شارەکانی جیهانە، کەناراوەکانی و چۆمێک لە ناوەڕاستی شاردا، کردوویانە بە شارێکی دڵگیر. خەڵک بۆ نانی نیوەڕۆ دەچنە دەر بۆ ئەو شوێنانە. ئەوە بۆ من سەرنجڕاکێش بوو. شارێکی هێمن بوو. هەرجێیەک دەچووی هەمان هەستت بوو. خەڵک ئاسوودەن، سترێسیان نییە. پەیوەندی و هەموو شتێک سادەیە. دەتوانی بە بەلەم، پاسکیل، تاکسی یان بە پێ بڕۆیت. هەموو شتێک لەبەر دەستدایە.» نژیاروانی نەمسایی گوانتێر دی گرەیڤ، کەسێک لە بەڕێوەبەرایەتیی IADHدا پێش ئالان دەکەوێتەوە، بۆ ئەم هەڵبژاردنە و دەڵێت: «کۆنگرەکە لە بریسبان بوو چونکە شارێکی سەلوتۆجێنیکە. ئەوە یەکەم جار بوو کە پێموایە ئەو وشەمان بە کار هێنا. کاتێک هەموو لەوێ بوون، خەڵک وتیان ئێوە ڕاست دەکەن، ئەمە شارێکی سەلوتۆجێنیک و ژینگەیەکی سەلوتۆجێنیکە، شتێکی زیاتر لە بینایەک یان نەخۆشخانەیەک.» زیاتر لە پێنسەد کەس لە کۆنگرەی بریسبان ئامادە بوون، شوێنێک کە سەرنجەکان لە سەر کۆمەڵگایەکی تەندروست بوون، شتێک کە بە ڕوانگەی سەلوتۆجێنیک لە سیاسەتی تەندروستیی جیهانیدا بە دەست دێت.

**کۆنگرەکە لە بریسبان بوو چونکە شارێکی سەلوتۆجێنیکە. ئەوە یەکەم جار بوو کە پێموایە ئەو وشەمان بە کار هێنا.**

### دەستکەوتە ناوازەکانی ئوسترالیا لە نژیاروانیدا

ئالان ئوسترالیای وەک پێشکەوتووترین وڵاتی جیهان لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و زانستی هاتە بەرچاو. ئەو داوای لە زۆر کەس لەوانەی پەیوەندی بوو لەگەڵیان لە کەسانی ئەکادیمی و خاوەن بڕیاری وڵاتەکە کرد کە یارمەتی بدەن لە کتێبێک بە ناوی دیزاینی چاودێریی تەندروستیی ئوسترالیایی، ٢٠٠٠-٢٠١٥ یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی ڕووی ئوسترالیا پیشان بدات و باس لە دەستکەوتەکانی ئەو وڵاتە لە بواری نژیاروانیدا بکات.

ئالان پرسی «ئەو وڵاتە لەساڵی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠١٥ چی کردووە؟ ئێمە ئەو کتێبەمان بە بۆنەی کۆنگرەکەمانەوە لەسەر ئوسترالیا بڵاو کردەوە. یەکەم شەو، پێشکەشی وەزیری تەندروستیم کرد. ئەو نەیزانی کە ئامادەمان کردووە. تەواو سەری سووڕمابوو. ئوسترالیاییەکان ئەو کتێبەیان بۆ چەندین باڵوێزخانەیان لەوانە چین نارد تاوەکوو بە پیشاندانی وێنەکانی ژێرخانەکانی تەندروستییان بازاڕ بۆ وڵاتەکەیان بدۆزنەوە.»



لە کاتی کردنەوەی کۆنگرەکەدا، پێشکەشکردنی کتێبێک لەسەر دیزاینی ئوسترالیایی بە وەزیری تەندروستی

## ئامادەکاری بۆ کۆنگرەکە

IADH بەر لە کۆنگرەکە چەندین وۆرکشاپی بەڕێوە برد لەوانە سەمپۆزیۆمێکی ئامادەکاری بە ناوی «تاقیگەی داهاتووی تەندروستی: دیزاینی ژێرخان و سیستمی داهاتووی تەندروستیمان». ئالان وتی «کۆمیتەی پێشنیارکەر، کۆمیتەیەکی ئوسترالیایی کە داوایان کرد کۆنگرە لەوێ بەڕێوە بچێت، لە دە کەس پێک دەهات و لەلایەن گونتێر دێ گرەیڤ کە کەسێکی زۆر جیدی بوو بەڕێوە دەبرا. ئەوان منیان بۆ کۆبوونەوەیەک لە سیدنی بانگهێشت کرد. ئەوە دەستپێکی کۆنگرەی بریسبان بوو. کۆنگرەی دیزاین و تەندروستی ئاسانکاری بۆ کەسانی ناو تۆڕی پەیوەندییەکانمان دەکرد کە لەگەڵ حکومەت کاری بازرگانی بکەن. ئەو کەسانەی هەموو ئامادەکارییەکی بەڕێوەچوونی کۆنگرەیان دەکرد، هەروەها لەو هەلانەش کە دەرەخسان سوودمەند دەبوون. ئەوە یارییەکی براوە-براوە بوو. ئێمە زۆر مشتەریمان بانگهێشت کردن و باشترین بازاڕدۆزینەوە بوو.»



پرۆفیسۆر ئیان فرازێر

بابەتێک کە لەو کۆنگرەدا بە چڕی جەختی لەسەر دەکرا «چۆنیەتیی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی سەلوتۆجێنیک بوو کە لە ڕێگەی پلاندانی شاری بۆ ژێرخانەکان و کۆمەڵگایەکی کەم سترێسەوە بەدی دەهات.» ئالان دەڵێت «ئێمە ئێستە زیاتر لەسەر سیاسەتی تەندروستیی جیهانی ئیش دەکەین، ئەوەی کە چۆن حکومەتەکان دیزاینی سەلوتۆجێنیک بەکار بهێنن. ئوسترالیا پێشتر زۆر بەباشی ئاگاداری ئەوە بوو، داوایان لە ئێمە کرد کە کۆنگرەکە لە وڵاتی ئەوان بەڕێوە ببەین.»

## پشتیوانیی زانستی

«لەوێ من پرۆفیسۆر ئیان فرازێرم بینی کە کەسێکی بەناوبانگە و کەسێکی خاکەڕا و شارەزایە، کەسێک کە ڤاکسینی شێرپەنجەی منداڵدانی داهێناوە. ئەو ناسناوی دابینکەری نەزمی ئوسترالیای بە هۆی خزمەتەکانی بە هاوڵاتییانی ئوسترالیا لەلایەن مەلەکە ئێلیزابێتەوە پێ بەخشراوە. ئەو وتی کە کارەکەی ئێمە گرینگە چونکە دەمانهەوێت کۆمەڵگایەکی تەندروست دروست بکەین. ئەوان تەنیا لایەنی جوانیی دروستکردنی بینایان لەبەر چاو گرتووە.» فرازێر بە ئالان و هاوکارەکانی وت «ئەو شتەی ئێمە کاری لەسەر دەکەین بۆ چارەسەری نەخۆشییە. ئەو دوو شتە زۆر جیاوازن. کارەکەی ئێوە بۆ ئێمە گرینگە.»

ئالان، فرازێری بۆ کۆنگرەکە بانگهێشت کرد. فرایزێر وەڵامی ئەو بانگهێشتەی دایەوە، «سپاس بۆ ئێوە و بۆ ئەم هەلە. چونکە من چاوەڕێی ئەو شتە بووم، شتەکە پەیوەندی بەو کاتەوە هەیە کە ئێوە ئیشی لەسەر دەکەن، لە بواری ئێوەدا دیزاینی پەیوەندیدار بە تەندروستییەوە، سی لەسەدی کێشەکان تایبەت بە هۆکارە زیندەزانییەکانە، ئەوە بۆ ئێمە جێ بهێڵن، ئێمە ئیشمان ئەوەیە. ئێمە ئەوە چارەسەر دەکەین. حەفتا لە سەدی تر کە دەمێنێتەوە ئیشی ئێوەیە و پەیوەندی بە دروستکردنی ژینگەوە هەیە. ئەوە شتێکە کە من ناتوانم ئیشی بۆ بکەم. ئەگەر ئێوە نەتوانن ئەو کارە بکەن پێویستە لەگەڵ شەڕ لەگەڵ ئایدز هەڵبکەین، تەنیا شەڕ لەگەڵ ئایدز! من ناتوانم بە تەنیا لەو شەڕەدا سەربکەوم. ئەوە ئێوەن کە دەبێت قورسایی و بەرپرسیارەتی هەڵبگرن.»

## وتارەکانی IADH لە ئوسترالیا

ئالان دەڵێت «کاربەدەستانی سیدنی پاورپۆینتێکی زۆر کاریگەرییان لەسەر دیزاین و تەندروستی ئامادە کردبوو. کۆنگرەکە لە ڕیستۆرانتێکی زۆر گەورە بەڕێوە چوو و نوێنەری چەندین کۆمپانیا و هەروەها کاربەدەستانی حکومەتی و مامۆستایانی چەندین زانکۆ بەشدار بوون. سەرجەم دانیشتنەکە پرۆفیشناڵ و داهێنەرانە بوو. لەو فۆرومانەدا، ئاستی پەیوەندیی ڕۆشنبیری لەگەڵ حکومەت، پیشەسازی و ناوەندەکانی فێرکاری بووە هۆی ئەوەی سپۆنسەرەکان ڕێز لە ئەکادیمیا بگرن.»

گونتێر دی گرەیڤ دەڵێت «من بەو بیرۆکەوە هاتبووم کە کۆنگرەیەک لە ئوسترالیا ڕێک بخەین. ئەوە بۆ ئەکادیمیا ڕوون نەبوو چونکە ڕێگەیەکی دوور بوو بۆ ئەوەی خەڵک بێن. ئێمە دڵنیا نەبووین کە تێچووەکەیمان بۆ هەڵسووڕێت و ئەوە زۆر جێی نیگەرانی بوو.

«بەڵام ئێمە دانیشتنێکی فەرمیمان ڕێکخست و سیاسییەکان و ناوەندەکانی پیشەسازیمان جوڵاند. نامەی پشتگیریی سەرۆک وەزیر و زۆر کاربەدەستی دیکەمان پێبوو. بەم شێوە تێچووەکانی کۆنگرەکەمان دابین کرد.

«پاشان ناوەندە پیشەسازییەکانمان هان دان. ئوسترالیا لەناوخۆدا کێبەرکێیەکی زۆری تێدایە. ئێمە وەک پیشەسازی کۆ دەبینەوە و بۆ شوێنەکانی دیکەی جیهان وەک ئوسترالیایەکی بەتەوانا دەردەکەوین. ئەوە هەموومان کۆ دەکاتەوە. ئەگەر بەم شێوەیە خەڵک کۆ بکەیتەوە، دەتوانی بڕە پارەیەکی زۆر کۆ بکەیتەوە. جووڵەیەکی سیاسی دروست بکەیت. ئەوە پەیامێکی سیاسیی گەورەیە ئەگەر پیشەسازییەک لایەنگریت بکات نەک ئەوەی کە دەنگی هەزاران کەسی جیاجیات ببێت.»

بەو هەمووئاسانکاری و پشتیوانییەی حکومەتی ویلایەتی کوینزلەند و شارەکە کردیان ئالان زوو پێشنیارەکەی قەبوڵ کرد. ئالان وتی «بۆ من جێگەی شانازییە و قسەیەکم نییە لەسەر ئەو هەموو لوتفەی ئێوە بەرامبەر ئێمە. من بە بەڕێوبەریی IADH دەڵێم و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئاگادارتان دەکەمەوە.

## کۆنگرەی بریسبان ڕێک دەخرێت

دی گرەیڤ درێژە دەدات «من بە ڕاستی پێموایە کە ئێمە وەک پسپۆڕێک ئەرکی خۆمان بەجێ نەهێناوە و ئەم بانگهێشتە لە ئوسترالیاوە هانی داین بۆ ئەوەی کۆنگرە ببەین بۆ ئەوێ. هەموو ئەو کەسانەی کە لە بواری دیزایندا کار دەکەن دەبێت هۆکارە سەلوتۆجێنیکەکان لەبەرچاو بگرن. ئەگەر سەیری نژیاروانی بکەیت دەبینیت کە ئێمە بەسەر ئەو بنەمایانەدا دەڕۆین کە ڤیتروڤیروس[١٦١] نووسیونی. ئەو سێ شت دەڵێت: نژیاروانی دەبێت لە باری پێکهاتەوە لۆژیکی بێت. دەبێت لە باری جوانیناسییەوە ڕازیکەر بێت. دەبێت لە باری ئەرکییەوە کارایی ببێت. ئەو شتەی کە ئەو باسی ناکات، بیرۆکەی ڕێکخستن یان دانانی ستانداردێکە کە پێکهاتەی نژیاروانی یان دیزاین ڕێگری لە زیان گەیاندن بە مرۆڤ بکات. کاتێک بە ڕاستی بیر لەوە بکەیتەوە، سەیرە کە بۆچی ئێمە ئەو ئەگەرەمان لەبەرچاو نەگرتووە کە چۆن دژی زیان گەیشتن بە یارمەتیی نژیاروانی بوەستینەوە. دەتوانین چالاکانە شتێک دیزاین بکەین کەرەستەکان بە کار بهێنین و هەروەها دەتوانین زیان بە تەندروستیمان بگەیەنین و ئەوەش دەکەوێتە سەر خۆمان.

«دووهەم شت کە ئێمە تەنانەت ناتوانین پێوانەی بکەین ئەوەیە کە ئایا شتێک سەلوتۆجێنیکە یان نا. ئێمە ناتوانین تەنانەت ئەو شتە بپێوین یان پێناسەی بکەین. زۆر کەس دەڵێن «من کارێکم بە شێوەی سەلوتۆجێنیک کرد.» ئێوەش پێتان وایە کە «ڕاستە. ئەوە سەلوتۆجێنیکە.» بەڵام بە ڕاستی سەلوتۆجێنیک

١٦١- Vitruvius

چییـه؟ کـەس نازانێت.ئاسـتی (بێزیانـی) چەندەیـە؟ ناتوانـی ئـەوە بپێویـت. لـە پیشەسـازیی دیزایـنـدا دووسـەد سـاڵ لـە دوایـن. هیـچ پێشـکەوتنێکمان نەبـووە. تەکنۆلۆژیـی پێشـکەوتوو بـە کار دەهێنیـن بـەڵام نژیاروانـی ئێمـە بـە چـی گەیشـتووە؟ هیـچ! ئێمـە هێشـتا کارەکانمـان بـە شـێوازی پێشـووتر دەکەیـن. هـەر بـەم هۆکارەیـە کـە ئـەم کارە ئەوەنـدە گرینگـە.»



گونتێر دی گرەیڤ

**ئالان دەست دەکات بە کارکردن لەگەڵ تیمێکی ئوسترالیایی**

لـە زووتریـن کاتـدا دوای بڕیـاری بەڕێوەچوونـی کۆنگرەکـە، ئـالان دەسـت بـە ئیـش کـردن لەگـەڵ تیمەکـە دەکات. یەکێـک لـە ئامادەکارییـەکان زیادکـردن بـوو لـە کتێبێـک لەسـەر دیزاینـی نەخۆشـخانەکانی ئوسـترالیا لە سـاڵانی ۲۰۰۰ بـۆ ۲۰۱۵، تاکوو کتێبەکـە لـە کاتـی کۆنگرەدا پێشـکەش بـە وەزیـری تەندروسـتی بکرێـت.

ئـالان وتـی «جـاری دواتـر کـە چوومـەوە ئوسـترالیا. هـەر شـەش ویلایەتەکـەی وڵاتەکـەم بینـی و لەگـەڵ سیاسـەتدانەرانی حکومەتـی و پیشەسـازی لـە پێـرس، سـیدنی، مێلبـۆرن و کانبێـرا کـۆ بوومـەوە. لـە بریسـبان، وەزیـری تەندروسـتی، لۆرێنـس سـپرینبۆرگم، بینـی کـە سیاسـییەکی زانـا بـوو و دەیویسـت کـە بـە کارکـردن لەسـەر چارەسـەری سـەرەتایی کێشـەی تەندروسـتی چارەسـەر بـکات. ڕاوێژکاری وەزیـر بـە وردی گوێـی بـۆ گرتین و لـە بایەخـی کارەکەمـان تێگەیشـت. هەرچەنـد وشـەیەکی لـە زاری نەهاتـە دەر بـەڵام مـن دڵنیـا بـووم کـە ئـەو کەسـێکی باشـە بـۆ ئـەوەی هەمـوو زانیارییەکـی زانسـتی بـۆ سـەرووترەکەی دابیـن بـکات.



لۆرێنس سپرینگبۆرگ، وەزیری تەندروستیی، کوینزلەند، ئوستراليا

لـە سـەفەری دواترمـدا، لەگـەڵ وەزیـر سـپرینگبۆرگ و ناوەندەکانـی پیشەسازی وۆرکشاپێکمان بەڕێوە برد تاکوو باس لەوە بکەین کە چۆن سەلوتۆجێنیک و چاودێریی سەرەتایی لە سیاسەتی تەندروستیدا یەک بخەین. من هەمان پەیامم بۆ حکومەتی ناوەندی لە کانبێرا برد.

«کۆبوونەوەکە زیاتر حکومی بوو و ئەوان زۆر بەشدار بوون. بە باسێکی زۆر گرینگ دانیشتنی یەکەممان دەست پێکرد و وەزیر باسێکی زۆر گرینگی وروژاند. پاشان ئیان فرازێر لەسەر لایەنی زانستی قسەی کرد و ئەوەی کە چۆن توێژینەوە بکرێتە واقیع. ئێمە بە توێژینەوەی کردارییمان دەوت تێپەڕینی[١٦٢]. بەسوود و گرینگ بوو کە ڕوانگەی نێوان-بواری لە کارەکاندا بە کار بێت.

١٦٢- transitional

## پیشانگاکانی کۆنگرەی بریسبان

زیاتر لە پێنسەد کەس لە کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی بریسبان بەشدار بوون. سپۆنسەرەکان لۆجیستیک، پاڵپشتی، موزیک و هەموو وردەکارییەکانی بەرنامەکەیان ئامادە کردبوو. زۆر ڕێکوپێک بوو و گالێریی پیشانگە پێشتر بە تەواوەتی پڕ ببۆوە.

«لە سەرەتادا، چەندین پیشانگەی لایەنەکانی پیشەسازیمان بوون» ئالان زیاتر ڕوونکردنەوە دەدات «لە ئوسترالیا ناوەندەکانی پیشەسازی لە هەموو کۆنگرەکانی ترمان زیاتر ئامادە بوون. بە گشتی، نزیک پەنجا ناوەند دەبوون. هەرچەند، زۆر پیشانگەی حکومیشی لێ بوون. هەندێکیان لە بریسبانەوە هاتبوون بەڵام لە باری ئابوورییەوە نەدەکرا کەسانی حکومی لە شارەکانی دیکەوە بەشداری بکەن. هەر شارێک، و هەر ویلایەتێک نوێنەری هەبوو. زۆربەیان لە کوینزلەندەوە هاتبوون.

«لە مالیزیا، ژووری پیشانگەمان بۆ هەموو وڵاتانی بەشدار هەبوو. بەڵام لە ئوسترلیا، پارەی ئەوەیان نەدا. بەپێی هەڵبژاردنێک کە کرا، حکومەت بودجەی بۆ ئەوانە دابین نەدەکرد. ئێمە نەماندەتوانی بێ بەرامبەر ڕێگەیان بدەین کە بێن چونکە ئەوان پێیان وا بوو کارێکی نادروستە. ئەوان زۆر ڕاستیان دەکرد.»

## کۆنگرەی بریسبان: چارەسەری کێشەکانی تەندروستی و چاودێریی تەندروستی

بۆڵتەنی چاودێریی تەندروستیی نەخۆشخانەکانی ئوسترالیا بەم شێوەیە ئاماژەی بە کۆنگرە کرد کە بۆ یەکەم جارە ئوسترالیا دەبێتە میوانداری «کۆنگریەکی زانستیی پێشەنگ بۆ دامەزراندنی بناخەی داهاتووی تەندروستی لە ڕێگەی دیزاینەوە.» کۆنگرە وەک «هەلێک نە تەنیا بۆ پیشاندانی دواییین توێژینەوەکانی ئوسترالیا، پرۆژەکان و شارەزایانی دیزاینی تەندروستی ناوزەد کرا بەڵکوو وەک سەرچاوەیەکیش بۆ لێ فێربوون سەیر کرا کە لەلایەن جێبەجێکارانی نێونەتەوەییەوە بەڕێوە دەبرێت.» بوڵتەنەکە ڕێکخستنی کۆنگرەی بە «هاوکارییەک لە نێوان فەرمانگەکانی تەندروستیی ویلایەتەکە و پاڵپشتیی دامەزراوە ئەکادیمییەکان و پیشەسازیی تەندروستیی سەرانسەری جیهان باس کرد.»

وەک پێداچوونەوەیەک بۆ ئەو کێشانەی کە دەبوو باسیان لێ بکرێت ئالان نووسی «بە تێگەیشتن لەوەی کە کۆمەڵگایەکی تەندروست بناخەی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، ئوسترالیا و ئۆقیانووسیە بە قۆناغێک لە سیاسەتەکانیدا تێدەپەڕێت کە بریتییە لە پێویستیی دیزاینکردنەوەی سیستەمەکانی تەندروستی و پێشوازی لە باشترکردنی تەندروستی و جێگیرکردنی ڕوانگەیەکی ڕێگریکارانەی نەخۆشی لەسەر بنەمای ڕاهێنان و توێژینەوە. لە هەمان کاتدا، ناوچەکە لە سەرمایەگوزارییەکی زۆر لە کەرتی تەندروستیدا سوودمەندە، و زۆر ناوەندی تەندروستی لەم دواییەدا کراونەوە یان لە تەواو بووندان.»

ئالان لە وتارەکەی خۆیدا لەسەر ئەوە قسەی کرد کە چۆن حکومەتەکان دەتوانن دیزاینی سەلوتۆجێنیک وەک ئامرازێک بە کار بهێنن.» لە بریسبان ئاماژەم کرد کە ئەرکی ئێستای من ئەوەیە لەگەڵ چەندین حکومەت کار بکەم. من بنەمای سیاسەتی تەندروستیی سەلوتۆجێنیکم بردووە بۆ پەرلەمانی سوید و بە یاسادانەرانم ناساندووە. خەڵک لە کۆنگرەی بریسبان دەیانپرسی ‹لێرە لە ئامادەبووان کێ یاسادانەرە؟ ئێمە هیچ یاسادانەرێکمان نییە، هیچ وەزیرێکی تری لێ نییە. ئەوە بە تەنیا ئەرکی وەزیری تەندروستی نییە

بەڵکوو ئەرکی وەزارەتەکانی پەروەردە و پلاندانانیشە. چۆن پەیوەندییەکی نێوان-بواری لە نێوان وەزیرەکاندا ڕێک بخرێت، چونکە ئەوان سیاسەتدارێژەرن؟»

«لۆرانس سپرینگبۆرگ بە ڕێزەوە باسی لە IADH کرد. لۆرێنس زۆر کەسێکی بێدەمار بوو و بە وردی گوێی گرت و هەموو ڕۆژەکە لەگەڵ ئێمە مایەوە.» ئالان لە مالیزیا تا ڕادەیەک لەسەر سیاسەتی حکومەتی جەختی کردەوە بەڵام هەستی کرد کە بە گوێرەی پێویست پشتیوانی وەزیرەکان و حکومەت و سیاسەدانەرانی نەبوو. ئەو دەڵێت لە ئوسترالیا بە پێچەوانە «ئێمە دەمانتوانی بنەماکان لەوێ بە کار بهێنین چونکە ئێمە کەسانێکی کراوە و شارەزا بووین.

«کاربەدەستانی ئوسترالیایی ویستیان بزانن کە چۆن ئەو زانستە بە کار بهێنن. بۆ یەکەم جار بوو ببینین کە وەزیرەکان لەو ئاستەدا بەشدار بن، و لە کاتی وچانێکدا، باس و وتوویژ لە نێوان ئامادەبوواندا درێژەی هەبوو. ئەوە تێگەیشتنێکی باشی بۆ دروست کردم لەسەر ئەوەی کە ئەو وڵاتە چۆن بەڕێوە دەچێت. من هەروەها سەرۆک پەرلەمان و زۆر کەسی دیکەم لە بریسبان بینین.»

گۆڕانکارییەکی گەورە لە پەیامی کۆنگرەدا لە بریسبان درابوو. ئالان وتی «گۆڕانکارییەکە تەنیا جەخت کردنەوە لەسەر نەخۆشخانەکان و چاودێریی سەرەتایی نەبوو بەڵکو تێڕوانینێکی بەرفروانتر بوو بۆ کۆمەڵگا، سیاسەتی تەندروستی و ژێرخانەکان. هەموو ئەوانە لە بریسبان خرانە بەر ڕۆشنایی باسەکان.

**گۆڕانکارییەکە تەنیا جەخت کردنەوە لەسەر نەخۆشخانەکان و چاودێریی سەرەتایی نەبوو بەڵکو تێڕوانینێکی بەرفروانتر بوو بۆ کۆمەڵگا، سیاسەتی تەندروستی و ژێرخانەکان**

«ئەوە تیمی سەرەکیی بوو کە بۆ ئوسترالیا هەڵمانبژاردبوو چونکە لە بریسبان زیاتر حەزیان لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، ژێرخانی تەندروستی و داهێنان بوو. زۆربەی کاتەکان داهێنان دەکرێت بەڵام لێرە ڕێبازەکە تەواو نێوان-بواری بوو. من چەندین گەشتم بۆ ئەوێ کرد و لە چەندین زانکۆ وتارم پێشکەش کرد و هەمیشە لەو دانیشتنانەدا زیاتر هانیان دەدام. لەگەڵ ئەوەی کە سەفەرم کرد، دەبوو دڵنیا بم لەوەی کە وەرزش دەکەم و تەندروست دەمێنمەوە. بۆیە هەستێکی زۆر باشم هەبوو و ئەوە یارمەتی دام کە باشترین وتار پێشکەش بکەم.»

### پەیوەندیی ڕوون و ئاستبەرز لە ئوسترالیا

«لە ئوسترالیا پەیوەندی لەگەڵ بەردەنگەکان زۆر لە ئاستێکی باشدا بوو. من بەردەوام بایەخم بە ئامادەبووان و حەزەکانیان دەدا: ئەوەی پێویستییان بە چییە و چییان حەز لێیە؟ بۆ وێنە، من ناتوانم بچم بۆ ئەفریقا و بیر لە سوید بکەمەوە. من دەچم بۆ ئەفریقا بۆ ئەوەی باس لە کێشەکانی ئەوان بکەم و ئەوەی کە ئەو زانستە چۆن لەو شوێنە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. من بەردەوام دەمهەوێت ڕوانگەیەکی جیهانی

لەگەڵ ناسنامەیەکی ناوچەیی ئاوێتە بکەم. هەمیشە لە خۆم دەپرسم: دەتوانم لەسەر بنەمای زانستی جیهانی چ شتێک بهێنمە ئاراوە؟ چۆن دەتوانم بیگۆڕم و بۆ هەلومەرجێک و وڵاتێکی تایبەت بیگونجێنم؟ ئەوە پرسیاری بەهێزن کە بوونە هۆی ئەوەی وتاری زۆر سەرنجڕاکێش لە ئوسترالیا پێشکەش بکەم.»

«هەروەها بۆ ناوەندەکانی پیشەسازی وتارم پێشکەش کرد و ئەوان بوونە ئەندامی یاریدەر، سپۆنسەر و هاوبەش لە کۆنگرەکەدا. ئەوان بەو شێوە بەشدار بوون. لە ئوسترالیا خەڵک نیگەران نییە و ئەوە سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی بۆ دروست کردوون. خەڵک لە بەراورد بە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەست بە ئاسایش دەکەن و لە ئەمریکا خەڵک زۆر سەرقاڵی کار و ئیشن بەڵام هەستی ئاسایشیان نییە و لە ساڵدا تەنیا دوو هەفتە پشوو دەدەن.»

«کۆمەڵگای ئوسترالیایی کۆمەڵگایەکی بێوێنەیە. وڵاتێکی چالاک کە تۆ دەتوانیت کەسانێک بدۆزییتەوە حەز بە هەر شتێک دەکەن کە لەگەڵیان دێنیتە گۆڕێ لە کولتوورەوە بگرە تا سیاسەت و هەر شتێکی تر. ئەوان هەستێکی خۆشیان بەرامبەر خۆیان و ئەو شوێنە هەیە کە لێی دەژین و هەمووان بەو ڕوانگەوە پشتیوانی لە یەکتری دەکەن. من قەت ئەو شتەم لە سکاندیناڤیا نەدیتووە. تەنیا لایەنی خراپەی ئوسترالیا ئەوەیە کە زۆر دوورە لە شوێنەکانی تر. هەر بۆیە من ناتوانم لەوێ بژیم و تەنیا دەتوانم لە ساڵدا جارێک سەفەر بکەم بۆ ئەوێ.»

**ڕوانگەی هاوکارێک لەسەر کۆنگرە**

نژیاروانی ئوسترالیایی، ئالبێر ویمێر بەدواداچوونی بۆ ئەو وتارانە دەکردن کە لە کۆنگرەکە پێشکەش دەکران. ئەو بە بۆنەی پڕۆژەیەک لە کۆنگرەکەی ئوسترالیا خەڵات کرا. ئەو ڕوونی دەکاتەوە «هۆکاری ئەوەی کە ئێمە هاتین بۆ ئوسترالیا زۆر ڕوون بوو. ئێمە بۆ پێشکەشکردنی وتار هاتبووین. من دەمزانی کە نەخۆشخانەیەکی گەورە لە ئادێلاید هەیە کە هاوشێوەی کارۆلینسکایە، و پرۆسەی دروستکردنی بیناکە بە قەدەر بیناکەی کارۆلینسکای خایاندووە.

«ئوسترالیا لە ڕوانگەی گەشەسەندنەوە کراوەترین وڵاتە. لە ڕوانگە سیاسی و ئابوورییەکانەوە، دەکرا لە هەر کۆنگرەیەکدا وێنەیەکی گشتی لە سەرجەم وڵاتەکە و کۆمەڵگاکە بە دەست بهێنیت. سەبارەت بە لایەنی کرداری[١٦٣]، بەرنامەدانان و جێبەجێکردن فێر ببیت و ئەوەی کە چۆن و بۆ ئەو کارانە دەکرێن.

ویمێر ئەوەشی زیاد کرد: «لە ڕوانگەی پەیوەندی سازکردنەوە، هەموو چاوەڕوانییەکانم بە دی هاتن. ڕێکخراوەیەکی زۆر کراوە و نێوان-بوارییە.»

١٦٣- operational

## ١٠. نیوزیلەند: وێلینگتۆن و کریستچێرچ، ٢٠١٣

**ئەو بابەتانەی لە نیوزلەند باسیان لێ کرا بریتی بوون لە زانست، توێژینەوە و داهێنان لە دیزاین و گەشەی ژینگەی دروستکراو بۆ نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان، و شوێنەکانی ئیشکردن، و هەروەها فەزا گشتی و شارییەکان. هەموو ئەمانە دەبێت لە سیاسەتەکاندا لەبەر چاو بگیرێن و لەلایەن حکومەتەکانەوە جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروستتر دروست بکرێت.**

ئالان وتی «ساڵی ٢٠١٣، ساڵێک دوای بوومەلەرزەی نیوزلەند، من لەلایەن بەشی زانستەکانی تەندروستیی گەشتی زانکۆی کانتێربێر لە کریستچێرچ و زانکۆی ماسێی[١٦٤] لە وێلینگتۆن بانهگێشت کرام بۆ ئەوەی چەند وتار پێشکەش بکەم. من هەروەها لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی دیدارم کرد. سەردانی زانکۆکان زۆر بە باشی ڕێکخرابوون و ئەنجامێکی زۆر باشیان بوو و لە میدیاکاندا بە باشی باسیان کرا. لە دوو ڕۆژدا کە لەوێ بووم، ڕاپۆرتەکان زۆر باش بوون.»

«دڵخۆش بووم بەوەی کە توانیومە سەردانی نیوزلەند بکەم چونکە ئەو کۆمەڵگایە زۆر لە پێشکەوتندا بوو؛ بنەماکانی IADH بە باشی وەرگیرابوون و ئەوان پرۆژەی نەخۆشخانایەکیان هەبوو. من باسم لە کولتووری نێوان-بواری و تەندروستی گشتی کرد و لە لقی پزیشکیی زانکۆی ماسێی قسەم کرد. زۆر پرۆفیسۆر لە بوارەکانی تر و زانکۆکان ئامادە بوون. من بە هەستێکی ناوازەوە ئەو وڵاتەم بەجێ هێشت کە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووە و هاوڵاتیانی لە بەراورد بە نەتەوەکانی تر زۆر چالاکن. ئاستی گشتیی زانست لە نیوزلەند زۆر بەرچاو بوو. من بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە ئوسترالیا بووم و تەنیا دوو ڕۆژ لە نیۆزلەند بووم من ئەم سەردانەم لەگەڵ کۆبوونەوەکانی سەنگاپوور یەک خست.»

چاپەمەنییەک باسی لە وتارەکانی ئالان لە وێلینگتۆن و کریست چێرچ کرد، ئاماژەی بەوە کرد کە دواییین دەستکەوتەکانی خۆی لەسەر کاریگەریی ژینگەی فیزیکی لەسەر تەندروستیی مرۆڤ و خۆشبژێوی باس کردووە. بەرپرسانی حکومی، فەرمانگەکانی تەندروستی، زانکۆکان، دابینکەرانی تەندروستی و پیشەسازی بانگهشێت کرابوون تاکوو باس لەسەر ئەوە بکەن کە چۆن زانست، توێژینەوە و داهێنان دەتوانێت پاڵنەرێکی گەشەی چاودێریی تەندروستی و ژێرخانی ئابووری بێت لە وڵاتەکەیاندا.

باسەکان لەسەر ئەوە بوون کە چۆن پلانی شار، شوێنەکانی کار، ناوەندەکانی چاودێریی تەندروستی، قوتابخانەکان و دامەزراوە گشتییەکان دابڕێژرێت بۆ ئەوەی پشتیوانیی تەندروستیی مرۆڤ و خۆشبژێیی مرۆڤ بن؛ چۆن دیزاین لەسەر بنەمای توێژینەوە بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە بۆ ئەوەی ئاسایش و تەندروستی بباتە سەر و چۆن زانست و داهێنان لە بەدیهێنانی ژینگەیەکی تەندروستدا جێگیر بکرێت.

١٦٤- Massey University

## ١١. کەنەدا: دەیەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی، تۆرۆنتۆ، ٢٠١٤

کۆنگرەی جیهانیی تۆرۆنتۆ بە هاوکاری وەزارەتی توێژینەوە و داهێنان، زانکۆی تۆرۆنتۆ، دامەزراوەی شاریی کەنەدا و زانکۆ پێشەنگەکانی تر و پیشەسازییەکانی کەرتی تایبەت ڕێکخرا. ڕووداوەکانی ئەوێ بریتی بوون لە سەمپۆزیۆمێک لە پێش کۆنگرەکەدا بە ناوی «شارە تەندروستەکان، ٢٠١٣: شێوەپێدانەوەی زنجیرەی دابینکردن[١٦٥] بۆ باشترکردنی تەندروستی و کوالیتیی ژیان.» هەروەها پەنێلێکی باسکردن لەگەڵ وەزیرەکانی تەندروستی، توێژینەوە و داهێنان و بە بەشداریی نوێنەری وەزارەتی تەندروستیی ئەفریقا، حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڤیەتنام بەڕێوە چوون.

«ئێمە بانگهێشت کرابووین کە بگەڕێینەوە بۆ مۆنتریال بۆ ئەوەی پەیوەندی دروست بکەین و کۆنگرەکە لە کەنەدا بەڕێوە ببەین.» ئالان دەڵێت «بەر لە بڕیاردان ویستمان چەند شاری دیکە بگەڕێین. هەرچەند من تۆرۆنتۆم پێ باشترین شوێن بوو چونکە بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی پەیوەندیمان لەگەڵیان گرتبوو لە ئەندامانی کۆمپانیا و زانکۆ ئارەزوومەندەکانی تر لەوێ دەژیان. هەروەها، لە ناوەڕاستی وڵاتدا هەڵکەوتووە. باشترین شوێن هۆتێلی فەیرمۆنت بوو. تەنانەت وێڕای کۆنبوونی دیزاینەکە زۆر جوان بوو.
«هەڵبژاردنێک کرا و حکومەتێکی نوێ هات، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شارەکە دانا. هەرچەند سەرەتا چاوەڕێ بووین کە حەوتسەد کەس ئامادە ببن، بە هۆی پاشەکەشەی حکومەتی ئۆنتاریۆ ژمارەکەمان کەم کردەوە بۆ چوارسەد کەس. لە کۆتاییدا جەماوەرێکی چوارسەد و پەنجا کەسی هاتبوون و زیاتر لە چل ژووری پیشانگەی لێ بوو.»

### بابەتەکانی کۆنگرەی تۆرۆنتۆ

ئالان بابەتی سیاسەتی تەندروستی، ژێرخان و شارەکانی وەک بابەتی سەرەکیی کۆنگرەکە دیاری کرد، هەرسێ بابەتەکە کە ئاکامیان دیزاینی شاری تەندروست لە ئەمریکای باکوور بوو، سێ بابەتی گرینگ بوون. هەروەها کۆنگرەکە چووە ناو بابەتی کاریگەریی چاودێریی تەندروستی لەسەر پلاندانانی شاری و داهێنان لە چاودێریی تەندروستیدا.

١٦٥- Supply Chain

کەنەدا وەک هەر وڵاتێکی دیکە کە سیستمی تەندروستییەکەیان لە لایەن حکومەتەوە پشتیوانی دەکرێت، سیستمێکی تەندروستیی پێشکەوتوو و چەندین نەخۆشخانەی داهێنەرانەیان بوو. IADH لەسەر هەندێک نەخۆشخانەی کەنەدایی و کاریگەریی حکومەت لە سیستمی تەندروستیدا باسی کرد. چەند وەزیری کەنەدا پانێلێکییان دانا کە کەسانی سیاسەتدارێژەری تێدا بوو. بەشداربووان زۆر پێیان باش بوو کە ڕێبازی سەلوتۆجێنیک وەک چوارچێوەیەکی کاریی بەهێز بۆ ڕێکخستنی سیاسەتی بیناسازیی چاودێریی تەندروستی بەکار بهێنرێت.

نژیاروان، مارک جانسۆن، وتاربێژی سەرەکیی کۆنگرەی تۆرۆنتۆ ڕوانگەیەکی بەرفراوانتری بوو: ئەگەر وتاربێژی سەرەکی بریسبان دەیوت «بە هەبوونی شار یان دەوروبەرێکی سەلوتۆجێنیک، کەنەدا دەچووە ئاستێکی تر: ئێمە چۆن پلان دانێین بۆ ئەوەی سەرجەم ناوچەکە سەلوتۆجێنیک بێت؟




پەنێلی باس و خواسی وەزیران لە دەیەمین کۆنگرەی جیهانی لە تۆرۆنتۆ



دوکتور ڕەزا موریدی، وەزیری خوێندنی باڵا، توێژینەوە و داهێنان

ئـەو وتـی «ئـەو تێکەڵاوییـە لـە شـوێنێک ڕوو دەدات کـە بـە ڕاسـتی دەسـت پێدەکەیـت. بـۆ وێنـە، ڕیچـارد جاکسـۆن، لـە تـۆ دەپرسـێت: ‹ناونیشـانەکەتم بـدەرێ و مـن پێـی دەڵێـم چەنـدە دەژیـت.› لـە کۆنگـرەی تۆرۆنتـۆدا، شـتێکی وا ڕووی دا. لـە بیرمـە یەکێـک لـە وتـارەکان لـە کەنـەدا لەسـەر گۆڕانـکاری لـە سیسـتمی گواسـتنەوەدا بـوو، کـە باسـی لـە گرینگایەتیـی دیزاینـی شـار دەکـرد، سیسـتمی پلاندانـان بـۆ دەسترِاگەیشـتن بـە ڕێگاوبـان، ئۆتۆمبیلـەکان، شـوێنی لێخوڕیـن، شـوێنی لێنەخۆڕیـن، شـوێنی دانانـی قوتابخانـە. داهێنانێـک کرابـوو، پێموایـە لـە مۆنتریـاڵ بـوو، شـوێنێک کـە بـۆ یەکەمجـار بینییـان تووشـبووانی شـەکرە ڕوو لـە کەمبـوون و دابەزینـن. ئـەوە بـە دڵـی ئێمـە بـوو! هەموومـان هەسـتمان بـەوە کـرد!»

## پەیوەندی لەگەڵ کوردەکان لە تۆرۆنتۆ

زۆربـەی کاتـەکان لـە میانـەی کۆنگرەکانـدا و لـە پرۆسـەی بەڕێوەبردنیانـدا، ئـالان هـاوکار و هـاوڕێ کوردەکانـی ڕابـردووی بانـگ دەکات. کاری کەسـانێک لـە ڕابـردووی زۆر دووردا، ئێسـتا لەگـەڵ کارەکـەی ئـەو هاوبەشـییان هەیـە و زۆر بابەتیـان بـۆ باسـکردن لەگـەڵ یەکـتر هەیـە. لەگـەڵ گەشەسـەندنی کۆنگـرەکان، ئـەم فۆرومانـە زیاتـر نێونەتەوەیـی بـوون، و بەشـداربووان لـە چەندیـن وڵاتـەوە بەشـدار دەبـوون.

«لـە تۆرۆنتـۆ، دوکتـور ڕەزا موریـدی وەزیـری داهێنـان و توێژینەوەمـان بینـی.» ئـالان دەگێڕێتـەوە «ئێسـتا بـۆ هـەر جێیـەک دەچـم باسـی کوردیـان لەگـەڵ دەکـەم. بـۆ وێنـە، ڕەزا موریـدی ئێمـەی بانگهێشـتی پەرلەمـان کـرد بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ خـۆی و جەمیـل مەردۆخـی ئەندازیـاری بورجـی سـی.ئێن لـە تۆرۆنتـۆ کـۆ ببینـەوە.»

مۆردی ئاماژەی بـەوە کـرد کـە برایەکـی لـە سـوید دەژێیـت و وەک زانایەکـی فیزیکـی ئەتۆمـی بـووە بـە وەزیـری داهێنـان و توێژینـەوە. ئـەو پشـتیوانیی خـۆی دووپـات کـردەوە و زۆر هانـی دایـن کـە بچیـن بـۆ تۆرۆنتـۆ. وەک هەمیشـە بـەر لـە کۆنگـرە، هێشـتا بڕیارم نەدابـوو کـە کۆنگرەکـە لـە کـوێ بێـت بـەڵام زۆر لایەنـم هەڵدەسـەنگاند.

«وەزیـر موریـدی، پشـتیوانیی فەرمـی حکومەتـی لێکردیـن. پشـتیوانیی تۆڕێکـی بـاش، پیشەسـازی و حکومـەت دەتوانـن لـە زۆر ڕووەوە بەڕێوەچوونـی بۆنەیـەک باشـتر بکـەن. کاتـی بڕیـاردان بـۆ کۆنگرەکـە، هەوڵـم دا کـە وتووێژێکـی ڤیدیۆیـی لەگـەڵ ئەمیـر حەسـەنپوور، لێکۆڵـەری نـاسراوی کـورد لـە تۆرۆنتـۆ پێکبهێنـم. هەروەهـا وتارێکیشـم بـۆ کۆمەڵـەی کـوردەکان پێشـکەش کـرد.

«وتارەکـەی تۆرۆنتـۆم، بـاس لـەوە بـوو کـە چـۆن دیزاینـی سـەلوتۆجێنیک بـە هەمـوو لایەنێکییـەوە و لەوانـە لـە ژینگـەی قوتابخانـەکان، بکرێتـە سەرمەشـق. باسـەکە لەسـەر ئـەوە بـوو کـە چـۆن بنەماکانـی دیزاینـی سـەلوتۆجێنیک لـە دروسـتکردنی ژینگـە شـارییەکاندا جێبەجـێ بکرێـن.

«باسـم لـە دوو جـۆر کۆمەڵـگا بـۆ چاودێریـی تەندروسـتی لـە جیهانـدا کـرد کـە پشـتیوانیی حکومەتییـان لـێ دەکرێـت، یەکێکیـان کەنـەدا و ئوسـترالیا، ئەویـتر کـە لـە دەسـتی کەرتـی تایبەتدایـە وەک ئەمریـکا. مـن باسـم لـە ڕێبازێکـی نـوێ کـرد کـە بـە جیهانـی پیشـان بـدەم سیسـتمی چاودێریـی تەندروسـتی کـە کەرتـی حکومەتـی پشـتیوانی دەکات سـەقامگیرتر، مەنتقیـتر، ئەقڵانیـتر و زانسـتیترە.»

ئـالان ئاماژەی بـە خاڵێکـی تایبـەت کـرد: «حکومـەت دەبێت بایـەخ بـە نەخـۆش بـدات. ئـەوە ئەرکـی حکومەتـە، ئەرکـی ڕێکخراوەکانـی کەرتـی تایبـەت نییـە کـە نەخۆشـی بکەنـە بابەتـی بازرگانـی. نابێـت نەخۆشـی ببێتـە

سەرچاوەیەکی بارزگانی و نەخۆش لەبەر بێ موبالاتی حکومەت باش چاودێری نەکرێت. یان خەڵک بەهۆی باری ئابوورییان لە ژینگەیەکی نەشیاویدا بژین یان زانیاریی پێویستییان نەبێت بۆ ئەوەی تەندروستیی خۆیان بپارێزن. ئەوە پەیامی سەرەکیی من بوو: دەکرێت دیزاینی سەلوتۆجێنیک بە پشتیوانیی حکومەت جێبەجێ بکرێت تاکوو بەرەوە کۆمەڵگایەکی تەندروستتر بچین.»

## ڕوانگەی بەشداربووان

نژیاروانی ئوسترالیایی، نیکۆلا بێرنارد دەڵێت، «بەشداری لەو کۆبوونەوانەدا گرینگ بوو چونکە ئاگادار دەبووم لەوەی کە چی ڕوو دەدات، هەروەها لەسەر جیهان زانیاری بە دەست بهێنم و بزانم کێ خەریکی چییە. دەمەویت بزانم چی لە گەشەکردندایە: بابەتی هەنووکەی توێژینەوە چییە؟ چۆن ئەو توێژینەوانە لە بواری پیشەسازیدا جێبەجێ دەکرێن؟ من بڕوام وایە کە ئەگەر توێژینەوە نەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، شتێکی بێسوودە. هەندێک توێژینەوە هەن کە ڕەنگە ساڵانێکی زۆر بخایەنێت چاو بە دنیا هەڵبێنن.»

بۆ ئەو کۆنگرە، ڕوانگەیەکی زۆر گشتگیری لەسەر تەندروستی هەبوو. «بۆ وێنە پلاندانانی شاری، لە ئاستی تەندروستی گشتیدا. بۆ وێنە چۆن شارێک وەک تۆرۆنتۆ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنرێت؟ زۆر سەرنجڕاکێش بوو، چونکە سەمپۆزیۆمێک بەر لە کۆنگرەکە لەسەر پلاندانانی شار بەڕێوە چوو. چۆن ئاڵوگۆڕ بەسەر شارەکاندا بهێنین، بۆ وێنە، بۆ ئەوەی خەڵک چالاکیی جەستەییان زۆرتر بێت، شەڕ لەگەڵ قەڵەوی و کێشە تەندروستییە نوێیەکان بکەن؟ ڕاستەوخۆ دەچینە سەر کێشەکە و هەوڵ دەدەین سەرنجی هەمووان ڕابکێشین بۆی. چۆن دەکرێت داهاتوو دروست بکەین؟ لە ڕاستیدا، ئێمە لە سەمپۆزیۆمەکاندا ئاماژەمان بە هۆکاری کێشەکە دەکرد، لە کاتێکدا هێشتا بە دوای چاودێریی تەندروستییەوەین.

**لە ڕاستیدا، ئێمە لە سەمپۆزیۆمەکاندا ئاماژەمان بە هۆکاری کێشەکە دەکرد، لە کاتێکدا هێشتا بە دوای چاودێریی تەندروستییەوەین.**

«بە بەشداری لە کۆنگرەکاندا، پەیوەندیی زۆر باشم لە بواری پیشەسازیدا ساز کردن. من پێموایە ئەوە کەشێکی زۆر خۆشە. ئەکادیمیی دیزاین و تەندروستی شوێنێکی وشک نییە. خەڵک لەوێ زۆر کراوەن و بە سادەیی دەکرێت لێیان نزیک بیتەوە و هاوڕێ بیت. بۆ من زۆر سادە بوو کە دواتر لەگەڵ ئەو کەسانەی دیتبوومن لە پەیوەندیدا بمێنم.

«هەمیشە خاڵە سەرەکییەکانی وتارەکان هاندەرن، و لە جیاتی کێشەی بچوک لەسەر وێنەیەکی گەورەتر جەخت دەکەنەوە. من پێموایە ئەم کۆنفرانسە بە باشی ئەو کارەی دەکرد. ئەوە وێنەیەکی ڕاستەقینە و گشتییە لە تەندروستی و من پێموایە ئەوە لە درێژایی چەندین ساڵدا پەرەی سەندووە.



نژیاروان نیکۆلا بێرتراند

«وتاری ئالان بۆ کەسانی نوێ زۆر بەنرخە چونکە هەروەک بۆ نموونە لە هۆنگ کۆنگ بینیمان، زۆر کەسی نوێ لە ناویاندا بوو. ئەو بنەماکانی سەلوتۆجێنیکیان بۆ باس دەکات. هەروەها، زۆر کەس لەسەر ئای.ئەی.دی.ئێچ شتێک نازانن، بۆیە شتێکی نوێ و پەیوەندییەکی گرینگە.»

## گۆڕانێک لە کۆنگرە و ئاراستەی ئەکادیمیادا

زانای سویسی، ڕۆدێریک لۆرێنس، ئاماژەی بە گۆڕانکارییەک لە ئاراستەی کۆنگرە لە نێوان بۆستۆن بۆ هۆنگ کۆنگ کرد. ئەو ڕوونی کردەوە «ڕۆژی یەکەمی ئەم کۆنگرە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بۆ من دەرخست، چونکە زیاتر باس لە ژینگەی شاری و کێشەکانی تەندروستی لە ژینگەی شاریدا دەکرد. باسەکان لەسەر لایەنە گرینگەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا بوون وەک پەرەدانی سەقامگیر.»

«من وەک وتاربێژ بۆ هەر کام لە کۆنگرەکان دێم، و خەمی سەرەکیی من ئەوە بوو کە چۆن پەیوەندییەکی بەهێزتر لە نێوان توێژەران، کەسانی جێبەجێکار و پشکدارانی سەرەکی ئەو توێژینەوانە و لەوانە بەکارهێنەرانیش ساز بکەین. من پێموایە کە ئەو پەیوەندییانە لە هەموو




ڕۆدێریک لۆرێنس

ڕوویەكەوە باش دانەڕێژراون. بەڵام دەبێت ئەوە لە پێناسەی سازكردنی ژینگە بۆ باشتركردنی تەندروستی و كوالیتیی ژیان لە هەموو جێیەكدا لەبەر چاو بگیرێت.

«من پێموایە كەسانێكمان هەن كە پرۆژەی تاكەكەسی خۆیان پێشكەش دەكەن و من وا بیردەكەمەوە زیاتر بەرەو توێژینەوەینێوان-بواری دەچین. چەند نموونەی زۆر سەرنجڕاكێشمان لە كارەكەی مارك جانسۆن لە برۆنكس تاكوو كارەكەی ئالبێرت ویمێر لەسەر دیزاینكردنەوەی نەخۆشخانە لە ڤیەننا بینی. من تەنافی سیحركردنم نییە كە بتوانێت لەو گۆڕانكارییەدا یارمەتیمان بدات، بەڵام پێموایە ئەوە ئامانجێكی گرینگە كە ئەكادیمیا پێی بگات.»

## ١٢. چین: سەمپۆزیۆمی پەکین، ٢٠١٤ و نوێکاری لە چین و ڤیەتنام، ٢٠١٨

وڵاتی چین لە بەراورد بە شارستانییەکانی دیکە دێرینترین مێژووی تۆمارکراوی لە بواری پزیشکیدا هەیە. ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی دێرینی چینی، کە کۆمەڵێک مێتۆد و تیۆرین لە پزیشکیی نەریتیی چینیدا. پزیشکیی نەریتیی چینی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە بیست و پێنج سەدە لەمەوبەر. سیستمێکی ناوازەیە لە تیۆریی پزیشکی کە تەرکیز دەخاتە سەر ڕوانگە گشتیگەرەکان بۆ بەرگری لە نەخۆشی و ڕاگرتنی تەندروستی کە ئەوانەش بەشێکن لە ڕوانگەی سەلوتۆجێنیکی مۆدێرن بۆ باشترکردنی تەندروستی. لە سەد و پەنجا ساڵی ڕابردوودا، تیۆری و پزیشکیی ڕۆژاوایی لەسەر بنەمای پاتۆجێنیک واتە دەستنیشانکردن و چارەسەری نەخۆشیی بووتەوە شێوازی زاڵ لە وڵاتە گەشەسەندووەکاندا و هەر ئەوەش کاریگەری لەسەر سیستمی پزیشکیی چین داناوە.

### سەمپۆزیۆمی پەکین و کۆنفرانس لە هۆنگ کۆنک

«ئەندامانی IADH و ئەندامانی کۆمپانیا بە شێوەیەکی چالاکانە لە چین کاری بازرگانی دەکەن. ئالان دەڵێت «ئەوان داوایان لە ئێمە کرد کە بچین بۆ ئەوێ و من ڕازی بووم. من لەگەڵ زانکۆکان گرێبەستم کرد و بۆ پێشکەشکردنی وتار لە چەندین زانکۆ بانگهێشت کرام. بۆ تاقیکردنەوەی شوێنەکە بەر لە کۆنگرە، سەمپۆزیۆمێکی سەرەتایی زۆر پێویستە.

### سەمپۆزیۆمی چین لە نۆڤەمبری ٢٠١٤ لە پەکین پێکهات

«ئەوە تەنیا سەمپۆزیۆمێک بوو کە ساڵی ٢٠١٤ لە چین بەڕێوەمان برد و وێڕای ئەوەی کە وتاربێژێکی زۆر نەهاتبوون سەرکەوتوو بوو. هەر بۆیە، من کەشێکی ئارامم دروست کرد کە کاتێکی زۆرتر بۆ باسکردن بێت و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ئامادەبووان چاکتر تێکەڵ ببن. سەمپۆزیۆمەکە لە هۆتێلی ڕازاوەی مارکۆ پۆلۆ لە پەکین بەڕێوە چوو. چێژبەخش و بەسوود بوو. چونکە من دەمزانی کە باس لە کۆمەڵگایەکی تەندروست لە چینی ساڵی ٢٠٢٠ لە ڕوانگەیەکی جیهانی و سەلوتۆجێنیکەوە بکەم، کەسانی پەیوەندیدارم بانگهێشت کردن. بە زۆری لە هەر سەمپۆزیۆمێک لە ڕوانگەیەکی بەرفراوانەوە باسم لە کەڵکەکانی ئەو بابەتانە دەکرد.

«لە کاتی قسەکردنەکەمدا، سەبارەت بە شاری تەندروست و دیزاینی توێژینەوە-بنەما قسەم کرد. دەبوو سەمپۆزیۆمەکە لە بواری فێرکارییەوە دەست پێبکات چونکە توێژینەوەکانی ئەوان لەو بوارەدا زۆر بەرچاو نین. لە چین، نیگەرانیی سەرەکی جەماوەری بەتەمەنە. ئێمە باسمان لەم کێشانە کرد، جەماوەری بەتەمەن، دیزاینی توێژینەوە بنەما، تەندروستیی جیهانیی سەلوتۆجێنیک و ژینگەی تەندروست، هونەر و زانست. ئەم جۆرە ڕوانگەیە زۆر پێشوازی کرا چونکە قەت پێشتر سەمپۆزیۆمی لەو چەشنەیان نەدیتبوو، ئامادەبووان دەیانوت کە خۆشحاڵن لەو شوێنە بەشدارییان کردووە.

«تویژەران لە چین تێگەیشتنێکی کەمیان لەو بابەتانە هەیە چونکە لەگەڵیان ئاشنا نین. کێشەکە زمانە. ئەوان بە ئینگلیزی قسە ناکەن و هەرچی زانیارییەک لەبەردەستدایە بە ئینگلیزییە. هەروەها لە لایەن حکومەتەوە وتیان کە پێویستە هەر لە سەرەتاوە ناوی هەموو وتاربێژەکان بزانن و هەموو وتارەکانیان وەربگێڕدرێتەوە سەر چینی. دەبوو هەموو بەشداربووان سی.ڤی خۆیان بنێرن و کەس لە تایوانەوە مافی نەبوو بەشداری بکات. دەبوو پەشداربووان سەد و پەنجا دۆلار بۆ وەرگرتنی ڤیزا بدەن»

دوای شیکاریی پێداویستییەکان و پێداویستییە کولتوورییەکان بۆ بەڕێوەچوونی کۆنگرە لە شانگهای، ئالان بڕیاری دا باشتر وایە کۆنگرەکە لە هۆنگ کۆنگ بەڕێوە ببات. «نژیاروانی هۆنگ کۆنگی ڤیڤیان ماک هەموو شتێکی ڕێک خست. لە دیسامبردا، چوومە پێش و ڕامگەیاند کە کۆنگرەکە لە هۆنگ کۆنگ بەڕێوە دەچێت. پاشان داوای بانگەوازی ناردنی وتار و پوختەی وتارم بڵاو کردەوە.» ئامادەکاری بۆ کۆنگرە لە هۆنگ کۆنگ سەرەنجام لە ساڵی دواتردا لە ٢٠١٥ پێک هات.




سەمپۆزیۆمی پەکین

## ڕوانگەی بەشداربووان

گلۆریا ما، خوێندکاری دوکتورا کە لە کۆنفرانسی چاودێریی بەتەمەنەکان لە هۆنگ کۆنگ لە بینای چێن یو تونگ لە مەی ٢٠١٥دا بەشدار بوو، بەر لە کۆنگرەی هۆنگ کۆنگ، سپاسگوزاریی خۆی بۆ نامەی بانگهێشتکردنە دەربڕی. ئەو باسی لە مێهرەبانی و ڕێنوێنییەکانی ئالان و درێژکرانەوەی ماوەی بانگهێشتەکە بۆ پێشکەشکردنی وتار و کۆبوونەوە دەکات. «من زۆر حەزم بە نژیاروانی و خۆشبژێوییە، چونکە لە منداڵیمەوە ڕەنگە بە هۆی ئەزموونی ژیانم و بەشداریی لە کاری پێکەوەییدا بێت لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە ئەو حەزەم بۆ دروست بووە. هەر لەبەر ئەوەیە وەک ئامانجی توێژینەوە و بواری پسپۆڕیم هەڵمبژاردووە.»



ئالان لەگەڵ وەزیری تەندروستیی چین، چێن خۆ هۆنگ

**هەوڵی نوێ لە چین و ڤیەتنام، ٢٠١٨: کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری تەندروستیی چین**

دوای سەمپۆزیۆمی ٢٠١٤ لە پەکین، ئالان چەندین جار بۆ ژمارەیەک کۆنفرانس سەردانی چینی کرد. لەم دواییەدا لە لایەن زانکۆی پەکینەوە وەک وتاربێژی سەرەکی بۆ کۆنفرانسی پەرەدان و بیناسازیی نەخۆشخانەکانی چین بانگهێشت کرا کە لە ٢٠ تا ٢٣ی ئەپریلی ٢٠١٨دا بەڕێوە چوو. وتارەکەی ئەو زۆر باش پێشوازی لێ کرا و دوای کۆنفرانسەکە لە لایەن وەزیری تەندروستیی چین، بەڕێز چێن خۆ هۆنگ بۆ نووسینگەکەی لە پەکین بە مەبەستی باسکردنی زیاتر بانگهێشت کرا.

ئالان دواتر دەڵێت: «من باسم لە سیاسەتێکی تەندروستیی نوێ بۆ چین کرد، کە زیاتر لەسەر دروستکردنی ژینگەیەک بوو کە کاریگەری لەسەر تەندروستیی هاوڵاتیان دابنێت. بابەتێکی تر کە جێگەی باس بوو چۆنیەتیی پەرەدانی چاودێرییەکی تەندروستیی بەهێز بوو کە بتوانێت بەرگری لە نەخۆشییە پەیوەندیدارەکان بە شێوەژیان بکات. دوای وتارێکی دوورودرێژ لەسەر ئەو بابەتانە، لە لایەن وەزیری تەندروستییەوە بانگهێشت کرام بۆ ئەوەی وەک ڕاوێژکاری حکومەت و لە نزیکەوە لەگەڵ وڵاتەکەیان هاوکاری بکەم و لە ئاستی جیاجیادا نژیاروانیی سەلوتۆجێنیک لە وڵاتەکەیاندا جێبەجێ بکەم.»

وەزیر، چێن خۆ هۆنگ لە ئالانی پرسی، «لە دەساڵی ڕابردوودا لە کوێ بووی؟ ئێمە بە شوێن کەسێکی وەک تۆدا دەگەڕاین بۆ ئەوەی بەرنامەی داهاتووی تەندروستیی وڵاتەکەمان تا ساڵی ٢٠٣٠ دابڕێژین.»




ئالان لە میانەی وۆرکشاپێکدا لەگەڵ وەزیری تەندروستیی ڤیەتنام لە هانۆوی

ئالان وەڵامی دایەوە «قەت درەنگ نییە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بۆ ئەو بەرنامەیە بکەن!» ئەو کەسێکی بازرگان نییە، ئەوەشی زیادی کرد کە وەک زانایاکی خاوەنڕا خۆی دەردەخات کە دەیهەوێت زۆرترین کاریگەری لەسەر جیهان هەبێت و دڵخۆشە بەوەی کە بە زانستەکەی یارمەتیی چین بدات.

## ڤیەتنام

ئالان هەروەها چەندین جار سەردانی ڤیەتنامی کرد و لە نزیکەوە لەگەڵ وەزیری تەندروستی دوکتۆر فام لی توان کاری کرد بۆ ئەوەی وۆرکشاپێک ڕێک بخات کە لەلایەن ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانییەوە لە سەر سیاسەتەکانی تەندروستی و ژێرخانەکان بەڕێوە دەبرا. وەک بەشێک لەو پرۆژەیە، ئالان سەردانی ناوچە گوندییەکانی کرد و تەئیکیدی لە گرینگیی دەوری چاودێرییەکی سەرەتایی بەهێز بۆ بەرگری لە نەخۆشی و باشترکردنی تەندروستی کرد. ڤیەتنام وڵاتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە چونکە ئەوان لە ناوەڕاستی ڕێگەی گەشەی ئابووریدان، هەروەها خەریکی پەرەدانی سیستمی چاودێریی تەندروستین بە مەبەستی چاودێریی کردنی جەماوەری بەتەمەن کە بەدەست کێشەکانی شەڕی ئەمریکا لە ڤیەتنام لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا دەناڵێنن.

## ١٣. هۆنگ کۆنگ: یازدەهەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: هۆنگ کۆنگ ٢٠١٥

یازدەهەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی لە جولای ٢٠١٥ لە هۆنگ کۆنگ و بە پشتیوانیی ناوەندە پێشەنگە ئەکادمیکەکان و پیشەسازیی تەندروستیی سەرانسەری جیهان بەڕێوە چوو. کۆنگرەکە پشتیوانییەکی بەهێزی لە بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەیی حکومەتی هۆنگ کۆنگ وەرگرت و لە ڕووداوەکانی پێش کۆنگرەکە فەرمانگەکانی خزمەتگوزاریی نژیاروانی، نیشتەجێکردن، تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتیی نەخۆشخانەکان بەشدار بوون. جگە لە بەشداربووانی بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەیی هۆنگ کۆنک، لە کۆنگرەکەدا دوکتۆر کۆ وینگمان، وەزیری خۆراک و تەندروستی، پرۆفیسۆر ئی. وای. یۆ وەزیری پێشووی تەندروستی، ئاسایش و خۆراک؛ دوکتۆر مەسعود لە وەزارەتی تەندروستیی ئەفریقای باشوور، جێگری وەزیری تەندروستیی ڤیەتنام پرۆفیسۆر فام لی توانل و دوکتۆر کین یانگ پەرەپێدەری بواری نژیاروانیی ئیکۆلۆژیکی بەشدار بوون.

### ڕووداوەکانی بەر لە کۆنگرەکە

ئالان دەڵێت «بە هۆی ئەوەی کە بەر لە کۆنگرەکە کاتێکی کەم لە بەر دەستدا بوو، زۆر شاری نزیک هۆنگ کۆنگم بینین. هەر جارێک لە زانکۆیەک یان ناوەندێکی پیشەسازی وتارێکم پێشکەش دەکرد، ڤیڤیان ماک لەگەڵم بوو. ئەو زانیارییەکی زۆری هەبوو. ڤیڤیان ڕۆژانە بۆ زۆر کەس ئیمەیلی دەنارد و ئێمەی بە کەسانی گرینگ دەناساند. هاوسەرەکەی نژیاروانە و لە یەک نووسینگەدا ئیش دەکەن. هاوسەرەکەی لە بواری نیشتەجێکردندا ئیش دەکات و بواری خۆی چاودێریی تەندروستییە. ئەو کەسێکی زۆر بەخشندەیە و تایبەتمەندیی سەرنجڕاکێشی هەن.

«ئەو منی هان دا و زۆر باش ئیشی کرد. لە سەفەرێکی گەڕانەوەدا، جەیمز بارلۆ سەرۆکی IADHم هێنابوو بۆ ئەوەی لەگەڵ من سەردانی هۆنگ کۆنگ بکات. لەوێ یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ناوەندی P&Tمان بینی، ئەو شوێنەی کە ڤیڤیان ماک ئیشی لێدەکرد، ئەو وتی «ئێمە پشتیوانیتان دەکەین. ئەو کارە زۆر گرینگە.» ئەوان ڕەزامەندییان دەربڕی کە لەگەڵمان ئیش بکەن و زۆر زوو سی و دوو هەزار دۆلاری هۆنگ کۆنگیان پێداین. ئەو پێی وتم لە باری زانستیشەوە پشتیوانیتان دەکەین.

«ئێمە تۆڕێکمان پێکهێنا و هەر لە سەرەتاوە متمانەمان بە ڤیڤیان کرد. کاتێک هاوکارەکان پشتیوانی دەکەن و تێگەیشتنێک لە نێواندا هەبێت زۆر زوو متمانە دروست دەبێت. کاتێک متمانە بە کەسێک بکەم، هەموو شتێکی پێدەبەخشم. کارەکە پێک دێت و زۆر خۆم سەرقاڵی کارەکان دەکەم و نیگەرانم لەوەی کە کارەکان چۆن بەڕێوە دەچن. حەزم بەو شتە دەکرد کە لەگەڵ ڤیڤیان خەریک بوو ڕووی دەدا. ئەو هەندێک بیرۆکەی باشی بوون. کاتێک پرسیارێکم بوو، خێرا تەلەفۆنم بۆ دەکرد و ڕێگەچارەیەکمان دەدۆزییەوە.

«بروشوورێک کە بۆ ڕووداوەکە پرینتمان کردبوو زۆر بۆیان سەرنجڕاکێش بوو، چونکە بابەتی سەمپۆزیۆمەکە بۆ حکومەت پێویست بوو. من بلیتی سەفەرەکەم گرتبوو. لە یەکێک لە سەردانەکانم بۆ زانکۆ، پێشنیارم کرد کە سەمپۆزیۆمێکی دیکەمان لەوێ ببێت و هەندێک لە ئەندامانی کۆمپانیاکەمان بانگهێشت بکەین.

هەروەها پێشنیارم کرد کە هەندێک کەسی حکومەتی بانهگێشت بکەین. ئەو سەمپۆزیۆمە زۆر بە باشی بەڕێوە چوو. من ناوی (ژینگەی پشتیوان بۆ کەسانی بەتەمەنی تووشبوو بە نەخۆشی بیرچوونەوە)م بۆ هەڵبژارد. ئەوان دەیانویست ناوی (ژینگەی چارەسەرکەر)ی بۆ هەڵبژێرین و من بە هۆی لەبەرچاوگرتنی کەسانی بەتەمەن دژی ئەوە بووم، وتم کە ئەوان نەخۆش نین. من هەمیشە بە وردبینییەوە وشەکانی ئەو وۆرکشاپانە و پێناسە زانستییەکان هەڵدەبژێرم.

«من دوکتۆر ستانلی تام، پسپۆڕی پزیشکیی بەساڵاچووانم بینی. ئەو حەزی بە ڕوانگەی ئێمە دەکرد. کاتێک بەرنامەیەکم بە جەختکردنەوە لەسەر کەسانی بەتەمەن دانا، ئەو بە حەزێکی زۆرەوە بەشداری کرد. سەمپۆزیۆمەکەمان سێ کاتژمێر و نیوی خایاند و سەد و هەشتاد کەس بەشدارییان تێدا کرد کە زۆر سوودمەند بوو. ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە لە زانکۆیەکی دیکەش قسە بکەین.

«بەپێی ئەزموونی من، تێگەیشتم کە چینییەکان لە هۆنگ کۆنگ زۆر کەم بەرژەوەندیی ئابووری دەبینن. ئەوان کەسانێکی ئاڵۆز و لێهاتوون بەڵام تێڕوانینی ئابوورییان زۆر (چینییانە)یە» ئەوان زۆر حەز دەکەن بە ئامانجە بازرگانییەکانیان بگەن، ئەوان دەیانهەوێت بەبێ بەرامبەر دەستیان بە زانیاریی تۆ ڕابگات. ئەوە شتێکی ڕوون بوو.»




وتاربێژان لەسەر چاودێریی کەسانی بەتەمەن لە هۆنگ کۆنگ

## کۆنگرەی هۆنگ کۆنگ و پەیامی سەرەکیی کۆنگرەکە

کۆنگرەی هۆنگ کۆنگ لە هۆتێلی کراو پلازا کۆڵونی ڕۆژهەڵات دوور لە ناوەندی شار بەڕێوە چوو. لەوێ سێسەد کەس بەشدار بوون و بیست و یەک پیشانگەی لێ بوون. پێنج دانە لە هاوبەشە سەرەکییەکانی IADH لەوێ بوون. بەهەمان شێوە ئوسترالیا پشتیوانییەکی چاکی کردبوو چونکە هەندێک لە ئەندامانی کۆمپانیا و خوێندکاری ئەوێ بەشدار بوون و هەروەها هاوکارەکانمان لە ئەمریکاشەوە هاتبوون.

چارلی تەکنیسینی ماڵتیمیدیای کۆنگرەکەم ڕوانگەیەکی سەرنجڕاکێشی لەسەر ڕووداوەکە هەبوو. ئەو دەڵێت «شوێنی هۆتێلەکە دوور لە ناوەندی شار کاریگەری لەسەر ڕادەی بەشداربووان هەبوو. ژنێکی ئوسترالیایی وتی کە ئەو لە هۆنگ کۆنگ بێهیوا بوو چونکە کەسانی ناوچەکە پەیوەندییان دروست نەکردووە. ئەوە یەکەم جار بوو ئەو ئەزموونەی ببێت. چەند کەس لە وتاربێژە بەرزەکان هاتبوون، وتارەکانیان پێشکەش کرد و ڕۆیشتن، تەنیا چەند خولەک لەوێ بوون. خەڵک لە هۆنگ کۆنگ کاریان زۆرە. ئەوان کاتی ئەوەیان نییە لە کۆنفرانسێکدا ئامادە بن. لە بیرمە خەڵک سەرنجیان لەسەر شتەکان لادەچوو و بەردەوام بە تەبلێتەکانیان خەریکی ئیشەکانیان بوون.»

ئالان دەڵێت «پەیامی سەرەکیی کۆنگرەکە باشترکردنی دەوری دیزاین بوو لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستدا. پیشەسازیی زاڵی پزیشکی و دەرمانسازی لە سەدەی بیست و یەکەمدا نەخۆشبوون بە بازرگانی دەکات لە کاتێکدا ئێمە چیتر ناتوانین ئەو کارە بکەین.

«ئێمە دەبێت بە شوێن ڕێگەیەکدا بگەڕێین کە تەندروستییەکی باشتر (بە بازرگانی) بکەین و بە شوێن ئەوەدا بگەڕێین کە چۆن ژینگەی دیزاینکراو دەتوانێت لە دروستکردنی شێوەژیانێکی تەندروستتردا یارمەتیدەر بێت. سیستەمەکانی تەندروستیی جیهانی بە شوێن ڕێگەیەکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی کێشە نوێیەکانی ئەم سەردەمە وەک نەخۆشیی درێژخایەن، بەتەمەنیی جەماوەر و بەرزبوونەوەی تێچووی چاودێریی تەندروستی چارەسەر بکەن. کۆنگرەکە بە شوێن پارادایمێکی نوێدا بوو کە جەختی لەسەر کاریگەریی ژینگەی دروستکراو و شێوەژیان لەسەر بەرگری لە نەخۆشی و باشترکردنی تەندروستی دەکردەوە. هەر بەم پێیە، ئێمە پێویستمان بە ڕێگەی نوێ بۆ دیزاینی سەلوتۆجێنیکی نەخۆشخانەکان هەیە کە زیاتر لەسەر بەرگری لە نەخۆشی و باشترکردنی تەندروستی ئیش بکات.»



لەگەڵ دوکتۆر کۆ وینگ-مەن، وەزیری تەندروستیی هۆنگ کۆنگ لە کۆنگرە

## ئێمە دەبێت بە شوێن ڕێگەیەکدا بگەڕێین کە تەندروستییەکی باشتر ‹بە بازرگانی› بکەین و بە شوێن ئەوەدا بگەڕێین کە چۆن ژینگەی دیزاینکراو دەتوانێت لە دروستکردنی شێوەژیانێکی تەندروستتردا یارمەتیدەر بێت.

کۆنگرەکە بە وتارێکی وەزیری تەندروستیی هۆنگ کۆنگ دوکتۆر کۆ وینگ-مەن کرایەوە، بە دوایدا وتاربێژە سەرەکییەکان لە هەردوو لایەنی ئەکادیمیا و پیشەسازی لەسەر دوایین دەستکەوتی توێژینەوەکانیان و کەڵکەکانیان باسیان کرد.

### خاڵە بەرچاوەکانی کۆنگرە

ئالان ئاماژە دەکات «ڕۆژی یەکەم باسکردن لەسەر کێشەکانی جیهان سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا: پێویستی بە هەوای خاوێن، زەوی خاوێن و ئاوی خاوێن. ئەوانە سەرەکیترین سەرچاوەکانی زەوین و ئێمە دەبێت لێرەوە دەست پێبکەین. ئەوانە بنەماییترین شتەکانن بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی سەلوتۆجێنیک و تەندروست. ئەگەر ئەوانەت نەبن، ناتوانی تەنانەت بیریش لە دروستکردنی پێکهاتەی سەلوتۆجێنیک بکەیتەوە.

«مارک چانسۆن و ئانتۆن کاپۆن سەبارەت بە پلاندانانی تەندروستی شاری، فەزا تەندروستەکان و شارە تەندروستەکان قسەیان کرد. کێشەی هۆنگ کۆنگ تەندروستیی خەڵکەکەی بوو کە بە چەندین هۆکارەوە پەیوەندی هەبوو. ئەو شتە لە باسەکانی ئێمەدا ڕوون بوو. ڕۆژی پێشتر باسمان لە کێشەکانی هۆنگ کردبوو و بە مشتومڕ لەسەر کێشە سەرەکییەکان و وتارێکی کین یینگ کۆتاییمان بە دانیشتنەکە هێنا. کۆنگرەکە ئەوەی دەرخست کە پێویستە ئەو هۆکارانە چارەسەر بکرێن. لە زانست و ڕاڤەی دیزاینی ئێکۆلۆژیکی دەتوانن بە ڕوونی ئەوانە چارەسەر بکەن.

«ڕۆژی دووهەم، کۆنگرەکە باسی لە کێشە جیهانییەکانی ئەفریقا، ئوسترالیا و هیند کرد. ئامادەبووان ئەو دانیشتنەیان بە دڵ بوو. بۆچی؟ چونکە گرینگ نییە مرۆڤەکان لە کوێ بژین -لە ئوسترالیا، لە ئەفریقا یان هیند- هەمان کێشە لەوێش هەن. مرۆڤایەتی پێویستی بە ژینگەیەکی سەلوتۆجێنیک هەیە بۆ ئەوەی تەندروستییەکی باشتر بۆ هەمووان دابین بکات. دەرەنجامەکە بۆ هەموو کولتوورەکان یەکسانە. ئەو ڕاستییە پشت بە زانستی سەلوتۆجێنیک و هۆکارەکانی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستر دەبەستێت.



دانیشتنی کۆنگرەکە بە سەرۆکایەتیی پرۆفیسۆر ئینۆسێنت ئۆکپانوم

«یەکێک لە بەشداربووان لەسەر دەرزی-ئاژن[١٦٦] [شێوازێکی نەریتیی چارەسەری پزیشکیی لە چین] قسەی کرد، کەسێکی تر لەسەر ئایۆڤێدا [جۆرێک چارەسەری پزیشکی لە هیند هاوشێوەی مژینی ژاری مار بە دەم کە لە کۆندا لە کوردستانیش باو بووە.] و کەسێکی تر لەسەر تاقیکردنەوەی پزیشکی و یۆگا بۆ تەندروستی قسەی کرد. ئامادەبووە هیندییەکان سەبارەت بە چاودێریی تەندروستیی کەم تێچوو قسەیان کرد. سەلوتۆجێنیک واتە ‹ئەو شتەی مرۆڤەکان تەندروست دەکات› گرینگ نییە لە کام شار، نەتەوە یان کولتووردا کەڵکی لێ وەربگیرێت و باسەکان لەسەر ئەوە بوون کە چۆن کولتوورەکان لەگەڵ ئەو بنەمایانە بگونجێنرێن. گرینگ بوو ئاماژە بەوە بکرێت کە هەر کولتوورێک چۆن ڕێبازێکی جیاواز دەگرێتە بەر. ئەوە بیرۆکەی نوێی بۆ بەشداربووانی دیکەش دروست دەکرد.

«دواتر باسمان لە کێشەکانی بەتەمەنەکان و کێشەی جەماوەری بەتەمەن کرد. بە توێژینەوەیەکی بەنرخ لەسەر مێشک کۆتاییمان بە باسەکە هێنا. وتاربێژێک لە تاسمانیا، دەیڤید تێچاو، باسی لە زانستی دەماریی نژیاروانی کرد و ئەوەی دەرخست کە چۆن دەتوانین نووسینگەکان دیزاین بکەین بۆ ئەوەی توانایی مێشک بۆ بەرهەمهێنەری زیاد بکەین. وتاربێژێکی تر، دێباجۆتی پاتی لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی تێگزاس، پیشانی دا کە چۆن هەندێک دیزاینی تایبەت چالاکیی مێشک باشتر دەکەن. پاتی سێ خەڵاتی ئەکادیمیای IADH ی بردنەوە.»

١٦٦- acupuncture

ئالان هەستی کرد کە کۆنگرەی هۆنگ کۆنگ «شێوەیەکی دا بە ئاراستەی سەلوتۆجێنیک لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستدا، واتە دروستکردنی شارێکی تەندروست بە پلانێکی باشی شاری، شوێنێکی ئیشکردنی تەندروست، و چاودێریی بەتەمەنەکان. هەستم کرد ئەو بیست ساڵەی کاری دیزاینی سەلوتۆجێنیک زۆر بە ڕوونی لەو کۆنگرەیەکدا بە بەڵگە و زانستەوە کۆ کراوەتەوە.»

**گەشەی IADH لە نەخۆشخانەوە بەرەو کۆمەڵگا**

کارەکانی IADH لە بایەخدان بە نەخۆشخانەکان بۆ سەیرکردنی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی بەرفروان لە گەشەکردندا بوو. ئالان شی دەکاتەوە «لە جێیەکدا کە پێشتر جەختمان لەسەر نەخۆشەکان بوو، ئێستا کار لەگەڵ کۆی کۆمەڵگایەک دەکەین کە نەخۆشە. تەئکیدی ئێمە لە نەخۆشەوە گۆڕاوە بۆ سەرجەم کۆمەڵگا. لە کەسانی نەخۆشەوە بۆ کۆمەڵگای نەخۆش. هەموو کۆمەڵگا ئێستا نەخۆش کەوتووە. ئەوە دەرەنجامێک بوو کە لە هۆنگ کۆنگ پێی گەیشتین.

«فەرمانگەی خزمەتگوزاریی نژیاروانیی حکومەتی هۆنگ کۆنگ زۆر بە باشی لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوون. ئەوان لە بیستنی وتاری جیاجیا لە کۆنگرەکەدا سوودمەند بوون. ئەوان باشترین کەسەکانیان هێنابوو و ڤیدیۆیان لە هەموو کۆنگرەکە هەڵگرتبوو کە دواتر کەڵکی لێ وەربگرن.»

دەستکەوتێکی دیکەی کۆنگرە ئەوە بوو کە نژیاروانی هۆنگ کۆنگی ڤیڤیان ماک، بوو بەکەسێکی سەرەکیی IADH. «ئەو کەسێکی پڕوەزەیە و دەتوانێت لە ئاستی جیهانیدا زۆر گەورە بێتەوە.» ئالان دەڵێت «من پێموایە ئەو دەتوانێت یارمەتیی ئەکادیمیا بدات و دەتوانێت لە داهاتوودا بێتە یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو بوارە.»



دیزاینەر ناتالی والش لە کۆنگرەکەدا



ڤیڤیان ماک لە کۆنگرەدا

## ڕوانگەی بەشداربووان

نژیاروان مارک جانسۆن کارەکانی ئالان بەم شێوە وەسف دەکات «ئەمڕۆ لە هۆنگ کۆنگ بینیمان کارەکانی زۆر کاریگەرن. تەنیا چەند وتار پێشکەش کران کە زۆر باش نەبوون. ئەوە پێوەرێکی زۆرباشە کە دەریدەخات بیرۆکەکانی ئەو لەسەر پەیوەندیدانی دیزاین بە تەندروستی و ژیانێکی خۆش زۆر سەرکەوتوون. هەروەها باشترکردنی تەندروستیی گشتی، کە بە بەرگری لە نەخۆشی بەدی دێت بە ئاراستەیەکی دروستدا دەڕوات.

ناتالی والش، دیزاینەری ئوسترالیایی ناوەوەی بینا، دوای دەستڕاگەیشتی بە جورناڵەکە بۆ توێژینەوەی زانکۆی هات بۆ کۆنگرەکە. ئەو لەگەڵ ئالان پەیوەندی گرت و پەیوەندییەکی بەردەوامیان هەبوو. سەرەنجام ئەو لە هۆنگ کۆنگ ئالانی بینی.

«من دیزاینەری ناوەوەم، بەڵام پاشخانێکم لە پزیشکی و چاودێریی تەندروستیدا هەیە. سەرەتا لە ساڵی ٢٠١٢ گۆڤاری دیزاینی تەندروستیی جیهانیم خوێندەوە. بە پاشخانە ئەکادمیکەکەی منەوە، بە شوێن جورناڵی لەو بابەتەدا دەگەڕام و پێموابوو ئەم دانە بە ڕاستی باشە. بە تایبەت ڕوانگەی ئەوروپایی جورناڵەکەم لا بەنرخ بوو.

«ئەوە یەکەم کۆنگرەی IADH ی من بوو. من ساڵی ٢٠١٤ بڕوانامەی دیزاینم بە دەست هێنابوو. لە سیدنی پەیوەندیم هەبوو بەڵام دەمویست پەیوەندییەکانم پەرە پێبدەم. دەمویست خێرا لە بواری دیزاینی چاودێریی تەندروستیدا بەرەوپێش بچم. بە دڵنیاییەوە ئەو ڕادەیە لە هاندەری و پاڵپشتیی ئالان هەر لە سەرەتاوە بۆ من مایەی سەرسوورمان بوو. دوای چەند ڕۆژ لە سکایپدا قسەمان کرد. وەڵامەکەی ئەو زۆر بۆم سەرنجڕاکێش و مایەی هەیەجان بوو.

«زۆر هەست بە بەختەوەری دەکەم کە بەشێک بووم لەو کۆنگرەیە. ئەوە تێکەڵەیەکی نائاساییە لە ڕوانگەی ئەکادمیک و پیشەسازی و من بە ڕاستی حەز بە ئاڵوگۆڕی زانستی[١٦٧] دەکەم. ئەوە ڕێگەی داهاتووە بۆ وەڵامدانەوەی زۆر پرسیاری ئاڵۆز کە سیستمەکانی چاودێریی تەندروستی ڕووبەڕوویان کراوەتەوە.




دیزاینەر کیت ئۆکرانسکی لە کۆنگرەکەدا



نژیاروان ئانجێلا لی لە کۆنگرەکەدا

١٦٧- transdisciplinary

ئەو دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە «یەکجار گرینگە کە زانیارییەکانت نوێ بن و هاوکات ئاگاداری بوارە نوێیەکانی پیشەسازی بیت... ئەگەر دەتانهەوێت لەسەر مشتەرییەکانی داهاتووتان سەرمایەگوزاری بکەن، دەبێت پێشوازی لە ڕوانگە ڕاستەکان بکەن.»

بۆ نژیاروانی ئەمریکایی ئانجێلا لی، «ئەو کۆنفرانسە هەلێک بوو بۆ گوێگرتن بۆ جیهانی ئەکادمیک لەو ئاستەدا. لە کەسانێک کە زۆر بە قووڵی چوونە ناو بابەتەکانەوە شتانێکم بیست کە حەزم لێیانە. ئەوە هەلێکە کە بەناو کۆمەڵێک بابەت و لە ڕوانگەی جیاجیادا لە تەندروستیی جەماوەر تا ڕوانگەی ئابوورییەوە ببیستیت.

«ئەوە زانیارییەک نییە کە بە ئاسانی دەستمان پێی ڕابگات. دەبێت بە ناو زۆر ڕاپۆرت و جورنالدا بگەڕێیت کە لە کۆبوونەوەی هاوشێوەی ئەمە بڵاو بوونەتەوە. بۆیە گرینگە کە ڕاستەوخۆ شتەکان ببیستیت. پاشان بتوانیت لەگەڵ نووسەرانیان قسە بکەیت، و زانیاریی پەیوەندی گرتن لەگەڵیان وەربگریت. زۆر پڕ هەیەجانە کە لەسەر ئەو سینێرجییە[١٦٨] [بەرهەمی زیاتر بەبێ بەرنامەی داڕێژارو بۆی] بیر بکەیتەوە و بتوانیت لە داهاتوودا لەگەڵیان ئیش بکەیت.»

کەیت ئۆکرانسکی لەدایکبووی ئەمریکا، کە لە هۆڵەندا دەژییت، لە ڕێگەی بانگەوازی ناردنی وتارەوە ئاگاداری کۆنفرانسەکە بوو. ئەو توێژینەوەی ماستەرەکەی لەسەر تەندروستیی جیهانی ئەنجام داوە، و پسپۆڕی دیزاینی تواناسازییە و ئەوەی کە چۆن نەخۆش لە دیزاینی چاودێریی تەندروستیدا بەشداری پێ بکرێت. «ئەوە یەکەم هەلی نێونەتەوەیی من بوو کە توێژینەوەکەم پێشکەش بکەم. من بە دوای هەلێکدا دەگەڕام بۆ ئەوەی وتارەکەم بڵاو بکەمەوە چونکە ئامانجی من لە توێژینەوە، ئاڵوگۆڕی زانستییە. توێژینەوەی من تایبەت بە دامەزراوەیەک نییە. من لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کاتێک بە شوێنی بڵاوکراوەکانی دیزاین و چاودێریی تەندروستیدا دەگەڕام تووش کۆنگرەکە بووم. دوو وشەی سەرەکیی جوان لە هەموو بەشەکانی ماڵپەڕی IADHدا بوون.»

گای پێری، لە کۆمپانیای تەکنۆلۆژیی ئایکۆم، ناوەندێکی ئەندازیاریی فرەنەتەوەیی ئەمریکایی، کە چەمکی دیزاینی گشتی و ڕاوێژی بیناسازی دابین دەکات و یەکێک لە پشتیوانەکانی کۆنگرە بوو، ڕوانگەیەکی کردەیی و پیشەیی خستەڕوو. «ئەوە بە ڕاستی بابەتێکی جیهانییە، خاڵی هاوبەشی دوو تیمە کە من پێموایە بۆ دیزاینەکانی داهاتوو گرینگن. ئەو شتەی کە بۆ من جێگەی ستایشە بەربڵاویی ئەو تێڕوانینانەیە کە پێکەوە کۆ کراونەتەوە. من پێموایە کە زۆر گرینگە ئێمە تەنیا بیر لە ژوورێک یان بینایەکی تایبەت نەکەینەوە. ئێمە لێرە چەند وتاری باشمان لەسەر ئەو بابەتانە بیستن. بەڵام ئێمە دەشتیوانین بچێنە ئاستی شار و تەنانەت ئاستی هەسارەکەشمان. ئەو بابەتانە هەموویان پێکەوە پەیوەندییان هەیە و ئەو شتێکە کە زۆر من دڵخۆش دەکات.

«لەسەر هەندێک وردەکاری خەریکم فێر دەبم کە پێشتر نەمدەزانین. من ئاگاداری جیهانێکم کە لەوانەیە لە باشترین حاڵەتدا نەوەد لە سەدی شتەکان بزانم و دیسان پێویستە لەو دۆخەشدا بڕیار بدەم. لە شوێنێک وەک هیند کە لە گەشەیەکی چاوەڕوانکراودایە، -وەک چینی دەیەی ڕابردوو- دەبێت هەر ئێستا بڕیار بدرێت.

---

١٦٨- synergic




گای پێری لە کۆنگرەکەدا



نژیاروان نیکۆلا بێرتراند و  نووسەر کارۆڵ پرۆنهابێر

«فۆرومەکانی وەک ئەمە، ڕێگەیەک بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکی تا ڕادەیەک پەیوەندیدار دەخولقێنن. من ناڵێم کە ئەوە هەموو شتێکی پێویستی بۆ بەرهەمهێنانی ژینگەیەکی شاریی نوێ یان بینایەکی نوێ تێدایە، بەڵام لایکەمی هۆشیاریتان لەسەر کێشەکان دەباتە سەر و لەوانەیە کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر دروستکردنی شتێکی زۆر سەقامگیرتر لە بواری تەندروستیدا دابنێت.

«بۆ من،  گرینگ ئەو کەسانەن کە ئێستا لەسەر زەوی دەژین. هەر شتێک بڕواتان پێی بێت ڕوو دەدات، ئێمە ئێستا دەبێت لێرە لەگەڵ خەڵک و چۆنیەتیی بوون  و ژیانیان کار بکەین. بۆ من، پێوەری سەرەکی ئەمەیە: ئایا هەستێکی خۆشتان بەو شتە هەیە؟ ئایا هەستێکی خۆشتان بە ژیانتان هەیە؟ ئایا تەندروستن؟ ئایا کۆمەڵگای دەوروبەرتان پشتیوانتانن؟ ئایا هەست دەکەن کە کارێکی بەسوود دەکەن؟ و ئەو شتە دەکرێت چ لە ژوورێک یان لە شارێکدا بن ڕوو بدات.»

پاتریشیا تزۆپۆلوس، پرۆفیسۆری نژیاروانی لە زانکۆی هادێرسفیلدی ئینگلستان، کۆنگرەکە بە ڕۆشنگەر دەزانێت. «ئەوان وێنە گەورەکەیان کێشاوەتەوە و بە شێوەی بنەڕەتی باس لە هەموو قوژبنەکانی شتێک دەکەن کە پێموایە دەبێت هەموو کەس سەرنجیان بدات، هەرکەسێک کە لە بواری دیزاین و تەندروستیدا ئیش دەکات. شتێکی مەزنە کە IADHت هەبێت وەک ئامرازێک زۆر بیرۆکەی باش بڵاو بکاتەوە، چونکە ئەوە یەکێک لە کێشەکانی بواری نژیاروانییە.»




پەنێلی کۆتایی لەگەڵ وەزیران و کەسانی ئەکادمیک، ١٨ی جولای ٢٠١٥

بۆ ئەو هەستی کۆمەڵایەتی لە کۆنگرەکەدا زۆر پێویستە «من پێموایە دابینکردنی ژینگەیەک کە بیرۆکەکانی تێدا هاوبەش بکرێن و کاریگەریی ئەو بیرۆکانە لەسەر یەکتری تێڕوانینی جیاجیا بۆ کەسەکان لە سەر کێشەیەکی یەکسان دروست دەکات.»

یازدەهەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی بەو پەیامە هاندەرە کۆتایی هات کە ڕوانگەیەکی گشتگیرانە لە بواری بەرینی تەندروستی و لەلایەن زۆر ناوەندەوە پێویستە نەک تەنیا ڕوانگەی پیشەسازیی چاودێریی تەندروستی. بەشداریی چالاکانەی سیاسەتدانەران، پلاندانەرانی شار و دیزاینەرانی شاری بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستتر بە سەربارێکی کەمتری نەخۆشییەکانی شێوەژیان پێویستە. دانیشتنە سەربەخۆکانی کۆنگرە ئەوەی دەردەخست کە پێویستمان بە هاوکارییەکی چەندبواری هەیە بۆ ئەوەی لە کاریگەریی شار و ژینگەی شاری لەسەر تەندروستی و خۆشبژێویمان تێبگەین. کۆنگرە بە پەنێلێکی بەسوود کۆتایی هات لەسەر ئەوەی کە چۆن کۆمەڵگا تەندروستەکان بۆ سەدەی بیست و یەک دروست بکەین.

سەرۆکی IADH داوای هەڵسەنگاندن و کاردانەوەی لە هەموو بەشداربووانی کۆنگرە کرد. ئالان وتی «من لە هەموو ئەندامانی کۆمپانیا وەڵامی زۆر باشم وەرگرت. هەندێکیانیشم نەبینین. ئەوان وتیان زانیاریی باشیان وەرگرتووە.




پڕۆفیسۆر جەیمز بارلۆ، سەرۆکی IADH

ئالان وتی «من باسێکی بەسوودم لەگەڵ دامەزراوەی دیزاین لە هۆنگ کۆنگ لەسەر پەرەدانی ناوەندێکی فرەبواری لە نێوان زانکۆکان، حکومەت و پیشەسازی کرد. هەمان شتم لە مالیزیا پێشنیار کرد. IADH دەتوانێت وەک هاوبەشێک یارمەتیدەر بێت و هەر ساڵ زانیاریی پسپۆڕانە بهێنێت بۆ ئەوەی لەسەر بابەتە تایبەتەکان باس بکرێت. ئەوە باسێکی زانستی دەبێت کە دەبێتە هۆی داهێنان لە وڵاتەکەدا. هەڵبەت، ئێمە دەبێت باس لەوە بکەین کە لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا چ شتێک دەگوزەرێت. ئەوان ئارەزوومەندن و من بەر لەوەی بێمەوە بۆ لای بەڕێوەبەری دامەزراوەکە، لەگەڵ دوکتۆ لوو، هونەرمەندی گەورە کۆبوونەوەیەکم بووە. ئەو منی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی ببمە ئەندامی فەخریی دامەزراوەکە، ئەو وتی دەتوانن کە IADH لە چالاکییەکانی داهاتووماندا هاوبەش بکەین.

**ئەکادیمی بە شوێن بەڕێوەبەرێکی نوێدا دەگەڕێت**

ئالان هەستی کرد کە ئەو گەیشتۆتە ئەو خەونەی کە تۆڕێکی جیهانی دامەزرێنێت. ئەو هەستی کرد کاتی ئەوەیە کە جێبەجێکردنی کارەکان بداتە دەست کەسێکی تر، کە بتوانێت ڕوانگەی نوێ بهێنێت و زیاتر پەرە بە ئەکادیمیا بدات. ئەو بڕیاری دا کە لە ٢٠١٧دا واز بهێنێت.

## ئالان هەستی کرد کە ئەو گەیشتۆتە ئەو خەونەی کە تۆڕێکی جیهانی دامەزرێنێت. ئەو هەستی کرد کاتی ئەوەیە کە جێبەجێکردنی کارەکان بداتە دەست کەسێکی تر.



لەگەڵ گۆنتێر دی گرەیڤ لەبەردەم پەیکەری لێ کۆربۆزیێ لە کاپ مارتین لە باشووری فەڕانسە

لە میانەی کۆنگرەی هۆنگ کۆنگدا، بەڕێوەبەرایەتیی IADH و تیمی ڕاوێژکاری باسێکی زۆر بەنرخیان لەسەر داهاتوو کرد، زۆر زوو دواتر، ئەو ڕاگەیاندنەی خوارەوە بڵاو کرایەوە.

**ئەکادیمیای نێونەتەوەیی بۆ دیزاین و تەندروستی چوارچێویەکی زۆر چالاک بۆ گواستنەوەی زانیاری و پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەکادیمیا، پیشەسازی و حکومەت لەم بوارەدا دابین دەکات. ئەکادیمیا بە شوێن بەڕێوەبەرێکی نوێدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بەرپرسیارەتی بگرێتە ئەستۆ و لە چارەسەری کێشەکانی سەردەمی نوێدا یارمەتیدەر بێت و درێژە بە کارەکانی ئەکادیمیا وەک فۆرومێک بۆ باسکردنی گرینگترین کێشەکانی ژینگەی دروستکراو بدات. بەڕێوەبەرە نوێیەکە دەبێت پاشخانێکی چەندبواری هەبێت و بە ڕوونی لە بەهاو و کاریگەریی دیزاینی سەلوتۆجێنیک لە باشترکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست لە سەدەی بیست و یەکەمدا تێبگات. بەم پێیە، دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەکادیمیا بە شوێن کەسێکی شارەزادا دەگەڕێت کە ئەزموونی باشی لە بواری دیزاین و تەندروستیدا ببێت بۆ ئەوەی لەمەودوا ئەکادیمیا بەڕێوە ببات.**

«من چەندین داواکاریم بۆ هاتن بەڵام سەرنجڕاکێشترین و شیاوترین کەسیان گونتێر دی گرەیڤ بوو، ئەو منی ڕازی کرد کە ئەو باشترین کەسە بۆ بەڕێوەبردنی ئەکادیمیا. دوای چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی ئەکادیمیا لە ماڵەکەی خۆم لە باشووری فەڕانسە، بڕیارم دا کە ئەو کارە بەو بسپێرم.» بەر لە دوازدەهەمین کۆنگرەی دیزاین و تەندروستی لە ڤیەننا، ئەو ڕاگەیاندنەی خوارەوە لەسەر ماڵپەڕی دیزاین و تەندروستی بڵاو کرایەوە:

Design
&Health
International Academy for Design and Health

گونتێر دی گرەیڤ، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری گرووپی دێستراڤیس، وەک بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەکادیمیای نێونەتەوەیی بۆ دیزاین و تەندروستی هەڵبژێردرا. دامەزرێنەر و براوەی خەڵاتی AIA ئالان دیلانی، دەست لە کار دەکێشێتەوە.

پرۆفیسۆر ئالان دیلانی وەک دامەزرێنەری ئەکادیمیا لە ڕۆژی ١٥ی جولای ٢٠١٧ لە میانەی دوازدەهەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی لە ڤیەننا لە نەمسا دەست لە کار دەکێشێتەوە. ئەو وەک ڕاوێژکاری دەستەی بەڕێوەبەرایەتی درێژە بە کار دەدات. حەز و خولیای ئالان بووە هۆی ئەوەی کە ئەکادیمیا ببێتە پێشەنگی تۆڕێکی زانیاریی، و وەک پێشەنگی دیزاینی سەلوتۆجێنیک بناسرێت. ئەو متمانەیەی بە ئەکادیمیا هەیە دەبێت لە لایەن گونتێر دی گرەیڤ درێژەی پێ بدرێت.

وەک دامەزرێنەری ئەکادیمی، ئالان کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر جیهانی دیزاین و تەندروستی هەبوو. لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا، لە پیشە نێونەتەوەییەکەیدا ئەم کارانەی لە خۆ گرتوون: دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوەی دیزاین و تەندروستی لە زانکۆی پزیشکیی کارۆلینسکا لە ستۆکهۆڵم؛ پەرەپێدانی توێژینەوە لەسەر بوارەکانی چاودێریی بەتەمەنەکان، دیزاینی نووسینگە، دامەزراوەکانی چاکسازی[١٦٩]، دیزاینی چاودێریی تەندروستی و شوێنەکانی فێرکاری؛ و پشتیوانی لە دروستکردنی ژینگەیەکی تەندروست لە سەرانسەری جیهان لە ئوسترالیا تا کەنەدا و ئەمریکا، ئەفریقای باشوور، چین، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

دیلانی تیۆریی دیزاینی سەلوتۆجێنیکی پەرە داوە و جێبەجێ کردووە کە وەک مێتۆدێکی سەرکەوتووی دیزاین بە بەربڵاوی بە کار هاتووە و کاریگەریی ژینگەی دروستکراو لەسەر تەندروستی و ئاستی خۆشبژێوی دەردەخات. دیلانی لە زۆر ناوەندەی ئەکادمیک لە سەرانسەری جیهان وتاری پێشکەش کردووە، لە زانکۆی هارڤاردەوە بگرە تاکوو دامەزراوە سەرەکییەکانی پزیشکی، دیزاین، تەندروستیی گشتی، فێرکاری بەرەیەکی نوێی فرەبواری پێک بهێنین تاکوو بە شێوەی ئەرێنی لەسەر داهاتووی تەندروستی لەسەر هەسارەکەمان کاریگەری دابنێنن.

لە میانەی کارەکەیدا، دیلانی لە بواری هاوبەشکردنی زانستدا کەمپەینی کردووە تاوەکوو زۆرترین سوود بگەیەنێت. ئەو ئاسانکاری بۆ ئاڵوگۆڕی بێبەرامبەری زانیاری لە نێوان وەزیرەکانی تەندروستی، پیشەسازی و زانکۆکانی سەرانسەری جیهان کردووە تاوەکوو تەندروستی و داهێنانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دیزاینەوە باشتر بکات.

ئالان بەم شێوەیە باسی کارکردنی لە ئەکادیمیا دەکات «بۆ من مایەی شانازی و دڵخۆشییە کە لەگەڵ کۆمەڵێک هاوکاری بێوێنە کارم کردووە؛ کەسانی پێشەنگ و بلیمەتی داهێنەر کە بەردەوام پشتیوان و هاندەری من بوون، من هەروەها پشتیوانی، سەبر و تێگەیشتنی بنەماڵەکەم هەبوو. بۆ ئەو شتە زۆر سپاسگوزارم.»

لە جولای ٢٠١٧ەوە، گونتێر دی گرەیف ڕۆڵی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەکادیمیا دەگرێتە ئەستۆ.

دیلانی زۆر بە داهاتووی ئەکادیمیا لەژێر چاودێریی دی گرەیفدا دڵخۆشە. «من چاوەڕێم کە بەرەیەکی نوێ لە بەڕێوەبەرایەتی ببینم کە پشتگیریی ئەرک و ڕوانگەی ئەکادیمیا دەکات. گونتێر دی گرەیف دەورێکی چالاکی لە پەرەدانی ئەکادیمیا بۆ ساڵانێکی زۆر گێڕاوە. وەک ئەندامێکی بەڕێوەبەرایەتی و کەسێکی سەرەکی ناوچەی ئاسیا ئۆقیانووسیە، ساڵی ٢٠١٣ هاوسەرۆکێکی سەرکەوتووی کۆنگرەی بریسبان بوو. ئەوە پشتیوانییەکی زۆری بۆ ئەو لە پیشەسازیی زانکۆکان و حکومەتی ئوسترالیا هێناوە. داهاتووی ئەکادیمیا لە دەستی کەسێکی باشدایە.»

---

١٦٩- Correctional institutions

دی گرەیڤ بەڕێوەبەرێکی ناسراوی دیزاین و تەندروستییە. ئەو ڕابردوویەکی سەرکەوتووی وەک بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە گرووپی دستراڤیس هەیە، کە ناوەندێکی ڕاوێژکاریی پسپۆڕانەیە ئەو دایمەزراندووە بۆ ئەوەی وەک ڕاوێژکار بۆ بوارەکانی تەندروستی، خوێندنی باڵا و ناوەندەکانی توێژینەوەی پیشەسازی ئیش بکات.
گونتێر دیٰ گرەیڤ دەڵێت «بۆ من جێگەی شانازییە کە لە داهاتوودا لەگەڵ زۆر هاوکاری خۆبەخش و پڕ وەزە وەک بەڕێوەبەری ئەکادیمیا ئیش بکەم. ئێمە لەسەر ئەو ڕێبازە دەڕۆین کە ئالان دیلانی تەواوی ماوەی ئیشکردنی خۆی بۆ تەرخان کردبوو تاکوو داهێنان و ژیانێکی باش لە کۆمەڵگادا دابین بکات و داهاتووی ژینگەکانی چاودێریی تەندروستی بگۆڕێت.»
دی گرەیڤ، ڕوانگە و ئەولەویەتەکانی قۆناغی داهاتووی ئەکادیمیا وەک وتاربێژێکی سەرەکیی لە دوازدەهەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی لە ڤیەننا دیاری دەکات.
« پەرەدانی زانستێکی جیهانی کە توانایی ئەوە بە شارەزایان بدات بە وردبینییەوە کاریگەری ژینگە و تەکنۆلۆژی لەسەر تەندروستی و خۆشبژێوی بپێوین، پێویستییەکی هەنووکەییە. ئەوە ڕێگەمان پێدەدات بە دروستی ژینگەیەکی تەندروست لە ئاستی جیهاندا دیزاین بکەین کە پەیڕەوی لە نوانەیەکی پێناسەکراو بۆ ژێرخانێکی تەندروست بکات.»
ئێستا ئەکادیمیا ئامادەیە کە پێشوازی لە قۆناغی داهاتوو بکات. بیرۆکەی هاوکارەکانمان و هاوبەشەکانمان بۆ درێژەکێشانی سەرکەوتنەکانی ئەکادیمیا زۆر گرینگن.



**پڕۆفیسۆر دوکتۆر ئالان دیلانی**
دامەزرێنەری ئەکادیمیایی نێونەتەوەیی بۆ دیزاین و تەندروستی



**گونتێر دیٰ گرەیڤ**
بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەکادیمیای نێونەتەوەیی دیزاین و تەندروستی

## ١٤. نەمسا: ١٢هەمین کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستی: ڤیەننا، جولای ٢٠١٧

دوازدەهەمیـن کۆنگـرە و پیشـانگەی جیهانیـی تەندروسـتی و دیزایـن، لـە ڕۆژانـی ١٢-٦ی جـولای ٢٠١٧، لـە ڤیەننـا بـە بەشـداریی حکومەتـی نەمسـا و هاوکاریـی دامـەزراوە ئەکادیمییـە ناسراوەکانـی جیهـان و ناوەندەکانـی پیشەسـازیی چاودێریـی تەندروسـتی بەڕێـوە چـوو. سـەرنجی کۆنگرەکـە لەسـەر دیزاینـی سیسـتمی چاودێریـی تەندروسـتی ئەورووپـا و زیندووکردنـەوەی پرسـی تەندروسـتی بـوو بـە یارمەتیـی ڕێبـازی سـەلوتۆجێنیک. ڤیەننـا بـە موزیـک، هونـەر و نژیاروانییەکـەی و وەک گەورەشـارێکی فرەکولتـووری لـە ڕاپرسـیی مێرسـێر بـۆ کوالیتیـی ژیـان وەک یەکێـک لـە باشـترین شـارەکانی جیهـان هەڵبژێـردراوە.
ئـەوە بیسـتەمین سـاڵی بەڕێوەچوونـی کۆنگـرەی جیهانیـی تەندروسـتی و دیزایـن IADH بـوو و شـارە مێژوویـی و بەدیمەنەکـەی ئەورووپا چوارچێوەیەکـی نـاوازەی بـۆ ئـەو ڕووداوە بەشـکۆیە دارشـتبوو. بیسـت سـاڵ لەوەوبـەر، لـە سـاڵی ١٩٩٧دا، یەکـەم کۆنگـرەی IADH لـە ترۆندهایمـی نەورویـج بەڕێـوە چووبـوو. لـە مـاوەی ئـەو بیسـت سـاڵەدا زۆر ناوچـە لەبەرچـاو گیرابـوون و زۆر کار کرابـوون، و ئـەو کۆنگـرە وەک پیشـانگەیەک بـوو بـۆ دەسـتکەوتەکانی ڕوانگـەی نژیاروانیـی سـەلوتۆجێنیک لـە بـواری چاودێریـی تەندروسـتیدا و شـوێنێک بـوو بـۆ پیشـاندانی کاریگەریـی IADH لەسـەر دیزاینـی چاودێریـی تەندروسـتی لـە ئاسـتی جیهانـدا.
لـە مـاوەی سـاڵانێکدا، بـە پیشـاندانی کارایـی ڕێبـازی سـەلوتۆجێنیک لـە ڕێگـەی ئـەو پرۆژانـەی لـە کۆنگرەکانـی IADH بـاس دەکـران، کۆنگرەکـە ببـوو بـە پلاتفۆرمێکـی زانسـتی و گشـتی بـۆ تویـژەران، سیاسـەتدانەران و جێبەجێـکاران بـۆ ئـەوەی دیزاینـی سـەلوتۆجێنیک پیشـان بـدەن و جێبەجێـی بکـەن.
کۆنگـرەی IADH بووبـوو بـە چوارچێوەیـەک بـۆ کۆبوونەوەیەکـی گرینـگ کـە هەلێکـی نوێـی بـۆ پێشـەنگەکانی تۆڕێکـی نێوان-بـواری لـە نژیاروانـەکان، دیزاینـەر، پلاندانـەری تەندروسـتی، ئەندازیـاران، توێژەرانـی تەندروسـتیی گشـتی، پزیشـکەکان، بەڕێوەبەرانـی تەندروسـتی، دەروونناسـەکان، ئابووریناسـەکان و دیکـەی بڕیـادەرە سـەرەکییەکان دەڕەخسـاند. بەرنامـەی سـەمپۆزیۆمی پێـش کۆنگرەکـە لەسـەر بەڕێوەبەرایەتـی، ڕابەرایەتـی کـردن و پلانـی سیاسـەتی تەندروسـتیی حکومـەت و چاودێریـی بەتەمەنـەکان لەژێـر تیشـکی ئاڕاسـتە[١٧٠] جیهانییەکانـدا بـوو.
بنەمـا سـەرەکییەکانی سیسـتمی چاودێریـی تەندروسـتیی نەمسـا بریتیـن لـە یەکخـراوی، بەردەسـتبوون و گەردوونیبـوون. سیسـتمی چاودێریـی تەندروسـتیی نەمسـا لەلایـەن ڕێکخـراوەی تەندروسـتیی جیهانـەوە لەسـەر بنەمـای مۆدێلێکـی بیمـەی کۆمەڵایەتـی کـە هەلـی ئـەوە دابیـن دەکات سـەرجەم دانیشـتووان بەبـێ

١٧٠- trend

لەبەرچاوگرتنی تەمەن، ڕەگەز، ناوچە، پێگەی کۆمەڵایەتی و داهات بە شێوەی یەکسان دەستیان بە خزمەتگوزاریی ئاستبەرز ڕابگات، پلەی نۆهەمی لە ئاستی جیهاندا هەیە.

بابەتەکانی کۆنگرەی IADH لە ڤیەننا بریتی بوون لە:

- دیزاینی سیستمی چاودێریی تەندروستیی ئەورووپا: تیڕوانینێکی ڕەخنەگرانە
- نەخۆشخانەی سەلوتۆجێنیک: دەوری نەخۆشخانەکان لە بەرگری لە نەخۆشی و باشترکردنی تەندروستی
- داهێنان لە ژێرخانی تەندروستی بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانی سەدەی بیست و یەکدا
- نموونە سەرکەوتووەکانی دیزاینی چاودێریی تەندروستی لە ئەوروپا و سەرانسەری جیهان
- دروستکردنی ژینگەکان بۆ باشترکردنی کولتوور و تەندروستی
- دیزاینی سەلوتۆجێنیک بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروست و پلاندانانی شاری
- پەرەپێدانی چوارچێوەیەکی نێونەتەوەیی بۆ دیزاین و تەندروستی
- داهێنان لە شوێنی کاری تەندروست لە هەموو کەرەتەکانی ئابووری و پیشەییدا
- گشتگیرکردنی شێوە ژیانی تەندروستی و چالاکی لە بەتەمەنیدا لە ڕێگەی ژینگەی باشترەوە

بەرنامەی زانستی لەگەڵ پەیامێکی بەخێرهاتنی وەزیری تەندروستیی نەمسا، پامێل ڕێندی واگینر دەستی پێکرد و بە دوایدا نوێنەری ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانی لە ئەورووپا، کلۆدی ستەین لە دانیمارک قسەی کرد.



پرۆفیسۆر، ئیک ئۆبیۆرا، گلۆب ئیسیک لەگەڵ پەرەستار لالا تۆرد و نادیا بالاگۆبین
لە کاتی کۆبوونەوە لە مێنتۆن لە فەڕانسە

ئـالان لـە سـەرەتای قسـەکانیدا وتـی کـە ئـەوە دواجـارە وەک وتاربێـژی سـەرەکی لـە کۆنگـرەدا قسـە بـکات. ئـەو داوای لـە گۆنتێـر دی گرەیـڤ کـرد کـە زیاتـر پـەرە بـە ئەکادیمیـا بـدات و جێگەکـەی ئـەو پـڕ بکاتـەوە. ئـالان لەسـەر بنەمـای سـەلوتۆجێنیک قسـەی کـرد لـە لـە مـاوەی دوو دەیـەی ڕابـردوودا وەک چوارچێوەیەکـی زانسـتیی بەهێـز بـۆ سـازکردنی ژینگەیەکـی تەندروسـت پـەرەی پێدرابـوو.



نژیاروانی ئەمریکایی، ماردێک ئێم. شەپڵای، زانکۆی کۆرنێل

**ڕوانگـەی هاوکارەکانـی: ئیـک ئۆبیـۆرا، بەڕێوەبـەری جێبەجێـکار لـە ڕێکخـراوەی ناحکوومیـی ئـاگاری جیهانـە (گلۆبـڵ ئێسـیک)، لـە جنێـڤ**

«ئاسـتی بەشـداری لـەم کۆنگـرەدا لـە ڤیەننـا سەرسـووڕهێنەر بـوو. هەمـوو شـتێکی کۆنگـرەی IADH بەرچـاو بـوو: ئاسـتی بـەرزی بەشداربووان، شـوێنی بەڕێوەچـوون، سـەرکەوتوویی و ڕەوانبوونـی هەمـوو چالاکییـەکان، ئەوەی کـە دەکرێـت هـەر شـتێک بـە دەسـت بێـت، ئاسـتی وتـارەکان، و خـودی وتاربێـژەکان. هەروەهـا باسـەکان دۆخێکـی جێگیریـان بـوو. جگـە لـەوە، ئـەوە ڕاسـتییەکە کـە سـەقامگیریی و دۆخێکـی جێگیـر، تەنانـەت لـە لوتکـەی نەتەوەیەکگرتووەکانیشـدا نایەتـە دی. بـەڵام ئـەو شـتە لەنـاو گرووپێکـدا کـە بـە دەوری ئالانـەوە بـوون و تیمەکـەی، لـە ئەکادیمیـای نێونەتەوەیـی دیزایـن و تەندروسـتی هاتبـووە دی. لـە دەوری ئـەوان، پەرەدانـی جێگیـر لەمێـژەوە دەسـتی پێکردبـوو. بـە تەواوەتـی جێبەجـێ کـراوە. ئـەوان قسـە و کردەوەیـان یـەک بـوو.»

**ماردێک ئێم. شەپڵای، نژیاروانی ئەمریکایی**

«ئـەوە یەکـەم جـار بـوو بچـم بـۆ ڤیەننـا. ڤیەننـا تایبەتمەندیـی ئەوروپایـی و ڕۆژهەڵاتـی ئەورووپـای پێکـەوە تێدایـە و مێژوویەکـی مەزنـی هەیـە. بۆیـە ئـەو شـوێنانەی کۆنگـرەی تێـدا بەڕێـوە دەچـوو شـوێنێک بـوو کـە کەسـانی قەدیـم بیرۆکـەی گەورەیـان هەبـووە و بـە شـێوەیەک جیهانییـان گۆڕیـوە. لـەو شـارە هەمـوو شـت ڕژابـووە دانووبـەوە.»

«هەندێک کات، ئەو وەختەم بیر دێتەوە کە چووم بۆ کۆنفرانسەکەی ئالان: چۆن ئەو شوێنی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکەی هەڵدەبژارد؟ من نازانم چۆن ئەو کارەی دەکرد، بەڵام ئەو بۆی سەرنجڕاکێش بوو کە بەدەوری شتە سەرسووڕهێنەرەکاندا بگەڕێت، بەڵام ئالان هەموو جارێک ئەو کارەی دەکرد (ئەو شوێنەی کە بۆ کۆنگرە هەڵیدەبژێرم ئایا دەتوانێت لە گەیاندنی ئەو شتەدا یارمەتیدەر بێت کە دەمهەوێت هاوبەشی بکەم؟) من پێموایە ئەو ڕاستییەی کە ئەو نژیاروانە، یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی کۆمەڵێک پێوەر دابنێت کە شوێنی هەڵبژێردراو زۆرترین کارایی ببێت.

«لەو کەسانەی لەوێ بینیمن...کەسێک کە دواجار لە ئەفریقای باشوور بینیبووم، ئەو کەسانە لە جیهاندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی کە لە شوێنێکی وا تایبەتدا یەکتر بدۆزنەوە و پەیوەندی ساز بکەن. ڕێکخراوەکەی ئالان ئەو کەسانەی کۆ دەکردەوە. ئەوان لەو شوێنە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن چونکە دەزانن کەس لەوێ لە گرووپی کەمینە یان زۆرینەدا نییە. ئێمە هەموومان یەکسانین...

«ئەزانی، ئەو خەریکە خانەنشین ئەبێت. دوایین شەو کاتی نان خواردن کاتێک ئالان وتی (ئەمە دوایین وتاری منە،) کەسێک وتی (پێموانییە ئەوە دوا وتاری ئالان بێت.) لەوانەیە ئەو کەسە ڕاستی کردبێت.»

## وتەکانی ماڵئاوایی

کاتی کۆنگرەکە نانی شەو لە واینێر ڕایت هاوس، هۆڵێکی نیۆکۆتیکی بەشکۆی ڤیەننا خورا. میوانەکان کە دەهاتنە ژوور ڕووبەڕووی پلیکانە دەبوونەوە کە دەچوو بەرەو شوێنی ڕازاوە و درەوشاوەی فێستیڤاڵەکە، هۆڵێکی مەزن، شوێنێک لە ڕۆژێکدا هەزارن بووک و زاوا سەردانی دەکەن. ئەو هۆڵە بە سەقفێکی ڕازاوەی کریستاڵی شوێنێکی تایبەت بوو بۆ ماڵئاوایی ئالان دیلانی. لە وتارێکی سوزدارانەدا، ئالان بۆ یەکەم جار لە جێگەیەکی وادا باسی لە ڕیشەی خۆی و ئەزموونی ژیانی وەک کۆچبەرێکی کورد کرد.

لە نێوانی قسەکانیدا باسی لە دەستکەوتەکانی خۆی وەک مرۆڤێکی خاوەنڕای جیدی کرد. ئامادەبووان کە لە هاوکاران، کاربەدەستان، بنەماڵە و هاوڕێکانی پێکدەهاتن بۆ ساتێک سەیری سەفەری ژیانی ئالانیان کرد. مەودا فیزیکی و کولتوورییەکانی ئەو کاری تێدا کردبوون بەراورد ناکرێن بەو ڕێگە دوورە داهێنەرانەی ئەو پێواویەتی. توانایی دیاری ئەو و گەیشتنی بە لوتکەی بواری پیشەیی، و کۆکردنەوەی پسپۆڕان لە گۆشەیەکی جیهان و یەکخستنیان بۆ ئامانجێکی تایبەت بە مەبەستی باشترکردنی ژیانی ملیۆنەها کەس، سەرنجی ئامادەبووانی ڤیەننایان بۆ قسە سادە و ساکارەکانی ئالان ڕاکێشا.

«ئەوە دوا وتاری من بوو لە IADH و من ویستم لە دڵەوە قسە بکەم، بەبێ هیچ نووسراوەیەک.» ئالان کاتێک باس لەو چرکەساتە دەکات و ئەوەی کە ئەو کاتە چ واتایەکی بووە بۆی دەڵێت «کاتێک چوومە سەرشانۆ، کتوپڕ هەموو ژیانم لە ڕابردووەوە تا ئەو کاتە هاتە بەرچاو: ئەوەی لە کوێوە هاتووم، لە کوێوە دەستم پێکرد، بۆ کوێ سەفەرم کرد، ئەو ئامانجانەی تا ئەو کاتە پێیان گەیشتبووم، ئەو شتەی باوەڕم پێی بوو و چۆن گەیشتم بە ڕوانگەی خۆم، هەستم کرد گرینگە سەفەری ژیانم بە کورتی بۆ یەکەم و دوایین جار لەگەڵ ئامادەبووان هاوبەش بکەم.»

«هەمیشە ئاواتم ئەوە بوو کە خەڵکی سەرانسەری جیهان یەکسان بژین. ئەگەر بتوانن دەستیان بە دەرفەتی یەکسان ڕابگات، دەتوانن لە باشترکردنی کۆمەڵگا لە هەر ڕوویەکەوە زیاتر یارمەتی بدەن. لە پەیوەندی بە خۆمەوە، دۆخەکە ئاڵۆز بوو. بە تەنیا دەستم بەم ژیانە کرد ناچار بووم بڕۆم بۆ شتێک کە بۆ من ئاستەم بوو، بۆ کۆمەڵگایەکی دابڕاو لە سوید. بەوحاڵەشەو قەت وازم لە ئەرکەکەم و ڕوانگەم نەهێنا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەلوتۆجێنیک و بنیاتنەرانە خزمەت بە هەسارەکەمان بکەم.

«من فەلسەفەیەکی زانستیم پەرە پێدا کە ئێستا جیهانییە و لەبەر دەستی هەموواندایە. ئەوە یارمەتی دەدات کە لە زۆر کێشەی بنەڕەتی هەسارەکەمان تێبگەین کە ئێمە ناوی تەندروستی لە ڕێگەی دیزاینمان بۆ هەڵبژاردووە. هیچ شتێک لە تەندروستی و کوالیتی شوێنی ژیان، کار و یاریکردن بۆ مرۆڤ گرینگتر نییە. ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ دواوە پەشیمان نیم لەو ژیانەی کردوومە. بە هەنگاو نان بەرەو پێش، ئێستا دەمەوێت کە بە زانستەکەم زیاتر خزمەت بە ئەفریقا و هەروەها وڵاتەکەم و خەڵکی کوردستان بکەم.»

زۆر کەس وتوویانە کە سەردەمی ئالان دیلانی تەواو بوو. جیهان زۆر بەرینە زۆر کار ماون بکرێن. بەبێ شک، ئێستا ئەو بیر لە پێداویستییەکانی داهاتوو دەکاتەوە و سەیری دەریای مەدیتەرانە دەکات لە مێنتۆن لە باشووری فەڕانسە و ئەوەی کە چۆن ئەو پێداویستییانە چارەسەر بکات، چونکە هاوڕێکانی، هاوکارەکانی و کەسانی تر چاوڕێی وەرزێکی نوێی کارەکانی ئەون.



کاتی پێشکەشکردنی دوا وتاری لە کۆنگرەی دیزاین و تەندروستی لە ڤیەننا




ئالان لە شارەوانی ڤیەننا خەڵات وەردەگرێت



ئالان یەکەم خەڵاتی شانازیی
ئەکادیمیا بۆ دیزاین و
تەندروستی وەردەگرێت



ئالان لەگەڵ بنەماڵەکەی



**ئالان لە ماڵە نوێیەکەی لە**
**باشووری فەڕانسە**

# بەشی حەوتەم

# گەڕانەوە بۆ سەر بنجی خۆی

## ١. گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

### سەردانی تورکیا، ٢٠٠٣-٢٠٠٧

**بە هۆی زنجیرەیەک ڕووداوەوە ئالان لە لایەن وەزیری تەندروستیی تورکیاوە بانگهێشت کرا بۆ ئەوەی ناوەندێکی توێژینەوە دامەزرێنێت و ئەو کارەش لەگەڵ تیمێکی نێوان-بواری بکات کە زانایەکی کوردیشی لە خۆ دەگرت هەم بە ڕێکەوت بوو و حاڵەتێکی سەیریش بوو. ئەو زنجیرەیەک وتار پێشکەش دەکات و سەرەنجام پرۆفیسۆر یۆستا گارتۆن لە کۆمیتەی خەڵاتی نۆبڵی پزیشکی بانگهێشت دەکات بۆ ئەوەی دەرەنجامی پرۆژەکەی کە نەخۆشخانەی زانکۆیەک بوو لە ئانتالیا ببینێت.**

لە ساڵی ٢٠٠٢دا، ئالان پرۆفیسۆر سیرەچ دیلبەری بینی، کە توێژەرێکی بواری چارەسەری خانەیی و جینەکانە لە زانکۆی کارۆلینسکا. دیلبەر سەبارەت بە کارەکەی ئالان لەسەر دیزاینی نەخۆشخانە بیستبووی و داوای کرد کە ئایا ئالان و تیمەکەی دەتوانن تاقیگەیەکی نوێی چارەسەری جینەکان لە تورکیە دابمەزرێنن. ئەم پێشنیارە هەلێکی بۆ ئالان ڕەخساند کە دوو ئاواتی لەمێژینەی پێکەوە تێکەڵ بکات -دیزاین بۆ چاودێریی تەندروستی و ئیشکردن لە پرۆژەیەکی زۆر پێویست لە وڵاتێک نزیکی وڵاتی خۆی. سەرەنجام، دیلبێر، ئالانی بە دوکتور ڕەجەب ئادگا وەزیری تەندروستیی تورکیا ناساند. شتەکان بە شێوەی زنجیرەیی دەڕۆیشتن، و دوکتور ئادگا ئالانی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی چەندین وتار بۆ کارمەندانی وەزارەت لە ئانکارا پێشکەش بکات. خێزانی دوکتور ئادگا کورد بوو و زانی کە ئالان کوردە. کاتێک ئالان گەیشت، دوکتور ڕەجەب شاری پێ نیشان دا. «دوکتور ئادگا کەسێکی زۆر زانا و هاوکات زۆر بێدەمار بوو،» ئالان دەڵێت «من پەیوەندییەکی باشم لەگەڵی هەبوو. ئەو منی برد بۆ سەردانی بازاڕی کۆن و ڕێستۆرانتێکی کۆن کە باشترین کەبابی شاری لێ ئامادە دەکرا.»

ئالان سەردانی چەندین نەخۆشخانەی لە ئانکارا کرد. ئەو سەری سووڕ ما لەو دیزاینە لاواز و تاکڕەنگەی بیناکانی ئەوێ. نەخۆشخانەی سەرەکی تەنیا یەک ڕەنگی تێدا بە کار هاتبوو. ئالان دەڵێت «ئەوە تەندروست نییە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەوان زانیارییان نییە لەسەر ئەوەی کە چۆن نەخۆشخانەیەکی سەلوتۆجێنیک دروست بکەن. دوکتور ئادگا زوو تێگەیشت مەبەستی من چییە.»

دوکتور ئادگا دوایی لە ئالانی پرسی کە پێشنیارەکانی بۆ باشترکردنی تەندروستیی گشتی لە ئانکارا چین. ئالان وتی «سەرەتا دەبێت خەڵک جگەرە نەکێشن. هێماکانی قەدەغەبوونی جگەرە زۆر گرینگن. لە ئیتالیدا قسەیەک هەیە دەڵێ: سی فوما کوم ئون تورکۆ» واتە (وەک تورکێک جگەرە ئەکێشی). و ئەو خووە بۆ کۆمەڵگا باش نییە.» دوای سەردانەکەیان، وەزیری تەندروستی هەندێک ڕێسای بۆ ڕاگرتنی جگەرەکێشان

لە شوێنە گشتییەکان دەرکردن. ئالان دەڵێت «کاتێکی باش بوو لە تورکیادا. خەڵک خەریکی ئاهەنگێڕانی پێواژۆی ئاشتیی نێوان کوردەکان و دەوڵەتی تورکیە بوون. ئابووری ڕوو لە گەشە بوو و هیوای ئەوە هەبوو کە حکومەت کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات.»
خاڵێکی بنەڕەتیی دیکەی بانگهێشتەکە بۆ پرۆژەکە لە تورکیە ئەو هەلە مەزنە بوو کە بۆ سەرمایەگوزاری لەسەر ژێرخانەکان دەیرەخساند. ئالان دەگێڕێتەوە «پێکە چووین بۆ ژوورێکی فریاکەوتن و هەزاران کەس لەوێ بوون. چونکە لە تورکیە زۆر ڕووداوی هاتوچۆ هەن. لە ساڵێکدا، دەبێت نەخۆشخانەکان هەزاران کەیس بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ دەرمان بکەن.»



دیزاینی نەخۆشخانەیەکی شێرپەنجە لە ئانتالیا



لەگەڵ یۆستا گارتۆن و خێزانەکەی لە شوێنی بیناسازی لە ئانتالیا

**نەخۆشخانەی شێرپەنجە (ئۆنکۆلۆژیی) ئانتالیا و تاقیگە بۆ توێژینەوە**

دوکتور ئادگا بە وردی گوێی بۆ بیرۆکەکانی ئالان گرت و بڕیاری دا ئیشی لەگەڵ بکات. «شەش مانگ دواتر لەگەڵ دیراک دیلبێر گرێبەستێکمان واژۆ کرد بۆ ئەوەی نەخۆشخانەیەکی شێرپەنجە و تاقیگەیەکی توێژینەوە بە ڕووبەری پەنجا و دوو هەزار مەتری دووجا دروست بکەین. پرۆژەیەکی گەورە بوو بە تێچووی بیست ملیۆن یۆرۆ. ئانتالیا زانکۆیەکی پزیشکی هەبوو و پرۆژەکەی ئێمەش بەشێک لەو زانکۆیە دەبوو.»
ئالان بۆ ماوەی دوو ساڵ لەسەر ئەو پرۆژە ئیشی کرد. ئەو بەڕێوەبەری کۆمیتەی خەڵاتی نۆبێلی پزیشکی، یۆستا گارتۆنی برد بۆ تورکیە. ئالان، دیلبێر و گارتۆن باسیان لە پێویستیی دامەزراندنی ناوەندێکی چارەسەری جینەکان بۆ پزیشکەکان و زانکۆکانی تورکیە کرد. ئالان بەردەوام بیری لە شتی گەورەتر دەکردەوە؛ ئەو دەیویست زانیارییەکی زیاتر بهێنێت بۆ تورکیە و تەنیا لەسەر دیزاینی نژیاروانی ئیش نەکات. لە سەرەوەی بیناکەدا بەرامبەر دەریا، ئالان کافەتریا و یانەیەکی وەرزش و سۆنایەکی دانا، بۆ ئەوەی کارمەندەکان بچن لەوێ بحەسێنەوە. هەموو ژوورەکان پەنجەرەیان هەبوو. ئالان هەروەها وەک ڕاوێژکار بانگ کرا بۆ ئەزمیر تاوەکوو پێداچوونەوە و دیزاینی ناوەندێکی دیکەی توێژینەوەی پزیشکی بکات.

دیزاینــی ئــالان کاریگــەری لەســەر گارتــۆن دانــا، ئــەو کەســەی کــە داوای لێکردبــوو زانکــۆی کارۆلینســکا لــە ســتۆکهۆڵم دیزایــن بــکات. ئــالان باســی لــە ئەزمــوون و بەربەســتەکانی بەردەمــی کــرد کــە وەک بیانییــەک لــە ســوید بوویەتــی ئــەوەش بــە هــۆی زانیارییــەک کــە ئــەو لەســەر گەندەڵــی سیســتمەکە بوویەتــی.

لــە هــەردوو وڵاتــی ســوید و تورکیــە، ئــالان چەندیــن کارمەنــدی بــۆ ئــەو پرۆژانــە هەبــوو و چەندیــن ڕاوێژکاریشــی بــۆ لایەنەکانــی ئەمنیەتــی بینــا وەک ئاگــر و لایەنەکانــی دیکــەی دیزایــن و بیناســازی هەبــوو. دوو نژیاروانــی تــەواو کاتــی لێبــوون: نژیاروانێکــی تــورک لــە نووســینگەی ســتۆکهۆڵم و ئانــا ســیلیتی لــە ڕۆمــا، کــە یەکێــک لــە باشــترین خوێندکارەکانــی ئــالان بــوو وەک بەڕێوەبــەری پــرۆژە ئیشــی دەکــرد. لیــزا کاتانــزارۆ، دەروونــاس، و پســپۆڕی تەندروســتیی گشــتی لــە فلۆریــدا، و چەندیــن توێــژەری دیکــەش لــە ناوەنــدی توێژینــەوە بــۆ دیزایــن و تەندروســتی ئیشــیان کــرد. «ئــەوان زۆر توێــژەری بــاش و هەڵکەوتــوو بــوون، کــە چەنــد پاشــخان و بــواری جیاجیــان تێــدا بــوو و هەمــوو هــاوڕا بــوون لەســەر ئــەوەی کــە بەشــێک لــە زنجیرەیەک پــرۆژە بن،» ئــالان دەڵێــت «ئانــا بەرپرســیارەتییەکی گــەورەی بــۆ ئــەم پرۆژەیــە لــە ئەســتۆ گــرت، و بــە باشــی کاری کــرد بــۆ ئــەوەی بگاتــە باشــترین ئەنجــام. هەندێــک لــە هاوکارەکانــی پێشــووتری مــن لــە نژیاروانانــی برینکیــش لەگەڵمان بــوون.»

ئانــا ســیلیتی ئەزموونــی کارکردنــی خــۆی لەگــەڵ ئــالان لــە پلاندانانــی نەخۆشــخانە بــۆ تورکیــە دەگێڕێتــەوە. ئەزموونــی ئــەو، وێنەیەکمان لــە پرۆژەکــە پیشــان دەدات و ئــەوەی کــە ئــەو لەژێــر چاودێریــی ئالانــدا چــی فێــر بووە.

«مــن لــە ســێپتەمبری ٢٠٠٥دا ئالانــم لــە ســوید بینــی. مــن بــۆ خوێندنــی ماســتەرەکەم پێویســتم بــە ئەزموونێکــی کردەیــی بــوو و لــە بــاری دیزاینــی نەخۆشــخانە و ویســتم ئــەو ئەزموونــە لــە شــوێنێکی دیکــە جیــا لــە ئیتالیــا بــە دەســت بهێنــم. لــە ڕێگــەی وێبــەوە لەســەر دیزایــن و تەندروســتی بابەتــم دۆزییــەوە. نامــەم بــۆ ئــالان نــارد و خــۆم ناســاند و داوام کــرد کــە ئایــا هەلــی کارکــردن لەگــەڵ ئــەو هەیــە.

«ئــەو زۆر بــە باشــی وەڵامــی دایــەوە، پێشــوازی کــرد لــەوەی کــە بچــم لەگــەڵ دیزایــن و تەندروســتیدا کار بکــەم. لــەو کاتــەدا ئــەوان نووســینگەیەکی بچووکیــان لــە دامــەزراوەی زانســتیی نۆڤــام لــە کارۆلینســکا هەبــوو. هەســتم کــرد شــوێنێکی باشــە و تــا بەهــاری ٢٠٠٦ لــەوێ مامــەوە. لــە ســەرەتاوە، وتــم کــە مــن حــەز دەکــەم شــەش مانــگ لــە شــوێنێکی دیکــە کار بکــەم. ئــالان وەڵامــی دایــەوە، ‹بەڵــێ پرۆژەیەکــی گەورەمــان هەیــە. دەتوانــی بچیــت بــۆ ئــەوێ.›

«مــن زیاتــر لــە شــەش مانــگ لــە پــرۆژە تورکییەکــەدا ئیشــم کــرد. ئای.دی.ئەی.ئێــچ و ئــالان ڕاوێــژکاری پرۆژەیەکی نێونەتەوەیــی تورکیــە بــوون و لەگــەڵ ســیرەچ دیلبێــر پرۆفیســۆری کارۆلینســکا ئیشــیان دەکــرد. مــن بیرۆکەکانــی پلاندانانــی خــۆم لەگــەڵ ســیرەچ بــاس کــرد. ئــەو زانیاریــی پزیشــکیی پێویســتی دا بــە مــن و منیــش کاروبــاری دیزاینەکــەم ڕاپەڕانــد.



دەرگای چوونەژووری ناوەندی شێرپەنجەی زانکۆی پزیشکیی ئانتالیا



نژیاروان ئانا سیلیتی لە ناوەندی توێژینەوەی دیزاین و تەندروستی

کارکردن لەگەڵ ئەو تیمە زۆر تایبەت بوو! ژینگەیەکی بێوێنە بوو.

«کارکردن لەگەڵ ئالان وەک کارکردنە لەگەڵ سەرۆکێک کە زۆرترین هیوات پێیەتی. ئەو کەسێکی یارمەتیدەر بوو و ئاگاداری دەکردی. قەت هیچ کێشەیەکم لە هاتوچۆ بۆ ئیتالیا نەبوو بۆ ئەوەی کاروبارە تایبەتەکانی خۆم جێبەجێ بکەم یان لەو نێوانەدا خوێندنی ماستەرەکەم درێژە بدەم. ئالان کەشێکی لەباری بۆ ئەو دۆخە تایبەتەی من ڕەخساند.

«ئەو لەسەر شتێک کاری دەکرد کە بۆخۆی بڕوای پێی بوو، هەر بۆیە نووسینگەیەکی زۆر تەندروستمان هەبوو. من لە نزیک ئاکواریۆم دادەنیشتم. لە سوید، حکومەت ئاستی بەکارهێنانی ڤیتامینەکان و میوەکان بەرز دەکاتەوە، بۆیە لە هەر نووسینگەیەک لە سوید سێوێکی زۆر هەیە. ڕۆژێک لە بیرمە ئالان میوەیەکی سووری پێبوو. ئەو وتی ‹ئەو میوەیەم هێناوە بۆ تۆ تاقی بکەیتەوە. دەنا تۆ لە کاتی کارکردندا هەر ئەو سێوانە دەخۆیت کە لەبەر دەمتدا دانراون. تکایە وەرە لەگەڵ ئێمە لەسەر ئەو مێزە دانیشە.› ئەو کارەی زۆر جوان بوو. من لە شوێنێک لە ئیتالیاوە هاتبووم کە ژینگەی کار زۆر ئاستەم و پڕسترێسە.

«ئالان وەک ڕاوێژکارێک زۆر شتی فێر کردم و زۆر وتاری پێدام بۆ ئەوەی بیانخوێنمەوە. بەشێکی زۆری ئەو وتارانە توێژینەوەیەک بوو کە دیزاین و تەندروستی پشتیوانی لێ دەکردن. من قەت لە ڕێکخراوەکەمدا ئاوا چاوەدێرییەکم نەدیتبوو. ئەو هاوبەشکردنی زانیارییە بە ڕاستی یارمەتی دام.



گەشتی زانستی لە فینلاند لەگەڵ تیمیکی کارمەندانی پزیشکیی و پلاندانەرانی تورکییە

«لە باری تەکنیکیشەوە زۆر شت لە سیرەچ فێر بووم. چونکە لە ڕاستیدا ئێمە لە تاقیگەکانی نزیک بووین. بۆ ئێمە کە نووسینگەکەمان لەوێ بوو زۆر باش بوو لە نەخۆشخانەشدا کار بکەیت چونکە دەتزانی کە دەتهەوێت وێنەی چی بکێشیتەوە. من قەت پێشتر پلانی بینای لەو شێوەیەم نەکێشابوو، هەر لەوێ بۆ یەکەم جار تاقیگەی زیندەناسیی خانەییم دەبینی. لە ڕاستیدا زۆر پرۆسەی پاکوخاوێنی هەیە بۆ ئەوەی لەو شوێنانەدا بچیتە ژوورەوە. لەو پرۆژە زۆر تەکنیکییەدا، لەسەر لایەنە تەکنیکییەکانی ئەوە کارم کرد کە چۆن دەکرێت ژوورەکان ڕێک بخرێن بۆ ئەوەی بەباشی کارەکانیان تێدا جێبەجێ بکرێت. هەر شتێک لەو بینا تایبەتەدا فێری بووم دواتر لە کارەکەمدا یارمەتی دام.»

لەگەڵ پشتیوانی و ڕێنوێنیی ئەو کەسانەی کە کاری لەگەڵ دەکردن بۆ ئەوەی ئامانجەکەی کە بڵاوکردنەوەی زانست بوو بەدی بێت، ئالان گەشتێکی زانستیی گەورەی بۆ پزیشکە تورکییەکان بۆ فینلاند ڕێکخست. ئەو داوای لێکردن کە سەبارەت بە پرۆژەکانی نژیاروانی زانیاری بە دەست بهێنن. ئەو هەروەها سێمینارێکی لەسەر کەشتییەک لە هێلسنکییەوە بۆ ستۆکهۆڵم بەڕێوە برد بۆ ئەوەی پیشانیان بدات کە سیستمی چاودێریی تەندروستیی ئەورووپا چۆن کار دەکات. ئامادەبووان لەگەڵ فێربوونی بنەماکانی سەلوتۆجێنیک، هاوکات چێژیان لە سەماکردن و نانی شەو وەردەگرت.

**ئالان گەشتێکی زانستیی گەورەی بۆ پزیشکە تورکییەکان بۆ فینلاند ڕێکخست. ئەو داوای لێکردن کە سەبارەت بە پرۆژەکانی نژیاروانی زانیاری بە دەست بهێنن. ئەو هەروەها سێمینارێکی لەسەر کەشتییەک لە هێلسنکییەوە بۆ ستۆکهۆڵم بۆ بیست کەس بەڕێوە برد.**

## ٢. خزمەت بە کوردستان، ٢٠٠٤-٢٠١٦

ئالان زۆر گەشبین بوو بەوەی کە دەتوانێت لەگەڵ کوردستان کار بکات. پرۆژەکانی لە تورکیە، لە ئانتالیا، ئیزمیر و شارەکانی دیکە زۆر هەلیان بۆ ڕخساند کە سەردانی ناوچەکە بکا و شارەزاییەکەی خۆی لەوێ بناسێنێت. ئەو دەیتوانی کە وێنەیەکی لە دۆخی هەنووکەیی کوردستان ببێت چونکە هەر جارێک کە دەچوو بۆ تورکیە سەرێکیشی لە کوردستانی عێراق دەدا. ئەو سەفەرانە بۆ کوردستان بۆ کەسێک کە پشتیوانیی حکومەتی تورکیای ببێت ئەمنتر بوون.

لە یەکەم سەفەری فەرمی بۆ کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٤، ئالان لەگەڵ سەرۆکی کورد جەلال تاڵەبانی دیداری کرد کە دواتر بوو بە سەرۆککۆماری عێراق. ئەو هەروەها لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەوانە مەسعود بارزانی دیداری دەکرد. ئەوە زۆر بەسوود بوو چونکە ئالان بۆ ڕێبەرە کوردەکانی ئەو ناوچەیە کەسێکی نەناسراو بوو.

ڕێبەرە کوردەکان پێیان دەوت «تۆ کوردی، ئەی ئەو بیست ساڵە لە کوێ بوویت؟ شەفیق قەزاز، کە وەزیر بوو راستەوخۆ پێی وت «من لە ئەوروپا ژیاوم و قەت ناوی تۆم نەبیستووە.»

ئالان وەڵامی دایەوە «من سەرقاڵی کار، توێژینەوە و پەروەردەکردنی خۆم بووم و ئێستا کاتییەتی و بۆ منیش گرینگە کە جارێکی دیکە لەگەڵ کوردەکان پەیوەندی بگرمەوە و ئەو شتەی فێری بووم بیگوازمەوە بۆ ئێرە.»

### نەخۆشخانەی نوێ لە سلێمانی

ئالان دەڵێت «لە سلێمانی، داوام لێ کرا لە پرۆژەیەکی دروستکردنی نەخۆشخانەدا یارمەتییان بدەم. لەگەڵ کۆمپانیایەک لە تورکیا بە ناوی یونیگین پەیوەندیم کرد کە بە واتای 'ڕۆژە نوێیەکان'ە. ئەوان بە ڕەچەڵەک کورد بوون. باوکی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە زۆر بە باشی بە کوردی قسەی دەکرد، بەڵام کوڕەکانی و ئەندامەکانی دیکەی بنەماڵەکەی نەیاندەتوانی بە کوردی قسە بکەن. من خاوەنەکەیم لە ئانکارا بینیبوو. ئەو زۆر بینای لە سلێمانی و هەولێر دیزاین کردبوون. بەڵام لە کۆتاییدا دەسەڵاتدارانی سلێمانی بڕیاریان دا لەگەڵ کۆمپانیایەکی کۆریایی گرێبەست بکەن.»

ئالان سەری سووڕ مابوو. ئەو کۆمپانیا کۆرياییە هیچ پەیوەندییەکی بە سلێمانییەوە نەبوو و هیچ شارەزاییەکی نەبوو و فەرمانبەری شارەزاشی لە دیزاینی نەخۆشخانەدا نەبوو. ئالان شی دەکاتەوە «ئەوان داوایان لە من کرد یارمەتییان بدەم، و لە کۆتاییدا متمانەیان بە پێشنیارەکانی من نەکردن. زۆر ئاستەمە لەگەڵ کوردەکان

کار بکەیت. بۆم دەرکەوت کە لەوێ پێکهاتە و یاساکان زۆر لاوازن. یونیگین وتی کە کۆمپانیا کۆرياییەکە پرۆژەکەی بە پەنجا ملیۆن دۆلاری ئەمریکایی گرتووە و ئەوان ویستییان کە بە چل ملیۆن بیفرۆشن. ئەوەش واتا: کۆرییەکان دەتوانن پرۆژەکە بفرۆشن، و لەلایەن کۆمپانیایەکی دیکەوە دروست بکرێت.» دەرکەوت کە جەنەراڵێکی ئەمریکایی بەڕێوەبەری کۆمپانیا کۆرییەکەیە. «ئەو کەسێکی بەبڕشت بوو و لەگەڵ تاڵەبانی لۆبی کردبوو کە پرۆژەکە بدرێت بە کۆرییەکان.»



لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری کوردی عێراق

ئالان بە تاڵەبانی وت کە بۆچی پرۆژەکەیان داوە بە کۆمپانیایەکی کۆریایی و نەیانداوە بە کوردەکان و تورکەکان. تاڵەبانی وەڵامی دایەوە «بڕوام پێ بکە، بابەتەکە سیاسی بوو. کۆرياییەکان لە ڕێگەی کۆمپانیاییەکی بەرهەمهێنانی تواندنەوەی ئاسنەوە یارمەتیمان دەدەن. ئەوان بەرهەمەکە دەهێنن بۆ ئێرە و دەتوانن دواتر هەر شتێک پێیان خۆش بێت دروستی بکەن.

ئالان وەڵامی دەداتەوە «سەیر بوو، چونکە کەلوپەلی شکاوم لە شوێنێک لەناو شاردا بینی. کێوێک لە ئاسنەواڵەی شەڕ لەوێ بوو. بە هۆی ئەوەی تورکیە سەرچاوەی ئاسنی نییە دەتوانن ئاسنەواڵەکان بنێرن بۆ ئەوێ. کۆرياییەکان بەڵێنیان دابوو کە کۆمپانیایەکی تواندنەوەی کانزایان بۆ دروست دەکەن.

«ئەوە نەخۆشخانەیەکە کە تێچووەکەی پەنجا ملیۆن دۆلارە، پرۆژەیەکی بازرگایی زۆر سەرنجڕاکێش و پڕتێچووە. دەرکەوت کە پیاوە کۆرییەکە گرێبەستی نەخۆشخانەکەی بە بیست لە سەد کەمتر لەوەی وەریگرتبوو بە کۆمپانیایەکی تورکی فرۆشتبوو. ئەوەش واتا کۆمپانیا کۆریاییەکە تەنیا بە واژۆی گرێبەستێک دە ملیۆن دۆلار قازانجی کردبوو. ئەوان تەنانەت یەک ئەندازیاریی کۆریاییان نەهێنابوو بۆ ناو باسەکان.»

مەبەستی من ئەوە بوو کە لە کوردستان کار بکەم و یارمەتییان بدەم. ژمارەیەکی یەکجار زۆر هەڵەم لە پلانی نژیارواندا بینین. پرسیارم لە دوکتور بەرهەم ساڵح سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد و ئەو پێی وتم کە پارەیەکی زۆریان داوە بە نژیاروانێکی لوبنانی لە بەیرووت. من بە ڕاستی دەمویست لەوێ کار بکەم بەڵام لە دۆخێکی سیاسیی وادا بە ڕاستی نەدەکرا. من هیچ ڕێگەیەکم نەدەبینی بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەم.»



یەکەم کۆبوونەوەی کاس لە پارکی زانستیی نۆڤوم لە ناوەندی توێژینەوەی دیزاین و تەندروستی

### ڕێگەچارە _کاس» ئەکادیمیای زانستیی کوردستان، ٢٠٠٤-2005

بڕیارم دا باشترین ڕێگە بۆ یارمەتیی هەرێمی کوردستان دامەزراندنی ئەکادیمیای زانستیی کوردستان، کاس(KAS)ە. مەبەستی من هێنانی ڕێبازێکی کردەیی بوو بۆ داهاتووی کوردستان و هەروەها هێنانی چەندین پرۆفیسۆر بوو بۆ ئەوەی لە زانکۆکەدا وانە بڵێنەوە. سەرەتا ئارەزووم ئەوە بوو بە شوێن ڕێگەیەکدا بگەڕێم بۆ ئەوەی بە زانیارییە زانستییەکەم خزمەتێک بە کوردستان بکەم چونکە بۆ ماوەی چەندین دەیە بوو کە من ئەو کارەم لە ئاستی جیهانیدا دەکرد.

«من ئەو بیرۆکەم باس کرد و دوای چەندین مانگ توێژینەوە، بابەتێکم نووسی. لە ٢ی ئوتی ٢٠٠٤دا، کاس یەکەم دانیشتنی سەرەتایی خۆی لە ستۆکهۆڵم بە ئامانجی دروستکردنی تۆڕێک لە زانایانی کورد و ناکورد بەڕێوە برد بۆ ئەوەی ئاستی ژیانی خەڵکی کوردستان باشتر بکات. ئالان ڕوونی دەکاتەوە «ئامانجی من ئەوە بوو کەسانی دیکەی کورد بۆ پرۆژەکە بانگهێشت بکەم. زۆر کەسم بانگ کرد و زیاتر لە سەد کەس لە وڵاتی جیاجیاوە هاتن. پرۆفیسۆر، عەلادین دلاوەر لە لەندەنەوە هات و دوکتور خالید ساڵح لە گوتێنبێرگەوە هات. دەستەیەکی بەڕێوەبەرایەتیی کاتیمان دیاری کرد کە هەموویان کورد بوون. خالید ساڵح دواتر بوو بە وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دوکتور عەلادین دلاوەر چوو لە هەولێر بە پشتیوانیی تاڵەبانی ڕێکخراوەی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دامەزراند.

### ڕاگەیاندنی کاس لە کوردستان

«لە ڕێگەی میدیاوە، دامەزراندنی کاسمان لە کوردستان ڕاگەیاند و لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیری هەرێمەوە پشتیوانی کرا کە زەوییەکی بۆ ئەکادیمیا لە هەولێر دیاری کردبوو. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، داواکارییەکی لە هەموو کوردان کرد بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە و لەگەڵیان کار بکەن. کاس نزیکەی ١٠،٠٠٠ دۆلاری لە هەولێر و ١٠،٠٠٠ دۆلاری لە حکومەتی سلێمانییەوە وەرگرت. بەو بڕە پارەیە، ماڵپەڕێکی پرۆفیشناڵمان دامەزراند و تیمێکی سێ کەسیمان نارد بۆ ئەوەی پرۆژەکە دەست پێبکەن. لە ٢٠٠٤دا، ماڵپەڕی کاس داوای لە هەموو کوردان کرد کە بچنە پاڵ ئەکادیمی زانستیی کوردستان بۆ ئەوەی بە زانست، شارەزایی و زانیارییەوە پشتیوانی لە خەڵکەکمان بکەین.

### شۆکی کولتووری: سەفەرەکان بۆ کوردستان

لە ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠ ئالان چەندین جار سەفەری کرد بۆ کوردستان. لە ساڵی ٢٠٠٤دا سنووری سوریای بەزاند بۆ ئەوەی بچێت بۆ عێراق. ئەو چوو بۆ شاری قامیشلی کە ناوەکەی بە واتای «قامیشەڵان»ە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی باکووری سوریا. دەوروبەری مانگی جون بوو و زۆر گەرم بوو. ئالان لەگەڵ ئەندام پەرلەمانی سوید، جەبار ئەمین، هاوسەرە ڕۆژنامەنووسەکەی شەپۆل مێرگەسووری و ئەندازیاری کورد هیوا تیلەکۆیی سەفەری کرد.



وێنەی ١٦٩ لە چەپەوە: ئەندازیاری کورد هیوا تیلەکۆیی، ئەندام پەرلەمانی سویدی جەبار ئەمین، نووسەر، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەرهەم ساڵح، ڕۆژنامەنووس شەپۆل مێرگەسووری، و عەبدوڕەزاق فەیلی بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.




لە کەرکووک لەبەردەم وێنەی شاعیری کورد ئەحمەدی خانی

لە ئۆتۆمبیلێکی لیمۆزینـدا، بەو ناوچە گەرم و وشکەدا تێپەڕین. زۆر بۆیان سەیر بوو کە بەردی مەڕمەڕی ڕازاوە، لە هەموو شوێنەکانی قامیشلی وێنەی بەشار ئەسەدیان لەسەر هەڵکەنراوە. لە بەردەم پاڵاوگە دەوڵەمەندەکانـدا، لەو ناوچە وشکانییەدا ئالان بنەماڵە کوردە هەژارەکانی دەبینی کە لە هەژاری و لێقەماوییەکی تەواودا دەژیان و تەواو دەرخەری ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەری بوون. لە کاتێکدا بینای ڕازاوە و مۆنیۆمێنتی سەرۆککۆمار ئەو ناوچەی پڕکردبوو و سەروەت و سامانی نەوت کە ئی کوردەکان بوو لەو ناوچەیە نەدەمایەوە و خەڵکەکەی لە دۆخێکی هەژارانەدا دەژیان.
ئالان و هاوڕێکانی گەیشتنە سنووری عێراق-سوریا و بە بەلەمێک بە ڕووبارێکدا پەڕینەوە و چوونە ناو خاکی عێراق. ئالان دەڵێت «لەو سنوورە دەستکردەی نێوان عێراق و سوریا، کاربەدەستان ئەوەندەی نیگەرانی ڕاگرتنی ئایدز بوون، ئەوەندە نیگەرانی خۆشبژێوی و ئاسوودەیی کەسێکی گوندنشین نەبوون.»
لەوێوە، بە ناوچەیەکی یەکجار مەترسیداردا و لە موسڵەوە چون بەرەو کەرکووک. دواتر چوون بەرەو سلێمانی.

## کەرکووک

«لەگەڵ چوونمان بەرەو عێراق گوندە کوردییەکانمان بینین. ساکەکەی من زۆر بەرچاو بوو و ڕەنگێکی زەردی هەبوو، بۆیە هەموو خێرا دەیانزانی کە لە ئەورووپاوە هاتووم. لە سنوورەوە سەرەتا چووین بۆ کەرکووک. زۆر مەترسیدار بوو؛ خەڵک پێیان وتین کە شانسمان بووە گەیشتووینەتە جێ. ڕێگای کەرکووک لە کۆنترۆڵی حکومەتدا بوو. ئەمریکاییەکان لە هەموو شوێنێک ئامادە بوون؛ ئەمریکا ساڵی ۲۰۰۳ هێرشی کرد. ئێمە تەنیا دوو شەو لە کەرکوک ماینەوە.»

## پێشکەشکردنی پرۆژە

ئالان بە هیوای وەرگرتنی پشتیوانی، پرۆژەکەی لە سلێمانی پێشکەش کرد. لەوێ بەربەستی سیاسی زۆر بوون: «یەکێک دەیگوت ئەو پرۆژە ئی بارزانییە، کەسێکی تر دەیگوت ئی تاڵەبانییە. هەروەها ئەوان دوودڵ بوون لەوەی کە ئێمە کێین، هەرچەند من بۆم ڕوون کردنەوە کە ئێمە سەر بە هیچ حیزبێک نین. من ڕاستیم گوت: من زانایەکم و تەنیا دەمهەوێت یارمەتیی نەتەوەکەم بدەم.»

## سلێمانی

سلێمانی بۆ کوردەکانی ئێران شوێنێکی مەترسیدار بوو چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادەییەکی زۆری هەبوو لەو شارە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە، ئالان و تیمەکەی پرۆژەی ئەکادیمیای زانستیی کوردستان و کاری ئالانیان لە بواری دیزاین و تەندروستی بۆ بەرهەم ساڵح باس کرد، ئالان دەڵێت «بەرهەم ساڵح زۆر کەسێکی کراوە بوو. ئەو کەسێکی خوێندەوار و خاوەن دید بوو» کەو کاتەدا، حکومەتی هەرێم کاری لەسەر دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی ۳۰۰ تەختی دەکرد. داویان کرد کە ئایا ئالان دەتوانێت یارمەتی بدات و ئالان ئامادەیی دەربڕی.

لـە سـلێمانی و لـە زانکـۆی سـلێمانی ئـالان سـێمینارێکی دوو ڕۆژەی بەڕێـوە بـرد. «ئـەوە بـۆ مـن زۆر هەیەجانـی هەبـوو. مـن دەمویسـت بـاس لـەوە بکـەم کـە چـۆن کۆمەڵگایەکـی تەندروسـت لـە کوردسـتان سـاز بکەیـن. ڕۆژی یەکـەم سێسـەد کـەس بەشـدار بـوون، بـەڵام لـە ڕۆژی دووهەمـدا شـوێنی دانیشـتن نەمابـوو. شەشسـەد کـەس لـەوێ بـوون. ڕۆژی یەکـەم لەسـەر ژێرخانـەکان، شـار و شـێوەژیانی تەندروسـت جەختـم کـردەوە و ڕۆژی دووهـەم لەسـەر لایەنـی دەروونـی دیزایـن باسـم کـرد. هەروەهـا باسـم لـە هـۆکارە کاریگـەرەکان بـۆ دروسـتکردنی کۆمەڵگایەکـی تەندروسـت کـرد.»

ئـالان ئـەو کاتـەی کـە مابـۆوە بـە کۆبوونـەوە و پەیوەندیگرتـن لەگـەڵ ئەندامانـی حیزبەکـەی بارزانـی، وەزیـرەکان و بەرپرسـانی زانکـۆکان بەسـەر بـرد. ئـەو پێـی سـەیر بـوو کـە ئـەو هەمـوو وەزیـرە بـە هـۆکاری سیاسـی و نـەک بەپێـی پسـپۆڕییان دامـەزراوان. ئـەوان هیـچ ڕوانگەیەکیـان نەبـوو و هیـچ پلانێکیـان بـۆ بوارەکـەی خۆیـان نەبـوو. ئـالان وتـی «ئـەوە لەبـاری پیشـەییەوە بەکەڵـک نییـە بـەڵام مـن بـە ڕاسـتی چێـژم لـەوە وەرگـرت کـە گەڕاومەتـەوە کوردسـتان و لەگـەڵ ئـەو خەڵکـە کـۆ دەبمـەوە.»

**بەربەستەکانی بەردەمم و هەوڵەکان بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی ئێران**

بـە دوو هـۆکار ئـەو پـرۆژە و پڕۆژەیەکـی تـر لـە داهاتـوو جێبەجـێ نەکـران. یەکـەم ئـەوەی کـە لـە نێـوان خـودی کوردەکانـدا ناکۆکـی هەبـوو و زۆر کـەس گاڵتـەی بـە شـوێنی دروسـتکردنی پڕۆژەکـە دەکـرد. ئـالان حـەزی نەدەکـرد بەڕێوەبردنـی پڕۆژەکـە بسـپێرێتە دەسـت کەسـێکی تـر و لـە نێـوان کەسـایەتییەکان بەریەککەوتـن و کێبەرکـێ لـە ئـارادا بـوو.

بەوحاڵەشـەوە، ئـالان هەلەکـەی قۆسـتەوە بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ چەندیـن حیزبـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـە لـە باشـوور بـوون دیـدار بـکات. سـەردانی باڵەکانـی حیزبـی دێموکـرات و کۆمەڵـەی کـرد. پەیامـی ئـەو بـۆ حیزبـەکان هەمـان پەیامـی هەمیشـەیی بـوو: پێویسـتە کـورد یەکگرتـوو بێـت. «هەمـوو هەوڵـی مـن بـۆ ئـەوە بـوو کـە یەکگرتوویـی نەتەوەیـی لەنێـوان حیزبـە سیاسـییەکاندا بخرێتـە پێـش هـەر شـتێکی تـر. لەگـەڵ هـەردووو کۆمەڵـە و دێموکراتـەکان کـۆ بوومـەوە و پێموتـن کـە پێویسـتە بەرەیەکـی یەکگرتـوو پێکبهێنـن. پێشـنیارم کـرد کـە وۆرکشـاپێک لـە نێـوان حیزبـە جیاجیـاکان پێکبێـت و کـارە گرینـگ و لەپێشـترەکان دیـاری بکرێـن، و ئـەوەی کـە پێویسـتە لـە ئێسـتادا چـی بکـەن و لـە دە سـاڵی داهاتـوودا چـی بکـەن. ئـەو شـوێنەی ئـەوان لێـی دەژیـن ئێـران زۆر دزەی تێکـردووە و ئـەوان ناتوانـن لـە کەمپەکانیـان بچنـە دەرەوە. بـەڵام مـن سیاسـەتوان نیـم و حەزیشـم بـە سیاسـەت نییـە. مـن لـەوە زیاتـر نەچوومـە پێـش. وێـڕای هەوڵـە سـەرەتاییەکانم، گەیشـتمە ئـەوەی کـە مـن ناتوانـم هیـچ شـتێک لـە دۆخەکـە بگـۆڕم.»

**«هەموو هەوڵی من بۆ ئەوە بوو کە یەکگرتوویی نەتەوەیی لە نێوان حیزبە سیاسییەکاندا بخرێتە پێش هەر شتێکی تر. لەگەڵ هەردوو کۆمەڵە و دێموکراتەکان کۆ بوومەوە و پێموتن کە پێویستە بەرەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنن.**

## ٣. کۆنگرەی جیهانیی کوردستان، ٢٠١١-٢٠١٨

**دوای هەوڵێکی زۆر بۆ بەرەوپێشبردنی چینی ئەکادیمیی کوردستان، ئالان فۆرمەتێکی تری دروست کرد و کۆنگرەی جیهانیی کوردستانی دانا کە بە دوای کۆنگرەی جیهانیی دیزاین و تەندروستیدا ئەم کۆنگرەیە پێکهات. ئەو هیواداربوو کە کۆمەڵگای کوردستان و تاراوگە خۆیان لە ڕووداوی پێشکەوتنخوازانەی ناسیاسیدا ڕێک بخەن.**
**کۆنگرەی جیهانیی کوردستان داوای لە کەسانی پرۆفیشناڵ، ئەکادیمیک، زانا و توێژەر لە سەرانسەری جیهانەوە کرد کە بابەتەکانیان بنێرن. وتارخوێندنەوەی ڕاستەوخۆ، وتوویێژ و نمایشی پۆستەر لە زانا کوردەکان، پسپۆڕانی تەندروستی، ڕاهێنەران و کەسایەتیية سیاسییەکان یەک ئامانجی هەبوو: داهێنان، نوێگەری و باشترکردنی ئاستی ژیانی ناوچەکانی کوردستان. ئامانج هاوبەشکردنی زانیاری لە نێوان کوردەکاندا بوو بۆ ئەوەی ئاستی ژیانی خەڵکەکەیان لە گەنجەوە بگرە تا بەتەمەنەکان لە ڕێگەی بوارە جیاجیاکانی زانستەوە ببەنە سەر. وەک تینک تانکێکی کوردی وا بوو، کە ئامانجێکی سەرەکی هەبوو: باشترکردنی ژیانی کوردەکان، بە ژن و منداڵ و پیاوەوە لە ئێستا و لە داهاتووشدا.**

چارەنووسی ئالان وا بوو کە لە تەمەنێکی کەمدا وڵاتەکەی جێ بهێڵێت. ئەو کار و خوێندنەکەی لە ئەوروپا درێژە دا، بەڵام هێشتا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ خەڵک و خاکەکەی مابوو. تەنانەت دوای ئەوەی کە لە سوید نیشتەجێ بوو و ئیشێکی باشی لە بواری دیزاین و تەندروستیدا ڕێکخستبوو، پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارە کوردەکانی لە تاراوگە پاراست. لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژەی سەفەرەکانی زیاتر و زیاتر بوو، زۆر جاران لەو شوێنانەی دیدار و کۆبوونەوەی بوو، سەردانی کوردەکانیشی دەکرد. ئامانجی ئەوە بوو کە کەسانی پسپۆڕی بە ئەزموون کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی فۆرومێکی زانستیی نێونەتەوەیی بۆ گەلەکەیان دابمەزرێنن. ئەوە ڕوانگە و بیرکردنەوەی ئەو بۆ چەندین ساڵ بوو.

### هاندان لە قارەمانێکی ڕابردووەوە

ڕۆژێک هاوڕێیەک کتێبێکی لە ڕێگەی ئیمەیلەوە بۆ نارد کە ناونیشانی کتێبەکە ئەمە بوو: خولیا و مەرگی ڕەحمانی کورد. کتێبەکە لەسەر ژیانی دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو، ڕێبەرێک بوو کە ئەو بەردەوام لە هەموو ژیانیدا ستایشی کردبوو و کاتێک منداڵ بوو بینیبووی. ئەو دەگێڕێتەوە «لە چەند ڕۆژدا سەرجەم

کتێبەکەم خوێندەوە. کتێبەکە نوقمی خۆی کردم. هەموو ئەو گەشتانەی قاسملوو کردوونی منیش بە شێوەیەک کردوومن و هەموو ئەو شوێنانەم دەناسینەوە. ڕاستییەکەی بڵێم، چارەنووسی ئەو زۆر خەمباری کردم، ئەو ڕۆژەی کە کتێبەکەم تەواو کرد، گریام.»

«بە خۆمم گوت: ئەو نووسەرە ئەم کتێبەی نووسیوە، وەک کەسێک و ڕۆژنامەوانێکی ڤێنێزۆلایی کارێکی مەزنی کردووە چونکە هیچ کتێبێکی هاوشێوەی ئەوە نییە. هەروەها بە خۆمم وت، من دەتوانم چی بکەم؟ زۆر بە کاروباری ئەکادیمیای زانستیی کوردستانەوە ماندوو بووم. بەڵام ئەو کتێبە هیوای پێ بەخشیمەوە تاکوو کارێک بۆ نەتەوەکەم بکەم. هەر خێرا پەیوەندیم لەگەڵ نووسەرەکەی گرت، کارۆل پرونهابێر.»

## ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی جیهانیی کوردستان: ئامانجەکان و ڕوانگەکان

ئالان دەستی کرد بە ئامادەکاری بۆ ئارەزوویەکی تازەی ـ کۆنگرەی جیهانیی کوردستان (دەبلیو.کەی.سی). ئەو نووسەری ژیاننامەی قاسملووشی هێنایە کارەکەوە کە زۆر هاندەری ئەو بوو. «ئێمە کۆنگرەی جیهانیی کوردستانمان دانا. چووم بۆ کوردستان بۆ ئەوەی خەڵک ببینم و هاوکاری کوردم دۆزینەوە بۆ ئەوەی کاریان لەگەڵ بکەم. پێکەوە چوارچێوەی سەرەتاییمان دارشت. زانیم کە گرینگە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر بگرم بۆ ئەوەی ئەو کارەی من کردوومە بیناسێنم و کەسانی گەنج هان بدەم. هەستم کرد ئەوە ئەرکی نەتەوەیی منە. هەروەها بۆ ئەوەی حورمەت بۆ ڕێبازی دوکتور قاسملوو دابنێنم، کە ئەو بەو هەموو لە خۆبوردوییەوە خزمەتی بە گەلی کورد کردووە. بە هۆی ئەوەی کە دوشمنەکەی ئێمە زۆر بەهێزە، ناتوانین کارێکی گەورە بکەین. بەڵام لایکەمی دەبێت هەوڵ بدەین ئەوەی پێمان دەکرێت بیکەین. ئەگەر ئەو شتە هەنگاوێکی بچوکیش بێت گرینگ نییە. من پێموایە لە درێژماوەدا ئەو هەنگاوانەش کاریگەرییان دەبێت.

«من پێموایە کە دۆخی کۆمەڵگای جووەکانیش هاندەرم بوو بۆ ئەو کارە. چونە ئەوان لە جەنگی جیهانیی دووەمدا ڕووبەڕووی هۆلۆکۆست بوونەتەوە و یارمەتیی یەکتریان داوە. خەڵکەکەیان بوونە قوربانی بۆ ئەوەی وڵاتی خۆیان دامەزرێنن. کۆمەڵگاکەیان بەوە ناسراوە کە زۆرترین ڕێژەی زانای هەیە و زۆرترین براوە خەڵاتی نۆبێلیان هەیە. دۆخی ئەوان منی هاندا بۆ ئەوەی بیرۆکەی کۆنگرەی جیهانیی کوردستان پەرە پێبدەم.»

**ئالان دەستی کرد بە ئامادەکاری بۆ ئارەزوویەکی تازەی ـ کۆنگرەی جیهانیی کوردستان (دەبلیو.کەی. سی). ئەو نووسەری ژیاننامەی قاسملووشی هێنایە کارەکەوە کە زۆر هاندەری ئەو بوو.**

سەرەنجام دووسەد کەسی کورد و ناکورد لە عێراق، تورکیە، سوریە، ئەمریکای باکوور، ئەورووپا و ئاسیا لە یەکەم کۆنگرەی جیهانیی کوردستان لە ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠١١دا لە نۆتردامی هۆڵەندا بەشدار بوون. زانایان، کەسانی بازرگان، کەسانی ئەکادیمی و ئەندامانی گرووپی جیاجیا لە زیاتر لە بیست وڵاتی دنیاوە هاتبوون بۆ ئەوەی کە لە ڕوانگەیەکی زانستی و کولتوورییەوە باس لە داهاتووی نەتەوەی

کورد بکەن. وێڕای جیاوازیی بوارەکانیان، هەموو یەک ئامانجیان هەبوو: دارێک لەسەر بەردێک دابنێن بۆ ئەوەی قۆناغێکی نوێ بۆ نەتەوەکەیان بخولقێنن.
کۆنگرەکە بە شوێن ئەوەدا بوو کە کەسانی لێهاتوو و داهێنەری کورد لە سەرانسەری جیهانەوە هان بدات بۆ ئەوەی پشتیوانی لەگەڵی کورد بکەن، و لە داهاتووی دروستکردنی نەتەوەکەیاندا بەشداری بکەن. ڕێکخستنی فۆرومێک بەم قەبارەیە، بەو ئاڵۆزی و مەبەستەوە، چەندین مانگ بەر لە بەڕێوەچوونی کۆنگرەکە ئالانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد.

کاتێک بیرۆکەیەکی نوێ لە مێشکی ئالاندا پێکدێت، ئەو هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات بۆ ئەوەی بیرۆکەکە بکاتە واقع. دوای پرۆژەی ئەکادیمیای زانستیی کوردستان، ئەو هەوڵی دا ڕێگەیەکی تر بۆ خزمەت بە گەلەکەی بدۆزێتەوە. چ ڕێگەیەک بۆ ئەو کارە باشتر لەوە هەیە کە ڕووداوێکی نێوان-بواری ڕێک بخات بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد کۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە پرۆسەی پێکهێنانی نەتەوەدا پشتیوانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن. ئالان پێی وابوو کە ئەم فۆرومە «دەتوانێت خەڵک هان بدات و جیهان لەوە ئاگادار بکاتەوە کە کوردستان وڵاتێکە کە نزیکەی چل ملوێن کەسە و خەڵکەکەی هیچ چەشنە مافێکی نەتەوەییان نییە و لە کەمترین مافە مرۆییەکانی خۆیان لە تورکیە، ئێران، سوریە و عێراق تاکوو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێبەش بوون.»
ئەو هیوادار بوو کە کوردەکان لە سەرانسەری جیهانەوە تامەزرۆی بەشداری لەو ڕووداوە جیهانییە ناوازەیەدا دەبن و بە بەخشینی بڕە پارەیەکی کەم بۆ بەشداری، تەرخانکردنی کات و دانی تێچووی سەفەرەکانیان یارمەتیی کۆنفرانسەکە دەدەن. وەک عادەتی هەمیشەیی، ئالان دەستی کرد بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی ئەکادیمیکی کورد، ڕۆشنبیران، کەسانی پسپۆڕ و کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پشتیوانی کۆ بکاتەوە و لایکەمی بەشێکی تێچووەکانی کۆنگرەکە دابین بکات.
ئابوورینــاس، ئەڵماس حیشمەتی کە لە کۆریای باشوور دەژیا، دووراودوور ئاگاداری کارەکە بوو: «کارەکەمی پێ سەرنجڕاکێش بوو چونکە کاتێک بۆ ماوەی سێ ساڵ لە کوردستان کارم کرد بۆم دەرکەوت کە دانانی کۆنفرانسی ئەکادیمیک لەنێوان زانکۆکەکان زۆر بەسوود دەبێت. من زیاتر حەزم بە کۆنفرانسی تەواو زانستی دەکرد بەڵام ئالان دەیویست کە تۆڕێکی گشتگیر لە ئەکادیمیسیەنەکان پێک بهێنێت. ئەو هەستی کرد کە پێویست ناکات حەتمەن بەشداربووان توێژەر بن بەڵکوو کەسانی بەتوانای دیکەش دەتوانن ببن. ئەو شتەش کارەکەی زۆر ئاڵۆزتر دەکرد و پێویستی بە کاری زیاتر و تێچووی زیاتر بوو. چونکە ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان توانایی بەشداربووونیان نەبوو. کاتێک کار دێتە سەر بیروڕا گۆڕینەوە، ئالان کەسێکی زۆر بەخشندەیە. ئەو قەت بە هۆی ئاستەمی یان تێچووەکان لە پرۆژەیەک ناکشێتەوە. ئەگەر پێی وابێت شتێک بەسوودە، بە هەموو تواناییەوە بەرەو پرۆژەکە دەڕوات. ئەوە تایبەتمەندییەکی زۆر بەنرخە. ئەو زۆر بە گەشبینییەوە بەرەو بیرۆکەی نوێ دەڕوات و زۆر چالاکانە کار دەات بۆ ئەوەی بیرۆکەکان بەدی بهێنێت.»

## تێچووی مادی و پێویستی بە سپۆنسەر

ئالان زوو بۆی دەرکەوت بە هۆی تێچووی هاتوچۆ تەنیا ژمارەیەکی کەم لە کوردەکان دەتوانن بەشدار بن. بەڵام ئەوەندە بڕوای بەو پرۆژەیە هەبوو کە ئەگەر کەسیش پشتیوانی نەکردایە ئەو بۆخۆی پشتیوانیی مادی دەکرد. ئەو دەڵێت «من بیست هەزار دۆلار پارەی خۆم بۆ ئەو کۆنگرەیە خەرج کرد پاشان خۆشبەختانە لە دوا وەختەکاندا، نێچیرڤان بارزانی کە لە سەرەتاوە پشتگیری لە ڕووداوەکە کردبوو، شەست و حەوت هەزار دۆلاری بۆ کۆنفرانسەکە تەرخان کرد. هەروەها بیست هەزار دۆلاری دیکەشمان وەک یارمەتی وەرگرت، بەم شێوەیە سەرچاوەی مادی کۆنفرانسەکەمان دابین کرد. ئەوە زۆر باش بوو.»




ئەڵماس حیشمەتی، پرۆفیسۆری ئابووری، قوتابخانەی نێونەتەوەیی بازرگانی، زانکۆی یۆنشۆپینگ

## ڕوانگەیەک لە دەرەوە

کارۆڵ پرونهابێر نووسەری ژیاننامەی ڕێبەری مەزنی کورد عەبدوڕەحمانی قاسملوو، لە وتاری دەسپێکدا لە کۆنگرەکە لە ڕۆتێردام، بەم پرسیارە دەستی پێکرد: «ئامانجی سەرەکی چییە؟» من دەزانم کە هەرکام لە ئێوە ئاوات دەخوازن کوردەکان -کە بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانی ئێران، تورکیە، سوریە و عێراق پێکدەهێنن- لەو ئاڵوگۆڕە خێرایەی ناوچەکەدا ببنە یەک پارچە. بە چەندین هۆکار، دەبێت کوردەکان دەورێکی سەرەکی لە شەپۆلی دێموکراتیک بگێڕن کە لە سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکردووە. بە هۆی پارچەپارچەبوونی کۆمەڵگای کوردی و ڕژیمە سەرکوتکارەکانی ئەو وڵاتانەی کوردەکانی لێن، بەرەوپێشچوون زۆر هێواشە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە کوردەکان یاریکەری سەرەکیی پرۆسەی بە دێموکرتیک کردنن. ئەوان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیی هەیە.

«ئێمە کۆ دەبینەوە تاکوو ئەو کارانە هەڵسەنگێنین کە بۆ گەلی کورد دەیکەین. دەرەنجامەکەی پەیوەندی بە هەرکام لە ئێمەوە هەیە، ئەوەی کە چەندە چاوەڕوانیمان ببێت و پانۆرامایەکی جیهانی بۆ هەر کوردێک دروست بکەین. ئەگەر ئەجێندا جیاوازەکان وەلا بنرێن و هەوڵەکان بۆ ڕێگەیەکی نوێ بۆ کاری پێکەوەیی بدۆزرێتەوە دەکرێت زۆر کار بکەین. ئەوەش دەکرێت یەکخستنی بیرۆکەکان و شارەزاییەکانمان بێت بەو هیوایەی کە پەیوەندەییەکانمان ببێتە هۆی ئەنجامێکی گەورەتر.»

ئەو سەبارەت بە گرینگیی لۆبیکردن لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەلایەن چەند ڕێبەرێکی کورد لە ڕابردوودا قسەی کرد. «ئەوەش بە مەلا مستەفا لە ئەمریکاوە دەست پێدەکات، ئەو کارە درێژە دەکێشێت هەرچەند کاریگەرییەکەی لە ئەمریکا بچوکتر لەوە بووە کە سیاسەتەکانی ئەمریکا لەمەڕ کوردەکان بگۆڕێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەند ڕێکخراوەیەکی ناحکومی و چەندین کەسی سەربەخۆ هەوڵەکانیان درێژە داوە بۆ ئەوەی بە زانیاری بەخشین لەسەر پرسی کورد لە ئەمریکا بە میدیاکان، کاناڵە ناسراوە تەلەفزیۆنییەکان لە ئەورووپا، ڕۆژنامەکان، و ماڵپەڕەکان، دەنگی کورد بگەیەننە ئەو وڵاتانە.»

کاتێک کارۆل ئالانی بینی، خۆتەرخانکردن و خولیامەندیی ئالان بۆی سەرنجڕاکێش بوو و ئەوەی کە وێڕای هەبوونی بەربەستەکان، ئەو پێداگر بووە لەسەر ئەوەی کۆنگرەی جیهانیی کوردستان بەڕێوە ببات.



کارۆل پرۆنهابێر، نووسەری کتێبی خولیا و مەرگی قاسملووی کورد

**ڕاستییەکە ئەوەیە کە کوردەکان یاریکەری سەرەکیی پرۆسەی بە دێموکراتیک کردنن. ئەوان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیی هەیە.**

## کاریگەریی کۆنگرەی یەکەم

هەیەجانێک کە ئەم کۆنگرە دروستی کرد، زۆر بەرچاو بوو. قەت بەو شێوە کوردەکان بە پسپۆڕیی جیاجیاوە لە یەک شوێن کۆ نەبووبوونەوە. هەموو ئەوانەی کە بە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بوونەوە وەک گروپێکی یەکگرتوو کۆ بوونەوە. تەنانەت چەمکی کۆنگرەی جیهانیی کورد لە خۆیدا وزەبەخش بوو.
ئامادەبوون لەو ڕووداوە چوار ڕۆژەدا تایبەت و وەرچەرخێنەر بوو. «من لە شوێنی هاتنی میوانەکان ڕاوەستا بووم،» کارۆل دەڵێت «ئەوان لە ئوتریش، بەلجیکا، دانیمارک، فینلاند، فەڕەنسا، ئاڵمانیا، یۆنان، ئیرلەند، بریتانیا، نەرویج، سوید، عێراق، ئێران، تورکیە، ئیمارات، کۆریای باشوور، ئەمریکا و کەنەداوە هاتبوون، هەندێکیان گەنج بوون و ئەوانی دیکە بەتەمەن بوون بەڵام هەموویان زۆر گەشبین بوون بەم کۆنگرەیە.
ئەوەش زیاد دەکات کە «ئەوانە هەموویان لەو کوردانە بوون کە وەکوو ئالان وڵاتەکەیان بەجێهێشتبوو بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتر دەست پێبکەن. تۆوی کردەیی بوونی بەدیهێنانی خەونەکان، کە لە ژیانی ئالاندا دیتبووم، کە لە سوید چاندبووی و بەخێوی کردبوو لە هەموو ئەو کەسانەدا دەبینرا کە لەوێ بوون. ئەوە بوێری و ئازایەتییەکی زیاتر بەخشیبوو بە کەسانی تر بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان بەجێ بهێڵن و ژیانێکی تر سەرلەنوێ لەناو کولتوورێک و زمانێکی دیکەدا دروست بکەن. بەڵام لەوێ، زۆر کەس بە چارەنووسێکی هاوبەشەوە کۆ بووبوونەوە. زۆر وروژێنەر بوو کە ئەو گرووپە کاریگەرە ببینیت کە لەوێ کۆ ببوونەوە و وەک بەرهەمی هاندانەکانی پیاوێک بوون. پەیوەندیی من لەگەڵ کوردەکان درێژخایەنە. ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ پێشمەرگە و کوردانی تاراوگە دەستی پێکرد. بەڵام ئەوە یەکەم جار بوو کە ئەو هەموو کوردە پسپۆڕە لە شوێنی جیاجیای دنیا و کوردستانی گەورەوە پێکەوە لە یەک شوێن کۆ ببنەوە.»

## لایەنێکی کولتووری

ئالان هەمیشە حەزی بە ڕێبازە فرەبوارەکان کردووە و لە کۆنگرەی جیهانیی کوردستانیشدا، ویستی کە کولتوور و موزیکی کوردی بەشێک بێت لە بەرنامەکە. ئەو بەشە شوێنێکی بەرچاوی هەبوو، لەوانە وتارێکی هونەرمەندی ناسراوی کورد مەزهەری خالقی لەسەر کاریگەریی موزیک پێشکەش کرا. ئالان ویستی کە ئامادەبووان چێژ لە کۆنسێرتێک وەربگرن کە لەلایەن ژەنیار و گۆرانیبێژە هەرەباشەکانی کوردەوە پێشکەش کرا. ئێوارەی شەممە موزیک هەمووانی خستە سەما و هەڵپەڕین.

## پەیوەندیی بەرفراوان

هەرچەند بۆ ساڵانێکی زۆر ئالان زیاتر لەسەر دیزاینی هاوچەرخی ناوەندەکانی چارەسەری تەندروستی تەرکیزی کردبوو، ڕوون بوو کە کارکردن لەسەر ئەو بوارە پێویستی بە ڕوانگەیەکی بەرینتر هەیە. ئالان و ئامادەبووانی دیکە، باسیان لە چەندین کێشەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان کرد. یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی کوردستان هەوڵی دا کە ڕوانگەیەکی فرەبواری دروست بکات و بۆ ئەم کارەش پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زانکۆ، کۆمەڵگای بازرگانی، حکومەت و بە ئامادەیی میدیاکان پێکبهێنێت.

لە چوار ڕۆژ و هەشت دانیشتندا، بە کۆی بیست و هەشت وتار، زۆر بابەت باسیان لەسەر کرا: مافی مرۆڤ و ئازادی، کوردستانی گەورە، فێرکاری و نەتەوەسازی، تاراوگە، سیاسەت و پەیوەندیی نێونەتەوەیی، چاودێریی تەندروستی و ترۆما، ئابووری و بازرگانی، زانست و تەکنۆلۆژی. کۆنگرە هەروەها بەشوێن بردەنەسەری زانیاریی جیهان لەسەر کوردستان بوو و ئەوەی کە چۆن وەک نەتەوەیەکی لە حاڵی گەشەسەندندا یارمەتییان بدەن کە بەشێکی چالاک و سەرکەوتوو لە کۆمەڵگای مۆدێرن بن.

ئالان جەختی کردەوە کە«ئێمە دەمانهەوێت پردێک لە نێوان گەلی کوردستان و تاراوگەدا دروست بکەین و ڕێگەچارەی پشتبەستوو بە زانست و ڕێوشوێن و هەروەها ستراتیجییەکی درێژخایەن لەسەر کێشە سەرەکییەکان پێشکەش بکەین.»



مەزهەری خالقی، هونەرمەندی گەورەی کورد

## وتاربێژی سەرەکی

وتاربێـژی سـەرەکی لەیـلا زانـا، سیاسـەتوانی کـورد و ئەندامـی پەرلەمانـی تورکیـە لـەو کاتـدا بـوو کـە تەنیـا لەبـەر ئـەوەی لـە پەرلەمانـدا بـە کـوردی قسـەی کردبـوو زیاتـر لـە دە سـاڵ لـە زینداندا بـوو. زانـا دڵخـۆش بـوو بـە یەکـەم کۆنگـرەی جیهانیـی کوردسـتان وەک کۆنفرانسـێکی زانسـتیی نێونەتەوەیـی، نێوان-بـواری کـە لـە ئاسـتێکی بەرفرواندا و لـە دەرەوەی سـنوورەکانی کوردسـتان بەڕێـوە دەچێـت. ئارامـی و هاندەربوونـی ئـەو ژووری کۆنفرانسـەکەی پـڕ کردبـوو لـە کاتێکـدا کـە وتـارە پڕهەسـتەکەی پێشـکەش کـرد.



لەگەڵ ڕێبەری کورد، لەیلا زانا، ڕۆتێردام

ئـەو لەسـەر خەونـی لەمێژینـەی کـوردان بـۆ پێکهێنانـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ قسـەی کـرد. زانـا وتـی «زۆربـەی کاتـەکان کـە بیـر لـە دۆخـی کوردەکان دەکـەم، بـە خـۆم دەڵێـم باشـترین شـت بـۆ نەتەوەیـەک چییـە» هەبوونـی دەوڵەتێـک بۆخـۆت و سـەرکوتی ئەوانیـتر یـان نەبوونـی دەوڵـەت و سـەرکوت نەکردنـی کەسـی تـر. ئـەوە ڕاسـتە کـە ئێمـەی کـورد زۆر ئاسـتەنگیمان دیتـوون بـەڵام ئـەو شـتەی کـە دەبێـت کوردەکان شـانازی پێـوە بکـەن ئەوەیـە کـە سـەدان سـاڵی تـر، بەرەکانـی داهاتـوو شـەرم ناکـەن لـەوەی کـە نەتـەوەی تریـان سـەرکوت کردبێـت.»
ئـەو هەروەهـا باسـی لـە بنەڕەتیتریـن مافەکانـی مـرۆڤ بـۆ کـوردان کـرد کـە لـە خاکـی خۆیانـدا بنپـێ کـراوە و زمانـی دایکـی و کولتـووری خۆیـان قەدەغـە کـراوە. تەنانـەت ئەمـڕۆ، لـە تورکیـە دەبێـت منداڵانـی کـورد ئـەم سـوێند بخـۆن: «مـن تورکـم. مـن تێدەکۆشـم...» ئـەوە بـۆ تورکیـە و مرۆڤایەتـی شـەرمە کـە ئیدیۆلۆجییەکـی فەرمـی بسـەپێنێت کـە ئامانجـی تواندنـەوەی کـوردان و نکۆڵییـە لـە کولتـوور و ناسـنامەیان، شـتێک کـە تەنانـەت لەنـاو ڕژێمـە فاشیسـت و سەربازییەکانیشـدا نموونـەی نەبـووە. هەروەهـا، زانـا ئەوەشـی وت کـە کـوردەکان درێـژە بـە خەباتـی ئاشـتیخوازانەیان بـۆ ئـازادی و مافەکانـی مـرۆڤ بـە دژی ڕژێمـە سـەرکوتکار و ناعادەڵـەکان لـە هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتاندا دەدەن.

هاری ڤان بومل، وتەبێژی کاروباری دەرەوەی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەند وتی، «ئێمە پشتیوانی لە خەبات بۆ دێموکراسی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین و هەروەها داواکارین کە کومەڵگای کورد ئازادی پێبدرێت. من ئەم کۆنفرانسە گرینگە وەک بانگەوازێک بۆ دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بۆ کوردەکان لە سەرانسەی جیهاندا دەبینم.

**جەختکردنەوەی کۆنگرە لەسەر تەندروستیی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی**

ئالان گرینگترین کاری خۆی کە فەلسەفەی سەلوتۆجێنیک بوو، هێنای بۆ کۆنگرەکە. لەنێوان وتارە پەیوەندیدارەکان بە تەندروستیدا، وتارەکەی خۆی لەسەر ڕێبازی سەلوتۆجێنیک بۆ ژێرخانەکان باس کرد. یەکێک لە بەنرخترین ئەنجامەکانی کۆنگرە بڵاوکردنەوەی کتێبێک بوو کە زۆربەی وتارە پێشکەشکراوەکانی لە خۆ گرتبوو. وەک بەرگی یەکەمی ڕوانگەکان لەسەر ئابووریی و کۆمەڵگای کوردستان لە تێپەڕیندا، بڵاو کرایەوە و خرایە بەردەستی هەمووان بۆ ئەوەی ئەم ڕووداوە مێژووییە تۆمار بکات.

**وتەی نوێنەرەکان**

بەشداربوویەک وتی «زۆر کەس لە کوردەکان، دەبێت شانازی بکەن بە بینینی یەکەم کۆنگرەی جیهانیی کوردستان. تیمی سەرەکی ئەوە بوو کە چۆن کوردستان ببێتە کۆمەڵگایەکی یەکگرتووی، سەقامگیری، پێشکەوتنخواز. زۆر ڕوون بوو کە ڕێگەی تێگەیشتن لەم دید و تێڕوانینە درێژە و زۆر ئاستەمە بەڵام کۆنگرە هەنگاوێکی گرینگ بوو. بەبێ هیوا، سەختە هەوڵێکی کاریگەر بدرێت، بۆیە کۆنگرە دەوری خۆی بینی لەوەی جارێکی تر بڵێسەکانی هیوا زیندوو بکاتەوە.»

**بەرەو دووهەم کۆنگرەی جیهانیی کوردستان: هەولێر ٢٠١٢**

بە دوای سەرکەوتنی یەکەمی کۆنگرەدا، ئالان دەستی کرد بە ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی دواتر. ئەو چەندین جار سەفەری کرد بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی، سەرۆک وەزیر نێچیرڤان بارزانی و وەزیرەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کۆ ببێتەوە تاکوو کۆنگرەکە ببات بۆ کوردستان. کۆنگرەی دواتر لە هەرێمی کوردستان لە چوار ڕۆژاندا لە هەولێر لە ١١-١٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٢ بەڕێوە دەچێت. میدیای کوردی بە ستایشەوە باسیان لە ڕوانگەی داهێنەرانەی کۆنگرەی جیهانیی کوردستان دەکرد. ڕووداوێکی زۆر سەرکەوتوو بوو، کە بەباشی لە پایتەختی کوردستان بەڕێوە چوو. بەشداری لە فۆرومێکی وادا لە کوردستان بۆ بەشداربووان گرینگ بوو. بەشداربووانی هەموو پارچەکانی کوردستان پەیامێکی بەهێزیان بۆ وڵاتانی دراوسێ نارد ئەویش ئەوەی کە کوردەکان یەکگرتوون. ئامادەیی چەندین کاناڵی تەلەفزیۆنیی کوردی، عەرەبی و تورکی پەیامێکی ڕوونی نارد کە کوردەکان لەسەر زانست تەرکیزیان کردووە.




تیرِوانینەکان لەسەر ئابووریی و کۆمەڵگای کوردستان لە تێپەڕیندا



هەندێک وێنەی یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی کوردستان




کۆمیتەی زانستیی کۆنگرەی جیهانیی
کوردستان ٢٠١٢



لەگەڵ دوکتور نەجمەدین کەریم،
پارێزگاری کەرکووک لە بینای پارێزگاری

## وەڵامێکی دڵخۆشکەر

کۆنگرەی جیهانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ هەلێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو کەسانەی تێیدا بەشدار بوون. لەو کاتەوە کە بانگەوازی وەرگرتنی وتار بڵاو کرایەوە، کاردانەوەکان دڵخۆشکەر بوون. زیاتر لە سەد وتار هاتبوون. زیاتر لە شەشسەد کەسی سکۆلار نە تەنیا لە کوردستانەوە بەڵکوو لە تاراوگە و زیاتر لە بیست وڵاتەوە کۆ ببوونەوە. ئەو بەربڵاوییە کەشێکی بۆ وتووێژی زانستیی زانیاریبەخش و پێکهێنانی تۆڕێکی نێونەتەوەیی لە هەولێری پایتەخت خوڵقاند. هەیەجانێکی زۆری دروست کرد. زۆر پەیوەندی ساز کران کە مەبەستیان تەنیا ئامانجێکی هاوبەش بوو کە ئەویش پێشکەشکردنی پرۆژەکانی داهاتوو بۆ بەرەوپێشبردنی زانیاریی پیشەیی و پرۆفیشناڵ بوو.



لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیری
حکومەتی هەرێمی کوردستان



لەگەڵ ئەحمەد تورک،
سیاسەتوانی کوردستان

بۆ زۆربەی کوردانی تاراوگە، کوردستانێکی سەربەخۆ هێشتا شیرینترین خەونیانە و قەت ڕەچەڵەکی خۆیان لە بیر نەکردووە. ئەو کەسانەی چوونەتە دەرەوە بەو ئاواتە چوون کە ڕۆژێک بگەڕێنەوە سەر خاکەکەیان، خەونێک کە لە ئێستادا سەختە بێتە دی، چونکە، لەو وڵاتانەی کوردەکانی تێدا دەژین مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بە فەرمی نەناسراوە.

دوای چەندین دەیە شەڕ، کوردەکانی عێراق سەرەنجام کۆنترۆڵی خاکی خۆیان گرتۆتە دەست و لە پرۆسەی پێکهێنانی نەتەوەدان. وێڕای پێشکەوتنی بەرچاوی ژێرخانەکان و پێشکەوتن لە کشتوکاڵ و بوارەکانی دیکەی ئابووریدا، نەتەوەی کورد هێشتا پێویستی بە شارەزایی زیاترە، زۆر زیاتر لەوەی کە کوردانی تاراوگەش بتوانن دابینی بکەن.

## پشتیوانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان

دڵاوایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پشتیوانیی کۆنگرەدا ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئاسان کردەوە و لە زۆر ڕووەوە کۆنگرکە بەرفراوانتر بوو. شوێنێکی گەورەتر بۆ کۆبوونەوە دیاری کرا، کەسانی گرینگ لە سەرانسەری جیهانەوە بانگهێشت کران، کە بە یارمەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانییان سەفەر بکەن بۆ هەولێر. بۆ زۆربەی بەشداربووان، ئەوە یەکەم جاریان بوو کە بگەڕێنەوە کوردستان. بۆ ئەوانی دیکە گەڕانەوەیەکی خۆش بوو کە دەیانتوانی کەسانی تر ببینن کە لە تاراوگە دەژیان. ئامادەبووان لە وڵاتانی ئوسترالیا، ئێران، تورکیە، قەرقیزستان، ئیسرائیل، پۆرتوگال، یۆنان، ئیسپانیا، بریتانیا، فەڕانسە، هۆڵەندا، بولگاریا، دانیمارک، ئاڵمان، سوید، نەرویج، فەنلاند، مالیزیا، کۆریای باشوور، هیند، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەداوە هاتبوون.



لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی

یەکێک لە بەشداربووان کە چەند دەیە لەمەوبەر و لەژێر حوکمڕانیی سەدامدا سەردانی هەولێری کردبوو، سەری سووڕمابوو لە فڕۆکەخانەی ڕازاوەی هەولێر و پێشوازیی کارمەندانی داییرەی کۆچبەران. فڕۆکەخانە جمەی دەهات لەوانەی تازە دەهاتن و چاوەڕێ بوون بۆ جاری یەکەم سەیری وڵاتەکەیان بکەنەوە.
ئەو دوانیوەڕۆیە، خەڵک چوونە هۆڵی کۆبوونەوەی سەعد، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دروست کراوە. ئەوانی تازە هاتبوون، چاوەڕێ بوون کە ناوەکانیان وەربگرن و ئەوانی تر خەریکی دامەزراندنی پۆستێرەکان بوون لە گالەرییەکدا لە ڕێڕەوەکەدا. زۆر کەس باسیان لەوە دەکرد کە چۆن هاتوون بۆ ئەوەی لە ڕێگەی شارەزاییەکەیانەوە خزمەت بە داهاتووی وڵاتەکەیان بکەن. لایەنە لۆجیستیکییەکان بێکێشە نەبوون بەڵام ئارەزوومەندی و دڵخۆشیی بەشداربووان زۆر بەرچاو بوو. فەلاح مستەفا، سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی

دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەختی کردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر دڵخۆشە بە یەکگرتنەوەی ئەو هەموو کەسە ئەکادیمی و زانستییانەی تاراوگە.
هەڵبژاردنێکی دەوڵەمەندی دانیشتنەکان بەهای بابەتە نێوان-بوارییەکانی زیاتر دەرخست کە لەلایەن زانایانی کورد و ناکوردی سەرانسەری جیهانەوە پێشکەش دەکران. ژمارەیەکی زۆر زیاتر خەڵک لە چاو کۆنگرەی یەکەم کۆ بوونەوە. بابەتەکان لە بابەتی کۆنکریتەوە بوون تا بابەتی ئەبستراکت، لە خاکی کوردستانەوە تاکوو دەروونی تاکی کورد. وتارەکانی زانست تێکەڵ بە ئابووری، کۆمەڵناسی تێکەڵ بە وزە، تەکنۆلۆژی بە بەرنامەی خۆراک و تەندروستی، کشتوکاڵ بە گرینگیی بارهێنان و پەروەردە، و کارکردن لەگەڵ کەسانی گەنج بۆ بەرەوپێشبردنی کوردستان و کردنی کوردستان بە نموونەیەکی درەوشاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.




ڕێزدانان بۆ ڕەچەڵەکی کوردیی،
لەبەرکردنی جلوبەرگی کورد بۆ کردنەوەی
کۆنگرەی جیهانیی کوردستان



دووهەمین کۆنگرەی جیهانیی
کوردستان، هەولێر، کوردستان

## فۆرومێکی ناوازە و ئاخاوتنی نوێنەران

کۆنگرەی جیهانیی کوردستان هەلێکی بۆ کوردەکان ڕەخساند بۆ ئەوەی پەیوەندی دروست بکەن، لەیەکتر فێر ببن و زانیارییەکانیان هاوبەش بکەن. یەکێک لە بەشداربووان دەڵێت «ئەوە ڕووداوێکی مێژووییە و دەبێت ڕێکخەرانی ئەم کارە درێژە بدەن.»
زەیقام مەحمود لە زانکۆی دێربی وتی «من ئەو پێشکەوتنەی حکومەتی هەرێمی کوردستانم لەو چەند ساڵە کەمەدا پێ سەرنجڕاکێشە.» میوانداریی گەرموگوڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەشداربوویەکی هۆڵەندییەوە بەرز نرخێنرا و وتی «بەخشندەیی و مێهرەبانییان هاوتای نییە، و بە ڕوونی بیڵێم لە چاوەڕوانییمندا نەبوو.»

## کردنەوەی دووهەم کۆنگرەی نێونەتەوەیی کوردستان

کاتێک میوانەکان گەیشتنە هۆڵی سەعد، ئاسمان ساماڵ بوو. چونکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ئامادە دەبوون، هەوڵی زۆر بۆ ئاسایش و پاراستن درابوو، سێ چوار ڕیز لە هێزەکانی پاراستن لە دەوری شوێنی کۆنگرە ڕیز ببوون. لە هێڵێکی درێژدا لە شوێنی چوونەژوورەوەدا هەموو کەس بە وردی دەپشکنرا. بردنی کامێرا و مۆبایل ڕێگەی پێنەدەدرا و ساکەکان بە ماشینی تیشکی ئیکسدا تێدەپەڕین.

لەناو بیناکە دەنگەدەنگێکی زۆر بوو. هۆڵەکە شەشسەد کەسی تێدا بوون. لەوانە کابینەی بارزانی، باڵوێزەکان، و نوێنەرانی حکومی دیکەش هەبوون.

ڕۆژەکە بە سرودی نیشتمانیی کوردستان ئەی ڕەقیب دەست پێکرا. هەموو ئامادەبووان هەستانە سەرپێ بۆ ئەوەی سرودەکە بخوێننەوە و ئەوە چاوەڕوانییەکان و وزەی بردە سەر. ئەو کۆنگرە سەدان کەسی تاراوگەی لە دەوری یەکتر و لە شوێنێک کۆ کردبۆوە کە لە ئێستادا بەهەشتی کوردانی تاراوگە بوو. هیوا بە داهاتوو و نەتەوەیەکی یەکگرتوو، لەگەڵ لێدانی سرودەکە دڵی هەمووانی لێوڕێژ کردبوو.

## ڕۆژنامەوانی ئیسپانی، مانوئێل مارتۆرێل لەسەر کۆنگرە بەم شێوەیە ڕاپۆرت ئامادە دەکات

کۆنگرەی زانستیی جیهانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ لە ڕۆژانی ١١ تا ١٤ ئۆکتۆبەردا، ئەم ناوچەیەی عێراقی خستە سەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە نزیکەی پێنج ملیۆن کەسی تێدا دەژین. زیاتر لە پێنسەد توێژەر، کەسانی پسپۆڕ، پرۆفیسۆرەکانی زانکۆ، کە زیاتریان کوردانی تاراوگە بوون، وەڵامی داوکاریی حکومەتی هەرێمیان دایەوە. ئەوان هاتبوون بۆ ئەوەی بیرۆکەکانیان هاوبەش بکەن و ڕێچکەیەک بنەخشێنن تاکوو ئەم ناوچەیە بیگرێتە بەر بۆ ئەوەی بە نوێترین سیاسەتەکان بەرەو پێشکەوتن بچێت.

هەرکەس ئەو هەلەی بوو‌بێت دوای شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١دا سەردانی کوردستانی عێراقی کردبێت، پێی سەیر دەبێت کە چۆن لە بیست ساڵدا ئەو ناوچەیە تا ئەو ئاستە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەو شارانەی کە تەواو خاپوور ببوون (پێنجوێن، خورماڵ، قەڵادزێ) نە تەنیا هەستاونەتەوە بەڵکوو لە دایک بوونەوە. ئێستا ناوچەیەکی چۆڵەوانی بەشی زۆری بووە بە ناوچەی شاری. پەرەسەندنی ناوەندی پارێزگاکان وەک هەولێر، سلێمانی و دهۆک مۆعجیزەیەکمان پێ نیشان دەدات کە دوو دەیە لەمەوبەر لەو ناوچەیە ئەو شتە نەبوو.

بینای نوێ، مۆڵی کڕین، فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی، کارگەی چیمەنتۆ، تۆڕی کارەبا، پیشەسازیی نەوت، زانکۆ، ڕێگاوبان تەنیا چەند هێمایەکن بۆ ئەو پێشکەوتنەی دەستی پێ کراوە. ئەم گۆڕانکارییانە نە تەنیا کوردستانی عێراقییان کردووە بە مەکینەیەکی ئابووری عێراق بەڵکوو بووە بە ناوەندێکی گرینگی ئابووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش.

بەڕوونی لە کۆنگرەدا بەربڵاوی و قووڵیی شیکارییەکانی بابەتەکان دەبینرا. وەک سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی وتی «ئەو کۆبوونەوە هەلێکە بۆ کوردانی تاراوگە بۆ ئەوەی دەوری خۆیان بگێڕن و بەشێک بن لە پرۆسەی دروستکرنی وڵاتێکی نوێ.»

زۆر وتار باسیان لەسەر کێشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسی و ئابووریی نوێ لە ناوچەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد: کاریگەریی کۆمەڵایەتیی گەورەشارەکان کە تا دێت گەورەتر دەبن، کەمی خزمەتگوزارییە بنەماییەکان، دەرەنجامی کۆچ لە گوندەوە بۆ شار، پێویستیی سیاسەتی گەشە لە ناوچە گوندنیشنەکان، پێویستی بە کشتوکاڵێکی خۆژێین، پێویستیی دامەزراندنی کەرتێکی بەرهەمهێنەری پیشەسازی، کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکان جگە لە نەوت و گاز، وەک ئاو و گەشتیاری، بەشداریی سەرجەم حیزبە سیاسییەکان و هتد.



بەشداربووان لە دەستپێکی کۆنگرەدا سرودی نەتەوەیی دەڵێنەوە

لیستی گریمانەکان بۆ پەرەسەندنی ئەم ناوچە سەربەخۆیە دوور و درێژە. بەڵام یەکەمین و لەپێشترینیان، کۆنگرەی جیهانیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ نموونەیەکی درەوشاوە بوو لەوەی کە حکومەتی هەولێر هێشتا سەرچاوەیەکی مەزنی مرۆیی بەدەستەوەیە کە زۆر لێهاتوون و گەورەترین سەرچاوەیە کە دەکرێت لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەدا کەڵکی لێ وەربگیرێت. زۆربەی ئەو کەسانەی بە هۆی سەرکوت، پاکتاوی ڕەگەزی، و جینۆسایدەوە کە لە ساڵانی ١٩٨٠ لە عێراق ڕووی دا، ڕایان کردووە، ئەوان توانیویانە پلەی زانستیی بەرز بە دەست بهێنن و لە زانکۆکانی ئەورووپا، کەنەدا، ئەمریکا و ئوسترالیا خوێندوویانە.
هەر بەم هۆکارە، زۆر جێگەی ناڕاحەتییە ئەگەر ئەم سەرمایە بەنرخە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لە سیاسەتەکانی هەولێردا کەڵکی لێ وەرنەگیرێت. هەندیک لە ئامادەبووان پێشنیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەکی شارەزایانیان کرد کە بتوانن لەگەڵ حکومەتی هەرێم کار بکەن بۆ ئەوەی گرینگترین پرۆپۆزاڵەکان بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئامادەبوویەکی کوردستانی ئێران باسی لەوە کرد کە ئەو ناوچەیە لەمێژوودا، بۆ چل ملیۆن کورد لە وڵاتانی عێراق، ئێران، تورکیە، سوریە بە هۆی سنوورەکانەوە لێک دابڕاوە. ئەو کەسە گەنجە، باسی لەوە کرد کە نزیکەی دە ملیۆن کورد لە ئێران، لە ئێستادا، کوردستانی عێراق وەک پێشەنگ سەیر دەکەن کە دەبێت لە داهاتوودا کوردستانی ئێرانیش بەو ئاڕاستەدا بڕوات.

دەکرێت هەمان شت بۆ ناوچە کوردستانییەکانی تورکیە (بیست ملیۆن) و سوریە (دوو ملیۆن) بوترێت. ڕاستی ئەوەیە کە کوردەکان، گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی دنیا، قەت ئەو هەلەیان نەبووە کە ئێستا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان هەیانە. تاکە نموونەی نەتەوەسازیی هاوشێوە، کۆماری مەهاباد بووەکە لە جەنگی جیهانیی دووهەمدا بە یارمەتیی سۆڤیەت لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران پێکهات. ئەو حکومەتە تەنیا ساڵێک درێژەی کێشا، لە ئۆکتۆبری ١٩٤٦ بۆ ١٩٤٧ تەمەنی ئەو حکومەتە بوو کە ئەرتەشی ڕەزاشا بە یارمەتیی ئەمریکایی و بریتانییەکان توانییان لەناوی ببەن.

لە دوازدە مانگەدا، کۆماری مەهاباد بە ڕێبەری قازی موحەمەد -کە لەگەڵ هاوڕێیانی بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک لە سێدارە دران- پشتیوانیی ڕۆشنبیران، سیاسەتوانان و هێزە کوردییەکانی عێراق، سوریا و تورکیای هەبوو. نموونەیەک لەوانە چوار ئەفسەرەکەی سلێمانین کە پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد گەڕانەوە عێراق و لە دار دران. کەسانی دیکە وەک موستەفا بارزانی لە عێراقەوە توانی ڕابکات بۆ یەکیەتی سۆڤیەت و لەوێ ببێتە پەنابەر. شەست و پێنج ساڵ دوای شکانی کۆماری مەهاباد، کوڕەکەی بارزانی، واتە مەسعود، جارێکی تر بە شوێن پشتیوانیی نێونەتەوەییە بۆ ئەوەی کوردەکان ئەم هەلە نوێ و مێژووییە لە دەست نەدەن تاکوو خەونی بە دەوڵەتبوونیان بێتە دی. بەدیهاتنی ئەو خەونە قەت وەک ئێستا نزیک نەبووە.

## سەرۆک بارزانی قسە دەکات

سەرۆک مەسعود بارزانی کۆبوونەوەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات: «هیواداریـن بە زانیاری، شارەزایی و هاوکاریی ئێوە لەگەڵ کاربەدەستان، بتوانن ئەزموونی خۆتان بۆ ڕەواندنەوەی کەموکوڕییەکانی کوردستان بە کار بهێنن.» بارزانی وتی «ئەم کۆنگرە بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان و گەیشتنیان بە هاودەنگی و ستراتیجییەک بۆ خەڵکی کوردستان، مێژووییە.» ئەو بە ئامادەبووانی وت : «ئەم کۆنگرەیە کە سێ ڕۆژی داهاتووش درێژەی دەبێت، یارمەتیدەری بەدیهاتنی خەونی لەمێژینەی یەکگرتنی هەموو لایەنە کوردییەکانە.» فەلاح مستەفا، بەرپرسی کاروباری دەرەوە، پەیامەکەی بارزانی دووپات کردەوە: «هەروەک سەرۆک وتی. ئێمە تەنیا نابێت لەسەر هەڵچنینی بیناکان جەخت بکەینەوە، بەڵکو دەبێت لەسەر دروستکردنی بەها مرۆییەکان، دیموکراسی، یەکسانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی کار بکەین.»

## دانیشتنێک لەگەڵ وەزیران و زانکۆکان

چەندین وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستاندا ئامادە بوون بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی خۆیانەوە باس لە پرسە هەنووکەییەکان بکەن و ستراتیجییان بۆ کێشەکانی بەردەمیان بخەنەڕوو. ئەم دانیشتنە لەگەڵ وەزیران و سەرۆک زانکۆکان زۆر پێشوازی لێ کرا.

## دەرەنجامە ئەرێنییەکان

لە نێوان ئامادەبووان و فەرمانگەکانی حکومەتی و زانکۆکانی کوردستاندا پەیوەندی دروست بوو. زۆر ئەندامی تۆڕی توێژینەوە کوردییەکان، تۆڕێکی توێژینەوەی جیهانی لە زانایانی توێژینەوە کوردییەکان، بۆ یەکەم جار ئامادەی کۆنگرەی جیهانیی کورد بوون. کۆنگرەکە چوارچێوەیەکی بۆ ئەوان دابین کرد بۆ ئەوەی توێژەرانی دیکەی کورد بناسن و پەیوەندییان لەگەڵ بگرن تاکوو بیرۆکە و پرۆژەی نوێ پێشکەش بکەن.




وتاری مەسعود بارزانی
لە کۆنگرە، هەولێر

وڵات چاوش ئۆغڵو دامەزرێنەر و ڕێکخەری تۆڕی توێژینەوە کوردییەکان بە ڕووداوی وت: «لە کۆنگرەی جیهانیی کوردستان لە هەولێر، هەندێکمان بۆ یەکەم جار لە نزیکەوە یەکترمان دەبینی.» ئەوەشی زیاد کرد کە لە کۆنفرانسەکەدا، بڕیار درا جورناڵێک بۆ توێژینەوە کوردییەکان دامەزرێنرێت. زەیدان لێ ئۆغڵو وتی «لەو کاتەدا هیچ جورناڵێکی توێژینەوە کوردییەکان نەبوو کە بتوانێت پێداویستییە ئەکادیمی و ستانداردە نێونەتەوەییەکانی هەبن، لە کاتێکدا بوارەکانی تر چەندین جورناڵیان هەیە.»

لە کۆنگرەکەدا هەروەها کتێبی وتارەکانی ساڵی ٢٠١١ی کۆنگرەی جیهانیی کوردستان خرایە ڕوو کە لەلایەن پەخشانگەی زانستیی نۆڤاوە ئامادە کرابوو و ئەڵماس حێشمەتی، ئالان دیلانی و سیروان بابان هەڵەگرییان کردبوو. کتێبەکە داهێنانی بیست زانای کورد و ناکوردی تێدا بوو، کە باسیان لە پرسە گرینگەکانی کورد دەکرد. هەڵەگرەکان هەروەها کتێبێکیان لە کۆنگرەی دووهەمیش ئامادە کرد کە بیست و شەش وتاری لە خۆ دەگرت و ساڵی ٢٠١٣ بڵاو کرایەوە.

دەروونناسی ئوسترالیایی ئەفسانە جوڵان لە پەیامێکدا بۆ ئالانی نووسی «هەر کام لە وتارەکان بە شێوەیەک زانیاریبەخش بوون. بۆ من بەرچاوترین بەشی ڕووداوەکە وتارەکەی تۆ و کەسایەتیت بوو کە ئاوێتە بوو بە بوێری و تێکۆشانت بۆ ڕێکخستنی ئەم ڕووداوە. هیوادارم ڕێچکەی تۆ بگرمە بەر بۆ ئەوەی خزمەت بە نەتەوەکەمان بکەم. وەک زۆر کەسی تر کە لە کۆنفرانسەکەدا ئامادە بوون، ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە کە بگەڕێمەوە کوردستان تاکوو دوکتوراکەم تەواو بکەم. هۆکاری ئەوەی کە ئەم شتەت لەگەڵ باس دەکەم ئەوەیە کە من قەت پێشتر بیرم لەوە نەدەکردەوە کە بگەڕێمەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیش بکەم. بەڵام بە بۆنەی تۆوە ڕوویەکی تری کوردستانمان بینی و زۆر هۆکار هەن کە دەبێت لەبەرچاویان بگرین تاکوو لە دروستکردنەوەی نەتەوەیەکدا کە بۆ چەندین دەیە تووشی کێشە بووە، یارمەتیدەر بین. سپاس بەو ئەزموونە مەزنەی خۆت کە بۆت باس کردین، و ئەو هەلەی کە توانیمان ژمارەیەکی زۆر لە کوردان بە دەستکەوتی بەرزەوە ببینین. سپاس بۆ هاندانت و بردنی ئێمە بەرەو جیهانێک کە پڕە لە هەل و دەرفەت.»

دیاکۆ ئیبراهیمی لە ئوسترالیاوە وتی: «من زۆر کەسم بینین، زۆر شت لە کۆنفرانسەکە و لە سەفەری کوردستان فێر بووم. من پیرۆزبایی لە هەمووتان ئەکەم کە توانیتان زانایانی کورد لە ناوخۆ و دەرەوە کۆ بکەنەوە.»




فەلاح موستەفا، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئـەم کۆنگـرە هەروەهـا زۆر هاوڕێـی دێرینـی لێـک نزیـک کردنـەوە کـە تونودتیـژی و سـەرکوت لـە وڵاتانـی خۆیانـدا لێکـی دابڕیبـوون. دوو هـاوڕێ کـە دوای شۆڕشـی ئیسـلامی خومەینـی زیندانـی کرابـوون لـەوێ یەکیـان گرتـەوە.

**سێهەم کۆنگرەی جیهانیی کوردستان: ستۆکهۆڵم، ٢٠١٣**

سێهەمین کۆنگـرەی جیهانیـی کوردسـتان لە سـتۆکهۆڵم لە شـوێنی پێشـووتری ئەکادیمیـای موزیکی پادشـایەتی بەڕێـوە دەچێـت کـە ئێسـتا بـە موزیکالیسـکا نـاسراوە. ئـەو بینایـە بەشـکۆیە و لـە کەنـاری دەریـا لـە نیبرۆڤینکێـن، لـە ناوەنـدی شـار هەڵکەوتـووە. پشـتیوانیی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ کۆنگـرەی جیهانیـی کوردسـتان لە ستۆکهۆڵمیش خـۆی دەرخسـت. وێـڕای زۆر بەربەسـتی ناوخۆیـی لەگـەڵ خـودی کۆمەڵـگای کـوردی، سیاسـەتی حیزبـەکان و قۆرخکاریـی دەسـەڵات کـە بۆتـە هـۆی دابەشـبوونی کـوردان، کۆنگرەکـە بەڕێـوە چـوو.

ئـەم ڕووداوە لـە موزیکالیسـکا، بـە ئامادەبوونـی وەزیـری حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، فەلاح مسـتەفا بەرپرسـی پەیوەندییەکانـی دەرەوە، سـیروان بابـان وەیزیـری کشـتوکاڵ و سـەرچاوە ئاوییـەکان، و کاربەدەسـتان، نوێنـەران و پەرلەمانتارانـی سـوید، کەنـەدا، ئیسـرائیل، کۆمەڵـگای ئەرمەنـی و جـووەکان بەڕێـوە چـوو.

شـتێکی سـەرنجڕاکێش کۆکردنـەوەی سـێ کۆمەڵـگای جیـاواز بـوو: جـووەکان، ئەرمەنییـەکان، کۆمەڵـەی یۆنانییەکانـی کانـادا کـە لـە دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتەکەیـان و جیهانـی دەرەوە سـەرکەوتوو بـوون. ئـەو پەیوەندییانـە بوونەتـە هـۆی باشـترکردنی ناسـنامە، کولتـوور و گەشـەی ملیۆنەهـا کـەس لـە خەڵکەکەیـان. بـە ڕوونـی، هەوڵـە جیهانییەکانـی ئـەوان، لـە کاتـی تەنگانـە و قەیرانـدا بـە تەنـگ نەتەوەکەیانـدا هاتـووە و وەچـە گەنجەکانیـان لـە دەرەوەی وڵات بـەرەو چارەسـەری کێشـەکان هاتـوون. دەسـتڕاگەیشـتن بـە گەنجـەکان بۆتـە هـۆی ئـەوەی کـە لاوەکان بهێننـەوە بـۆ وڵاتەکەیـان تاکـوو پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ و هەسـتپێکراویان لەگـەڵ ئـەو شـوێنە ببێـت.



وەزیرانی حکومەتی هەرێم چالاکانە لە
کۆنگرەدا بەشداری دەکەن




ڕوانگەکان لەسەر ئابووری و
کۆمەڵگای کوردستان لە تێپەڕیندا،
بەرگی دووهەم

## کوردانی تاراوگە

گروپەکانی دیکەی دەرەوەی وەڵاتی سەرکەوتووانە لەگەڵ کاربەدەستە پلەباڵانی ئەو وڵاتانەی لێی دەژین پەیوەندییان دروست کردبوو بۆ ئەوەی هاوکارییەکە توندوتۆڵ بکرێت. یەکێک لە ئامانجەکان پاراستنی مافەکانی کوردانی دەرەوە بوو. ئالان وتی «پشتگیریی مافی یەکسان بۆ کوردستان پێویستە بخرێتە بەرنامەی ڕۆژڤەوە بۆ ئەوەی پرسی کورد بەرەو پێش بچێت. بۆ ئەوەی کوردەکان ببنە هێزیکی گەورە کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای جیهانی دانێن، دەبێت ستراتیجی درێژخایەن دابنرێت.

«ئەو ستراتیجییە درێژخایەنەی کە من باسی لێدەکەم سەرمایەگوزاریی مادی و ئامادەکاری بۆ باشترین کەسانی ناو کورد لە خۆ دەگرێت کە ئەو کارە بکەن. هێزێکی پێکهاتوو لە کوردانی پسپۆڕ، کە بتوانن لە زانکۆکان، حکومەتەکان و سیستەمەکانی دادوەریدا لە ئەورووپا و ئامریکا پشتیوانی بۆ کورد چێ بکەن ڕێگەی بۆ بەدیهاتنی خەونێکی دوور و درێژی کوردان سادە دەکاتەوە. پێویستە ئێمە پشتیوانی لەو کەسانە بکەین کە هەڵوێستیان هەیە.»

## وەزیرێکی کوردستان باس لە ڕۆڵی کوردانی تاراوگە دەکات

وەزیری پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەلاح مستەدا باسی لە ڕۆڵی گرینگی کوردانی تاراوگە لە پشتیوانی دامەزراوە کوردییەکان و حکومەتی هەرێم بۆ بازرگانی، فێرکاری و پەیوەندییە کولتوورییەکان کرد. ئەو وتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیهەوێت پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ کوردانی تاراوگە ڕابگرێت و سەرۆکی حکومەتیش پشتیوانی لە ئامانجی کۆنگرە کردووە کە کوردانی تاراوگە پشتیوانی گەشەی کوردستان بن. ئەوەشی زیاد کرد «ئێمە هیواداریـن بتوانین بەم جۆرە کۆنگرانە، بلیمەت و شارەزایان لەسەرانسەری جیهان کۆ بکەینەوە کە بە هۆی مێژووی هەژێنەرمان بڵاو بوونەتەوە و بە کۆکردنەوەیان سوود بگەیەنین بە نەتەوەکەمان.»

**بابەتەکانی تری وتارەکان**

فرێدریک مالم، ئەندامی پەرلەمانی سوید و بەڕێوەبەری گرووپی پەرلەمانتاریی سویدی-کوردستانی باسی لەوە کرد کە لە ئێستادا لە سوید و سکاندیناڤیا چۆن سەیری کوردستان دەکرێت. ئەو وتی «لە بەشی باکووری ئەوروپا، کوردستان تا دێت زیاتر و زیاتر بۆ ئێمە جێی بایەخ دەبێت، هەم لە باری ئابووری و هەم لە باری جیۆپۆلۆتیکییەوە.»




سێهەمین کۆنگرەی جیهانیی کوردستان، ستۆکهۆڵم

**دەستکەوتەکانی کۆنگرەی جیهانیی کوردستان: ئاوڕێک بۆ دواوە، ڕوانینێک بۆ داهاتوو**

کۆنفرانسەکە بە باسێک لەسەر پێکهاتە و ئاراستەی کۆنگرەی جیهانیی کوردستان لە داهاتوودا کۆتایی پێهات. وەزیری پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەلاح مستەفا، بە بۆنەی دەستکەوتەکانی کۆنگرەکە لە سێ ساڵدا، پیرۆزبایی کرد. ئەو کۆنگرەی جیهانیی کوردستانی هان دا بۆ ئەوەی هەنگاوی دواتر بە دانانی ئامانجی ڕێکخستنەوە و دامەزراندنەوە و پەیامی یەکگرتوویی بەڕێوە ببات. ئەو پشێنیاری کرد کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەربگیرێت بۆ ئەوەی کەسانی زیاتر لە دەرەوەی وڵات بێن بۆ کۆنگرەکە. بیرۆکەیەکی دیکە ئەوە بوو کە لەسەر ئەو بابەتانە وتار وەربگیرێت کە خاوەنی پەیام و پێشنیارن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی وەک فیدراڵیزم، ناوچە جێناکۆکەکان، و چاکسازی لە دامەزراوە سەرەکییەکاندا. فەلاح مستەفا بەم وتانە وتارەکەی تەواو کرد «با بڕوا بەوە بکەین کە نیوەی ئاوەخۆرەکە پڕە. ئێمە ئامانجێکی هاوبەشمان هەیە و ئەویش ئەوەیە کە هەردوولایەن خزمەت بە کوردستان بکەین.»

ئەڵماس حیشمەتی بە گەڕانەوە بۆ سێ ساڵی ڕابردووی کۆنگرەکە وتی: «دەستکەوتی کۆنگرەی جیهانیی کوردستان ئەوە بوو کە کوردان بە خەونی هاوبەشەوە لەژێر سەقفێکدا کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی گوێ بۆ یەکتر بگرن و بیرۆکەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن. ئەوە هەلێکی ناوازە بوو بۆ هەمووان تاکوو یەکتر بناسن. زۆر

ئەم تروسکایی هیوایە نموونەیەکی باشە بۆ دانانی جورناڵگەلێک لەسەر بوارەکانی توێژینەوەی کوردی، پیشەسازی و سیاسەت.

بەسوود بوو. دواتر هەنگاوی زیاتر هەڵدەگرین بۆ بڵاوکردنەوەی وتارەکان تاکوو بایەخی ئەم کارە بۆ نەتەوەی کورد پیشان بدەین. دەستکەوتەکانی ئەم کۆنگرە بە شێوەی نێونەتەوەیی بۆ دامەزراوە فێرکارییە کوردییەکان و کتێبخانەکان دەنێردرێت. هەزارن خوێندکاری کورد لە دەرەوەی وڵات هەن کە لە بوارە جیاجیاکاندا دەخوێنن. ژمارەیەکی زۆر کەم سەرچاوەی کوردی بۆ توێژینەکانیان لەبەر دەستدایە. زۆر کتێب بە زمانەکانی ئاڵمانی، فەرەنسی، ئیتالی یان ئی گەڕیدە ئەمریکایی و بریتانییەکان هەن کە سەفەری کوردستانیان کردووە و لەسەر خێڵە کوردییەکان نووسیویانە. بەڵام ئەمە یەکێک لەو دەگمەن کۆ وتارانەیە کە لە ڕاستیدا چاپ بووبێت و بە باشی بڵاو کرابێتەوە. ئەم تروسکایی هیوایە نموونەیەکی باشە بۆ دانانی جورناڵگەلێک لەسەر بوارەکانی توێژینەوەی کوردی، پیشەسازی و سیاسەت.

## گۆڕینی ڕێگە

دوای سێ ساڵ بەڕێوەبردنی کۆنگرەی جیهانیی کورد، ئالان دیلانی بڕیاری دا کە لەو ئەرکە بکێشێتەوە. کاتی ئەوە هاتبوو کە کەسێکی تر جێگەی بگرێتەوە تاکوو کۆنگرە لە داهاتووشدا بەڕێوە بچێت. لە دوای کۆنگرەی سێهەم لە ستۆکهۆڵم لە ساڵی ٢٠١٣دا، هیچ کەسی تر هەوڵی نەدا بۆ ئەوەی کۆنگرەیەکی دیکە بەڕێوە ببات بۆیە ئالان بڕیاری دا کە بۆخۆی جارێکی تر بە یارمەتیی پسپۆڕانی کورد کۆنگرەکە بەرەوپێش ببات.

ئالان وتی «کۆنگرەی چوارەم لە ئۆکتۆبری ٢٠١٨دا لە واشینگتۆن دی.سی ناوەندی بڕیارە سیاسییەکانی جیهان بەڕێوە دەچێت تاکوو بۆ یەکەم جار کوردانی تاراوگە بانگهێشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکات و لەگەڵ ئەمریکاییەکان و لایەنەکانی دیکە کە پەرۆشی چارەنووسی کوردن، باسی داهاتووی گەلی کورد بکەین.»

## هەوڵەکان بۆ دروستکردنی شێوەژیانێکی تەندروست لە کوردستان

ئالان هێشتا هیوایەکی زۆری بە وڵاتەکەی هەیە. ئەو درێژەی دا بە هەوڵەکانی بۆ گواستنەوەی زانیاری و زانستێک کە بە ساڵانێک توێژینەوە لە زانکۆ بە دەستی هێنابوو. «من هیوادارم کە سەرجەم ڕێساکانی سەلوتۆجێنیک و پەیڕەوەکانی ببەم بۆ کوردستان. بۆ دامەزراندنی تەندروستییەکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان، پێویستمان بە چاودێرییەکی تەندروستیی بەهێز هەیە کە خەڵک فێر بکات چۆن شێوە ژیانێکی تەندروست بینا بکەن. هەروەها دەبێت چالاکانە ئاستی تەندروستی ببەینە سەر و بەرگری لە نەخۆشی بکەین. هێشتا هیوایەک هەیە بۆ نەتەوە مەزنەکەمان.»

# بەشی هەشتەم
# یاریکەرێک لەسەر شانۆی جیهانی

## ١. ئەرکەکان و ڕوانگەیەک بۆ داهاتوو: لایەنەکانی کاری ئالان دیلانی

کاری ئـالان دیلانـی بریتـی بـوو لـە بەکارهێنانـی زانیارییەکـی نێـوان بـواری، چالاکیـی توێژینەوەیـی و تۆڕێکـی گشـتگیر تاوەکـوو سـەرەکیترین کێشـەکانی کۆمەڵـگا چارەسـەر بـکات، بـە تایبـەت ئـەوەی کـە ژێرخانەکانـی چاودێریـی تەندروسـتی بـەرەو ئاراسـتەیەک ببـات کـە ژیانـی مـرۆڤ باشـتر بکـەن. سـەلوتۆجێنیک ڕێبازێکـی بەرگریکارانەیـە کـە کولتـوورەکان لـە سەرانسـەری جیهانـەوە هـان دەدات بـۆ ئـەوەی بـە شـوێن ئـەو بنەمـا سـەرەکییانە بکـەون کـە خۆشـبژێوی دروسـت دەکات و تێگەیشـتنێکی قووڵـتر لـە پێویسـتیی گۆڕانـی عـادەت و نەریتـە کۆمەڵایەتییـەکان پێـک دەهێنێـت. ئـەو شـتەی کـە لەسـەر دەسـتی ئـەم ڕێبـازە نوێگەرانـە بـەدی دێـت بریتییـە لـە تەندروسـتییەکی باشـتر بـۆ سـەرجەم نەتـەوەکان چ لـە بـاری دەروونـی و چ لـە باریـی جەسـتەییەوە.

**نەوەی نوێ لە کەسانی بلیمەت لە سەرانسەری جیهاندا کار دەکەن و زۆر توێژەرەیان تێدان. ئەو کەسە گەنجانە بەرچاوڕوونییان هەیە و بە تایبەت لەسەر دیزاین و تەندروستی کار دەکەن، من هیوایەکی زۆرم بەو کەسانە هەیە. _ئالان دیلانی**

ئـەو مرۆڤانـەی کـە دووربینـن لـە ڕاسـتیدا کەمـن، زۆربـەی کەسـەکان بیـر لـە سـەرەتایەکی نـوێ، چەمکـی نـوێ و بیرۆکـەی داهێنەرانـە دەکەنـەوە. بـەڵام تەنیـا ژمارەیەکـی کـەم لـەو کەسـە داهێنەرانـە کاتێـک دەسـت دەکـەن بـەوەی خەونەکانیـان بکەنـە واقیـع سـەردەکەون چونکـە ئەگـەری هەیـە بیرۆکەکانیـان لەگـەڵ بیروبڕوایـەک کـە سـاڵەهایە قەبـوڵ کـراوە، بەریەککەوتنـی هەبێـت.
توانایـی ئـالان بـۆ ئـەوەی بەرەوپیـری داهێنـان بچێـت و هـەزاران کـەس لـە سەرانسـەری جیهانـەوە لـە دەوری خـۆی کـۆ بکاتـەوە، تواناییەکـی بێوێنەیـە. ئـەو توانـی وڵاتـان، کولتـوورەکان و سـنوورە کۆمەڵایەتـی ئابوورییـەکان ببڕێـت و کەسـانێکی گرینـگ بـەرەولای بیرۆکەکانـی خـۆی ڕابکێشـێت.
کاتێـک ئـەوە لەبەرچـاو بگـری کـە ئـەو لـە وڵاتێکـدا لـە دایـک بـووە کـە ژیانـی ڕۆژانـە زۆر سـادەتر بـووە لـەوەی کـە لەنـاو نەتـەوەکان لـە سـەدەی بیسـت و یەکـدا بـاوە، زیاتـر گرینگایەتیـی کارەکانـی دەردەکـەون. توانایـی ئـەو لەگـەڵ ئـەو شـارەزاییەی لـە چەندیـن سـاڵدا بـە دەسـتی هێنابـوو، زۆر جێگـەی سـەرنجە. بوێـری دەوێـت کـە نـۆرم و بەهـاکان لـە هـەر بوارێکـدا بخەیتـە ژێرپرسـیارەوە. لـە حاڵەتـی ئالانـدا، ئـەو دژی شـتێک وەسـتایەوە کـە شـانازی

ئـەوە بـوو بـە سـتاندارد کـراوە بـەڵام لـە ڕاسـتیدا هەمـوو شـتێک بـوو جگـە لـە سـتاندارد. بـە پێداگرییـەوە، سـەرەتا شـوێن خوێندنێکـی نێونەتەوەیـی کـەوت و لـە توێژینـەوەدا بـووە کەسـێکی سـەرکەوتوو، پاشـان بـە شـێوەیەکی سیسـتماتیک بـەرەو پێـش چـوو بـۆ ئـەوەی پارادایمێکـی نوێـی نژیاروانـی پێکبهێنێـت و وێـڕای هەندێـک بێهوایـی کاتـی بـەرەو پێـش چـوو تاکـوو سـەرەنجام ڕێبازێکـی نوێـی لـە بوارێکـی گـەورەی وەک چاودێریـی تەندروسـتیدا پێگەیانـد و گـەورەی کـردەوە. کاریگەریـی ئـالان لـە سەرانسـەری جیهانـدا حاشـاهەڵنەگرە. چەمکـی دیزاینـی سـەلوتۆجێنیک- چەمێکێـک کـە پێیوایـە دروسـتکردنی بینـاکان لەسـەر چارەسـەری نەخۆشـی کاریگەرییەکـی بێوێنـە دادەنێـت- زۆر کەسـی گەنـج و بەتەمـەن، کارزان و نوێـی لـە خـۆی کـۆ کـردەوە.
ڕەنگـە بەرچاوتریـن شـتی ئـالان توانایـی ئـەو لـە دانانـی کەرەسـتەکانی بیناسـازی لـە پـاڵ یەکـتری نەبێـت بەڵکـوو توانایـی ئـەو لـە دانانـی مرۆڤـەکان بێـت لـە لای یەکـتری. شـارەزایی ئـەو لـە دروسـتکردنی تـۆڕی پەیوەندییـەکان شـتێکە کـە هاوکارەکانـی لەسـەرجەم شـوێنەکانی جیهـان ئامـاژەی پێدەکـەن. لـە دوو دەیـە و نیـوی ڕابـردوودا، سـەردانی زیاتـر لـە هەشـتا وڵاتـی جیهانـی کـردووە و خەڵکـی لـە زیاتـر لـە سـەد وڵاتـی جیهانـی لـە فـۆروم و سـێمینارە نێونەتەوەییەکانـدا کـۆ کردووەتـەوە بـەو هیوایـە ئـەم ئامانجانـە بـەدی بهێنـن:

- بڵاوکردنەوەی ڕێبازی سەلوتۆجێنیک لە دیزایندا
- پێکهێنانی تۆڕێکی نێوان بواری
- پەرەدانی ڕێبازێکی  زانستیی نێوان-بواری
- جەختکردنەوە و بەکارهێنانی توێژینەوە پەیوەندیدارەکان بە پرسەکانی کۆمەڵگاوە
- تێوەگلاندنی حکومەت، پیشەسازی و ئەکادیمیا لە چەمگەلێکدا کە پاڕادیمەکان دەگۆڕن
- ڕێنوێنیی کەسانی گەنج لە ڕێگەی ئاسانکاری و هاندانیان بۆ پیشەکانی نژیاروانی/دیزاین
- هاندانی زانکۆکان و ئەکادیمیا بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی خوێندنی نێوان-بواری
- هاندانی خوێندکارە نوێیەکان و کەسانی گەنج بۆ بەرەوپێشچوون و پەرەدانی کارەکانیان

## ٢. میراتی ئالان- ڕوانگەی هاوکارەکانی


گونتێر دی گرەیف، نژیاروانی ئوسترالیایی

زۆر کەس کە لە سەمپۆزیۆم و کۆنگرەکان یان پڕۆژەکانی ئالاندا بۆ ساڵانێک ئامادە بوون و ئیشیان کردووە، دەست لە کار کێشانەوەی ئالان بە تێکەڵەیەک لە پێزانین، سەرنجڕاکێش بوون و هەندێکجارێش بێبڕوایی سەیر دەکەن. ئەوان دڵنیا نین، بڕواناکەن پیاوێک بەو هەموو داهێنانەوە، تامەزرۆیی و مرۆڤدۆستییەوە بتوانێت لە جێگەیەکدا لە ژیانێکی ئارام و بێدەنگدا بسرەوێت. زۆرکەس لەوانەی لە ژیاندا لە ئالانەوە فێر بوون، پێزانینی خۆیان بۆ ئالان، بەخشندەیی و خۆتەرخانکردنی لە ماوەی ساڵانێکدا دەردەبڕن. زۆر کەس سپاسگوزارن بەو یارمەتییانەی کە ئالان پێشکەشی کردوون.

«ئالان ئێستا وەک جووتیارێکە کە زەوییەکان تۆوڕێژ دەکات. ئێوە ئەو جووتیارەتان بینیوە -وەک کەسێک لە نەقاشییە کۆنەکاندا کە بوخچەیەک تۆوی پێیە و دەیچێنێت. من پێم وت (تۆ لەسەر زۆربەمان کاریگەریت داناوە. تۆ لە زۆربەی ئێمەدا تۆوی بەرەوپێشچوونت چاندووە.) ئەوە شتێکە کە من پێم وتووە. ئەو لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا بۆخۆی چ کەشی خۆش بوویێت یان ناخۆش، ئیشی خۆی کردووە. لە کاتێکدا زۆربەی ئێمە تا کەشی خۆش نەبێت ئەو کارە ناکەین، بەڵام من دەزانم بۆ ئالان زۆر کاتی ناخۆش هەبوون. ئالان لە زۆربەی ئێمەدا تۆوی پێشکەوتنی چاندووە و من پێموایە کە ئەو پشکی گەورەی لەو دەستکەوتانەدا هەیە کە ئێستا هاتوونەتە ئاراوە.

«ئەو دەستکەوتانەش لەخۆگری کاریگەریی دیزاین لەسەر تەندروستیی و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی ئێمە لە تەندروستین. ڕەنگە نەتوانی تەنانەت ئاستی کاریگەریی گەورەی ئەو پیاوە دەرک بکەیت. بەڵام لە ماوەی بیست ساڵاندا، دەستکەوتەکانی سەرنجڕاکێشن. کەم کەس هەن لە دیزاینی تەندروستیدا کە لەسەر کاریگەریی ئەو نەزانن. ئەوە دەستکەوتێکی مەزنە کە نابێت بە کەم سەیر بکرێت.»




پرۆفیسۆر دوکتور ئۆبیارا ئیک،
بەڕێوەبەری جێبەجێکاری گلۆباڵ
ئێتیکس لە ژێنێف

«ئالان دەگێڕێتەوە کە ساڵی ٢٠٠٩ لە سەنگاپوور، کەسێکی لێ بووە کە لەسەر کاریگەریی دیزاین لەسەر تەندروستی وتاری پێشکەش کردووە» دی گرایف درێژە دەدات «لەو کاتەدا، تەنیا چەند سەد وتار لەسەر ئەو بابەتە نووسرابوون. پاشان کەسێکی تر لە تۆرۆنتۆ هەمان کار دەکاتەوە. دواتر زیاتر لە دە هەزار وتار دەنووسرێن. بەڵێ، ئاشکرایە کە ئەو ژمارە گەورەیە بە هۆی کارەکانی ئالانەوە بووە.»

لە هەموو ئەو ساڵانەدا، بەشێکی زۆری جیهانی گەشەسەندوو تا ئاستێکی زۆر دروستکردنەوەی بیناکانی بە خۆیەوە بینییەوە. دەزانم لە ئوسترالیا، ڕەنگە نیوەی بیناکانمان گۆڕیبێتن و کاناداش بە هەمان شێوە بووە و بریتانیا و بەشەکانی دیکەی ئەورووپا و هتد. کەشی چاندنی تۆو بوو. هەمیشە ئەو دوو فاکتۆرە هەن [پێویستیی بە دروستکردنی ژێرخانێک بۆ بەتەمەنەکان و ئارەزوومەندییەکیش هەیە لایکەمی بۆ ئەوەی تێڕوانین و بیرۆکەی نوێ تاقی بکرێنەوە.] بۆمان دەرکەوت کە لە ئەفریقا، ناتوانین جووت بکەین چونکە تاوەکوو دە ساڵ لەمەوبەر زەوییەکە زۆر وشکارۆ بوو. لە کاتێکدا ئێستا زۆر کەس لە ئەفریقا دەڵێن کەشەکە زۆر لەبارە و دەتوانین لەوێش دەست بە ئیش بکەین.

«ئالان پەرگیرییەکی سەیری هەیە. ئەو ڕووبەڕوووی گەردەلوولێک دەبێتەوە و دەڵێت، ‹گونتێر، هەموو شت دروست دەبێت! هەموو شتێک باشە، ئەوەندەش خراپ نییە!› ئەوە شتێکی مەزنە. نازانم لە ڕاستیدا چۆن ئەو کارە دەکات. وەک ئەوەی چاو لە گەردەلوولەکە دادەخات و تەنانەت نایبینێت و هەستی پێ ناکات. پێی دەخاتە ئەودیو دەرگاکە و دەڵێت، ‹تەنانەت ناتوانم ببینم و هەستی بکەم.› دەزانی؟ دیسانەوە، ئەوە شارەزاییەکی گەورەیە کە بتوانیت ئەو کارە بکەیت. ئەو بە شێوەیەک دوور لە باوەڕ خۆڕاگرە.»

«ئالان کەسێکی چالاکە، سەرقاڵە و ڕاستگۆیە. ئەو بزۆزە و بەرەو پێش دەڕوات، کەسێکی پاک و بەسەبرە لە هەموو کارێکدا دەیکات. من دەزانم کە بابەتی دیزاین و تەندروستی شتێکە پەیوەندی بە بەهاکانی مرۆڤایەتییەوە هەیە. ئەو بەهایانەی مرۆڤ کە هەماهەنگی لە ژینگە و تەندروستییەکی باشدا دەبەنە سەر. من ئاواتەخوازم کە زۆر کەسی دیکەش ئەو بەها بەرزانە بگوازنەوە. ئەو کەسانەی کە ئەو زمانە بەکار دەهێنن دەبێت وەک باڵوێزێک بن. دەبێت بەهێز بن بۆ ئەوەی بەرەوپێش بچن و بەهاکان هاوبەش بکەن.



نادیا تۆبیا لەگەڵ سوزان بلاک




ئینگە فۆتلاند، بەڕێوەبەری پێشووتری
پلاندانان لە نەخۆشخانەی ترۆندهایم

«ئالان شوێنپێی خۆی بە جێ دەهێڵێت و هەواڵی هیوابەخش لە جیهانێکدا بڵاو دەکاتەوە کە لە ئێستادا پێویستی بەو شتەیە. کاتی ئەوەیە کەسانێک کە دەگەنە شەست، وەک من، و بەرەو دەست لە کار کێشانەوە دەچن، هەوڵ بدەن ڕێنوێنی کەسانی گەنج بکەن. بە ئەو کارە، کەسە بەتەمەنەکان دەتوانن دەست لە کار بکێشنەوە، چونکە ئەو مۆمەی ئەوان هەڵیان گیرساندووە دەگاتە دەستی کەسانی دواتریش. ئەو شتەی کە زۆربەی کاتەکان ڕوو دەدات ئەوەیە کە کەسانێک دیارییەکی مەزن لە خۆیان بەجێ دەهێڵن، زۆر بەردەمیان ڕووناک ناکەنەوە. ئالان کەسێکە توانیویەتی ئەو مۆمە بگوازێتەوە. من ئەو شتە لە بنەماڵەکەیدا دەبینم. کچەکە، کوڕەکەی و خێزانەکەی هەموویان لێرەن. من دەیانبینم کە لەسەر پرۆژەکانی لە بواری دیزاین و تەندروستیدا چالاکی دەکەن. من پێموایە ئەوە شتێکی زۆر زۆر تایبەتە کە هەموو بنەماڵە لە دەوروبەری ئەجێندا و بیرکردنەوەی تۆ کۆ ببنەوە. ئەوە شتێکی ئاسایی نییە و زۆر کات ڕوو نادات. من دڵنیام کە کوڕەکەی و کچەکەی لەو شتەی لە باوکیانەوە فێر بوون و ئەزموونیان کردووە دانابڕێن. ئالان توانیویەتی ئەو شتە بە زمانێکی پڕ لە خۆشەویستی بگوازێتەوە، شتێک کە دەبێت باوکان چاوی لێ بکەن. ئەوەش وای کردووە کە ئەو پیاوی بنەماڵە، مامۆستا، کەسایەتییەکی گشتی، ڕێکخەر، بەڕێوەبەر و پێکهێنەری پەیوەندی، نژیاروان، خاوەن دید، جێبەجێکار و شارەزای ئاکاری لێ دەربێت و لە ڕاستیدا ببێتە شارۆمەندێکی جیهانی.»

«من دەچووم بۆ ئەو کۆنگرانەی کە ئالان ڕێکی خستن و هەندێک لە بابەتەکان کاریگەرییان لەسەر من دانا. زۆر بەسوود بوون. من تا ئەو جێیەی توانیبێتم و کات بووبێت بەشداریم کردووە.»

بەپێی ڕوانگەی من، ئالان زۆر چەمک و زۆر کەسی لە بوارەکەیدا لەلای یەکتر کۆ کردوونەتەوە. من توانیم کە زۆر هاوکار لە بواری ئیشەکەمدان لە وڵاتە جیاجیاکان بناسم و زانیاری و ئیشەکەم پەرە پێبدەم. ئالان کەسێکی زۆر بەخشندەیە لە ناساندنی کەسەکان بە یەکتری و ئەگەر زانیاریمان پێویست بێت وەڵام دەداتەوە. ئەو کاری خۆی درێژە دەدات. ڕاناوەستێت، من بە ئالانم وت، «من پێموانییە کە تۆ خانەنشین بیت و هیچ نەکەیت.» من پێموایە ئەو شتێکی تری لە مێشکدایە بەڵام لە ئێستادا نازانم چییە.»
«ئالان بیست و پێنج ساڵ هاوکاری و هاوڕێیەتی بووە لەگەڵ من. من شانازی پێوە دەکەم و سپاسی دەکەم بۆ ئەو هەموو ماندووبوونییەی. وشەکان پەڕگیری و ڕەسەنێتی ئەو مرۆڤەیان پێ بەیان ناکرێت.
«کاتێک ئالان لەسەر پرۆژەی دوکتۆراکەی لە سوید کاری دەکرد، من وەک بەڕێوەبەری پرۆژە لەوێ بووم، هاتە ژوورەوە و پرسی، «ئایا دەکرێت سەردانی ترۆندهایم بکەم بۆ ئەوەی باس لەوە بکەم کە چۆن هاوکاری بکەین؟ ئەو هەیەجانی بوو و زیرەکییەکی بوو، زیرەکی تایبەتمەندییەکی گرینگ بوو بۆ بەرنامە و چالاکییەکانمان. ئەوە ساڵی ١٩٩٥ بوو.
«پاشان ئێمە، تیمی پرۆژەکە لە ترۆندهەیم، بڕیارمان دا لەسەر پرۆپۆزاڵەکانمان ئیش بکەین و جێبەجێیان بکەین؛ ئێمە پێشتر تۆڕێکی نێونەتەوەیی گەورەمان هەبوو. ئێمە دەمانزانی کە پرۆژەی ترۆندهەیم زۆر بەشی تەواونەبووی هەیە. بۆیە، زۆر پرسیاری بێوەڵاممان هەبوون. بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام، بڕیارمان دا کە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لە ترۆندهایم لە ساڵی ١٩٩٧دا ببەستین.
«ئێمە دەستمان کرد بە پێشکەشکردنی نوێترین توێژینەوەکان لە ئەوروپا، دەستمان کرد بە پرۆژە و بیرۆکەگەلێک کە وەک پاڵپشتێک بوون بۆ دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندی و هەلێک بۆ کەسانێک کە توێژینەوەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن و بیرۆکەکانیان لەسەر پلاندنانی چاودێریی تەندروستی، بیناسازی و بەڕێوەبەری پەرە پێبدەن. پاشان دەستمان کرد بە باسکردن لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەو ڕوانگانە لە دیزاینی نەخۆشخانەدا و کاریگەرییە ئەرێنییە سایکۆلۆژیکییەکان و هەلومەرجەکانمان بۆ دروستکردنی باشترین ژینگەی چارەسەر بەراورد کرد. ئێمە ئامانجی گەورەمان بۆ وۆرکشاپەکە هەبوو و بەدیش هاتن. سپاس ئالان، بۆ ئەو خۆتەرخانکردنەوە و ڕێبەرایەتییە زیرەکانەت.»

«ئالان کوردێکی مەزنە. من زۆر شانازی بە پاشخانە کوردییەکەی دەکەم. هەست ئەکەم شیاوی ئەوەیە وەک ڕێبەری کوردستانی سەربەخۆ هەڵبژێردرێت. چونکە ئەو دڵخۆشی دەهێنێت و مژدەی ژیانێکی باشتر و ژینگەیەکی باشتر دەدات، و من پێموایە ئەوە ڕێبەرایەتیی ڕاستەقینەیە.
«لە هەموو جێیەکی جیهاندا پێویستمان بە ڕێبەرەکان و پرۆسە سیاسییەکان هەیە و بۆ ئەوەی خەڵک دڵخۆش بکەن، باشتر بژین و باشتر ئیش بکەین. من زۆر شانازی بە تۆوە دەکەم ئالان. تۆ کۆچەرێک بوویت کە هاتیتە ئوروپا و پیشانت دا ئەو کۆچەرانەی لە دۆخێکی سەختەوە هاتوون کارێکی گەورەیان

کردووە. تۆ لە کوردستانی ئێرانەوە هاتوویت و بوویت بە ئوروپاییەکی سەرکەوتوو، پیشانت دا کە کەسانی دیکەش دەتوانن هەمان ڕێگە ببڕن. ئێستا تۆ لە شاری ڕازاوەی ڤیەننای، شوێنێک کە بەردەوام پێشوازی لە پەنابەران کردووە. ئالان زۆر شانازیت پێوە دەکەم و خۆشم دەوێیت.»

«من و ئالان هەردووکمان خەمی ئەوەمان بووە کە ژانەکانی مرۆڤایەتی کەم بکەینەوە. من پێموایە ئەوە گرینگترین ئامانجە. ئەوە زۆر هاندەرە کە لەگەڵ کەسانێک بیت پێیان وایە ئەرکی ئێمە چاودێریی خەڵکانێکی کەمدەرەتانە کە زۆر کەم دەستیان بە سیستەمەکانی چاودێریی تەندروستی ڕادەگات. زۆر کات شتەکان بەپێی توێژینەوەکان بەڕێوە ناچن، بەڵکوو لە ڕێگەی هاوکاری هەمووانەوە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە پێکدێن، هاوکارییەک کە ئالان بەردەوام کردوویەتی.»




حوسەین سەنجاری، هاوڕێی کورد و باڵوێزی ئێراق لە پۆرتوگال



پرۆفیسۆر ماردێل ئێم.
شێپلەی، نژیاروانی
ئەمریکایی



سوزان بلاک، نژیاروانی
کانادایی

«ئـالان دیلانـی وێـڕای ئـەوەی هەندێـک جـار ئاسـتەمە تێبگەیـت کـە چـی دەڵێـت بـەڵام دیسـان کراوەیـی و تێکەڵیـی زۆرە. بـەڵام مـن لـەو کەسـانەم کـە ڕایدەگـرم و دەڵێـم، ‹وای! لـەوە تێنەگەیشـتم. دووپاتـی بکـەوە.› «ئـەو زۆربـەی کاتـەکان کەسـێکی ڕاسـتگۆیە لـە پێداهەڵگوتەکانیدا. ئەویـش وەک هەمـوو مرۆڤەکانـی تـر، بۆیـە ئەگـەر بڕیـار بێـت لـە شـوێنێک بیـت و ئامادەنەبوویـت تـا ڕادەیـەک تـووڕە دەبێـت. ئـەو لـە کارخانـە دروسـت نەکـراوە، ئـەو کەسـێکی ڕاسـتە. ئـەو کەسـێکی مێهرەبانـە و لـە ژیانیشـدا بـە شـێوەی سـەلوتۆجێنیک دەژێیـت. ئـەو قسـە دەکات. ئـەو پێـی وتـم کـە دەیەوێـت تـا ڕادەیـەک دەسـت لـە کارەکانـی بکێشـێتەوە؛ ئـەو وێنەکانـی ماڵەکـەی لەگـەڵ سـاتوو و منداڵەکانـی پیشـان دام. ئـەو زۆر کراوەیـە.

«ئالان هەروەها گەڕیدەیەکی سەیرە. نازانم چۆن بەو هەموو گەڕانە ڕادەگات. ئەوەش کە چۆن بە شێوەیەکی تەندروستانە ئەو کارە دەکات، دیسان سەرنجڕاکێشە. ساڵانێکی زۆر قورسایی هەڵسوڕاندنی خەڵاتەکانی ئەکادیمی دیزاین و تەندروستی لە سەرانسەری جیهان لەسەر شان بووە کە ئێمە ئێستا ئەو خەڵاتانە وەردەگرین. ئالان خەڵاتەکەی لە ساکەکەیدا هەڵگرتبوو و بۆی هێنام. من پێموایە ئەوە سەرنجڕاکێشە. دەمگوت، (کێ ئەو کارە دەکات؟) مەبەستم ئەوە بوو، ئەو بەردەوام بە سەرانسەری جیهاندا دەگەڕێت و کارێکی وا قورس دەکات.»



ئینۆسێنت ئۆکپانوم، دیزاینەری ئەفریقای باشوور و نژیاروان

«هێشتا ڕای خۆم نەگۆڕیوە: ئالان نایەوێت خانەنشین بێت. هێشتا زۆر گەنجە. ئەکادیمی دیزاین و تەندروستی منداڵی ئالانە. بەپێی ئەزموونی خۆم، کاتێک کەسانی پرۆفیشناڵ خانەنشین دەبن دەکەونە سیناریۆیەکەوە کە دەڵێن (هەر تەنیا ئەم جارە). جا چ دەورێکی چالاکیان بێت یان ناچالاک بن. ئەوە گرینگ نییە چۆن ئەوە پێناسە دەکەیت، چونکە وەک ئێمە دەڵێین، ئەو کەسانەی لە ئەکادیمیادا تەمەنیان هەڵدەکشێت، باشتر دەبن. ئالان خەزنەیەکی گەورەیە لە ئەزموونێک کە چل ساڵە لە بوارەکەیدا کۆی کردووەتەوە. هەروەها، ئەو پێویستی بە جیهانە و جیهانیش پێویستی بە ئالانە.

«ئاکادیمیا بەرەو گەورەتر و گەورەتربوونەوە دەچێت چونکە سەرقاڵیی ئێمە بە ئاکاری جیهانییەوە لە ڕێگەی ڕێکخراوەی گلۆباڵ ئێتیکس سەر بەر نەتەوەیەکگرتووەکان، زۆرتر بەرچاو دەکەوێت، هەروەک ئالانیش بە

کارەکانـی پێشـووتری لـە جیهانـدا ئـەو کارەی کردبـوو. ژمارەیەکـی زۆر کـەم خەڵـک هـەن کـە وەک نژیـاروان، پزیشـک، و پرۆفیسـۆر لـە دامەزراوەیەکـی خـاوەن پرەسـتیژەوە پـەروەردە کرابێـتن. بۆیـە ئـالان قـەت خانەنشـین نابێـت. قـەت!

«زیاتـر لـە پـازدە سـاڵە دەیناسـم. ئـالان ئەکادیمیـی لـە دامەزراوەیەکـی زۆر بچووکـەوە کـرد بـە بزووتنەوەیەکـی جیهانـی. هەروەهـا ئـەوە بزووتنەوەیەکـە، بزووتنەوەیەکـی ئەکادیمـی کـە پێگەیشـتووە و گەیشـتووەتە قۆناغێـک کـە دەبێـت سـەرجەم پاشـخانی لێکۆڵینـەوەکان لـە تیۆرییـەوە بچنـە قۆناغـی جێبەجێکـردن لـە پـڕۆژەی جیدیـدا.

«لـە نێـوان دەبێـت و نابێتـەکان لـە جیهانـدا جیاوازییـەک هەیـە. بەپێـی ژمـارەکان، نزیکـەی هەشـتاد لەسـەدی خەڵکـی جیهـان لـە لایەنـی (نابێـتن). ئـەو ژمارەیـە لـە هەشـت سـاڵی داهاتـوودا دەگاتـە سـەدا هەشـتاد و پێنجـی خەڵکـی جیهـان و هەمـوو ئەوانـە لـە هەژاریـدا دەژیـن.

«دەتوانـی ببینیـت لـە جیهانـدا چـی تێدەپەڕێـت. خەڵـك لـە ئەفریقـاوە دەچـن بـەرەو ئەورووپـا. ئەفریقـا لـە داڕماندایـە. وێـڕای ئـەوەی داڕمانـە دیسـان گـوێ نادەنـێ و منداڵـی زۆرتریـان دەبـن. بۆیـە ژمـارەی دانیشـتووان زۆر خێـرا لـە زیادبووندایـە. لـە سـی سـاڵی داهاتـوودا، ژمـارەی دانیشـتووانی ئەفریقـا دوو بەرامبـەر دەبێتـەوە و دەگاتـە دوو ملیـارد و نیـو. ئـەوەش بەپێچەوانـەی دۆخـی ئابوورییـە کـە لـە گەشـەدا نییـە. بیرکردنـەوەی تـۆش لەسـەر داهاتـووی ئەفریقـا هاوشـێوەی منـە.

«ئـەوە کێشـەی سـەرەکیی کەسـانی وەک ئالانـە. ئـەو دەورێکـی مەزنـی هەیـە لەوەیـدا تیۆرییەکـی کـردووە بـە بزووتنەوەیەکـی جیهانـی، تیۆریـی سـەلوتۆجێنیک. هـەروەک هەمووومـان دەزانیـن، سـەلوتۆجێنیک زۆر شـت لـە خـۆ دەگرێـت. ئـەو تەنیـا سـنووردار نییـە بـە تیۆرییـەکان سـەبارەت بـە نەخۆشـخانە. ئێسـتا خەریکـە دێتـە ژینگـەی دەوروبەرمـان و ژیانـی ڕاسـتەقینەمان. خـۆی لـە هەمـوو شـتێکماندا دەردەخـات -چـۆن جـل لەبـەر دەکەیـن، چـۆن قسـە دەکەیـن، و چـۆن شـوێنەکانمان دەڕازێنینـەوە- و لەنـاو نژیاروانیشـدا، هەمـوو جۆرەکانـی دیزاینـەکان و چوارچێـوەکان لـە نژیاروانیـدا.

هـەروەک هەموومـان دەزانیـن، سـەلوتۆجێنیک زۆر شـت لـە خـۆ دەگرێـت. ئەو تەنیـا سـنووردار نییە بـە تیۆرییەکان سـەبارەت بـە نەخۆشـخانە. ئێسـتا خەریکـە دێتە ژینگـەی دەوروبەرمـان و ژیانی ڕاسـتەقینەمانەوە.

«ئـەو کەسـانەی کـە لـە زانکـۆکان نژیاروانـی دەڵێنـەوە کێـن؟ لـەوێ زانیارییەکـی لـێ نییـە، زانیارییەکـی ڕاسـتەقینە، و بـە هەمـان شـێوە، ئـەو خوێندکارانـەی ئـەوان ڕایاندەهێنـن شـارەزایی پێویسـتییان بـۆ چارەسـەری کێشـەکانی سـەدەی بیسـت و یەکـەم بـۆ دروسـتکردنی ژینگـەکان نییـە. ئـەوان شـارەزاییان نییـە. مـن دەزانـم؛ مـن لـە ئەورووپـا خوێندوومـە و هێشـتا لـە ئەورووپـا دەژییـم. شـتەکان تـەواو ئاڵـۆزن. ئەفریقاییـەکان چاویـان لـە ئەوروپایـە بـەڵام لـە ڕاسـتیدا دەبێـت چاویـان لـە ئەفریقـا بێـت. زۆر کار هەیـە لـەوێ دەبێـت بکرێـت.

«کێشەی ئێمە بۆ ئەو کەسانەی کە کاری پەرەدانیان کردووە یان ئێستا خەریکن کار دەکەن. یەکسانە، کێشەکە بارهێنانە. بارهێنان، بارهێنان، بارهێنان. کاتێک دەڵێم بارهێنان، مەبەستم بارهێنانێکی کردەییە. سیستمی ڕاهێنانمان، ڕاوەستاوە. بەرەو پێش نەچووە و باشتر نەبووە.

«ئێستا سەلوتۆجێنیک بزووتنەوەیەکی جیهانییە. ئێمە پێویستمان بە ئالانە و ئالانیش دەزانێت کە ئەرکێکی گەورەی لەسەر شانە، چ لە ئەورووپا و زیاتر لەو بەشانەی جیهاندا کە زیاتر پێویستییان بە یارمەتییە.»




ئانا سیلیتی، نژیاروانی ئیتالیایی

«ئەو شتەی کە بە ڕاستی من ڕێزی لێدەنێم و بیری لێدەکەمەوە ئەمەیە: سەرکەوتنی پیشەیی ئالان بە هۆی کراوەییە و وتنی ئەوەیە کە بیر لە چی دەکاتەوە. ئەو زۆر کەسێکی قسەلەڕووە. ئەگەر پێتدا هەڵبڵێت، واتای ئەوەیە کە بە ڕاستی کارێکی باشت کردووە. ئەو بەردەوام ڕەخنەش دەگرێت بەڵام ڕەخنەکانی ڕووخێنەر نین. ئەو دووڕوو نییە.

«لە ئاستی پیشەیی و کەسیدا، پێموایە کە بە ڕاستی ڕێگەی دروستی دۆزیوەتەوە، کە چۆن توانایی لە دروستکردنی پەیوەندییەکاندا بەکار بهێنێت و خەڵک لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە، چونکە ئەوە بۆ ئەو کارێکی ئاساییە کە زۆر کەسی سەرنجڕاکێش کۆ بکاتەوە. پێموایە زۆر کەس ڕێزیان بۆ ئەو شتەی هەیە. ئەوە یەکێک لە باشترین تایبەتمەندییەکانیەتی، و ئەو دامەزراوەش کە ئەو بەڕێوەی دەبات، کاریگەری و قازانجی ئەو پەیوەندییانەی بەسەرەوە دیارە. ئەو پەیامێکی هەیە و پەیامەکەی دەبێت ئاراستەمان دیاری بکات. بۆ من بە تەواوەتی ئەوە ڕوونە.»

## ٣. داهاتوو

دوکتور ئالان دیلانی، کەسایەتییەکی جیهانییە لە توێژینەوەی نێوان-بواریی پەیوەندیی نێوان دیزاین و تەندروستیدا. لە ساڵی ١٩٩٧دا، ئەکادیمیی نێونەتەوەیی دیزاین و تەندروستی پێکهێنا کە تۆڕێکی نێونەتەوەییە لە وەزیرانی تەندروستی، زانکۆکان، پیشەسازییەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت. سەلوتۆجێنیک بووەتەوە برەندی ئالان و ئەکادیمیای نێونەتەوەیی دیزاین و تەندروستی. لەگەڵ ئەوەی پێویستی بە باشترکردنی زیاتری تەندروستی بۆ خەڵک لە هەموو شوێنەکان هەیە، حکومەتەکان و پیشەسازی زیاتر ڕوویان لە دیزاینی سەلوتۆجێنک کردووە. ڕوانگەی مرۆڤخوازانەی ئالان و یارمەتیی ئەو بۆ کەسانی گەنج ئەوی کردووە بە کەسایەتییەکی ناوازە، کارێک کە چل ساڵە دەیکات. خانەنشینی بۆ مرۆڤێکی وا داهێنەر نالوێت.

کاتێک لێم پرسی داهاتووت لەگەڵ ئەکادیمیای دیزاین و تەندروستی چی لێ دێت، ئالان وەڵامی دایەوە، «من بۆ دە ساڵی داهاتوو دەڕوانم و پێموایە کە ئەکادیمیای نێونەتەوەیی دیزاین و تەندروستی لەگەڵ لایکەمی سەد ئەنستیتۆ و ڕێکخراوەی سەربەخۆ، ناوەندی ئەکادیمی و نژیاروانی پەیوەندی دەبێت کەلەسەر بنەماکانی سەلوتۆجێنیک ئیش دەکەن. ئێمە پێنج بۆ دە حکومەتمان هەیە کە لە ئێستادا بنەماکانی سەلوتۆجێنیک لە سیاسەتی وڵاتەکەیاندا ڕەچاو دەکەن. هەروەها، ژمارەیەکی زۆر نژیاروانمان لەسەرانسەری جیهاندا هەیە بە شوێنکەوتنی سەلوتۆجێنیک داهاتی زۆر پەیدا دەکەن. من هەست ئەکەم کە شوێنکەوتووانی سەلوتۆجێنیک لە کۆمەڵگادا ڕوو لە زیادبوون دەکەن.

«ئەکادیمیای دیزاین و تەندروستی خەریکە ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە. پەرەسەندنەکەی لە ماوەی دوو دەیەدا ڕووی داوە بەڵام لە ئێستادا پێشکەوتنەکەی زۆر خێراترە. زانیاریی گشتی کە لەگەڵ درێژایی کات پەرەی سەندووە، و لەگەڵ ئەوەی هەموو تێگەیشتوون جیهان پێویستی بە تەندروستییەکی باشتر هەیە، زانیارییەکان خێراتر بڵاو دەبنەوە.

«من پێموایە میراتی ئەکادیمیای دیزاین و تەندروستی تۆڕێکی تەشەنەسەندوو دەبێت. وەک ڕێکخراوەیەک دەتوانێت هاوکات لەناو حکومەت، پیشەسازی و زانکۆکاندا پەرە بستێنێت. لەنێوان زانکۆکان، پێشتریش کاری نێوان-بواری بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. ئەکادیمیای دیزاین و تەندروستی لە گەڕان بە دوای وەڵامی گشتگیرتر بۆ تەندروستیی جیهانی، درێژە بە گەورەبوونی خۆی دەدات.

ئالان سەبارەت بە خۆی دەڵێت: «لە دوو دەیەی ڕابردوودا، بە بەردەوامی سەردانی جیهانم کردووە. پێموایە سەرەتا من شارۆمەندێکی جیهانیم، پاشان کوردێک، ئیتالیاییەک، و سەرەنجام سویدیم. ڕەچەڵەکی من

**سەلوتۆجێنیک زۆر زیاتر چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەرەی نوێی دیزاینەرەکان و توێژەران دەیانهەوێت بزانن کە چۆن ئەو بیرۆکانە بخەنە بواری جێبەجێ کردنەوە.**

کوردییە، ئەو شتەی لەگەڵی لە دایک بووم، گەورە بووم و بەهاکانمی پێکهێناون بەڵام من هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵک و بەها مرۆییەکان لە ئیتالیا فێر بووم. ئەزموونی منداڵیم لەگەڵ بنەماڵەکەم بوو. ئەو ئەزموونە منی دروست کرد و زۆر شتی پێ بەخشیم.
«من سویدی نیم و پاشان کورد یان ئیتالیایی، بەڵکوو شارۆمەندێکی جیهانیم. ئێستا بە هوشیارییەوە بوومەتە شارۆمەندێکی جیهانی. بە قووڵی لە ئێستا و لە داهاتووشدا بڕوام بەو شتە دەبێت، و بەم شێوەیە زۆر کاریگەتر دەبم.
«سەلوتۆجێنیک زۆر زیاتر چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەرەی نوێی دیزاینەرەکان و توێژەران دەیانهەوێت بزانن کە چۆن ئەو بیرۆکانە بخەنە بواری جێبەجێ کردنەوە. ئەوەش بە هۆی ئەوەیە کە هەزاران کەس لە سەرانسەری جیهاندا ئیشی لەسەر دەکەن و دەزانن کە ئەو فەلسەفە دەتوانێت چی بکات. ئەوەش هەمووی بە هۆی کاری چڕوپڕ لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوو لە سەرانسەری جیهاندا بەدی هاتووە. زۆر شتێکی دڵخۆشکەر و هیوابەخشە.

ئالان دەڵێت «من دەوری خۆم دەبینم، کە لە دوای خۆم ئەو میراتە بەجێ دەهێڵم، دەیتایەکی دەوڵەمەند و خەونێک لەسەر بنەماکانی سەلوتۆجێنیک بۆ ئەوەی کەسانی تر درێژەی بدەن. من ئەوەی پێم کرابێت کردوومە. من پێموایە لە ئێستادا دەوری سەیرکەرێکم دەبێت، و گەشەی زیاتری ئەکادیمیای دیزاین و تەندروستی لە داهاتوودا و لەسەر دەستی کەسانی لێهاتوو سەیر دەکەم. کەسانێک کە هەروەک من بڕوایان بەو کارەی هەیە کە دیکەن.»
ئینۆسێنت ئۆکپانوم، نژیاروانی ئەفریقای باشوور و دیزاینەری شاری و چاودێریی تەندروستی، ئەکادیمیای دیزاین و تەندروستی بە ڕێکخراوەیەکی زۆر پێویست دەزانێت چونکە ڕێگەی نوێ بۆ ئەنجامدانی شتەکان دەدۆزێتەوە. «کاریگەریی ئالان لە هەموو جێیەک پێویستە، لە ئەفریقا، ئاسیا، ئەوروپا و ئەمریکا. سەردەمی بێهیواییە. ئەکادیمیای دیزاین و تەندروستی لە هەموو جێیەک پێویستە. من پێموایە کە هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ ئەوەی کە ئالان بڕوات یان بڵێت، ‹ئەوە من واز دەهێنم.› من پێموانییە ئەو پاڵی لێ بداتەوە. ئەو هێشتا زۆر گەنجە. هیچ کەسی تر نییە کە وەک ئەو ناسرابێت و خۆڕاگر بێت.»
ڕاستی ئەوەیە کە ئالان لە کۆنگرەی ڤیەننا بڕیاری داوە کە وەک بەڕێوەبەری ئەکادیمیای دیزاین و تەندروستی دەست لە کار بکێشێتەوە. بۆ ئالان، کاتێکی گونجاوە کە دوای بیست ساڵ خۆتەرخانکردن دەست لە کار بکێشێتەوە. ئەو تیمێکی باشی لە دوای خۆی لە ئەکادیمیای دیزاین و تەندروستیدا بەجێ هێشتووە کە دەتوانن لە داهاتووشدا دامەزراوەکە بەڕێوە ببەن.

ڕاستییەکی تریش کە هەیە، ئەوەیە کە کەسێکی وەک ئالان ناتوانێت بەبێ چالاکی دانیشێت. چۆن دەتوانی تروسکاییەک بکوژێنیتەوە کە پڕە لە هیوا و نیگەرانی سەبارەت بە مرۆڤایەتی و ژیانێکی باشتر لە سەرانسەری جیهاندا؟ شانس هەیە کە ئالان دیلانی لە دەست لە کارکێشانەوەکەیدا، بە شێوەیەکی تر یارمەتیی خەڵکی جیهان بدات. ڕەنگە بیر بکەنەوە کە چۆن ئەو کارە دەکات.

## ٤. ڕێز و پێزانی لە لایەن هاوڕێیان و بنەماڵەکەی

ئالان کاریگەریی لەسەر بێژمار خەڵک لەم سەری دنیا بۆ ئەوسەری دنیا داناوە. وەک بازادانێک بەرەو داهاتووی ئەو، وەک خۆی لە دوازدەهەمین کۆنگرەی نێونەتەوەیی دیزاین و تەندروستی لە ڤیەننا لە جولای ٢٠١٧دا دەڵێت، داهاتووی کارەکەی لەسەر ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت. هاوکارەکان و بنەماڵەکەی ڕووداوەکان و ئەو کات و ساتانەیان لە بیرە کە کاریگەریی واتاداری لەسەر داناون. ئەو لە ڕێگەی کارەکانییەوە بەخشندەیی خۆی بە زۆر کەسی بوارەکەی پیشان دەدات، هەروەها بە هەوڵی پەرگیرانەی بۆ بەرەپێشچوون، یان ڕوانگەی بۆ گۆڕینی جیهان، یان کردنەوەی ڕوانگەی خەڵکی بۆ چوونە ناو چوارچێوەیەکی نێونەتەوەیی کە خۆی ساڵانێک بوو تێیدا دەژیا و کەسانی تری بۆ بانگهێشت دەکرد، توانایی نائاسایی ئەوی لە ناساندنی کەسەکان بە یەکتری و دروستکردنی واتایەکی قووڵتر لە ژیانیاندا پیشان دەدا.

**ماردێل ئێم شێپلەی، فەرمانگەی دیزاین و شیکاریی ژینگەیی، کۆرنێل**

«ئالان لەم دوایییەدا هات بۆ کۆرنێل. من بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ بوو لە کۆرنێل و گرووپی میوانداری، تەندروستی و دیزایندا بووم و بڕیارم دا کە ئەو کۆنفرانسە دابنێم. ئێمە ڕێکخراوەیەکی نوێمان دامەزراند بە ناوی ڕێکخراوەی داهاتووی تەندروستی، بە ئامانجی وەرگرتنی ئەو شتانەی لەسەر میوانداری و پێشوازی فێریان دەبێت، بۆ وێنە لە چۆنیەتیی دابینکردنی خزمەتگوزاری، و بەکارهێنانی ئەو زانیارییانە بۆ بابەتەکانی خۆشبژێوی لە نەخۆشخانەکاندا. کەسێک لە بەرنامەی بەڕێوەبەریی تەندروستی کەسێکی دیکە لە قوتابخانەی هۆتێل و من ئەو گرووپەمان پێکهێنا.

«بۆ وێنە لە پێکهاتەیەکی میوانداری و پێشوازی لەوانەیە ‹ژوورێکی حەسانەوە›، ژوورێکی پشتیوانیکەری باشترکردنی تەندروستی، هەبێت. سەرنج بدەن کە هەبوونی پەنجەرەیەک بەرەو سروشت دەتوانێت چ کاریگەرییەکی ببێت. زۆر کەس لە بازرگانیی هۆتێلدا ئیش دەکەن، هاوکات لە بازرگانیی شوێنی نیشتەجێبوونی بەتەمەنەکانیشدا ئیش دەکەن و خاوەنی ئەو ناوەندانەن. هاوبەشییەکی گەورە لە نێوان ئەو دامەزراوانەدا هەیە. ئێمە دەڵێین: ئەم ستافە پەیوەندییان پێکەوە هەیە. بۆیە با بزانین کە دەتوانین چ شتێکی بۆ بکەین. ئەم دامەزراوەیە تەنیا بۆ تاقیکردنەوەیە.

بەمشێوەیە ئێمە ئەو گرووپەمان دامەزراند و داوامان لە خەڵک لە سەرانسەری جیهانەوە کرد کە بەشدار بن. ئالان دەیویست سەردانی ئەمریکا بکات. ئەو لەناکاو لە ئیمەیلێکدا پێی وتم، ‹زۆر باشە، من دەمەوێت لەو کاتەدا لە ئەمریکا بم،› من پێموت ‹پێتخۆشە کە لە کۆنفرانسەکەمان بەشدار بیت؟ ئەو وتی کە لە ئیتاکا لە نیۆیۆرک دەبێت کە دەستپێڕاگەیشتنی ئاسان نییە. چونکە شوێنێکە هیچ جێیەکی لێ نزیک نییە.›

«ئـالان ویسـتی بچێتـە نـاو فرۆکەخانەیەکـی بچوکـی نزیکـی، کـە هەندێـک جـار خزمەتگوزارییەکانـی باشـن و هەندێـک جاریـش نـا، بـەڵام بـە گشـتی زۆربـەی کات فڕۆکەکانـی باشـن. ئـەو هـات بـۆلام و وتارێکـی پێشـکەش کـرد. مـن دڵنیـام کـە ئـەو کارەکـەی ئێمـەی بـۆ یەکـەم کۆنفرانـس بـەدڵ بـوو، چونکـە ئـەو لـە مـاوەی سـاڵانێکدا زۆر کاری هاوشـێوەی کردبـوون.

«ئـەو هـات و بینـی کـە لـەوێ چ باسـە و خێـرا وتـی، «مـن دڵنیـا نیـم جارێکـی تـر لێـرە بەڕێـوەی ببـم» چونکـە لـە هیـچ جێیـەک نزیـک نییـە.» بـەڵام گرینگتریـن شـت ئـەوە بـوو کـە بـە ئامادەبوونـی پشـتیوانی لێکـردم کـە کۆنفرانسـەکە لـەو شـوێنە تەریکـەدا بەڕێـوە بچێـت.

«هەندێـک جـار کـە مـن پێشـنیارێک دەکـەم، ئـەو هەمیشـە لـە سەداسـەد لەگـەڵ ئـەو شـتە نییـە کـە ئێمـە دەمانهەوێـت بیکەیـن. ئـەو هەمیشـە لـەوەدا ڕاسـتگۆیە. ئـەو دەڵێـت، «ئێـوە لەوانەیـە ئـەو خاڵەتـان بیـر چووبێـت. ئـەوە لەبەرچـاو بگـرن.» زۆربـەی کاتـەکان ڕاسـت دەکات. بـەم شـێوەیە بـەردەوام لـە بەینمانـدا قسـە و ڕاکان ئاڵۆگـۆڕ دەبـن.




لەگەڵ هاوکارەکانی لە
کۆنفرانسی زانکۆی کۆرنێل؛
ماردێک شێپلەی لەلای ڕاستەوە

«کاتێـک هۆکارێکـت هەیـە و پێکـەوە کاری لەسـەر دەکـەن، لـە ڕاسـتیدا کاتـی ئـەوە نییـە کـە کەسـەکان دژایەتیی یەکـتر بکـەن. گرینگتریـن شـت ئەوەیـە کـە دەبێـت ئێمـە هەمیشـە لەسـەر کارەکـە تەرکیـز بکەیـن و شـتەکانی تـر وەلا بنێیـن چونکـە ئێمـە لێرەیـن بـۆ ئـەوەی پشـتیوانیی یەکـتر بکەیـن. مـن پێموایـە ئـالان لەگـەڵ ئـەوە هاوڕایـە.»

## نژیاروان سوزان بلاک، تۆرۆنتۆ

«ئێمـە تاوەرێکـی چاودێـری نەخۆشـمان تـەواو کردبـوو، تاوەرێکـی بچـووک، و لـە شـوێنێک ناسـاندبوومان. تەنانەت بیـرم نییـە لـە کـوێ بـوو. بـەڵام مـن وێنەکانـم دان بـە ئـالان و هەندێـک ڕووناکیـی لەسـەر دیـوارەکان هەبـوو کـە هونـەری ڕووناکییەکـە تێچوویەکـی زۆری هەیـە. لـە کانـادا، ئێمـە هێشـتا لـە نەخۆشـخانەکاندا ژووری دوو

کەسی دروست دەکەین، کە هەستمان کرد ڕێگەچارەیەکی باش نییە. بەڵام هێشتا ئەو کارە دەکەین. هەر ژوورێک دوو دەرگای هەیە و دەکرێت ژوورەکە دابەش بکرێتە سەر دوو ژووری تاکەکەسی و دیسان بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکات تاکوو کەسەکان لەگەڵ یەکتری پەیوەندی بگرن. تەختەکان دەچنە گۆشەوە، و ڕوویان لە دیوارێک دەبێت کە پەنجەرەی گەورەی تێدان.

«زۆر باشە، ئالان ئەو وێنەیەی بە سەرانسەری جیهاندا بڵاو کردەوە. ئەو بەدڵی بوو چونکە دەتوانی سەوزایی دەرەوە ببینێت. لە ڕاستیدا ئێمە لە دەرەوە دارستانێکمان چاندبوو. من دەزانم ئەوە باش بوو و لە چاوی ئالانەوە ئەوە ڕوانگەی سەلوتۆجێنیک بوو. سەرجەم شێوازەکانی دیزاینێکی باشی تێدا بوون. بە ڕاستی شوێنێکی دڵگیر بوو.

«ئەو ڕۆژێک پێی وتم، ‹دەزانی، نیوەی نژیاروانەکان لە جیهاندا تا ئێستا ئەم وێنەیان بینیوە.› من بە خۆمم وت، ‹ئەوە زۆر جێی دڵخۆشییە.›

«بەڵی، هەندێک شتی خۆش لەسەر ئالان هەن. ئەو زۆر بەوەفایە. ئەو هەمیشە حەز دەکات بە کەسانێکت بناسێنێت کە لەوانەیە بەرەو شتێکی نوێت ببەن. هەندێک جار لە ڕاستیدا هەندێک پاڵت پێوە دەنێت و دەڵێت، ‹نا، دەبێت ئەو کارە بکەیت؛ ئەو زۆر چاودێریت دەکات. لەم ڕۆژگارەدا کێ چاوەدێری کێ دەکات؟

«هەندێک کات هەیە دەتوانی ببینیت و ئەو خێرا دەچێتە سەر باسی کۆنفرانسی ئێستاکەی. تۆ پێتوایە کە ئەو کەسێکی فرۆشیارە. بەڵام کاتێک قووڵتر سەیر دەکەی ئەو تێگەیشتنێکی تەواوەتی لەسەر بابەتەکە هەیە. ئەو باش تێدەگات دەیهەوێت لە جیهاندا چی بکات.

«من پێموایە ئەو شتەی ڕووی دا ئەوە بوو کە هەندێک کۆنفرانسی دیکە هەن کە بۆ ئەو کەسانەی دەیانهەوێت درێژە بە بابەتە فێرکارییەکان بدەن شوێنی باشن. بەڵام کۆنگرەکان و ڕووداوەکانی ئالان بەو شێوەیە نین. ئەوان زۆر جیاوازن. خەڵک هێشتا لە نیوەی جیهانەوە دێن چونکە چاوەڕێن شتێکی نوێ فێر ببن.»

**کاتێک پرۆژەیەکت هەیە و پێکەوە کاری لەسەر دەکەن، لە ڕاستیدا کاتی ئەوە نییە کە کەسەکان دژایەتیی یەکتر بکەن.**

**سارا دیلانی لەسەر شەستەمین ڕۆژبوونی ئالان**

«زۆر هەست و بیر لە مندا هەن و نازانم کە چۆن بە وشە دەریانبڕم. من بیرم دەکردەوە کە ئەمشەو چۆن ئەو قسانە بۆ ئێوە دەست پێبکەم.

«تەنانەت لە منداڵیمەوە من چاوم لە تۆ بووە. دەزانم تۆ باشترین باوک بووی. من حەز ئەکەم لە چیرۆکەکانی ژیانی تۆ ببیستم، و شانازی بکەم بەوەی کە وەک منداڵێک کە تۆ یاریی بەسێکتباڵت بۆ تیمێکی نەتەوەیی ئیتالیایی کردووە (هەرچەند چەند ساڵ پێشتر تۆ لەگەڵ تیمێکی بێ لە کوردستان یاریت کردووە).

«باشترین ساتەکان وەک منداڵێک لە ژیانمدا ئەو کاتە بوو کە تۆ لە سەفەرەکانی دەرەوەی وڵات دەگەڕایتەوە. ئەوە منی زۆر دڵخۆش دەکرد. لەو کاتانەدا من زۆر بچوک بووم. هەروەها زۆر دڵخۆش دەبووم بەو دیارییە

جوانانەی کە تۆ لە سەفەرەکانت بۆت دەهێنایەوە. تۆ بەردەوام ئەو کەسە بووی کە ویستوومە شتەکانی پێ نیشان بدەم، کەسێک کە ئەگەر شتێک لە دڵمدا بووە بۆتی باس بکەم. هەروەها، گەورەترین ترسی من ئەوە بوو کە تۆ بێهیوا بکەم، و تا ئێستاش هەمان ترسم هەیە.



لەگەڵ بنەماڵەکەی لە جەژنی سەری ساڵدا

«هەمیشە پێیان وتووم کە لە تۆ دەچم و لە ماوەی چەندین ساڵدا، زۆر شتم بۆ دەرکەوتووە کە لە تۆ بۆم ماوەنەتەوە، و ئەوەش مایەی شانازیمە. تۆ کەسێکی زیرەکی، زۆر بەخشندەی، قسەلەڕووی، پڕوەزەی و متمانەبەخۆی. بەڵام لەسەووی هەموو شتێکەوە، تۆ دڵێکی گەورەت هەیە. کاتێک خۆت بۆ شتێک تەرخان دەکەیت، هەرچی هەتە لەسەری تەرخان دەکەیت و قەت وازی لێ ناهێنیت. ئەوەش بەپێچەوانەی دژایەتی و داوەری کەسانی دیکە دەکەیت. تۆ ڕێگە نادەی هەستە نەرێنییەکان کاریگەریت لەسەر دابنێن، تۆ بۆ منت دەرخستووە کە هیچ شتێک نامومکین نییە. تۆ خولیایەکی مەزنت هەیە و ئەوە بۆ زۆر کەس سەرنجڕاکێشە: ئایا ئەو شتەی ئەو دەیکات بە ڕاستی کردەییە؟

«دیسان، زۆر حەز دەکەم کە سپاسی دایکی خۆشەویستم بکەم، کەسێک کە بەردەوام پشتی باوکمی لە کارەکانیدا گرتووە، بەردەوام بە شوێن باشترین خەونەکانی ئێمە کەوتووە و لە کاتی سەفەرەکانی باوکمدا

بـۆ سەرانسـەری جیهـان چاودێریـی ئێمـەی کـردووە، بـۆ ئـەوەی باوکـم گۆڕانـگاری بەسـەر ژیانـی ژمارەیەکـی زۆر خەڵکـدا بهێنێـت.

«قـەت حسـێبمان نەکـردووە کـە سـەردانی چەنـد وڵاتـت کـردووە. بـەڵام لـەم دواییـە زانیـمان کـە بـۆ زیاتـر لـە حەفتـاد وڵاتـی جیهـان چوویـت، ڕەنگـە زیاتریـش. دەبێـت بڵێـم گەورەتریـن ئاواتـی مـن لـە ژیانـدا ئەوەیـە کـە ببینـم گەڕاویتـەوە مەهابـاد، ئـەو شـوێنەی لێـی لـە دایـک بوویـت. بتوانـم لەگەڵـت سـەفەر بکـەم بـۆ ئـەوێ و ببینـم کـە لـە کـوێ گـەورە بـووی تاکـوو خەونـی مـن بـەدی بێـت.

«هیـچ شـتێک لـە ژیانـدا ئەوەنـدە مـن دڵخـۆش نـاکات کـە ببینـم تـۆ دڵخۆشـی. بابـە خۆشـم دەوێـی و هیـوادارم ئـەم شـەوەت لەگـەڵ خۆشەویسـترینەکانت لـە بیـر بێـت. سـپاس بـۆ هەمـوو شـتێک!»



ماڵی ڕاستەقینەی ئالان لە ستۆکهۆڵم

# پاشکۆکان

**سەبارەت بە پڕۆفیسۆر دوکتور ئالان دیلانی**

دوکتـور دیلانـی کەسـایەتییەکی جیهانییـە لە توێژینـەوەی نێوان-بواریـی دیزاین و تەندروسـتیدا. ئـالان دیلانـی دامەزرێنـەری ئەکادیمـی نێونەتەوەیـی دیزایـن و تەندروسـتی و جورناڵـی دیزاینـی جیهانێکـی تەندروستە. دوکتـور دیلانـی لـە چەندیـن زانکـۆ لـە سەرانسـەری جیهانـدا لـە بـواری دیزایـن و تەندروسـتی و پەرەدانـی «بەرنامـەی دیزاینـی سـەلوتۆجێنیک» لـە دامەزراوەکانـی پزیشـکی و دیزاینـدا کاری کـردووە. ئـەو ماسـتەری نژیاروانیـی دیزاینـی ژینگـە لـە زانکـۆی پۆلیتەکنیکـی توریـن لـە ئیتالیـا وەرگرتـووە و دوکتـورای لـە دیزاینـی دامەزراوەکانـی تەندروسـتی لـە زانکـۆی تەکنۆلۆژیـی سـتۆکهۆڵم وەرگرتـووە کـە لـەوێ تیۆرییەکـی نوێـی دیزاینـی بـە نـاوی «دیزاینـی سـەلوتۆجێنیک» پـەرە داوە کـە نـە تەنیـا دەبێتـە هـۆی بەهێزبـوون و کارابوونـی ژێرخانـی سیسـتمی تەندروسـتی بەڵکـوو پرۆسـەی تەندروسـتیش باشـتر دەکات. دوکتـور دیلانی ١٢ کۆنگـرەی دیزایـن و تەندروسـتی و ١٦ سـەمپۆزیۆمی نێونەتەوەیـی لـە ئەورووپـا، ئەمریـکای باکـوور، ئەفریقـا و ناوچـەی ئاسـیا ئۆقیانووسـیە بەڕێـوە بـردووە و لـە ئاسـتێکی نێونەتەوەییـدا لـە پەرەدانـی زانسـتیی بوارەکـەی خۆیـدا بەشـداری کـردووە. دوکتـور دیلانـی لـە ئەکادیمیـی زانسـتی ئەندازیاریـی سـوید، ئەنجوومەنـی زانسـتیی سـوید، هەروەهـا ئەکادیمـی زانسـتیی ئەمریـکا لـە واشـینگتۆن وتـاری پێشـکەش کـردووە. ئـەو هەروەهـا وەک وتاربێـژی سـەرەکی لـە چەندیـن کۆنفرانـس و چەندیـن زانکـۆی ئەمریـکا، ئەورووپـا، ئوسـترالیا، ئاسـیا و ئەفریقـا وتـاری پێشـکەش کـردووە. ئـەو هەمـوو چەشـنەکانی ناوەنـدی تەندروسـتی دیزایـن کـردووە و وەک ڕاوێـژکاری وەزارەتـی تەندروسـتی لـە سەرانسـەری جیهانـدا کاری کـردووە بـۆ ئـەوەی ڕوانگـەی سـەلوتۆجێنیک لـە ژێرخانەکانـی تەندروسـتیدا پـەرە پێبـدات. ئـەو نووسـەری پـازدە کتێـب و ژمارەیەکـی زۆر وتـارە لـە بـواری دیزایـن و تەندروسـتیدا. سـاڵی ٢٠١٠ دوکتـور دیلانـی خەڵاتـی دامـەزراوەی نژیاروانیـی ئەمریـکای بـە بۆنـەی هەوڵەکانـی بـۆ توێژینـەوە لـە دیزاینـی کوالیتـی بـەرزدا وەرگرتـووە و لـە سـاڵی ٢٠١٧دا ئەندامەتـی هەمیشـەیی بـە هـۆی بەڕێوەبەرایەتیـی بێوێنە و هەوڵەکانـی وەک دامەزرێنـەر لـە ئەکادیمیـای نێونەتەوەیـی دیزایـن و تەندروسـتی لـە شـاری ڤیەننـا وەرگرتـووە.

## کتێبە چاپکراوەکان

14- Dilani, Alan, Almas Heshmati, Serwan Baban (Editor) 2013. (Book pp. 555) Perspectives on Kurdistan's Economy and Society in Transition, Volume II, Cambridge Scholars Publishing, London,

13- Dilani, Alan (Editor) 2013. (Book pp. 238) Australian Healthcare Design 2000-2015 A critical Review of the design and build of Healthcare infrastructure in Australia. Stockholm (English)

12- Dilani, Alan, Almas Heshmati, Serwan Baban (Editor) 2012. (Book pp. 363) Perspectives on Kurdistan's Economy and Society in Transition, NOVA Science Publisher, New York

11- Dilani, Alan 2008. (Book pp. 151) Visionen om Hälsofrämjande Anstaltsmiljöer – som en ny värdegrund inom Kriminalvården, (English summary) Karolinska Institutet, Stockholm

10- Dilani, Alan (Editor) 2007. (Book pp. 104) UK Healthcare Design Review, (English) Published in UK Keppie Design

9- Dilani, Alan (Editor) 2006. (Book pp. 320) Design and Health IV– Future Trends in Healthcare Design, Proceeding Book of the 4th International Conference on Design and Health, in Frankfurt, (English)

8- Dilani, Alan, Morelli, Agneta 2005. Health Promotion by Design in Elderly Care (English and Swedish) Research program with grant from the Ministry of Health, Sweden

7- Dilani, Alan (Editor) 2004. (Book pp. 300) Design and Health III– Health Promotion through Environmental Design, Proceeding Book of the 3rd International Conference on Design and Health, in Montreal, Canada (English)

6- Dilani, Alan (Editor) 2001. (Book pp. 320) Design and Health – The Therapeutic Benefits of Design, Karolinska Institutet, Proceeding Book of the 2nd International Conference on Design and Health, in Stockholm (English)

5- Dilani, Alan 1999. (Book pp. 275) Design and Care in Hospital Planning, Karolinska Institutet, National Institute for Psychosocial Factors and Health, Design and Health, (English)

4- Dilani, Alan 1998. (Book pp. 125), Healthcare Buildings as Supportive Environments. County council Västernorrland, Sundsvall and Royal Institute of Technology, (English and Swedish)

3- Dilani, Alan 1998. (Book pp. 297) Design och Omsorg i Sjukhusplaneringen, KTH, Royal Institute of Technology, Stockholm. (Swedish)

2- Dilani, Alan 1996. (Book, pp. 200), Sjukhus i Brukarperspektiv. KTH, Royal Institute of Technology, Stockholm. (Swedish)

1- Dilani, Alan, 1994. (Book, pp.181), Licentiat Dissertation, Vårdavdelningar i Förändring, Nio Sjukhus Möter Framtiden (published twice 1994) KTH- A. Stockholm. (Swedish)

## سپاس و پێزانین

ئەوەی لەم کتێبەدا بینرا باس لە سەفەرێکی دوور و درێژ دەکات. ئەوە بەبێ هاندان و هاوکاریی زۆر کەسان بەدی نەدەهات.
بەر لە هەموو کەس، دەمەوێت زۆر سپاسی بنەماڵەکەم بکەم، هاوژینەکەم ساتوو و کچەکەم سارا و کوڕەکەم مارکۆ بۆ هاندان، پشتیوانی و سەبرگرتنیان لە کاتی سەفەرە بەردەوامەکانم بۆ سەرانسەری جیهان. بەپێی جۆری کارەکەی من، زۆربەی کاتەکان دوور بووم لێیان و هەندێک جار بۆ چەندین هەفتە دوور بووم بەڵام هەمیشە هەستم بە خۆشەویستی ئەوان کردووە و ئەوەش وای کردووە کە باشتر لەسەر کارەکانم ئیش بکەم. بەبێ ئەوان هیچ شتێک نەدەکرا.
براگەورەکەم ئەحمەد، بەردەوام هاندەرم بووە بۆ ئەوەی بۆ خوێندنێکی باشتر تێبکۆشم، سەفەری دەرەوەی وڵات بکەم و لە ئیتالیا درێژە بە خوێندن بدەم. لە پێروجا بنەماڵەیەکی نوێم ناسی. ئەوان بەبێ مەرج خۆشەویستییان بە من بەخشی، یارمەتییان دام بۆ ئەوەی لە کولتوورێکی نوێدا چەندین ئەزموونی نوێ بکەم.
سپاسی وڵاتی سوید دەکەم کە ئەو هەلەی بە من بەخشی بەرزترین پلەی زانستی لە بوارەکەمدا بە دەست بهێنم. زۆر سپاسی ڕاوێژکارەکەم سارم سادق وەزیری لە سەرەتای کارەکەم لە سویس ، هانز ویگسێل و لەیف ئێدڤینسۆن لە سوید، و ڕاوێژکاری جیهانیم دێرێک پارکێر لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەم. ئەو چوار پیاوە لە ژیانی کاریدا هاندەری من بوون بۆ ئەوەی دامەزراوەی سەرکەوتووی ئەکادیمیی نێونەتەوەیی دیزاین و تەندروستی دابمەزرێنم کە کاریگەرییەکی گەورەی لە جیهاندا دانا.
لە دڵەوە سپاسی سەدان هاوڕێ و هاوکار دەکەم لە چەندینساڵدا زانستی خۆیان لەگەڵ هاوبەش کردووم و شان بە شانی من لە کۆنگرە جیهانییەکانی دیزاین و تەندروستیدا ئیشیان کردووە. ئێمە چێژمان لە کارکردن لەگەڵ یەکتر وەرگرتووە و لە یەکتر فێر بووین. ئێمە پێکەوە بزووتنەوەی دیزاین و تەندروستیمان ڕێک خستووە.
ژمارەیەکی زۆر هاوڕێ داوایان لێکردم کە ژیننامەی خۆم بنووسمەوە تاکوو چیرۆکی من بەرەی گەنج هان بدات بۆ ئەوەی بگەن بە خەونەکانیان و ئاواتەکانیان بەدی بهێنن. ئەوە ڕاستە کە بۆ گەنجێکی وەک من، بەدیهێنانی ئەو ژیانەی ئێستام لەو سەردەمەدا لە کوردستانەوە وەک خەون خەیاڵ دەهاتە بەرچاو.

دەمهەوێت پڕ بە دڵ سپاس و پێزانینی خۆم بۆ هاوڕێ و هاوکار کارۆڵ پڕونهابێر دەرببڕم. لەو کاتەوە کە من ئەوم بینی، ئەو هاندی دام بۆ ئەوەی کە زیاتر خۆم بە پرسی کوردەوە ماندوو بکەم و لە نووسینی ئەم کتێبەشدا ئاریکاری کرد. ژیری، تامەزرۆیی و تێگەیشتوویی ئەو لە سەرجەم قۆناغەکانی نووسینی کتێبەکەدا بێوێنە بوو. هەروەها دەمهەوێت سپاسی ئێلین پۆرتێر بکەم بۆ پێداچوونەوەی، و جینتیاس بریگس بۆ پێداچوونەوەی کۆتایی و سپاسی گابریلیا گالیندۆ دەکەم کە دیزاینێکی داهێنەرانەی بۆ کتێبەکە کرد.

لە ماوەی بەدیهاتنی ئەو کتێبەدا، زیاتر لە سەد و بیست سەفەرم لە ساڵێکدا بە فڕۆکە هەبووە. هیوام ئەوە بوو کە ئەم کتێبە بۆ ساڵڕۆژی لەدایکبوونی شەستەمین ساڵی ژیانم تەواو ببێت بەڵام ساڵێک زیاتری درێژەی کێشا.

لە کۆتاییدا، سپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە یارمەتییان داوم بۆ ئەوەی بگەم بە ئامانجەکانم و ببم بە کەسێکی خاوەن بۆچوون لە نژیاروانیی تەندروستیدا.

**هیوادارم هەمووتان ئەم ژیننامەتان پێ سەرنجڕاکێش و هاندەر بێت.**



ئالان دیلانی

مارسی ٢٠١٨

مێنتۆن فەڕانسە

هەروەها پێزانینی خۆم دووپات دەکەمەوە بۆ کاک ئاران کە ئەرکی کێشا لە ماوەی ساڵێکدا ئەم کتێبەی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕا بۆ زمانی کوردی

ئالان دیلانی

ئاپریلی ٢٠٢٠

ستۆکهۆڵم سوید

## سەرچاوەکان:

Part 5. Chapter 1 **Principles of Salutogenic Design**. References to Alan Dilani, “The Beneficial Health Outcomes of Salutogenic Design”, *World Health Design*, June 2015, 18-35.

The article as it appears here has been lightly edited to conform with usage adopted throughout the book as a whole; the references appear below in their original form.


Ali, M.R. (1972). Patterns of EEG recovery under photic stimulations by light of different colours. Electroencephalography and Clinical Neurophysiology, 33, 332–335.

Altman, I. (1975). The environment and social behaviour: privacy, personal space, territory, crowding. Monterey, California: Brooks/Cole Publishing Company.

Andersen, P., Göransson, A., Petersson, C. (2004). Hälsa och hälsofrämjande arbete—en studie av vårdpersonalen och landstingspolitikers uppfattningar. [Health and health-promoting work—a study of healthcare employees and political decision makers´ opinions]. FoU-rapport 2 004:2. Landstinget Kronoberg.

Antonovsky, A. (1991). Hälsans mysterium [The mystery of health]. Stockholm: Natur och Kultur.

Antonovsky, A. (1979). Health, stress and coping. San Francisco: Jossey-Bass.

Barry, A. (2007). The meeting of disciplines—why interdisciplinary is a central strategy. Britain today, 72.

Baum, A., & Davis, G.E. (1980). Reducing the stress of high-density living: An architectural intervention. Journal of Personality and Social Psychology, 38 (3), 471–481.

Berlyne, D.E. (1971). Aesthetics and psychobiology. New York: Appleton-Century-Crofts.

Brandenberger G, Follenius M, Wittersheim G, Salame P. (1980). Plasma catecholamines and pituitary adrenal hormones related to mental task demand under quiet and noise conditions. Biological Psychology, 10, 239–252.

Bygren, L. O., Benson, B. & S. E. Johansson (1996). Attendance at cultural events, reading books or periodicals and making music or singing in a choir as determinants for survival. British Medical Journal 313, 1577–1580.

Carnevale, D.G. (1992). Physical settings of work: A theory of the effects of environmental form. Public Productivity & Management Review, 15(4), 423–436.

Connors, D.A. (1983). The school environment: a link to understanding stress. Theory into Practice, 22, (1), 5–20.

Costa, D.D., Clarke, A.E., Dobkin, P.L., Senecal, J-L., Fortin, P.R., Danoff, D.S., & Esdaile, J.M. (1999). The relationship between health status, social support and satisfaction with medical care among patients with systemic lupus erythematosus. International Journal of Quality in Health Care, 2 (3), 201–20

Dijk, F.J.H Van, Souman, A.M., & De Vires, F.F. (1987). Non-auditory effects of noise in industry. VI. A final field study in industry. International Archives of Occupational and Environmental Health, 59, 133–145.

Dilani, A. (2006). A new paradigm of design and health in hospital planning. World Hospitals and Health Services, 41 (4), 17–21.

Dilani, A. (2006b). A new paradigm of design and health in hospital planning. World Hospitals and Health Services, 41(4), 17–21.

Dilani, A. (2001). Psychosocially supportive design—Scandinavian healthcare design. I: Dilani, A (ed). Design and health—The Therapeutic Benefits of Design, 31–38. Stockholm: AB Svensk Byggtjänst.

Dilani, A. (Editor) 2004. ( pp. 300) Design and Health III—Health Promotion through Environmental Design, Proceeding Book of the 3rd International Conference on Design and Health, in Montreal, Canada

(English).
Emdad, R. (2005). Comparison of the "Instability of Pyramids of Stress (IPS)," Occupational Health and Work Environment Stressors in Dentists and Cleaners. CEJOEM, 1 (1), 33–71.
Evans, G. W. (2003). The build environment and mental health. Journal of Urban Health: Bulletin of the New York Academy of Medicine, 80 (4), 536–555.
Evans, G.W., Bullinger, M., & Hygge, S. (1998). Chronic noise exposure and physiological response: A prospective study of children living under environmental stress. Psychological Science, 9 (1), 75–77.
Ewles, L & Simnett, I. (1994). Hälsoarbete [Health work]. Lund: Studentlitteratur.
Fife, D. & Rappaport, E. (1976). Noise and hospital stay. American Journal of Public Health, 66 (7), 680–681.
Fisk, W.J. (2000). Health and productivity gains from better indoor environments and their implications for the U.S. Department of Energy. Annual Review of Energy and the Environment, 25, 537–566.
Fleming, R., Baum, A., & Singer, J.E. (1985). Social support and the physical environment. I: Cohen, S. & Syme, S.L. (ed.). Social Support and Health (s. 327–345). Orlando, Florida: Academic Press.
Frumkin, H. (2001). Beyond toxicity. Human health and the natural environment. American Journal of Preventive Medicine, 21 (3), 234–240.
Geas, G.G. (1994). Prison Crowding Research Re-examined. Federal Bureau of Prisons.
Goldstein, K. (1942). Some experimental observations concerning the influence of colors on the function of the organism. Occupational Therapy and Rehabilitation, 21, 147–151.
Gardner, H. (1994) The Arts and Human Development (2nd Edition). New York: Basic Books.
Heerwagen, J.H., Haubach, J.G., Montgomery, J., & Weimer, W.C. (1995). Environmental design, work, and wellbeing: managing occupational stress through changes in workplace environment. Official Journal of the American Association of Occupational Health Nurses, 43 (9), 458–468.
Heiman, T. (2004). Examination of the salutogenic model, support resources, coping style, and stressors among Israeli university students. The Journal of Psychology, 138 (6), 505–520.
Helander, M., & Burri, G. (1995). Cost effectiveness of ergonomics and quality improvements in electronics manufacturing. International Journal of Industrial Ergonomics, 15, 137–151.
Herzberg, F. (1966). Work and the Nature of Man. New York: Crowell.
Herzog, T. R., Maguire, C.P., and Nebel, M.B .(2003). Assessing the Restorative Components of Environments. Journal of Environmental Psychology, 23, 159–170.
Jacoby, J.E., & Kozie-Peak, B. (1997). The benefits of social support for mentally ill offenders: prison-to-community transitions. Behavioral Sciences and the Law, 15 (4), 483–501.
Janssens, J. (2001). Facade colors, not just a matter of personal taste: A psychological account preferences for exterior building colors. Nordic Journal of Architectural Research, 14, 17–21.
Janssen, J., & Laike, T. (2006) Rum för återanpassning- den fysiska miljöns betydelse för ungdomsvården—en miljöpsykologisk översikt [Rooms for readapting—a physical environment´s meaning for youth care—an environmental psychological review]. Statens institutionsstyrelse (SIS). Rapport 2/06, Edita Stockholm 2006.
Kagan, A.R., & Levi, L. (1975). Health and environment—psychosocial stimuli: a review. I: Levi, L. (ed.). Society, stress and disease: childhood and adolescence; Ed. 2, 241–268. London, New York & Toronto: Oxford University Press.
Kalimo, R. (2005). Reversed causality: a need to revisit systems modeling of work-stress-health relationships. Scandinavian Journal of Work, Environment & Health, 31 (1),1–2.
Kaplan, R., & Kaplan, S. (1989). The Experience of Nature: A psychological perspective. New York: Cambridge University Press.

Kaplan, S. (1995). The Restorative Benefits of Nature: Toward an Integrative Framework. Journal of Environmental Psychology, 15, 169–182.
Keith, M. (2001). Making Meaning Brings Pleasure: The Influence of Titles on Aesthetic Experiences. Emotion 1(3), 320–329.
Konlaan, B. B. (2001). Cultural experience and health: The coherence of health and leisure time activities. (Doktorsavhandling) Umeå universitet.
Kreitler, H., & Kreitler, S. (1972). Psychology of the Arts. Durham: Duke University Press.
Kryter, K.D. (1994). The handbook of learning and effects of noise. San Diego: Academic Press.
Küller, R. (1995). Färgens inverkan på människan [Effect of colours on humans]. In: Hård, A., Küller, R., Sivik, L., Svedmyr, Å (E.d.). Upplevelse av färg och färgsatt miljö [Experience of colour and painted environments], 13–30. Stockholm: Byggnadsforskning.
Küller, R. (2002). The influence of light on circadian rhythms in humans. Journal of Physiological Anthropology, 21(2), 87–91.
Küller, R., & Lindsten, C. (1992). Health and behaviour of children in classrooms with and without windows. Journal of Environmental Psychology, 12, 305–317.
Lack, L., & Wright, H. (1993). The effect of evening bright light in delaying the circadian rhythms and lengthening the sleep of early morning awakening insomniacs. Sleep, 16, 436–443.
Lai, H-L., Chen, C-J., Peng, T.C., Chang, F-M., Hseih, Huang, M-L., & Cang, S-C. (2006). Randomized controlled trial of music during kangaroo care on maternal state anxiety and preterm infants´ response. International Journal of Nursing Studies, 43, 139–146.
Lang, T., Fouriaud, C., & Jacquinet-Salord, M-C. (1992). Length of occupational noise exposure and blood pressure. International Archives of Occupational and Environmental Health, 63, 369–372.
Lawrence, R.J. (2002). Healthy Residential Environments. In T. Bechtel, R.B., & Churchman, A. (ed.). Handbook of Environmental Psychology (pp. 394–412). New York: Wilyes & Sons.
Lawson, B. (2001). The language of space. Oxford: Architectural Press.
Leather, P. Beale, D., & Sullivan, L. (2003). Noise, psychosocial stress and their interaction in the workplace. Journal of Environmental Psychology, 23, 213–222.
Leder,H., Belke, B., Oeberst, A., & Augustin, D. (2004). A model of aesthetic appreciation and aesthetic judgements. British Journal of Psychology 95, 489–508.
Lee, O.K.A., Chung, Y.F.L., Chan, M.F., & Chan, W.M. (2005). Music and its effect on the physiological responses and anxiety levels of patients receiving mechanical ventilation: a pilot study. Journal of Clinical Nursing, 14, 609–620.
Levi, L. (1972). Stress and Distress in Response to Psychosocial Stimuli (Avhandling för doktorsexamen). Karolinska institutet.
McCaffrey, R, G., Good, M. (2000). The lived experience of listening to music while recovering from surgery. Journal of Holistic Nursing, 18, 378–390.
Maslow, A.H. (1987). Motivation and Personality (3th Ed). Longman.
Mathewes, K.E. & Canon, L.K. (1975). Environmental noise level as determinant of helping behavior. Journal of Personality and Social Psychology, 32, 571–577.
Maxwell, L.E. (2006). Crowding, class size and school size. In Frumkin, H., Geller, R. J., Rubin, I: L (Ed). Safe and healthy school environments, 13–19. Oxford University Press.
Moore, T., Carter, D.J., & Slater, A. (2004). A study of opinion in offices with and without user controlled lightning. Lighting Research and Technology, 36 (2) 131–146.
Moore, E.O. (1981–82). A prison environment's effect on health care service demands. Journal of Environmental

Systems, 11, 17–34.
Nilsson, U. (2003). The effect of music and music in combination with therapeutic suggestions on postoperative recovery (Avhandling för doktorsexamen) Linköpings universitet.
Nordenfelt, L. (1991). Hälsa och värde [Health and value]. Stockholm: Thales.
Ogińska-Bulik N. (2005). The role of personal and social resources in preventing adverse health outcomes in employees of uniformed professions. International Journal of Occupational Medicine and Environmental Health, 18 (3), 233–240.
Persinger, M.A., Tiller, S.G., & Koren, S.A. (1999). Background sound pressure fluctuations (5dB) from overhead ventilation systems increase subjective fatigue on university students during three-hour lectures. Perceptual and Motor Skills, 88, 541−456.
Pratt, R. (1990). Rhythm and Resistance: The Political Uses of Popular Music. Washington DC: Smithsonian Institution Press.
Saito, E., Sagawa, Y., & Kanagawa, K. (2005). Social support as a predictor of health status among older adults living alone in Japan. Nursing and Health Science, 7 (1), 29–36.
Silber, L. (2005). Bars behind Bars: The impact of a women's prison choir on social harmony. Music Education Research, 7, 251–271.
SHSTF. (1989). Florence Nightingales anteckningar om sjukvård—ur vårt tidsperspektiv. [Svensk översättning av Florence Nightingale's notes on nursing—what it is and it is not]. FoU rapport 31. Skellefteå: Artemis Bokförlag.
Spychiger, M.B. (2000). Music Education is Important—Why? In:Matell, G., & Theorell, T. (Red.). Musikens roll i barns utveckling [The role of music in children's development], 110–122. Institutet för psykosocial medicin. Karolinska Institutet.
Staples, S. L. (1996). Human response to environmental noise. American Psychologist, 51 (2), 143–150.
Stokols, D. (1992). Establishing and maintaining healthy environments. American Psychologist, 47 (1), 6–22.
Suominen, A., Helenius, H., Blomberg, H., Uutela, A., & Koskenvuo, M. (2001). Sense of coherence as a predictor of subjective state of health results of 4 years of follow-up of adults. Journal of Psychosomatic Research, 50, 77–86.
Tennessen, C.M., & Cimprich, B (1995). Views to nature: effects on attention. Journal of Environmental Psychology 15, 77–85.
Theorell, T. & Konarski, K. (1998). I: Theorell, T. (Red.). När orden inte räcker (s.13–22). Stockholm: Natur och Kultur.
Ulrich, R.S. (1984). View through a window may influence recovery from surgery. Science, 224, 420−421.
Van den Berg, A. E., Hartig, T., & Staats, H. (2007). Preference for nature in urbanized aocieties: Stress, restoration, and the pursuit of sustainability. Journal of Social Issues, 63 (1), 79–96.
Verderber, S. (1986). Dimensions of person-window transactions in the hospital environment. Environment and Behaviour, 18, 450−466.
Vischer, J.C. (2005). Space Meets Status—Designing Workplace Performance. New York: Routledge.
Yeang K., 2009, Eco-Masterplanning, John Wiley & Sons (UK).
Yeang K. 2009, Eco-Skyscrapers, Images Publishing Group (Australia).
Yeang K. 2006, Ecodesign: A Manual for Ecological Design, John Wiley & Sons (UK).
Yoshida, T., Osada, Y., Kawaguchi T., Hosuhiyama, Y., Yoshida, K, & Yamamoto, K. (1997). Effects of road traffic noise on inhabitants of Tokyo. Journal of Sound and Vibration, 205, 517–522.

لە ماوەی بیست ساڵدا و لەو کاتەوە کە بۆ یەکەم جار ئالان و کارەکەیم ناسیوە، توێژینەوەکەی لە هەندێک کەیسی توێژینەوەیی تایبەت لە سویدەوە بۆ توێژینەوەیەکی جیهانی لەسەر کاریگەرییە بەسوودەکانی دیزاینی فەزا لەسەر تەندروستی لە پەرەسەندندا بووە. ئێستا دەستکەوتەکانی بە باشی ناسراون و لە ئاستی جیهانیدا ڕێزیان لێدگیرێت و لە هەر کات زیاتر سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.

**لەیف ئێدڤینسۆ**

**پڕۆفیسۆر لە بەشی سەرمایەی هزری، زانکۆی لۆند**

کاری سەلوتۆجێنیکی ئالان دیلانی وتوویژێکە لەسەر بەها مرۆییەکان، ئەو بەهایانەی کە هارمۆنیی ژینگە، تەندروستی و خۆشبژێیی خەڵک لە سەرانسەری جیهاندا دەبەنە سەر. ئەوە ڕوانگەیەکە کە ئەو لەگەڵ ئێمە هاوبەشی کردووە. لە کارە داهێنەرانەکەیدا، هۆشیارییەکی وەرچەرخێنەری بڵاو کردۆتەوە. من ئالان بە باڵویزی ئەخلاق خۆشبژێوی و باڵوێزی هیوا بۆ جیهان ناو دەبەم.

**پڕۆفیسۆر ئۆبیۆرا ئیک**

**بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئەخلاقی نەتەوەیەکگرتووەکان، ژنێڤ**

## سەبارەت بە پڕۆفیسۆر ئالان دیلانی



ئالان دیلانی تیۆریی دیزاینی سەلوتۆجێنکی پەرە داوە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە پڕۆژەکانی دیزاین لە سەرانسەری جیهاندا بە کاری هێناوە بۆ ئەوەی کاریگەریی ئەرینی ژینگەی سازکراو لەسەر تەندروستیی مرۆڤ و خۆشبژێوی پیشان بدات. دوکتور دیلانی لە زۆر شوێن وانەی وتۆتەوە، و هاندەرێک بووە بۆ پەرەدان لە بواری دیزاینی سەلوتۆجێنیک لە ئەکادیمیا، بەشی پزیشکی و هەروەها بەشی دیزایندا. ئەو سەرقاڵی پەروەردەی بەرەیەکی نوێی توێژەرانی نێوان-بواریی نێونەتەوەیی و کەسانی چالاک بە تێڕوانین و چاوێکی کردەیی بەرەو پێکهێنانی داهاتوو و هەسارەیەکی تەندروست بووە.

دیلانی، کە ئەکادیمیی نێونەتەوەیی دیزاین و تەندروستی و جورناڵی دیزاینی جیهانێکی تەندروستی دامەزراندووە، ڕاوێژکاری وەزیرانی تەندروستییە لە سەرانسەری جیهاندا. لە زانکۆی کارۆلینسکا، ناوەندی توێژینەوەکەی درێژە بە کارکردن لەسەر تیۆرییە پێشەنگەکەی لە بواری دیزاین و تێڕوانینێکی جیهانی دەدات. لەساڵی ٢٠١٠دا دوکتور دیلانی خەڵاتێکی گرینگی لەلایەن ڕێکخراوەی نژیاروانانی ئەمریکا بە هۆی کارەکانی لە بواری توێژینەوەی کوالیتیی بەرز لە بواری دیزایندا بردەوە.